رۆمان



# موحەممەد

## دەبێتەوە بە پێغەمبەر

کتێبی یەکەم

تەحسین حەمەغەریب

لە بڵاوکراوەکانی
سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی (٦٣)

موحەممەد دەبێتەوە بە پێغەمبەر
تەحسین حەمەغەریب

نرخ: (٦٢٥٠) دینار

# موحەمەد
# دەبێتەوە بە پێغەمبەر

کتێبی یەکەم

تەحسین حەمەغەریب

# موحەمەد
# دەبێتەوە بە پێغەمبەر
## کتێبی یەکەم

لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری زەهاوی
بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی ژمارە ( ٦٣ )

- نووسینی: تەحسین حەمەغەریب.
- بابەت: رۆمان.
- دیزاین: ڕەوشت محەحەد.
- چاپ: یەکەم. ٢٠١٨. ناوەندی ڕینوێن.

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە ( ٢٩٦ )ی ساڵی ٢٠١٨ی پێدراوە.

**پێشکەش بە دووان لە براکانم:**

یەکەمیان: پێکەوە ژیاننامەی پێغەمبەرمان خوێند، بەڵام هەر زوو رۆشت و لێرە نەمایەوە تا ئەم رۆمانە بخوێنێتەوە! برام مامۆستا عادل..

دووەمیان: ئەوەیان بە قەد خۆم لەم رۆمانەدا ماندوو بوو. برام مامۆستا یاسین..

# ١

# مەرگ

## (سەفەر بۆ مەملەکەتێك کە شوێن نیە)

پیاوەکە کاری لێرە تەواو بوو بوو، بەڵام لەبری ئەوەی بۆ شوێنێکی "تر" بڕۆشتایە، راست بەرەو ئاسمان هەڵکشایەوە.

ئەو وەک براکەی پێش حەوت سەد ساڵ دایکی چرکە چرکە بە دیار خوێن لێچۆڕین و مەرگیەوە حەسرەتی نەکێشا، ئەم نە دایکی و نە ژنە یەکەمینەکەی کە یەکەمین پشتگیری بوو لە کاتێکدا هەموو جیهان پشتی تێکرد بوو لە ئانی گیاندانیدا لەوێ نەبوون، ئەگەرچی دواساتەکانی ئێرە بەجێهێڵانی لەسەر کۆشی ژنە بچووکەکەی سەری دانابوو، وەک دواتر ئەو ئەوەی بە نیعمەت دەزانی کە دوا هەناسەکانی مێردەکەی تێکەڵ بە هەناسەکانی ئەو بوون.

ئەو ئیدی ئۆغری خێری بۆ مەملەکەتێکی دیکە دەکرد کە لە راستیدا ئەوێ ئیدی شوێن نەبوو، ئەوێ مەملەکەتێک بوو لە جۆرێکی تایبەت.

کاتێک هەنووکەش ئێمە لەو رۆشتنەی دەڕوانین ناوی مەرگی لێدەنێین. مەرگێک دوای دوا هەناسەی لە باوەشی ژنەکەیدا وەک جەستەیەکی ساردوسڕ، لەوێ تەنانەت بێ جووڵەیەکیش بەجێدەما ئیدی بە چاوە عەرەبیەکانی نە بۆ بنەماڵەکەی و نە بۆ هاوڕێکانی دەڕوانی.

ئەو ئیدی ئازاری نەدەبینی، کاتێک جەستەی بێگیانی بە عەبایەکی عەرەبیانە داپۆشرا بوو و هاوڕێکەی هات سەری لادا و سەیری جەستەی نوورینی کرد و خۆیدا بەسەریدا و وتی: رۆحم بە قوربانی بێت ئیدی ئازار نابینێت!. دواتر سەری داخست و گریا.

لەکاتێکدا هاوڕێکەی دیکەی لە دەرەوە بە قیافەی بەرزی خۆیەوە، خۆی هەڵدەبڕی و لە مزگەوتدا دەهات و دەچوو و رەنگی بزرگابوو و بە دەنگی بەرز هاواری دەکرد:

(دووڕووەکان هەواڵی درۆیان بڵاوکردۆتەوە کە پێغەمبەر مردووە ئەو نەمردووە، بەڵکو وەک موسا بۆ ژووانی خودای خۆی رۆشتووە و دەشگەڕێتەوە هەر وەک (موسا) گەڕایەوە و سزای ئەوانەیدا کە ئەو درۆیەیان بۆ هەڵبەستووە).

پاشان لە ژووری کچەکەی چووە دەرەوە و لە کاتێکدا ئەو هەموو حەشاماتە لەوێ بوون بۆ ئەویان دەڕوانی. روویکردە هاوڕێکەی و وتی: (عومەر دانیشە!). بەڵام ئەو شیرەکەی هەڵدەبڕی و باڵای بەرزی دەهێنا و دەبرد، هەروەک ئەوەی دەنگی ناسکی هاوڕێکەی گوێ لێنەبێت کە زۆر بە گوێکانی ئاشنا بوو.

هاوڕێکەی رووی لە خەڵکەکە کرد و ئەو ئایەتەی قورئانی خوێندەوە: تۆ دەمریت و ئەوانیش دەمرن. پاشان وتی: ئەو کەسەی موحەمەدی دەپەرست ئەوا موحەمەد مرد بەڵام ئەوەی خودای دەپەرست دەی ئەوا خودا زیندووە و نامرێت.

هەرکە وای وت ئیدی عومەر گەڕایەوە ئەو دەیزانی چەند دوور دوور رۆشتبوو هاتەوە سەرخۆیی و لەسەر ئەژنۆکانی دانیشت و زانی موحەمەدیش مرد.

مرد، لەکاتێکدا ئەرکی ئاسمان و زەوی لە کۆڵ گرتبوو، کارێک بە هیچ کەسێکی دیکە ئەنجام نەدەدرا.

ئەو بۆ دوایین جار لێرە مرد بوو و جارێکی دیکە ئازاری مەرگی تاقی نەدەکردەوە. ئەو مرد و بە مردنی ئەویش بارگە و بنەی پێغەمبەرایەتی لەسەر هەسارەی زەوی پێچرایەوە، ئیدی خاکی پێشتر بە پیتی پێغەمبەرایەتی لە سەر زەوی جارێکی دیکە پێغەمبەرێکی دیکەی سەوز نەدەکرد.

ئەو نەک هەر ئێستا کە گیانی لە دەست دابوو، دەزانرا کە دەمرێت. بەڵکو زیاد لە ساڵێک پێشتر لە بۆنە و جێگەی جودا جودادا باسی مەرگی نزیکی خۆی کرد بوو.

هەر دوێنێ کاتی نوێژی نیوەڕۆ کاتێک دووان لە یارانی نیشتنە بن باڵی و بردیان لە پەنای ئەبوبەکردا دایان نا و ئەو ویستی شوێنی ئیمامەتەکەی بۆ چۆڵ بکات، بەڵام چووە سەر دوانگەکەی و چیرۆکی بەندەیەکی خودای گێڕایەوە کە لە نێوان خۆشی و چێژەکانی دونیا و ئاخیرەتدا هەڵبژاردنی پێبەخشرا بوو، کەچی ئەو ئاخیرەتی هەڵبژارد بوو.

هەر ئەو کاتە ئەبوبەکر گریا بوو. هەندێک لە کاڵفامەکان گریانەکەی ئەبوبەکریان پێ سەیر بوو، بەڵام ئەو زانیبووی کە موحەمەدی خۆشەویستی باسی خۆی دەکات. هەر زوو لەوە گەشتبوو کە پەیامەکان ناڕاستەوخۆ دەگەن، لە کاتی کۆچیشیاندا دوو بە دوو پەیامی لەو شێوەیەی دابوو. ئەبوبەکر دەیزانی کاتی رۆشتنی پێغەمبەر هاتووە.

بەڵام لەوە حەیران بوو کە ئەو رۆشتنە خێرایەی کە تەنها ماوەی هەناسەیەکە و لە خێرایی سەفەری میعراجیش بەو خێراییە، خێراترە لە چ کاتێکی رۆژدا دەبێت. کە لێرە لە سەر زەوی دەبێتە زوڵمەت و تاریکی و لە ئاسمان لە لای فریشتەکان دەبێتە شایی و ئاهەنگ.

بۆیە هەر دوێنی و دوای وتارەکەی پێغەمبەر بە کچەکەی (عائیشە) خۆشەویسترین ژنی پێغەمبەری وت، پێغەمبەر لە ئانی رۆشتندایە و ئاگای لێبێت. خۆشی بەجێی نەدەهێلا. تا ئەم بەیانیەش کە سواری ئەسپەکەی بوو و لە کاتێکدا تۆز و بلاچەی ئاگر لە ژێر سمی ئەسپەکەیدا دەردەچوو و هەموو گیانی بوو بوویە عارەقە، بۆ کارێکی رۆشت و هەنووکەش تەنیا دڵی خەبەری دابوو و بە خێرایی کە ئەسپەکەی شەلالەی عارەقە بوو و خۆی کرد بوو بە مزگەوتدا پاشان بە ژووری کچەکەیدا و لەوێ جەستەی بێگیانی هاورێکەی بینی.

ئەو هاورێکەی لە هەموو کەس خۆشتر دەویست ئونسی گیانی بوو. بەجێهێڵانی ئەوی بەلاوە گران بوو. بەڵام ئەو هەر لە کاتی ئیمانهێنانی خۆیەوە واتە لە ساتە سەرەتاییەکانی بە پێغەمبەربوونی پێغەمبەرەوە تا هەنووکە هێندە گۆڕا بوو. هێندە گەیشتبوو کە تەنانەت بەرگەی دووری ئەویش بگرێت. ئەو باش ئەوەی دەزانی بابەتی کاری پێغەمبەران گۆڕین و گەیشتنی شوێنکەوتوانیانە و هیچی دی، ئەو دەیزانی کە پێغەمبەران هەر هەموویان کاتێک بوونەتە پێغەمبەر خۆیان هێندە گەیشتوون کە کاری پێغەمبەرایەتیان پێ هەڵسوڕێنن. ئەوە شوێنکەوتووانیان بوون کە دەبوو بگەن و بگۆڕێن.

داستانی پێغەمبەرایەتی بیست و سێ ساڵەی هاورێکەشی هەر ئەو گۆڕانکاریە بوو کە لەو و لە هاورێکانی دیکەیدا دروستی کرد بوو، لە داهاتووشدا دروستی دەکرد. هەر ئەوەش بوو کە بە حیکمەتی پێغەمبەرانە ناسرا بوو. حیکمەتێک لە هیچ دوکان و خوێندنگەیەکدا دەست نەدەکەوت، حیکمەتێک لە هەموو چاکەیەک چاکتر بوو و تەنیا دەبەخشراو و هەر کەسێک ئەو حیکمەتەشی پێ ببەخشرایە ئەوا خێری زۆری پێبەخشرا بوو. حیکمەتێک بە حازری و بە تەواوی لە سەرەتادا بە بە کەس نەدراوە، بەڵکو کاوەخۆ و بەرە بەرە لەگەڵ دەستکاریکردنی جیهانی ناوەوەی خۆیدا دەگەشت و دەردەکەوت.

ئەو حیکمەتەی سەرمایەی هەموو پێغەمبەران بوو. حیکمەتێک هەرگیز نایەتە زار و ناوترێت. بەڵکو لە هەموو ژیاندا بە دروستبوونی ژیان و تێپەڕاندنی و مردنیش دەردەکەوێت. ژیان بە هەموو سات و رۆژەکانیەوە، بۆیە قەد لە کاتێکدا دەرناکەوێت. هەر لەبەر ئەوەش ئەگەر مرۆڤێک تەنیا چەند ساتێکی کەم دەتوانێت ئەوانی دیکە فریو

بدات ئەوا هەرگیز ناتوانێت بۆ هەمیشە و بەردەوام ئەوان فریو بدات. هەر ئەمەش ئامانجی هاتنی پێغەمبەرانە و هەر ئەو حیکمەت و گۆڕانکاریە لەوانی دیدا دروستی دەکەن. ئەوانی نزیک و دوور. ئەوانی هاوڕێ و کەسەکانیان و ئەوانەشی کە دواتر و لە زەمەنێکی دوورتردا شوێن ئەو پێغەمبەرانە دەکەون.

ئەم گۆڕانکاریەش بە شتە دەرەکیەکان ناپێورێت تەنانەت ئەگەر هەموو دونیاشیان گرتبێت. ئامانج لە پێغەمبەر بوونی یوسفی جوانخاس گۆڕانی براکانی بوو، ئەگینا یوسف هەر لە سەرەتاوە چاک بوو. ئامانجی ئازار و دوورکەوتنەوەکانی یوسف ئاوی چاوداهاتنی یەعقوب هەر ئەو گۆڕانکاریانە بوو.

هەر ئەو گۆڕانکاریەش ئەو هەموو ئازار و برسێتی و غەریبی و شەڕ و بگرە و بەردانە بوو لە پشت سێ ساڵی رابردوودا بەسەر سەروەرەکەی و هەموو ئەوانی دیدا هاتبوو کە بڕێکی گەورەی ئەو ئازار و بێ بەشیانەی دوای خودی پێغەمبەر بەر ئەم وەک نزیکترین هاوڕێی کەوتبوو.

ئەو گەیشتن و گۆڕانکاریەش هێندەی ئەمی پێی گەیاندبوو کە ئەگەرچی پێغەمبەر نەبوو پێغەمبەرایەتیش کۆتایی هاتبوو ئەرکی سەرەتای گرنگی دابڕانی ئەستێرەی زەوی و ئاسمان ئەم بیگرێتە خۆ. ئەویش بەو جەستە سووکەڵە دەنگە نزمەی خۆیەوە بەو دەموچاو و دەست و پێ لاوازەی خۆیەوە کە تەنانەت لەم سیانزە رۆژەی نەخۆشیەکەی پێغەمبەردا چوار جار کچەکەی تکای لە پێغەمبەر کردبوو کە با لەباتی خۆی ئەبوبەکر لە ئیمامەتدا شوێن ئەو نەگرێتەوە.

ئاخر پێغەمبەر زۆرباش ئەوی دەناسی. دەیزانی چەند گەیشتووە بۆیە بە زمانی حاڵ بەوانی دی دەوت لە دوای من ئیدی ئەبوبەکر، دەیزانی لە عوهدەی کاری گرانی دوای چۆڵ بوونی زەوی لە پێغەمبەران دێت. ئەگەر پێغەمبەرێک تەنانەت ئەگەر نزیکترین هاوڕێیشی هێندە نەگۆڕی بێت ئەوە ئیدی مانای ئەوەیە کاری پێغەمبەرانەی جێبەجێ نەکردووە و ئەو چۆن دوایین و مۆری کۆتایی پێغەمبەران بوو.

نەک هەر ئەبوبەکر بەڵکو هەموو ئەوانەش کە پێیان دەوترا یارانی پێغەمبەر. ئاخر یارانی پێغەمبەر هەموو ئەوانە نەبوون کە تەنها جارەکی پێغەمبەریان دیتبوو، بەڵکو تەنها ئەوانە بوون کە لە پێکەنین و گریانەکانی ئەو دەگەیشتن هەر ئەوانە بوون لە روانینێکی وی. چاوهەڵبڕینێکی و لاکردنەوەیەکی یەکجار دەسووتان و قرچۆڵ دەبوونەوە.

کەس هێندەی ئەو لە ناو یارەکانیدا خۆشەویست نەبوو. بە هەر کەسێکیان بووتایە بمرە و دەمی بە شەربەی ئاوەوە بووایە و قوومی یەکەمی قووت بدایە و نەدەوەستا هەتا زاری لە تەڕایی قوومی دووەم بدایە بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی وی شەربەکەی

دادەنا، ئەگەر دەنکە خورمایەکی لە دەم بووایە نەیدەکرد بە دووان و مشتە خورمای بۆ ئاماژەی ئەو فڕێدەدا.

هەموو ئەوانەی هەموو ئەوەی هەیان بوو لێی گەڕان و بیابانی فراوان و بێ رووگە و بەرگیان گرتەبەر و شوێنی ئەو کەوتن، یان ئەوانەی لێرە لە مەدینە نەوەک ماڵ و حاڵیان و خانوو و باخیان بۆ پێشوازی ئەو ئامادە و ساز کرد بەڵکو دڵ و جەستە و خوێنیان لە پێناو ئەو غەریبەیەی کە لە دوورەوە هاتبوو و رۆحی ئەوانی بۆ خۆی برد بوو و ئەو ئەوانی بە چاوە رەشە عەرەبیەکانی و بە دەریای موحیبەتی دیلی خۆی کردبوون، هەموو ئەوانەی نەک لە هەموو جووڵەیەکی بەڵکو لە سکوت و بێدەنگیەکانی. لەوە تێدەگەیشتن لە جیهانی ناوەوەی فراوانی پێغەمبەرانەی ئەودا چەخماخەی دەدا.

ئەگەر ئەو ئەزموونی ئەو جیهانە فراوانەی پێغەمبەرایەتی کردبوو. چوو بووە نێو جیهانی فریشتە باڵدارەکانەوە. بە زمانێکی نەبینراو و بە تەنها خۆی بێ ئەوەی کەسی دی لەگەڵدا بێت لەبەردەم مەقامی پڕ لە هەیبەتی خودایەتی خودادا وەستا بوو، لەو ئەزموونە سامناک و بەچێژەی بۆ ئەوانیش گواستبوویەوە. بۆ ئەوان بەس بوو کە بوو بوونە شەریکی ئەو چەشتنانەی کە ئەو لە سەفەرە فراوانەی وەحیدا چەشتبوونی. ئەوان هاوڕێیانی جەستە و دونیای ئەو نەبوون، ئەوان سەحابەی جیهانی مەلەکوتیانەی ئەو بوون.

ئیدی ئەوان هەر زوو ئەوەیان چەشتبوو کە ئەو دەڕوات و بەجێیان دەهێڵێت. ئەوان تەنیا لەویان نەدەبیست بەڵکو شەفاف، شەفاف رۆحی ئەویان دەبینی. ئەوێ رۆژێ کە یەکێک لەو یارانەی کە (جابر) بوو بۆ یەمەن نارد و وتی دەڕۆی لەوانەیە ئیدی نەم بینیتەوە، ئەگەر ساڵی داهاتوو گەڕایتەوە لەم مزگەوتەمدا نام بینیتەوە. لەوانەیە بەلای گۆڕەکەمدا تێپەڕ بکەیت. پاشان ئەو لە کاتێکدا دوا ماڵئاوایی لەو کرد رێی نادیاری بیابانی گرتەبەر و رۆحی، وشک وشک بێ دار و درەخت وەک بیابانی لێهاتبوو.

یان هەر ئەو کاتەی لەبەردەم سەدان هەزار مرۆڤی سپی پۆش و ئیحرام لەبەر کە وەستا بوون و ئەویش وتاری ماڵئاوایی بۆ نوتق دەدان و دەیوت: خەڵکینە گوێم بۆ بگرن، لەوانەیە ساڵێکی دی ئیتر لێرە نەم بیننەوە، ئەوانەیان سەحابەی بوون بە فرمێسکی چاو وەڵامیان دەدایەوە دەیانزانی ئیتر ئەو ئاماژە بە مەرگی خۆی دەکات!.

هەر ئەو رۆژە و لەو سەرزەویە وشک و برینگەدا و لەسەر وشترەکەی دوایین ئایەتی بە رۆحی خۆی چەشت (الیوم اکملت لکم دینکم و اتممت علیکم نعمتی و رضیت لکم الاسلام دینا) ئەوا عومەر فرمێسک بەسەر ریشیدا بۆ سەر سینگی هاتنەخوارەوە. وتیان عومەر بۆ دەگریت: ئەمە واتای تەواوبوونی ئایینە و هیچ تەواوبوونێکیش نیە

مەگەر کەمی بە شوێن خۆیدا دەهێنێت، ئەمەش مانای ئەوەیە پێغەمبەر کۆچی دوایی دەکات.

هەر دوێنێ و لەم نەخۆشیەدا کە چەتفەیەکی بەناو چاوانیەوە بەستبوو کاتێک کچە خۆشەویستەکەی ئازارەکانی باوکی دەبینی بە زەردەخەنە بە فاتیمەی وت: ئیتر باوکت ئازار نابینێت، فاتیمەش گریا، گریانێک ئەوەی دەگەیاند کە دەزانێت باوکی دەڕوات.

یان سەردانە زوو زوو و بەردەوامەکانی بۆ سەر گۆڕستانی (بەقیع) ئەو شوێنەی جەستەی یارانی لە قووڵایی خۆیدا هەڵگرتووە. نزای دەکرد و دەیوت: ئێوە پێش ئێمە کەوتن و ئێمەش بە شوێنتاندا دێین. هەر لەو مەملەکەتە خامۆشەدا بوو بە یەکێک لە هاوەڵانی بەناوی (ئەبو بوەیهە)ی وت: من لە نێوان دونیا و پەسڵاندا هەڵبژاردنم پێ بەخشرا منیش ئاخیرەتم هەڵبژارد. ئەویش وتی: ئەی نەدەکرا هەردووکیان کۆ بکەیتەوە؟.

ئەویش فەرمووی: نەخێر. جا هەر ئەمەش مانای رۆشتن بوو بۆ ئەوێ، بۆ لای رەفیقی باڵا. ئەو کارەش ئەم چێشتنگایە کردبووی کاتێک لە تاو، تادا لە هۆش خۆی دەچوو و پاشان چاوی دەکردەوە لە باوەش (عائیشە)ی ژنیدا، دەیوت: عائیشە مەرگیش ئازاری خۆی هەیە. دەیوت: (لەگەڵ پێغەمبەران و ئەولیا و پیاوچاکان لە جیهانی باڵادا). ئەو رۆحێکی گەیشتوو بوو وەک تاووسێک دەیویست باڵە جوانەکانی بکاتەوە و بۆ سەر لقەدارێک بفڕێت. چاوە رەشەکانی دەبڕیە چاوی ژنەکەیی و هەناسەی گەرمی تێکەڵ بە هەناسەی ئەو دەبوو هەموو ئازارەکانی پێشتری دەدایەوە و دەیوت: ئەی عائیشە ئازارەکەی ژەهرەکەی خەیبەر لە گیانمدایە.

رۆژێک عائیشە وتی: سەرم دێشێت، ئەویش فەرمووی: بە خودا منیش سەرم دێشێت. ئیدی ژنەکە باش لە رۆحی مێردەکەی گەیشتبوو و زانی باسی مەرگ دەکات: وتی خودایە مەرگی من پێش مەرگی تۆ بکەوێت. ئەویش پێکەنی و نوورێک لە ددانە جوانەکانیەوە دەدرەوشایەوە و دەموچاوی خڕی نووری لێدەباری لە کاتێکدا دەیزانی ئاوا نابێت و وتی: پێت چۆنە ئەگەر پێش من مردی من بە دەستی خۆم بتشۆم و کفن و دفنت بکەم و نوێژت لە سەر بخوێنم، ژنەکە دەیزانی مێردەکەی چەندی خۆشدەوێت و ئیدی دەیزانی لە دوای ئەو قەت ژنێکی دیکە ناهێنێت دەیوت: ئەو دەمە منیش لە گۆڕەکەم دێمە دەرێ و دێم بووکێکی نوێت بۆ دادەبەزێنم و زەماوەندت بۆ رێک دەخەم.

پیاوەکەش بۆ خۆشی ژنەکەی پێدەکەنی و غەمی ناودڵی خۆی دەشاردەوە و ئەو دەیزانی رۆحی لە شوێنێکی دیکە بوو. لەپێناو گەیشتن بۆ ئەوەیش دەبوو ئەو و هەموو هاوڕێکانی بەجێ بهێڵێت. ئەو دۆستێکی دیکەی هەبوو تاسەی گەیشتنی ئەوی دەکرد.

ئەو ئەگەر لێرە دۆستی هەڵبژاردایە تا هەمیشە لای بماباباتەوە ئەوا باوکی ئەم بوو. بەڵام ئەو کەسێکی دیکەی هەڵبژارد تا هەمیشە لای بێت. دەبوو هەموو یارانی بۆ لای ئەو بێن بۆیە ئەم شاد بوو و هەمیش غەمبار، هیچ کەس وەک ئەو نەیتوانی بوو ئەوا غەم و شادی کۆ بکاتەوە، شادی گەیشتن بەو دۆستە و غەمی بەجێهێلانی یارانی.

ئەو غەم و شادی کۆکردبوویەوە هەروەک چۆن دونیا و ئاخیرەت و گەرما و روناکی خۆر و بێدەنگی و هەیبەتی شەوی لە خۆیدا کۆکردبوویەوە. ئەو چالاکی رۆژ و ویقار و هەیبەتی شەوی لە خۆیدا کۆکردبوویەوە لە رۆژدا ئاوا دەژیا کە هەر وەک ئەوەی رۆژگار هەمووی رۆژ بێت ئیدی حەوانەوە و تاریکی شەوێک لەو نێوەندەدا نەبێت ئاواش هاورێی شەو بوو کە هەر وەک ئەوەی تاریکی شەوێک بیداتە دەست تاریکی شەوێکی دی و لەو تاریکیە کپانەی شەودا کاتێک هەموو مەخلوق خەوتوون ئەو هەر خەریکی پەرستن و شوکرانەبژێری ئەو چێژی نزیکیە و جارێکی دی شوکری خودا لەسەر شوکرانەبژێری بکات.

جارێک و دووان و سیان هەڵسێت و دانیشێت بێ ئەوەی ئاگایان لێ بێت بەجۆرێک قاچەکانی بئاوسن و عائیشەش پێی بڵێت: خۆ تۆ خودا لە هەموو گوناهەکانت خۆش بووە ئیدی بۆچی خۆت ماندوو دەکەیت، ئەویش وەک ئەوەی تەنانەت ژنە گەیشتووەکەی لێی نەگات یاخود پێیدا نەگات بێژێت: ئەی بەندەیەکی شوکرانەبژێر نەبم ئەی عائیشە هەروەک ئەوەی ئەو پەرستنە زۆرانەی بە ویستی خۆی ئەنجام نەدابێت بەڵکو شتێک لە سەروو ویست و ئیرادە، سەروو هیوا، تەنانەت لە سەرووی شادیەوە ئەنجامی دەدات، لە وێنەی ئەو شادیەی تووشی مرۆڤگەلی شاد دەبێت ئیدی دەست بکات بە هەڵپەرکێ و سەما.

بەڵام لەو شادیەش زیاتر، سەلات بێت و نوێژ بێت. هیچ شتێک وەک نوێژ ناتوانێت پیشانی بدات. نوێژێک بە تەواوەتی مانای گەیشتنی رۆح بێت. گەیشتنی رۆح لە پێویستی و هەژاریەوە بە دەوڵەمەندی و شوکرانەبژێری گەیشت بێت. پەرستنەکانی ئەو پەرستنی گەیشتنی رۆح بوون. بابەتەکە زۆر و کەمی ژمارەی پەرستشەکان نەبوو بەڵکو گەیشتن و کاڵی بوو. گەیشتن ئامادەی بەجێهێڵانی ئێرە و گەیشتن بە ئەوێ بێت.

ئەوا ئەمرۆ بەم چێشتنگایە مەرگێکی ئارامی کرد و مەرگێکی خۆشی بێ ئازار. تەنها ئازارێکی کەم نەبێت کە تەنانەت لە مەرگی کەسێکی وەک ئەویشدا بوونی دەبێت.

هەموو بنەماڵەکە و هاورێکانی کۆکردەوە و بە مەبەستی خوداحافیزی تەنانەت دوو نەوەکەی ماچ کرد و بە دایک و باوکیان (زاوا برازاکەی و کچەکەی) و هەموو یارانی وت کە ئاگاتان لێیان بێت. رۆحێکی گەیشتوو کە پێش مردنی مەرگی خۆی دەبینی و

دوێنی پێش دوا هەناسەی چەندین جار ئێرەی بۆ جیهانەکەی دیکە بەجێهێڵا و گەڕایەوە.

جیهانێک لەم جیهانەی روون و بەرچاو راستەقینەتر بوو، پێنج رۆژ پێشتر دوای لە هۆش خۆچوون چەند ساتێک چاوەکانی هەڵبڕی و وتی: ئاوم بۆ بێنن بیکەن بە سەرمدا ئیدی بردیانە شۆرگەکە و عائیشە و خێزانەکانی دیکەی دۆڵچەیەک و دووان و سیان و دۆڵچە دوای دۆڵچە بەسەریاندا کرد و هێندەیان کرد بەسەریدا فەرمووی: بەسە.. بەسە.

پاشان دوو ئامۆزاکەی چوونە بن باڵی و لە دەرگای ماڵەکەی لە مزگەوتەوە روخساری ئەبەدی لە موسڵمانانەوە دەرکەوت، روخسارێک هی مرۆڤێک بێت پێش ساتێک چو بێتە جیهانێکی دیکە و لە رێی پەرستن و سکوتەوە بوو بێتە مەخلوقێکی ئاسمانی و هەنگاو هەنگاو پێ بە پێی عەبدوڵڵا و فەزڵ جوڵاو هێشتا موسڵمانان لە خۆشی بینینی ئەودا بەهەشتیان دەبینی، ئەوان ئێستایان لە پێش ئەبەدیەتەوە دەبینی بەڵکو ئەوە خودی ئەبەدیەت بوو لە ئێستادا لە مزگەوت دەرکەت بەم نیوەڕۆیە رۆژی روونتر دەکردەوە ئەو پێشتر نەک هەواڵی لە غەیب دەدا، بەڵکو لە غەیبەوە هاتبوو و ئەمرۆ و سبەینێ دەیویست بۆ غەیب بگەڕێتەوە.

هەستی بە باشبوونی زیاتر کرد و چووە سەر دوانگەکەی و خەڵک لە خزمەتیدا دانیشتبوون فەرمووی: خودا جوولەکە و نەسرانیەکان بکوژێت کە گۆڕی پێغەمبەرەکانیان کردە پەرستگە، ئەو دەیزانی ئەوەی لە گۆڕەکەدایە ئەوە ئەو نیە ئەو ئیدی بۆ جیهانی نەبینراو گەڕاوەتەوە، ئەگەر ئەوان روو لەو بکەن ئەوە تەنیا بتێکە لە کێل و گڵ دروستکراوە، ئەوجا تەنیا وەک دڵۆپێک سوورایی لەنێو هەر دوو برۆکەیدا دەرکەوت و وتی: گۆڕەکەی منیش نەکەنە بتێک بۆ پەرستن.

پاشان بە دەموچاوی کە رەنگی رۆحی ئارامی دەدایەوە ئارامیەک لە قووڵترین و دوورترین سەر زەوی عەدالەتەوە بێتەوە. دەموچاوێک دەیزانی چەند رۆژی دیکە دەمرێت و ئەو مرۆڤەش بزانێت دەمرێت بە نیشانەی گەیشتن بە خاڵێک ئیدی گەڕانەوەی نەبێت رەنگی دەموچاوی دەگۆڕێت. بەڵام ئەو گۆڕانکاریە دەرەکیەی پێوە دیار نەبوو، ئەگەرچی گۆڕانێکی پێشتری لە شێوە غەمدا ئەویش غەمێک لە جۆرێکی دیکە هەڵگرتبوو و هەرمۆنیایەکی سەیری پێبەخشی بوو و ئارامی بە دەموچاوی دەبەخشی هەر بەو ئارامیەوە لەوانی روانی کە بەرگەی چاوەکانیان نەدەگرت وتی: (هەر کەسێک شەلاقێکم دابێت لە پشتی فەرموو ئەوە پشتی من تۆڵەی خۆی بکاتەوە).

بێدەنگیەکی سامناک مزگەوتی تەنی، بێدەنگیەکی تێکەڵ لەگەڵ شەرم، ئەو تەنانەت ئازاری هیچ گیاندارێکیشی نەدەدا و لە شەوی سارد و بێدەرەتانیدا دەرگای لە پشیلەش

دەکردەوە و ئیدی چۆن بە ناحەق جەڵدی لە هیچ مرۆڤێک داوە، ئەو لە کاتێکدا بە قۆڵی جلە جوانەکانی تۆزی سەر تووکی ئەسپەکەی پاک دەکردەوە بە دەستی خۆی خواردنی بە سەگ دەدا و دەستی بۆ حوشتر دەگرت تا خواردن لەسەر دەستی بخوات و خوێی بۆ کاوڕ دەگرت تا لەپی دەستی بلێسێتەوە ئیدی چۆن دەیتوانی ئازاری مرۆڤ بدات. هەمووان لە بەردەمیدا سەریان داخستبوو و شەرمیان دەکرد لە پێغەمبەر بڕوانن.

گوێیان لە دەنگێکی سەیر بوو دەنگێکی ئاشنا هەموویان دەیان ناسی لە کاتی هەڵسانەوەیدا گوتەیەکی سەیر لە زاریەوە هاتەدەر و دەیوت: بەڵێ، بەڵێ تۆ بە ناحەق جەڵدت لە من داوە، بێ ئەوەی ئەم گوتەیەی قووڵی پێغەمبەر تێک بدات لەسەرخۆ لە دوانگەکەی هاتەخوارێ و پێیەکانی دەگواستەوە و چووە بەردەم کابرا، هەموویان پێغەمبەریان بینی کراسەکەی داکەند و جەستەی نوورینیان بینی دەرکەوت سپی سپی تەنیا هێڵێکی رەشی موو لە ناوەڕاستی سکیەوە تا سەر ناوکی بەڕێکی بەسەر سکی رێک و بێ ورگیدا داگەڕا بوو. بێ ئەوەی لەملاو ئەو لای ئەو هێڵە رەشەدا هیچ موویەک دیکە هەبێت، ئەویان بینی دارەکەی دایە دەست کابرای ئاشنا هەر دوو لێوی نەخۆش و بەباریان بینی کە ددانە چڕ و وردەکانی لە نێوانیانەوە دەردەکەوتن و دەدرەوشانەوە ریشی باریک و رەشیان دی کە چەناکە و بە باریکی دەموچاوی خڕیان تا ژێر گوێ ناسکەکانی داپۆشی بوو.

دوو چاوی گەورەیان بینی کە رەشێنەی چاوی لەناو سپێنەی فراوانی بۆ ناو برژانگە چڕەکانیەوە و لە ژێر برۆ درێژ و باریکەکانیدا بێ ئەوەی تێکەڵ بن بۆ دووریان دەڕوانی پشتی رووتی کە لە خوار دوو بانەکەی رێکی شانیدا داگەڕا بوو و نیشانەی پێغەمبەرایەتی لە ئاستی دوا بڕگەیدا لەسەرەوە دیار بوو کردە کابرا و چاوەکانی داخست باڵای رێکی پێغەمبەر کە بەلای بەرزیدا دەشکایەوە. هەمووان لە شەرماندا چاویان داخستبوو و گوێیان ئامادەی شیلاق کرد بوو. کاتی پڕ لە شەرم تێپەڕی بەڵام گوێیان لە هیچ نەبوو و بە ترسەوە سەیریان کرد بینیان کابرا دەمی بۆ پشتی پێغەمبەر بردووە و ماچی دەکات.

پاشان هەروەک کەسێک بۆ سەفەرێکی دووری نەگەڕاوە بڕوات، فەرمووی: قەرزاری کێم؟ پیاوێک وتی من سێ درهەمم لاتە پێغەمبەر هەروەک زۆر پێی خۆش بێت وتی: ئادەی فەزڵ بیدەرەوە.

دوێنێ پێش ئەوەی هەموو هەبووەکانی لێرە بە تەواوەتی بەجێ بهێڵێت و بە بوونی راستەقینەی خۆیەوە بگەڕێتەوە غوڵامەکانی بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە ئازاد کرد و حەوت درهەمی هەبوو هەمووی کرد بە سەدەقە چەکەکەی بەخێر بۆ موسڵمانان و

قەڵغانەکەشی بارمتە بوو لای جوولەکەیەک بە سێ مشت جۆ. باری بوونی لە سەر شانی خۆی سووک کرد بێ ئەوەی هیچی هەبێت بۆ لای خودا گەڕایەوە.

ئەو هیچی نەبوو، هیچیەک هەژاریەکی لە جۆرێکی تایبەت خولقاند بوو، هەژاریەک توانایەکی ئەبەدی و لە بن نەهاتووی هەبوو و توانی پاش مەرگ ئەو هەتا ئەمڕۆ و سبەینێ و تا قیامەتیش بەردەوام ببێتەوە بە پێغەمبەر و گۆڕانکاری تاڕادەی گەیشتن لای درێژە پێ بدات.

ئەوی پێغەمبەر، پێغەمبەرایەتیەک تا ئەو ساتەی ژیان بڕ بکات کە لە کۆشی ژنەکەیدا پەنجەی هەڵبڕی و چاوی بڕیە ئاسمان و لە بنمیچی ماڵەکەیەوە بۆ سەر دەیڕوانی و عائیشە گوێی بۆ رادەدێرا لە ژێر لێوەوە لەگەڵ خودای خۆی دەدوا: لەگەڵ ئەوانەی نیعمەتت پێ بەخشیون لە پێغەمبەران و راستگۆیان و شەهیدان و پیاوچاکان خودایە لێم خۆشبە و بمگەیەنە بە هاوڕێی ئاسوودەیی باڵا و پاشان دەستی شل دەبێت و گیانی بۆ لای خودا بفڕێت. بەڵکو بۆ ئەوە بوو بە پێغەمبەر کە چەندین جار بێتەوە بە پێغەمبەر و جار لە دوای جار پێغەمبەربوون، هەر وەک هیچ کتێبێکی باش بۆ ئەوە نانووسرێت کە تەنیا یەکجار بخوێنرێتەوە. دوایین پێغەمبەریش بۆ ئەوە نەبۆتە پێغەمبەر یەکجار لە ژیانی خۆیدا پێغەمبەر بێت و ببڕێتەوە.

خەریک بوو ئێوارە وا دەهات و تاریکی ئەم شارە غەمگینەی دەتەنی، ئەم شارە بە تەواوەتی کاری خۆی جێبەجێ کرد بوو و شایەتی ئەوە بوو کە لێیەوە رۆحێک زەوی بەجێ بهێڵێت، خەڵکەکە لە ژێر کەپری باخی سەقیفە بەرەو مزگەوت گەڕانەوە، پیاوان بە شکۆ و هەیمەنەتەوە بەرەو مزگەوت گەڕانەوە. پاشان تاریکیەکی وەک قیر شاری تەنی و هێشتا چرای خودا و چراکانی دی هەڵنەکرابوون.

خۆر خەریک بوو لە نێوان دوو شاخەکەی ئەم بەر و ئەو بەری شاری مەدینەدا ئاوا دەبوو، هەر حەفتا و سێ قەڵاکە و هەموو باخە خورما و رەزەکانی ترێ و مزگەوت و هەموو ماڵەکانیش لەوانیش ماڵەکەی پێغەمبەری خودا لە پێشان سوور هەڵگەڕان و پاشانیش رەش هەڵگەڕان، هەموو شتێک بەرەو کپی و خامۆشی دەچوو، تاریکی ئەم شارە غەمگینەی تەنی هەموو کوچە و کۆڵانانی وەک هەموو شەوانی دی چۆڵ و هۆڵ بوون. روناکیەکان کوژابوونەوە ئیتر ئەستێرەکانیش کە ریشەیان لە ئاسمان چەقاند بوو و مانگیش کە تەنیا دوانزە رۆژی تەمەن بوو بواری ئەوەیان بۆ رەخسا بوو جوانتر تیشکە غەمگینەکانیان ببڕنە ناو شار.

بۆ هەر کەسێکیش کە کوێرایی دڵی دانەهاتبا و تروسکەیەک ئیمانی لە دڵدا بووایە ئەو هەموو فریشتەی دەبینی ئاسمانی شاریان تەنی بوو و بە باڵەکانیانەوە بە ستوونی سەردەکەوتن و دادەبەزین، ئەم کارەیان لە دوێنێ چێشتنگاوە بەبێ وەستان ئەنجام

دەدا واتە هەر ئەو دەمەی گەورەی فریشتەکان باڵەکانی لێکنا بوو و هاتبووە خزمەت پێغەمبەر ئیزنی گیانکێشانی بۆ فریشتەکان وەردەگرت، هەر ئەو کاتەی رۆحی پێغەمبەر لەگەڵیان بۆ ئاسمان رۆشت و هەندێک ئازاری گیاندانی بۆ جەستەی لێرە بەجێهێڵا بوو، ئەو ئازارانەی تەنانەت بۆ رۆحێکی گەورەی وەک رۆحی پێغەمبەرانیش شتێکی حەتمیە.

هەر راست هەر ئەو کاتە بوو ئەگەرچی خۆر بە هەموو توانایەکیەوە دەیویست زۆرتر شاری مەدینە رۆشنتر بکاتەوە. بەڵام ئەو رۆژە روونە لە هەموو رۆژێک رۆشنتر بوو. ئەنەس یەکێک لە هاوەڵانی ئەو هاوەڵەی کە بە تەواوەتی گۆڕا بوو دەڵێت: ئەو رۆژەی کە پێغەمبەر مرد دونیا زۆر رۆشنتر بوو. بەجۆرێک مەدینە لە ئاسمانەوە کاتێک فریشتەکان لێیان دەڕوانی رۆشنتر دیار بوو. ئەو ساتانە بۆ ئاسمان و بۆ زەوی و مەدینەش غەم بوون. ئەم شەویش هەموو منالان و ژنان دوای نوێژی عیشا لە ماڵەوەن و هەموو پیاوانیش لەبەری رۆژئاوای شاری مەدینە و لە مزگەوت و لەبەردەم ماڵەکەی پێغەمبەری خودادا دانیشتوون هەردوو دەوڵەتە گەورەکەی ئەو رۆژگارە و هەموو شوێنکەوتووانی هەموو ئایینە دیارە ئاسمانی و زەمینیەکانیش چاوەڕوانی ئەوەن بزانن لێرە لەم شارە لە ژێر ئەو کەپرە عەنتیکەیەدا. کەپرێک نەوەک کۆشکێک لەم شارە رۆحانیەدا نەوەک دەربارەی خۆیان دوای مەرگی پێغەمبەریان بەڵکو دەربارەی هەموو جیهان بەو فراوانیەی خۆیەوە چ بڕیارێک دەدەن.

ئەوان هێندە گەیشتوون هەروەک چۆن بەرگەی بەجێهێلانی رۆحی پێغەمبەریان گرت، بتوانن تەرمە پیرۆزەکەی لای ژنەکەی و کەسە نزیکەکانی بەجێ بهێڵێن. پێ بە جەرگی خۆیاندا بنێن و لە دوێنێوە بێ ئەوەی زاریان بەر هیچ خواردنێک کەوت بێت لەژێر ئەم کەپرەدا بڕیاری بەو گەورەییە بێنن. بە رۆحی گەیشتوویان بزانن کە دەبێت دوای کۆتایی هاتنی توخمی ئەو مرۆڤانە کە پێیان دەوترێت پێغەمبەر مەدینە و زەوی بە هەموو سارا و شاخ و دەریا و ئاوەدانیەوە چۆن بەڕێوەبەرن، ئەوان دەیانزانی کارێک بەو مەزنیە کێیە دەبێت بەرگەی بگرێت.

نزیکترین کەس لە پێغەمبەرایەتی و رۆحێکی خۆش، رۆحێکی گەیشتوو بەڵام پێغەمبەر نەبێت کێ بوو ئەو رۆحە جێگرەوەی پێغەمبەر بەڵکو هەموو پێغەمبەران بێت، هەموو دەیانزانی و نەیاندەزانی. دەیانزانی ئەو کەسە کێ بوو نەشیاندەزانی چونکە ئەمە ئەرکێکی گران بوو کە نەخۆشی و نە ئەوانی تریش نەیاندەوێرا بڕیاری لە سەر بدەن ئیدی ئەمە پێوەرێکی دیکەی دەخواست، مرۆڤەکان هەمیشە وان لە ئەنجامدانی کاری گەورەدا راڕان ئەگەرچی دەزانن دەتوانن ئەنجامی بدەن و دەبێت ئەنجامیشی بدەن.

بڕیارێکی وەک ئەمەش لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەمە یەکەمجار بوو دەدرا، ئەگەر هەڵبژاردنی پاشایەک سەرکردەیەک یان سەرەک خێڵێک بووایە ئەوا شتێکی تاڕادەیەک ئاسان بوو و هەمیشە و بەردەوام لەبەر تەمەنی کورتی مرۆڤەکان و دووبارە بوونەوەی یەک لە دوای یەکی مەرگیان هەمیشە روویداوە. بەڵام ئەم کارەیان ئیدی جۆرێکی دیکە بوو.

ئەم بەیانیە خۆر لەو دیو شاخی ئوحود و ئەو دیو بیابانی فراوان و دەریا گەورەکانەوە هەڵهات و بە ئاسماندا سەرکەوت. بەربەرە زەوی گەرم بووە، هێشتا خۆر بە تەواوەتی نەگەیشت بووە نیوەی رێی سەفەری رۆژانەی بە ئاسماندا، لە پڕێکدا تیشکی خۆر رۆشنتر و زەوی گەرمتر و پاشان کپ بوو نتمی لە خۆی بڕی و رۆحێک لەگەڵ فریشتەکان سەرکەوت و مەرگێگ روویدا و مەرگێک لە ئاسمانەوە هات و ئەم شارەی روناک کردەوە. رۆحێک باڵە گەورەکانی بەسەر ئەم شارەدا کێشاو هەمووان هەستیان بە بۆنی خۆشی ئەو تەنانەت دوای رۆشتنیشی کرد، بۆیە لەو کشانەوە تا ئێستا بێدەنگیەکی درێژ بەسەر خەڵکەدا باڵی کێشاوە. دەزانن بەڵام ناتوانن بە تەواوەتی بڕیاری لەسەر بدەن.

مەرجەکانی ئەو کەسەی کە دەبوو ئەو بڕیارەی بۆ بدەن هەرگیز پێشتر نەگیرا بوون. گەورەترینیان گەیشتنی رۆحی بوو جەستە و هێز ئیدی گرنگ نەبوون، ژیری یان دڵڕەقی خۆیان نەدەسەپاند. هیچکام لەوانە لەو کەسەدا کە دەزانرا شایستەی ئەو کارەیە بوونیان نەبوو ئەم کارە پێویستی بە کەسێک بوو، کە ئەوان هەموو ئەوانەی لەو کەپرەدا تا ئێستا کۆبوونەتەوە دەیانزانی کێیە، چاویان لەو بوو یەقینیان هەبوو هەر دەبێت ئەویش کاری لەو شێوەیەی لێ بووەشێتەوە، یەقینێک هەموویانی راڕا کرد بوو، لە شارەکەی خۆیان دڵنیا بوون، شارێک وەک چاو کرا بوویەوە و لەو بیابانە دووردەستەدا و تەنانەت لە تاریکیشدا بۆ ئاسمانی دەڕوانی، شارێک شاری رۆح بوو.

دوای ئەو ئازارەی مەرگی ئەم چێشتنگایە هەنووکە لەم تاریکیەدا لە باوەش فریشتەکاندا غەمبار غەمبار کپ و بێدەنگ بوو، وەک ترێی رەشی بەر مانگ رەش و گەیشتوو دەدرەوشایەوە، بەڵام ترسی شوێنەکانی دیکەیان هەبوو. ئەو شوێنانەی دیگەی نیمچە دوورگەی عەرەب کە هێشتا میوەی کاڵ بوون، ئەگەرچی ملیان بە پێغەمبەری خودا دابوو ئەو هەموو خێڵانەی سارای فراوانی نیمچە دوورگەی عەرەبیان تەنی بوو، ئەوانەی هێشتا درەختی ئیمان لەناو سنگیاندا نەڕوا بوو، وەک نەمامێکی تازە رواوی ئاو لێبڕاو هەنووکە سیس دەبوو، دوودڵ بن لەوەی هەنووکە بە ئەبوبەکر رازی دەبوون، ئەوانە وەک ئەوانەی ئەنصار نەبوون لە بەرامبەر هەر بەرژەوەندیەکی دونیایی بە دڵ و چاوی فرمێسکایەوە هەر خودا و پێغەمبەریان دەویست.

ئەوان لەسەر ئەوەی کە ئەبوبەکر جێگرەوەی پێغەمبەر بێت هاوڕا بوون، ئەگەرچی هێشتا هەندێک مەرامی دونیاییان هەبوو بۆیە ئەنسارەکان گەورەی خۆیان سەعدی کوڕی مەعازیان لەو قۆناغەدا پێ باش بوو، ئەوان دەیانوت ئەگەر پێغەمبەر نەهاتبایە و هەنووکەش کە عەبدوڵای کوڕی ئوبەی مرد بوو. ئەو بوو هەنووکە بە دڵنیاییەوە تاجی پاشایەتیان لەسەر نا بوو بۆ ئەوەی مەدینە و مەملەکەتی رۆح لەنگەر بگرێت. بەڵام باسەکە تەنیا مەدینە و دەوروبەری نەبوو بڕیارێک بۆ هەموو عەرەب و جیهان بوو، بۆیە دەبوو رۆحێک هەڵبژێرن لە گەورەترین خێڵ و تیرەی عەرەب ئەوە ئەبوبەکر بوو ئەو هەم یاری غار و هەمیش قورەیشی بوو.

بۆیە هەمووان بۆ ئەویان دەڕوانی کە تواناکانی کە هەندێکیان لە سەردەمی پێغەمبەری خودادا بەشەرمەوە نمایان دەبوونەوە، هەنووکە لە جەستەی بێتەدەرێ و جارێکی دیکە ئەو بێ سەروبەریەی پێشبینی دەکرا جیهان بگرێتەوە رێکوپێک بکات. هەر بۆیە هەر هەموویان بێجگە لە عەلی و ئەوانەی لای تەرمەکەی پێغەمبەر بوون پەیمانیان بە ئەبوبەکردا و دواتر ئەوانیش هەمان کاریان ئەنجامدا.

ئەبوبەکر کارێکی بۆ جیهان ئەنجام دەدا کە لەوەو پێش کاری پێغەمبەران بوو، ئەو بە دەنگی ناسک و چاوی فرمێسکاوی بەژنی لاواز و باریکیەوە بڕیارانێکی دا کە بە هیچ مرۆڤێکی دی نەدرا بوون.

ئەوانیش یارانی پێغەمبەر بە هەڵبژاردنی ئەو کارێکی مەزنیان ئەنجامدا هێندە گەورە بوو کە لاشەی پیرۆزی خۆشەویستیانی بۆ بەجێبهێڵن و تەسلیمی دوایین جێی و مەنزڵی خۆی نەکەن تا ئەو کارە ئەنجام نەدەن. ئەگەر ئەو رۆشت بوو جەستەی بێگیانی لەماڵەکەیدا راکشا بوو، فریشتەکان هەموو ئەوەی ئەوان دوای ئەو ئەنجامیان دەدا بۆیان دەگێڕایەوە ئەو ئیتر شانازی پێوە دەکردن. خۆ ئەگەر ببووایە خۆیشی لەوێدا بووایە هەمان کاری ئەنجام دەدا.

ئەو لە هەمووان باشتر ئەبوبەکری دەناسی دەیزانی جەستەیەکی لاواز و چاوێکی فرمێسکاوی دڵێکی مناڵانەی هەبوو کە دەگریا وەک پاکی منداڵان دەگریا، بەڵام رۆحێکی بڕیاردەر و زەینێکی داگیرساوی وای هەبوو دەیتوانی بڕیاری ئازایانە و بڕاوە بدات. ئەو شانازی پێوە دەکرد. بۆی دەڕوانی و بە دەمیەوە دەخەنیەوە لە مرۆڤەکان نزیکترین کەس بوو لێیەوە. هەرگیز بە دووری یەکەوە نەژیان، بەڵام ئەو هەنووکە هێندە گەیشتبوو کە تەنانەت بەرگەی بێ ئەویشی دەگرت. هەر لەبەر ئەوەی ئەگەر پێغەمبەر پاش مەرگی لەوێ ئامادە بووایە هەمان کاری دەکرد کە ئەوان کردیان، کارێک تەرمی ئەوی خۆشەویستیان بۆ بەجێهێڵا بوو. ئەوە مانای وابوو ئەوان بە

تەواوەتی تێگەیشتوون، ئەو بەر لە مردن زۆرجار وەک باخەوانێک لە درەختە باڵا بەرزەکانی باخەکەی بڕوانێت کە دەشنێتەوە دەیوت: ئەڵلا..ئەڵلا.. لە یارەکانم.

کارێکیان ئەنجامدا لە مەرگی ئەوەوە تا قووڵایی تاریکی شەوی خایاند. ئیدی ئەبوبەکر رۆڵێکی بینی کە دەبوو بیبینێت و هەرگیز خۆی نەیویست بی بینێت، کە دەبوو دونیای شێواوی پاش پێغەمبەرایەتی رێکبخاتەوە .

❊❊❊ ❊❊❊ ❊❊❊

شەوێکی تاریک بوو خەڵکەکە لەبەری رۆژئاوای شارەوە لە قەڵای ئەوسیەکانەوە لەژێر کەپرەکەوە بە رۆحی رازی و دڵی پڕ لە غەمەوە دەرچوون لە بەنی ساعیدە بۆ ماڵەکانیان گەڕانەوە، نەعلەکانیان دەنگی لە لمەکەی هەموو کوچە و کۆڵانەکان هەڵدەساند کاتێک پێیان پێدا دەنا و کپی شەویان تێکدەدا، کاتێک دوو دوو بە تاک و بە کۆمەڵ بە هەموو شاردا بڵاوبوونەوە، عەبا و ریش و مێزەرەکانیان دەبزواند شنەیەکیان لە پاش خۆیان بەجێدەهێڵا کە ئەو لقە خورمانەیان دەبزواند کە بە بیانووی شنانەوە بوون و لەبەر تیشکی مانگدا دەدرەوشانەوە.

مەدینە کپ لێی راکشابوو. چپەیەکت گوێ لێ نەدەبوو. دەنگی سرتەی باڵی فریشتەکان نەبێت بەنێو کوچە و باخ و قەڵا زۆرەکانی ئەو شارەدا بە باڵە درەوشاوەکانیان لە تاریکی ئەو شەوەدا دەفڕین.

زۆربەی زۆری خەڵکەکە کە لە بری ماڵی خۆیان بۆلای ژن و منداڵنیان بە چاوانی کراوەوە بەدیار رۆشنایی ئۆجاخی رۆشنی ماڵەکانیانەوە کە بە سووتانی خۆی تیشکی سووربباویان دەڕژاندە سەر کۆڵانە پان و چۆڵەکان. دەرگا و پەنجەرەکانیان بە کراوەیی بەجێهێڵا بوو، چاوەڕوانی هەواڵ بوون بەرەو مزگەوت و بۆ لای ماڵی پێغەمبەری خودا کشان ئیدی هەموویان لە ماڵی خودا لە پاڵ ماڵی پێغەمبەرەکەیدا خڕ بوونەوە.

هەتا بەیانی قیتەی چاوەکانیان دەهات جارجارێکیش سروەیەکی شەوی بیابان لەو سێ لایەی مەدینەوە کە دەشت بوون خۆی دەکرد بەناو شاردا و بە هەموو باخ و قەڵاکاندا تێدەپەڕی و هەوای شاری دەماڵی و لە دەرگا و پەنجەرە کراوەکانەوە خۆی دەگەیاندە نێو ژوور و ماڵەکانەوە. زۆری بۆ ئاگری ئۆجاخە داگیرساوەکان دەهێنا خەریک بوو دەیکوژاندنەوە، دەیدا لە چاوە نەخەوتووەکانی هەموو خەڵکی شار، بەڵام ئەو با نەرمەیە نەیدەتوانی بەر لە تیشکی تاڕادەیەک شاد لە بینینی فریشتە و زۆرتر

غەمبار لە غەمباری خەڵکی مەدینە بگرێت. تیشکی کاڵ و تەنکی خۆی لە پەنجەرەکانەوە ئارامی دەبەخشیە دڵی برینداری ئەوان.

خەڵکەکە لەبەردەم ئەستێرەکاندا وەک عاشقێک کە عیشقەکەی تەنیا لە جەستەی دوڵبەرەکەیدا کوورت نەکاتەوە و بە ویقارەوە مەرگی ئەوی قەبوڵ کرد بێت لە بەردەم فریشتە و ئەستێرەکاندا بە ئارامی رەت دەبوون و لە مزگەوتدا بێقەرارانە سوجدەیان دەبرد و دەگریان و جارجار خیزەیەک لە گەرووی هەندێکیان دەردەچوو نرکەیەک لە سنگی هەندێکیانەوە بەرز دەبوویەوە چاویان دەبڕیە پەردەی ماڵەکەی عائیشە و تاوێک دەخرۆشان و ساتێک لە جێی خۆیاندا دادەنیشتن و دادەمرکانەوە.

ئەستێرەکانیش بە ئاسمانەوە کزکز بۆ سەر شاری مەدینە دەبزوان و لە ئاستی شاردا دەوەستان لێرە لەپڕ دەدرەوشانەوە و لە سەر شار رۆشنتر دیار بوون. هەمووان ئەوانیان دەبینی رۆشنیەکی تریان هەبوو لەو رۆشنیە نەبوو کە شەوەکانی دی و لە شوێنەکانی دی لە هەموو ئەو شوێنانەی کاتی ژیانی و لەتەک پێغەمبەردا لە بیابان و کێوەکان تەنانەت لە مێرگی و دەریادا بینیویانن ئەگەر ئەستێرەکان لە هەر کام لەو شوێنانە دەرکەوتەی جودا جودایان بێت ئەوا هەرگیز رۆشنایی ئەو شەوەیان نەبوو. چ رۆژگارێکیان بڕی بوو، لە سەفەری دەرەوەیاندا هەموو شەڕ و ترس و تۆقاندن و برسێتی و ئابڵوقەدان و ماندوێتی شەونخونیەکانی خۆیان بەرچاویاندا رەت دەبوو.

لە سەفەری ناوەوەشیاندا چێژی نزیکی و سۆز و بەزەیی و نەرمونیانی و گەرمای خۆشەویستی و روانینی موحیبەتیانەی حەسرەتی دووریەکانیان لە پێغەمبەر لەناویاندا زیندوو دەبوویەوە. یەکێک کڵپی گریان دەیگرت و هاواری دەکرد: (یا رسول الله رۆحم بە قوربانت بێت). شەویش لە جێی خۆی بێ جووڵە وەستا بوو و تێنەدەپەڕی. هەر ئەوەندە نەبێت هەورێک دەهات و بەری روناکی مانگی دەگرت. ئیدی هەستێرەی بەیان لە سەر کێوی ئوحود دەرنەدەکەوت کە ئاماژە بە (بیلال) بدات تا بانگی بەیانی بدات. هەر ئەو دەمەش هەرچەند چاوەکانیان سوور بووبوون خەریک بوو دەنیشتن و هەر تاوێک هەڵمەتیان بۆ خەو دەبرد بەڵام خەو لە چاوەکانیان هەڵدەهات.

لە ماڵەکەی پەنای مزگەوتەوە ورتە ورتێک دەهات چەند تارماییەک لەبەر رۆشنایی چرایەکی بێ شەوقدا لەم دیو لە تەک رۆشنایی مانگەکە تێکەڵ دەبوون، ئەوانە تارمایی عەلی و فەزڵی کوڕی عەباس و فاتیمە و حەسەن و حسەینی منداڵ و عائیشەی خاوەن

ماڵ و سەودە و ژنەکانی دیکە و ئوسامە و (شەقران)ی کۆیلەی دوێنێ ئازادکراو بوون کە بە دیار مەیتەکەوە هەر لەسەر ئەو جێگە زبرەی کۆچی دوایی کرد بوو دانیشتبوون، پێغەمبەر وەک هەر مردوویەکی دیکە قورستر دیار بوو دەستی لەسەر سینگی روو بە ئاسمان چەقی بوون، دەموچاوە نوورانیەکەی جوانتر دەردەکەوت و رووئیایەکی دیکەی پێغەمبەرانەی ئەوی پیشان دەدا، جەستەی نەبزاوی کە بە پشتدا روو بە ئاسمان چاوی لێکنابوو و سەنگین و بێ هەناسەدان خەوت بوو ئەوەی پیشان دەدا کە ئەرکی سەرشانی بە تەواوەتی بەڵکو تەواوتریش لە تەواویش ئەنجام داوە، هەتاوەکو هیچ بستێک لە خاکی عەرەب نەبوو پەیامی ئەوی پێنەگەشت بێت.

ئەو بە قورسی خەوتبوو بەڵام بەخت و ئیقباڵی نەخەوتبوو، دوای مەرگیشی پەیامەکەی بەسەر زەویدا دەکشا بۆنی خۆشی جەستەی ئەو ناوەی پڕ کرد بوو کە تەنانەت حوشتر و مەڕ و بزنەکانی حەوشەکە و هەموو شاریش هەستیان پێدەکرد، هەموو شار بۆنی رۆحی ئەویان گرت بوو. جەستەی مردووی ئاگادارکردنەوەی بۆ زیندووان پێ بوو. وریایی ئەوەی مرۆڤەکان تەنها ناژین بەڵکو دەشمرن.

هیچ مەوجودێک بە فریشتەکانیشەوە کە هەنووکە وەک شەوی یەکەمی دابەزینی قورئان وەک هەموو شەوێکی قەدری رەمەزان کەرنەڤاڵێکی سەیریان دروست کرد بوو هیچیان نامرن. ئاخر مەرگ کۆتایی پێهێنان نیە. جیاوازی مرۆڤ و ئاژەڵ و دار و دیوار ئەوەیە مرۆڤ تیا ناچێت بەڵکو دەمرێت، ئەوەی مرۆڤ جودا دەکاتەوە تەنیا ئەوە نیە کە مرۆڤ دەمرێت و دەشزانێت کە دەمرێت و دوای مەرگیشی جوڵە و رۆشتنیشی هەیە بەڵام رۆشتنێکی بێ گەڕانەوە.

بێگیانی جارێکی دی ئاگاداری دەکردنەوە کە وەک ئەو بن لە هەموو شتێکدا وەک ئەو بن تەنانەت لە مردنیشدا هەر کام لەو خەڵکەی ئەویێ بە سەرکۆنەی خۆی دەبینی ئەگەر ناتوانن وەک ئەو بن ئەوا لانی کەم رێگەی ئەو بگرنەبەر کە خستبوونیە سەرڕێ.

کاتێک دەمەو بەیان لە رۆژهەڵاتەوە سەرەتا وەک خەتێکی سپی روناکی دڕی بە تاریکی شەودا و بیلال بە دەنگی زوڵاڵی بانگیدا ئەو کاتەی ئەستێرەکان بەپێی رەشی ئاسمانەوە چەقی بوون و جوان و بێدەنگ دەدرەوشانەوە. هێشتا مانگ جێگەی خۆی بە خۆر نەبەخشی بوو. دەنگی بانگەکەی بیلال (الله اكبر.. الله اكبر) تا (اشهد ان محمد رسول الله) گەیشت ئیدی بۆی تەواو نەکراو گریان بینی گرت.

سەرەنجام رۆژ بوویەوە، خۆر بەرە بەرە بەرەو ئاسمان بەرزبوویەوە. لەو دەمەی مرۆڤی داماو و بێچارەی شارەکانی سەرزەوی هەناسەیاندا و دەرگا و پەنجەرەکانیان کردەوە بە کۆڵانەکانی ئاوەدانیاندا بەرەو شوێنی کار و بێکاریان خرۆشان. خەڵکی دڵشکاوی مەدینە هیچ کارێکیان ئەنجام نەدا ئیدی نە دەرگایان کردەوە و نە پەنجەرەش چونکە هەر بۆ خۆیان کرا بوونەوە و لەسەر جێگەی نووستنیش هەڵنەستان چونکە هەر لە بنەڕتدا نەخەوتبوون.

ئەو شەیتانانەش تاقیبی ئەوەیان دەکرد لەو شارە سەوز و تەڕە هەڵکەوتووەدا لەنێو بیابانی فراوان و وشک و برینگی جەزیرەدا روویدەدا هەواڵی خۆیان بە گەورە و دوو دەوڵەتە زلهێزەکەی ئەو رۆژگارە دا کە مەدینەی شار بە قیللەت بچووک بە هەڵبژاردنی ئەبوبەکر سەخترین رۆژگاری خۆی دوای مەرگی موحەمەد و جاڕی کۆتایی هاتنی پێغەمبەرایەتی تێپەڕاند.

لاشەی هێشتا نەرموشل و نەگۆڕاوی موحەمەد لەو رۆژەدا لەلایەن عەلی و فەزڵ و ئوسامەوە شۆردرا هەر بە جلەکانیەوە دەشۆراو کە ئاوی تێکەڵ بە مۆردیان بە دەستی عەلیدا دەکرد و ئەویش بەسەر جلەکانی پێغەمبەرەوە بە پاکی دەیشۆرد. بەسێ بەرگی سپی کفنیان کرد کە نە تەقەڵ و نە گیرفانی هەبوو. پاشان هێنایانەوە و هەر لە شوێنی دوا هەناسەکانی دایانایەوە و خەڵکەکە تا ئێوارە بێ ئەوەی کەس ئیقامەیان بۆ بکات کۆمەڵ کۆمەڵ کە هەر کۆمەڵێک نزیکەی دە کەس دەبوون. هەموو شار بە ژن و منداڵەوە نوێژیان لە سەر دەکرد.

ئەو ئەمڕۆش وەک هەمیشە هی هەموویان بوو. ئەو کە دیناری ئاڵتوون و درهەمی زیوی لە پاش خۆی بەجێ نەهێڵا بوو. ئەوەی بەجێی هێشتبوو بۆ هەمووان بوو. تەنانەت ئەوانەش لەو کاتەدا لەوێ نەبوون و هەموو ئەوانەی هێشتا لە دایک نەبوو بوون و ئەو بە برا ناوی دەبردن بەشی هەمووشیانی دەکرد. کە ئەوە دوای ئەوەی لە دایک دەبوون و دەژیان و تا قیامەت پیر دەبوون و دەمردن و هەمووشیان بەشی خۆیان دەبرد کەچی هێشتا هەر تەواو نەدەبوو.

جارێکی دیش شەو هاتەوە. دوای نوێژی عیشا ویستیان بینێژن. ئەبوبەکر وتی: گوێم لە پێغەمبەر بووە فەرمووی: پێغەمبەران هەر لەو شوێنەی دەمرێن دەنێژرێن، ئیدی هەر لەو ژوورەی عائیشەدا کە تێدا کۆچی دوایی کرد دەستیان بە گۆڕ هەڵکەندن کرد و چاڵێکی پان و پاشان چاڵێکی باریکتر و جەنازەکەیان شۆڕکردەوە خوارەوە و

پاشان سەری چاڵە بچووکەیان بە بەرد گرت و بە خاکیش چاڵە گەورەکەیان پڕ کردەوە و ئەم کارەش تەنیا پیاوان ئەنجامیاندا ژنان لە ژوورەکانی دیکەدا بوون، عائیشە دەیوت ئێمە لەو شەوەدا گوێمان لە دەنگی زەنگن و پاچ و خاکەنازی هەڵکەندن و داپۆشینی گۆڕەکە بوو.

چەند بە ئازار بوو دوایین ماڵئاوایی. ئەوان تەنانەت ئەگەر یەکێک لە بەردەم پێغەمبەردا دەنگی هەڵبڕیبایە دەیانوت ئازاری مەدەن بەڵام هەنووکە بە دەستی خۆیان ئەویان دەخستە ژێر گڵەوە. بەڵام هێندە گەیشتبوون کە بەرگەی بگرن ئەگەرچی مردن هەمیشە سەرکۆنەی بۆ زیندووان تێدایە کە بەرگەی گرانی سووکبوونی کۆڵی هەبوونی پشتتان بگرن و بە بوونی راستەقینەی خۆتانەوە بگەڕێنەوە.

# ٢

## سوڵحی حودەیبیە
## (خەوبینینی کرانەوەی شاری داخراو)

(کرانەوەی مەککە) مانای زاڵبوونە بەسەر دێوەکەدا، ئەو دیوەی رەمزی نەفسی مرۆڤ بوو، هەموو ئەوەی نەفسی مرۆڤ حەزی لێدەکرد لە مەککەدا بوونی هەبوو، ئەو نەفسەی موحەمەد بەو کۆچکردنەی لەو شارەدا ئەنجامیدا ویستی مرۆڤایەتی لەو نەفسە دوور بخاتەوە و شارێکی رۆشنی دروستکرد کە شاری چاوی کراوە بوو، چاوێک بەقەد هەزار چاوی دەبینی و هەموو شتیکی لا روون و ئاشکرا بوو، شاری نوور و فریشتە بوو. شارێک لە راستیدا شاری ئاسمان بوو ئەگەرچی لە سەر زەوی نۆ رۆژ رێگە ئەویش بە حوشتری مێینەی خێرا وەک حوشترەکەی خۆی کە ناوی (قەسوا) بوو دانرابوو.

لە کاتێکدا مەککە لە شەو و رۆژی تاریکی خۆیدا سەری لێ تێکچوو بوو، مەدینەش لەناو قەڵا و مزگەوت لە ژێر چاودێری فریشتەکانی ئاسماندا دوای شەونوێژکردنی پیاوان و ژنانی هێشتا بۆنی نزا و خودای لێدەهات ئارام خەوتبوو. پێغەمبەر خەوی بینی. وەک ئەو خەونانەی لە رووکەشدا خەون بوون. بەڵام لە قووڵیەکی دووردا کە تەنیا پێغەمبەر لێیان تێدەگەشت فەرمان بوون، لەو فەرمانانەی کە ئەرکی پێغەمبەرانە جێبەجێیان بکەن، وەک خەونی سەربڕینی ئیسماعیل کوڕە ناسکەکە لەلایەن باوکە پیرەکەی یانی ئیبراهیمەوە.

لەو خەونانەی ئێمە نازانین چۆنن چونکە پێغەمبەر نین، مەگەر ئەوان بە زمانی پێغەمبەرانەی خۆیان بۆمان مانا بکەن لەدوای خەونەکەی چاوە عەرەبیە جوانەکانی کردەوە هێشتا شەو بوو، سروەیەکی مەیلە و ساردی بیابانی خۆی بە مەدینەدا دەکرد کە سەیری ئاسمانی کرد هێشتا پاشماوەی نووری سووری باڵەکانی جوبرەئیل لەناو ئەستێرەکانی ئاسماندا لەوان روونتر و درەوشاوەترە، خەونەکەی لە خەونە سەیرەکانی پێغەمبەرایەتی بوو کە داوای شتی مەحاڵیان تێدا دەکرێت ئێمە نازانین خەونەکەی چۆن بوو، بەڵام ماناکەی ئەوە نەبوو بەناو ئەو بیابانە فراوان و ترسناکەی نیوان مەدینە و مەککەدا کە تێیدا مرۆڤی گورگی برا مرۆڤەکەی خۆی برد.

مرۆڤەکان نەوەک تاڵانی یەکتریان دەکرد و خێڵ دەیدا بەسەر خێڵدا و پیاوانی ماقووڵ و دەوڵەمەندیان بە رووت و رەجاڵی جێدەهێڵا، بەڵکو پیاوان و ژن و مناڵیشیان دەبرد و دەیانکردنە کەنیزەک و کۆیلەی خۆیان، دەبوو بەو سارا ترسناک و فراوانەدا خۆی و هەزار و پینج سەد لە هاوەڵانی بی چەک و بە ئاژەڵی ئامادەکراو بۆ قوربانی و جلی سپی نیشانەی ئاشتیەوە ئەویش بی چەک دەڕۆنە شاری مەککەی دوژمن و رەمزی نەفسی مەغرورەوە بەیانیش کاتێک هاوەڵانی لە نیازی رۆشتن و جۆری رۆشتنەکەی حاڵی بوون زۆر سەریان سوڕما بەڵام دڵنیابوون ئەوەی ئەوی پێغەمبەر بیلێت سەرومالّیان بە قوربانی بێت دێتەدی.

پێغەمبەر خەونی بینی بوو کە ئەو بە جلی سپی نوورینەوە لەکاتێکدا شانی بەدەرەوەیە دەچێتە حەرەم و کلیلی ماڵی خودای دەدرێتە دەست. خەونێکی وا ئەگەر خەونی پێغەمبەر نەبوایە زۆرتر خەون بوو تا راستی. بەڵام هاوەڵەکانی بەو خەونەی ئەو زۆر دڵیان خۆش بوو جارێکی تر گەڕانەوە بۆ مەککە. ئایا ئەمە مانای خۆبەدەستەوەدانی دێوەکە نەبوو. ئەوەی تا ئێستا بە شەڕ و کوشتار ملی نەدابوو. بەڵکو رەنج و ئازارەکانی بۆ پێغەمبەر و موسڵمانان زێدەتر بوو بوو، ئێستا بە دەستی سپی بێچەک و جلی سپی ئاسمانی عەمرەوە خۆی دەکاتەوە بۆ ئەوەی پێغەمبەر و موسڵمانان بچنە ناویەوە ئەو کوێرایی داهاتووە و رۆشنایی پێغەمبەرایەتی نابینێت. ئەو تەنانەت توانای بینینی خۆشی نیە کە هەموو سەرکردەکانی لە شەڕدا کوژران بەڵام لە هەڵەشەیی و مناڵانەی خۆی نەگەڕا. وای لە مەککە چۆن چاوی لە ئاستی حەقیقەتی پێغەمبەرایەتی موحەمەدی کەسی کوێر بووە.

هەر بەڕاست هەنووکە موحەمەد بێ شەڕ دەچوویە ناو رۆحی شەڕانی قورەیشەوە. جلەکانی شۆرد و سواری وڵاخە تیژڕەوەکەی بوو. ئەمەیان رۆشتنێکی نوێ بوو کە دوای یەکەم شەڕیان لەگەڵ قورەیشی دەرچوونی وای نەبوو بوو. تیرەکانی عەرەبیش خۆیان ئامادە کرد کە لەگەڵی دەرچن. نابیناکەی مەدینە واتە (عەبدوڵای کوڕی ئوم

مەکتوم)ی بە بەرپرسی شارەکەی دانا. ئەویش لە کارە سەیرەکانی پێغەمبەرایەتی بوو. ئایا لەو شارەدا پیاوێکی لێنەبوو جێی ئەو بگرێتەوە ئەو پیاوە نابینایە نەبێت.

ئاخر ئەو یارەکانی خۆی زۆر باش دەناسی بەڵکو ژنەکانی خۆی باش دەناسی هەر بۆیە لەم دوورکەوتنەوە وشک و پڕ لە ترسە بیابانیەی ئەمجارەدا بەناو گەلە گورگ و کۆمەڵە مرۆڤی ترسناکدا وریاترین ژنی خۆی بۆ هاوڕێیەتی خۆی هەڵبژارد کە تەنانەت لەو جێیەدا خەریک بوو نزیکترین هاوڕێیانی لێی تێنەگەن ئامۆزەی ژیرانەی خۆی پێی بڵێت ئەویش (ئوم سەلەمە) بوو کە لەگەڵ خۆی بردبوو. بە رۆحی گۆڕاوی هاوڕێ و ژیری نەبینراوی ژنەکەیی و بێ تفاقی شەڕ بەرەو مەککە کە رێی چەند شەو و رۆژ لەولاترەوەیە کەوتنەڕێ.

ئەو ئیتر دەیویست هەموو عەرەب و گوێ زەوی بزانێت ئەگەرچی ئەو بەهێز بوو بەڵام ئیدی شەڕ ناکات، ئایا ئەمە مانای راگەیاندنی مەرگی خۆی نەبوو. بەڵام ئەو، ئەو رێگەیەی گرتبووەبەر و لێشی دڵنیا بوو. هەر بۆیە بێ ترس شەو و رۆژ رێگایان بڕی و بە کۆمەڵ و پێکەوە ئەوان و حوشترەکانیان بۆ گۆڕینی جانەوەری ناو هەناوی قوڕەیش هەنگاویان دەنا و لە شەودا لە ژێر ئەستێرە و مانگدا دەڕۆشتن کە مانگێکی جوڵاویشیان لەسەر حوشترێک لەگەڵ بوو ئەویش پێغەمبەر بوو چێژیان لە سەرکەوتن لە کارێکدا دەبرد کە هێشتا رووی نەدابوو. بەڵام دڵنیا بوون کە روودەدات.

ئەوان رۆشتن شوێن قیبلەیان کەوتن، شوێن دڵیان کەوتن کە لەوێ لە مەککە لای ئەو دێوەی رۆحی ئەوانی بردبوو بێ ئەوەی بزانێت رۆح چیە؟ بیابان گەیاندنیە ئەو شوێنەی مێرگێک بوو ئاوی لێبوو. کە پێی دەوترا (زیلحەلیفە) لەوێ نیشانەیان لە قوربانیدا و جلی سپی قیامەتیان لەبەرکرد ئەو بەرگی ئیحرام بوو. قیامەتێک زیندووکردنەوەی رۆحی مردووی خێڵە بە بیاباندا پژاوەکانی عەرەب بوو. ئەو خێڵانەی تا ئەو دەمەش مردوویەتیان لە زیندوویەتی پێ باشتر بوو بۆیە لەم پێغەمبەرە و کۆمەڵە مرۆڤە سپی پۆشە بێ چەکە نزیک نەدەبوونەوە، نا ئەوان نەیاندەوێرا نەوەک زیندوو ببنەوە.

بە جلە سپیەکانیەوە بەرەو مەککە بزوا. هەنگاوە دڵنیاکانی خۆیان دەگواستەوە شوێن پیاوێک کەوتبوون زەردەخەنەی لەسەر لێو بوو، چاوەکانی رەش رەش دەدرەوشانەوە بێترس بەرەو دوژمنەکانی دەڕۆشت، رۆشتنێک هیچ کەس لە دوای شەڕێکی سەرکەوتوو ئاوا دڵنیا هەنگاوی نەناوە. هەرچی زیاتر لە دوژمن نزیکتر دەبوویەوە. سێ هەزار قاچی مرۆڤ دەگوازرانەوە و هەزار و پێنج سەد دڵ ترپەیان دەهات بێ ئەوەی ترسیان لێبێت. هەزار و پێنج سەد زمان ویردیان دەوتەوە و مێشکیان تەنیا خەیاڵی یەک شوێنی تێدا بوو ئەویش مەککە بوو.

گەیشتنە (عەسفان) چاوەکەی خێڵی (خوزاعە) کە پێش چاوی ئەمان لە مەککە و لەناو قورەیشدا بۆ هەواڵ دەگەڕا گەڕایەوە لای پێغەمبەر و وتی قورەیشەکان خڕبوونەتەوە (کەعبی کوڕی لوئەی) حەبەشیەکانی بۆ کۆکردوویەتەوە و ئەوانیش لەوێن، دەیانەوێت نەهێڵن بچنە ناو (بەیتەوە) پێغەمبەر راوێژی بە هاوەڵەکانی کرد، ئەو باش ئەوانی دەناسی ئەوان باش گۆڕابوون. بدەین بە سەر ماڵ و حاڵی ئەوانەدا لە هەموو جێیەکی ئەم بیابانە فراوانەوە لە مەککەدا خڕبوونەتەوە بۆ یارمەتی قورەیش لەوێن، بیانکوژین و دواتر ئەوانیش دەستە و ئەژنۆ بە خەم و خەفەتەوە لێی دابنیشن. یان روو بکەینە بەیت و هەر کەسێک هاتە ڕێمان شەڕی لەگەڵدا بکەین؟

ئەو باش یارانی خۆی دەناسی. ئەوان ئیدی ئەوانی سەرەتا نەبوون هێندە لەگەڵ ویدا ژیابوون نەبوو بوون بە پێغەمبەر بەڵام بۆنی رۆحی ئەویان دەکرد و بە کەمترین ئاماژە لێی تێدەگەشتن، نەبوو بوون بە پێغەمبەر بەڵام هەرکامیان بە ئەندازەی رۆحی خۆیان بەهرەیان لە پێغەمبەرایەتی بردبوو، بۆیە نزیکتریان یارەکەی غار واتە ئەبوبەکر فەرمووی خودا و پێغەمبەر باشتر دەزانێت وەک ئەوەی باش لە مەبەستی پێغەمبەر بگات، ئەوەی ناو دڵی ئەوی دایەوە بەڵام ئێمە بۆ عەمرە هاتووین. نەهاتووین بۆ شەڕی کەس.

پێغەمبەر فەرمووی: ئیدی سەری لێبنێنەوە و دڵئارام بن. هەروەک دڵئارامی بەرامبەر بە شەڕ بێت شەڕ هەمیشە مرۆڤ دەتوانێت ئەنجامی بدات، جا یان دەیباتەوە یان دەیدۆڕێنیت، لێرە لە زەوی دەیبەیتەوە یان هەر زوو دەینێریتە قیامەت. بەڵام دڵئارامی دوای گۆڕانکاری مرۆڤ لە دوای شەڕی مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا دوای ئەوەی مرۆڤ دەگاتە ئەوەی کە خۆی رام بکات دروست دەبێت. هەنووکە ئەوان بەوەش گەیشتبوون. کاری پێغەمبەرانیش ئەو سەرکەوتنە ناوەکیە بوو. ئەوان زۆربەی شەڕە دەرەکیەکانیان لەگەڵ قورەیشدا لە دەرەوە بردبوویەوە، بەڵام ئەوەی دڵی پێغەمبەری خۆش دەکرد ئەوەی تریان بوو سەرکەوتن لە جیهانی نەبینراو. ئەوە بوو یارانی ئەوی گەیاندبوویە ئارامی، ئەوە بوو قورەیش لێی تێنەدەگەیشتن.

قورەیش کۆبووەوە و بڕیاریدا نابێت موحەمەد و یارانی بچنە ناو بەیتەوە ئەوان وەک دێویک بۆ شەڕ خۆیان ئامادە کردبوو. دێوێک کراسێکی سووری خوێناوی لەبەر کردووە و شمشێر بەدەست بە ئامانجی شەڕ وەستا بێت.

پێغەمبەر بێ ئەوەی لابەلای چاوی زۆری ئەحباشەکاندا بکاتەوە کە بە مەبەستی شەڕ بە قینەوە بۆ ئەو و یارانی دەیانڕوانی، تێپەڕی. پیاوێک لە خێڵی (کەعب) هەواڵی دایە کە قورەیش بە هەموو تفاقیکی شەڕەوە لە (زی نەوا) دابەزیووە. هەموو عەقڵێک دەیوت ئەمە مانای شەڕی راستەقینە بوو. بەڵام دڵەکان باوەڕیان بە پێغەمبەر بوو و

عەقڵەکان ترسێکی راستەقینەی شەڕێکی گەورەیان لەو بیابانەدا هەبوو لەکاتێکدا دڵەکان بە دڵنیاییەوە بە شوێن پێغەمبەردا هەنگاویان دەنا. خەیاڵەکان لە ئاوا سەیر بوونی مەخلوقاتێکی وەک قورەیش بیریان دەکردەوە. راست وەک سەیر بوونی نەفسی ئینسان کە ئەمان هەنووکە هێندە لەوان جودا بوو بوونەوە هێندە لەیەکتر دووربوون سەیریان لەو ژیان دروستنەکردنەی ئەوان دەهات کە بە سزادان و لەناوبردنی مەخلوقی بەستەزمانی وەک خۆیان بێ ئاگایان دەکرد. ئەوان گەیشتبوونە ئاشتی تەواو.

دوو سەد سوارێکی بە سەرکردایەتی خالیدی کوڕی وەلید لەسەر رێگە سەرەکیەکە واتە لە (کیراعولغەمیم) بەرامبەریان وەستاون. بەڵام پێغەمبەر و یارانی هەر بەو ئارامیەی خۆیان بێ ئەوەی گرنگی حیلە حیل و پێداکوتان و دەنگی زڕەی زنجیر و بروسکەی شمشێری هەڵکیشراو بدەن دەستیان بە نوێژ کرد.

خالید و شەڕکەرەکان ویستیان لەکاتی نوێژدا بەڵام نەیانتوانی یاخود بیریان چوو هەڵمەتیان بۆ بەرن بۆیە بڕیاریاندا بوەستن تا نوێژی داهاتوو ئەو کارە ئەنجام بدەن.

بەڵام لە نوێژی داهاتوودا پێغەمبەر بە دوو گروپ نوێژی بۆ یارانی ئەنجامدا، گروپێکیان بە دوو رەکەعات چوونە ئاسمان و گروپی دووەم ئارام ئارام بێ ئەوەی ئەو تۆپەڵە جانەوەرە دوو سەد سواریە ئارامیان لێ تێکبدات بە دوو چاوی سەر بۆیان دەڕوانی. موحەمەد هەر دەیویست خۆی لە شەڕ لا بدات. بۆیە بە ناو شێو و کەند و دۆڵەکاندا هەڵبەز و دابەز و هەزار و پێنج سەد مرۆڤی شەکەت و نزیکەی سەد ئاژەڵی بێ زمان، دوو سەد سواری چەکداریش لە دوورەوە بۆیان دەڕوانین، پێکانیان دەگواستەوە.

ئەو بەخۆ لادانەی دەیویست قورەیش لە خۆی رزگار بکات رێگای ئەو دیوی شەڕیان پیشان بدات هەر بۆیە بەڵی راست و بە پشت یاڵی (قەمش) بەسەر گردەکەی (برار)دا کشان لە دوورەوە لە هەزارپێیەکی سپی گەورە و درێژیان دەکرد کە بە سەر گردەکەدا دەکشان و خۆریش بە پێی ئەوان دەبزوا تا زێتر عارەقە بکەن و تەڕایی لە گیانیان نەمێنێت و زۆرتر بە بیابانی ئارامیدا بەرەو ئاشتی بگوازنەوە ئیدی راست لە جێکەوتەی حودەیبیە لەو رێگە راستەی ئەگەر بەردەوام بوونایە لە خوارووی مەککەوە دەچوونە (حەرەم)ەوە لایاندا.

کوڕەکانی قورەیش بە دوو سەد ئەسپی رەسەنەوە کە بینیان پێغەمبەر لایدا پاش کەمێک وەستان ئاوزەنگی ئەسپەکانیاندا و بۆ لای گەورەکانی قورەیش غاریاندا.

پێغەمبەر هەر لەو شوێنەدا شاری مەککەی لێدەرکەوت بۆ ساتێک هەستی کرد شارەکە لە دەرەوە نیە بەڵکو لە هەناویایەتی، تەنیا چەند فەرسەخێک لەو شارەوە حوشترەکەی یەخی دا. خەڵکەکە بەسەر روومەتی تۆزاوی و جلی سپی خوساو لە

عەرەقەوە لێی خڕبوونەوە و وتیان: قەسوا مانی گرتووە و ناڕوات، بەڵام پێغەمبەر شتێکی لەو بابەتەدا بینی کە هیچ کام لەوان نەیانبینی بۆیە فەرمووی: (قەسوا) مانی نەگرتووە ئەوە خووی ئەو نیە. ئەوە رووداوی ساڵی فیلەکەیە ناهێڵێت بڕوات.

شەڕ ئەوی لەو شارە دوور خستبوویەوە و پیری کردبوو. ئەو هیچی لەوان نەدەویست هەموو ئەوەی کە دەیویست تەنیا بۆ خۆیان بوو ئەوان دەستیان پێکرد ئیدی دەبوو کۆتایی بێت. هەرچەند ئەوان زۆر لەوە کاڵفام تر بوون لەو رۆحە گەشتووەی ئەو تێبگەن بەڵام ئەم دەیویست ئیدی نەک تەنیا ئەوان بەڵکو هەموو گەردوون بە ئاکاریکی دیکەدا بەرێت فەرمووی: سوێند بەو کەسەی گیانی منی بە دەستە داوای هەر شتێکم لێبکەن کە شایستەی پیرۆزیەکانی پەروەردگار بێت من وەڵامیان دەدەمەوە.

سەحابە ئەو رۆحە مەزنەیان زۆر خۆشویست. ئەوان بە دەیان ساڵ سزادان و راوەدوونان و شەڕ و گەمارۆدان نەیاندەتوانی ئەو و یارانی پەشیمان بکەنەوەو رێ لە گەشەکردنی جیهانی ناوەوەیان بگرن، ئێستا ئیدی دوای ئەو چەند ساڵە دەیویست بە رێگەی چاکە ئەو رێگەیەی ئەوان نایزانن ئەوان بگۆڕێت.

لەو لایانەوە دارێک سەوز بوو کانیاوێک تەقی کە بەچاکە و پێغەمبەرایەتی گەشانەوە و موسڵمانان بە مشت لە ئاوەکەیان خواردەوە و چوونە بنی دارەکە. بەڵام کانیەکە نەیتوانی تینوویەتی ئەوان بشکێنێت، موحەمەدی دڵساف تیرێکی لە تیروکەوانەکەی دەرهێنا و خستیە ناو ئاوەکەوە ئیدی کانیاوەکە ئاوەکەی زێتر بوو هێندە ئاوی تێهات تا هەموویان تێر ئاویان خواردەوە و تێرئاو بوون. ئینجا هەڵسان و ئاوەکەیان بەجێهێڵا لەکاتێکدا دەوروبەری ئاوەکە بۆنی پێغەمبەرایەتی دەدا.

کاتێک (کەعبی کوڕی لوئەی) بە ژمارەیەکی زۆری خێڵەکەیەوە کە بۆنی خوێنیان لێدەهات هاتنە سەر ئاوەکە هەرچەند چاوی دڵیان بە رق کوێر بوو نەیانتوانی ئەو بۆنە پیرۆزە هەست پێنەکەن کە لەو ناوە بڵاو بووبوویەوە.

کاتێک پیاوێک لە خێڵی خوزاعە ئەم هەواڵەی بە پێغەمبەر راگەیاند کە نهێنی پارێزی بوون جارێکی دی سەری لە شەڕخوازی ئەوان سوڕما و فەرمووی: ئێمە بۆ شەڕ نەهاتووین بەڵکو هاتووین عەمرە بکەین. (شەڕ و کوشتار قوڕەیشی شەکەت کردووە)، ئەو سۆزی لێدەتکا، بیری لەوە دەکردەوە مرۆڤ چۆن دەتوانێت مرۆڤ بکوژێت، ئەویش لەپێناو ژیانێکی کوورتدا، ئەی ناتوانێت بە ئاسوودەیی بمرێت ئاسودەییەک مرۆڤ پێی دەگات و مەقاماتێکە پێی دەوترێت مەقامی مردن.

ئیدی ئامادەی رۆشتن دەبێت ئەگەر هەموو موڵکی دونیاش هی ئەو بێت هێشتا هەر ئەو کپی و ئاشتیەی پێ خۆشترە، ئەو پێی خۆشتر بوو سەد جار بمرێت و بگاتە ئەو

سکونەتە رۆحیە و تەنانەت بەگەشتن بە جیهانەکەی دی تاکو نەوەک کوشتن بەڵکو هیچ کەس لە سەر دەستی ئەم ئازاری پێ بگات. موحەمەدی خۆشەویست فەرمووی: ئەگەر بیانەوێت وادەیەکیان بۆ گفتگۆ لەگەڵیان دادەنێم.

بەدیل وتی: ئەو وتەی تۆیان پێدەگەیەنم، هات و سەری لەو پیاوە پیرۆزە سوڕما لەکاتێکدا دەیتوانی شەڕ بکات بەڵام شتێکی دەوێت هیچ کەس لەناو عەرەبدا پێشتر شتی وای نەویستووە، ئەوەی پێ ڕاگەیاندن، بەڵام هەرزەکارانی قوڕەیش کە ئەوان زۆرتر پیشاندەری رۆحی نەبینراوی دێوئاسای قوڕەیش بوون، جارێکی دیکە داخوازی شەڕ بوون، بەڵام پیرەکانیان نەوەک لەبەر ئەوەی بیریان لەبەردەوامی ژیانی خۆیان لەپاش مردن دەکردەوە بەڵکو لەبەر بیرکردنەوەی بەرژەوەندی و بەردەوامی خۆیان وتیان: دەی پێمان بڵێ چی وت؟

ئەویش وتی: ئاوای وت و ئاوای وت.

هەموویان بە پیر و گەنجەوە گەرچی زۆربەی جار لە شەڕەکانیان دۆڕابوون بەڵام هێشتا حەزیان لە شەڕ بوو. ئەوان نوێنەری عەیامێکی دووروودرێژی ستەم و فێڵ و تەڵەکەی نەفسی بەدخوو بوون، بۆیە لە سەرەتاوە هەرچەند کەسایەتی پڕ لە حیکمەتی موحەمەد و گەیشتنەکانی ئەویان دەناسی چەند فێڵبازیکی زمان لووسی هەروەک خوری نەفسیان ناردە لای و پێغەمبەریش هەر کە لە دوورەوە دەیبینین دەیفەرموو (ئەوە پیاوێکی پەیمان شکێنە) بەڵام هەمان شتی ئاشتیخوازانە و ژیرانەی موحەمەدیان بە قوڕەیش دەگەیاندەوە. هەروەک کاتێک پیاوێکی دیکەیان نارد بەناوی (حولەیسی کوری عەلقەمە) پێغەمبەر دەیوت زۆر حەزی لە حوشترە واتە وەک نەفسی مرۆڤ زۆر موڵک وماڵی دەویست، ئای چەند سەرناس بوو فەرمووی: لە خێڵێکە زۆر حەزی لە موڵک و ماڵە حوشترەکانی پیشان بدەن.

بەڵام ئەمان هەروەک ژیانەکەی دیکەیان کە پەیوەندی بە رۆحیانەوە هەبوو بەلاوە گرنگتر بێت کە جیهانی رۆحیان بوو: بەچاوی فرمێسکەوە و پێکەوە نزاکەیان دەوتەوە (لبیک اللهم لبیک).

کابرا بیری لەوە کردەوە، راستیت بوێت دەبێت شاری مەککە بەدەست ئەمانەوە بێت وتی: سبحان الله هیچ مانای نیە نەهێڵین ئەمانە بچنە ناو بەیتەوە. کە گەڕاشەوە بۆلای هاوڕێکانی وتی: ئەو هەموو حوشترە دابەستانەم بینی. کە ئەو هەرگیز ئامادە نەبوو موڵکی نایابی وا بکاتە قوربانی دەیوت: پێم باش نیە رێگەیان لێبگیرێت.

پاشان (مەسعودی سەقەفی) لەو پیاوە پیرانەی قوڕەیش کە ناتوانێت بە جەستە شەڕ بکات و ئازایەتی و خۆنواندنی گەنجانەی وەک گەنجەکانی پێ بێت هیچ جیاوازی نەبێت لە رێگەی زمان و ئەندێشەیەوە ئەو شەڕە بکات. دەیوت بە قوڕەیش کە دەکرێت

له ڕێگەیەکی ترەوە دیسانەوە شەڕ لەگەڵ موحەمەد بکرێت وتی: ئەو پیاوە شتێکی ژیرانەی خستۆتە بەردەستان ڕێگام پێبدەن قسەیەکی لەگەڵدا بکەم. هەر بەو شێوازە شەڕانیە بەڵام بە شێوازێک دەیوت: موحەمەد مرۆڤ چۆن کەسوکاری خۆی ریشەکێش دەکات وەلێ کۆمەڵێک دەموچاوی هەرچی و پەرچی دەبینم لە پشتەوەن هەر کە لێت قەوما رادەکەن و بێکەس دەمێنێتەوە. گوایە ئەو یارانی پێغەمبەری نەناسیبوو هەر بۆیە ئەبوبەکر هەڵیدایەو وتی: قوڕ بەسەر عەقڵت عەقڵی تۆ و (لات)یشت ئێمە هەڵدێین و رادەکەین!.

دواتر هەر وەک هەرزەکارێک دەستی بۆ ریشی رەش و جوانی پێغەمبەر دەبرد، بەڵام برازاکەی خۆی کە بەسەر سەریەوە بوو دەموچاوی داپۆشی بوو بە دەستی شمشێرەکەی دەکێشا بە دەستیدا و دەیوت: دەستت لە پێغەمبەری خودا دوور بخەرەوە. بیری لەوە دەکردەوە کام خوداوەند ئەوانی شەڕانی فڕێداوەتە ئەو بیابانە وشکەوە، ئەوجا کابرا بینی شەڕی رووبەڕوو لەتەک ئەمانەدا بەکەڵک نایەت، مەگەر تەنیا لە ڕێگەی ڕێکەوتنەوە بەسەریاندا زاڵ ببێت، هەر ئەو نیازە پیر و فێڵبازانەشی بە قوڕەیش گەیاندەوە.

ئینجا گەنجەکان زانیان پیرەکان بە ڕێگەی خۆیان نەفسبازی دەکەن، ئەمانیش ویستیان بە ڕێگەی خۆیان رووبەڕووی موحەمەد ببنەوە، ڕێگەیەک ئەوان لە پیرەکانی باشتر دەزانن ئەویش ڕێگەی خوێن و شەڕ و خۆنواندن و شانازی شمشێر وەشاندن و چێژی عارەق سڕینی پاش سەرکەوتن. خواردنەوە و سەمای ژنانی نیوەڕووت بۆیە ویستیان کارەکە لە پیرەکانیان تێکبدەن. بۆیە لەناو خۆیان ڕێکەوتن بۆ بەرپاکردنی شەڕ چادرەکانی موسڵمانان گڕ تێبەر بدەن و زۆریش پێیان ناخۆش نەبوو کە ئاوا بێچەک هاتبوون ئیدی ئاسانتر دەیانتوانی لێیان بچنە پێشەوە و شەڕ هەڵبگیرسێنن.

ڕۆحی هەموو مرۆڤە نەبووەکانی ئەو دەمە کە لەوێ ئامادە بوو لە دڵی خۆیدا دەیوت: (مرۆڤیش سەیرە دەتوانیت بێ شەڕ کێشەکانی چارەسەر بکات. بەڵام بۆچی شەڕ دەکات من وای بۆ دەچم تەنیا شەڕە تێیدا مرۆڤ پێویست ناکات خۆی بگۆڕێت لەباتی خۆ گۆڕان دەستکاری دەرەوەی خۆی دەکات و دەیەوێت ڕاست و ڕەوان ئەوانی دی لەناوبەرێت) بۆیە هەمیشە ڕۆحە پشکوتووەکان دەڵێن دەبێت خۆتان بگۆڕن بەڵام نەفسە هەرزەکان دەڵێن هیچ پێویست بەوە ناکات بەڵکو هێندە بەسە کە ئەوانی دیکە بگۆڕی ئەم گۆڕینە ناوەکیە دەکرێت رازی ژمارەیەک ناوی لێبنرێت بەڵام ڕێگەیەکە بۆ هەمووو چاک کردنێکی بوون دەبێت بگیرێتەبەر، بەڵام نەوەک هەر گەنجەکان بەڵکو پیرەکانی قوڕەیش و هەموو گەنج و پیرە تەنیا رووبینەکانی هەموو سەردەمەکان نایزانن، گەنجەکان وەستان تا شەو داهات و بایەک هەڵی کرد کە لمی

بیایانی بە چادرەکاندا دەدا و مانگ و ئەستێرەکانی بۆ دوورترین شوێن لە ئاسمان تۆراند.

ئەوجا لە شاخە نزیکەکەی (تەمیم)دا خۆیان مەڵاسدا و نزیکەی حەفتا گەنجی سەرەڕۆ دەبوون، لە خێوەتگەکە نزیک بوونەوە بەڵام پاسەوانەکانی بە سەرکردایەتی (موحەمەدی کوری موسلیمە) هەر بێ چەکی شەڕیش هەموویان قۆڵ بەست کردن.

جارێکی دیش موحەمەد بەزەیی بە رۆحی نەفامی ئەواندا هاتەوە و لە بەرژەوەندی ئاشتەوایی لێیان خۆش بوو. ئەو باش ئەوەی دەزانی لە هەموو سەردەمێکدا مرۆڤ سەری خۆی لێ بەڵایە مەگەر بگۆڕێت. ئەگینا هەمیشە بەڵایەک بۆ خۆی و ئەویش دەدۆزیتەوە، هەر ئەم بیرکردنەوە قووڵە ئاماژەی ئەزمونێکی دیکەی وەحی کرد و دەموچاوی دەدرەوشایەوە و جوبریل ئایەتی بۆ هێنایە خوارەوە و ئەو حاڵەتەی بەیان کرد کە (ئەوە ئەو بوو دەستی ئەوانی لە ئێوە راگرت و دەستی ئێوەش لە ئەوان) واتە شەڕ و ئاژاوە ئەویش هەر لەبەر سەرەڕۆیی ئەوان خەریک بوون دیسان شەڕ هەڵبگیرسێننەوە.

ئەوسا دیسان بیابان لاشەی مردووی بۆ داڵ و ئاژەڵی لاکخۆران لێ بەجێدەما و دیسان گریان و رۆڕۆ لە مەککە و گریانی کچی رازی بوونی ژنانی مەدینە بە شەهید بوونی کەسەکانیان ئەمە چ نیعمەتێکی گەورە بوو ئیتر شەڕ کۆتایی دەهات. لەراستیشدا ئەمە نیشانەی خۆبەدەستەوەدانی دێوەکە بوو. تەنیا موحەمەدیش بەمەی دەزانی. لەوانەیە ئەوانی دی تەنانەت نزیکترین هاوڕێکانیشی هەستیان بەمە نەدەکرد وەک دواتر دەردەکەوێت.

ئەو کە لەوە دڵنیا بوو کە قورەیش ناتوانن شەڕ بکەن ئیتر بۆ وەک پیاو نایەن رێکبکەون و ئیدی بۆ ئەبەد شەڕ لە دوورگەی عەرەب کۆتایی پێ بهێنن. ئەو باش ئەو نەفسە بەدخووەی ناو جەستەی مەککەی دەناسی کە تا ناچار نەکرێن دەست لە غوروری خۆیان هەڵناگرن. بۆیە بڕیاریدا ئەمجارە نوێنەری خۆی بۆلای ئەوان بنێرێت. چاک ئەوەشی دەزانی هەرکەس بە تەنیا بنێرێت لەوانەیە بە ساغی نەگەڕێتەوە.

ئەو ئەوەی دەزانی ئەوان ئادابی نوێنەرایەتی رەچاو ناکەن ناردی بەشوێن مرۆڤە بە هەیبەت و ژیرەکەدا مەبەستم عومەری کوڕی خەتابە، دەیزانی لای ئەم هەم حیکمەت و بوێری تەواو هەیە هەم لای ئەوانیش ترس و سام کە بۆ جەستە و باڵای بەرز و بە قیافەی دەڕوانن ئیدی ناوێرن دەستی بۆ بەرن بەڵام کێشەی ئەو ئەوە بوو هەنووکە خێڵەکەی ئەو، ئەو دەسەڵاتەیان نەبوو وەک خۆی بە پێغەمبەری وت: هەر بۆیە عوسمانی هێمن و ئارامی زاوای بە سواری حوشترێکی ئارام کە بەسەر لمەکەدا بە ریتم و یەک رەوت قاچی دادەنا بەرەو قورەیش هەنگاوی دەنا و لەبەر چاوان ون

بوو کە پێغەمبەر بە سۆزەوە بەدوایدا دەیڕوانی ئەو ڕۆشتبوو هەر بەو نەرمونیانیەی خۆی لە ئامانجی هاتنی خۆی بەوان بگەیەنێت و بۆ ئیسلامەتی بانگیان بکات و سەردانی ژن و پیاوانی ئیماندار بکەن و موژدەی فەتحی مەککەیان بداتێ. بۆ ئەمەش خێڵەکەی (بەنی کەعب) لە تیرەکانی قورەیش دەیپارێزن.

هەرواش بوو (ئۆبانی کوڕی سەعیدی کوری عاص) سواری ئەسپەکەی خۆی کرد و بەڕێزەوە بردیە ناو شاری مەککە وتەکانی پێغەمبەری بە سەرانی قورەیش گەیاند هەر بەڕێز و حورمەتەوە ئەمەش نەک لەبەر ملدانیان بە حەقیقەت بەڵکو لەبەر دەمارگیری ڕەنگە لەبەر شتی تریش کە لە فێڵێکی دیکەی نەفسدا خۆی دەنواند وتیان دەتوانی بەتەنیا زیارەتی خۆت ئەنجام بدەیت، بەڵام عوسمان وتی: نەخێر من تەوافی پیرۆز ئەنجام نادەم.

بەڵام عوسمان بە سواری حوشتر بەسەر لمی بیاباندا نەگەڕایەوە هەواڵی شەهیدکردنی بە پێغەمبەر گەیشت. بەڵام ئەو ترسی نەبوو، هێزێکی نادیار ئەوی بۆ ئەم بیابانە ڕاکێشا بوو. لە دوورەوە بۆ ئەمەی دەڕوانی هەر لەو کاتەدا لەبنی بنە دڕکێکی شیری بچووکی وشترخۆرەوە بزنمژەیەک هاتە دەرەوە لەو بیابانەدا بۆ سەیرکردنی ناوچاوی نوورانی ئەو سەیری ئەمی دەکرد ئەمیش بۆ ئەوی ڕووانی بە پێکەنینێک وەڵامی سەیرکردنەکەی ئەوی دایەوە و سۆزی بۆ ئەو و بۆ ئاژەڵی دووپێ زۆرتر بزوا لە سەر ئەم بیابانە ڕەق و تەقە چی لەیەکدی دەکەن لەم کاتەدا بۆ بیابانی فراوانی ڕووانی و پاشان سەری بۆ ئاسمان هەڵبڕی باڵندەکانی بینی کە لە دوورترین خاڵی ناو ئاسمان کە مومکین بوو چاوی ئەو بیان بینێت دەسوڕانەوە ئەو ڕۆحی گەردوونی دەبینی کە سوجدەیەک لەبەردەم خودادا خۆی کوور کردبوو ئەمەش بە چەمانەوەی ئاسماندا لەناو بیاباندا هەستی پێدەکرد، موحەمەد لە دڵی خۆیدا ئاخێکی هەڵکیشا و لە ئاکامی کارەکانی مرۆڤی ڕوانی ئیدی چارەنووسی مرۆڤایەتی تا قیامەت هاتە بەرچاو و دڵۆپە فرمێسکێک بە ڕوومەتیدا دابەزیە سەر چاوەکانی.

ئەو دەیزانی (عوسمان) ماوە بەڵام دەیویست عیبرەتێک بە قورەیش بدات و هەلی گۆڕانکاری زیاتر بە هاوەڵانی ببەخشێت. بۆیە هەموو موسڵمانانی بۆ بەیعەتدان کۆکردەوە. بەیعەتی ڕووبەڕوو بوونەوەی بێچەک ئەویش ڕێک لە نزیک هەناوی قورەیشدا هەموویان بەیعەتیاندا بەیعەتی ڕانەکردن و مردن، دەستخستنە ناو دەستی ئەوەوە. هەندێکجار دووبارە و سێ بارەیان دەکردەوە، پاشان پێغەمبەر دەستی خۆی گرت و خستیە ناو دەستی خۆیەوە و وتی ئەمەش لەجیاتی عوسمان.

فەزایەکی نوورین ئەو درەختەی گرتبوو. عومەر لە هەمووان بەرزتر قۆڵی پێغەمبەری گرتبوو (مەعقەلی کوڕی یەسار)یش لقە درەوشاوەکانی درەختەکەی بەرز

دەکردەوە تا بە پێغەمبەردا نەچەقێت. ئەوان لە هیچ مەخلوقیک نەدەترسان و گەیشتبوونە مەقامی رەزامەندی، رەزامەندی ئەوان و رەزامەندی خودا یەکانگیر بوو بوو، هەر بۆیە ناونرا بەیعەتی (ریزوان) لە ژێر ئەو دارەدا گوێی لە دەنگی هەناسەکانی جوبرەئیل بوو تەنیا موحەمەد بینی. ئایەتی رەزامەندی خۆی بۆ ئەو موسڵمانانە دابەزاند کە لەویَ لەبن ئەو دارە بەیعەتیان بە پێغەمبەر دا. هەر ئەویش دیتی کە بەرەو ئاسمان باڵی لێکناو بەرز هەڵفڕی.

ئەوی پێغەمبەر لە کات و شوێنی خۆیدا هاتبووە سەرکار و لەم ناوەڕاستی بیابانەدا بیابان و ئاسمانیش دەریا بوون. لەوانەیە دەریای گەورەش بیابان بن بەڵام لەباتی شەپۆلی ئاو. تۆز و بای لماوی هەڵبەز و دابەزی دەکرد و ئارام دەبوویەوە ئیدی هاوترپەی قووڵی بیابان و رۆحی ئەم یەکانگیر دەبوون، هەر لەو کاتەدا بۆ بیابانی دەڕوانی سوارێک بەسەر حوشترەوە لە بیابانەوە دەرکەوت.

سەری زل و ریشی ماش و برنجی تێکەڵ لەگەڵ قژی لوولی کە لەژێر مێزەرە گەورەکەیدا هاتبووە دەرەوە ناسیەوە ئەو (سەهلی کوری عەمر) دانووستانکارەکەی قورەیش بوو بۆ پەیمان بەستن لە تەک پێغەمبەر هاتبوو، لەڕاستیشدا لە پەیمانی مردن و رەزامەندی موسڵمانان ترسابوون. پێغەمبەر فەرمووی ئەو پیاوە هات کارئاسانیتان بۆ دەکات.

پیاوەکە دابەزی و نیازی قورەیشی بۆ رێکەوتن لەتەک پێغەمبەر راگەیاند. ئەو شارەزاترینی نێو موشریکەکان بوو بۆ ئەو کارەیان هەڵبژاردبوو. ئەگەرچی ئاکاری لە کاری هەرزەکارانەی دیلی دێوی نەفس بووانە خاڵی نەبوو. یەکەم مەرجی ئەوە بوو دەبێت ئەمساڵ بگەڕێتەوە تا عەرەب نەڵێن موحەمەد هەر بە زۆر و زۆرداری خۆی بەناو مەککەدا کرد، دەبێت ئەم رێگە دوور و درێژە ببڕن و ساڵێکی تر دیسان بە هەمان رێگە بەرفراوانیە بێنەوە و نابێت ئەمساڵ لە پەنا مەککەدا کە هەنووکە لەبەر چاوانیانە بچنە ناو مەککەوە.

هەرچەند موسڵمانان بە تەواوەتی لەمە نەگەیشتن بەڵام پێغەمبەر رۆحی دەریایەکی وابوو ئەم شەپۆلە شێتەی لە خۆیدا قووت دەدا، ئەمە سەرەتای تەسلیمی قورەیش بوو بەڵام ناڕاستەوخۆ و گێژەڵوکەئاسا لوول و پێچاوپێچ کە ئەو راستیەی تێدا دەبینی وتی باشە پاشان دانیشتن بۆ نووسینی بەیاننامەکە، عەلی بانگ کرد کە دەقی بەیاننامەکە بنووسێت وتی: بنووسە (بسم الله الرحمن الرحيم) کابرا بایەکی تەپ و تۆزانە هەڵی کرد و وتی :من (رحمن) ناناسم، راستیشی وت دوورترین بەشی مرۆڤ کە لە رەحمەتی خودا تێناگات نەفسیەتی بۆ هەنووکە ئەو نوێنەرایەتی ئەو بەشانەی خۆی

دەکرد وتی: بنووسە (بسم اللهم) پاشان عەلی نووسی، لەسەر ئەم پەیماننامەیە پێغەمبەری خودا لەگەڵ سوهەیلدا رێکەوت.

کابرا هەمدیس وەک شیری تیژ نیەتی پاکی عەلی خوێناوی کرد و وتی: من ئەگەر دانم بە پێغەمبەرایەتی تۆدا بنایە رێگەمان لێ نەدەگرتی و شەڕمان لەگەڵ نەدەکردی بنووسە (موحەمەدی کوڕی عەبدوڵڵا) ئەم دان پیانەنانەشی لە قووڵترین بەشی نەفسیەوە سەرچاوەی گرتبوو ئەو بەشەی سەرچاوەی هەمووو کوشت و بڕیەکان واتە حەسوودی بوو، ئەو هێندە حەسوودی بەو برد ئیدی نەیدەتوانی دان بە پێغەمبەرایەتیدا بنێت.

ئەو نەیدەزانی هەمووو پێغەمبەران عومری مرۆڤیک دەبنە پێغەمبەر و بەدەست ئەوانی دیەوە ئازار دەچێژن و بەسەر لمی بیابان و شاخ و دەریادا چەند سوبح گاهێک بە سەر دونیای فانیدا هەروەک ئەوانی تر هەنگاو دەنێن بۆ ئازارەکانی مرۆڤەکان رەنج دەکێشن و تەمەنی خۆیان بۆ ئەوانی دی سات لەدوای سات بەخت دەکەن و بێ هیچ کرێ و دەست پوختێک تەنانەت وەک ئەوانی دی هیچ بەشێکیان بۆ خۆیان و نەوەکانیان بۆی راستە و راست بۆ ئاسمان دەگەڕێنەوە پێغەمبەران بە کۆڕەو لەلایەن ئاسمانەوە بۆ زەوی دادەبەزن نەوەک بۆ ئەوەی بەشی دونیای ئەمان بەرن و لێرە خۆیان لەوان بە زیاتر لە قەڵەم بدەن، بەڵکو ئەوەی ئەمان بۆ ئاسمان لەتەک خۆیاندا هەڵبرن.

بەڵام ئەم پیرە مناڵە لەوە نەدەگەشت. چی لە دەست نایەت ئەم تەمەنە پێغەمبەرانە بەشی ئەوانی نەفس پەرست بگەیەنێت. عەلی نەینووسی، بەڵام پێغەمبەر ئێسکە قەڵەمەکەی هەڵگرت و خۆی نووسی (موحەمەدی کوڕی عەبدوڵڵا) پێغەمبەری خودا فەرمووی با ئێوەش بە درۆم بخەنەوە بەڵام من هەر پێغەمبەری خودام. هەر لەم کاتەدا بایەکی خودایی لە بیابانەوە خۆی دەکێشا بە خەیمەکەدا لەهەمان کاتدا دڵی پێغەمبەری دەدایەوە لە کابرای تێنەگەشتووش تووند و تورە خۆی نیشان دەدا.

پەیماننامەکە مۆرکرا چوار خاڵی سەرەکی تێدا نیوە رەحمەتی پێغەمبەر و نیوە عەزابی کابرای دڵ مردوو تێیدا چەسپێنران، کە یەکێکیان ئەوە بوو وتمان و ئەو سیانەی دیش یەکێکیان وەستانی شەڕ بوو بۆ ماوەی دە ساڵ و ژیان و ماڵی خەڵکی تیایدا پارێزراو بێت و کەس دەستدرێژی نەکاتە سەر کەسی تر.

دووەمیان هەر خێڵێک ئازاد بێت هاوپەیمانی لەگەڵ هەرکامیان بکات، دەستدرێژی بۆ سەر ئەو دەستدرێژی دەبێت بۆ سەر لایەنە گەورەکە. ئەم خاڵەشی هەراسانانە قەبوڵ کرد کە ئیدی ئەوانی لووت بەرزی گەورەی قوڕەیشی دەهێنایە ئاستی موحەمەد و یارانی. ئەمە سەرکەوتووترینی خاڵی موحەمەد بوو. شمشێری تیژی هەناوی ئەوانی

لەت دەکرد. لەتەک نووسینی هەر خاڵێکدا هەر کامیان هەناسەیەکی قووڵی هەڵدەکێشا یەکێکیان کە موحەمەد بوو هەناسەی ئاسودەیی و ئەویان کە سوهەیل بوو هەناسەی تەنگەتاوی و بێزاری.

تا خاڵی چوارەمیان نووسی ئەمجارەیان سوهەیل هەناسەیەکی ئاسودەی سەرکەوتنی هەڵمژی بەڵام لەڕاستیدا ئەو نەیدەزانی لەمەشیاندا هەر ئەو دۆڕاو بوو ئەگەرچی لە رووکەشدا وا دەرنەدەکەوت چونکە ئەو نەیدەتوانی دوورتر ببینێت، نووسیان: هەر پیاوێک بی پرسی خاوەنەکەی بۆ لای موحەمەد هەڵبێت دەبێت بگێڕدرێتەوە بۆ قورەیش، هەرکەسیش لای موحەمەدەوە بۆ لای قورەیش بگەڕێتەوە ئەوا بە موحەمەد نادرێتەوە، بەلای کابراوە ئەمە نیشانەی سەرکەوتنی جانەوەرە دڕندەکەی قورەیش بوو، ئەمە لەکاتێکدا ئەم وشانە مەرگی ئەم جانەوەرە دڕندە و تۆبەکردن و وەرچەرخانی بە فریشتەی خودایی بوو.

هەر سێ خاڵەکە بەئاشکرا هێنانە خوارەوەی غووروری مەکە بوون، هەرچی خاڵی چوارەمیش بوو زیانێکی وای بەوان نەدەگەیاند بەڵکو لە قووڵاییدا قازانجی پێغەمبەر بوو. تاوێک بێدەنگی حوکمداری ناو چادرەکە بوو، بێدەنگیەکی قورس کابرای داگرتبوو نەیدەتوانی لە موحەمەد رابمێنێت لەناو عەرەبدا لەو بەخشندەتری نەدیبوو، لەو دۆڕانە بە رووکەشەدا هێشتا ئەو سەرکەوتوو بوو بەڵام لەم مەرجەی کۆتایی بەباشی نەدەگەشت بۆچی ئەو مەرجی ئاوای قەبووڵ نەبوو.

پێغەمبەریش هەناسەی خۆی هەڵدەمژی و بۆ دوور ئەندێشەی ئەو هزرەی دەکرد لە پشتی ئەو خاڵەوە بوو. کەس لە کۆمەڵگەی موسڵمانان لای ئەمەوە بۆ لای ئەوان ناڕوات مەگەر بەدزیەوە بڕوات کەسێکیش ئاوا بڕوات دەی واوەتر چێت. خۆ ئەگەر کەسێکیش لای ئەوانەوە بۆ لای ئەمان بێت و نەتوانێت ئەوا هەموو سەرزەوی مەملەکەتی خودایە و دەتوانێت بۆ شوێنی تر بڕوات، بێجگە لەوەش خۆ مەککە پڕە لە ژنان و پیاوانی موسڵمان کە بەتەمای ئەوەن شارەکە بێ شەڕ وەک دەروازەیەکی گەورە لەسەر پشت بکرێتەوە و بەیانیەکی زوو لەخەو رابن و موسڵمانان چوو بنە ناویەوە ئیدی ئەمان بۆلای ئەوان دەڕۆن نەک ئەوان بۆ لای ئەمان بێن.

تا لە نووسینی پەیماننامەکە بوونەوە قورەیش خەریک بوو کاری خۆی ئەنجام دەدا و بەو دیو کێوەکانی مەککە ئاوا دەبوو بەڵام هێشتا رۆشنایی خێوەتگەکەی موسڵمانانی دەبریسکاندەوە.

هەر لەو کاتەدا بوو (ئەبوجەندەل) کوڕی موسڵمان بووی سوهەیل خۆی بەناو خێوەتەکەدا کرد و داوای کرد لە موسڵمانان ئەوی ئیماندار لەوانی موشریک بپارێزن تا نەتوانن لە دینەکەی وەرگێڕن، بەڵام سوهەیلی باوکی بە موحەمەدی وت: ئێمە

پەیمانمان بەستووە و ئەوە یەکەم کەس دەبێت کە داوای دەکەمەوە، ئەگەر نەیگێڕیتەوە سوێند بێت هەرگیز بە دادپەروەرت نازانم، پێغەمبەر تکای کرد کە ڕێگە بدات بێتە ناویانەوە بەڵام سوهەیل وتی سوێند بێت ناتاندەمەوە.

ئینجا باوکە شەپازلەیەکی کێشا بە دەموچاوی کوڕە گەنجەکەیدا بەشوێن خۆیدا بەسەر لمی بیاباندا رایکێشا تا بیباتەوە، کوڕەکە سەیری موسولمانانی دەکرد و هاواری دەکرد ئەریّ موسوڵمانان ئێوە رازین من بۆ ناو ئەوانی بێباوەڕ بگەڕێمەوە، پێغەمبەر هەنووکە لە باوکی بەبەزەیی تر بوو بۆی وتی: ئەبا جەندەل ئارام بگرە و چاوەڕوانی پاداشتی خودا بە، خودا یار بێت چارەسەریک بۆ خۆت و هاوڕێکانیشت دەدۆزینەوە، ئێمە پەیمانی ئاشتبوونەوەمان لەتەک ئەواندا بەستووە.

لەم کاتەدا عومەر پێ بە پێی باوک و کوڕ دەچوو بەڕێوە دەسکی شمشێرەکەی لە کوڕەکە نزیک دەکردەوە و دەیوت: ئارام بگرە ئەوان خوێنیان وەک خوێنی سەگ وایە، ئاواتی ئەوە بوو کوڕەکە شمشێرەکە بڕفێنێت و باوکەکەی پێ خوێناوی بکات و دەرباز ببێت، بەڵام دیار بوو کوڕەکە نەیدەویست کاری لەو جۆر بەباوکی بکات و لەبەر چاوان کوڕەی راکێش راکێش  برد و لەبەر چاوان ونبوون.

کاتێک پێغەمبەر لە نووسینی پەیماننامە بوویەوە بە هاوەڵانی وت: هەڵسن قوربانی بکەن و سەرتان بتاشن هەر وەک ئەوەی چوو بنە مەککە و پەرستشەکەیان ئەنجام دابێت بەڵام ئەوان گەیشتوو پەروەردەکراو بەدەستی وی و ئەویش ئەو هەموو ساڵە پێکەوە کەچی نیازیان نەبوو فەرمانی وی ئەنجام بدەن، ئەوان لە ئەوسای قوڕەیش و جیهانی زبر و خوێن و تالانی عەرەبەوە تا ئێستای پێغەمبەرایەتی و ئەویش لە تەمەنی شەست ساڵی پێغەمبەردا باقی هاتبوون، بەڵام ئیتر زۆر ئەوە قورستر بوو بە ئەندێشە و رۆحی ئەوان قووت بدرێت.

ئەوان ئیمانیان هێنابوو کە زەلیلی قەبوڵ نەکەن سەربەرز لە هیچ مەخلوقیکی بینراو نەترسن تەنیا لەوی نەبینراو نەبێت چون ئێستا ئەوەیان پێ حەل دەبوو لە ئاساییترین مافیان وەک هەموو خەڵکی رێیان لێ بگیرێت، ئەو ئیدی تیمارکەری دەردی مرۆڤایەتی بوو لەکاتێکدا ئێستا بەوە رازی بوو بگەڕێنەوە و ساڵی دی بینەوە.

ئەوان ئەویان لە خۆیان خۆشتر دەویست پەیمانی مەرگیان پێدابوو، بەڵام ئێستا نەیان دەتوانی فەرمانی ئەو بهێننەدی، ئەوسا هەریەکیان بە گیانی خۆی سوێندی دەخوارد کە هەرچی لێ داوا بکا بە پرتاو بە هانای فەرمانی ئەوەوە بچێت ئێستا چی روویدا بوو کە نەیاندەتوانی فەرمانی ئەو جێبەجێ بکەن، رەنگە لەبەر ئەوە نەبووبێت کە نەیانویست بێت لە فەرمانی پێغەمبەر دەربچن، بەڵکو ئەمە لەبەر ئەوەبوو تێگەیشتنی قورس بووە بەرەی ئادەمی تا کارێک وەدەرەنجام بگەیەنێت دەبێت لە

سەرەتاوە لێی تێبگات، تێگەیشتنی هەندێک بابەتیش هێندە ئاڵۆزە کاتی دەوێت لێی تێبگەی.

موحەمەدیش لای خۆیەوە سەری سوڕما بوو ئەوان لە رووکەشدا فەرمانی لەوە گرانتریان ئەنجام دابوو، ئازاریان چەشتبوو تیکە تیکە گۆشتیان لێ کردبوونەوە دایک و باوکیان لەبەر چاوی منالّ تا کەنار مەرگ و واوەتریش برد بوو بەڵام کەسیان لە فەرمانی وی دەرنەچوو بوون، ئەوە چی بوو هەنووکە ئەوان بەگوێی ئەویان نەدەکرد چووە ناو خەیمەکەی و بە ژنە ئاقڵەکەی "ئوم سەلەمە"ی وت: نازانم چی بکەم!.

ژنە زۆر سۆزی بۆ پیاوەکەی بزواو وتی: بڕۆ بۆ خۆت ئەنجامی بدە ئەوسا ئەوانیش وەک تۆ دەکەن. پیاوە هەر زوو هۆشی دایە گووتەی ژنەکە و چوو ئەو کارەی کرد دەستی کرد بە تاشینی مووەکانی.. سەری تاشی و قوربانیەکەی پێشکەش کرد و پاشان هەموویان دەستیان کرد بە کورتکردنەوەی مووەکان و تاشینی سەر و خوێن رشتنیان کرد. ئەمەش دەرسێکی بوو بۆ فێرکردن. ئەوان دەبوو بگەڕێنەوە بۆ مەدینە، چەند لە شاری پیرۆز نزیک بوو بوونەوە کەچی نەیاندەتوانی بڕۆنە ناویەوە بە پێلاو و پێی پەتی جارێکی دی بە بیاباندا بێ ئەوەی پێیان بچێتە حەرەمەوە بگەڕێنەوە.

عومەر زۆر خەمی بوو، لەزەتی گفتوگۆکردن لەتەک پێغەمبەردا هەمیشە بەشێک لە وجودی ئەم بوو، بەڵام گفتوگۆی لەتەک پێغەمبەردا دەربارەی خودی پێغەمبەر بوو. ئەو دڵنیا بوو لە پێغەمبەرایەتی ئەو بەڵام بەو رۆحە گەیشتووەی خۆیەوە هێشتا لە قووڵایی ئەم خەون و فەرمانەی دوایی پێغەمبەر نەدەگەیشت ئەو چووە خزمەت خۆشەویستەکەی و وتی: ئەی پێغەمبەر جارێک سەری بۆ ئەو هەڵدەبڕی و جارێک لە شەرمان سەری بۆ زەوی دادەنەواند دەیوت: ئەی پێغەمبەری خودا ئایا ئێمە لەسەر حەق نین، ئایا کوژراوەکانی ئێمە ناچنە بەهەشت و ئەوانەی ئەوانیش ناچنە دۆزەخ، پێغەمبەر فەرمووی بەڵێ و بەڵێ وایە عومەر شەرمی لەو قسەیەی خۆی کرد بەڵام هەر وتی: ئەی بۆچی زەلیلی لە ئایینی خۆماندا قەبووڵ بکەین؟

پێغەمبەر هیچ گومانی لە دڵسۆزی ئەو نەبوو ئەو باش رۆحی ئەوی دەناسی وتی: ئەی کوڕی خەتاب من پێغەمبەری خودام و لە فەرمانی ئەو دەرناچم. پاشان وەک بڵێی شەرمی لە سکاڵای دڵی دەکرد وتی: ئەی تۆ نەتفەرموو کە ئێمە دەڕۆینە بەیتەوە تەوافیشی بەدەورا دەکەین.  وتی: بەڵێ بەڵام ئایا من وتم کە ئەمساڵ دەڕۆینە بەیتەوە عومەر وەک پەشیمان بێت لە گوتەکەی وتی: نەخێر.

پەیامهێن فەرمووی: دڵنیابە دێینەوە بەیت و تەوافیشی بەدەورا دەکەین. دواتر ئەم قسە و باسە بۆ ئەبوبەکریش باسکراو ئەویش هەمان وتەی دووبارە کردەوە هێندە نەبێت ئەوەشی زیاد کرد کە وتی: ئەی عومەر ئەو پێغەمبەری خودایە و دەست بە کەناری کراسەکەیەوە بگرە.

ئیدی نە عومەر و نە یارانی دیش نەیاندەزانی ئەوە مەرگی قورەیش و فەتحی موسوڵمانان بوو هەر بۆیە سورەتی (ئیمە فەتحمان بۆ تۆ کرد) لە قووڵایی ئاسمانەوە هاتە خوارەوە، ئەوەش پێش فەتحی مەککە و لەکاتی غەمی ئەواندا بوو. ئەوە مەرگی قورەیش بوو مەرگ چیە بێجگە لەوەی دەکاتە دۆخێک کە هەرگیز ناتوانێت بێتەوە سەر شانۆی ژیان دەی ئیتر بۆ مەککەش وابوو، ئەگەر مردن ئاگرێک بێت ئەوا دوای کۆنترۆڵکردنی ئاگرەکە هەر هاتووە ئەگەرچی بە تەواوەتیش نەکوژابێتەوە مادام رۆحە گەورەکان بزانن تازە بڵێسە ناسێنێتەوە.

هەنووکە ئیتر مەرگی قورەیش دەستی پێکردبوو، هەر بۆیە پیش فەتحیش بۆ ساڵی داهاتوو سوارچاکانی ئەو شارە خۆیان گەیاندە مەدینە و لای پێغەمبەر ئەوان (خالیدی کوری وەلید) و (عەمری کوری عاص) و (عوسمانی کوری تەڵحە) لە سوارچاکانی مەککە بوون. ئەمە مانای راگەیاندنی تەواوی قورەیش بوو دێوەکە خەریک بوو دەکەوتە ئەرز و هەمووان دەیانبینی ئەو کەوتنەی کەوتبوو کە ئیتر نەیدەتوانی هەڵسێتەوە.

***    ***    ***

جارێکی دیکە موسڵمانەکان بۆ شەڕ نەڕۆشتن بۆ مەککە ئەگەر حاڵەتی مردن پێش لە مەرگی تەواوەتی لە قەڵەم بدرێت ئیدی قورەیش مردبوو، ئەو رۆژەی موسڵمانەکان بۆ ساڵی داهاتوو دیسان هەمان رێگە و هەمان بیابان و هەمان بروسکەی ئەستێرە لە ئاسمان بەڵام بە ئازادیەکی زیاترەوە بۆ عەمرە گەڕانەوە و شاری مەککەیان بە چۆلی بۆ بەجێهێڵرا بوو، هەموو قورەیش لە نێوان دوو شیوەکەی سەرەوە لەو دوورەوە بۆ ئەوانیان دەڕوانی دەستیان بۆ هیچ شتێک نەدەبرد و دەسوڕانەوە هەموو فریشتە و پێغەمبەران بە کۆڕەوی هاتبوونە ناو شار بەڵام ئەوان لە دوورەوە نەیان دەبینین بەڵام هەموو ئەوانەیان دەبینی کە ئەوان سزایان دەدان و بەکەم سەیریان دەکرد، گۆێیان لە بانگی بیلال بوو کە لەباتی(ش) ی(اشهد) دەیوت (اسهد)، موحەمەدیش دەیوت (س) ئەو لە (ش)ی ئێوە باشترە.

عومەریش ئەمساڵ عومەرێکی دیکە بوو هەنووکە باشتر لەو فەتحە دەگەیشت کاتی پار ڕێگەیان لێگیرابوو. بە پێغەمبەر وترا (ئێمە فەتحمان بە تۆدا) بۆیە عومەر هێشتا لە قۆناغی کرانەوەی چاو نەگەشتبوویە قۆناغی ئاشتی و سکوتی ڕاستەقینە کە پێغەمبەر پێی گەشتبوو، هەر بۆیە بەردەوام دەگریا و خێر و بەخشینی زێتری دەکرد. قۆناغی عروج بۆ ئەوی ئەو قۆناغەی کۆتا بوو لە فەتحی مەککەدا بەتەواوەتی بینیان.

هەر ئەو موسڵمانە تازانەی کە پێغەمبەر گلی نەدانەوە بەر پەیماننامەکە بیابانیان دەخستە ژێر پێیان و جیهانێک لە لم و بیابانیان دەبڕی تا خۆیان دەگەیاندە کەناری ئاو لەوی گروپێکیان پێکهێنا بوو سەرکردەکەیان پیاوێکی ئازا و لێهاتوو بوو بەناوی (ئەبو بەصیر) لە خێڵی (سیف) هاوپەیمانی قوڕەیش بوو، لە مەککە بوو بوو بە هاوڕێی ئەم، بە ئازایەتی شتێک جگە لە مرۆڤەوە هاتبوو تا خۆی گەیاندبوویە مەدینە و پێغەمبەر لەبەر هاوپەیمانیەتیەکەیان بە دوو پیاودا گێڕابوویەوە، لە ڕێگەدا هەر بە شمشێری یەکێکیان خۆی و ئەوی تریشی کوشتبوو ڕاست خۆی گەیاندە سەرەڕێی کاروانەکانی قوڕەیش کە لە شامەوە دەهاتن، دواتر (ئەبوجەندەلی کوڕی سوهەیل) خۆی پێگەیاند و دواتر یەکێکی دی و یەکێکی دیش تا بوونە گروپێک قوڕەیشی ترساویان هەراسان کردبوو، تا ئەو ڕادەیەی قوڕەیش بە نوسراوی سەر پێستەوە داوایان لە پێغەمبەر کرد بیانهێنێتەوە مەدینە و نەیانداتەوە بە قوڕەیش.

هەر ئەو کاتەی سەرکردەی ئەم گروپە دوای هەڵهاتنی و دوای کوشتنی یەکێک لەو دووانەی دەیانبردەوە بۆ مەککە بەشوێن ئەوی تریشدا تا مەککە هاتبوو پێغەمبەر بە گوتەیەکی عەرەبی لە ناوەڕۆکدا پێی خۆش بووە فەرمووبووی: دایکی ڕۆڵەڕۆی بۆ بکات یەکێکی دی لەگەڵدا بێت شەڕێک هەڵدەگیرسێنێت ئەوە بوو هەر ئەو دووانە توانیان لە دژی گەورەترین شاری ڕۆح تینوو شەڕ هەڵبگیرسێنن.

شارێک ئەگەر بشێت ناوی مردووی لێبنرێت پێش ئەوەی گیان لە دەستبدات کاتێک پێغەمبەر دەرکی مردنی کرد هێشتا بە پێوە بوو، پێش ئەو کەس ئەو مردنەی نەدیبوو، ئەویش کاتی سوڵحی حودەیبیە بوو هەرواش بوو ئەوە فەتحی ڕاستەقینە بوو پێش ئەوەی شارەکە خۆی بدات بەدەستەوە. هەر بۆیە ساڵی داهاتوو موسڵمانەکان جارێکی دی بۆ عەمرە هەمدیس بیابانیان تەی کردەوە و زەماوەندانە و بە شادیەوە بێ ترس و شمشێر لە کێلان هاتنەوە بەردەم شار و هەر وەک زاوا خۆیان کرد بەشاردا.

خەڵکی مەککەش بەجێیان هێڵا بۆ ناو شاخان موسڵمانەکان پێغەمبەر و هەموویان کاتێک ئەشکی شادیان دەڕشت سرودی یەکتا پەرستیان دەوتەوە چاویان لە شارەکە بوو بەتەما بوون هەر سێ بتەکەی شاریان بەسەردا بڕوخێنن بەڵام هیچی ڕوی نەدا،

بەتەمابوون ئەوان لەباتی بتەکان کە هیچ بەرگریەکیان لە خۆیان نەدەکرد دەست بەکار بن و بەن بەسەریاندا بەڵام ترسان و نەیانوێرا.

سەد سواری موسڵمان بە سەرکردایەتی (موحەمەدی کوڕی موسلیمە) سەیری ئەوانیان دەکرد کە لە شاخەکان خۆیان قایم کردبوو ئەگەر بیانویستایە پەیمان شکێنی بکەن جارێکی دیکە نەیاندەتوانی هەرگیز بۆ شار بگەڕێنەوە ئەگەر ئەوان بە چاوی خیانەتەوە سەیری موحەمەدیان بکردایە لە ماڵەکەی خۆیان ئەوا ئەمان بەوەفاوە بۆ موحەمەد سەیری ئەوانیان دەکردەوە ناچاریان دەکردن بەرەو بیابان بۆ ئەبەد لەشار هەر بە بیاباندا دوور بکەونەوە.

بەڵام بۆ کوێ هەڵدەهاتن، خۆ خودا لە هەموو شوێنیک هەیە، هەر ئەو خودایەی ماڵ و شارەکەی دابوونە دەست موحەمەد، خۆشیان بۆ هەر کوێ هەڵبهاتنایە بە دیلی و زەلیلی خۆی وەک دیاری پێشکەش بە سوپاسگوزاریەکانی ئەوی دەکردنەوە هەر بۆیە ئەو توانی لە شاری خوداکانی ئەماندا بمێنێتەوە و نەتوانن بە نەفرەتەوە لە شار دەری بکەن، بەڵام خوداکەی ئەو ئەوانی ناچار کرد هەر بە گوێرەی رێکەوتنەکە دوای سێ رۆژ مانەوە لەوێ شار وەک خۆی بەوان بداتەوە و بەرەو مەدینە بگەڕێنەوە.

❊❊❊ ❊❊❊ ❊❊❊

هەر ئەوە نەبوو دێوەکە بکەوێتە سەرزەوی و خۆبەدەستەوە بدات و بمرێت، بەڵکو دەبوو جارێکی دیکە زیندوو ببێتەوە ئەوجا بە دونیای رۆح دەگات و ئەو شتانە دەبینێت کە هەرگیز نەیدەبینین، بەڵام سەرەتا پێویستی بە گیان لەدەستدانی تەواو هەبوو مرۆڤ تا نەمرێت چۆن زیندوو دەبێتەوە، ئەمەش راست بوو بۆ مەککەش بە تەواوی راست بوو، بە هەرحاڵ قوڕەیش و مەککە هەر یەک کەس بوون، هەنووکە دەبوو ئیدی لەیەک جودا ببنەوە، قوڕەیش بڕوا و مەککە بمێنێتەوە.

هەروەها مەککە و هەرکام لە دەسەڵاتدارانی نەفس خووی ئەو شارە هەر یەک بوون، هیچ جیاوازی نەبوو هەموووی ئەوەی لەناوەوەی هەرکام لەوان هەبوو لە دوورەوە دەبوویە گەنیوی بەشێک لە شار. ئەگەر ئەوان لە ناوەوە حەزیان لە زینا و سێ بەند و یاری بوو، ئەوا لە دەرەوە ئەو ماڵانە هەبوون ئاڵایان هەڵکردبوو ئاماژەی ئەوە بوو لەو شوێنە ژنانێک هەن خۆیان دەدەنە دەست دۆستەکانیان، ئەگەر ئەگەر نەفسی ئەوان حەزیان لە زۆری پارە و خڕکردنەوەی بێ ماندووبوون هەبوو دەی لە دەرەوەش پارەی کۆکراوەی بێ ئەرکیان زۆر بوو ئەوەی پێی دەوترا (ریبا) مامەکەی پێغەمبەر یانی (عەباس) لە هەموویان زێتر بوو، ئەوەی قەرزی لەو وەربگرتایە ئەگەر نەیبوایە بیداتەوە ئەوا بابای قەرزاری بۆ دەخرۆشا.

ئەگەر شەیتانی زیندووی ناو هەر مرۆڤێک ئەوە بخوازێت مەست بێ و لاقرتێ بکەن و بگاتە بێهودەییەکی وا پارەکانی لە بێهودەیی بەکار بهێنێت، ئەوا مەستی و شەو مانەوە و قومار و هەموو مەست و قومارچیەکانی عەرەبی لە مەککەدا کۆدەکردەوە.

خۆ ئەگەر نەفس خەیاڵی نەبێت و نەتوانێت نەوەک هەر لە ئازاری ئاژەڵ و بوون بەڵکو لە ئازاری مرۆڤەکانی دیکە تێبگات، ئەوا هەرکام لە دەوڵەمەند و دەسەڵاتدارانی مەککە ژمارەی کۆیلە و مرۆڤە خزمەتکارەکانی زۆرتر دەکرد و نەوەک لەبەر ئەوەی پێویستیان پێیان بوو بەڵکو لەبەر ئەوەی شانازی بە ژمارەی زۆریان بکەن، زۆر جار کۆیلەیەک تەنانەت دووان و سیانیان تەنیا بە هەڵۆیەکی راوکردنی ئاسکێک دەگۆڕیەوە، هێندەی چێژیان لە لۆقەکردنی کچێکی جوانی سەرەک خێڵێکی رفێنراو یاخود لە ئانی دان بەسەر خێلێکدا لەتەک وشتر و زێڕی فەرهودکراودا دەبرد هێندە بۆ پێویستی نەبوو، زۆربەی کات خێڵەکان دەیاندا بەسەر یەکتردا و هەموو پیاوانیان دەکردە کۆیلە و ژنانیشیان کەنیزەک تەنیا مەبەست ئەوە بوو کە لە مەککە لە بازاری گەورەی ئەو شارەدا بفرۆشرێن.

مرۆڤ ئەگەر لە پێویستی خۆی زێتر پارەی هەبوو ئەوا هەمیشە دەیداتە شتی گرانبەها کە هیچ بەهایەکیان نیە تەنیا شانازی نەبێت، ئەوا لە مەککە ماڵەکان پڕ لە زێڕ و ئەو بابەتە گرانبەهایانە بوو کە نەدەخوران و نە لەبەر دەکران، تەنانەت لە رۆژی فەتحی مەککەدا دوو سەد هۆقە ئاڵتوون لەناو بەیتدا بوو ئەوەش تەنیا بۆ فەخر و شانازی بوو، ئەگەر هەر دەسەڵاتدارێکیش پێویستی بە ئایینێک هەبێت تا لە هەموو کەس جودای بکاتەوە و پارێزگاری بکات لە موڵک و سامانی، ئەوا لە مەککە بەقەد ژمارەی مرۆڤەکان خودا و بتی تایبەت هەبوو، بێجگە لە خودا هاوبەشەکانیان.

ئیدی هیچ کەس لەوێ هیچی نەدەویست خودی خۆی نەبێت خۆ ئەگەر بیشی ویستایە ئەوا وەک موڵک و پارێزەری خۆی بوون، لە راستیشدا مەککە تەنیا خۆی دەویست هەر بۆیە مەککە نەفس بوو نەفسێک دەبوو لەژێر پێ دابنرێت و بە جێ بهێڵرێت و شارێکی دیکە دروست بکرێت کە ئەو تێیدا سەروەر نەبێت و دواتر لەکاتی خۆیدا بۆی بگەڕێنەوە و چاک بکرێت، بمرێت و زیندوو ببێتەوە، ئێستا ئەمە ئەو کاتە بوو کە دەبێت مەککەی تیا بمرێت و زیندوو ببێتەوە.

پێغەمبەر هەموو ئەمانەی چەشتبوو لە جیهانی پێغەمبەرایەتی خۆیدا بیست ساڵ بوو لەگەڵیدا ژیابوو تێڕامابوو و جوبرەئیلی لە سەر بینی بوو لەتەک خودای خۆی نزای کردبوو و پاڕابوویەوە و بۆی گریا بوو. هەنووکە ئیدی ئەو کاتە بوو بۆیە ئێستا بە کەسی نەوت تەنانەت ئەبوبەکر و عومەریش، تەنیا لە زەین و رۆحی پێغەمبەردا ئەم

کاتە کراوە بوو و بۆ ئەو ئاشکرا بوو بوو. ئەوە داستانی مرۆڤ و ژیانەوەی مەککە بوو.

جاڕدەرەکەی بەناو شاری مەدینە و خێڵەکانی دەور و بەریش بە دەنگی بەرز هەواڵی پێغەمبەریان گەیاند کە خۆیان ئامادەی شەڕ بکەن ئیدی گۆڕەپانی جەنگ و مەرگی قوڕەیش بیانوویەکی بۆ بوو، ئەو بیانووەشی بێ ئەوەی ئەمجارە لەبەریان بڕوا خودی قوڕەیش دروستی کرد، هەروەک بڵێی لە ئانی دەسەڵاتدا خۆی بە سەر عەرەبەوە خووی پێوە گرتبوو.

مرۆڤی دەسەڵاتدار وایە ئەو دەمەش کە توانای نامێنێت هەر وەک ئەو دەمە دەجولێتەوە کە دەسەڵاتی هەبووە، نەوەک بڵێی کە پێ نازانێت بێ دەسەڵات بووە ئەگەرچی بێدەسەڵاتی لە هەموو عەیبەکانی دیکەی مرۆڤ روون و ئاشکراترە و بە جۆرێک بەبەر چاوەوەیە کە ناشاردرێتەوە بەڵام ئەو وەسەر خۆی ناهێنێت، لەوانیە هەستی دەسەڵاتداری لە خودی دەسەڵاتداری زۆر درەنگتر مرۆڤ بەجێ بهێڵێت لە ناشرینترین کارەکانی دەسەڵاتداری پەیمان شکێنیەتی، هەنووکە قوڕەیش پەیمانی شکاندبوو.

قوڕەیش چووبوویە پاڵ خێڵی (بەنی بەکر) و لە دژی (خوزاعە) کە هاوپەیمانی پێغەمبەر بوو. ئەو کاتەی دوای پەیماننامەی حودەیبیە ئەو دوو تیرە دوژمنە ئەبەدیە کە هەر یەکێکیان دەیدا بەسەر ئەوی تردا حەوابوونەوە، بەڵام هەرکام لەوان خوێنی باوباپیرانیان بە شادەمارەکانیاندا دەسوڕایەوە و بیری تۆڵەش لەگەڵ ئەو خوێنە دەهات و دەچوو شەوێکی مانگی شەعبانی ساڵی هەشتەمی کۆچی مۆڵگەی خۆیان لە نزیک چادرگەی (خزاعە) کە لە سەر ئاوی (وەتیر) بۆ حەوانەوە لایاندابوو هێرشیان بۆ بردن و رەحمیان پێنەکردن و چەند پیاوێکیان لێ کوشتن و کە گەڕانەوە شمشێرەکانیان خوێنیان لێدەچۆڕا.

قوڕەیش (بەنی بەکر)یان بۆ ئەم کارە پڕچەک کردبوو هەر لەو تاریکی شەڕە خوێناویەدا چەند پیاوێکیشیان بەشداری ئەو شەڕەیان کردبوو. نوفڵ بە سمێڵ و ریشی خوێناویەوە بە شوێن پیاوانی خوزاعە بەرە و حەرەم هەڵهات، لەو مانگەدا نەدەبوو بەپێی نەریت لە سەر زەوی پیرۆز کوشت و کوشتار ئەنجام بدرێت. ئەی هاوار دیسان بە ئاسانکاری قوڕەیش لەو شوێنە خەریک بوو بریسکانەوەی شمشێر و رژانی خوێنی ئاڵ دەستی پێدەکرد.

(نۆفڵ) گوتەیەکی زۆر ناڕەوای بەدەمدا هات وتی: خودا بوونی نیە ئێوە لە حەرەمدا دزی دەکەن ئیدی بۆچی تۆڵەی خۆتان ناکەنەوە، بەڵام پیاوانی خوزاعە چوونە دوو ماڵی ناوداری تیرەکەی خۆیان لە مەککەدا و ئیتر عەمری سالمی خوزاعی شاعیرەکەی

خوزاعه به خێرایی خۆی گەیاندە مەدینە، پێغەمبەر لە مزگەوت دانیشتبوو کۆمەڵێک سەحابەی بە دەوردا بوو لەبەردەمیدا وەستاو دەستی کرد بە شیعر خوێندنەوە و داوای بەهاناوە هاتنی کرد، پێغەمبەر رووی برپیە برای ترساو و وتی: خەمت نەبێت پشتیوانیت لێدەکرێت. هەورێک کەوتە ئاسمان وتی: ئەو هەورەش سەرەتای سەرکەوتنی بەنی کەعبە.

پاشتر سەرۆکی خێڵی خوزاعە (ئەدیلی وەرەقەی خوزاعی) و چەند پیاوێکی خێڵەکەی هاتنە مەدینە و چاویان پەڕی بوویە تەوقە سەریان لە داخان هەڵدەلەرزین، ئەوەی بەسەریان هاتبوو بۆ ئەوان شورەیی بوو، ئەوان دەموچاوی عارەقاوی و حاڵی خۆیان بۆ پێغەمبەر باس کرد و ئەوەشیان وت کە قورەیش یارمەتی بەنی بەکری داوە. بێدەنگیەکی قورس مەجلیسی ئەوان و پێغەمبەری داپۆشی بوو. قورەیش و هاوپەیمانەکەی هەڵەی گەورەیان ئەنجام دابوو. قورسایی سەر دڵی پێغەمبەری گرتبوو.

ئەو کاتەی میوانەکانی بە بیاباندا بەری دەکردەوە بۆ مەککە بڵێسەیەکی توڕەبوون لە چاوەکانیدا داگیرسا بوو، لە قورەیش توڕە بوو بۆچی هێندە حەزیان لە ئاژاوە و شەڕە، ئەوان مرۆڤ نین دێون، دێوی برسی بە شەڕ، دێوی رقاوی مۆنی قژن، ئەوان رێز بۆ رۆحی خۆیان و ئەوانی دیش دانانێن کوشت و کوشتار دەکەن، شوکرانە بژێری نیعمەتی خودا نین هەموو خراپەیەک ئەنجام دەدەن تەنیا لەبەر خراپەیەکی گەورەتر واز لە خراپەیەکی گچکەتر دەهێنن، بەردەوام مەست و زیناکارن، مەگەر تەنیا بۆ کوشتار و شەڕ جەستەیان لە ژن دوور بخەنەوە، ئای قورەیش ئای لە شەڕ، تەنیا شەڕ لە عارەق زێتر مەستیان دەکات، دیاری خودا بۆ ئەوان قووت و ژیان نیە، دیاری گەورە بۆ ئەوان شەڕ و ئاشووبە. ئیدی دەبێت شەڕی ئەوان کۆتایی پێ بێت ئەمە بڕیاری عەرش و ئاسمان بوو لێرە لە فەرشی زەوی، تەنیا ئەم دەیزانی لای کەسیش نەیوت.

لەکاتی گەڕانەوەی وەفدی خوزاعە لە ناوەڕاستی بیابان بە ئەبوسوفیان گەشتن کە بە تەنها بە سەر ئەسپێکەوە بە سەر لمدا هەنگاوی دەناو لە ناوەوەیدا وەک دەزگای چنینی فەرشێکی ماری خەریکی کارکردن بوو دەیویست ئەو پینانە چارەسەر بکات کە فەرشی جوانی دە ساڵەی پەیمانی حودەیبیەی کون کردبوو ئەو فەرشە جوانە خەریک بوو کون دەبوو.

ئەوان بەویان نەوت لای موحەمەد بوون وتیان بۆ کەنار ئاوی دەریا رۆشتوون بەڵام ئەو دەیزانی لای ئەو بوون و کەتنەکەی قورەیشیان باس کردووە، بۆ یەقین پەیداکردنیش لەوە سەیری پشتی وڵاخەکانیانی کرد دەنکە خورمای مەدینەی تیا بوو، ئیدی گەورەی دیاریترین شاری عەرەب ترس و بێ ئومێدی دایگرت و بەرەو مەدینە

بەڕێ کەوت و لە بیاباندا لە دەریای گەورەی لمی بێسنوور و نائومێدی چاککردنی دۆخەکەی ورد دەبوویەوە.

بە نائومێدیدا پێی دادەناو دەنگی لمی نائومێدیش دەگەشتە دڵی، هەرواش بوو بە نائومێدی چووە مەدینە و (ئوم حەبیبە)ی کچی فەرشی پێغەمبەری لەژێر دەرکێشا چونکە ئەو موشریک بوو پیس بوو، بە نائومێدی ئەبوبەکر و عومەر و عەلی پشتیان تێکرد و ئەوەی دواییان واتە عەلی بە نائومێدی ناردیە مزگەوت و داوای پەنای نائومێدی پێکرد و بە گوتەی قورەیشەکان گاڵتەیان بە عەقڵی کرد و بە نائومێدیش بەکوێدا هاتبوو هەر بەو جێیەدا گەڕایەوە.

لە هیچ جێیەک خۆی نەدەگرت نەیدەزانی چیە بەڵام دەیزانی موحەمەد و یارانی نیازی شتێکی گەورەیان هەیە، ئەوان وەک قورەیش نەبوون ئەوان پەلەیان نەبوو بە شێنەیی دەیانڕوانی. ئەوان وەک قورەیش مردوو نەبوون لە دڵی خۆیدا دەیوت: ئەوان دەژین (ئەمانە زیندوون). ئارامیەک لای ئەمان هەیە باشترە ناوی لێ بنێین دووربینی، بەهێزترە لە مەرگ ئەو دووربینیە چی پێبوو بۆ قورەیش بۆ ئەوی ژیریش نەیدەبینی و گێژ بوو بوو نەیدەزانی چی چاوەڕوانی دەکات.

لە مەدینەوە زۆر لە دووری مەککەوە بێئاگا لە قورەیش خەریکی خۆ ئامادەکردن بوون بۆ شەڕ، شەڕی رزگارکردنی مەککە لە خەڵکەکەی خۆی نەوەک دوژمنێکی دەرەکی، پێغەمبەر لە جوبرەئیلەوە هەواڵی شەڕی پیگەیشتبوو سێ رۆژ پیش پەیمان شکێنیەکە، فەرمانی بە عائیشەی خێزانی دابوو کەلوپەلی سەفەر و شەڕی بۆ بپێچێتەوە کەس بەمەی نەدەزانی، باوکی (ابوبکر) پێی وت کچم بۆ کوێ، ئەم پێچانەوە بۆ چیە؟

عائیشە بەسەر سوڕمانەوە دەیوت: وەڵلا نازانم!!

ئەبوبەکر: پێغەمبەر دەیەوێت بۆ کوێ بڕوات؟

دیسان وتی: وەڵلا نازانم! هیچ نازانم.

لە بەرەبەیانی رۆژی سێیەمدا کاتێک لمی بیابان و خانووەکانی مەدینە گەڵامێو و دارخورماکانی مەدینە بە تیشکی خۆر دەدرەوشانەوە بابای گەورەی خوزاعە بە خۆی و چل سوارەوە دەوروبەری ماڵی پێغەمبەریان پڕ تەپوتۆز کرد و هەواڵی پەیمان شکێنیەکەی قورەیشیاندا. کە دوای ئەوانیش ئەبوسوفیان بەتەنیایی گەشت ئیتر خەڵکەکە لە پەیمان شکێنیەکەی قورەیش و بەنی بەکر دڵنیا بوون.

ئەوجا ئەبوبەکر و عائیشەی کچی هۆشیان چووە ئەوەی کە پێغەمبەر چۆن مرۆڤ و خودای ئەویش باش دەناسی، مرۆڤی دێو، دێوەکەی ناوی دەستی دەخاتە بینە قاقەیی و ناچار بەپەیمان شکێنی دەکات کە بە زیانی خۆیەتی و خوداش چۆن

کارەکانی خۆی دەکات ئەوەی لە داستانەکە ماوە تەواوی دەکات و ئەم بۆ مەککە دەگێڕێتەوە، باشتر ئامادەی چوون بۆ ئاسمانیش دەبێت ئەو کە لە بن و بەینی ئاسمانەوە بۆ زەوی گەڕایەوە فەرمانی بە خەڵکەکەیدا کە بۆ (مەککە) دەڕوات. پاشان دەستەکانی بۆ ئاسمان هەڵبڕی و وتی: خودایە چاو و دڵیان لە ئاسماندا کوێر بکەی تا بەسەریاندا دەدەین.

هەڵەی شارێک لە دوورەوە شارێکی دیکەی خستە ئازارەوە، هەر وەک مناڵێک کە چەتوونیەکانی خۆی ئازاری دایک و باوکی دەدا. لە پێناو رزگارکردنی شارێک لە خۆی شارێک دەبزوا. سەرەتا ئەم شارە ئابلۆقەی خستە سەر خۆی نەیدەهێڵا هیچ کەس بێتە ژوورەوە و بڕواتە دەرەوە، تەنانەت بازرگانەکان کاڵاکانیان دەدایە خەڵکی مەدینە و هەر لە دەرەوەی شاریش کاڵای مەدینەیان دەکڕی. تەنیا یەک بازرگان و کەنیزە و کۆیلەکانی تر هاتبوونە مەدینە و خەڵکی ئەوی نەبوون بێ ئەوەی بزانن چ باسە و رێگایان درا لە دەروازەی مەدینەوە تێپەڕن تا هیچ هەواڵێک بە قوڕەیش نەگات بەڵام هەر لە کاروانی ئەو بازرگانەوە لە ژێر زوڵفی یەکێک لە کەنیزەکەکانیەوە نامەیەک لەلایەن مرۆڤێکی ئیماندارەوە (حاتەبی کوڕی بەلتەعە) دەرچوو پێغەمبەر لێی ئاگادار کرا لەلایەن ئاسمانەوە. پێغەمبەر (عەلی و میقداد)ی نارد لە ژنە نەگەڕان تا نامەکەی لە قژیدا دەرهێنا دوای ئەوەی بەو دوو سەحابەی وت: پشتتان وەرگێڕن.

پێغەمبەر (حاتەب)ی بانگ کرد و عومەر داوای کرد بدات لە گەردنی بەڵام پێغەمبەر رێگەی نەدا. وتی خودا دەزانێت ئەهلی بەدر چ چاکەیەکیان کردووە کە خودا لێیان خۆش بووە. عومەر و حاتەبیش گریان. ئاخر ئەو نیازی هەواڵی قوڕەیشی نەبوو بەڵکو ویستی رزگارکردنی کەسە بێکەسەکانی لە مەککەی هەبوو.

لە سەرەتادا پێغەمبەر سریەیەکی هەشت نەفەری نارد بۆ ناوەڕاستی (زی مورە) و (زی خشب) ئەو جێیەی پێیان دەوت (ئەزەم) سێ قۆناغ لە مەدینەوە دوور بوو تا خەڵکەکەی وا بزانن بۆ ئەوی دەڕوات، ئیدی مەککە بێئاگا لەوەی سوپایەکی دە هەزار کەسی بۆ لای ئەو وەک جانەوەرێک بە ئاڵای سپی و سەوز و سوور و رەش داپۆشراو بە بیاباندا بۆ لای ئەوی دەبزوا. گەورەی ئەو سوپایە ئەگەر لێی بگەڕایەن نیازی بوو دەرگای زەوی لەخۆی دابخات و دەرگای ئاسمان واڵا بکات، ئەو ئیدی لە قۆناغی کۆتایی کارەکانی لەسەر زەوی نزیک دەبوویەوە.

ئیدی ئەو لەبری ئەوەی دڵی بە سەرکەوتنە یەک لەدوا یەکەکانی ئێرە خۆش بێت، لەباتی ئەوەی وەک هەر دەسەڵاتداریک ئەڤینی عارەق سڕینی دوای سەرکەوتنی

شەڕێک و بەزینی دوژمنی بێت، ئەڤینی شتێک بوو لە شوێنێکی دیکە بوو هیچ کام لە دەسەڵاتداران نەیاندەزانی چیە؟

هەر ئەو ئەڤینەشی برینی قووڵی لە دڵیدا دروست کرد بوو. ڕەنجی ئەو ڕەنجی هەموو مرۆڤایەتی بوو. ئەو بەرەو مەککە بەڕێ کەوتبوو، بەڵام مولْکی ڕەهای مەککە و عەرەب نەبوو، بەڵام ئازاری مەدینە و مەککە و عەرەب لە دەروونیدا نەدەسڕایەوە، مەککەیەک هەنووکە گیرۆدەی ئازاری خۆی بوو، ئازارەکانی مەککە بۆ ئەم ئازاری هەموو مرۆڤایەتی بوو، ڕزگارکردنی مەککەش ڕزگارکردنی هەموو مرۆڤایەتی بوو، سەیری سوپای پاش خۆی دەکرد و زۆر بە قورسی و پانتاییەکی فراوان بە قەد پانتایی بیابان دەبزوا. ئەوە سوپای ئەو نەبوو کە دەبزوا بەڵکو خودی بیابان بوو. لێکدا لێکدا باڵی ڕاست و چەپی بەرەو مەککە دەبزوا.

لە ناوەڕاستی بیاباندا بوو مامە عەباسی بینی بە خۆی و ماڵ و منالی و بە دڵی باش و باڵی بەرز و ڕیشی ڕەش و دەنگی بەرزی و حەزی زۆری بۆ پارە بە ماڵ و منالیەوە هاتبوو موسڵمان ببێت، ئەو زۆر درەنگ کەوتبوو، ئاخر ئەو خۆشەویستی پێغەمبەر بوو کەچی پارە و ڕیباخۆری لەم پێباشتر بوو، لەکۆتاییدا توانی بەسەر دێوە حسابدارەکەی هەناویدا زاڵ ببێت و لەسەر کارەکەی دەری بکات و بێت بۆ لای برازاکەی و ئەوە برازاکەی نەبوو کە دیدەی دڵی بە سەرکەوتنەکانی خۆش بێت، بەڵکو مەخلوقێکی بەهەشتی بوو بە بینینی ئەو لەخۆشیدا دەستی کرد بە گریان و بە چرپەیەکی شیرین داوای لێکرد شایەتومان بهێنێت: ئەویش بەدەنگی جەسوری و لە دوورەوە بیستراوی خۆی وتی (اشهد ان لا اله الا الله و اشهد ان محمد رسول الله) و هەموو ماڵ و منداڵەکەشی لەگەڵیدا وتیانەوە تەنیا پارەکانی نەبێت کە حسابی ئەوان جودا بوو کە دەبوو دواتر یەکلا بێتەوە. ئەو دەیزانی برازاکەی بۆ مەککە دەڕوا نەوەک بۆ ئەوەی ببێتە گەورەی عەرەب بەڵکو بۆ ئەوەی ببێتە گەورەی دونیا.

پاشان هەر دوو ئامۆزا و برازا دڵڕەقەکەی کە لە هەموو کەس زۆرتر ئازاریان دابوو (ئەبوسوفیانی کوڕی حارس) و (عەبدوڵڵای کوڕی ئەبی ئومەیە)ی پێگەشت. ئینجا پشتی تێکردن ئاخر ئەویش گۆشت و ئێسقان بوو زۆر ئازاریان دابوو. ئەمجارەش ژنە ئاقڵەکەی وەک پاشایەک بەڵام سادە وتی: با ئامۆزا و پورزاکەت لە هەموو زیاتر بەرامبەرت دڵیان ڕەق نەبێت. پاشان عەلی وتی: بەری لێبگرن وەک براکانی یوسف بڵێن: ئێمە ستەممان لە تۆ کرد بە ڕاستی خودا فەزڵی تۆی داوە بەسەر ئێمەدا بەڵام تۆ لە ئێمە چاکتری، پێغەمبەریش هەر بە شێوەی یوسف وەڵامی دانەوە و وتی: ئەمرۆ ڕۆژی سەرزەنشت نیە و من لۆمەی ئێوە ناکەم.

## ٣

# فەتحی مەککە
## (دە هەزار گوڵی ئاگری روواو لە بیابان بۆ شار دەڕوانن)

ڕەمەزان بوو دەمولێوی ئەوان وەک پشتی گەرمی بیابان وشک بووبوو، ئەوان بۆ گوناهی مەخلوق بەڕۆژوو بوون، هەرگیز لە مێژوودا رووی نەدابوو سوپایەکی دە هەزار نەفەری پێکەوە بۆ قەترەیەک ئاو چاویان دابێت بەڵام دەمی بۆ نەبەن، خۆر بەدەم ماڵئاواییکردن لە بیابان بە تیسکە سووربباوەکانی ئێوارەی ئافەرینی بۆ ناردن، ئەوان دەڕۆشتن و بیابان و گردە لمەکانی لەبەرەمیاندا خۆی رادەخست تا گەیشتنە سەر ئاوەکەی (قەدید) کە دە هەزار کەس پێکەوە لەو ئاوەیان خواردەوە و ئاوی ئەسپ و حوشترەکانیان دا.

بەڵام پەلەیان بوو هەزان قاچ بەردەوام بەسەر لمدا هەنگایان دەنا و ڕێگای نەبوو لەبەردەمیاندا دروست دەبوو، تا ئەو کاتەی بە تەواوەتی تاریک داهاتوو و ئەستێرەکانیش بەسەر سەریانەوە جریوەیان بۆ کردن و هەموو سوپاکە لە شیوێکدا لەسەر تەختایی زەوی ون بوون و کەوتنە شیوێکی نێوان دوو گردەوە کە لە دوورەوە دیاربوون.

موحەممەد چاوی لە ئاسمان هەڵبڕی و پاشان بە سوپاکەی وت لە هەموو لایەکەوە ئاگر هەڵبکەن لەیەک کاتدا زێتر لە دە هەزار مەشخەڵ هەڵکران زێتر لە دە هەزار ئەستێرەی ئاسمان کەوتنە سەر زەوی، هەر دەتوت پیاوێک کۆڵی ئاسمانی بە کۆڵەوە بووە و کۆڵەکەی لەپڕ کون بووە و دە هەزار ئەستێرەی لێکەوتۆتە ئەم شیوە، پێغەمبەر عومەری کوری خەتابی کردە سەرۆکی پاسەوانەکانی ئەو ئاسمانەی لە خوارەوەوە بوو نەوەک سەرێ.

له ئاڵاكراوەكانی دەڕوانی كە بەسەر ریزە ئاگرینە جوان و ڕێک و پێكەكانی سەربازەكانەوە دەشەكانەوە، لەم سەر بۆ ئەو سەر غاری بە ئەسپە عەرەبیەكەی دەكرد و با  مێزەر و ریشی رەش و قژی لا دەدا، جەستەی دەتوت پووشی دەم هەوایە هێندە سووک بوو، تا بەیانی دەویست تا یەكجار ڕێچكۆلەی دەوری ئوردووی سوپاكە تەواو بكات.

عەباسی مامی پێغەمبەر دەرچووبووە دەرەوە سا بەڵكو شەوڕەوێک، داربڕێكی دەستبكەوێت و بۆ قوڕەیش هەواڵ بنێرێت، بۆ ئەوەی خەڵكەكە بێنە لای پێغەمبەر  و داوای پەنا و لێخۆش بوون لەو بكەن پێش ئەوەی بچنە ناو شارەوە. قوڕەیش لە سەر سنووری نێوان دڵڕاوكێ و ترسدا دەژیا شەو لە لای كۆتایی نەدەهات، عەباس  گوێی لە دەنگی شەو بوو كە قسەی بۆ هاوەڵەكە دەكرد (حەكیمی كوڕی حەزام) و هاوڕێكەی دیكەشی بەیەكەوە دەیان ورتان كە لە ئەستێرە ئاگرەكانیان دەڕوانی و یەكەمیان بەوانی دی دەوت: لە تەمەنمدا چاوم بەوەندە ئاگر نەكەوتووە و ئەوەندەم سەرباز نەدیوە، بەدیلیش وتی خوزاعەیە شەر چووەتە بنكڵیشیان، ئەبوسوفیانیش دەیوت: خێڵی خوزاعە زۆر لەوە بچووكتر و كەمترن كە ئەو ئوردوو و ئاگرەی هەبێت.

عەباس دەنگی ئەبوسوفیانی ناسیەوە و وتی، (ئەبالحەنزەلە) ئەوە تۆی. ئەویش وتی: ئەوە خۆتی ئەبالفەزڵ، وتی: بەڵێ.

وتی: ئەوە چیە ئەو ئاگرە ئەبولفەزڵ دایک و باوكم بە قوربانت بێت.

ئەبوسوفیان بەجۆرێک دەدوا هەموو ترسی قوڕەیش لە ریتمی هەناسە و گوتەكانیدا دیاربوو.

عەباس وتی: ئەوە پێغەمبەری خودایە لەناو خەڵكیدا (ئەمەی وت هەندێک شانازی بە دەنگیشیەوە دیاربوو)، سبەینێ بەرەبەیان لەناو قوڕەیشدا رۆژ دەكاتەوە.

گەورەی قوڕەیش ترس لە چاوە گەورە و لێوە قایمەكانی خۆی پیشاندا و وتی: چار چیە؟ دایک و باوكم بە قوربانت بێت.

وتی: وەڵڵا ئەگەر بە تۆبزی بدات بەسەرتدا ئەوا دەدا لە ملت، وەرە. وەرە پشتمەوە لە سەر ئەم وڵاخە با بتبەم بۆ لای پێغەمبەر.

ئەبوسوفیان لە پشتی عەباسەوە سواربوو و ئەو دووانەكەی دیش گەڕانەوە بۆ مەككە.

ئەگەر لە سەر وڵاخەكەی پێغەمبەر نەبووایە دەیاندا لە گەردنی، ئەبوسوفیان هەستی دەكرد هەرگیز هێندە بێویژدانانە لە مردنەوە نزیک نەبووە، سبەینێ قوڕەیش لە قڕ بوون بەولاوە هیچ دەرەتانی تریان نیە. دوارۆژی ئەو خێڵە پێش ئەو شەوە یەكلایی

بووبویەوە، چارەنووسی ئەمیش وەک گەورەی قورەیش لە هەمووی خراپتر دەبێت، ئەو لە تەمەنیدا زۆر فێڵی کردبوو بەڵام ئەم جارە ناتوانێت فێڵ لە خۆی بکات.

بەلای هەر ئاگرێدا رەت دەبوو دەیانپرسی ئەوە کێیە؟ دەیانوت: ئەوە مامی پێغەمبەرە بەسەر وڵاخەکەی ئەوەوە تا گەیشتن بە ئاگرەکەی عومەری کوڕی خەتاب و لە وڵاخەکە نزیک بووەوە وتی: ئەبوسوفیان هەی دوژمنی خودا، سوپاس بۆ خودا بێ وادە و پەیمان تۆی هێنایە بەردەستمان. مێشکی پڕ لە خوێن بووبوو بۆی و بەر لە ئەوان بەرەو پێغەمبەری خودا رۆشت. بەڵام عەباس بە وڵاخەکەوە پێشی کەوت و ئەوجا عومەر خۆی کرد بە ناو چادردا لەتەک خۆیدا بایەکی ساردی بیابانی تورەی کرد بە ژووردا و وتی: ئەی پێغەمبەری خودا ئەوە ئەبوسوفیانە و رێگەم بدە با بدەم لە گەردنی.

عەباس وتی: بێدەنگ بە عومەر! ئەگەر یەکێک لە تیرەی بەنی کەعب بوایە وات نەدەوت.

عومەر وتی: تۆش بێدەنگە بە عەباس، سوێند بەخودا باوەڕهێنانی تۆم لە باوەڕهێنانی خەتابی باوکم پێخۆشتر بوو، چونکە دەزانم موسڵمانی بوونی تۆ لای پێغەمبەر لە موسڵمانبوونی خەتاب خۆشترە.

پاشان پێغەمبەر بە عەباسی وت: لەگەڵ خۆت بیبە بۆ خێوەتەکەی خۆت. و سبەینێ بیهێنەرەوە بۆ لامەوە ئەبوسوفیان خەوی لێنەکەوت، لەناو دەستەپاچەیی ناو مێشکی خۆیدا هەردەهات و دەچوو، دەبوو کەللەی خۆی رێک بخاتەوە ناچار بە بیرکردنەوەی بکات.

هەر لەناو خۆیدا دەهات و دەچوو، دەیوت: ئێی ژیانی مرۆڤ چەند سەمەرە و پڕ پێچە، خۆ تەمەنی مرۆڤ لەچاو بووندا هێندەش گەورە نیە، بیر لە خۆت بکەرەوە هێندە نیە کە تۆ لە خاکەوە بوویت بە مرۆڤ بە دۆڵچەیەک عەقڵ و ژیریەوە. ئیتر گیانی لەناو دەریایەکی تاریکی دووردا دور لە ئاسمان دوورتر ون بووبوو، نەیدەتوانی بەڵام دەبوو خۆی ناچار بە بیرکردنەوە بکات: لە نێوان خۆی و خودادا، درۆ و حەقیقەتدا دەهات و دەچوو، لە لایەک زۆر ئاسان بوو ئەو ئیرەییانە بدۆزێتەوە کە لە نێو دەروونیاندا بەرامبەر موحەمەد و بنەماڵەکەی پەنگی خواردبووەوە، لە لایەکیش بیری دەکردەوە هەتاکو کەی شەڕکردن کە خێڵەکانی عەرەب وایان لێهاتووە بیر لە هیچ ناکەنەوە ئەوە نەبێت کە یەکتر لەناوبەرن.

لە باپیرانیانەوە ئەو باپیرانەی هەنووکەش لە هەناویاندا دەژین بە درێژایی سەدەکان ناوبانگیان لە جەنگدا دەرکردووە، کێ دەتوانێت وا لەمانە بکات ئیدی لە خوێن گەڕێن موحەمەد نەبێت، بیری لە سەیرکردنەکانی ئەو دەکردەوە، ئەو

سەیرکردنەی لە نێو چاوەکانیەوە هەڵدێت دەتوانێت دۆست و دوژمن ناچار بکات خۆی بە دەستەوە بدات، بیری لە بێدەنگیەکانی دەکردە و کە کەس نازانێت چ بیرێکی ژیرانە لە پشتیانەوە خۆی مەڵاس داوە، لۆژیکێکی زیندوووی هەیە کە دەتوانێت هر شاردراوەیەک بخاتە سەر لەپی دەستی، بە راستی شایستەیە بیکەیتە گەورەی خۆت مشتە گۆشتەکەی دڵت بخەیتە ناو دەستی تا بیوێرێنێت، ئیتر تا خۆرهەڵات هەموو هێزی خێر و شەڕ لە ناو ئەودا ململانێیان بوو، لە کۆتاییدا ئەو شەڕە ئەبەدیە بە قازانجی چاکە شکایەوە، چی مابوو ئەو ئەزموونی نەکردبێت بەڵام ئەوی ژیری عەرەب بەختەوەر نەبوو.

لەو کاتەدا لە سەرەتای خۆرهەڵاتندا تیشکی خۆر لێیدا و هەموو ریشی بە رەنگێکی پەمەیی خۆی نواند، بریسکەیەکی خەندە و فرمێسکی چاوی پێکەوە درەوشانەوە. سەیری ئاگرەکانی کرد کە کوژابوونەوە بەڵام بینی هەموو شتێک لەبەردەم نووری خۆردا دەتریسکێتەوە و دەدرەوشێتەوە.

لەگەڵ عەباس چووە خزمەت پێغەمبەر، سەرنجیدا تیشکێکی خودایی ناوچاوی داپۆشی بوو، جیهانێکی تری لە نێوان مەودای چاوەکانی خۆی و ئەودا هەست پێدەکرد مەودایەک دەتوانرێت ناوبنرێت بە سکوتی پیرۆز.

بە دەنگێکی رەق بەڵام نەرم فەرمووی: دایکت رۆڵە رۆت بۆ بکات (ئەبوسوفیان)! کاتی ئەوە نەهاتووە کە بزانی هیچ خودایەک نیە جگە لە (الله).

دایک و باوکم بە قوربانت بن، چەند بە حەوسەڵە و بەرێز و خزمدۆستی، پێم وایە ئەگەر بێجگە لەو خودایەکی دیکە هەبووایە ئەوا دەستبەرداری من دەبوو.

-ئەی کاتی ئەوە نەهاتووە بزانیت من پێغەمبەری خودام.

بە دەنگێکی نزم کە هەڵچوون دەیلەرزاند وتی: دایک و باوکم بە قوربانت بێت، چەند بە حەوسەڵە و بەرێز و خزمدۆستی، سەبارەت بەمەیان هێشتا لە دڵمدا شتێک ماوە.

کە لای پێغەمبەریان بەجێهێڵا ئەبوسوفیان دەتوت: گیانی کون بووبوو وریایی لێ دادەچۆڕا، نەیدەزانی چ بڕیارێک بدات.

عەباس وتی: دایکت رۆڵە رۆت بۆ بکات موسڵمان ببە، شایەتوئیمان بهێنە تا نەدرێت لە گەردنت. ئەبو سوفیان نەک لەترسی مەرگ بەڵکو لەبەر ئەو گۆڕانکاریەی بەسەر رۆحیدا هات، بە تایبەت ژیارانە بە موحەمەدی وتبوو: بابەتەکە ترس نیە من باوەڕم بە تۆ نەهێناوە، بەڵام ئەو قەبوڵی کردبوو. ئیتر لەو پەڕی ویستی خۆیەوە شایەتوئیمانی هێنا. هەرچەند باوەڕی وابوو کە زۆر دواکەوتووە. وەک یەکەم جار بوو جیهان ببینێت شوێنێک سوور و شوێنێکیش زەرد و شوێنێکی دی سەوز بوو. هەستی بە شادی دەکرد چووبوویە حاڵەتێکی قووڵی بیابانیەوە.

دوای ئەوە بە دەنگێکی نزم کە هەڵچوون دەیلەرزاند دەیگوت:
عەباس چووەوە لای پێغەمبەر و وتی:

ئەی پێغەمبەری خودا ئەبوسوفیان کابرایەکە زۆر حەزی لە ناوبانگە، بەشێکی پێ بدە. موحەمەد لەم گەمە منالانەی مرۆڤ باش تێگەیشتبوو، وتی: بەڵێ باش. هەر کەس بچێتە ماڵی ئەبوسوفیان پارێزراو دەبێت، هەر کەس بچێتە ماڵەکەی خۆی پارێزراو دەبێت، هەر کەس بچێتە حەرەم پارێزراو دەبێت، ئەمەش مانای وابوو لە خێرایی چوونە ناوەوەی سوپادا نزیکەی هەموو کەس پارێزراو دەبێت ئیدی کوچە و شوێنە گشتییەکان نابنە خوێنگەی مرۆڤ. ئەو گیانی نەبینراو دەیویست بە ئارامی و لەسەرخۆ بڕواتە ناو شار بەڵام دونیای بینراو هاوکاری نەبوو.

دوای ئەوەی بەیانی بوو، لەو دیو گۆی زەویەوە تۆپی خۆریان بۆ ئاسمان هەڵدا و لەوێ گیرسایەوە، دونیا بە تیشکەکانی ئاڵ و واڵا بوو مەککە غەمگین و سوپا دڵشاد بەڵام ڕاڕا بوو بەرەو بە تەنگەبەری شیوەکەی ناو شاخەکەی پێش شاردا بزوا وەک مێروولە بە شوێن یەکدا تیپ تیپ قەتارەیان بەست، پێغەمبەر بە عەباسی وت، ئەبوسوفیان لە تەنگەبەرەکەدا رابگرە تا بە چاوی خۆی سەربازانی خودا ببینێت. خێڵەکان هەرکامیان بە ئاڵای خۆیانەوە تێپەرین، لەگەڵ هەر سمکۆڵان و حیلە و تێپەراندنی ئەسپەکان هەر خێڵێکدا بە سەرسوڕمانەوە لە دەسەڵاتی موحەمەد و ئیسلام دەیپرسی: ئەرێ عەباس ئەمانە کێن؟

- ئەوانە خێڵی (سلیم)ن.
- ئاخر من چیم داوە لە (سلیم).
- ئەی ئەوانە کێن؟
- (مەزینە)ن
- من چیم داوە لە (مەزینە)

ئیدی ئەوان لەوێ بوون تا هەزاران سەرباز و سەدان تیرە وەک سوپایەکی ڕاهێنراوی ڕێکوپێک تێپەڕین، ئەبوسوفیان ماندوو نەبوو لە هەموویانی پرسی و عەباسیش ماندوو نەبوو وەڵامی دەدایەوە.

دواتر پێغەمبەر لە نێو تیپە سەوزەکەی خۆیدا بە موهاجیر و ئەنسارەکان چواردەور درابوو شمشیر و زرێبەندەکانیان لەبەر تیشکی خۆر دەدرەوشانەوە و ئاوێزەیان بە خۆر دەدا و ئاوێنەیەکی گەورە بوو خۆری دەدایەوە، ئەو بیابانەی کردبوویە فەزایەک لەو فەزایانەی خەڵکی سادە دەیانوت: بەشێکە لە بەهەشت.

ئەبوسوفیان وتی: ئەرێ عەباس ئەمانە کێن؟

- ئەوە پێغەمبەری خودایە لەناو براکانیدا موهاجیر و ئەنسارەکان.

ئەبوسوفیان لە جیهانی زەینی خۆیەوە بۆی روانین و وتی: باوەڕ ناکەم کەس بەرگەی ئەمانە بگرێت.

عەباس دیوەکەی دیکەی پێ پیشاندا کە ئەوە دەسەڵات نیە:

- ئەوە ناز و نیعمەتی پێغەمبەرایەتیە.

ئەبوسوفیان هاتەوە خۆی تازە لەو شتانە دەگەیشت: بە راستی وایە.

(سەعدی کوڕی عەبادە ئالی ئەنساری) بەلای دەستیەوە تیپەڕی و بە ئەبوسوفیانی وت: ئەمڕۆ رۆژی داستان و شەڕە، ئەمرۆ مولْک وماڵتان حەلاڵ دەکەین، ئەمرۆ خودا قورەیشی زەلیل و داماو کرد.

کاتێک ئەبوسۆفیان گوتەکەی بۆ پێغەمبەر گێرایەوە، پێغەمبەر دیوە ئاسمانیەکەی وتەوە:

بەڵکو ئەمڕۆ کابەی پیرۆز گەورە رادەگیرێت، ئەمرۆ خودای گەورە قورەیشی سەربەرز کردوە.

عەباس بە ئەبوسوفیانی وت: برۆ فریای قەومەکەت کەوە ئیتر ئەبوسوفیان تێی تەقاند بۆ مەککە، تۆزێ بە شوێن ئەسپەکەیەوە هەڵدەهات کاتێکی بە پێکانی ئاوزنی دەدا و لەکاتێکدا بە خێرایی دەیدا بە سکی ولاخەکەدا بە دەمی هاواری دەکرد: ئەهای ئەی خەڵکی قورەیش موحەمەد سوپایەکی بۆ هێناون، لە توانای ئێوە زیاترە، هەر کەس بچێتە ماڵی ئەبوسوفیان پارێزراو دەبێت.

ژنەکەی لە ماڵەکەی بۆی چووە دەرەوە کە بینی مێردەکەیەتی چووە بەردەمی و ریشی گرت و وتی: ئەم کابرا پێ پەتیە روو هەڵماڵراوە بکوژن، خۆی لەو بە پیاوتر دەزانی چەند هەنگاو لێی دوورکەوتەوە و پاشان رووی بۆ وەرگێراو و وتی: خودا بتکوژێت چ پیاوێکی!.

ئەبوسوفیان وەک هەمیشە بە عەقڵ هاواری دەکرد نەوەک بە سۆز دەیوت: دایکتان رۆڵە رۆتان بۆ بکات، لە خۆتان بایی مەبن. سوپایەکی هێناوە ئێوە دەرەقەتی نایەن. ئەو دەیوت دەجولا و دەنگەکە لە هەموو شوێن دەنگی دەدایەوە (ئەوەی بڕواتە ماڵەکەی ئەبوسۆفیان پارێزراو دەبێت) ئێستا ئیدی بوێری قسە لە قسەی ئەودا کردنیان پەیدا کردبوو وتیان، ماڵەکەی تۆ کێ دەگرێت. وتی: هەر کەس دەرگای ماڵەکەی خۆی دابخات پارێزراو دەبێت و هەرکەس بچێتە بەیتەوە پارێزراو دەبێت خەڵکی هەموو بە پەلە جلەکانی خۆیان کۆکردەوە و بۆی دەرچوون، هەندێک هەرزە و مناڵیان بۆ بەرگریکردن بە جێهێلا وتیان ئەوانە دەنێرینە پێشەوە ئەگەر شتێکیان پێکرا ئەوا دەدەینە پاڵیان خۆ ئەگەر هیچیشیان پێ نەکرا ئەوا داوای هەرچیان لێکردین دەیاندەینێ.

لاو و هەرزەکانی قورەیش لە دەوری (عەکرەمەی کوڕی ئەبوجەهل) و (سەفوانی کوڕی ئومەیە) و ( سوهەیلی کوڕی عەمر) بۆ شەڕ کۆبوونەوە.

سوپا گەیشتە کەناری شار هەر ئەو شوێنەی پێیان دەوت (زی تەوا)، ئیدی وەک باڵندەیەک لە ئاسمانەوە بنیشێتەوە و باڵە لە یەکتر دوورەکانی کۆ بکاتەوە تیپەکان لەم سەر و لەو سەر بەرز و نزم دەبوونەوە تا بگەنە لای پێغەمبەر کە بەردەوام خەریکی رۆشتن بوو هەموو تەقەلایەکی ئەوە بوو بەسەر دێوەکەدا سەرکەوێت، هەنووکە کە خەریک بوو بێ خوێن رشتن خۆی بە دەستەوە دەدا ئیدی لەبری شانازی سەری بۆ خودا دانەواند و خەریک بوو ریشی بەر پشتی وشترەکەی بکەوێت.

خەڵکەکە هەمووی چاویان لەو بڕی بوو دڵنیابوون ئەو دۆزەخێک لە تووڕەیی نەبوو بۆ مەککە و بۆ خەڵکە خراپەکەی هاتبێت کە بیانسووتێنێت، بەڵکو بەهەشتێ بوو لە لێبوردەیی و شەرم، شەرمێک سامێکی سەیری لە دڵی شوێنکەوتووانیدا خولقاندبوو، شەرمێک دەشێت ناوی دەسەڵاتی لێبنرێت و دەسەڵاتیش نەبوو لەو گەورەتر بوو. ئەمە جۆرێکی تایبەت بوو لە بێفیزی کە قەد لە سەرکردەی هیچ سوپایەکدا وێنەی نەبوو.

هەر لەوێدا سوپاکەی دابەشکرد خالیدی کوڕی وەلید و لەشکرەکەی بۆ لای راست، فەرمانی پێدا کە لە بەشی خوارەوەی شارەوە بچێتە ناو شار، پێی وت: هەر کەسێکی قورەیش رێی لێگرتن و شەڕێ لەگەڵ کردن لێیان بدەن و درووێنەیان بکەن، تا لە (صەفا) پێم دەگەنەوە.

زوبیریش لەلای چەپەوە و ئاڵاکەی پێغەمبەری پێ بوو، پێغەمبەر فەرمانی پێدا لە سەرەوە بڕواتە ناو مەککەوە لە رێگەکەدا تا ئەوەی ئاڵاکەی دەستی لە (حجون) دابچەقێنێت و نەجوڵێت تا ئەو خۆی پێی دەگاتەوە (ئەبوعوبەیدە)یش دانرا بوو سەرکردەی پیادە و بێ چەکەکان بێت بەناو دۆڵەکەدا بڕوات تا دەڕواتە ناو شارەوە و لەوێ دەگاتەوە بە پێغەمبەر. ئیدی سوپا کەوتەوە سەر رێ بڕین، باڵندەکانیش لە ئاسمانەوە بە سەر شاردا مەلەیان دەکرد، رۆژێکی پڕ لە گۆڕان و قورس بوو. بۆنێکی پڕ لە فریشتە سەرتاپای شاری داگرتبوو، چەکدارەکانیش دۆڵەکەیان پڕ کردبوو هەر کام لە لەشکرەکان لە شوێنی خۆیانەوە چوونە ژوورەوە هەر کەس بیویستایە گوێی لە دەنگی ماڵەکان دەبوو دەکرانەوە و تەپوتۆزی پێی ئەو هەموو سەربازە خۆی دەکرد بە ژووردا، ئەمە سەرکەوتنی گەورە بوو.

سەرکەوتنێک بێچەک لە سوڵحی حودەیبیە دەستی پێکردبوو و هەنووکەش بێ خوێن دەگەیشتە ئەنجام، خەڵکەکەی کە بە چاوی سەر لە ژوورەوە خۆیان قەتیس کردبوو نەیاندەزانی مەککە بە هەموو شاخ و داخیەوە لە پێشوازیدا بوون، چەند ناشایستەیە کە چاوانی لە خاک دروستبووی مرۆڤ نەتوانێت نەبینراو ببینێت، لە پێناو

نەفسیدا ئەو شتانە نەبینێت کە لە تەنیشتیەوەن، چەند نەسل لە باپیرانی هەڵسابوونە سەرپێ تا گەڕانەوەی موحەمەد ببینن، ژنە بە مەرگ سزادراو و پیاوە بە ئازار مرێنراوەکانی دەستی قوڕەیش بە پێوە لە پێشوازیدا بوون.

خالید زۆر بە هێمنی و لێزانیەوە شەری خۆی دەکرد، پاڵەوانانە هەرکەس بهاتایەتە رێی بە قوربانی شمشێری دەکرد، ئەوانەی شەڕیان کرد تەنها لاوە کەم ئەزموونەکان بوون، ئەوانەی باوەڕیان بە شەڕێکی ئەبەدی لەتەک موسڵماناندا هەبوو، نەمانی شەڕیان بە خیانەت دەبینی بەرامبەر بە رابردوو و دوورتر لە تەمەنی خۆیان، مێشکیان پڕ لە خوێن و هەناویان تاریک داهات بوو، هەموو ئەوەش هەر لە خەیاڵیاندا بوو کاتێک رووبەڕوو بوونەوە دووراو دوور شەڕیان دەکرد و دوانزە کەسیان بە تیر پێکران و کوژران، ئیتر بێ ئەوە شەرم لە خۆشیان بکەنەوە هەڵهاتن و رایانکرد.

زوبەیریش لە نزیک مزگەوتی فەتح ئالاکەی لە ئەرز داچەقاند، لەوێ نەبزوا تا پێغەمبەر گەیشت، پێغەمبەر هەنووکە بۆ مەککە گەڕابوویەوە، لەو کاتەدا وەک خۆرێک بە تەنها لە ئاسمان وەستا بوو، هەستی بە هەناسەی قووڵی شار لەو بێدەنگیەدا دەکرد، نهێنی قووڵتری مەککە دزەی دەکردە هەناویەوە، بۆ بەیتی روانی ئیبراهیم و ئیسماعیلی باپیری فرێدرابوونە ئەو بیابانەوە هێندە چۆڵ و تەریکەوە.

باوکە پیرەکە و کوڕە تاقانەکە بە تەنها خەریکی دروستکردنی بەیت بوون، ئەگەر پەیمانی خودا نەبووایە بۆ خۆشیان باوەڕیان نەدەکرد کەس رووی تێبکات، هەر ئەو شارە تەنها دوو ماڵی لێبوون یەکێکیان خودا و ئەوی دیکەیان ئیبراهیمی پیرە پیاو و هاجەری خێزانی و کوڕە تاقانەکەیان ئیسماعیل تا ئێستا بوو بووە سەنتەری عەرەب و کەسیان نەیاندەتوانی دەستبەرداری ببن لە چاکان و خراپانیان. ئیدی لە ئێستا بە دواوەش سەنتەری هەموو جیهان. پاشان پێغەمبەر هەڵسا بەرەو تاکە ماڵی دراوسێی ئیبراهیمی باوەگەورەی جوولا و یارانیشی بە دەوریدا خۆیان سازدا و چووە نا مزگەوتەوە بەرەو (حەجەرولئەسوەد) ئەو بەردەی ئیبراهیم و ئیسماعیل بەردێکیان بۆ شوێنەکەی دەست نەدەکەوت تا خودا هەر خۆی دەیزانی لە کوێوە ناردیە خوارەوە تا بۆشاییەکەی پێ پڕ بکەنەوە، دەستێکی پێوەگرت و دەست بە سوڕانەوە کرد.

لە راستیدا بە دەوری خوادا سوڕایەوە هەموو کەس کەسێکی هەیە بەدەوریدا خۆی دەسوڕێنێتەوە، هەر بەو سوڕانەوەیەش لە قوڕەوە بووە رۆح و لە رۆحەوە بوو فریشتە و لە فریشتەوەوە بووە ئەوەی کە فریشتەش نەیانزانی چیە. بۆ سەر بەیتی روانی هەڵۆیەک راست لە ئاستی ئەم لە ئاسمانەوە دەسوڕایەوە و تەوافی دەکرد، کەوانێکی بە دەستەوە بوو بەو هەموو بتەیدا دەکێشان کە لەوێ بوون و ئەو ئایەتەی دەخوێند (حەق هات و باتیڵ تیا چوو، باتیڵ هەر لە زووەوە تیاچوو بوو)، هەروەها

(بڵێ حەق هات ئیدی باتیڵ دەست نادات و ناشگەڕێتەوە) بتەکان بە کەوانەکەی دەستی یاخود بە زەبری وشەکانی رۆحی بەملاو بەولادا دەکەوتن.

هەر بە جلە سەربازیەکانیەوە هێشتا ئیحرامی نەکرد بوو تەوافی دەکرد، دەسوڕایەوە و دەسوڕایەوە، کەعبەش کە تەنها بەرد بوو بە دەوری ئەمی مرۆڤدا ئەویش چ مرۆڤێک دەسوڕایەوە.

(عوسمانی کوڕی تەڵحە)ی بانگ کرد و کلیلی کابەی لێوەرگرت، دەستی لە ئەڵقە ریزەکەی دەرگای بەیتدا و دەرگاکەش بە خۆشیەوە خۆی بۆ کردەوە، دەرگای لێکرایەوە کە دەرگای ئاسمان و زەوی بوو پێکەوە. چووە ژوورەوە، چەندین وێنەی بە مرۆڤکراوی خودا و فریشتانی بینی ئەویش مرۆڤی بێ جل و ناشیرینی هەوەس بزوێن، وێنەی ئیسماعیل و ئیبراهیمی بینی لە باتی عارەق رژاندن و بەردکێشان خەریکی تیر و پشک بوون، فەرمووی خودا ئەمانە بکوژێت، نە بە خودا ئەوان هەرگیز شتی وەک تیر و پشکەیان نەکردووە، هەر لەوێ کۆترێکی بینی بە مۆم دروستکرابوو بە دەستی خۆی شکاندی فەرمانیدا هەموو وێنەکان سڕانەوە.

دوو سەد حوقە ئاڵتون لەوێ دانرابوو، هەر لای بەلایدا نەکردەوە کە لە تاریکیەکەدا بە تیشکی ئاڵتونی دەدرەوشایەوە. لە دڵی خۆیدا دەیوت ئەو بەرد و وێنانە پارەیەکی ئێجگار زۆریان هەیە.

سەدان چاوی ترساوی سەرانی قورەیشی بینی لە ترساندا پەنایان بۆ مزگەوت هێنابوو، ئەویان لەبیر نەچوو بوویەوە لە دڵیاندا باش دەیانناسی ئەگەرچی وێنەیەکی ناڕاستی ئەویان لە سەر زار و دەمیان بۆ خەڵکی دەخولقاند تا بتوانن لەگەڵی بە شەڕ بێن ئەوا ئێستا لەناو تاریکی بەیتدا خۆیان حەشارداوە و ئەویش دەرگایان لێدەکاتەوە و دێتە ژوورەوە حەقیانە سەد جار بکوژرێن ئەگەرچی دەستیان بە ئەڵقەی بەیتیشەوە گرتبێت بەڵام دیسان ئەو نایانکوژێت کە مەزنی ئەویان لە ژیان و رەفتارەکانیدا دەبینیەوە. هەموو ئەوان کرانە دەرەوە پاشان پێغەمبەر دەرگای لەسەر خۆی و ئوسامە و بیلال داخست، بێ ئەوەی بە رووکەش هیچ بڵێ و بیدەنگ، مەگەر خودا هەر خۆی بزانێت لە پشت ئەو بێدەنگیەوە خۆی مەڵاس دابوو، هیچ کامیان هیچیان نەدەوت، ئاخر دەیانزانی لە ساتی ئاوادا بێدەنگی چەندە جوانە.

پێغەمبەر رووی کردە دیواری لای دەرگا و دوو ستوون لە ستوونەکانی کابەی خستە لای چەپ و دانەیەکیش لای راست و سیانیشیان لە پشتیەوە ئیدی نوێژی کرد و رۆشت، ئێمە نازانین لەو نوێژەدا بۆ کوێ رۆشت، بە ناو بەیتدا بە هەموو لاکاندا وەک بفرێت، سوڕایەوە و (الله اکبر)ی دەکرد و (لا اله الا الله)ی دەخوێندەوە چاوەکانی بە روناکیەکی سەیر پرشنگیدا و هەوا تەژی لە نەعرەتە دەبوو، رۆح بۆ ئەمماڵە گەڕایەوە

که دەمێک بوو وەک کۆترێک، ئەویش کۆترێکی راستەقینە و نەوەک لە مۆم دروستکراو فڕی بوو و ئێرەی بەجێهێڵا بوو، بەیت هەناسەی ئاسوودەیی هەڵمژی و پێغەمبەر دەرگاکەی کردەوە و رۆشنایی لەتەک خەڵکی بۆ ژوورەوە هوروژمی هێنا.

خەڵکی ریزبوون و چاوەڕوانی ئەویان دەکرد کە داخۆ پێغەمبەر چی دەکات؟. دەستی بە هەر دوو لاشیپانی دەرگاکەوە گرت و ئەو لە ژوورەوە رۆحی تێر بووبوو بۆیانی روانی تا ئەو دونیایە بەخێر بێنێت کە دەهاتە ناو جەستەیەوە، بزە لەسەر دانە سپیەکانی بروسکەی دەدا وەک خەڵکی بەهەشت بێت و لەگەڵ پۆلێک فریشتەی باڵدار بۆ چەند ساتێک بۆ دڵخۆشکردنی مرۆڤ بۆ زەوی هاتبێت. بە چاوانی پڕ لە میهرەوە لە هەموانی دەنۆڕی، رۆحی تۆزاوی و گوناهباری ئەوانی لەناو کانیاوی رۆحی خۆیدا دەشۆردەوە.

دەستی بە نوتقدان کرد، ئەوە ئەو بوو نوتقی دەدا یان ئەوە رۆحی ئەوان بوو بە دەوریدا دەهاتن و دەچوون، رۆحی شار خۆی لەبەردەمیدا راخست بوو، ئیدی ئێستا دڕەندەی مەککە وەک گیانەوەرێکی برینداریش نەیدەنالاند هەنووکە مەککە چەپۆکێکی پێدا ماڵرابوو و بێدەنگ بۆ گوتەکانی موحەمەد کۆڵان و دەرگا و پەنجەرەکانی خۆی خستبوویە سەر پشت، ئیدی بەرەی قورەیش و بەرەی موحەمەد، ئەو دوو بەرەیەی یەکیان لەولا و یەکیان لەمبەر بوون بووبوونەوە بەیەک، ئەگەرچی باریک وەک خەیاڵ وێنایان دەکرد بەڵام هەموو دونیایەکی نەناسراو لە زەینیاندا راخرا بوو، چاوەڕوان بوون ئەو بە وتەکانی چۆن بۆیان روون و شەفافی دەکات.

فەرمووی: پەرستراو تەنها خودایە و بەس، بێ شەریکە، بەندەکەی خۆی (مەبەستی خۆی بوو) سەرخست و هەموو گرۆکانی ژێرخست، هەموو حەق و حیسابێک لەژێر پێی مندایە (ئەو دونیا لە ژێر پێیدا بوو هیچ نەبوو بەلایەوە) جگە لە زیوانی بەیت و ئاودانی حاجیان، کوژرانی هەڵە و نیمچە قەسدی -قامچی و تێلا- کە خوێندانێکی زۆری لە سەرە، کە بریتیە لە سەد حوشتر بە مەرجێک چل دانەیان ئاووس بن. ئەوان دەیانزانی بەو وتانەی رێز و حورمەت بۆ خوێنی مرۆڤ بگێڕێتەوە ئەو هەموو خوێنەی لەو شارە و لە دوورگەی بیابانی عەرەبدا بە ناحەق دەرژا بگێڕێتەوە کە ئەگەر باش لووتت پێوەنایە خاکەکەی لم نەبو و بەڵکو خوێن بوو وشک هەڵاتبوو.

(هۆ خەڵکی قورەیش خودای باڵادەست نەریتی جاهیلی و شانازی باوباپیرانی هەڵ پێچایەوە، هەموو خەڵک نەوەی ئادەمن، ئادەمیش لە گڵ دروستکراوە)

پاشان ئەو ئایەتەی خوێندەوە لەوە دەدوێت کە خودا بۆ دروستکردنی ئێمە لەو ژن و پیاوەی کە دایە و باوە گەورەی ئێمە بوون قوڕی بە دەستەوە گرتووە و لەوانیش

هەموو مرۆڤەکان تر بوونەتەوە (یا ایها الناس انا خلقناکم من ذکر و انثی و جعلناکم شعوبا و قبائل لتعارفوا ان اکرمکم عندالله اتقاکم).

پاشان فەرمووی: ئەی ئەهلی قورەیش ئێوە پێتان وایە من چیتان لێ دەکەم؟

وتیان: خێر و چاکە، برایەکی بەڕێز و کوڕی برازایەکی بەڕێزیت.

فەرمووی: من ئەوەتان پێدەڵێم کە یوسف بە براکانی وت (لا تثریب علیکم الیوم) ئەمرۆ ڕۆژی سەرزەنشت نیە. برۆن هەمووتان ئازادن. جیهانی پێغەمبەرانەی ئەو لە تۆڵە زۆر گەورەتر بوو تا مرۆڤ قووڵتر بێ دونیای فراوان و فراوانتر دەبێت. ئەوی پێغەمبەر قودرەتی ڕەهای خودای لەبەر دەستدا بوو بەڵام لێخۆشبوونی هەڵبژارد، ئەوان دەیانزانی لانی کەم دەیتوانی هەندێک لە پارە زۆر و زەبەندەکانیان بۆ سەربازە هەژارەکانی بەرێت، بەڵام ئیدی لەوێدا سەروەر خودا بوو عەقڵ لەوێ بوو بەڵام خزمەتکار بوو نهێنیەک لە کارەکاندا هەبوو نهێنیەکی قووڵ کە ئەوان نەیاندەزانی چیە؟!

پاشان عەلی چووە خزمەتی و کلیلەکەی بەیتی بە دەستەوە بوو، وتی: پێغەمبەری خوا دەرگاوانی و ئاودانی حاجیانمان بدەرێ سڵاواتی خودات لەسەر بێت!. بەڵام پێغەمبەر وەڵامی نەدایەوە ئیدی بەرگەی سەرزەنشتێکی دیکەی خودای نەدەگرت، وتی: (عوسمانی کوڕی تەڵحە) لە کوێیە ؟ پیشانیانداو کلیلەکەی دایە و وتی عوسمان ئەمرۆ ڕۆژی چاکە و وەفاداریە، وەریبگرن تا هەتا هەتایە. مەگەر زاڵم وەگەرنا کەس ناتوانێت لێتان بسێنێتەوە، ئەی عوسمان خودای گەورە ئێوەی کردۆتە ئەمینداری ماڵەکەی خۆی، بۆتان حەڵاڵە بیخۆن، لەو پشکە بخۆن لەم ماڵە پیرۆزەوە پێتان دەگات.

***     ***     ***

خۆر خەریک بوو لە ناوەڕاستی ئاسمان نزیک دەبووەوە، دۆڵەکەی مەککە وەک تەنوور گەرم هەڵایسا بوو، مانای نزیکبوونەوەی نوێژی نیوەڕۆ بوو، ڕۆژێکی قورس و کەیل تێپەری بوو پێویستی بە حەوانەوە بوو، تەنها بە دەنگی بیلال دەحەوایەوە وتی بە بیلال بچێتە سەر بانی کەعبە و هەموو شار پڕ لە بانگ بکات.

ئەبوسوفیان و دووان لە گەورەکانی قورەیش کە پێستی ڕەش و رابردووی کۆیلەیی ئەویان بینی نەیانتوانی گوێیان لە دەنگی خۆشی بیلال بێت.

(عیتابی کوڕی ئوسەید) وتی: خودا ڕێزی لە باوکم گرت کە زوو مرد و گوێی لەم قسە ناخۆشانە نەبوو.

(حارسی کوڕی هیشام)یش بۆڵاندی: وەڵلاهی بمزانیایە حەقە شوێنی دەکەوتم.

ئەبوسوفیان پێشتر ئەزمونی کردبوو وتی: وەڵلا من نقە ناکەم، هەرچی بڵێم دەنگە زیخێکیش بێت، بۆی دەگێڕێتەوە

پێغەمبەر چووە دەرەوە بۆلایان هەرچیان وت بۆی گێڕانەوە. هەر بۆیە دەمیان داچەقاند و لچ و لێویان خوار بووبوون و چاوەکان سوور هەڵگەڕان و وتیان: کەس لەوێ نەبوو تا هەواڵت بداتێ شایەتی دەدەین کە تۆ پێغەمبەری خودایت.

مەککە بۆ ئەو فەرشی بوونی راخستبوو، حەیف کە خەدیجەی لێ نەبوو، لەو بیابانەدا هەرگیز ئەوی لە بیر نەچوو بوویەوە، هەرگیز بۆنی قووڵی ژن بوونی خەدیجەی لە هیچ ژنێک تردا نەبینیەوە. (خەدیجە) ماڵەکەیان هی ئەوان نەبوو کە بۆی بڕوا ئیدی هی ئەو نەبوو دوای دەرکردنی لە مەککە بە عەقیلی ئامۆزای بڕا بوو و فرۆشتبووی. نەیشی دەتوانی ماڵی هیچ کەسی دیکە بۆ خۆی ببات. بۆیە بۆ ماڵی ئامۆزاکەی (ئوم هانی) رۆشت و خۆی شۆرد و هەشت رکات نوێژی کرد کە نوێژی هیچ نەبوو نوێژی شوکری فەتح بوو.

خوێنی نۆ کەسی حەڵاڵ کردبوو کە زۆر خراپەیان بەرامبەر بە موسڵمانان کرد بوو و دواتر لە زۆربەیان خۆش بوو:

عەکرەمە هەڵهات و ئیبن خەتەڵ خۆی بە کەعبەوە هەڵواسی و ئەنساریەک نەخشی خوێنی بە دیواری کەعبەوە نەخشان و شمشێرەکەی تا هەناوی برد.

(حارس) لە مەککە زۆر ئازاری پێغەمبەری دابوو عەلی هەمووی هاتەوە بەرچاو و کوشتی (هوباری کوڕی ئەسوەد) هاتبووە سەر رێی زەینەبی کچی پێغەمبەر و ئەویش لە دەستی هەڵهات بوو و کەوتبوو و سکەکەی لەبار چووبوو بەڵام ناو چاوەکەی هێنایی و بە زیندوویی مایەوە، موسڵمان بوو پێغەمبەر لێی خۆش بوو.

(نمەیلەی کوڕی عەبدوڵڵا)، مەقیسی کوڕی سەبابەی کوشت کە بە درۆوە موسڵمان بووبوو و هاتبوویە مەدینە و ئەنسارێکی بە ناحەق کوشتبوو و بۆ مەککە هەڵهاتبوو و پەیوەندی کرد بوو بە موشریکەکانەوە

(صەفوانی کوڕی ئومەیە) تکای بۆکرا و موسڵمان بوو، فەزاڵەش پیاوێکی ئازابوو کاتێک پێغەمبەر کاتێک تەوافی دەکرد هات بیکوژێت بەڵام پێغەمبەر نیازی دڵی خۆی بە خۆی وت و ئەویش بێ وەستان باوەڕی پێهێناو ئەویش لێی خۆش بوو.

دوای هەشت ساڵ پێغەمبەر لە مەککەدا بێخەم بۆ ئاسمانی روانی کە ئاسمان لە باخێکی گەورەی بەهەشتی دەکرد پڕ لە نوور بوو، ئەستێرەکان گوڵی سووری ناوی بوون لە دەموچاوی ئەمیان دەڕوانی کە مانگی چواردەی راستەقینە بوو خەرمانەی دابوو و مانگ دەیویست ئەوپەڕی بەخشندەیی خۆی بنوێنێت پێغەمبەرایەتی روناک بکاتەوە بەڵام دەرهەق نەدەهات.

ئەستێرەکان بەم دیو و ئەو دیوی قژی چەور و خاوێنی رەشیدا دابەزی بوون و گەردوونێکی دیکە لێرە لە مەککە خولقابوو، ئەو ئەو شەوە لە ماڵی هیچ کەس نەمایەوە

له (صەفوان) چادرێکیان بۆ هەڵدا لە مەککەی دەڕوانی دایکی و باپیرەیی و مامە حەمزەیی و خەدیجە و دوو کچە کۆچکردووەکەی هاتە بەرچاو. پێغەمبەرایەتی زۆر برینی قووڵی کردبوویە رۆحی ناسکیەوە و بەڵام زۆر دەرگای لێکردبوویەوە کە نوور رێژیان دەکرد.

لە پاش ویرد و نوێژ چووە سەر جێگاکەی، دوای شەکەتیەکی تاقەت پروکێن خەوت، خەون کە مانای بە بێداری دەدا، هەموو پرسیارە قورسەکانی ژیانی پڕ لە گێژاوی مرۆڤایەتی بە زمانێکی دیکەی ئاسان بۆ چارەسەر وەردەگێڕا. خەوت و خەوێکی قورس و ئارام لە تەک خۆیدا بردی ئەمرۆ شەڕێکی گەورەی کردبوو بە سوپا مەزنەکەیەوە شەڕێکی خوێناوی، ئەگەرچی دەستی بۆ جەستەی دوژمن نەبرد بوو، ئەوە دوژمن نەبوو کە سەرکەوتبوو، ئەوە ئەم بوو بە سوپاکەیەوە، کەتیبە لە دوای کەتیبە بە رێکوپێکی هاتبووە شارەوە، بەڵام ئەوە رۆحی بوو خوێناوی بوو.

تەقەلای دابوو، لە ئەمڕۆوە بۆ ئەبەد، ئازار و شەڕی مرۆڤ لە تەک مرۆڤدا کۆتایی پێبهێنێت هەموو بەخشندەیی دڵی بکاتە گۆزەی بڕیارەوە و بە سەر سەخترین دوژمنی خۆیدا هەڵیرێژێت و لێیان خۆشبێت، بەڵام ژیانی مرۆڤەکانی تا قیامەت دەبینی هەمدیس شەڕیان بوو ئەو لە جیهانی رۆحی خۆیدا دەبوو هەراو جەنگ لە تەک ئەو رۆحە شەڕانیەی مرۆڤەکاندا هەڵایسێنێت، ئەو هەموو شەڕانەی کە شەڕی هەموو تەمەنی مرۆڤ بوون لە سەر زەوی تا قیامەت رۆحی ئەویان شەکەت و خوێناوی کرد بوو.

هەروەک بڵێیت هەر دوو باڵەکەی رۆحی شەتەک درابن، جەنگاوەرێک بوو لە پێناو هەموو مرۆڤایەتیدا ئەمرۆ لە مەیدانی شەڕدا جەنگا بوو، مەیدانی مەککە مەیدانی هەموو بوون بوو، خودا خۆی و هەموو فریشتەکانی و رۆحی هەموو پێغەمبەران کە هەڵسابوونەوە حوزوریان هەبوو، لەبەر چاوی هەمووان لە مەیدانی شەڕدا بردبوویەوە. ئەگەر هەر پاشایەک لەبری ئەو با ئەو شەوە هەر نەدەخەوت، ئەمرۆ گەورەترینی سەرکەتنەکانی ئەو بوو، بەڵام ئەو پێغەمبەر بوو نەوەک پاشا، ئەوی پێغەمبەر بێجگە لە جەنگ بیری لە زۆر شتی تر دەکردەوە.

خێزانەکەی (ئوم سەلەمە) بۆ پارشێو هەڵسایەوە دیتی لەو شەوەدا لە ناو جبەیەکی سپیدا وەک ستوونێک لە نوور بە پێوە بوو نوێژی دەکرد، جەستەی سپی لە جوانیدا پرشنگی دەدا، لەگەڵ خودا هەر ورتە ورتی بوو، وا بە کوڵ نزای دەکرد هەروەک تکای داواکردنی هەموو پێغەمبەران بۆ لێخۆش بوونی مرۆڤ هاتبێتە ژێر ئەم چادرەوە، ئەم شەو وەک جەنگاوەرێکی راستەقینە عیبادەتی دەکرد، عیبادەتی راستەقینە بە رۆحی ئارەقاوی ماندووەوە دەبردە بەردەم بارەگای خودا و دەیکرد بە ژووردا.

فریشتەکانی دەرگاوانی ئاسمان هەر زوو بە زەردەخەونەوە دەروازەکانیان لێ دەکردەوە وەک سەرکردەیەکی سەرکەوتوو چونکە دەیانزانی کە لە شەڕدا بە سەرکەوتوویی گەڕاوەتەوە. عیبادەتێک ئەویش هەوڵ و تیکۆشان بوو هەروەک ئەوەی ئەمرۆ ئەو ئەم کردبووی.

ئوم سەلەمە نەیدەزانی ئەو بە خودای خۆی چی دەڵێت بەڵام هێندەی ئەو بە ژیانی لە تەکیدا ناسیبێتی و بەوەندەش لە توانای دڵ و عەقڵی ئەودا بێت کە بە بەخشندەییەوە یارمەتیان دەدا کە تێبگات دەبێت شتێکی ئاوای وتبێت کە دەیوت: سوپاس خودایە گیان، کە لەم بیابانە دوورەدا منی بەندەی لاوازت بەتەنها بەجێنەهێلا، یارمەتیت دام بە هەموو ئەو قۆناغانەدا تێپەڕم کە بشێت مرۆڤی پێدا تێبپەڕێت، سەد جار شوکر خودایە گیان لێم ببورە، سوپاس کە ژیانی بەندەکانی خۆتت پێ گرنگە.

بای رەحمەتی تۆ زۆر فێنک و میهرەبانە کە بەر ئێمەی مرۆڤ دەکەوێت، هەر بۆ خۆت دەتوانی هەموو کارەکان ئەنجام بدەیت سەرکەوتنەکان تۆمار بکەیت، کەچی هەر بۆ پاداشت و بەزەیی خۆت ئێمەش دەکەیتە بەشداری ئەو کارانەی کە هەر هی خۆتن، سوپاس خودایە گیان کە ڕێگەت بە ئێمە داوە لەگەڵتدا کار بکەین، هەست بە شانازی خودایەتی تۆوە بکەین و دڵنیاییەکی بە قەد دڵی بچووکی خۆمان دەست بکەوێت کە بزانین پێش ئەوەی بخزێینە ناو گۆڕەوە و بەم سەحرای ژیانە بەرەهوت و چڵەوە ئێمەش بەقەد توانای لاوازی خۆمان شتێکمان کردوە، لێرە لەبیر نەکراوین.

ئیدی ئەو هەر هەڵدەستاو دانیشتەوە و کڕنووشی دەبرد و جەستەی بۆ تەسەللای رۆحی شەکەتی تەقەلای دەکرد، نەک هەر تەمەنی شەست ساڵی و بیست ساڵ لە ئەرکی پێغەمبەرایەتی لە پەلوپۆی نەخستبوو بەگوڕ و تینی سەرەتای پێغەمبەرایەتیەوە بەردەوام بەڵکو زێتر دەوەرزی و ئەگەر شایستە بیت بووترێت: ئەو پێغەمبەرتر دەبوو.

مرۆڤی پێغەمبەر بیر لە خۆی ناکاتەوە ئیتر زێتر ئەوانی مرۆڤ لای دەبوونە سەنتەر، هەر بۆیە خۆشەویستی یارانی لە دڵدا زێتر دەبوو. هەر بۆیە لەو پەرستنەی ئەو شەوەدا نزای بۆ مرۆڤەکانی دی و ئوممەت و یاران کردبێت، ئەو سەحابانەی ئازاری ئەوان زۆر گران بوو لەلای، ئەوان لە تەک ئەمدا ئەو هەموو شەڕەیان بە نوێنەرایەتی بەشەر ئەنجامدا بوو، نەترسا بوون ئەوان لە ڕێگەی نەترسانەوە دەرەقەتی ئیزرائیلیش هاتبوون.

ئەم و ئەوان پێکەوە لە نەبەردێکەوە بۆ نەبەردێکی دیکە رۆشتبوون، بوونی ئەمی بەشەر لە ناویاندا بە گۆشت و ئێسقانەوە گوڕ و تینی بەوان بەخشی بوو ئیدی لە مەرگ نەسڵەمیبوونەوە، لە مردن رزگاریان نەبوو زۆریان شەهید بوون خوێنیان لمی گەرم و سووری بیابانی ئاودا بوو، رۆحانێکی ئازا و جەسوور بووبوونەوە بە خاک،

بەڵام بەسەر ترسان لە مردندا زاڵ بووبوون، مێشکیان پڕ لە خوێن دەبوو، بەگژی ڕۆحگەلێکی زۆر و زەبەندەیاندا دابوو، ڕۆح گەلێک سەرگەردان لە هەوادا، بە فرمان ئەم هەروەک تیر بۆیان تەقی بوون و لە ڕێگەی عەزاب و کوشتارەوە بەسەریاندا زاڵ بووبوون.

لە دژی جاهیلیەتی عەرەب لە بیاباندا لە جەنگاندا بە دۆخی دژواردا تێپەڕیبوون، دۆخانێک کە ئەگەر لەبیاباندا بە ژمارەیەکی کەمەوە لە تەک لم و سوپای فراوان و پرچەک و دڵڕەقی دوژمندا تینەکەوی لێی تێناگەیت، بیابانێک بێجگە لە بێدەنگی بێبڕانەوە و هاوار لە خودا هیچی تێدا دەست ناکەوێت، لەوێ هەناوت لە تینوویەتیدا دەسووتێت و لاشەت وەگێژەوە دەچێت، خۆری تووڕە و وشک لێت دەدات.

تەپوتۆز لە ژێر پێی ئەسپەکانیانەوە وەک هەور پێیانەوە دەئالا، عارەقە و تۆز و یاڵ و ملی ئەسپی دادەپۆشی، لە حاڵێکی وادا مرۆڤ لە تەک مردندا دەسە و یەخە بێت بە خۆی بڵێ کەواتە مەرگ ئاوایە، گەرما لە پەلۆپۆی بخات و با بەر قامچی بدات.

کەچی مرۆڤانێک نەناڵێنن و پاشەکشە نەکەن و بە تکا و پاڕانەوە تێنەپەڕن، ئەو مرۆڤانە یارەکانی ئەم بوون کە خودا شانازی پێوە دەکردن کە بەندەی ڕاستەقینەی ئەو بوون و خەندەی دەهاتێ کە نەفخەکەی بە وانیدا کرد بوو هەروا بە خەسار نەچووبوو. پێغەمبەرەکەیشی شانازی دەکرد کە لەو سەری ڕێگەکە وەستابوو و کۆمەڵی مرۆڤی جوامێری پێشکەش بە مرۆڤایەتی کرد، ئەوان پێویستیان هەم بە گۆڕینی زەین و هەمیش گۆڕینی دڵیان هەبوو.

لەو بیابانەدا ئەم لەتەک ئەواندا ناسکی وەحیان بە تیژی شمشێر گۆڕی بوو، لەگەڵ دوژمنی چەند بەرامبەر لە خۆیان زیاتردا جەنگی بوون، کە دوژمن چەند گەورەتر بێت سەرکەوتن هێندە گەورەتر دەبێت ئەوان لە هەلومەرجی لەو شێوەیەدا بووبوونە سەرمەشقی شەڕی ئینسان لەتەک ئینساندا.

لە پێناو ئینساندا هەنووکەش بەری ئەو هەموو ڕەنجەی لەبەر دەستدا بوو، لە شەو و ڕۆژێکدا کە ساڵەهای ساڵ چاوەڕوانی ڕۆژێکی وای دەکرد، ئاسمانی مەککە یەک پارچە نووری خودایی داپۆشی بوو، زۆر ئەوانی خۆش دەویست و بە دەنگی نزم و میهرەبانەوە بۆ ئەوان نزای دەکرد و لە کاتێکدا بۆ قۆناغێکی نوێ لە پێغەمبەرایەتیدا لە ناو لافاوی شەڕ و ئازاری بە ناحەقدا هەر ئەوان بوون بەرگەیان گرت، خوداوەند ئەرکی قورس و قارەمانانەی ڕووبەڕوو بوونەوەی شەڕی بەم و ئەو یارە لاوازانەی سپاردبوو ئەوانیش مەردانە شانیان دابوویەبەر، بە دەنگی بەرز هاواری (الله اکبر)یان چڕی بوو هاوارێکی ئاوا سەرسەختانە پێشتر لەناو عەرەبدا لە کەس نەبیستراببوو،

دێوەکەیان خستبوویە زنجیرەوە بەڵکو بۆ فریشتەیان وەرگێڕابوو هەر ئەو رۆژێک وتبووی دێوەکەی من موسڵمان بووە.

ئەو یەکپارچە ئیرادە بوو، بەڵام ئیرادەیەکی کوێر نەبوو، بەڵکو ئیرادەیەکی بینا بوو. ماوەیەکی کوورت گوێی لە شاتە شاتەکانی نەفس بوو کە هەر زوو وەک هەورێکی نەزۆک لەبەر تینی گەرمای بیاباندا رەوایەوە. هەنووکە ئیدی بۆ دونیای سکوت و بێدەنگی گەڕابوویەوە.

ئای چەند پڕ ئازارە ئەزموونەکانی پێغەمبەرایەتی، بەداخەوە تەنانەت نزیکترین هاورێکانیشی نەیاندەتوانی بەتەواوەتی وێنای بکەن راستە ئەوان بە تەواوەتی لێی غەریب نەبوون تاڕادەیەک پێغەمبەرایەتیان تێدا بوو، بێ ئەو ئەزموونە نەدەشا هەرگیز نەدەشا لێی تێبگەن و ببنە یاری ئەو، سەحابە و یار کێیە ئەگەر چەشەی ئەزموونی تۆی نەکردبێت، ناڵیم ئەوان نەبوون بەڵام بە راستی ئەو تەنیا بوو، ئەو تەنیاترین دوایین پێغەمبەر بوو، هەر بۆیە کاتێک دوایین ئایەتی بۆ دابەزی یەکێک لە یارانی گریا و وتی من بۆ زەوی دەگریم ئیدی بارانی وەحی بەسەردا نابارێت وەک بڵێی بۆتە بیابانێکی بەرەهوت.

ئەمە بوو هونەری پێغەمبەرانە کە بەهاکەی وێرانکردنی گۆی زەوی نەبوو، بەڵکو قوتارکردنی بوو، ئەو هەنووکە بە رۆحی مەککەی گرتبوو، لەو سەری بێ سەروبەریەوە رزگاری کردبوو و بە بارتەقای گیانی خۆیی و هاورێکانی لەو وێرانەیەی پێی تێنابوو و هێنابوویە دەرەوە.

ئیدی نەیدەویست پشوویەک لە جەنگ و ئاژاوە بدات بەڵکو دەیویست بۆ ئەبەد شەڕ و ئاژاوە کۆتایی بێت، ئیدی ئەزموونی پێغەمبەرانە لە دایکبوونێکی نوێدا بوو، ئەو کە هەرگیز بۆ ئەو شتانە تووڕە نەدەبوو کە تەنها بۆ خۆی بوو، هەروەها هەرگیز نزاکان بۆ خۆشی نەبوون مەگەر تەنها لەو بەشەیدا کە پەیوەندی بەوانی دیەوە هەبوو.

ئەو لە ئەوەڵ رۆژی پێغەمبەرایەتەوە (من)ی بەجێ هێڵابوو، هەر بۆیە لەو کاتی حوزورەشدا کە شەوی بیابان بە بەر پەنجەرەی چادرەکەدا تێپەدەری، ئاسمان بێ سەروبەریەکی رەش نەبوو تەژی بوو لە سکوت و وشەی نایاب، خەڵکی نووستوون و ئەستێرەکان بەسەر سەریەوە بوون، دووبارە هەر بۆ ئەون، لە تەک خودادا دەئاخفا.

هەنووکەش بەری ئەو هەموو رەنجەی لەبەردەستدا بوو، لە شەو و رۆژێکدا کە ساڵەهای ساڵ چاوەڕوانی رۆژێکی وای دەکرد، ئاسمانی مەککە یەک پارچە نووری خودایی داپۆشی بوو، زۆر ئەوانی خۆش دەویست و بە دەنگی نزم و میهرەبانەوە بۆ ئەوان نزای دەکرد.

ئێستا بۆ قۆناغێکی نوێی پێغەمبەرایەتی چاک دەیزانی کە خۆی چیە و داوای چی دەکات، ئەو شتەی هەر ئەو شەوە بە نەوتراوی لای خۆی هێڵایەوە و دوای ئەو شەوەش لە رەفتار و وتار و رووگەیدا بێ ئەوە ناوی بهێنێت ئاماژەی پێدەدا، یارانیشی ئەوانەی باش دەیانناسی بەو ئاماژە نەوتراوانە دەگریان، ئەو نەوتراوەی ئەو شەوە کە بێجگە لە بێدەنگی و دەنگی خودا هیچی تر نەدەبیسترا، قۆناغی دوای کرانەوەی فەتحی مەککە بوو کە لە دوا پێغەمبەرایەتیدا رووی دەدا.

ئێستا کاتی پارشێو بوو کە بەیانی هەژدەی رەمەزانی ساڵی بەجێهێڵانی مەککە بوو دەبوو کەسەکانی دەوروبەری بۆ پارشێو بەخەبەر بهێنێت و پێش ئەو کەڵەشێرەکانی مەککە ملیان بەرەو ئاسۆ درێژ بکەن و بە قوقە بانگی خۆر بکەن کە زوو کە! رابە و خەریکە شەو توولی کێشاوە و خەریکە وردترین ئەستێرەی بەرەبەیان بکوژێتەوە.

هەرواش بوو دوای خوردنی جامێک شیر و چەند دەنکە خورمایەک فریشتەی رۆژ دەروازەیەکی گچکەیان لە روناکی لە قووڵایی تاریکیدا واڵا کرد، ئیدی گوێی لە دەنگی بیلال بوو بانگی بەیانی بێژا ئیتر ئەمیش لە چادرەکەی دەرچوو بۆ جەماعەت و بۆ مزگەوت رۆشت کاتێک پێی بە لمی بیابانەکەدا دەنا، دەرۆشت و عەرد لەژێر پێیدا دەنگی دەدایەوە، لمی شارێک کە موحەمەد پێی ناوەتە سەر هەواکەی هەڵمژیوە.

سەحابەکانیش هەر کامیان لەو تاریک و روونەدا لە فریشتە دەچوو کە بە باڵەکانیان لێکدابێت، لەو ناوەدا دەهات و دەچوون، فریشتەی ئاسمانیش بۆ ئاوەدانی مەککە دابەزی بوون، تا نوێژیان ئەنجامدا و لە خزمەت پێغەمبەر دانیشتبوون ئەو کاتەی ئاسۆ وەک گوڵی لاولاوی شین گەشابوویەوە.

ئەو دەمەی لە مزگەوت دەرچوون پێغەمبەر لە ناویاندا وەک خۆری سپێدە دەدرەوشایەوە، باڵندەکان هەر هەموویان لەگەڵ بەرەبەیان خەبەر بووبوونەوە دەیانویست سڵاو لە پێغەمبەر بکەن، لە هەر شوێنێکەوە دەڕۆشت، لە یەکە یەکە ئەو بەردانەی دەدا کە زیکریان دەکرد و بە ئاگا دەهات لەو شوێنەی کە هەر لەوێ پێگەیشتبوو، هەستی بە نزیکی فەزای نوورینی خودایی دەکرد کە لە هەموو جێیەکدا زیاتر هەستی بەو نزیکیە دەکرد.

دەنگی هەناسەدانی شاری لە بێدەنگیەکی قووڵدا دەشنەفت، مەککە نەگیرا بوو بەڵکو رزگاربوونی تێدا پێگەیشتبوو، ئەو کاتەی لەپڕ خۆر لە شاخەکەوە دەرکەوت، هەموو شوێنێک دەدرەوشایەوە، جگە لە سوپا سپی پۆشەکە خەڵکی ناو شاری مەککە هێشتا لە خەوی قووڵدا بوون، بەڵام رۆحی نوێی شار بانگی دەکردن کە لە خەو رابن من لێرەم.

پێغەمبەر بەو بەیانیە شاری بە سەر کردەوە خۆر بە سەریدا پرشنگی دەدا هێندە زیاتر مووی رەشی و ریشی و رەنگی پێستی دەدرەوشانەوە، هەندێ جار بۆ رابردووی چاوی پڕ لە فرمێسک دەبوو، سەری لەو پیرەژنانە دا کە وەک کوڕی خۆی ناویان دەهێنا، کە هەنووکە بووبوونە پیرەژن و وەک مرۆڤێکی گچکە لە بەردەم ماڵەکانیاندا خۆیان کۆم کردبوو کە ئەوان هاوڕێکانی خەدیجە بوون بەسەری کردنەوە.

ساڵەهای ساڵ چاوەڕوانی رۆژێکی وەها بوو کە بە شارە بەخۆر سووتاوەکەی بگاتەوە، خۆر خەریک بوو رمێک بۆ ئاسمان کشا بوو، کەم کەم رەنگی بیابان مۆر هەڵدەگەڕا و بە سێبەر دادەپۆشرا، ئەو ئیدی بۆ بەردەم چادرەکەی خۆی گەڕابوویەوە، خەڵکی مەککەش لە خەو هەستابوون هەستیان دەکرد دونیا گۆڕاوە و وەک رۆژەکانی دی نیە، بەڵام رۆژ هەر رۆژ بوو رۆژ نەگۆڕابوو بەڵکو ئەوە ئەوان بوون کە گۆڕا بوون، هەموویان لەبەردەم مزگەوتدا کۆبوونەوە و بە تەمابوون موحەمەد بێت نوتقیان بۆ بدات و بڕیارەکانی خۆی رابگەیەنێت.

هەر لەو کاتەدا بینیان کە ناوچاوی وەک خۆر روون و ژێر پێی وشترە خێراکەشی هەوری تۆز بوو بە خێرایی وەک ئەوەی بەدەم بایەکی خێرای ئاسمانیەوە دەبزوا، بە بینینی ئەو گوڕیان تێکەوت و گەشانەوەت و نوتقیدا بە چاوی پڕ لە میهرەوە سەیری هەمووانی دەکرد، وەسف و سەنای خودای کرد بەو وەسفەی شایستە بێت.

بە جۆرێکی تایبەتی پێغەمبەرایەتی تەژی لە شەرم و بێفیزی پێی وتن: خەڵکینە! خودای گەورە خاکی مەککەی حەرام کردووە لەو رۆژەوە ئاسمانەکان و زەمینی بەدیهێناوە، لەبەر ئەوە تا رۆژی قیامەت بە حەرامی دەمێنێتەوە، بۆ هیچ کەسێکی ئیماندار نیە، درەختێکی ببڕێت، ئەگەر کەسێک ئەو کارەی کرد و وتی: پێغەمبەر کوشتاری کردووە، بڵێن خودا ئیزنی داوە بە پێغەمبەر و ئیزنی نەداوە بە ئێوە، منیش (شەرمی دەکرد دەیوت، منیش ئاخر رۆحی گەورەی وەک ئەویش شەرمی خۆی هەیە لە بەردەم خەڵکدا ناوەوە خۆی پێشان نادات)، منیش کاتێکی یەک رۆژەم بۆ حەلاڵ کرا و پاشان مەککە وەک جاران حەرام کرایەوە، با ئەو کەسەی ئامادەیە ئەو هەواڵە بگەیەنێت بەو کەسەی لێرە نیە.

ویستیان پرسیار بکەن بەڵام کاتێک لە پرسیارکردن دەوەستین ئیدی وەڵام بۆ خۆی دێت وتی: نابێت درکێکیشی لێ دەربهێنرێت و راوی تێدا بکرێت و ونبووی هەڵبگیرێتەوە، مەگەر کەسێک بیناسێتەوە و داری سەوزی ببڕێتەوە دەیویست مەککە شاری رۆح بێت هەروەک ئەو کاتەی باوک و کوڕەکە (ئیبراهیم و ئیسماعیل) بۆ ئەوەیان دروستکرد (عەباس) دەیوت: پێغەمبەری خودا بێجگە لە گیای (ئیزخر) چونکە ماڵ و حاڵیان بەو گیایە دادەپۆشن.

فەرمووی: کەواتە بێجگە لە گیای ئیزخر.

بەڵام بێ مرۆڤ کە بیکەنە شار رۆح نابێتە شار، دەبێت مرۆڤ پارێزراو بێت، بەنی خوزاعە پیاوێکیان لە (بەنی لەیث) کوشتبوو بە بیانووی گرت و وەک نوتقدەرێکی بە دەسەڵات لە چارەسەردا وتی:

خێڵی خوزاعە ئیدی کەس مەکوژن، یەکێکتان کوشتووە دەبیت خوێنی بدەم. بەمەش کە خۆی خوێنەکەی بدات هەم دەسەڵاتی خۆی سەلماند و هەمیش رێی لەوە گرت: لە ترسی تەماح و نەدانی پارە بەرەنگاری وتەکانی ببنەوە، ئاخر مرۆڤی دەشتەکی لە شەهێن تیژتر، ئاوەزی لە بەرژەوەندی خۆیدا وردترە.

بۆ لەمەو دواش وتی: لە دوای ئەم ساتەوە هەر کەسێک کوژرا، کەسوکاری دوو مافیان هەیە، یان بکوژەکەی دەکوژرێتەوە یان خوێنەکەی دەدرێت.

ئەمەش مانای حورمەت و پارێزی تاک و رێگری لە شەڕی خێڵەکانیش کە ئەوەندە بەسەر یەکتردا سەردەکەوتن و لە یەکتریان دەکوشت تا ماندوو دەبوون، ئاخر سەرکەوتنی بەردەوامیش ئەگەر درێژەی پێ بدرێت مرۆڤ ماندوو دەکات.

ئەوە مانای بوونێکی نوێ بوو لەناو عەرەبدا ئەمە موعجیزە بوو زۆر بە روونی روویدەدا، موعجیزەیەک ئەوانی عەرەب تێی دەگەیشتن، ئاخر دایکانی عەرەب کوڕەکانیان بۆ مردن گەورە دەکرد نەوەک بۆ ژیان، ئەمە بۆ دواتر پێچەوانە دەبوویەوە، هەر بۆیە یەکێک لە دەشتەکیە ژیرەکانی یەمەن لەو شوێنەی داماوانە لێی دانیشتبوو ژیرانە هەستایەوە و وتی : ئەمەم بۆ بنووسە!.

پێغەمبەریش وەک عەرەبێکی لەو ژیرتر پێشانیدا کە ئەو هەموویان دەناسێت ئەو مرۆڤ و بیابان دەناسێت فەرمووی: ئەوە بنووسن بۆ (ئەبوشات)

وای چ رۆژێک بوو ئەم رۆژە لە ژیانی مەککەدا، پەیامەکەی موحەمەد بە تەواوەتی نمایان بووبوو، وەک نەریتی شاری لە سەر بیابانی نائینسانی و هەوەس و حەز رۆنراو لە سەرەتاوە بە گومانەوە مامەڵەیان لە تەک گوتنەکانی دەکرد، بەڵام دوایی گوتەگەلێکی لە زار دەردەپەڕین کە ئەوانی دەسووتان، ئیدی دیوی نەفسیان دەیقوچاند و لە شار هەڵدەهات یاخود موسڵمان دەبوو لە کاتێکدا ئەو دەبوو تۆڵەیان لێبکاتەوە کەچی یارمەتیدەدان، ئەو ئیدی سەفەرەکەی گەیاند بووە کۆتایی، شەرمی دەکرد لە بینینی رەنجەکانی بەرەی ئادەمی دوای وتەکانی هەموویان رۆشتن لە بڵێسەیان تێوە ئاڵابوو.

تەنها یارەکانی مانەوە لە موهاجیرەکان و ئەنسارەکان، بینیان مەککە بە تەواوەتی رزگاربووە هەنووکە مەککە خاوەن نهێنیەکی گەلێک قووڵە.

ئەنسارەکان لەناو خۆیاندا بوو بە مقۆمقۆیان، بۆ یەکتریان دەڕوانی و دەیانوت، پێتان وایە دوای رزگاربوونی مەککە پێغەمبەر لە شارەکەی خۆیدا بمێنێتەوە؟ لەو کاتەدا پێغەمبەر بەسەر گردی سەفاوە بوو نزای دەکرد و لەو دەوروبەرەی دەڕوانی و نزای دەکرد.

هەزاران بەڵکو ملیۆنانی وەک تۆ لەسەر ئەم گردۆڵکەیە رادەوەستن و هەمان جۆری تۆ بیر دەکەنەوە.

هەرچەند کەسیان وەک ئەویان پێناکرێت، بیری لە ئەرکەکانی خۆی دەکردەوە کە دەبێت تا دەرگای بەهەشت هەر کار بکات، گوێ لە ویزە ویزی بای بیابان دەگرت، گەردەلوولێکی خەتەرناک پێیدا دەدا و رەنگی گڵی دەبەخشیە لمی سووتێنەر، بە درێژایی چەندین سەدە قرچەقرچی ئازارەکانی مرۆڤی بە گوێی ئەودا دەدا، بۆیە تەنها پەرستنی رووت تەسەللای نەدەدا، دەبوو پردێک لێبدا ئەویش بە چ زەحمەتێک کە درێژاییەکەی هەر لە خۆیەوە تا قیامەت بێت بەسەریدا مرۆڤەکانی لە ئاگری دۆزەخی عومریان رزگار بکات.

ئێستا ئیدی گەیشتبووە سەبووری ئێش و ئازاری پێغەمبەران، ئازارەکانی ئەوان رەنجەکانیان لە پێناو مرۆڤدا لەو دیو و لە دونیای دیەوە نرکە نرک دەنگیان دەهات.

ئەمیش وەک ئەوان ئازارێک بەر مرۆڤ دەکەوت سوێیەک دەکەوتە گیانی، ئەگەر یارمەتی خودا نەبێت کێ تینی بەرگەگرتنی ئەو هەموو ئازارەی هەیە.

فریشتە هەواڵی نیازەکانی ئەنساری پێدا ئەویش بیری لەوە کردەوە کە مرۆڤ هەرچەند گەورە بێت بەڵام ناتوانێت لە سروشتی خۆی واوەتر بڕوات، دونیا راستیە و رۆحی مرۆڤیش پۆشراوە بە جەستە و دەروونیش پڕە لە خەیاڵ و وەسوەسە.

ئەو دەیزانی چیانوت: بەڵام ویستی لە زاری خۆیانی ببیستێت، بەڵام شەرمیان کرد بۆیە شەویلگەی خوارەوەیان لەرزی و نەیانتوانی بیڵێن. پێغەمبەر داوای لێکردن کە بیڵێن و وتیان، پێغەمبەر بۆ ئەوان چاوی پڕ بوو فەرمووی: پەنا بەخودا ژیان ئەو ژیانەیە لەناو ئێوەدا بێت، مردنیش ئەو مردنەیە لەناو ئێوەدا بێت، ئەو باش دەیزانی وشەکان هەڵبژێرێت.

***　　***　　***

خەڵکی مەککە پێغەمبەر و یارانی بە رەفتاریاندا ناسیوە، بەختەوەری لە ناوچاویان بریسکەی دەدا، بینیان کە رۆحیان ئەوان بۆ بەردەرگای بەهەشت رێنمایی دەکات، رازی بوون حاڵێک بە گۆرانی خۆیان بەدەستیان هێنابوو، لەناو خۆیاندا شادمانی جێی گرتبوو، ئەمە مانای گەیشتنی میوەی داری رۆحیان بوو، بەمەش رێگەیان لە گەنینی

جەستەیان گرتبوو، ئەمان هەرچەند پشتیان بە ڕێنموونیەکانی عەقڵیان گرتبوو، بەڵام نەیانتوانی بوو ڕێ لە داتەپینی ئیرادەیان بگرێت، ئەوە ئیتر ئیمان بوو لە شوێنێکی وای سەریاندا کە عەقڵی دیلی حەز فەرمانی بەواندا دەدا تا ئەوپەڕی ئازادبوون تاوی دەدان.

ئەمانیش تازە چاویان کرابوویەوە زانیان ئەو ئازادیە تەنها بە بەئیمانهێنان بەدەست دەهات هەر بۆیە بڕیاری بەیعەت و ئیمانیان بەو کەسەدا کە تا ئەو کاتەش پێیان دەوت موحەمەد دوای ئیمانیش کە پەیمانیکی قووڵ بوو بە پێغەمبەر دەگۆڕا.

هەر بۆیە پێغەمبەر لە سەر گردی سەفا بۆی دانیشت و عومەریش لە خواریەوە بوو خەڵکەکەی ڕێک دەکرد هەموو مەککەش بۆ ئیمانهێنان وەستابوون لە سەر گوێرایەڵی و بە گوێکردن، بەگوێرەی توانا بەیعەتیان بە پێغەمبەردا.

هەر لەوێش ژنانیش وەک پیاوان بەیعەتیاندا.

پێغەمبەر فەرمووی: بەیعەتتان لەگەڵ دەبەستم لە سەر ئەوەی هاوەڵ بۆ خودا پەیدا نەکەن، بە فەرمانی پێغەمبەر ژنان بەیعەتیان بە عومەردا هاوەڵ بۆ خودا پەیدا نەکەن.

پێغەمبەر: دزیش نەکەن.

هیندی ژنی ئەبوسوفیان وتی: ئەبۆسوفیان پیاوێکی ڕژدە ئەگەر کەمێک لە ماڵەکەی ببەم ڕەوایە؟

ئەبوسوفیان وەستا بوو وتی: ئەوەش کە بردووتە هەر حەڵاڵە.

پێغەمبەر پێکەنی و دانە سپیەکانی بریسکانەوە و هیندی ناسیەوە وتی: ئەوە تۆ هیندی؟

هیند شەرمی کرد کەچی بە حەمزەی مامی پێغەمبەر و موسڵمانان کردبوو، وتی: بەڵێ، ئەی پێغەمبەری خودا تکات لێدەکەم، لە کارەکانی پێشووم خۆشبە، خودا لێت خۆش بێت.

پێغەمبەر فەرمووی: لە سەر ئەوەش نابێت زینا بکەن.

هیند وتی: بۆچی ئافرەتی ئازادیش زینا دەکات.

پێغەمبەر فەرمووی: نابێت ڕۆڵەکانیان لەناوبەرن.

هیند وتی، بە مناڵی پەروەردەمان کردن کەچی ئێوە بەگەورەیی هەمووتان کوشتن ئێوە و ئەوان باش دەزانن. ئاخر (حەنزەڵە)ی کوڕی لە شەڕی بەدردا کوژرا بوو.

عومەر بەم گوتەیەی هیند هێندە پێکەنی کەوت بە پشتدا.

پێغەمبەر خوێن و بە کوشتدانی بە عادەتی عەرەب دەزانی کە ئەو کەوتبووە وێرانکردنی، پێکەنینەکەی عومەریش بۆ گەورەیی ڕۆحی پێغەمبەر بوو کە ژنێک بەو ئازادیە لەبەردەمیدا دەدوا کە جەرگ و دڵی مامە خۆشەویستەکەی دەرهێنابوو.

کێ ئەو گوڕەی هەبوو قسەی مرۆڤیکی وا وەربگرێت و بێ کاردانەوەش بێت ئەگەر پێغەمبەر نەبێت، بەخودا ئەم پێغەمبەرانەش مرۆڤگەلی سەیرن کە ئەوە دوایەمین ترەمەیان بوو ئەو لەبەر چاوی خۆی دەیبینی.

پێغەمبەر نۆزدە رۆژ لە مەککەدا بۆ رێکوپێک کردنی کار مایەوە، لە ماوەی ئەو نۆزدە رۆژەدا هەموو رووداوە دڵتەزێنەکانی مرۆڤ خۆیان نواند، ئازاری کۆیلەکان سۆزی ئەوی ورووژاند، دوای ئەوە بە ئازاری مرۆڤەکانەوە لە سەر سینگی بە سەر پشتی حوشترەکەیەوە کە بە جووڵەیەکی بە ریتم و راگرتنی ملی کە بەدڵنیاییەوە پێی بە پشتی بیاباندا دەنا رێگای بیابانی گرتەبەر.

رێگایەک لەو دیو مەککەوە دەستی پێکرد بوو رێگایەک بوو و خۆڵەمێشی  و کپ و لمی و قاقڕ هەزاران سەرباز بەدوایەوە کە عەباکەیان بە دەموچاویانەوە پێچابوو تا بای وشکی بیابان دەموچاویان نەسوتێنێت و گڕی تینوویەتی لەهەناویان بەرنەدا سوپایەک بێجگە لە سوپای فەتحی مەککە هەموو پیاوانی چەکداری قوڕەیشیش شوێنی کەوتبوون. ئەو لە پێش سوپاکەیەوە بۆ ئەوە دەڕۆشت لە کاتێکدا ئەو لەناو ئەواندا بوو لە کاتێکدا لە نێوان ئەو هەزاران فریشتەدا کە جیهانەکەی دیان تەنی بوو و ئەوانیش پێ بە پێی ئەو بە باڵەکانیانەوە دەڕۆشتن تەنها پەردەیەکی تەنک هەبوو. کە فریشتەکان لەو دیو و مرۆڤەکانیش لەم دیو ئەوانیان نەدەدی.

نۆزدە رۆژ بنەماکان و سروتەکانی ئیسلامی لە وانەی سەردەمی پێشووی بۆ جوداکردنەوە و فێری کردن کە فێر بن و فێر بکرێن، ببەخشن و کەمتر وەربگرن تێی گەیاندن ئەوەی ببەخشێت بەختەوەرترە لەوەی وەردەگرێت، ئەوانی مەککەش عاشقی بوون حەزیان لێ بوو لای ئەو ببینن و ببینرێن، بە زمانی ئارامی و خۆشەویستی رێنماییکردن و بۆ هیدایەت و خوداپەرستی فەرمانیدا بە (ئەباسەعیدی خەزاعی) پایەکانی حەرەم تازە بکاتەوە کە شایستە بەم رۆحە تازەی مەککە بێت.

سریەکان بە بیاباندا بە هەر چوارلادا بنێرێت تا خەڵکی بانگ بکەن بۆ ئیسلامەتی، هەموو بتەکانی دەوروبەری مەککە کە رەمزی ئەو شتە بوو لە ناو مرۆڤەکاندا بوونی هەبوو ئێستا کە نەمابوو ئیدی دەبوو ئەوانیش بشکێنرێن، بانگەوازێک لەناو مەککە بانگی کرد کە لە هەمان کاتدا بانگی ناو هەناویشیان بوو کە بتی ناو ماڵەکانیان بشکێنن کە بتی ناو دڵیان شکابوو. ئیدی بەرەو بیابان دەرچوو، دوای ئەوەی تەمەنێک بیرەوەری تێدا زیندوو بوو بوویەوە، ئەوانەی لە مەککە بیرەوەریەکانی ئەو خۆرێک بوون ئاوا بوو بوون ئیتر جارێکی دی لە سەر زەوی هەڵنەدەهاتنەوە، ئەو دەیویست لە هەمووان خۆرێک هەڵبێت هەرگیز ئاوا نەبێت، تیشکێک لە چاوە عەرەبیەکانیەوە دەبینرا کە بۆ دووری پێ دەڕوانی.

# ٤

## شەڕی حونەین
## (دۆڕانی سوپای زەبەلاح و بیابانی تەژی
## بە خۆسازدانی وەحشیانە بۆ جەنگ)

لە رۆژانی داهاتوودا رووداوەکان بە شێوەیەکی خێراتر دەچوونە پێش، رووداوەکان هەنووکە تەنها رووداو نەبوون بەڵکو بەشێک لە شەکەتی و گۆشت بوون، دڵی دێوەکەی مەککە کەوتبوو بەڵام هەواڵی پێگەیشت کە تیرە عەرەبە دڵڕەقەکانی دوور لە مەککە خۆیان ئامادەی شەڕ کردبوو، بۆ ئەوان فرسەت بوو کە توانای خۆیان لەبری قورەیش بسەلمێنن کە گەورەی عەرەبن و درێژە بە نەریتی عەرەب لە شەڕ و خوێنڕێژی بسەلمێنن. کابرای حەکیمی عەرەب هەر زوو وتوویەتی: لە دڵی هەر عەرەبێکدا بڵێسەیەک هەیە، ئەو بڵیسەیە بکوژێتەوە لە عەرەب بوون دەکەوێت، بڵێسەی هەڵکیشانی شمشێر و خوێن.

هەنووکە بیابان تەژیە بە خۆسازدانی وەحشیانە بۆ جەنگ، پێغەمبەر لەوە تێگەیشت ئەو دونیایەی ئەو دەیەوێت لەم بیابانەدا رۆی بنێت هێشتا ماویەتی سەربگرێت، ئەو دەشتەکیانە هەموو سەیرکردنیان پڕ لە رق بوو دەبوو وایان لێبکات ببنە مەخلوقی ناسکی وا لە رۆح تێبگەن.

وتیان خێل و تیرەکانی (هەوازن) و (سوقەیف) و (نەسر) و (جەشم) و (سەعدی کوڕی بەکر) و چەند تیرەیەکی (بەنی هیلال) کە لە نەوەکانی (بەنی عێلان)ن، لە پشتی

مالیکی کوڕی عەوف کە هەموو سەروەت و سامان و ماڵ و منالّی داوەتەبەر و بیابانی لەتەک خۆی جولاندوە و دەڵێت بە خزم و خێڵەکەی ئەگەر شوێنم نەکەون بۆ شەڕی موحەمەد ئەوا شمشێرەکەم بە راوەستاوی دادەنێم و خۆمی بەسەردا دەدەم تا لە پشتمەوە دەربچێت و ئەوانیش شوێن گەورەکەیان کە ئەوە کەوتوون و بە بوون و نەبوونیانەوە.

ئێستا هاتوون و تا نزیک شیوی (حونەین) کە تەنها یانزە میل لە مەککەوە دوورە بارگە و بنەیان خستووە و بۆ شەڕ خۆیان ئامادە کردووە، عاقڵەکان پێی دەڵێن کارەکەت هەڵەیە بەڵام ئەو هەنووکە بووەتە شەیتانێکی تەواو و بێجگە لە شەڕ و خوێن هیچ نابینێت.

پیرترین شارەزای خێڵەکەی (درەیدی کوڕی سەممە) چووە لای مالیک، ئەوەی بینی کە مالیک کردبووی کەمتر پیاوی عاقڵ دەیکات دەنگی گریان و هەرای ژن و منالّ و باعە و بارە و حیلە و پرمەی ئاژەڵان و گەرمای خۆر و تەپوتۆزی کە وەک دێو سەری لە سەر بیابان دەبزوێنێت نەیدەتوانی بیری ناو کەللەی وا رێک بخات کە لێی تێبگات، وتی: بۆچی ئەم بەزمەت ناوەتەوە؟

مالیک وتی: ویستم لە پشت هەر پیاوێکەوە ماڵ و منالّەکەی دابنێم تا غیرەت بیگرێت و شەڕ بکات.

درەید وتی: بەخودا تۆ تەنها بۆ شوانی باشی، دۆڕاو چی پێدەکرێت؟ تۆ ئەگەر سەرکەویت تەنها پیاوێک بە کەڵکت هاتووە کە بتوانێت شیر هەڵبگرێت، خۆ ئەگەر دۆڕایش ئاوا حەیا و ئابرووت دەچێت.

ماڵ و منالّەکەت بۆ دوو قەلای مەحکەم دوور بخەرەوە، ئەگەر سەرکەوتیت ئەوا پێت دەگەنەوە خۆ ئەگەر بشدۆڕێیت ئەوا لانی کەم ژن و منالّەکانت پارێزراو دەبن. بەڵام خولیای بە گەورەبوون سەبر و ژیری بیابانی لەبیر بردبوویەوە، وتی: تۆ پیرێکی خەلەفاوی دیسان وتیەوە: هەموو هەوازین (کە دوای قورەیش گەورەترین خێلی بیابانەکە بوون) لەگەڵم دێن یان ئەم شیرە لە سکم دەچەقێنم.

پیاوانی دەوروبەری کە دەتوت کۆمەڵێک چەتەی بێگیانی رەشپۆشن ئەلعان لە دۆزەخ هاتوونەتە دەرەوە، وتیان، ئێمە گوێرایەڵی تۆ دەبین. سیخورەکانی مالیک هاتنەوە کە سوپای موحەمەد گەیشتووە، هێندە گەورە بوو ئەژنۆیان شکابوو وتی چیتان بینی: وتیان مرۆڤی سەرتاپا سپیمان بینی بە سەر ئەسپی رەنگ تێر (رەسەنەوە بوون) دەبینی چیمان بەسەرهاتووە.

دورەید وتی: من شتی وام نەدیوە و سەرم لێی دەرناچێت.

سوپای موسڵمانیش دەبزوا و تیشکی خۆریش بەسەر لمی بیاباندا دەخزا و تۆزاوی بوو ڕووداوێکی گەورە لە مەملەکەتی بیاباندا ڕووی دەدا، بە تین و تاو بەرەو گەورەترین و پیرترین داری بیابان دەبزوان کە دەشتەکیەکان چەک و تفاقیان پێدا هەڵدەسوی و خوێنی ئاژەڵیان بە لمی بیاباندا بۆ دەسوی و قوربانیان بۆ دەدا.

هەندێک لە تازە موسڵمانەکان وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا تۆش درەختێکمان بۆ دیاری بکە هەروەک ئەوان درەختێکیان هەیە. پێغەمبەر لە کاڵی تێگەیشتنی ئەوان تێفکرا و هۆشیاریدا بابەتەکە زۆر و کەمی نیە بەڵکو گۆڕانکاریە و پێی وتن (الله اکبر) سوێند بەوەی گیانی من بەدەستە ئێوەش گوتەکانی شوێنکەوتوانی (موسا) دووبارە دەکەنەوە کە دەیانوت: خودایەک لە زەویدا بۆ ئێمە دیاری بکە هەروەک چۆن ئەوان لە زەویدا خودایەکیان هەیە، زانی کە جانەوەری نەفسی بتپەرستی ئەوان مردووە بەڵام هێشتا دڵی لە ناودڵی ئەواندا ترپەی دێت دواتر وتی، ئێوە قەومێکی نەزانن، ئەوەی دەڵێن شوێن پێهەڵگرتنی خەڵکانی دیکەیە، واتە شوێن پێی خەڵکانی دیکە هەڵدەگرن و گوێ نادەنێ.

هەندێک لایان بۆ ژمارەی زۆری سوپاکەدا کردەوە کە لە حاجی لەقلەقی دەکرد لە کاتی نیشتنەوەدا باڵەکانی درێژکردبێتەوە وتیان: بۆ لەمەو دوا لەبەر کەمی ژمارەمان قەد شکست ناهێنین، ئیدی شانازی پوچی مرۆڤ دەرکەوت کاتێک هێشتا نەگەیشتووە و لە بابەتی چۆنیەتیدا لە چەندێتی دەڕوانێت، پێناخۆش بوون بوویە پێکەنینێک لەسەر دەموچاوی دەرکەوت لە ڕاستیدا پێکەنین نەبوو، بەڵکو کرژ بوونی دەموچاوی بوو.

ئەمەش مایەی دەرسێکی گەورە بوو کە لە ڕووداوێکی گەورەدا لە بەڵایەکدا خۆی دەبینیەوە کە ئەمرۆ لە بیاباندا بەسەریاندا دەهات. ئەوان غەمبار دەبوون و ئەویش بێخەتا دەبوویە شەریکە غەمیان، بێ ئەوەی بەوان بڵێیت لە دڵی خۆیدا نزای کرد کە غووروری ژمارە زۆریان بێ زیانی گەورە تێپەڕێنێت.

ئوردووی لەبن نەهاتووی موسڵمانان بەرەو شیوی حونەین بێترس و بەنازەوە بزوا پێغەمبەر لە پێشەوە دەچوو و ئەندێشەیک ئازاری دەدا، لەپڕ ئەوە قەوما کە هەرگیز بیریان لێ نەکردبوویەوە کە بقەومێت، دوژمن پێش ئەوان گەیشتبوویە شوێنەکە دەستی قەدەر کوێر نەبوو ئەوانی دیتبوو کە لەو شیوەدا خۆیان حەشاردابوو و مەفرەزە و تیپەکانی بەو ناوەدا بڵاو کردبوویەوە، بەڵام خۆبەشت زانین  سوپای زەبەلاحی کوێر کردبوو ئەوانی نەدەدی.

مالیکی سەرکردە کە هێندە دەمارەکانی ملی هاوسا بوون خەریک بوون شەقیان دەبرد سکی پڕ لە فوو کرد و فەرمانیدا لێیان بدەن، ئیدی بارانی تیر وەک تەمێکی چڕ پێچرایە موسڵمانان و گیزە گیز وەک کۆچی هەنگ گیز گیز بەسەریاندا بارین، سەریان

لێ تێکچوو و نەیاندەزانی چ بکەن ئیدی هەر سوار بوو و خۆی و ئەسپەکەی کە دەیحیلاند و حوشترەکەی کە ملی درێژ کردبوو بۆ کشانەوە، مردن بە شوێنیاندا رای دەکرد و لەگەڵ هەر جوڵەیەک مەرگ هەنگاوێک لێیان نزیکتر دەبوویەوە.

لەبەردەمیشیانەوە لم بۆیان هەستابوویەوە و دەیدا بەدەموچاویاندا و بریندارى دەکردن، دوژمن یەک دەست دەیدا بەسەریاندا دەگەڕانە دواوە و کەس ئاگای لە کەس نەبوو، ئەبوسوفیان زۆر دواتر بیری کەوتەوە، لەو کاتەدا وتبووی وەڵڵا وا بڕوات تا دەریاش ناگیرسێینەوە، شەیتان لەسەر زاری پیاوێک لە دوژمن بەناوی (کیلدەی کوڕی جونەید) کە دانە سپیە زلەکانی بە دەرەوە بوو بە دەنگی بەرز پێدەکەنی و دەیوت: جادووەکە بەتاڵ بوویەوە.. ها ها جادووەکە بەتاڵ بوویەوە.

گۆڕەپانی شەڕ پڕ بوو لە دەنگەدەنگ و تۆز و خوێن و هەرا، پێغەمبەر رەنگی پێستی سوور هەڵگەڕا و لای راستی گرت و جارێکی تر زانی سەرووەری زۆر باشترە لە فەوزا، هاواری کرد، خەڵکینە لە دەورم کۆ ببنەوە لە دەورم کۆ ببنەوە، زانی کە مرۆڤ کاتێک هاواری بۆ مرۆڤ برد کە لە باتی خودا رزگاری بکەن، ئیدی ئەوی پێغەمبەریش لە بیاباندا لەبیر دەکەن، هەر بۆیە پێغەمبەر لای راستی گرت و هاواری کرد هۆ خەڵکینە وەرن لە دەورم کۆببنەوە، من پێغەمبەری خودام، من موحەمەدی کوڕی عەبدوڵلام.

خەڵکی وەک ئەوەی لە هەورێک بڕوانن زوو تێپەڕ ببێت و پاشان ون ببێت، ئاوا لەویان دەڕوانی، لەو کاتەدا بێجگە لە یارە نزیکەکانی و کەسی دیکەی بە دەوردا نەمابوویەوە، ئەوانی دی لە راکردندا قاچی خۆیان یاخود ئەسپ و حوشترەکانیان لەگەڵ شاخێ تۆزدا بە شوێنیاندا هەڵدەهات. بە سواری ئێسترەکەیەوە بۆ پێشەوە هەڵمەی دەبرد بە شێوەیەک بۆ پێشەوە دەڕۆشت زەندەقی سەرەختترین جەنگاوەری دەبرد و دەیوت:

من پێغەمبەرم من درۆ نیم.

من کوڕەکەی عەبدولموتەلیبم.

بەڵام ئەبوسوفیان کوڕی حارسەی ئامۆزای جڵەوی ئاژەڵەکەی گرت و عەباسیش پشتی وتیان، ئەی پێغەمبەر تکایە تکایە.. پەڵە مەکە!

چەند رۆژ لەمەوبەر هەمووی بۆی بووبوو بە گوێ، بەڵام ئەمرۆ کەس نەبوو هانای بۆ بەرێت.

ئینجا پێغەمبەر لە سەر حوشترەکەی دابەزی کاتێک لە مرۆڤ بێ ئومێد بوو لە خودا پاڕایەوە و بۆ ئاسمانی روانی فەرمووی:

خودایە! سەرخستن خۆت بنێرە!

ئەو لە خودا پاڕایەوە و خوداش لە سروشتی نادیاری خۆیدا جوڵە بە هەموو شتێک دەبەخشێت.

هەنووکە کە دەرسی مرۆڤی دادابوو کاتی هاتبوو جارێکی دی وەفریای کەوێت.

پاشان بە عەباسی مامی فەرمانی دا کە دەنگی دوو زەڵامی هەبوو، کە یاران بانگ بکاتەوە.

عەباس پڕ بە هەموو شیوەکە هاواری کرد : ئەریٚ کوان کوڕانی (سمرە).

ئیدی هەروەک دایکێک بێچووەکەکەی لە شوێنی گڕگرتوودا بەجیٚ هێشتبێت و دەگەڕانەوە، دەیانوت: وا هاتین وا هاتین.

هی وایان هەبوو حوشترەکەی بۆ وەرنەدەچەرخا، قەڵغانەکەی دەکردەوە گەردنی و شیرەکەی بە دەستەوە دەگرت و لە وڵاخەکەی دەگەڕا و بۆ لای پێغەمبەر دەگەڕایەوە، وەبیریان هاتەوە ئەوی پێغەمبەریان لەو بیابانەبە تەواوەتی لەبیر چووبوو سەد کەسێکیان بە سەرتاپای سپییەوە لێی کۆبوویەوە کە دەستیان بە شەڕ کردەوە.

پاشان بانگی ئەنساریش کراو موسڵمانان پۆل پۆل گەڕانەوە، پێغەمبەر فەرمووی (ئێستاکە شەڕەکە گەرم بوو) ئەگەرچی هیچ شانازی و قەرەباڵغیەک کاری تێنەدەکرد، بەڵام رووداوێکی گەورە لەویٚ روویدەدا خوێن و عارەق تێکەڵ بەیەکتری بووبوون، ئەنجا مشتێک خۆڵی هەڵگرت و بە رووی کافراندا فڕێدا و فەرمووی: (خودایە چاوانیان کوێر بکەیت).

خۆڵەکە نەبوو بەڵکو نزاکەی بوو بووە خۆڵ و چووە چاوی هەموو چەکدارانی دوژمن و بەرەو دوا هەڵهاتن، لە (سوقەیف) حەفتا پیاوی گەورەیان لیٚ بەجێما کە داڵەکان بە ئاسمانەوە دەسوڕانەوە تا زیندووەکان بە جەستەی شەکەت و بەرگی خوێنین و ناوچاوی عارەقاوی و رۆحی ماندووەوە ئەویٚ بەجیٚ بهێڵن و لە ئاسمانەوە بۆ خواردنی گۆشتی پتەو و پاڵەوانانیان دابەزنە خوارەوە، موسڵمانەکانیش دەستکەوتێکی باشیان دەستکەوت و رۆحیان هاتەوە و هەر کامیان پەیمانیان تازە کردەوە کە ئیدی سازش لەگەڵ زوڵم و زۆردا نەکەن، هەر ئەوان نەبوون بەڵکو هەموو ئینسان بوو کاتێک رێگە تەختە، بە هەبووەکانی خۆیەوە دەنازێت و لە کاتی بێسەروبەری و نادیاریشدا رۆحی دەڕوات و کە هاتەوە پەیمانی وەفا تازە دەکاتەوە.

کوشتنی دوژمن لە کاتی نەعرەتە و شەڕدا بەقەد هەڵهاتنی خۆش نیە، بۆ سوپا قەتڵوعامی تەنها کوژرانی جەستەیەتی و هەڵهاتن کوژرانی رۆحە، هەر بۆیە هەڵهاتنی سوپای مالیک کوژرانی رۆحی بوو.

سوپای دوژمن بە دڵی پڕ لە ترسەوە بە دوا توانای ئەسپەکانیان بە بیاباندا خەریکی هەڵهاتن بوون، سوپای ئیسلامیش وەک هەوری رەش بە شوێنیانەوە موڵک و

ژن و منالّیان وەک غەنیمەت لە بیابانی (جەعران) کۆکرانەوە و منالآن بە ترس و ژنەکانیش سەیرکردنەکانیان پڕ بوو لە ترس و رق، پێغەمبەر چاوەکانی دابڕی و بە شەفەقەتەوە لەو منالآنەی روانی کە خەریک بوون گیانیان دەدا، لە رۆلی مرۆڤ ئازاردانی خۆیدا سەری سوڕما.

بیابان بوو بووە شوێنی گەورەترین دەستکەوتی شەڕ لە کەمترین و لە بێ ئەرکترین شەڕ کە عەرەب هەرگیز دەستکەتی وایان نەبووبوو، شەش هەزار دیلی شەڕ و بیست و چوار هەزار سەر وشتر، چل هەزار سەر مەڕ، چوار هەزار هوقە زیو، موحەمەد دەولّەمەندترین پاشای عەرەب بوو، لەو دەشتە کاکی بە کاکیەدا کە لەم سەر هێلکە دانیێت لەو سەرەوە دیارە هەموو مەلّۆکراون، پیاوی دەستپاکی بە دیاریەوە دانا و دابەشی نەکرد تا لە غەزای تائیف گەڕایەوە.

لە ژنە دیلەکاندا شەیمای خوشکی شیری هەبوو کە ناسیەوە زۆر رێزی لێگرت و چاوانی پڕ لە فرمێسک بوون عەباکەی خۆی بۆ راخست و پاشان ئازادی کرد و بۆ لای کەسوکارەکەی گێڕایەوە.

سوپاکەی مالیک هەروەک رێویەکی بریندار بە کلکە درێژەکەیەوە هەلّهات و خۆی کرد بە قەلآکانیدا لە تائیف، پێغەمبەریش بە هەموو سوپاکەیەوە کە (خالیدی کوڕی وەلید)ی بە هەزار سوارەوە خستبوویە پێشی وەک کەشتیەکی زەبەلاح بەسەر خۆلّی بیاباندا دەبزوا، ئەگەرچی بۆ هەرکام لە سەربازەکان برینی چەو و لمی بیابان و نزم بوونەوەی خۆر بۆ سەر سەریان گران دەکەوتەوە بەلآم بۆ هەموو سوپا زۆر ئاسان دەکەوتەوە، هەمیشە وابووە ئازارەکانی تاک گەر مەبەستی بێت خۆشیەکانی گروپن، هەرواش دەبێت هەولّەکانی مرۆڤ بەردوام و ئازار دوای ئازار، ئازارەکانی گروپێش بێ چارەسەر.

کەشتی سوپای موحەمەد دەستکەوتەکانی شەڕی بەجێ هێلابوو و بە بیانووی سوپای مالیک لە بیاباندا بە مەبەستەوە ئەملاو ئەولای دەکرد، کاپتنی ئەم کەشتیە مرۆییە باش مرۆڤی دەناسی هەرگیز مەبەستی نەبوو ئازاری بەرامبەری بدات هەر بۆیە بو هەلێک دەگەڕا کە نەهێلّێت ئەو مەخلوقە کولّکنەی پێی دەوترێت بەشەر رووبەڕووی یەکتر ببنەوە.

لە (نخل الیمانیە) تێپەڕی و پاشان لە (قەرنولمەنازیل) و دواتریش لە (لیەش) لایدا، لەوێ قەلآیەکی (مالیک)ی لێبوو و روخاندی، سوپا لەسەر رۆشتن بەردەوام بوو تا گەیشتنە تائیف و ئابلّۆقەی خستە سەر قەلآکان کە سەربازەکانی مالیک لەوێدا خۆیان قایم کردبوو.

شەڕ و کوشتار، رمبازی و شەڕە جنێو و ئاگر هەڵدان و دەبابەی لە پێستە دروستکراو و کونکردنی دیواری قەڵاکان و دانانی پەیژە و هەوڵی سەرکەوتن بە سەر دیوار و پاشان هاندان و لێخۆش بوون، ترساندن و بڕینەوەی داری خورما و مێو و ئەوەی تائیفی لە هەموو بیابان جودا کردبوویەوە، هەموو خەڵکەکەی ناو قەڵاکانی ترسان و تکای خزمایەتیان لە پێغەمبەر کرد کە لەوێ بگەڕێت، بەڵام هەر خۆیان نەدا بە دەستەوە.

پرس و راوێژی کرد بە (مەعاویەی کوڕی نەوفەلی دەیلی) لەو عەرەبانە کە بیابان و خەڵکەکەی باش دەناسی و وتی: ئەوانە وەک رێوی وان ئەگەر درێژە بە گەمارۆکە بەیت دەیگریت، خۆ ئەگەر لێشیان بگەڕێیت زیانت پێناگەیەنن، پێغەمبەر بە خەڵەکەی وت سبەینێ ئێرە بەجێ دەهێڵین، خەڵکەکە زۆریان پێ ناخۆش بوو، ئەو مرۆڤی ناسی بوو ئامانجی ئەو گۆڕانی مرۆڤ بوو نەوەک کوشتن و بەزاندنی، بەڵام ئەوان کە ماڵ و موڵکی مالیکیان لە دەستدا بوو، حەزیان لە لووت شکاندنی و بینینی خۆی بە دیلی بوو.

پێغەمبەر فەرمووی دەی کەواتە پێکەوە یەک هێرش بەرن، هەرچەند دەیزانی ئاوا نابێت مالیک تفاقی یەک ساڵی لەناو قەڵاکەدا پێ بوو و هەستیان بە دەستەپاچەیی دەکرد، هەندێ بریندارییاندا و ئەوجا شوێن پێغەمبەر کەوتن بۆ لای غەنیمەتەکانی شەڕ، بەڵام ئەو هەر ساتە و بە بیانوویەک دابەشکردنەکەی دوا دەخست، مەبەستی بوو تائیف بێت و ماڵ و موڵکی بەرێتەوە بەڵام ئەوان درەنگ هاتن هەرچەند بێ شەڕ دەرگای قەڵاکەیان کردبوویە و خۆیان گەیاندە لای پێغەمبەر بەڵام ئەوە دوای دابەشکردنی هەبوو و نەبوویان بوو.

چی دەتوانێت رێ لە چڵێسی مرۆڤ بگرێت ئەگەرچی هەیشی بێت کە چاو دەبڕێتە ئەوەی برا ئینسانەکەی، پێغەمبەر دەستیکرد بە دابەشکردنی موڵک و ماڵەکان بە مەبەستی رازی کردنی گەورەی سەرەک خێڵەکان.

ئەبوسوفیان چل هۆقە زیو و سەد حوشتری پێدرا و سەد وشتریشی بە حەکیمی کوڕی حزام و ئەوەندەش بە سەفوانی کوڕی ئومەیە و ئەوەندەش بە حاریسی کوڕی لێدا و ئەبوسوفیان داوای بۆ یەزیدی کوڕی کرد پێغەمبەر ئەوەندەشی بە ئەوداو بۆ معاویەش هەر ئەوەندە و بە خەڵکەکەی تریش پەنجا و چل چلی دەبەخشی.

لە ناو خەڵکەکەدا بڵاو بوویەوە کە موحەمەد دەبەخشێت و لە هەژاری ناترسێت، ئیتر عەرەبی بیابانی بەسەریدا بارین و داوای موڵک و سامانیان دەکرد، هەڵهاتە بنە دارێک و عاباکەی سەرشانی کەوتە خوارەوە، فەرمووی خەڵکینە عەباکەم بدەنەوە، سوێند بێت بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە ئەگەر بەقەد دارەکانی هەموو (توهامە)

وشترم هەبێت بەسەرتاندا دابەشی دەکەم، دەبینن کە من نە چروکم و نە ترسنۆکم و نە درۆزن.

چەند تاڵەموویەکی لە پشت ملی وشترەکەی کردەوە و لێی روانی و بەرزی کردەوە و وتی: خەڵکینە من چیمە بەسەر دەستکەوتی ئێوە و بەسەر ئەم تاڵە موانەوە، جگە لە پێنج یەکی بەشی خۆم نەبێت ئەوا ئەویشمدا بە ئێوە. پاشان بەشی هەموو ئەوانی دی دا و کاتێکیش ئەنسارەکانیش خەریک بوو مقۆمقۆیان بوو و پێی فەرموون: ئێوە بەوە رازی نابن کە ئەوان بە وشتر و مەڕ و ماڵاتەوە بڕۆنەوە و ئێوەش بە پێغەمبەرەوە سوێند بە خودا ئەگەر بەدەست خۆم بووایە حەزم لێ بوو یەکێک لە ئێوە بم، بەڵام ئەوە هیجرەتە، مەبەستی ئەوە بوو کەس بە دەستی خۆی نیە کوڕی کێیە و لە چ بنەماڵەیەکە دیار بوو چڵێسی گەورەکانی قوڕەیشیش زۆر ئازاریان دابوو، بۆیە ئەنسارەکان گریان و بە فرمێسک ریشی تۆزاویان بوو بەقوڕاو.

ئەوجا (هەوازن) هاتن بەڵام درەنگ هاتن، موسڵمان بوون و داوای موڵک و ماڵی خۆیانکرد دوای ئەوەی ئەو هەموو شەڕ و کوشت و کوشتارەیان کرد بوو، پێغەمبەر زانی عەرەبەکان نایان دەنەوە، وتی: موڵک و ماڵەکەتان دەوێت یاخود ژن و منداڵەکانتان، خەریک بوو بڵێن موڵک و ماڵ بەڵام لەبەر شەرەف وتیان ژن و منداڵ، پێغەمبەر داوایکرد ژن و منداڵیان بدەنەوە.

بەڵام مرۆڤەکان، مرۆڤەکانی وەک خۆیان بە هەبوو و موڵکی خۆیان دادەنا و نەیان دەدانەوە تا لە پێغەمبەر شەرمیان کرد و دانیانەوە، تەنانەت پیاوێک پیرەژنێکی دەموچاو لۆچنی لابوو بە بەشی خۆی دەزانی نەیدەدایەوە پێغەمبەر دەستەیەک جلی ئاوریشمی بۆ کرد و ناردیەوە، ئەمرۆش هەر وەهایە مرۆڤەکان کۆیلە و موڵکی مرۆڤەکانن بەڵام نەوەک بەشێوەی بینراو و راستەوخۆ، بەڵام لە نێوان مرۆڤەکانی ئەمرۆ و مرۆڤەکانی ئەو رۆژەدا کەلێنێک هەیە، مرۆڤەکانی ئەمرۆ کاری مرۆڤەکانی ئەو رۆژە بە خراپ دەزانن لە قووڵاییشدا هەمان کاری مرۆڤەکانی ئەو رۆژە دەکەن.

(هەوازن) بە بێ ماڵەکانیان لەتەک منداڵ و ژنیان بۆ بیابان گەڕانەوە، موسڵمان بوون بەڵام بە دۆڕاوی و گەورەی خێڵەکانی دیش بە دەستکەوتی شەڕەوە بە سەرکەوتوویی گەڕانەوە و پێغەمبەریش بە حەسرەت و ئازاری مرۆڤەوە بۆ عەمرە بۆ مەککە گەڕایەوە، دواتر و بە رەزامەندی قووڵ بێ دەسکەوتی مادی بە بیاباندا گەڕایەوە.

جیاوازی زۆریش هەبوو لە نێوان چوونی یەکەمی بۆ مەدینە و ئەم چوونەیدا، خۆی بۆ سەفەرێکی دیکە دوای ئەو هەموو سەفەر و کوشت و کوشتارە ئامادە دەکرد، هەنووکە ئەو دێوەی لە بەرامبەریدا وەستا بوو ئیدی نەمابوو و ئیشێکی بە پەلەتری

هەبوو کە دەبوو بۆی تەدارەکی سەفەر بپێچێتەوە و بۆی بڕوات، لە سەروو هەموو ئەو سەفەرانەی کردبوونی سەفەرێکی دیکەی هەبوو!.

هاتەوە ناو شاری مەدینە ئەم هاتنەی زۆر جیاواز بوو لە هاتنی یەکەمی کە پێش هەشت ساڵ لەوەوبەر بوو، ئەو دەم دەرکراو و چەوساوە بوو هەموو عەرەب بە پانتایی بیابان دژی بوون، ئەو دەمەش ئەو کەسەی مەدینەی دیتبا دەیوت ئەو شارە کەیفی سازە، هەموو شار لە پێشوازیدا بوون، بەڵام ئەم پێشوازیەی جۆرێکی دیکە بوو.

گرنگی ئەم قۆناغە لەوەدا نەبوو بەسەر هەموو عەرەبدا زاڵ بوو، هەنووکە بە سوپایەکی دە هەزار نەفەریەوە خۆی دەکرد بە شاردا کە لەتەک ویدا هەموو خۆڵی بیابان بوو بە هەوری تۆز و خۆی کرد بە ناو شاردا. بەڵکو سەردەمێکی نویَ لە ژیانی پێغەمبەری خودادا دەستی پێکرد بوو کە دەشێت ناوی تەنیایی لێبنرێت.

هەرچەند تۆزی رێگای لە خۆی نەتەکاند بوو کە زوو زوو بەزمی تریان بۆ دەنایەوە. تەنیایەک لەو دیو سنوورەکانی چاو و گوێوەیە، ئەو هەوایەکی هەڵدەمژی بەر هیچ عەردێک نەکەوتبوو ئیدی خودا حافیزی لە نەبەرد و بیابان دەکرد، بیری لە تەمەنی خێرای مرۆڤ لە سەر زەوی دەکردەوە، مرۆڤ چیە بێجگە لە مشتێک بڵقی حەقیقەت  و وەهمی بەدەم هەواوە رۆشتوو کە لە شێوەی رووداوگەلی زوو تێپەڕدا بۆ ئاسمانی فراوانی (بوون) هەڵدین.

پێغەمبەرایەتی مانایەکی هەمیشەیی دەبەخشێتە ئەو حەقیقەتە زوو تێپەڕانە. کەواتە پێغەمبەرایەتی بەسەر بووندا نەسەپێنراوە، بەڵکو بەشێکە لە بوون.  پێغەمبەر دەیویست کاتی هەبێت لە ئاسمان و مانگ و ئەستێرە بڕوانێت. لە مرۆڤ و شار و ئاوەدانی تێفکرێت. سەیری بیابانی فراوان و دەریای دوور بکات وردە بەرد لە عەرزەوە هەڵگرێتەوە و بە سەرسوڕمانەوە لێیان بڕوانێت. هەر وەک ئەو کاتەی دەستی پێکرد ئەو کاتەی لە غاری حەراوە بەتەنها و لەگەڵ خەدیجەدا لە هەموو شت ورد دەبووەوە.

شەوان هەر خەونێکی دەدی وەک خۆی بە رۆژی روون دەهاتە دی، لە هەموو خەونەکانی گەورەتر سروش و ئەزموونەکانی پێغەمبەرایەتی بوو هەر لەو ئەشکەوتەدا چەند وشە بوو و پاشتر هەر ئەو وشانە بوونە پارچە کاغەز و ئەو کاغەزەش گەورە و گەورەتر بوو، بووە رووداو و خوێن و عارەق رشتن و رەنج و ئازار، ئەو و یارانی لەتاو ئەو رەنج و ئازارە پەلەیان بوو کە وەک خۆرێک لە پشتی تەپێکەوە بۆ ئاسمانی تەپەکە بەتەواوەتی دەرکەوێت، مرۆڤ بە پەلەیە بەڵام خودا پەلەی نەبوو، ئەوا ئێستا بە چاوی خۆی دەیدی چۆن تەنها پەلە نەکردنەکەی خودا باش بوو. دەتوت لە بەرزایی لوتکەی بەرزترین شاخەکانەوە کە دیبێتنی دەڕوانێتە هەموو جیهان.

# ٥

# گەڕانەوە بۆ مەدینە

## (ئەو تەنیاییەی ناوی تەنیایی پێغەمبەرانە)

دوای فەتحی مەککە هەموو خێر و شەڕ بۆ مەملەکەتی خودا هاتبوون، پێویست بوو لە یەکدی جودا ببنەوە، ئەویش لە ڕێگەی تاقیکردنەوەکانی خوداوە کە هەرگیز ڕێگەی ئەزموونەکانی روون و ئاسایی نین، ئاخر ئەو مامۆستایەکی سەیرە هەموو مرۆڤەکانی دەباتە مەیدانی تاقیکردنەوە، ئەگەر بۆیان بلوایە لە نیوەی ڕێدا بەجێیان دەهێڵا، بەڵام چونکە ئەو چاودێریانە ناچارن تا سەر بمێننەوە.

موسڵمانانی مەدینەش باش خۆیان بۆ ئەو تاقیکردنەوەیە ئامادە کرد، تاقیکردنەوەی ئەمان زۆر سەخت و گران بوو وەک کەسێک ئازارێکی گەورەی لە ناوەوە هەبێت، ئامادە بێت هەبوو و نەبووی لە پێناودا خەرج بکات. ئەوان نەیاندەتوانی ببینن ئەو جیهانەی پێغەمبەر بە بەشداری ئەوان خولقاندبووی بە زەبری ڕۆم بڕوخێت و هیچیشی بۆ نەکەن.

حەزیان لێنەبوو دەرچوونێکی تر و سەفەرێکی دی و شەڕێکی دیکەیان ببێت بەڵام ناچار بوون، شەڕی ئەمجارە سەخت و پڕ لە ڕەنج و ئازار بوو، بەڵام ئەوەی قەدەری ئازادی هەڵبگرێت دەبێت باری ئازاریش هەڵبگرێت. هەر بۆیە کاتێک گوێیان لە جارچیەکەی پێغەمبەر بوو بانگی جیهادی لێدەدا دەستبەجێ فەرمانەکەی ئەویان

جێبەجێ کرد و بە خێراییەک کە مرۆڤی دەخستە سەر هەوای بیرکردنەوە خۆیان بۆ شەڕ ئامادە دەکرد، لە هەموو لایەکەوە خێڵ و تیرەکان بەسەر شاری مەدینەدا بارین.

شارێک لە تارمایی شارۆچکەیەکی غەمباری دەکرد، هاتن لەبەردەم پێغەمبەردا وەستان کە فریشتە لە سەر سەریەوە دەهاتن و دەچوون و لە شەقەی باڵیان دەدا بەڵام ئەوان نەیاندەبینی، بەڵام ئەویان دەبینی بە سەر وشترەکەیەوە وەک مەخلوقێکی سەیر وەستا بوو و بەر لە پێیدا تا چاو بڕ بکات پڕ نوور و روناکی بوو.

ئەو سامی لە دڵیاندا هەبوو بەڵام زۆر خۆشیان دەویست و بە گوێیان دەکرد، ئامادەسازی دەکرا و سوپا ڕێکخرا و یارە هەژارەکانیش داوایان دەکرد کە لە تەک خۆیان بەرێت، ئەویش دەیفەرموو ڕێگە دوورە ئەو هەموو بیابانە تا (تەبوک) هیچ شک نابەم بەوێتان بگەیەنم، ئیتر ئەوانیش دەگەڕانەوە و فرمێسک دەزایە چاوەکانیان و بۆ بێبەش بوون لەو خەیرە گەورە دەگریان.

هەستیان دەکرد کاتێک کە لە پێغەمبەر جودا دەبوونەوە ئەوا تەنها بوونێکی تێکشکاو بەڕێ دەکەن، هەرچی دوو رووەکانیشە هێندە رۆژەکانیان تێدەپەڕاند هێندە نەدەژیان. هیچ بایەخێکیان بە دەرەنجامە دوورەکانی ئەوە نەدەدا کە رووی دەدا تەنیا دەیانویست کۆتاییە ترسێنەرە نزیکەکانی نەبینن، ئەوان هیچ بایەخیان لە تێگەیشتن لەوە نەدەدا کە رووی دەدا، تەنیا دەیانویست بەو شێوەیە روو بدات کە ئەوان حەزیان لێبوو ئەوان شتێکیان لە دڵیاندا دەشاردەوە. پەیوەندی بە نەخۆشی گومانەوە بەڵکو رق و ئیرەییەوە هەبوو، ئەوان هەرگیز هەوڵیان نەدەدا دێوە شارەکانی ناو هەناویان نەیەتەدەرێ.

ئەوان پێغەمبەریان خۆش نەدەویست، خۆ بەگوێکردن تەنیا یەکێکە لە دەموچاوە خڕەکانی خۆشەویستیە، ئەو هەمیشە باسی خودایەکی دەکرد ئەگەر ئەویان نەدیایە بۆ هەمیشە لەبیریان دەچوویەوە. ئەوان هەمیشە بە بیانووی بابەتێکی دەرەکی دەترسان. ترسیان لە هەناوی خۆیاندا بوو،ماڵی شەیتان لە شاری پڕ لە ترس و هەناوی ئەواندا بوو. شارێک لە هەر گەڕەکێکی هەڵدەهاتن دیسانەوە دەچوونە گەڕەکێکی دی لەوەی پێشووتر ترسناکتر بوو بۆیان.

بۆیە نەیاندەویست پێغەمبەر ببینن، هەر کات ئەویان دەبینی تەنیا ئەوەیان دەبینی کە بەرتر لە چاوەکانی خۆیاندا بوو ئەویش ترسان بوو شتێک لە ژیانیاندا ون بوو کە ئەوانی ترسنۆک کرد بوو، بۆیە هەر کام بە بیانوویەک ئەمجارەش لە ئەهریمەنی شەڕ لە راستیشدا لە دێوی خۆیان لە ناخیاندا خۆیان دزیەوە.

بێجگە لە ئەوان هەموو یاران ئەوانەی هەستیان دەکرد بەردەوام دەبنە مرۆڤێکی دی کاتێک لەگەڵ ئەودا دەبن، شتەکان لایان بچووک دەبنەوە و خوداش گەورە و

گەورەتر دەبێت. دەیانتوانی جیهانەکەی خۆیان لە کەللە و رۆحیاندا رێکبخەنەوە ئەوان مرۆڤە جوامێرەکان ئامادەن لە پێناو باوەڕیاندا بمرن، هەرچەندە زۆر گرانە لایان لە پێناو حەقیقەتیشدا بکوژن، بەڵام کە شەڕ پێویستی ناچاری بوو نەک هەر لە پێناویدا هەموو شت دابنێن بەڵکو تەقەلایانە لەو رێیە نەویستراوەدا بمرن.

ئیدی لە پێناو خۆ ئامادەکردن بۆ دوورترین شەڕێک و سەخترین رێگەیەک زۆرترین سوپای بۆ ببزوێنن لە پێناو بەخشیندا بۆی پێشبڕکێ بکەن ئەوان باش لەوە گەیشتبوون کە رۆح و ئایین و خۆشەویستی موحەمەد تەنیا بەخشینە لەو بیست ساڵەی رابردوودا لەگەڵ ئازیزدا جیهان لە پێش چاویان جوڵا بوو و بەجۆرێک درزێکی تێ بوو کە ئەو دیویان دەبینی و بوون و هەبوونیان لە یەکدی جودا بوو بوونەوە، بوونێک ژیانی راستەقینەی ئەوان بوو لەو هەبووانە جودا دەبوونەوە کە دەیانزانی لە راستیدا هی ئەوان نەبوو.

بوونی ئەوان لێرە تەنیا بوو، هەبوونەکەیان ئەو تەنیاییەی دەشاردنەوە کە هی ئێرە نەبوو، بوونیان لە شوێنێکی دیکە بوو و شتانێکی دیکەی هەبوو. شوێنێکی دوور و شتانێکی درەوشاوە کە پێغەمبەر بۆ ئەوێ رێنموونی دەکردن: کە های خێرا کەن وەرن کۆڵەکانتان دانێن رێگەکە زۆر دوورە دەریاکە زۆر قووڵ و ترسناکە کۆڵتان سووک بکەن تاکو بگەن.

ئیدی لەپێناو چووندا بۆ شوێنی بوونی خۆیان دەیانبەخشی و لە هەژاری ئێرە نەدەترسان. چاوەکانیان دەبریسکانەوە، ئەو رۆژە ساتی ئەوە بوو کە چاوەکان روناکی جیاواز پەخش دەکەن.

ئێتر عوسمان وەک ئەوەی رووداوێکی لە پێشدا بێت و ئەم کۆڵە قورسەی پێ هەڵنەگیرێت کە لە چوون بۆ ناو رووداوەکە دوای دەخات، کاروانێکی تازە گەڕا بووەوە بریتی بوو لە دوو سەد وشتر و دوو سەد ئۆقیە. هەمووی بە بار و بارگەکانیەوە کرد بەخێر. دواتر بە نیگاری شەرمنی نەرم وەک هاژەی با لەنێو گەڵای پاییز هەزار دیناری دیکەی خستە کۆشی پێغەمبەر و پێغەمبەریش هەڵدەدایەوە و دەیوت: عوسمان هەرچی بکات زیانی پێناگات. ئەوجا عوسمان خێری بەردەوام بوو تا ئەوەندەی نۆسەد حوشتر و سەد ئەسپی بەخشی.

عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوفیش کە هەمیشە دەیویست بدوێت زەردەخەنەی پڕ دەبوو لەو وشانەی دەیویست بیانڵێت، ئەمجارە بە زەردەخەنەی خاڵی لە وتن زەردەخەنەی شەرم بوو دوو سەد ئۆقیە زیوی هێنا ئەبوبەکریش تەنیا رۆزی مناڵەکانی هێشتەوە و هەرچی هەبوو هەمووی بەخشی.

عومەر و عەباس و تەڵحە و سەعدی کوڕی عەباد هەرچیان پێکرا هێنایان، ئەوەی هێشتیانەوە تەنیا حەزی موڵکداری نەبوو بەڵکو پێویستی بوو، ئەوانەش زێر و زیویان نەبوو هەرچی خواردنیان هەبوو هێنانایان، عاصیمی کوڕی عومەریش نەوەد وەسەق خورمای هێنا ئیتر ئاکاری بەخشین گەیشتە حاڵێک کە بۆ خوێنەر شتێک ناگەیەنێت بەڵام بۆ خاوەنەکەی زۆر بوو، کەسی وا هەبوو جگە لە مشتێک گەنم یان دوو مشت هیچی نەبوو کە دەیبەخشی. ئەوان دەیانبەخشی بێ چاوەڕانی دەستکەوتێکی تایبەت چارەنووسی مرۆڤایەتیان رزگار دەکرد.

پێغەمبەر موحەمەدی کوڕی موسلیمەی بەسەر مەدینەوە بەجێهێشت، عەلیشی بەلای ماڵ و مناڵی خۆیەوە دانا و فەرمانی دا لایان بمێنێتەوە، دووڕووان کە خۆیان نەدەچوون بۆ شەڕ کردیان بە قسە و باس، بۆیە عەلیش سواری ماینەکەی بوو بە دونیای بێدەنگدا رۆشت هەستی دەکرد هەموو شتێک هاوترپە بوو تەنیا شتێکی نامۆ لەم بوونەدا دەنگی مرۆڤی دووڕووە. بەڵام پێغەمبەر گێڕایەوە و فەرمووی: ئەی عەلی تۆ رازی نابیت بەوەی لە پلەی هاروندا بی بۆ موسا؟ بەڵام بزانە کە لە دوای من پێغەمبەری تر نابێت ئەو دەیویست هەموویان ببنە پێغەمبەر هەموویان هێندە گۆڕا بوون لە سروشتی مرۆڤ ئەو زەویەی لە سەری دەژیان بەڵام پێغەمبەرایەتی کۆتایی هاتبوو، بە چەند دانەیەک لە یارانی لە کاتی تردا ئەمەی وتبوو (ئەگەر پێغەمبەر دوای من هەبووایە) ئەوا ئەو یان ئەوان دەبوون ئەوان وەک خۆی خەڵکی مەککە یان مەدینە نەبوون خەڵکی (هیچ) جێیەک بەڵکو خەڵکی هەموو دونیا بوون.

سوپا بەرەو باکووری مەدینە بەرەو تەبووک کەوتەڕێ، رێگا هەر خاک و بیابان و ئیسک و پروسکی بەجێماو و مردن بوو، ئەو هەموو سوپایە رۆشتن بە شوێنێکدا کە شوێن نەبوو، بەڵکو هەمووی رەنج و ئازار بوو دوژمن لە خاکێکی تر بوو لە هەموو بیابان دوورتر بوو سوپاکە زۆر گەورە بوو سی هەزار جەنگاوەر، هەرگیز تا ئەو کاتە موسڵمانان بە ژمارەی وەها نەچوونەتە دەرەوە لەگەڵ هەموو بەخشینەکەش هەموو بان بەخشینی رۆح بوو نەیانتوانی بە تێر و تەسەلی سوپاکە ساز بکەن کێشە لە توێشوو و ئازووقە و وڵاخ و ئەسپدا هەبوو هەژدە کەس بە نۆرە سواری یەک وشتر دەبوون.

لە رێگەدا گەڵای دار و درەختیان دەخوارد لێوەکانیان وشک هەڵاتبوو، ناچار بوون بکەونە سەربڕینی وشترەکانیان لەگەڵ کەمیشیاندا بۆ ئەوەی ئاوی ناوسکیان بخۆنەوە. ئەو گەرمایە بەو هاوێنە هەر کەس لە ناو باخی خورما و ترێدا ئاو و شەرابی ساردیان نۆش دەکرد و رێگای ئاسانیان تاقی دەکردەوە ئەمان رێگە سەختیان گرتبوویە بەر، ئەوان رێگەی مردنیان گرتبوویەبەر.

سوپا دەتوت کە پەڵە گەنمی ساڵانی بێ بارانیە کە بێ تین و تاو دەبزوا. تەنیا شتێکی بەهێزتر لە خۆی رێگەی نەدەدا کە چۆک دا بدات لەو بیابانەدا لەمەڕ گەرمای هاوێنی خۆر خۆی بداتە دەست حەوانەوە و دڵی رابکێشێت. بە زمانێکی تەپوتۆزاوی خەو ببینێت کە خۆشی تێی نەگات.

سوپا لە رێگەدا بە لای وێرانەی خێڵی (سەمود)دا لە حیجر تێپەڕین لە (وادی القری) خەڵکەکە لە بیرەکەی ئاویان هەڵگۆزی، پێغەمبەر فەرمووی لەو ئاوە مەخۆنەوە و دەستنوێژیشی لێ هەڵمەگرن. ئەوەشی تێکەڵاوی هەویرتان کردووە بیدەن بە وشترەکانتان و هیچی لێ مەخۆن، فەرمانی پێدان لەو بیرە بخۆنەوە کە حوشترەکەی صالح پێغەمبەر لێی خواردەوە.

ئەو بەهەستی پێغەمبەرانەی خۆی بۆنی گوناه و ستمی ئەوانی دەکرد و فەرمووی: هەرگیز مەچنە ناو ماڵ و حاڵی کەسانێک زوڵمیان لە خۆیان کردووە، نەبادا تووشی سزای ئەوان ببن. مەگەر بە گریانەوە بڕۆن، وەک بۆنی خوێن و لاشەی گەنیوی ئەوان ببینێت سەری خۆی داپۆشی و بەپەلە رۆیی تا لە شیوەکە ئاودیو بوو، ئەوەی ئەو بینی ئەوان نەیانبینی چونکە چاویان کردبوویەوە بۆ ئەوەی ببینن و دەبوو چاویان دابخەن و رۆحیان لە رێگادا بکەنەوە. وشتر و ئەسپەکانیش بەخێرایی دەبزوان و جەنگاوەرەکانیش لەگەڵ یەکدی نەدەوان، ئاژەڵەکان بە بۆن و مرۆڤەکانیش بەیەکتر دواندن دەتوانن یەکتر تێبگەن. دواتر هەم حوشتر و هەمیش مرۆڤەکان خۆیان دایە دەست بێدەنگیەکی قووڵ. وەک سوپایەک لە فریشتە ئەو بیابانەیان دەبڕی. سوپایەک هەمووی لە فریشتە پێکهات بێت چ سوپایەکە.

خەڵکەکە هەمووی تینوویان بوو، بەجۆرێک دەشێت ناوی سوپای تینووی لێبنرێت، بەڵام دواتر بێ تینوویەتی دەربارەیان نووسی هەموو دەردی سەریەکانی سوپایان لەبەرچاو گرت و ناویان نا سوپای ناڕەحەتی.

پێغەمبەر دەستی بە پاڕانەوە کرد، خوداش هەر زوو دەستبەکار بوو هەورێکی ئاوسی بە بروسکە و دڵۆپە و بارانی نارد، خەڵکەکە فێنک بوونەوە و تێراو بوون و هەموو شتەکانیان لە ئاو پڕ کرد.

بەرەبەرە لە تەبووک نزیک دەبوونەوە ئەو سەرزەویە توونت خووتر دەبوو، گەرمتر و وشکتر دادەهات خەڵکەکەش هەروەک لە دڕکی وشتر خۆرە دروست بوو بن لەجێی خۆیان نەدەبزوان، تا چاو بڕ بکات هیچ دیار نەبوو، لانی کەم پێشتر ئاسمان بارانێکی بۆ باراندبوون، ئێستا خۆیان و شتیان لە تەڕایی خاڵی بوو بوونەوە، لەکۆتاییدا خۆرەتاویش لە بڕینی بیابانی وشک و برنگ ماندوو بوو بوو و بە رووی زەردەوە دەیویست زوو ئاودیو ببێت. پێغەمبەر رووی خۆشی کردە خەڵکەکە و وتی: خودا یار

بێت سبەینێ دەچینە سەر ئاوی تەبووک. بەهێنانی ناوی ئاو گەروویان وشکتر دەبوویەوە.

– ناچنە سەری تا چێشتەنگاو.

(یانی ئەو کاتەی شێری خۆر بەسەریانەوە دەنەڕێنێت)

– هەر کەسێک گەیشت با دەست نەخاتە ناوی تا خۆم دێم.

شەو لەو بیابانە بەرینە خۆیان ئاخنیە ناوخۆیان و رۆژیان کردەوە. وەک ئەوەی ئەو هەموو نەفەرە خەوتنیان لە باخەڵیان دەرهێنا بێت هەموو خەویان لێکەوت و تا نوێژی بەیانی خەبەریان نەبوویەوە، تەنها پاسەوانەکان و پێغەمبەر نەبێت کە خەو نەچوویە چاوی لەو بیابانەدا لە ناو حوشتر و چادرەکاندا کە بواریان بە رێگەبڕین بە ئیسراحەت نەدەدا کەوتە رێبڕین و لە ئاسمانی دەڕوانی بەپێوە دەبوو و نوێژی دەکرد.

ئەو رۆحی ئارام بوو بوو هیچ لەوە نەدەترسا ئەو هەزاران نەفەرە لەم سەرزەویە غەریبە تووشی بەڵایەک ببن و دوژمن بدات بەسەریاندا بە خودا ئەم پێغەمبەرانەش مرۆڤێکی سەیرن لە لوتکەی بەرپرسیارێتی و کاتی ترسدا ئەوان متمانەیان بە خوداکەیان لە لوتکەدایە. یەکە یەکە تیپەکانی بە سەر دەکردەوە و ماندوو و شەکەت بۆ خێوەتەکەی خۆی گەڕایەوە ئەگەر لێی گەڕابان دیکە بۆ شەڕی مرۆڤ نەدەگەڕایەوە.

بۆ بەیانی بە سوینی خاک (تیمم) بە دەموچاویانەوە نوێژیان کرد چونکە ئاویان پێنەبوو، بە تینوویەتی ئەو هەموو قاچەی دەگوازرانەوە لە گەرمەی چێشتنگەدا کە خەریک بوو زەوی بە تەواوەتی گەرم دادەهات. لمی مۆری بیابانەکە سوور هەڵدەگەڕا. ئاوی تەبووک لێیانەوە دەرکەوت سەرەتا دوو پیاو چوونە سەر ئاوەکە. ئاوی چی تەنیا وەک دەزوویەکی باریک لەسەر لمەکە دەکشا کە چەند گیای تەڕی بەمبەر و ئەوبەریەوە رواندبوو.

دوو پیاوەکە ئامۆژگاریەکەی پێغەمبەریان لەبیر چوو لە تاو تینوویەتیدا دەستیان لە تەڕایی ئاوەکە وەردا. پاشان سی هەزار جەنگاوەر لە دەوری ئەو ئاوە ئوردوویان خست و لەو ئاوەیان روانی کە تا ئێوارە جەستەی وشکبووی پەنجا کەسیشیانی تەڕ نەدەکردەوە. پاشان پێغەمبەر گەیشت و رێیان بۆ چۆڵ کرد و پرسیاری کرد:

– ئایا دەستتان داوە لەو ئاوە؟

– بەڵێ.

پێغەمبەر زۆر زۆر سەرزەنشتی کردن، بەڵام خۆی گرت و دەستەکانی خۆی وەک دۆڵچە لێکرد مشت مشت ئاوەکەی کۆکردەوە و گۆماوێکی بچووکی لەبەردەم سەرچاوەکەدا دروستکرد، ئینجا دەست و دەموچاوی شۆرد و ئاوەکەی بەرەو

سەرچاوەکەی گێڕایەوە. لەپڕ ئاو تەقی و بە پڕ ئاوی زۆری لێهاتە دەرەوە. ئیدی خەڵک ئاویان برد و ئاویان برد و ئاوەکە تەواو نەبوو.

پێغەمبەر لە کاتێکدا بۆ پێشەوە دەڕۆشت بە مەعازی یاری وت، ئەگەر تەمەنت درێژ بێت دەبینیت باخ و بێستانێکی زۆر لێرەدا سەوز دەبێت، ئەم ناوە پڕ دەبێت لە سەوزایی، مەعاز ناوچە وشک و برنگەکەی خستە ژێر نیگای خۆیەوە، دوای مەرگی پێغەمبەر بە چەندین ساڵ دیتی ئەو بیابانە بوو بوویە درەختی سەوز و دارەکانی نەیاندەهێشت خۆر دەستی بە خاکی بەپیت و کێڵراوی بیابان بگات.

کاتێک سوپاکە گەیشتە تەبووک هەمدیس پێغەمبەر فەرمووی: ئەمشەو رەشەبایەکی سەخت هەڵدەکات و با کەس لە ئێوە هەڵنەسێتەوە سەرپێ و حوشترەکانتان باش ببەستنەوە. هەرواش بوو پیاوێک هەڵسا بوویەوە رەشەبا لەگەڵ خۆی بردبووی و لە شاخی (طیء) داینا بوو.

سوپای زۆر و زەمەندە ئێستا چوو بووە تەبووکەوە لەوێدا سەربازگەی دامەزراند و خۆی بۆ رووبەڕوو بوونەوە ئامادە کرد، پێغەمبەر بە تەنها بە پێوە دەوەستا و خۆریش بەسەر سەری هەموانەوە، هەموویان بە چاوەکانیان لاشەی سپی پۆش و دەموچاوی نوورانی ئەویان دەلاواند.

رووی کردە رۆژهەلات و بۆ دووری روانی تا چاو بڕ بکات، سەری بینی نزمتر لە خۆی دانیشتبوون دەشتەکەیان سپی کردبوویەوە و لەویان دەڕوانی بە دەنگێکی قووڵ نوتقی بۆدان و جارێک وشەکانی بوونە کۆتر و ژیانی ئاشتیخوازانەی بەهەشتی وەبەرنان و بۆ چاکە هانیدان و قیامەتی بیرخستنەوە. جارێکیش بوونە هەڵۆ و بەچاوی تیژی بۆ دوژمن دەگەڕان و هەموو هەڕەشەیەکیان بۆ ئوممەتە تازە هەڵکەوتەکەیان بە چڕنووکەکانی چاو دەرهێنا، زۆر ئازاد بوو و بێ هیچ دوو دڵی و روون و ئاشکرا هەر بۆ ئەوەی ورەیان باتێ.

لە قووڵایی دڵیەوە موژدەی دەدا و لە ترسەکانی رێگاش هەر وەک دۆزەخی لە پاش مردنەوە هێنا بێتە ئەو بیابانەی کە خۆی هەندێک لە ئاگر و دۆزەخ کەمتر گەرم بوو ترساندنی و پاشان ریزەکانی رێکخستن و کەموکوڕیەکانی پڕکردنەوە و توێشووی تەواوی دانێ. وەک بە ورەترین سوپای دونیا ئامادەی شەڕی کردن.

سۆزێکی سەیریان بۆیان هەبوو، ئەو نە دایک و نە باوکیشیان نەبوو بەڵام لە دایک و باوک زیاتر ئەوانی خۆشدەویست، دایک و باوکێک دڵ لە مشت لەبەرچاوی رۆڵەکانی ئامادەی نەبەرد و رووبەڕووبوونەوەی دوژمنن. ئەو نەدەترسا بەڵام دڵی نەیدەویست ئەم شەڕە بکات، ئەگەر ناچار نەبووایە جارێکی دی رۆڵەکانی بەگژ دوژمن نەدەدا. ئەو هەر لە سەرەتاوە ئەگەر لێی گەڕابان شەڕی مرۆڤ بە مرۆڤی ئەنجام

نەدەدا، دڵی بە ڕێکوپێکی سوپاکەی خۆش بوو، بەڵام ئازاری مرۆڤ بۆ مرۆڤ دەیڕووتان.

بەو هەستە دوو سەرەوە ڕۆژی بەسەر برد و چاوەڕوانی دوژمن ما. بەڵام دوژمن بەو ئامادەسازی و وەستانە ڕێکوپێکەی ئەمان ترسا بوو و گەورەترین سوپای دونیا بە چل هەزار سەربازەوە لەبری ئەوەی بەرەو ئەمان بێت وەک دێوێکی ترساو بەرەو دواوە و بۆ پاش سنووری ناوچەکانی خۆیان بڵاوەی لێکرد و وەک تیمساحێک لە ناوەوە هاتبێتە وشکانی بە کلک بادانەوە بۆ ناو گۆمی دەوڵەتی خۆی گەڕایەوە و لە سەر زەوی ون بوو.

ڕۆم ئەزموونێکی پێشتری لەگەڵ سوپای موحەمەد هەبوو، لە ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی نابەرامبەردا لەتەکیدا جەنگا بوو. شەڕێک بە تەنیا ژمارەیەکی دوو هەزار نەفەریەوە بەرەنگاری سوپایەکی سەد و چل هەزار سەربازی ڕۆمدا جەنگا بوو. سێ شەو و ڕۆژ بێوەستان عارەقەیان دەردا بوو ئەم دەست و ئەو دەست شمشێریان گۆڕی بوو عارەقەیان دەردا بوو، سێ سەرکردەیان بە شوێن یەکدا یەکیان لەم سەر بۆ ئەو سەر هاتبوو و ڕۆشتبوو.

بە دەیان نێزە و ڕم و تیر و شیری بە خۆیی و ئەسپەکەی کەوتبوو وەک دوو برای بریندار پێکەوە شەڕیان کرد بوو خۆیی و ئەسپەکەی پێکەوە گیانیان دا بوو، ئەمە کەسە نزیکەکەی پێغەمبەر بوو (زەیدی کوڕی حارس) کە خەڵکی بە کوڕی موحەمەد ناویان دەبرد.

ئەوی تریان (عەبدوڵڵای کوڕی ڕەدامە) شاعیرەکەی بوو کە بە دەستێکی شەڕی دەکرد و بە دەستەکەی تری ئاڵاکەی هەڵگرتبوو کە ڕۆمەکان دەیانویست بیخەنە ئەرز بەرەو پێشەوە دەڕۆشت و بە دەمی شیعری دەوت وشەکان وەک هەناوی یەک لە دوای یەک لەسەر زاری دەهاتە دەرەوە و ڕۆشنایی بە دۆستانی دەدا و دوژمنەکانی دەسووتاند لێیاندا و شیری بەرکەوت و شیری وەشاند و دوژمنی کوشت.

خوێناوی بوو برینی لێبڕا بەڵام چۆکی نەدا هەر بە پێوە چاوی لە ئاسمان بڕی، چاوی بە ئاسمانەوە بەجێما بوو کاتێک ڕۆحی لێرە بەجێما، ئاڵاکەی دەستی جەعفەری کوڕە مامی پێغەمبەر لە دەستی وەریگرت ئیدی شەڕی کرد و بەخێرایی بەرەو ناو جەرگەی دوژمن هێرشی دەبرد لە خۆیی و ئەسپەکەیاندا بەڵام هەر بەرەو پێشەوە دەڕۆشت و بەرگەی گرت بەسەرهەواوە خۆی و ئەسپەکەی دەفڕین بە هەواوە لەسەر ئەسپەکەی خستیانە خوارەوە.

بە شمشێری تیژ لێیاندا ئەو دەستەی ئاڵاکەی بە دەستەوە لە قۆڵیدا پەڕاند بەڵام نەیهێشت ئاڵا بکەوێت و بە دەستەکەی دیکەی گرتی ئەویشیان پەڕاند بە هەردوو قۆڵی

ئالای گرت دایان له پشتی و ناو سکیان لەت کرد، ئالاکە کەوت رۆحی بوو بە بالّندە و ناویان نا جەعفەری فڕیو، بێ باڵ بەلام لێرە هەر نەیهێشت ئالا بکەوێت.

دواتر خالید ئالاکەی لێگرت و سەربازە ژمارە کەمەکانی رێکخستەوە و چەند سوارێکی نارد لە دوور تۆزیان دەکرد وەک ئەوەی هاوکاریان بۆ بێت و خۆشی هێرشی برد هێندەی نەما بوو ژمارەی کەمی شەڕکەری ئەو بگاتە چادری سەرکردەکانی رۆم بەناو هەزاران سەربازدا کە لەمبەر و ئەو بەر لێیان دەدان و لێی دەدان بەلام نەگەیشتن.

خالید ناچار بوو پەنا بۆ تەکنیک بەرێت تا ئێوارە داهات سەبریان کرد و دەمە و ئێوارە لە کاتێکدا رۆمەکان تۆزیان دەبینی وایان دەزانی بەردەوام هاوکاریان بۆ دێ و بۆیە خالید کشایەوە. رۆم نەیوێرا بە شوێنیدا بڕوات.

بەلام دیلیان لێ بەجێما مەنجەلی مسی تواوەی گەرمیان بۆ ئامادە کردن، لە بەرامبەر مەنجەڵەکاندا کە بۆ کولانی مرۆڤ سازدران ویستیان تەفرەیان بدەن پارە و سەروەت و سامانیان بدەنێ ئەگەر وازیان لە موحەمەد و دینەکەیان هێنابا، ئەگەرنا لەو مەنجەڵەدا دەیانکولاندن. بەلام ئەوان وازیان نەهێنا یەکەم دیلیان هێنا و خستیانە ناو مەنجەڵەوە قلّپ قلّپ دەنگی (الله) و (موحەمەد) لەگەڵ بلّقی مسی کولاو دەبوو بەیەک و پاشەکشەیان لە هەناوی خۆیان نەکرد.

بینیان یەکێکیان دەگری وایانزانی ترساوە فەرمانیاندا واز لە مرۆڤ کولاندن بهێنن. بەلام ئەو نەترسا بوو دەیوت بۆ ئەوە دەگریم یەک رۆحم هەیە کە بیبەخشم، حەزم دەکرد هەر موویەکم رۆحێک بووایە و لە پێناو خودا بمبەخشیایە، پیرەپیاوێک بوو نەدەترسا و هەڵیانگرت و خستیانە مەنجەڵەوە بۆ رۆحە نەبووەکانی دەگریا کە نەیبوو تا بیانبەخشێت.

رۆمەکان پێچەوانەی نەریت مامەڵەیان کرد نوێنەرەکەی موحەمەدیان کوشت، ئەو مەلیکە عەرەبەی باوەڕیان پێهێنا بردیان لە فەلەستین بە دارێکیانەوە بەست و وتیان ئەگەر واز نەهێنیت لە دینی موحەمەد دەتکوژین بەلام ئەو لە نێوان پاشایەتی دونیا و موحەمەد و مردندا موحەمەد و مردنی هەڵبژارد و تیربارانیان کرد و خوێنی بوو بە نەخشی دارەکەی پشتی و هەستی بە ئازاری ناو سکی کرد خوێنی خۆی نەبینی بەلام نەترسا و لێرە مرد و لەو دیو بە پێکەنینەوە خۆی کرد بە بەهەشتدا، پێغەمبەر بەچاوی داخراوەوە لە مەدینە ئاگای لە هەموو ئەوانە بوو دڵی شکاوی خۆی پێشانی خودا و یارانی دەدا.

ڕۆم ترسا نەهاتە تەبووک بۆ شەڕ، سوپای ئیسلام بە سەرکەوتوویی بەناو خێڵەکانی عەرەبدا ئەو هەموو ڕۆژ و شەوە ئەو هەموو ڕێیە بۆ مەدینە گەڕایەوە، پێغەمبەر و سوپا وەک باڵ بگرنەوە ئاوا دەڕۆشتن، وا دەردەکەوت ئەم سوپایە زاوا بێت مەدینەش بووک، وەک زاوا بۆ لای بووک دەگەڕایەوە، چاوی ئەمان لەگەڵ پێی ئەسپ و حوشترەکان لە گردێکی لمی وردەوە دەپەڕیە گردێکی دی.

پێغەمبەر فەرمووی: ئەوە (طابە)یە چێژی دەدا ئەوەش ئوحودە ئەو شاخەی ئێمەی خۆش دەوێت و ئێمەش ئەومان خۆشمان دەوێت. سوپای گەورە و گران هەنگاوی دەنا هەموو گیانی سەربازانی برسی و تینوو پێدەکەنی، تا بەری گردەکانی ئەم دیو مەدینە هەموو شار بۆ پێشوازیان هات بوو فریشتەکانی ئاسمان لە شێوەی کوڕ و کچی مەدینەدا گۆرانیان دەوت: (مانگ هەڵهات. مانگ بەسەرماندا هەڵهات لە گردەکانی جێی ماڵئاواییەوە تا ڕۆژی مردن مرۆڤ نزای خودا بکات شوکرانە بژێری لەسەر ئێمە پێویست بوو).

پێغەمبەر و یارەکەی (حوزەیفەی یەمانی) بە سەر لمی داخدا ڕێگەکەیان دەبڕی لەپڕ هەندێک سوارچاکی دەموچاو داپۆشراو لە دواوە ویستیان لە پێغەمبەر بدەن حوزەیفە لای کردەوە و بەری ئەسپەکانی گرتن و بۆ دوور رایدان، ئەوانە مونافیقەکان بوون بە شوێن مەرگی پێغەمبەرەوە بوون.

موحەمەد میهری بەسەردا دابەزاندن جارێکی دی سەری بۆ سەر پشتی ئەسوا وەک نیشانەی بێدەسەلاتی و سوپاسگوزاری خودای دەچەماندەوە، ئەو ئەوانی زۆر خۆشدەویست هاوکاری پێغەمبەربوونی ئەو بوون. لە دڵیشەوە تەنیایی خۆی سەری بۆ ئاسمان پێ هەڵبڕی بوو و تەنیا بە کارە دەرەکیەکەی موحەمەد لە دەرەوە دەرکەوت.

خۆ سەرەتا و کۆتا بوو، سەرەتا و کۆتای ئەمانیشی یەکخستەوە، هەروەک چۆن سەرەتا بە ئازار ئەوانی تاقیکردەوە کاتێک بێکەس و تاک و تەرا شوێن موحەمەد کەوتن، کاتێک خوێش و دوژمن دوور و نزیک دوژمنیان بوو، خودا بۆ تاقیکردنەوە زۆر بەدەستوبرد بوو، هەنووکەش بە هەمان نیاز ئەوانی بۆ تەبووک برد ڕێگا سەخت بوو ئەوەی بە ڕاستی شوێن موحەمەد نەکەوت بوو بیانووی بۆ بە دوا نەچوونی دۆزیەوە.

هەموو ئەوانەی توانایان هەبوو و نەڕۆشتن درۆی تاریکیان وەک رۆژ رۆشن نەک بۆ موحەمەد بەڵکو خەڵکی و هەموو مێژوو تا هەتا هەتایی دیار بوو چونکە وەک خۆر نایەت لە ئاسمانەوە هاتە خوارەوە تەنیا سیانیان نەبێت، ئەگەرچی لە شەڕدا دوا کەوتبوون. بەڵام لە رۆحدا دوا کەوتبوون و ویستیان لەوە زیاتر بەجێ نەمێنن، هاتن وتیان و راستیشیان وت: ئێمە هیچ بیانوویەکمان نیە، دێوی نەفسیان زیندوو بوویەوە و ئەوانی خەڵەتاند بوو.

ئێستا کاتی بوو لە دەست ئەو جانەوەرە ئیبلیسیەی ناخیان خۆیان دەرباز بکەن و هاتن و دانیان بە راستیەکاندا نا. سزای ئەو سەفەرەی نەیانکرد بوو لەم کاتەی پێغەمبەرایەتیدا خەریکە بەجێ دەهات چل رۆژ تەنیا و تەنیا لە مەدینەدا کەس نەیدواندن تەنانەت ماڵ و ژنی خۆشیان. بەناو خۆیاندا هاتن و گۆڕان و پێگەشتن لە جیهانی رۆحدا. لە دوورەوە تۆزیان لە پاش خۆیان هەڵساند و بە سوپای موحەمەد دا گەشتنەوە و تۆبەیان لێوەرگیرا و لە زەماوەندی گەیشتنیان هاوەڵان باوەشیان پێداکردن و پێغەمبەریش بە هەموو بوونی بۆیان پێدەکەنی و خۆشی ویستن.

رازەکەی خوداش لەم شەڕەدا کە هەنووکە زانینی هێندە گران نەبوو جودا کردنەوەی شوێنکەوتووە راستەقینەی جێ پێی خوار بۆ راکردن بە شوێن خۆری هەڵکشاوی پێغەمبەری موحەمەد بۆ ناوەڕاستی ئاسمان زۆر گرنگتر بوو، چەند روون بوو کە لە بەزانی رۆمی ئەوەی تەنیا بە ماندوو بوون و ئەزموون بوو هەرگیز بە وتن نەدەوترا.

٦

# حەجی ماڵئاوایی

## (سەرەڕای سەرکەوتنەکان غەمە قووڵەکانی سەر دڵ)

تەنیاییە قووڵ و نەبینراوەکەی موحەمەد ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لە دەرەوە زۆرتر دەردەکەوت، جوامێری ناو ناخی خۆشی هەروەها، لەو سەری بوونەوە لە ژیانی دەڕوانی، ڕۆژ بە ڕۆژ لەسەر پێغەمبەرایەتیەکەی ئارامگرتر دەبوو، سەرەڕای هەموو سەرکەوتنەکانی غەمێک وەک بەرد لە سەردڵی بوو، هەمیشە سەرکەوتن لە دوای سەرکەوتن غەمی خۆی هەیە، سەرکەوتنەکانیش وەک دۆڕانەکان ئەو سەری ڕێگرتنن، هیچ هەڵبژاردنێکیان بۆ مرۆڤ تێدا نیە تەنیا چوونە پێشەوە نەبێت.

سەرکەوتنی دەرەکی ئەگەر گۆڕانی ناوەکی لە تەکدا نەبێت ئەوا کەوتنەوە ناو ئەو چاخەی کە دەتەوێت لێی بڕۆیتە دەرەوە، ئەو دەیزانی ئەوەی گیاندارە دوو پێیەکان ناوی دەنێن بەختەوەری لە درێژکردنەوەی تەمەنی شتە کاتیەکاندا نیە، بەڵکو لە تێپەڕاندنیانە. ڕۆژێک چووە سەر گۆڕی مردووەکانی بەقیع و وتی: ئەوەی ئێوەی تێدان گەلێک خۆشترە لەوەی خەڵکی تێدایە، ئەوا ئاشووب ڕووی کردۆتە دونیا وەک تارمایی شەوی دەیجوور، بەدوای یەکدا دێن، ئاشووبی دوایین لە یەکەمین خراپترە.

ئیتر لەوە دەرچوو بوو کە هاوەڵانی پێ بزانن کە ئەو شتێک دەشارێتەوە. ئەوەی لەتەکیدا بوو گوێی لێدەبوو، بە مردووانی گۆڕستانەکەی دەوت کە کێلەکانیان وەک مرۆڤ سەریان دەرهێنا بوو: (ئێمەش بە دوای ئێوەدا دێین).

ئەو نەدەترسا هەر بۆیە حەقیقەتی مردنی وەک خۆی دەدی، مرۆڤی ترساو هەرگیز حەقیقەت وەک خۆی بەدی ناکات بە هەستی پێغەمبەرانە درکی بە ژیانی ناکۆتایی ئەو دیو و بچووکی شتە بڕاوەکانی ئێرەی دەکرد، هاوەڵانی دەیاندی ئەو لە دوای

گەڕانەوەی دەبوون خەریکی روونکردنەوەی ئەو شتانەیە کە روون ناکرێنەوە، تەنیا بە دڵ نەبێت، ئاخر ئەوە دڵە لە سەرەتادا تێدەگات و دواتر چاویش دەیبینێت. مرۆڤ دەبێت لەمبەری بوونەوە بۆ ئەو بەر بگوازێتەوە، بەڵام خۆری ئەو بەر هەمیشە سێبەرێکی بۆ بەری ئەمبەر دروستکردووە بۆ هەر کەس بیەوێت ببینێت ئەوا دەتوانێت روو وەربگێڕێت و ببینێت: وای خودایە دەزانم لەوێیت دەمەوێت بێم بۆ لات.

لە سەرەتای مانگی سەفەری ساڵی یانزەی هاتنی بۆ مەدینە بوو لە ماڵ چووە دەرەوە بۆ کێوی ئوحود. هەروەک چۆن موسا بۆ کێوی توور رۆشت لەوێ خودا لەو شتانەدا دەرکەوت. تەنیا ئەوی پێغەمبەر دەیبینین، بە کێوەکەدا هاتە خوارەوە بۆ سەری گۆڕی شەهیدەکان و نوێژی لە سەر کردن هەروەک خوداحافیزی زیندووان بوو بۆ مردووان. لە کاتی گەڕانەوەشدا هەستی دەکرد لەگەڵ هەر هەنگاوێکی دەرگاکانی ئەودیوی بەرە بەرە بۆ دەکرێنەوە کە گەیشتنەوە شار چووە سەر دووانگەکەیی و مەبەستی نەبوو سەر بخاتە سەر سەری ئەوان، دەیویست ئەوەی دەیدی بۆ ئەوانی بگێڕێتەوە تا لەو ژیانەدا هاوبەشی بن. ئەوان هەمیشە بەشێک بوون لە پێغەمبەرایەتی ئەو:

خەڵکینە، من پێش ئێوە دەڕۆم. هەنووکە شایەتیتان بۆ دەدەم (وەک شتێکی لەبەرچاو بێت) سوێندتان بە خودای گەورە بۆ دەخۆم: (ئێستا حەوز دەبینم —حەوزی کەوسەر کە ژمارەی پەرداخەکانی لە ژمارەی ئەستێرەکانی ئاسمان زۆرترن- من کلیلی خەزێنەکانی زەویم پێدراوە، وەڵلاهی من لەوە ناترسم لە دوای من هاوەڵ بۆ خودا پەیدا بکەن، بەڵام لەوە دەترسم کێبڕکێ بکەن لەگەڵ یەکتریدا).

ترسەکەی لەجێی خۆیدا بوو ئاخر خودا هەمیشە بۆ تاقیکردنەوە دێتە سەروەختی ئێمە و نە رۆژ و نە جۆری تاقیکردنەوەکەش دیاری ناکات.

پێغەمبەرایەتی بۆ لەبیرکردن نیە، هەمیشە ئەو شتانە وەبیر دەهێنێتەوە کە خەریکە لەبیر بکرێن. گەڕانەوە بۆ ئەو حەقیقەتانەی خەریکە لەبیر بکرێن. بەبێ ویست رووداني ئەو رووداوانە نیە کە روو دەدەن بەڵکو تێگەیشتنە لە رووداوەکانی ویستنی ئەوانەشە کە دەبێت روو بدەن.

پێغەمبەرایەتی خوداحافیزیەکەی هەروەک بەخێرهێنانەکەیە ئاخیریەکەی وەک ئەوەڵ و کۆتایی و بەجێهێلانیشی هەروەک دەستپێکردنی، هەر بۆیە پێغەمبەر هەر بە هەمان گەرموگوڕی دەستپێکردنەوە ئەو کاتە تاک و تەنیا لە ئەشکەوتێکدا دەستی پێکرد بۆ کۆتایی پێهێنانەکەشی لە پەنای ماڵی خودا و کەعبەدا لە ناو سەد و چل هەزار کەسدا خۆی ئامادە دەکرد:

رایگەیاند دەیەوێت ئەو ساڵە حەجی گەورە بکات، خەڵکێکی زۆر روویان لە مەدینە کرد خودا خودایان بوو بە ئەو بگەن، ئەو لەناوەوە تەنیا و تەنیاتر دەبوو لە دەرەوەش چواردەوری قەرەباڵغ و قەرەباڵغتر دەبوو، ئەویش کەعبەیەک بوو لە ناویاندا دەیانویست بە چواردەوریدا بجوڵێن و خۆیان بکەن بە قوربانی هیچ جیاوازی نەبوو، هەر دووکیان رەمزی جیهانی دیکە و گەیشتن بە خودا بوون، بەڵام جیاوازیشی هەبوو ئاخر تەنیا بەرد و خانوو و دیوار بوو، ئەم مرۆڤی پڕ لە رۆح و ئەزموون و گۆشت و ئێسقان بوو مرۆڤ لای خودا لە کەعبە و بەیت مەزنترە روخانی ئەو باشترە لە کۆشتنی مرۆڤ.

رۆژی شەممە بوو مانگی پێش مانگی حەج تەنیا چوار رۆژی ما بوو، ئەو بۆ دوو سەفەر خۆی ئامادە کرد سەفەرێکی دیار و لەگەڵ هەزاران خەڵکدا بۆ مەککە و سەفەرێکیش بە تەنیا بۆ شوێنێکی نادیار، قژە رەشە درێژەکانی شانە کرد کە تەنیا چەند تاڵە موویەکی سپیان تێکەوتبوو و چەوری کردن و بوونە رەشە شەوێکی بە ئەستێرە درەوشاوە، کراس و شەرواڵی لەبەر کرد. لە چاوانی وشترەکەی روانی کە ئامادەی کرد بوو بۆ قوربانی ئەمرۆ هەر دووکیان بەرەو کۆتا کاری خۆیان دەبزوێن.

زۆربوون ئەو فریشتانەی لە ئاسمانەوە بە باڵی شین و سوور و زەردەوە دەیانویست یارمەتی بدەن. بەڵام ئەو دەبوو خۆی کارەکانی ئەنجام بدات. ئێمەی مرۆڤ هەندێک کارمان هەن هەر دەبێت خۆمان بیانکەین و بە هیچ کەسی دی هەڵناسوڕێن. پاش نیوەڕۆ لە مەدینە دەرچوو. هێشتا کاتی نوێژی عەسر نەهات بوو گەیشتە (ذی الحلیفة).

نوێژ سەفەرە و سەفەریش نوێژ بە دوو رەکاتی کوورتکراوە نوێژی عەسری کرد. شەو لەوێ مایەوە ئەو شەوەش وەک هەمیشە جیهان زۆر گچکە و بێمانا هاتە بەرچاوی. بەدەم زیکرەوە سەری نایە سەر سینگی و خەریک بوو چاوی گەرم دەبوو دەستێکیان نایە سەرشانی و بەخەبەریان هێنا. بۆ سبەینێ بە هاوەڵەکانی وت: ئەمشەو لای پەروەردگارمەوە هات و پێمی وت: لەم شێوە پیرۆزەدا نوێژ بکە و بڵێ: (ئەمە عومرەیە لە حەجدا).

هەرواشی کرد تا بەیان نوێژی کرد بوو و پارچەیەک لە رەنگێکی سەیر لە ئاسمانەوە دەرکەوتبوو، ئەوە دەرگای سەرکەوتن بوو بە ئاسماندا بۆ ئەو کرا بوویەوە شەوێکی زۆر کپ بوو، رۆحی ئامادەی سەفەری ستوونی بەرەو ئاسمان بوو. دەموچاوی نوورانی هەڵگەڕا و فەزای نێوان زەوی ئاسمان داگیرسا بوو و جریوەی دەهات.

هەڵسا بووەوە و نوێژی دەکرد و ئامادەی عروج بوو و باڵی گرتەوە و بە میهرەوە و لەو هەموو مرۆڤەی روانی لە شیوەکەدا بە هەزران خەوتبوون بیست ساڵ بوو بە حاڵی مرۆڤەوە نە حەوا بووەوە، شەوان نوێژ و چوون بۆ ئاسمان و هەستی تێکەڵ بوون لەتەک ئەبەدیەت دەیحەواندەوە بیری لە پەیوەندی خۆی و مرۆڤەکان کردەوە کە هەنووکە بە ئارامیەوە خەوتبوون. هەر ئەو مرۆڤانە چەند ئازاری ئەم و یارانیان دابوو. بیری لەوە کردەوە هەمیشە هەروا بووە، چ پێغەمبەرێک بۆ رزگاری مرۆڤەکان رابەر بوو بە سانایی لێی دەرچوو بێت و ئازاریان نەدابێت و شاربەدەریان نەکرد بێت.

لە بیابانی فراوانی روانی درکی بەوە کرد کە لە سەری دەژی، ئەو هەموو شاخ و دەریا زیخ و لمە زۆرەی بیابان رۆحی ئەو بوو بە خامۆشی لە پێش ئاسمانی فراواندا راکشابوو. گوێی لە دەنگی باڵی فریشتەیەک بوو کە شنەی باڵەکانی بەر قژی درێژ و ریشی کەوت کە تەنیا چەند موویەکی لە ژێر لێویدا وەک ئەستێرە دیار بوون، ئینجا بە تەواوەتی درکەوت. گوتەی خودای بە گوێدا داو دەستی گرت و بۆ ئاسمان سەرکەوت.

بۆ ساتێک وەستا لە سەرەوە لە خودا هەبوو و لە خواریشەوە مرۆڤ. بۆ ساتێک لە بوونی خۆی و مرۆڤی روانی. بۆ یارانی روانی کە تا ئەوپەڕی توانایان باش بوو بوون. دواتر دەست بە دەستی فریشتەوە بە چ خێراییەک بیابانی بەجێهێڵا و لە سەرەوە لەو شار و دێیانەی روانی کە مرۆڤی تێدا دەژیان. بۆیە گەیشتە شوێنێک لەبەر نەمانی هەوا ئەستێرەکان دادەگیرسان و دەکوژانەوە بەڵام شەوی ئاسمان لە شەوی زەوی رۆشنتر بوو.

ئەو دەیان جار بۆ ئاسمان سەفەری کرد بوو. ئەمەیان لەو سەفەرانە بوو نزیک لە سەفەری گەڕانەوە بوو چوو و بوو و دیتی و گەڕایەوە، هێشتا هەزاران کەس لە شیوەکەدا مابوونەوە کەسێک لە ئاسمانەوە نەهات بوو لەگەڵ خۆیدا ئەوان بۆ ئاسمان بەرێت، پێش ئەوەی نوێژی نیوەڕۆ بکات. بۆ ئیحرام بەستن خۆی شۆرد، ئیحرام جلێکی ئاسمانی و بەرگی فریشتەیە. پاشان عائیشەی خێزانی بۆنی خۆشی کرد بە جلە سپییەکاندا و بە بۆنی میسک پڕ بۆنی کردن بەڕادەیەک پریشکی میسکەکە بە ریش و دەموچاوی نوورینیەوە دیار بوو و نەیشۆرد، هەمیشە بۆن بۆ ئەو یەکێک لە رێگەکانی ئاسمان بوو.

کراس و بۆردە ئاودامانەکەی لەبەر کرد و دواتر دوو رکات نوێژی نیوەڕۆی کرد هەر لە شوێنی نوێژەکەیدا وەک رۆحی سەمای ئیشتیاق بکات ئیحرامی حەج و عومرەی دەستپێکرد و چووە دەرەوە و سواری پشتی (قەسوا) بوو. جارێکی تر دەنگی هەڵبڕی کە ئاژەڵەکە لەتەکیدا بە زمانی ئاژەڵانە و رەوتی حوشترانەی خۆیدا بۆی دەسەندەوە، ئیهلالەکانی بیستن و دەنگێک بوو و بانگی دەکرد، ئەمیش وەڵامی دایەوە

(واهاتم واهاتم خودایه بەجێم مەهێڵە. بێ تۆ کەسم نیە، ئاخر خودایەک وەک تۆ نیە تۆ شەریکت نیە وا هاتم) (لبیک الهم لبیک لا شریک لک لبیک ان الحمد و النعمة لک و الملک لا شریک لک) کە لە دەشتی بەیداش سەقامگیر بوو جارێکی دیش بە ئیهلال رۆحی سەمای کردووە و دەنگی هەڵبڕی و دەنگی هەڵبڕی و دەنگی هەڵبڕی ئەوانی دیش هەزاران سپی پۆش لە تەکیدا بوون و بۆیان دەسەندەوە.

فرمێسک بە چاوەکانیدا دەهاتنە خوارەوە ئەم بۆ رۆشتن دەیوتەوە و ئەوانیش فرمێسک و لە ناخەوە دانیان بە گوناهەکانی خۆیاندا دەنا و مناڵ دەبوونەوە. ساف و پاک دەبوونەوە تا ئەو کاتەی لە مەککە دەگەڕانەوە وەک رۆژی لە دایکبوونیان لێدەهاتەوە پاشان لە رۆشتن بەردەوام بوو لە (زی طوی) جارێکی دیش مایەوە و پاشان چووە ناو مەککە. لە رێگە هەشت شەوی پێچوو بوو. چووە ناو مزگەوت تەوافی بە دەوری بەیتدا کرد سەفا و مەروەی کرد لەنێوان ئەو دوو گردەدا وەک دایکە هاجەر تینوویەتی گەیشتن بە ئاو هات و رۆشت. قوربانیەکانی لەتەک خۆیدا بۆ ئەوێ هێنا بوو. لە بەشی هەرە سەرەوەی مەککە لە (حجون) هەواری خست.

فەرمانیدا بەوانەی کە قوربانیان پێنەبوو ئیحرام بشکێنن بەڵام ئەوان لایان گران بوو وەک ئەو نەبن فەرمووی: بمزانیایە ئەم مەسەلەیە ئاوا دەبێت، قوربانیم نەدەهێنا بۆ ئەوەی وەک ئێوە بم. سەیری وتەکانی پێغەمبەریان دەکرد وەک نوور لەسەر زاری دەهاتنە دەرەوە. ئەوجا زانیان شوێنکەوتنەکانی کە وەک ئەو بوون. بێ ئەو وەک ئەو بوون مانای نابێت شوێنکەوتن جێبەجێکردنی فەرمانە. کێ وەک ئیبراهیم دەکات بچێتە ناو ئاگرەوە. ئێمە خۆمان ئازاری ناو سەرمان دەخولقێنین کە لە دەرەوە سەرچاوە ناگرێت. ئیحرامیان شکاند و بە گوێیان کرد پاشان رۆژی هەشتەمی مانگی حەج رووی لە ناوچەی مینا کرد و هێندە مایەوە تا لەگەڵ هەزاران کەسدا هەر پێنج نوێژەکەی ئەنجامدا.

ئەوسا مایەوە تا خۆری لێ ونبوو و جارێکی تر لە رۆژهەڵاتەوە جارێکی تر دەرکەوتەوە هەندێک لەوێ مایەوە بۆ ئەوەی پێشانی بدات هەموو مانەوەیان کاتیە و پاشان رۆشتنی بەردەوامی خۆر. پێغەمبەر لە خۆری روانی و بزەیەکی هاتێ و زانی هەموو لێرەوە ون دەبێت لەسەر زەویەکی تر دەردەکەوێتەوە و پاشان بەرەو عەرەفات بزوا وەک ئەوەی رۆحی ئەو شارێکی گەورەی بزواو بێت ئەوان بیانەوێت لە ناویدا بژین لە دوورەوە بینی گومەزیەکی لە (نمرە) بۆ دانراوە لەوێدا دابەزی.

کە خۆر لە ناوەڕاستی ئاسمان لاچوو. عیبرەتێکی دیکەی بەوانەدا لەگەڵی بوون کە دەبێت بڕون سواری قەسوا بووە و پاشان چووە ناو شیوەکەوە سەد و بیست هەزار یان سەد و چل هەزار مرۆڤی بە دەوردا خڕ بوونەوە. هەموو سەیری ئەویان دەکرد تا

بزانن چ قسەیەکی هەیە بۆ وتن. ئەو هەموو مرۆڤە بۆ ئەوەی بۆ دۆزەخ پەلکێش بکرێن هەنووکە بۆ بەهەشت کەوتبوونەڕێ لە هەمان کاتدا دەستی خودا ئەمی بۆ سازدا بوون کە بەم کۆتاییەی گەیاند بوون.

ئەو تا ئێستا لەناویاندا بوو دەیزانی دەبێت لێرە بڕوات و نوتقی بۆ ئەو دەریا سپیەی مرۆڤدا کە خۆریش خەریک بوو ئەوانی بەجێدەهێلا و هەندێکیان بەپێوە و هەندێکیان لە سەر لمەکە دانیشتبوون کە جەستەی دەسووتاندنەوە بەلأم هەر هەموویان لە خوار ئەوەوە بوون و فریشتەش لە سەرەوە کە ئەوان نەیاندەبینن کە هێندەی ئەمان بوون لە ئاسمانەوە بە بزواندنی باڵەکانیان لەنگەری خۆیان رادەگرت. بە دەنگێکی قووڵ و ئارام وتی: خەڵکینە. بە گوێم بکەن، چونکە نازانم لەوانەیە ساڵێکی تر لەم شوێنە پیرۆزەدا هەرگیز نەتان بینمەوە.

سەردەمی شەڕ و ئاژاوە و خوێن کۆتایی هات بوو. هەموو شتێک حەرام بوو تەنیا ئاشتی و پێکەوە ژیان نەبێت و خوێن و ماڵ و سامانتان لە یەکتری حەرامە وەکو حەرامی ئەم رۆژەتان و لەم مانگەتاندا و لەم شوێنەتاندا، ئەو خەریک بوو بە رستەکانی پایەی دونیای جاهیلی دەڕوخاند.

-هەموو کارێکی جاهیلی دەخەمە ژێر پێمەوە هەموو ئەو خووانەی مایەی نەنگی مرۆڤ بوون و ئەوان بە رێسای ئەبەدیان دادەنان. خوێن خوێنی رادەکێشا. هەنووکە ئەم کۆتایی پێدەهێنان. دەماری جاهیلیان مرد بوو خۆ ئەگەر لای هەندێکیان زیندووش بوو نەیاندەوێرا هیچ بڵێن. چونکە ئەو دەستی بە دەستی کەسێکەوە بوو ئەوان دەستیان پێ رادەگەشت. بەردەوامی بە وتەکانیدا:

خوێنە رژاوەکانی سەردەمی جاهیلیەت مافی داواکردنیان نیە، یەکەم خوێن کە ئەو مافەی لێدەسێنمەوە خوێنی (ئیبنول رەبیعە)ی کوڕی حارسە کە شیرەخۆری بەنی سەعد بوو و هوزەیل کوشتی، خوێن رشتن بەردەوام بووایە ئەوا مەحاڵ بوو دونیای نوێ بخولقێت هەر رابردووی خوێناوی دووبارە دەبوویەوە. دووبارە بوونەوەیەک تەنیا خوو بوو و پێویستی نەبوو.

پاشان دەبوو ئەو شتە بنبڕ بکات کە وەک تەورێکی زەبەلاح بەدەست شەیتانەوە درەختی رۆحی ئەوانی بڕی بوویەوە و ئێستا ئەو سەوزی کردبوویەوە و دەبوو لە داهاتوودا هێندە بالأ بکات لە هەموو شوێنێک دیار بێت. ئەویش خواردنی ماڵی یەکتر بوو لە رێگەی (سوو)ەوە، سووەکان دەوڵەمەندە کەمەکانیان دەوڵەمەندتر دەکرد و هەژارە زۆرترەکانی هەژارتر، هەنووکە ئەو ئیسلام توانای فەرمانی جیهانی هەموو دەیتوانی بنەبڕی بکات.

(سووی جاهیلیەت ناهەقە، یەکەم سوویەکیش بە ناهەقی دادەنێم، سووی "عەباسی کوڕی عەبدولموتەلیب" ئەمانە هەموویان ناهەقن).

خودا لە تیرەی عەرەب و بەرەی ئادەمی ئەو رۆژە تەنانەت لە رۆژێکی ئاواشدا تووڕە بوو کە زۆر لێیانەوە نزیک بوو ئاخر ئەوان لە خودا نەدەترسان و نیوەی بەندەکانی ئەویان دەچەوساندەوە کە ژنان بوون پێغەمبەر فەرمانی خودای پێدەگەیاندن و دەیویست بۆ هەزاران نەفەرەی بگەیەنێت و لە ناو ئەم شار بۆ ئەو شار و لەم وڵات بۆ ئەو وڵات بکات و مرۆڤ و هاوڕێکەکانی خۆیان لەبیر نەچێت.

(ئاگاتان لە ژنان بێت، لە خودا بترسن.. ئێوە بە فەرمانی خودایی ئەوانتان کردووە بە حەڵاڵی خۆتان) کە هەر ئەوە بوو بێژێت کردووتانن بە غەم رەوێن و هاودەمی خۆتان و دونیا بە بوونی ئەوانەوە جوانە.

(تەنیا بە وشەیەکی خودایی داوێنیان بۆ رەوا کردوون) ئەمەش هەر وەک ئەوە وابوو بێژێت داوێنی ئێوەش بۆ ئەوان رەوا بووە! ئەوە ئەو تەنیا لەتەک پیاوان نەدەدوا بەڵکو لە تەک ژنانیش کە ئەوانیش رەنگ پەڕیو و لێو وشکهەڵاتوو وەک پیاوان ئامادە بوون، ئەو لەگەڵ رۆحی مرۆڤ دەدوا (حەقی ئێوەیە کەسێک نەهێنە سەر جێگەتان، کە ئێوە پێتان ناخۆشە) وەک ئەوە وا بوو بڵێت دڵیان نەدەنە کەسی تر و کاتێک ئێوە لەوێ نین تەنیا خودا لەوێیە دەرگاتان بۆ کەس نەکەنەوە.

سۆزی ئەو بۆ هەڵەکاران وابوو کە بە کەمترین سزا لێی دەرچن و مەبەست پێی چاک کردنیان بێت نەوەک دژایەتی کردنیان.

(ئەگەر وایان کرد بە لێدانێک کە بریندارییان نەکات لێیان بدەن) ئەم گوتەیان لە سەر ئەوانی دەشتەکی زۆر گرانتر بوو، پێش ئەو سزای کاری لەو شێوەیە مەرگ بوو، نەزمی چەسپیوی عەرەبی بەوە تێکدا، گوتەکانی بە واوەتر دەچوو. روخسارییان تاریک هەڵگەڕا بەڵام بێجگە لە پێناخۆش بوون و ملدان بەوەی لێبگەڕێن با رێساکانی پێچەوانەی یاسا چەسپیوەکانی ئێمەش بن.

ئەو بە دوو چاو بۆ دوو دونیا دەڕوانێت، یەکێکیان دونیای خودایی و ئەوی دیکەش دونیای بەرامبەریەتی ئینجا وتی: (مافی ئەوانە کە رۆزی و بەشیان بۆ ئامادە بکەن) ئەوان لەم سەرزەویە ئەژین و ئەرکیان ئەنجام دەدەن.

ئەو بۆ مرۆڤێکی جیاواز دەدوا کە تەنیا مافەکانی خۆی لەبەر چاو نیە جارێکی دی ئاماژەی بە رۆشتنی هەمیشەیی خۆی لای ئەواندا (شتێکم لەناوتاندا بەجێهێڵاوە ئەگەر دەستی پێوە بگرن سەرتان لێناشێوێت ئەویش نووسراوەکەی خودایە). پاشان قسەی بە ئومێد و موحیبەت ئامێزی بۆ کردن (خەڵکینە دوای من پێغەمبەری دیکە نایەت دوای ئێوەش ئومەتێکی تر نیە، پەروەردگاری خۆتان بپەرستن) پەرەستن ئەو کارە بوو

هەموو کەس دەیتوانی ئەنجامی بدات و جیهانی خۆی لە سەر ئەساسی بسازێتەوە، (پێنج نوێژەکانتان بکەن، رۆژووی مانگی رەمەزان بگرن، زەکاتی ماڵ و سامان بدەن) ئەمانە هەمووی داوای خودا بوو لەوان ئەویش تەنیا بۆ ئەوانەی دەیانتوانی ئەنجامی بدەن (ئەوسا دەچنە بەهەشتی خوداوە) بەهەشت ئەو جێیەی زیندوو بوونەوەی بێ چوون بۆ ئەوێ نەبوونی خوازراوە، پاشان لەبارەی خۆیەوە بێ جووڵە دوا دەیویست تەنیا داوایان لێ نەبێت بەڵکو بەزەییان بە ئەوی برایاندا بێتەوە وەک یەکێک لە خۆیان هەرچی کردووە مرۆییانە شایەتی لە سەر بدەن

بە ئارامیەوە دەیوت: (ئێوەش لەبارەی منەوە پرسیارتان لێدەکرێت) رێگەیەکی گرتبوویەبەری تەنیا رێگەی ئەو بوو بۆ ئەوەی شایستەیی ئەوان بڵێت بەوەی دەیکردن بە شایەت لەسەر خۆی.

-چی دەڵێن؟

وتیان: شایەتی دەدەین کە تۆ پەیامت گەیاندووە و ئەرکی خۆت بەجێ گەیاندووە ئامۆژگاریت کردووین.

ئینجا پەنجەی شایەتومانی بۆ ئاسمان هەڵبڕی و پاشان بۆ زەوی داینەواندەوە و وتی: (خودایە بە شایەت بە.. خودایە بەشایەت بە. خودایە بە شایەت بە).

هەر لەبەردەم ئەو خەڵکەدا دوایین ئایەتی بۆ دابەزی (ئەورۆ کە ئایینەکەتانم بە کامڵی گەیاند و نیعمەتی خۆمم بۆ تەواوکردن و رەزامەندی خۆمدا لەوەی کە ئیسلام ئایینتان بێت).

عومەر گریا:

وتیان بۆ دەگریت وتی: دوای تەواوبوونی ناتەواوی دێت، ئاماژە بوو بە مەرگی پێغەمبەر.

پاشان بیلال بانگیدا و قامەتی کرد پێغەمبەر نوێژی نیوەڕۆ و عەسری لەوێ کرد و هیچ نوێژێکیان لە نێوانیاندا نەکرد. ئەو پێغەمبەر بوو دەیزانی لێرە و لە دونیاکەی دی چی دەگوزەرێت، هەنووکە زۆربەی کارەکانی پێغەمبەرانەی خۆی لێرە لەم دونیایە جێبەجێ کرد بوو و کاتێک بەسەر قەسواوە کە بەرەو (مەوقیف) جوڵا هەستی دەکرد شتەکان ماڵئاوایی لێدەکەن. دەچووە ئەو شوێنەی لە نێوان بەندە و خودادا هیچ رێگرێک نیە. نەک ئەوی پێغەمبەر بەڵکو هەر مرۆڤێکی دی چێژی سکوتی نێوان خالیق و مەخلوق دەبات. ئەویش چووە لای ئەو شوێنە سکی وشترەکەی لە لای بەردەکەوە و شاخی (مشات) لەبەردەمیەوە بوو، خۆشی روویکردە قیبلە و بێدەنگ وەستا.

ئێرە ئیدی کۆتایی رێ بوو، ئەو گەیشت بوو بە ئارامی. لە ئەزموونی جوان و ئەندێشەی پێگەیشتووی خوداییدا نوقم بوو بوو. دەیزانی دەرەنجامەکە زۆر لەوە

ئەولاترە کە پێشتر بیری لێدەکردەوە، هەموو ئەوەی پێشتریش پێیدا تێپەڕی بوو بە هەموو سەختیەکانیەوە بۆ ئەوە بوو خۆی و پاش خۆشی مرۆڤایەتی بگەیەنێتە ئەم ئارامیە. ژیانی پێغەمبەرانەی ئەزموون کرد بوو کە وەک هەر جۆرێکی تری ژیان بە قۆناغی جیاجیادا تێدەپەڕین.

کارێک زۆربەی جار بۆ خۆی غەم و ئەو یارانی، دەیانوت پێغەمبەر هەمیشە غەمێکی لە دڵدا بوو بۆ ئەوانی دی شادی و کامەرانی بوو.

هەر بەو بێدەنگیە زۆر بە قووڵی کەس نەیدەزانی لەتەک خودای خۆی دەدوا، ئێوارە داهات ئاسمان خۆری لە دەستدا و هێشتا ئەستێرەشی دەست نەکەوتبوو ئەو لە هەموو پاشاکانی دونیا گەورەتر بەڵام لە هەموو مەخلوق هەژارتر دەپاڕایەوە، ئەمە کۆتایی کاری پێغەمبەرانەی بوو بەڵام رۆحی ئاوەدان و ئامادە بوو ئەو هەموو فرمێسکانەی ئەو ئێوارەیە رشتنی مانای وا بوو زۆر ئاوەدان و زۆر قسەشی پێ بوو کە بە خودای خۆی بڵێت.

دوور دووری دەڕوانی تەنیا و تەنیاتر دەبوویەوە بە گەرمی و رێزەوە ماڵئاوایی لە مەککە دەکرد ئەو لە لوتکەی چالاکی جەستەیدا بوو. لە تەمەنێکدا هەموو پاشاکانی دونیا ئاوات بخوازن لەو تەمەنەدا پاشا بن ئەزموونی ژیانی بە تەواوەتی کرد بوو نەشچوو بووە پیری و پەک کەوتنەوە، بەڵام ئەو زۆری لێنەما بوو لێرە دەڕۆشت. بەڵام رۆحێک لەو جەستەیەدا بوو کە دەیزانی چی دێتەڕێ. خۆی باش دەیزانی ئەو کێیە ئەوەی مرۆڤێک بتوانێت لە رۆح و دونیادا پێی بگات ئەو پێی گەیشتبوو.

بەرە بەرە تاریک داهات ئەگەرچی شەو بوو بەڵام نوور و روناکی هەموو شوێنێکی گرتبووەوە. ئەو بە خۆیدا هاتەوە و (ئوسامە)ی خستە پاش خۆی لەسەر وڵاخەکەی تاشە بەردەکانی کێوی عەرەفاتی لە پاش خۆی بەجێهێڵا وەک مرۆڤێکی شەرمن، شەوێک تەژی لە هەیبەت سادەیی بوو نوێژی مەغریب و عیشای گەیاندە موزدەلیفە. ئیدی هەموو رابردووی هێنایە بەرچاو کە هەموو عەرەب دژی بوو بوونەوە و سوپاسی خودای کرد.

زیکرەکانی تەواو کرد و خێرا تا بەرەبەیان خەوی لێکەوت. بەیانیش پاش نوێژ لە بومولێڵی بەیانیدا جارێکی دی سواری (قەسوا) حوشترە هاوڕێکەی بوو و گەیشتە (مەشعەری حەرام). ئەو بۆ ئەوە نەهاتبوو لێرە بحەوێتەوە دەبوو لە جیهانی رۆحیشدا بڕوا و بڕوا. ئەوە ناڕوونی ئەو لە شوێنە پیرۆزە لە دەرەوە دەردەکەوت رووی کردە قیبلە و پاڕایەوە و تەکبیری کرد و (لا اله الا الله)ی کرد، بە جەستە لەوێ مایەوە بەڵام بە رۆح هێندە دوور کەوتبووەوە تا بە تەواوەتی ماندوو و شەکەت بوو.

له موزدەلیفەش هات بۆ (منی) هێشتا خۆر هەڵنەهاتبوو فەزڵی کوڕی عەباسی خستە پاش خۆی لە سەر وڵاخەکەی گەیشتە موحەمەد و ڕۆحی گەڕایەوە و ئارامی گرت و ڕێگەی ناوەڕاستی گرتەبەر بەرەو (جمرة الکبری) حەوت بەردی بچووکی بۆ دەرەوە وەشاند کە تەنیا ڕەمزی دژایەتی شەڕ بوون. بۆ هەر شوێنێکیش دەچوو ئاپۆرای خەڵک چوار دەوریان دەدا و بە تەمای ئەوە بوون فەرمانی خودایان بە گوێدا بچەپێنێت. بەڵام پێش ئەوەی دەست بە نوتق بکات چووە قوربانیگەوە سەد حوشتری کردە قوربانی بۆ ئاپۆرەی ئەو نەدار و هەژارانەی بۆ زەماوەندی لیقای خودا هاتبوونە ئەم شیوە دوورەی جەرگەی بیانانەوە بە دەستی خۆی شەست و سێیانی سەربڕی و سی و حەوتیان عەلی ئامۆزای لە هەر وشترێکیش پارچەیەکیان لێکردەوە و کوڵاندنیان و پێغەمبەر لێی خوارد و بە شلەکەشی گەرووی خۆی تەڕ کردەوە.

هەر دەڕۆشتن و خەڵکەکە هەموو جێیەکیان بە شوێنیدا دەتەنی و چووە مەککە و تەوافی (ئیفازە)ی کرد و لە مەککە نوێژی نیوەڕۆی کرد نووری ئەو لە نوێژدا دەدرەوشایەوە. کەسەکانی لەبەرەی باپیرەی (عەبدولموتەلیب)ی بینی ئاویان هەڵدەگۆزی فەرمووی نەوەی (عەبدولموتەلیب) ئاو دەربهێنن! ئەگەر لەبەر ئەوە نەبووایە لە دەستتانی دەربهێنن منیش بەشداریم دەکردن. شەربەیەک ئاویان دایێ دەموچاوی پێ گەشایەوە و نۆشی کرد. ئەوجا لە قوربانیگە کاتێک ڕەنگی خۆڵەمێشی بەرد و وردە لمەکان بە تیشکی خۆر لە چێشتەنگەدا سوور هەڵگەڕا. پێغەمبەر جارێکی دی بۆ خەڵکەکە نوتقیدا و عەلیش بە دوورەکانی دەگەیاند. دوای ئەوەی بە پێویستی دەزانی لە وتەکانی دوێنێی دووبارە کردەوە و پاشان لە کات و شاری پیرۆز ڕۆژووی قوربانی پرسی و خەڵکەکە وایان دەزانی ناوەکەیان دەگۆڕێت بەڵام جەختی لێکردنەوە و پاشان فەرمووی: ئێوە ماڵ و سامان و شەڕەف نامووستان لە سەر یەکتری حەرامە ئەو ڕۆژەتان لەم شارەتان و لە مانگە حەرامەکاندا.

(ڕۆژێک دەگەنەوە بە پەروەردگاری خۆتان، لەبارەی کردەوەکانتانەوە پرسیارتان لێدەکات، نەکەن لە دوای من گومڕا ببنەوە و بدەن لە ملی یەکتر).

-ئەرێ پێتانم گەیاند؟

-وتیان: بەڵێ.

فەرمووی: خودایە خۆت بە شایەت بە! خەڵکینە با ئەو کەسەی لێرەیە بیگەیەنێت بەوەی لێرە نیە، لەوانەیە ئەوەی پێی دەگات هۆشیارتر بێت لەوەی لێرەیە. پاشان لەبارەی ڕۆحی بەرپرسیارێتی تاکەکانی مرۆڤەوە دوا کە هەر کەس تەنیا خۆی لە کردەوەکانی پاش خۆی بەرپرسیارە. بە خۆشەویستی و ترسەوە لەوانی دەڕوانی و دەترسێت هیچی لەبیر نەچێت و هەموو شتەکانی دەخستە سەر هەوای بیرکردنەوە.

پێدەچوو لە داهاتووە بێتەوە: لەوان رادەما و هەموو ئەو شتانەی دەبینی لە چاوانی ئەواندا بوو، بزانن کە شەیتان نائومێد بووە لەوەی ئەم بتانە لە وڵاتی ئێوەدا بپەرسترێن، بەڵام دەشێت لە هەندێک کاردا کە ئێوە بە کەمی دەزانن بە گوێی ئەو بکەن و ئەویش بەو هێندەیەش قاییل دەبێت. ئاگاداری کردن کە وریا بن شتە وردەکان بەرەو هەڵگەڕانی گەورەیان نەبەن. هەوڵی دەدا ئەوە روون بکاتەوە کە روون ناکرێنەوە. وەک کەسێک ئازارێکی ناوەکی هەبێت ئەوا بۆیان دەدوا. رۆژانی درەوشاوەی جەژن لە مینا بۆ جێبەجێکردنی سروتەکانی فێرکردنی شەریعەت و یاد خستنەوە بە سامی خودا سونتەکەی قوربانی ئیبراهیمی بەجێهێنا و هەر دەبزوا و دەبزوا هەر شەوێک لە شوێنێک دەمایەوە و هەمیشە ئامادە بوو ئەوانە ساتانێک بوون لە ژیانی هەموو ئەوانەی لەوێ ئامادە بوون لەو ساتانەی قەت دووبارە نابنەوە.

کاتێک لە مەناسیکەکان بووەوە و داوای لە خەڵکەکە کرد بارگە بپێچنەوە و بەرەو مەدینەی منەوەرە بجوڵێنن کە لە تەک ئەواندا هەموو جیهان جوڵا. جیهانێکی درێژکراوەی ئەوەی لەناو ئەوەوە هاتە دەرە کە خودی گەردوون بوو. هەنگاویان دەناو ئەویش زۆر جوان لەتەک ئەواندا هەنگاوی دەنا.

لەتەک ئەواندا بەرەو کەنارگیری و تەنیایی قووڵ و ئامادەی گەڕانەوە بۆ ئاسمان گەڕایەوە. تەنیا کارێک پێش نەخۆشکەوتنی بە سەرکردایەتی ئوسامەی منالّ سوپایەکی بەرەو رۆم رێکخست کە ئەبوبەکر و عومەریش تێدا سەرباز بوون و ئەو گەنجەی کردە سەرکردە و فەرمانی پێدان سمی وڵاخەکانیان بگەیەننە (بەڵقاء). خەڵکەکە بوو بە مقۆ مقۆیان وتیان: ئەو گەنجەی کردووە بە ئەمیر. پێغەمبەر فەرمووی: ئەگەر تانە لە میرایەتی ئەو دەدەن پێشتر بۆ باوکیشی وا بوون، سوێند بە خودا ئەو پیاوە بۆ میرایەتی ئێوە دەشا! ئەو خۆشەویسترین بوو لە دڵی مندا، ئەم کوڕەش لە دوای باوکی لە هەموو کەس خۆشەویسترە لە لام.

# ٧

## شەڕەکانی قوڕەیش

### (ئای! لە شەڕەکانی قوڕەیش، قوڕەیش بە سەر بیاباندا بۆ شەڕ فرۆشتن دەڕۆشت، بەڵام بەناو خۆیدا نەدەڕۆشت)

بیابان هێندە فراوان بوو کە مەککە و مەدینەش دەیانتوانی بە ئاشتی تێیدا بژین، ئەمە هەر ئەو شتەش بوو کە موحەمەد و یارانی دەیانویست. بەڵام قوڕەیش بە دڵی نەبوو چونکە قوڕەیش نەخۆش بوو، زۆر نەخۆشی هەبوو نەخۆشی ترس و نەخۆشی ناوبانگ و نەخۆشی شانازی، نەخۆشی جودابوونەوە لەوانی دی، نەخۆشی چێژ لە ئازار و چەساندنەوەی مرۆڤ و ئاژەڵ. قوڕەیش پەیمانی ئەبەدی لەگەڵ ئاژاوە و کوشت و کوشتاردا بەستبوو.

قوڕەیش نەخۆش بوو، گرفتاری نەخۆشیەکانی خودی خۆی بوو. لە تاو ئازار و دەردی خۆی شەو خۆی لێ نەدەکەوت. ئەگەریش بخەوتایە بەدەم تابردن و وڕێنە و خەونی سامناکەوە و دادەچڵەکی و چاوی ئەبڵەق دەبوون و چین چین عارەقی دەردەدا مەدینە و موسڵمانان لێی بوو بوونە ملۆزمە و شەوان دەهاتنە خەوی و خەو و حەوانەوەیان لێ هەڵگرتبوو. بەدەم خەو رابوونەوە جنێوی دەدا. هەڕەشەی دەکرد.

بۆ بەیانی بە چاوی شەو نەخەوتووەوە نامە لە دوای نامە خەبەری دەنارد. خەڵکی مەدینەی دەترساند کە ئەگەر موحەمەدم بۆ نەنێرنەوە ئەوا دێمە سەرتان موڵک و ماڵتان دەبەم، خەڵتانی خوێنتان دەکەم و ژنەکانتان حەڵاڵ دەکەم. جار بوو نامەی دەنووسی (ئەو پیاوە واتە موحەمەد ئەگەر چاکە ئەوا بۆ خۆمانە و ئەگەر خراپیشە چی

دەکات لای ئێوە) هەواڵی بۆ جوولەکە و خێڵەکانی دەوروبەری مەدینەش دەنارد و نێردراوی دەناردە لایان ئەوا (یەسریب) گڕ تێبەر دەدەم دۆزەخێکی لێ تاو دەدەم کە جێی هەموو ئێوەش تێیدا بێتەوە و بە ئاگرەکەی بتانسوتێنم.

قورەیش نەخۆش بوو. نەخۆشی خۆپەسەندی، هەموو خۆپەسەندەکان نایانەوێت هیچ ببیستن تەنیا سەنای خۆیان نەبێت. دەیانەوێت هەموو عەرەب باسیان بکەن. قورەیش لە وەهمیدا دەژیا. وەهمی گەورەیی عەرەب. گەورەیی ئەو ئێستا بە وەهم گەڕا بوو، پێشتر راست بوو. ئەو پاشا بوو. دەموچاوی پاشایانەشی هەڵگرتبوو، لانی کەم لای خۆی و هەموو عەرەبیش وا دەبینرا. هەنووکە بوونی موحەمەد و مەدینە برینێکی ناشیرین بوو لە دەموچاویدا دروستبوو بوو، دەبوو لە بنەوە هەڵیکێشێت. برینێک نەدەبوو بشارێتەوە و هەموو ئەوانی تر دەیانبینی، ئاخر هەموو شتێکی قورەیش هی خۆی بوو. دەموچاوی هی ئەوانی تر بوو دەیانتوانی بۆی بڕوانن و سەیری بکەن.

قورەیش ئیدی قورەیش نەبوو. بە دەست برینی موحەمەد و یارانیەوە ئارامی نەبوو، وەک پەڵە برینێکی سوور رۆژ بە رۆژ بە دەموچاویەوە دەیتەنیەوە، وەک نەخۆشی گولی خەریک بوو لێوەکانی دەخوارد و دانەکانی دەردەکەوتن، لووتی دەڕزاند. لووتی، لووت نەبوو بەڵکو تەنیا دوو کونی زلبوون بە سەرووی دەمیەوە. ئەبرۆکانی نەدەمان. چاوەکانی لە ئاست یەکتردا نەبوون یەکێکیان بە قووڵاییدا چوو و ئەویش تریش دەرتۆقی بوو.

قورەیش قورەیش نەبوو. کارەکانی بێ ئەنجام بوون، چی لەگەڵ موحەمەد و یارانی نەکرد، سزای دان و شاربەدەری کردن و ماڵ و حاڵی داگیرکردن، لە دووری دووریش نەیدەهێڵا بحەوێتەوە، بیابانی لێ تەسک کردبوونەوە. ئابڵوقەی خستنەسەر. ئابڵوقەیەک ئەگەر بە سەر مەککە بسەپا ئەوا خۆیان لە برسا دەمردن. عائیشەی ژنی پێغەمبەر دەیگێڕایەوە کە چەند مانگ لە دایک دەبوو و گەورە دەبوو و رایدەکرد و بە پیریش کۆتایی بە تەمەنی دەهات کەچی لە ماڵی پێغەمبەر مەنجەڵ لەسەر ئاگر دانەنرا، تەنیا لەسەر دوو رەشەکە کە ئاو و خورمابوون دەژیان.

قورەیش هەر لە سەرەتاوە تا ئەم قۆناغەی چیرۆکی پێغەمبەرایەتی موحەمەد رۆڵێکی خراپی هەبوو، قورەیش هێندە لەنێو قورەیش بوونی خۆیدا غەرق بوو بە سەر بیاباندا بۆ شەڕ فرۆشتن دەڕۆشت، بەڵام ئەو بەناو خۆیدا نەدەڕۆشت. قورەیش چەندین ساڵ و سەدە خاوەنی چەوەکانی بیابان بوو، ئەو جادانەی پڕ بە لمی هەموو بیابان بوون، قورەیش خاوەنی نان و ئاو بوو، قورەیشی خاوەن زێڕ و زیوی فرە و فراوان، بێجگە لە قورەیش هیچ کەس نان و ئاوی لە خۆی زیاتر نەبوو ئاخر بێجگە لە قورەیش کەس نان و ئاو و زێڕی نەبوو.

کێشەی قورەیش نەبوونی شت نەبوو، کێشەی قورەیش ئەوە بوو دیل بوو، دیلی دەستی خۆی، ئاسانترە ئەوەیە بۆ مرۆڤ کە لە دەستی خەڵکی دیکە رزگاری ببێت بەڵام دڵی دەوێت تا مرۆڤ لە دەستی خۆی رزگاری ببێت، مرۆڤ دوو دڵی هەیە دڵێک بریندار دەبێت و ئازار دەچەژێت و دەگری و هاوار دەکات و هەڵە دەکات دڵێکی دی برینەکانی دڵی یەکەم سارێژ دەکات و مانا بە گریانەکانی دەبەخشێت و هەڵەکانی راست دەکاتەوە.

ئەوە دڵی دووەمە وەک خۆرێک بە سەر سەری مرۆڤبوونی مرۆڤەوە دەوەستایەوە بە نەمانی ئەو خۆرە جیهانی دڵی یەکەم دەبێتە تاریکستان، کاتێک دڵی یەکەم نازانێت ئەوە دڵی دووەمە دەزانێت کە نازانێت. قورەیش نەیدەزانی بەڵام نەیدەزانی کە نازانێت، چونکە قورەیش دڵی دووەمی نەبوو. دڵی دووەم مەملەکەتی خێر و شەڕە، هەر لەوێوە مرۆڤ بڕیار دەدات شوێنی خودا یاخود ئیبلیس دەکەوێت.

ئەو شتە نەبینراوەش کە مرۆڤ دەکاتە مرۆڤ، ئەو شتەی کە ئەگەر هەموو شتی دونیات هەبێت و ئەوت نەبێت وەک ئەوەیە هیچ نەبێت ئەو شتەی شت نیە لە دڵی دووەمدایە، قورەیش نەخۆش بوو لەبەر ئەوەی دڵی دووەمی نەخۆش بوو، هەموو فریشتەکان دەیانزانی قورەیش نەخۆشە بەڵام قورەیش نەیدەزانی چونکە دڵی دووەمی نەیدەزانی. دڵی دووەم وەک دڵی یەکەم هاودەمی و تەنیایی خۆی و برسێتی و تێری خۆی هەیە.

قورەیش لە جیهانی دڵی دووەمیدا تەنیا بوو، هەر دەیخوارد و تێر نەدەبوو دەیخواردەوە و تینوویەتی نەدەشکا، لە جیهانی دڵی یەکەمدا تەنیا قورەیش لە بەشی خۆی زیاتری هەبوو، لە جیهانی دڵی دووەمدا بەشی هەموو ئەوانی دەبرد و هەر تێری نەدەخوارد، لە جیهانی دڵی یەکەمیدا قورەیش حەکیم و گەورەی عەرەب بوو لە دونیای دڵی دووەمیدا جانەوەرێکی دڕەندە و شەڕانی بوو، دڵی دووەمی مرۆڤ نیوەی سپی و نوورانیە و نیوەی تاریک و نوتەک لە ساتێکی تەمەنی خۆیدا بڕیار دەدات بچێتە بەر پەنجەرەی نیوە سپیەکە و ئیدی ببێتە فریشتە و دوو باڵی لێ بڕوێت، یاخود بچێتە سووچێکی تاریکی نیوەی دووەم و ئیتر دوو ئیبلیس بچنە سەرشانی و بەرەو خراپە و شەڕ پاڵی پێوە بنێن.

قورەیش کونجە تاریکەکەی هەڵبژارد بوو هەر بۆیە نەیدەتوانی قەبوڵی ئەوە بکات موحەمەد و یارانی بێ ترس لە سەر زەویەکی دوور لەو سەری بیابانەوە بە ئازادی بسوڕێنەوە، قورەیش ترسی هەبوو ترس لە ترسەکانی خۆی هەروەک چۆن مرۆڤ بیر لە خەیاڵەکانی خۆی دەکاتەوە گاڵتەی بە موحیبەتە رووکەشەکانی خۆی دێت ئاواش دڵی دووەمی قورەیش لەو راستگۆیی و خۆڕاگریەی موحەمەد و یارانی کە دڵی

یەکەمی دانی پێدا دەنا ترسی هەبوو، ترسێک بۆ بڕیاری شەڕی هەمیشەیی وەردەچەرخا، بەمەش رۆژ بە رۆژ دڕەندەیی قورەیشی دەدایەوە، ئیتر شەڕکردن دەبوو بە سروشتی ئەبەدی قورەیش.

سڕینەوەی بەرامبەر، ئەمە وێنەی راستەقینەی قورەیش بوو کە دەیویست بیهێڵێتەوە و وێنەی دێوێک بە دەمی زل و کەڵبەی خوێناویەوە ئەو دێوەی موحەمەد دەیویست ببێتە فریشتە، وێنەی قورەیشیەکانی هەموو سەردەمەکانە کە لە بەرامبەر موحەمەدەکاندا دەوەستن کە هیچیان نەکردووە تەنیا ئەوە نەبێت بڵێن خودا یەکە و بەس، وێنەی قورەیشیەکان کە وێنەی گەورەیی ئەوانە و هیچیش نیە تەنیا وێنەیەک نەبێت کە قورەیش بۆ خۆی دروستی کردووە، وێنەیەکی خەیاڵی جیهانی ناو و ناوبانگی جیهانی خۆی هەبوو بۆ ئەوەی تێیدا بژی، دەبوو ژیان لە موحەمەد و یارانی بکاتە دۆزەخ.

مەسەلە دەرکردن و راوەدوونان و داگیرکردنی سەروەت و سامان و برسی کردن و ئابڵوقەدانی ئابووی کە کردبووی نەبوو، بەڵکو بابەتەکە لە ریشە دەرهێنانی بوو، بوونی موحەمەد هەستی لاوازی قورەیش بوو کە بڕستی لێ بڕی بوو. ئەوی تاقانە سەرداری عەرەب قابیلی بوو، هابیلێکی بچووکی لێ تایین بوو بوو، دەبوو لەناوی بەرێت، توفلێکی پاک و بەری بوو هیچی لەو نەدەویست، هەر ئەو بوونە بێ گوناهەش بوو ئەوی شێت کرد بوو، بە هەڵەیەکی بەرجەستە بووی بیابانی گەورەی عەرەبیان دەزانی و دەبووایە بسڕایەتەوە، ئێستا قورەیش بڕیاری کوشتار و سڕینەوەی مەدینەی دابوو، جەنگ و کوشتار قورەیش لە دڵی دووەمیدا بڕیاری لە سەر دابوو.

لە ناو ئەو قووڵاییەدا کە مرۆڤ نایەوێت تەنیا بینەری رووداوەکان بێت، بەڵکو دەیەوێت رێڕەوی رووداوەکان بگۆڕێت، قورەیشیش رێڕەوی بەلای جەنگدا گۆڕا بوو و کوشتار سەفەرێکی سەختی دیکەی مەدینە بوو دەستی پێکرد بوو کە نەیدەویست بیکات ئیدی رۆژگار پاشماوەی بۆ دوای کوشتار نەدەمایەوە، تۆزی گەورەی جەنگێک لە هەڵچوون بەرە و ئەبەدیەت نەدەسڕایەوە و جەنگێکی دیکە دەستی پێدەکرد، رۆژ و مانگەکانی شەڕ هەر بە رووکەش جودا بوون، ئەوان بۆ هەمیشە لەگەڵ موسڵماناندا لە شەڕدا بوون.

قورەیش پێش هەموو کەس لەگەڵ خۆیدا لە شەڕدا بوو، شەڕێکی مەملەکەتی وێرانی رۆحی ئەوی بە رەنگی سووری خوێن گۆڕا بوو، مەملەکەتێک موسڵمانەکانیش لەوێ دەژیان، ئەوانیش مرۆڤ بوون فریشتە نەبوون باڵیان نەبوو، هیچ ئازاریان بۆ ئەوان نەبوو بەڵام هەمان خۆر لێی دەدات و هەمان هەوای تۆزاوی شەڕی قورەیش لێی دەدان و هەمان رقی قورەیشی لە خۆی بۆ ئێرەیی و رق لەوان وەردەگەڕا و دڵی

بریندار دەکردن، ئەوان بە دڵی پڕ ئازارەوە دەچوونە شەڕ، بە عیشقەوە ڕێگای هەزار ساڵەیان بۆ چەند هەنگاوێک کوورت دەکردەوە و لەناو تەپوتۆزدا دڵیان بریندار دەبوو و گەورەیی ئەوان لەو برینانەدا بوو کە لە هەموو شتیان دەگەڕان لەو برینەی دڵیان نەبێت، گەورەیی ئەوان لەو برینەدا بوو.

ئەوان وازیان لە گیانیان دەهێنا بەڵام لە برینەکانیان نەخێر ئەوان پێکەوە دەچوونە شەڕ لەتەک قوڕەیشدا، شەڕێک شمشێر و نێزەیان عیشق و قەڵغانیان ئیمانیان بوو، ئەوان خودای خۆیان باش دەناسی، ناسینێک تا ئاستی کوژران و تیاچوون هەر ئەم ناسینەش ئازایەتی بەوان دەبەخشی ئەگەرچی خودا ژمارەیەکی کەمی لەوانی خولقاند بوو ئازایەتیەک لە جیاوازی شتەکانیاندا نەبوو بۆیە قوڕەیش هەموو هەبوو و نەبوویەکی ئەوانی دەبرد، بەڵام هێشتا بوێرانە لە مەیدانی شەڕدا بوون، ئازایەتی ئەوان لە شتێکدا بوو بە کەس نەدەبرا ئەویش خودی خۆیان بوو.

ئەوان فریشتە نەبوون مرۆڤ بوون، مرۆڤێک لە جۆرێکی تایبەت مرۆڤێک بوونی لە هەبووەکانیدایە هەر ئەمەش قوڕەیشی شێت کرد بوو چونکە قوڕەیش دڵی دووەمی کوێرایی داهاتبوو. هەر ئەمەش وایکرد بوو لە جوامێری ئەمانەوە تا نەزانی قوڕەیش هەزار هەنگاو هەبێت.

قوڕەیش نەخۆش بوو کە نەخۆشیەکەی دەگەیشتە لوتکە بە خوێن نەبووایە دانەدەمرکا، لە هەموو شت زیاتر قینی لە ئارامی خۆڕاگری خەنیمەکانی بوو، دەبوو لە جەزیرەی عەرەبدا هەموو کەس بۆ ئەو مل بدات، ئەویش نەوەک ملدانی دەرەکی، بەڵکو ملدانێک زەلیلیەک لە دڵەوە بهاتایە، بە ئازاردان و شکاندنی دەرەکی کەفوکوڵی دانەدەمرکا، هەر بۆیە هێندە رقی لە موسڵمانان بوو، لەو ڕۆژەوە موحەمەد بانگی پێغەمەرایەتی خۆی هەڵدابوو، هیچ نەمابوو بەرامبەر ئەو و یارانی نەیکات، بەڵام چاوانیان سەربەرزانە بۆ ئەمانیان روانی بوو.

مرۆڤیش مەخلوقێکی سەیرە، چەرخی گەردوون لە سوڕانەوەی خۆی نەکەوت و ئەم دیوە شەڕانیەی ناو ڕۆحی قوڕەیش ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبوو، بە دوو چاوی سەر دەیبینی موحەمەد و یارانی بوو بوونە ئازادترین کەسی عەرەب کە لە دەرەوەی خێڵ و تایەفەکانیان بۆ خۆیان دەژیان، ئێستا لە ناوبردنیان بوو بووە بەشێک لە خەونەکانی کە بە دەم وڕێنە و نەخۆشیەوە دەیدیتن، پاسەوانی موحەمەد و یارانی لەبەردەم دەروازەی شاری مەدینەدا تەنها بۆ یەک شەو نەبوون (ئوبەی کوڕی کەعب) یەکێک لە یاران دوای وەفاتی پێغەمبەر چاوی بڕی بوویە ئاسمان و باسی ئەو ڕۆژگارەی دەگێڕایەوە و لێوەکانی لەبەر یەک هەڵدەهێنان و دەیگوت:

پێغەمبەر و یارانی هاتنە مەدینە و ئەنسارەکان پەنایان دان، ئیتر عەرەب چوار دەوریان گرتن و موسڵمانەکان بە چەک و تفاقیشەوە نەبووایە نەدەخەوتن. جامی غیرەتیان پڕ بوو بوو و دەستیان لە سەر شمشێرەکانیان بوو و ئامادەی شەڕ بوون، تەنها ئەو ئایەتە رایگرتبوو کە فەرموو بووی (دەستتان رابگرن و نوێژەکانتان ئەنجام بدەن).

هەر لە ئەزەلەوە خەڵکی خودا بوو بوونە دوو دەستە، دەستەیەکیان هیچ نەدەچوو بە مێشکیاندا کە بە قازانجی ئەوان نەبووایە، قوڕەیش لەوانە بوو، ئیتر بە چاوی غەزەبەوە دەیانڕوانیە ئەو شارە سادەیەی موسڵمانەکان بە مەدینە ناویان دەبرد پڕ بە پێست ناوەکەی بە ئاشتی و ئارامیەوە لەو بیابانەدا بۆ خۆی خەوت بوو، بەڵام قوڕەیش ئەو هەموو دڵڕەقی و خۆ بەزلزانین و دوور لە خوداییەی لە خێڵێکدا کۆکردبوویەوە.

هەر بۆیە قوڕەیش نەیدەتوانی ئەو ناوە کە رەمزی ئاشتی نەبڕاوە و ئەبەدی بوو بەسەر زاریدا بێت و هەموو هەڕەشە و گوڕەشەکانی خۆی بە ناوی ئەهلی یەسریبەوە دەنارد هەتا دواکەوتوویی و ئەو براکوژیەی لە دوو سەدەی رابردوودا لە ژێر ئەو ناوەدا ئەنجامدرا بوو وەبیریان بهێنێت، ئاژاوە لە هەموو گوفتار و رەفتاریدا زیندوو بووبوویەوە.

قوڕەیش لە دڵیدا جێیەکی بۆ خودای راستەقینە دانەنا بوو لە کاتێکدا خودای درۆزن هەموو کونج و کەلەبەری دڵیانی تەنی بوو، قوڕەیش دەیڕوانی بەڵام نەیدەتوانی ئەو دیوە راستەقینەی بوون کەشف بکات کە لاکردنەوەی دەویست، تا ببینێت و بێدەنگ ئەو شوێنە بدۆزێتەوە کە لێوەی هاتبوو، نەخۆشیە ئەبەدیەکانی ئەو تایپەی مرۆڤ لەودا سەریان هەڵدەدایەوە کە هەر لە ئەزەلەوە لە بووندا جێگەیەکیان پێدرابوو.

مرۆڤەکان کاتێک دەروونیان ساغە، دوو رێگایان لەبەرە و خۆیان یەکیان هەڵدەبژێن، بەڵام کاتێک وەک ئەوەی قوڕەیش دەبن ئیدی یەکیان دەسڕێتەوە ئەوەیان کە رۆشن و فراوانە تەنها ئەوەیان دەمێنێتەوە کە تاریک و باریکە، خۆ ئەگەر ئەوەی یەکەمیانی هەڵبژاردایە ئاوا موسڵمان و کافران پێکەوە ئاشتیان دەکرد و بیابانیش بەشی هەموویانی دەکرد.

قوڕەیش ئەوەی دووەمی هەڵبژاردبوو ئەوا ئاشتیش بوو بوویە شەڕ و بیابانیش هێندە تەسک بوو بوویەوە کەس نەیدەتوانی بێ لەناو لادانی ئەوی دیکە بۆ خۆی بژی، هەروەک ئەوەی ئاگریان بە پاشقولیەوە نابێت شوێنی بە خۆی نەدەگرت، ئەم موحەمەدیانە گێژیان کرد بوو ئەوان هیچیان نەکرد بوو و لە هەموو شتێکیشیان کرد

بوو، کەللەی ئەویان ئاوساند بوو، هەستی دەکرد سەری دەئاوسا و لە ناو مێزەرەکەیدا جێی نابێتەوە.

وا خۆی سەخلەت دەکرد پیاو لەبەری دەترسا، بوو بوویە جانەوەری دڕندە و ڕێگای بۆ هێنانەوەی ئابڕووی لە دەستچووی نەمابوو، یاخود مابوو ئەو نەیدەدۆزیەوە، دوای کۆچیش بۆ مەدینە تاوانبار ئەوسا بەس موحەمەد بوو و ئێستا بوو بوونە هەزاران، سەیری ڕەفتاری قوڕەیش مەکە لە رووکەشدا سەرکەوتوو بوو ئەو لە ناوەوەڕا ئەو بانگی موحەمەدە بە فوویەکی نەبینراو ڕۆحی ئەمی وێران کرد بوو، بەڵام خۆشی و دەسەڵاتی پێشینی خۆی خەریک بوو لەبەردەم کۆمەڵێک لە یاسادەرچوودا وەک نووسینی سەر لمی بیابان بە دەم باوە مەعب دەبووەوە.

لە مەدینەش لە پاش کۆچ، نیوەی شاخەکانی دەوروبەری بەیانیان بە هەڵهاتنی خۆر دەبریسکانەوە، نیوەکەی دیشیان خۆیان دەدایە بەر تیشکی ئێوارە و زەرد هەڵدەگەڕان، شەویش دەکەوتە بەینەوە و ئێوارە و بەیانی لە یەکدی جودا دەکردەوە، زستانان فریشتە پەڵە هەورانیان وەک ئەسپ و عەرەبانە لێدەخوڕی، هەورە بروسکە وەک خەنجەری تیژ قوماشی شینی ئاسمانی دادەڕنی باران و تۆفان دایدەکرد و ئاو لە جادە و کۆڵانان هەڵدەستا.

هاوینانیش هەتاو بە سەر سەریەوە وەستا بوو و بە هیچ نەدەجوڵا و شار دەتوت ساجی سورەوە کراوە لە گەرمادا دەسوتا و دوکەڵی لێ هەڵدەستێت، ئاژاوە هاتبووە بەر دەرگایان و مەرگ خۆی گەیاندبووە ئەوێ و دەبوو خۆیان بۆ شەڕ ئامادە بکەن، چاوەڕوانی هەواڵی ئاسمان بوون، بەڵام ئاسمانیش بە ئەسپایی دەچووە پێشەوە دەیزانی چ باسە و پەلەی بە وەڵامدانەوەی نەبوو.

کاتی بوو جوامێری ڕاستەقینەی خۆیان کە لە شمشێردا دەبریسکایەوە ببینن، دەچوونە خزمەت پێغەمەر و حەزیان دەکرد بۆنی پێغەمبەرانەی ئەویان بە سەردا بێت و بەڵام ئەویش وەک ئەوان هەر چاوی لە ئاسمان بوو، دەتوت مەدینە بە هەموو ژن و منداڵ و کافر و موسڵمانیەوە بە سەر شانی ئەوەوەن، سواری ئێسترەکەی دەبوو و شەوان بە کوچە و کۆڵانی مەدینەدا ئەو کاتانەی کە تریفە و تافی مانگ وەک تەم بە سەر ماڵ و باخی خورما و ترێی مەدینەدا لە ئاسمانەوە دەڕژایە خوارێ و حەزی دەکرد سواری حوشترەکەی با و خۆی بایەتە دەم با و هەر چووبا و چووبا.

لە شار دەچووە دەرێ و لە غەمی شارە بچوکەکەیدا کە وەک مەڕێکی بەجێماو لەو بیابانە دوورەدا لەبەردەم هێرشی ئەو هەموو گورگەی دەسەڵاتدارانی ئەو ڕۆژگارەدا کە بچووکترینیان قوڕەیش بوو بە دەم و دەستبەسراوی دانرا بوو لە ڕۆحیدا لە جەوەلاندا بوو، ئەو پێغەمبەر بوو مێشکی مرۆڤانی دەخوێندەوە و دەیزانی چ نیازێکی

شەڕانیان هەبوو، مرۆڤ بێجگە لە حیکایەتی دێو و درنج  و شەڕ و ئاژاوە شتێکی دیکە نەبوو.

مرۆڤ چی بوو بێجگە لە دەموچاوێک کە لە خوێندا چەقی بوو، لە دڵی خۆیدا هەر هاواری بوو، بەڵام ئەم هاوارانە لە ئاکاری بە ویقاریدا وەک ورتە ورتەیەکیش نەدەبیسترا، نیگاکانی لە پەڵە ئەستێرەکانی ئاسمان هەڵدەسوڕان، دەیزانی بەشە زەمینیەکەی بە تەواوەتی گەیشتووە، هەمیشە وا بوو هەموو جارێک بەشە زەمینیەکەی وەک میوەیەک بە لقێکەوە دەگەیشت و بەشە نوورانیە ئاسمانیەکەش دەرزیەکی نووری لێدەدا و دەیتەقاند، نزای بوو: خودایە کەی فەرمانت پێم دەگات؟

دواجار ئەو فەرمانەش گەیشت و فریشتە بە فرتە فرتی باڵەکانیان لە ئاسمانەوە هاتنە خوارێ و ئیزنی شەڕیان گەیاند پێغەمبەر وا پێشوازی لێکرد وەک کەسێک بە خۆشیەوە پێشوازی لە هەموو ترس و ناخۆشیەک بکات، دڵی وا کەوتبووە لێدان هەر ئەوە نەبوو لە قەفەسەی سنگی بێتەدەرێ، ئاخر ئەو پێغەمبەری رزگاری مرۆڤان بوو بۆ ئەوە نەهاتبوو بە شەڕیان بدات، وای لە نەفسی جەنگ ویستی قوڕەیش، کە دۆخەکەی ئاسمان و زەوی بە ئێرە گەیاندبوو.

بۆ بەیانی لە مزگەوتدا پێغەمبەر دەرکەوت و ئەبرۆ رەشەکانی کە بە سەر چاوە عەرەبیەکانیەوە دەجولان وایان دەنواند کە دڵی هەواڵیکی گرنگی پێیە، لە ناو جلە پاک و سپیەکانیدا لە جوانیدا شەڕی بە خۆر و مانگ دەفرۆشت، وەک ئەو مرۆڤەی کە دەرەقەتی هەموو کارەسات و رووداوێک دەهات، لێوەکانی لێکترازان و ئایەتی ئیزنەکەی بە سەر موسڵمانەکاندا خوێندەوە، جارچیەکانی بە قوژبنەکانی شاردا بڵاوکردەوە و خەبەری بۆ خێڵەکانی دەرەوەش نارد.

دەمێک بوو قوریش پەلاماری ئەمانی دەدا ئەمجار نۆرەی ئەوە بوو بۆنی تیژی یارانی شەڕکەری ببیسترێت و تەپوتۆزی رێگای قشونی موحەمەد بەری هەتاوی بیابان بگرێت، ئەوجا مێژووی بێدەنگ بێتە دەنگ و ئێمەی دواتر هاتوو بۆ مەیدانی جەنگ لەگەڵ خۆی ببات و باسی موحەمەد و یارانی بکات کە چۆن شمشێریان دەوەشاند و چۆن گاڵتەیان بە مەرگ دەهات.

سەرەتای شەڕی موسڵمانان بە ناردنی چەند سریەیەک بوو، خودا خێری فریشتە ئاسمان بنووسێت کە ئیزنی چوونە دەرەوەیان بەوان راگەیاند بوو ئەگینا ئەو کافرانە مەدینەیان هەراسان کردبوو تەنانەت هەڕەشی سڕینەوەشیان لێکرد بوو.

دوای ئیزنەکە ئیتر ئامۆشۆ و سەلامەتی قوڕەیش لە بیاباندا نەما، دەنگی هاواری (الله اكبر) و هاتنی یارانی شمشێر بە دەستی موحەمەد ئەو ناوەی پڕ کرد.

سریەی یەکەمی شمشێری دەریای بە سەرکردایەتی (حەمزە)ی مامی بۆ کەنار دەریا نارد، سی کەسی لە یارە کۆچەرەکانی لە گەڵیدا نارد، بۆ ڕێگەگرتن لە کاروانێکی قورەیش کە لە شامەوە دەهاتەوە، بە سەرکردایەتی (ئەبوجەهلی کوڕی هیشام) بە سێ سەد پاسەوانەوە کە لە زرێ و شمشێر و تفاقی شەڕدا هەڵکێشرا بوون، موسڵمانەکان بە بیاباندا بە خێرایی شوێن کاروانەکە کەوتن دەتوت باڵیان گرتۆتەوە ئاڵا سپییەکەیان لە دوورەوە دەشەکایەوە، یەکەم ئاڵا و بەیداخ بوو کە پێغەمبەر بەستبووی، لەو شوێنەدا کە هەروەک شمشێر بێت و بیابان لە دژی دەریای هەڵگرتبێت ناوی (شمشێری دەریا) بوو، ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە.

سی لە موسڵمانەکان بەرامبەر بە سێ سەد کەس لە کافران، عەرەب عادەتی نەبوو بە بێدەنگی شەڕ بکات بەڵام ئەم دوو سوپایە لە بێدەنگیدا دەیانڕوانیە یەکدی و بە چاوەکانیان پێکەوە دەدوان، بە زمان هیچیان پێ نەوترا (ئەبوجەهل) لە داخاندا خۆی دەخواردەوە، ئەمانە کێ بوون کە تا دوێنێ ئەوەی بشایە و نەشایە پێیانکردبوون و کەچی ئەمڕۆ بوو بوونە ئەو پیاوەی بەری کاروانیان لێ بگرن.

موسڵمانەکانیش هیچیان پێ نەدەوترا ئەو قورەیشەی ئەو هەموو داماوی و دەرەدەری و لە ماڵ دەرکران و بێبەشبوون لە سەروەت و سەرمایەی ژیانیان دەهاتەوە بەرچاویان کە قورەیش و بە تایبەت ئەبوجەهل بەوانی کردبوو و کە هەنووکەش بۆ ئەو حاڵەیان گریان لە چارەیان دەباری، ئێستا هەم ئەو لە بەرامبەریاندا وەستاوە و هەمیش گەورەترین سەرمایەی قورەیش لەو کاروانەدا بوو، بۆ بەرامبەر بوونەوە دەست لە شمشێر بوو کە خەریک بوو ڕووبەڕوو بوونەوە دەستی پێدەکرد.

ئەرکێکی قورس لە سەر شانی حەمزە و یارانی بوو، دەبوو ئازایەتی بە خەرج بدەن و ئەم شەڕە یەکەمە نابەرامبەرە ببەنەوە، بەڵام ئازا ئەوە بوو کە بەرەو سەرکەوتنی نا مسۆگەر هەنگاوی دەنا. کافرانیش لە سەرسوڕمان هاتبوونە دەرەوە و لە تووڕەبووندا دانیان جیر دەکردەوە و دەستیان دەخستە ناو ریشیان و سمێڵەکانیان دەکرۆشت لە داخی ئەم لاتانەدا کە ڕێیان پێگرتوون کونە لوتیان گەورە دەبوون و دەپوکانەوە.

پێشتر لە جیهانی ناو دڵیاندا شەڕ دەستی پێکردبوو و خەریک بوو لە دونیای جەستەشدا دەستە و یەخە ڕووبەڕوو بوونەوە دەستی پێدەکرد، ڕاست لەو کاتەدا (عەمری جەهنی) کە هاوپەیمانی هەردوولا بوو و باجی لەهەر کاروانێک وەردەگرت کە لەوێوە ڕەت بوایە، لە دوورەوە کە تۆز لە پاش وڵاخەکەی بۆ ئەبەدیەت بەرز دەبوویەوە کەوتە نێوانیانەوە و نەیهێشت شەڕەکە بە جەستە و شیر ئەنجام بدەن ئەگەرچی هەر دوو لە جیهانی ڕۆحیاندا هەر زوو شەڕی خۆیان ئەنجام دابوو و موسڵمانەکان بێ دەستکەوت گەڕانەوە، بەڵام ئازایەتیەکی بێوێنەیان لەگەڵ خۆیان بۆ

مەدینە بردەوە و هەیبەت و ترسێکی گەورەیان لە بیاباندا بەجێ هێشت کە هەرچی زیاتر بوونی ئەو ترسە مانای شکانی سام و ئابڕووی قەت نەشکاوی قورەیش بوو.

قورەیشی بازرگان بە دەست موسڵمانانەوە لە بیاباندا ئارامی پێویستی بۆ تێپەڕاندنی کاڵای بە نرخی خۆی لە دەستدا، موسڵمانەکان چەند جاری دیش بە پێیان یان بە نۆرە نۆ یان دە کەس سواری چەند وشتر دەبوون ڕێی کاروانی مەککەیان بەجێ دەهێڵا و جارێکیش تا دووری نۆ سەد میل ڕێی جادەی فراوان و نەبووی بیابانیان بڕی و بە سەرکردایەتی پورزاکەی پێغەمبەر (عەبدوڵڵای کوڕی جەحش) تا دوورترین شوێن لە مەدینە و نزیکترین جێش لە مەککە دوای ئەوان بە شەوان لەبەر مانگی ئاوارەی سەر بیاباندا دەڕۆشتن و ڕۆژانیش لەبەر قورەیش و تینی هەتاو خۆیان دەشاردەوە دایان بەسەر کاروانێکی گەورەی قورەیش و دوو پیاویان لێ کوشتن و ماڵ و سامانی قورەیشیان لە بەرامبەری ماڵی پێشتر براوی خۆیان بۆ مەدینە هێنایەوە.

کتێبەکان دەگێڕنەوە جارێک لە جاران لەو ڕێ ڕۆشتنە بە ترسانەی قورەیش و بە شوێندا ڕۆشتنە ئازایانەی موسڵمانانداندا کە وەک هەڵۆ لە ئاسمانەوە بۆ نێچیر بێتە خوارەوە دەبارینە سەر دوژمن، پێغەمبەر خۆی دەرچوو، لە ناو سەد و پەنجا هەندێک دەڵێن دوو سەد لە هاوڕێیانیدا کە هەموویان کۆچەر بوون لە خۆری ئاسمان ڕۆشنتر دەینواند و خێراتر لەو تاکە خۆرەی ئاسمانیش دەبزوا و خۆی و یارانی گەردەلوولی غوباریان لە پاش خۆیان بۆ سەرووی بیابان دەنارد، ژمارەی وشترەکانیان تەنها نۆ دانە بوون و ئەسپێشیان پێ نەبوو، ئەسپ هی قورەیشی پارە و پوڵدار بوو، هی ئەوانی دڵ ئاوەدان و دەست خاڵی نەبوو بە نۆرە سواری وشترەکان دەبوون، بەو حاڵەوە گەیشتنە ناوچەی (زیلعەشیرە) و زانیان چەند ڕۆژێک دەبێت کاروانەکە تێپەڕیوە، هەر ئەم دەرچوونەش بوو بو بیانووی هەڵگیرسانی شەڕی بەدری گەورە.

لە کاتێکدا کاروانە گەورەکەی قورەیش لە ناوچەی ترس تێپەڕی بوو و حوشترەوانەکان گۆرانیان بۆ حوشترەکان دەوت و حوشترەکانیش بە بزواندنی یەک ریتمی ملیان بە کەیفەوە بۆیان دەسەندنەوە بیابانی عەرەبیان بۆ وڵاتی مەسیحی نشینی شام بەجێ دەهێڵا.

هەواڵنێرە مووتاشەکانی قورەیش کە هاتنی ئەوان پێش گەیشتنی کاروانی قورەیش بۆ ئەوە بوو بڵێن کە: هەی ژنانی دوور لە پیاوانتان و بێتاقەت و شەوان تا بەیان لە چاوەڕوانی مێردانڤا نەخەوتوو و تاقەتی خۆ ڕازاندنەوەتان نەبووە و دەستتان نەچۆتە مووی جەستەتان وا مێردەکانتان بەڕێوەن و خەریکە دەگەن دەی خۆتان بڕازێننەوە مووی نەتاشراوی گیانتان لێ بکەنەوە، پیاوە تەتەرەکان ئەمجار بانگەوازی ئاڵۆزیان پێ بوو، ئەمجارە هەواڵی گەیشتنەوەی کاروان نەبوو بەڵکو هەر لە دوورەوە عەباکەی

رادەوەشاند و ئازنگی وڵاخەکەی دەدا و خۆی و ئەویش شەلالەی عارەق بوون و هاواری دەکرد:

هۆو... هۆو... خەڵکی قورەیش فریای ماڵ و سامانەکەتان بکەون، موحەممەد و داروودەستەکەی هەموویان بە تاڵان برد، جارچی و بانگبێژەکان بە شان و ملی رووت و خوێناوییەوە و لێدانی دەهۆڵەوە بە کۆڵاناندا دەسوڕانەوە و خەبەری کارەسات و رووداوی ترسناکیان دەدا.

ئاسمانیش گەردەلوول و تەپوتۆز گرت بووی و هەوری رەش و خۆڵەمێشی بەری ئاسمانیان گرت بوو و ئافرەتە پێشگۆکان فوویان دەکرد و جامی پڕ لە گەشاوەی خەڵوزیان دەسوڕان و باسی خوێنیان دەکرد، ژنان هاتنە بەردەرگا یەخەی خۆیان لە دژی موحەممەد تا سەر سینگیان هەڵدەڕی.

پیاوان لەبەردەم (بیت) و (دار الندوة)دا خڕ بوونەوە و هەموو کەس پێی ناخۆش بوو، تەنها سەرکردە و گەورە حەکیمەکان نەبێت سەرشێتانە عاشیقی شەڕ بوون و دەمێک بوو بە شوێن فرسەتێکی وادا دەگەڕان نەوەک هەر تۆڵە، هیچ تۆڵەیەک لە ئارادا نەبوو بەڵکو ئەوەی لە ناوخۆی مەککە بۆیان نەکرا دەیانویست لە (یەسریب) ئەنجامی بدەن و موحەممەد و دینەکەی لە بن بێنن و سەریان بکەن بە ئاڵا و لووت و گوێیان بە ملوانکە و لاشەی بێ سەر و گوێیانەوە بە مردوویی و بۆ داڵ و ئاژەڵانی وەحشی بەجێ بهێڵن و بیانکەن بە عیبرەتێک هەتا هەتایە لە شیعر و داستانی عەرەبدا بوترێنەوە هەر بۆیە زۆر زوو بڕیاری شەڕیاندا و وەک سوێند بخۆن دەستیان خستە ناو دەستی یەک و بڕیاریاندا تا موحەممەد لەناو نەبەن نەگەڕێنەوە.

پارەیان بە جارچیان دەدا کە قوڕ و لیتاو بکەن بەسەریاندا و خوێن لە جەستەیان بسوون و خەڵکی بۆ شەڕ و کۆکردنەوەی پیتاک لە دژی موحەممەد هان بدەن، هەنووکە شەیتانەکان هاتبوونە دەرەوە بانگەشەیان بۆ شەڕ دەکرد:

(ئەم پیاوە یاخیە بەوەوە ناوەستێت کە ئەم کاروانە و کاروانێک دیکەتان بۆ خۆی بەرێت و قسە و دەخیلە ئاڵتون و زیوەکانتان چۆل و تاڵان بکات بەڵکو دەیەوێت هەڵکوتێتە سەرتان و ژن و مناڵتان بە دەستکەوتی شەڕ بەرێت)، خۆیشی دەیزانی ئەم گوتەیەی راست نیە و بەڵکو لە لایەن گەورەکانی قورەیشەوە خراوەتە سەرزاری و بۆ ئەوەیە.

هەر زوو پلانەکەیان سەری گرت و گەورەکانی قورەیش کەوتنە پێش سوپای تیرەکانی شار و خێڵەکانی دەوروبەر، گەنجەکانی وەک (عەکرەمەی کوڕی ئەبوجەهل) و (عەمری کوڕی عاص) و (عەمری کوڕی سەهل) شەرمیان لە کەسوکاری موحەممەد

نەدەکرد کە لەتەکیاندا بۆ شەڕ کەوتبوونە ڕێ و جنێویان بە موحەمەد و خوداکەی و کەسوکاری دەدا.

پیرەکانی وەک (ئومەیەی کوڕی خەلەف)یش پیری خۆیان لەبیر کردبوو و بەناو سوپاکەیاندا بە ئەسپە ڕەخشەکانیانەوە غاریان دەدا و بە پەڕەی کراوەی کەپوویانەوە بۆنی خوێن و تەپوتۆزی ژێر سمی ئەسپەکانیان دەکرد.

تەنانەت ئەو هەوڵەیان بە لالوتیەوە وەرگرت کە بگەڕێنەوە و چونکە کاروانەکە ڕزگاری بووە، بەڵام ئەوان وتیان نابێت ئێمە هۆکار و بیانوویەکمان ئەوێت تا بیکەینە ئاهەنگ و بەزم و خواردنەوە و ژنانی  جوان سەمامان بۆ بکەن.

دەنگی تەپڵ و شەیپور دەنگی هەنگاوی قورس و حیلەی ئەسپانی هەموو شاری تەنی، ئاژەڵان دران بە زەویدا خوێنیان بە بەردی قوربانیگەدا سواو و کیسە ئاڵتون بۆ هێنانەوەی حەیای لە دەستچووی قوڕەیش بەخشران و ژنان و کچان و بە ڕێخستنی مێردان و باوک و برای خۆیان بە هەلهەلە و بالۆرەوە ڕەوانە دەکرد، کوپە شەراب و ژنانی سەماکەری خڕخاڵ لەپێیان و بۆ کەیف و شادی سەربازانی شەڕکەر خرانەڕێ.

لەو کاتەدا قوڕەیش وەک بۆ زەماوەند بچن ئاوا بۆ شەڕ خۆیان ئامادە دەکرد و بەرەو مەدینە دەکەوتنە ڕێ، هەواڵ بە پێغەمبەر گەیشتبوو کە کاروانەکەی قوڕەیش کە لە دەستیان قوتار بوو لە شامەوە بەرەوە مەککە دەگەڕێتەوە، پێغەمبەر دوو لە یارانی نارد بۆ باکوور تا شمەیەکی بکەن. دوو هاوەڵەکە لەوانە بوون کە بۆنی خاکیان دەکرد و دەیانزانی ئەگەر مێروولەیەک لەوێوە بەسەر بیاباندا تێپەڕی بێت.

نیوەی شەو لە بیابان بوون کە کاروانەکەیان بینی لە ناوچەی (حوراء) تێپەڕی، خێرا ئەوانیش خۆیان هەڵدایە سەر پشتی وڵاخەکانیان بۆ لای پێغەمەر گەڕانەوە بەڵام سمی وڵاخەکەیان بەر عەردی نەدەکەوت، خەبەریاندا.

کاروانەکە پێکهاتبوو لە سامانێکی زۆر گەورەی خەڵکی مەککە، هەزار وشتری بارکراو، بەهاکەی پەنجا هەزار دراوی ئاڵتون کەمتر نەبوو کە هێندە زۆر بوو نەوەک بەشی ئەوەی دەکرد ریخۆڵەی بە ناوکە خورما وشکهەڵاتووی بخوسێنیتەوە و قەرەبووی سامانی لە دەستچووی کۆچەران لە وڵات دەرکراو بکاتەوە، پڕی سکیان تێر نان بخۆن و بەڵکو هەموو شار ببووژێتەوە شاری ڕۆح ببێتە شاری ئاڵتون زیو و کاروانەکەش تەنها چل پاسەوانی هەبوو.

پێغەمبەر لە ناو یارانیدا بانگی هەڵدا: ئەوە کاروانەکەی قوڕەیشە ماڵ و سامانی ئەوانی تێدایە، بڕۆنە دەرێ بۆیان سا بەشکو خودا بیکات بە دەستکەوت بۆتان.

کەسی ناچار بەدەرچوون نەکرد و ئەوانەش کە دڵبەندی دونیا بوون نەکەوتنە شوێنی چونکە لەوێ تەنها مەرگ دەست دەکەوت، نەوەک کاروان و ئاڵتون و زیو،

بێجگە لەوانەی بۆنی پێغەمبەرایەتی ئەوی ناو عارەق و تۆزی بیانیان لە بۆنی میسک و عەبیر پێ خۆشتر بوو بەڵام وایان زانی ئەم دەرچوونەی وەک دەرچوونی سریەکانی دیکەیە و بە مەبەستی ڕێگرتنە لە کاروانەکەی قوڕەیش، بەڵام جۆری ئەبڵەق بوون و ڕوانینی چاوە ڕەشەکانی لە نێوان برژانگە ڕەشەکانیەوە وای پێشان دەدا کە نەوەک مێشکی دڵی بە شتێکی دیکەوە مەژغوولە و لە تونێلی گەیشتن بە ئاسمانیدا کە دڵیەتی هەواڵێکی دیکە هەیە و تەنانەت خودی ئەمیش هێشتا نازانێت چیە؟

پێغەمبەر لە پێش قەومێکی بە ناو سوپای لە کۆمەڵێک مرۆڤی بێدەسەڵاتی سێ سەد و حەڤدە نەفەری و حەفتا وشتری لەڕ و لاواز کە تەنها دوو ئەسپیان لە تەک بوو دەرچوو، پیاوەکان هەر دوو تا سێ پیاو بە نۆرە سواری وشترەکان دەبوون، نابینایەکیشی بە ناوی (عەبدوڵڵای کوڕی مەکتوم) کە خودا جارێکی لە سەر ئەو سەرزەنشتی کرد بۆ پێشەوایەتی مەدینە بەجێ هێڵا.

بەو شێوەیە بە کاوەخۆ سوپای ئیسلام لەو دەرچوونەدا کە بە نیازی شەڕ دەرنەچوو بوون بە لاوازی چەک و تفاق و خۆئامادە نەکردنەوە بۆ شەڕی بەدری گەورە برسی و تینوو وەک تۆپەڵێک هەوری لە تۆز دروست بوو بە بیاباندا دەچوو.

بەشە مرۆییەکەی لێدەرکەیت ئەوەی هەموو ئەو سوپا گەورە و بە تفاقەی قوڕەیش بە چۆکدا بهێنێت، ئەوان نەیانبوو کە ئەویش دەردی بێدەرمانی ترس بوو، ئەوان دەیانزانی ئەو ڕێگەیەی ئەمان هێشتا لەم سەری بوون و دەبوو بە ناو عارەق و خوێن و ئازاردا تێپەڕ بێت ئەو سەرەکەی بە هەموو خۆشیەکیەوە بەهەشت بوو، بۆیە ئەوە ئیمانەکەیان بوو لە دڵیاندا بۆیان دەدوا و بوو بوویە جێی مەشورەتیان.

کاتێک کەللەیان لە نێوان دوو بیردا بە حیرەتەوە ڕادەما بیرێک لە پاشیانەوە نەفس و بوغرایی و ماڵ و مناڵ بوو شەیتان بۆی دەڕازاندنەوە کە بەختەوەری دونیا بوو. بیرێکیش لە پێشەوە پێگەیشتنی ڕۆح و ڕەزامەندی و بەهەشتی خودا بوو. ئیمانەکەی ناو دڵیان بوو کە وەک چرایەکی خودایی تاریکستانی نەفسی بۆ ڕۆشنکردنەوە.

بەبێ ترسان، شانیان دەدایە بەر و جەستەی لاوازیان بۆ پایەیەکی مەزن وەردەگەڕا و ڕێی لە کەوتنی سەقفی پڕ لە ئازاری بوون دەگرت کە سەر گرۆی بەشەر بکەوێت و تاقیان لە بن بهێنێت، جارێک یەکێک لە یارانی بە سەر دارخورمایەکدا سەر کەوتبوو یارانی لە بن دارخورماکەدا بە یەک دەنگ پێکەنی بوون، حەزرەت بەوانی وت بوو: بەچی پێدەکەنن؟

وتبوویان لە باریکی قاچەکانی.

حەزرەت ورتەیەکی لە لێوان هاتبوو: ئەو دوو قاچەی ئەو لای خودا لە کێوی ئوحود بەهێزترن.

له (نەقەب)ی مەدینەوە دەرچوون بە سەر ئەو ڕێگە سەرەکیەدا کە کاروانیان بە جێ پێی حوشترەکانیان دەیان کردەوە و سمومی بیابان لە لم و تۆزەکەی دەیسڕیەوە هەروا بەڕێوە بوون تا گەیشتنە بیری (حورا) و پاشان بەلای چەپدا سوڕانەوە و ئینجا بەناو خەرەندەکەی صەفرادا نشیو بوویەوە تا یەکێک لە یارانی هەواڵی کاروانەکەی قوڕەیشی بۆ بهێنێت.

هەر لەو شیوەدا بوو هەواڵی دەربازبوونی کاروانەکە و بزوانی سوپای نەبڕاوەی قوڕەیشیان پێدا، ئەو ئیدی چەند لە کپیدا ڕۆچوو، ئەو کپیە چەند ساتیەی ئەو لەو کپیانە بوو ژیانی سەر ئەو ئەستێرە خاکیەی پێیان دەوت ئەوی بەرەو ئاکارێکی تر برد، ئەو بە نیازی شەڕ نەهاتبوویە بیابان، بەڵام ئێستا پێویست بوو بڕیاری چارەنووسساز بدات، ئەگەر بگەڕایاتەوە بۆ مەدینە ئەوا قوڕەیش هات بوو و لەناو شاردا دەیاندا بەسەریاندا.

ئەوانی پێغەمبەران کە تەنها دەبوونەوە قسەیان لەتەک خوادا دەکرد بەڵام ئەم جارەیان خەیاڵی بۆ لای ئەو دۆخەی مەدینە ڕۆشت کە لە ژێر سمی ئەسپەکان قوڕەیشدا دەیناڵاند، ئەو شارەی بینراوی ڕۆحی نەدیوی ئەو تەنانەت لەلایەن خودی خۆشیەوە بوو، مەدینە بۆ ئەم وەک مەککە وابوو بۆ ئیبراهیم، دوای هاتنی بۆ ئەوێ نزای بوو خودایە خۆشەویستی مەدینەمان پێ ببەخشی وەک چۆن خۆشەویستی مەککەت پی بەخشی بووین.

مەدینەیەک ئەهلەکەی لە بەرامبەر هەموو دونیا ئەمی هەڵبژارد بوو و ئەوان ئەمیان لە خۆیان خۆشتر دەویست و ئەمیش ئەوانی لە خۆی زیاتر خۆشتر دەویست. ئێستا چۆن ڕێگەی دابا لەبەر چاوی گڕی تێبەر بدرێت و خانووی بە پێوە نەهێڵرێت و ژنانی بە حورمەت کە حەیای خۆیان لەباوەش گرتبوو بە نووکی نێزەی ئەسپ سوارەوە بکرێتە ئاڵا و لە کاتێکدا ئەو بۆ ئازاری مرۆڤ ئاهی دەکیشا و زەجری دەبرد، لەبەر چاوی بوو ئەگەر قوڕەیش بهاتبایەتە مەدینە چی ڕووی دەدا، دەرگا دەشکا و پەردە لادەدرا و ژنان دەکەوتە فیزاح و سینگ کوتان ئەمیش بێدەسەڵات گڕی دەگرت و ئاگری تێبەر دەبوو.

گوێی لە دەنگی حیلان و سمکۆڵانی ئەسپەکان بوو کە دەگەیشتنە سەر کۆڵانەکانی شار و مەشخەڵی هەڵگیرساوی دەستیان بە هەزاران هەڵدەدایە ماڵەکان و گڕیان تێبەردەدان... ئای خودایە!!.

بۆ ئەوەی بێتەوە ناو هاوڕێکانی کە بەم خەیاڵە ترسناکانە لێیان دوورکەوت بوویەوە، بڕیاری جەنگیدا تا دەستەکانی سوپاکەی مەککە بگرێت لە هەڵکوتانە سەر شاری مەدینە و دەسەڵاتی وێرانکەری قوڕەیش نەگاتە قەڵا و قوللەکانی مەدینە. ئەوجا

لەو شیوەدا دەستی کرد بە راوێژکردن لە تەک خەڵکەکەدا بۆ شەڕکردن، هەر لەوێدا بوو هەندێک لە خەڵکەکە لەو شەڕە خوێناویە ترسان کە دواتر ئایەت دەربارەیان هاتەخوارەوە (وەک ئەوەی بۆ مەرگ راکێشرین لەکاتێکدا ئەوان دەیان روانی).

بەڵام هەرکام لە سەرکردەکان کە بە هەناسەکانی ئەوان دەژیان وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا برۆ بەدەم کارەکەتەوە بەخودا، ئێمە هەرگیز ئەوەت پێ ناڵێین کە بەنی ئیسرائیل بە موسایان وت: تۆ و خوداکەت برۆن شەڕ بکەن، ئێمە لێرە دادەنیشین چاوەڕوان دەبین، سوێند بێت ئێمەش لەگەڵتان دێین شەڕ دەکەین، ئەگەر بمانبەیت بۆ (بەرەکوڕەماد)یش ئەوا لەگەڵت دێین هەتا دەیگەینێ.

ئەمە لەسەر زاری عومەرەوە بیست کە قسەی دڵی هەموویان بوو. زۆر دڵی بە خۆی خۆش بوو کە هاوەڵانی وای هەبوون، زۆر سۆزی بۆ براکەی موسا بزوا کە بەلەنگازە پێش فیرعەون و دوژمنە دەرەکیەکەی بەدەست دۆستە نزیکەکانی ئەنگاوترا بوو. بەڵام دیسان بۆ ئەوانی دەڕوانی بە زمانێک کە زمانی داوا بوو نەوەک سەرزەنشت هەر دەیوت و دەیوتەوە: خەڵکینە! رای خۆتانم پێ بڵێن.

ئەنسارەکان کە زۆرینەی سوپاکەیان پێکدەهێنا لە شێوە وتنە بە تکاکەی زانیان مەبەستی ئەوانە، چونکە ئەوان دەستیان خستبوویە ناو دەستی لەناو شاری مەدینە بیپارێزن، نەوەک لە بیابان.

ئیدی (سەعدی کوڕی مەعاز) گەورەی ئەنسار جەستەی مامناوەندی لەناو ئەنسارە دانیشتووەکاندا لەبەردەم پێغەمبەردا هەڵبڕی و بە دوو لێوەکەی کە وەک خورما بە رەنگی گەنم لە نێوان ریش و سمێلە ماش و برنجیەکەیدا دەبزواند و دانە وردەکانی بە تیشکی خۆرەکە دەسپیانەوە وتی:

(لەوانەیە ترست لەوە بێت کە ئەنسارەکان تەنها ئەوە بە ئەرک دەزانن کە لە ناو ماڵ و حاڵی خۆیاندا پشتت بگرن).

بە خەندەیەک هەموو ئەوەی نەیدەتوانی بە زار بیلێت بە چاوەکانی لە پێغەمبەری روانی و چاوەکانی پڕ لە فرمێسک بوون و پاشان لە هەموو دیکەشی گەیاند و نوتقی دا:

ئەوا من لە جیاتی ئەوان وەڵامت دەدەمەوە: برۆ!.. برۆ!.. بۆ ئەو کارەی پێت باشە ئێمە لە دووت دێین ئەوەی لە تەک خۆت دەیبەیت پێمان خۆشترە لەوەی بەجێی دەهێڵیت، فەرمانت بفەرموو بە هەر شتێک پێت خۆشە سەرمان لە رێتە.

خەڵکەکە هەمووی گریان و سەعدیش بە هەڵقرچانی لێوەکانی گوتەکانی تەواوکرد:

سوێندم بەو کەسەی بە حەق تۆی ناردووە بماندەیت بە گژ ئەو دەریایەدا لەگەڵت دێین و پیاوێکمان دواناکەوێت و لەوە ناترسین سبەینێ بەگژ دوژمندا بچینەوە، ئێمە

لەم جەنگەدا دان بەخۆدا دەگرین، راستگۆین لە رووبەڕوو بوونەوەدا، بەڵکو خودای گەورە بەهۆی ئێمەوە شتێکت پێشان بدات دڵ و چاوتی پێ بگەشێتەوە، بمانخەرە سەر رێگەی بە بەرەکەتی خودا.

دەموچاوی موحەمەد بە گوتەکانی گەشایەوە و هێندەی پێخۆش بوو لە دڵی خۆیدا دەیوت (هەی بەلەنگاژ!، بە راستی پیاو کوڕی پیاون) چاکیانی ناسی بوو کاتێک دەیوت: من لە ئەنسارم و ئەوانیش لە منن.

پاشان ئەو کاتەی لێ بووە پێرێ و داهاتووی هاتە بەرچاو و وتی:

(بکەونە رێ موژدەتان لێبێت، خودای گەورە موژدەی تێکشکانی یەکێک لەو دوو تاقمەی پێدام).

ئەو تەرمی خوێن لەبەر رۆشتووی ئەوانی لە بیاباندا دەبینی کە ئاوسا بوون و تۆزیان لێ نیشتوو قەلی گۆشتخۆر لە سەرەوە بەسەریاندا دەسوڕانەوە:

دەیڕوانی روانینێکی رەسەن لە پانتایی لای چاوگەی ئاوی بەدر تەپوتۆزی بن سمی وڵاخەکانی دەهاتە بەر کەپووی و دەیبینین ئەوجا وەک هەموو باری بوونی بە سەردا کەوتبێت فەرمووی: (وەڵڵاهی دیمەنی کوشتاری ئەو تاقمەم لەبەر چاوە).

پاشان کەوتە بەر سوپاکەی و بە لاپاڵەکەدا سەرکەوت کە بە نەزم و تەرتیبەوە قەتارەیان بەستبوو کە بە شاخەکەدا، بەو دیودا نشێو بوونەوە بۆ ئەو جێگایەی پێیان دەوت (دیە) پاشان (حەنان)ی خستە لای راستی خۆی کە گردێکی لە وردە لم هەڵچنراو بوو بەقەد شاخێک دەبوو پاشان وەک باڵندەیەکی سپی گەورە سوپا لە نزیک تەنها ئاوە هەبووەکانی بەدر لە بیاباندا نیشتەوە.

هەر لەو کاتەدا موسڵمانەکان لە سەر ئاوەکانی بەدر لەگەڵ خودای خۆیان و بە دیار پێغەمبەرەوە بوون هەر چەندیان خزمەتکردبا دەیانزانی هێشتاش کەمە، کە هەستی ئیمانداری ئەوانی بەویەوە دەبەستەوە، ئەو هەستەش نەدەهاتە وتن لە رەفتار و کرداریاندا خۆی دەنواند.

سوپای قوڕەیش لە ناوەڕاستی بیابانەوە بەرەو ئەوێ دەهات ئەرز لە ژێر پێیدا دەلەرزی و لێکدا لێکدا لە سوپای موسڵمانان نزیک دەبوونەوە، هاتن و وەک ئەوەی دوای تێشکانی زانرا لە سەرەتادا کە بە رێکەوت ژمارەیان هەزار و سێ سەد چەکدار دەبوون و سەد سواریان بە ئەسپی کەحێلەوە لە پێشی سوپاوە بوون، شەش سەد جلی فەرمی شەڕی زنجیربەندیان پێ بوو، ژمارەی حوشترەکانیان کە بە یەک ریتم لە مرۆڤ خەبیرتر بیابانیان دەبڕی کەس نەیدەزانی ژمارەیان چەندە.

ئەوانەی تفاقی ئەو سوپا زەبەلاحەیان سازدا بوو نۆ لە گەورەترین بازرگانانی قوڕەیش بوون، رۆژانە نۆ یان دە حوشتریان سەر دەبڕین، سەرکردەی سوپا (باوکی

حەنزەڵیە عومەری کوڕی حەکەم) بوو کە لە زیرەکیدا کەم وێنە بوو، ئەو گەمژە نەبوو بەڵام پێغەمبەر ناوی نابوو (باوکی نەزانی) کە زۆرتر باوکی خراپی مەبەست بوو نەوەک نەزانین، مرۆڤ ئەگەر زانا یاخود نەزان بێت دەتوانێت، ئەو دابەشبوونە مرۆڤانەترە کە بۆ چاک و خراپیان دابەش دەکات نەوەک زانا و نەزان، ئەگەرچی زاناکان وەک نەزانەکان نین لەوەدا ئەگەر بڕیاریاندا خراپ بن ئیتر خراپەیان لە هی نەزانەکان زیاتر دەبێت.

لە ناو دەشتێکی بچووکی دڕکەکانیدا کە بەو پاسەوانەیان دەوت کە نەیاندەهێڵا و کەس نەیدەتوانی ئەوان ببڕێت و پێی بگات، دەجولا و ساتێکی کورت غەمبار دەبوو برۆ پانەکانی بە خوار و خێچی بەسەر چاوەکانیدا شۆڕ دەبوونەوە بەوەی کە ئەم سوپا گەورەیەی قورەیش کە تا ئەم کاتە هیچ کەس لە عەرەب سوپای وای نەجولاند بوو بەرامبەر کۆمەڵێک لە مرۆڤی بێدەست و هەژاری وەک موحەمەد دەبزواند و زۆربەی کاتیش برۆکانی راست دەبوونەوە و دەموچاوی خڕ و جوانی خڕتر دەبوو دڵی بە خۆی خۆش بوو وەک پاشاکانی دونیا سوپای مەزنی بە شوێنەوە بوو دەنگوباسی ئەم سوپا مەزنەی لەم رێگە دوور و درێژەی تا یەسریب بەناو هەموو عەرەبدا بڵاو دەبوویەوە.

دیار بوو کە لە ناو سەرە سافەکەیدا کە نیشانەی سەرکردەیی ئەنجومەنی قورەیش بوو زۆر شاد دیار بوو. ئەگەر موحەمەد بە خوداکەیەوە دەنازی، ئەوا ئەمیش بە دەماغی دەهاتە مەیدان و بیری دەکردەوە و هێندەی شەڕی پێ دەکرد تا خەیاڵی پێش بیابان دەبوویە مەیدانی جەنگ، هەر ئەم بیرکردنەوانەش مێشکی ئەویان گەورە و پڕ تەجرەبە کردبوو ئەوە خەیاڵ نەبوو بەڵکو ژیریەکەی بوو لەژێر مێزەرە ئاوریشمیەکەیدا کاتێک دەستی بە سمێڵە پانەکانی و ریشە درێژەکەیدا دەهێنا قسەی دەکرد ئیتر تین و تاوی ئارەزوو کەوتبووە سەر روخساری و گۆنا سپیەکانی ژێر هەر دوو خاڵە رەشەکەی ئەملاو ئەولای لووتی سور هەڵگەڕا بوون.

مایینەکە لەژێر خاوەنەکەیدا سەری هەڵبڕی بوو و کەوتبووە رێ و جۆش و خرۆشیکی هەبوو هەر مەپرسە کە لە کابرای سواری دڵخۆشتر دیار بوو بەوەی کە زوو زوو مرخەیەکی دەکرد و یاڵە چڕ و درێژەکانی بە هاوئاهەنگی لە تەک کلکی دەبزواند و سینگی دەردەپەڕاند و سمەکانی بە شانازیەوە لە سەر خاکی بیابان دادەنا و لە پێش سوپاوە رێگای دەبڕی، ئاگر لە ژێر سمەکانی دەردەپەڕی دوو کونە کەپووی دادەخران و دەکرانەوە.

سەربازانی قورەیش لە تەپڵ و دەهۆڵیان دەدا و نزیک دەبوونەوە، قورەیشیان وەک شەپۆل دەهاتن و دواییان نەدەهات، بەو هەموو دەشت و گرد و شیوانەی نێوان مەککە

و مەدینەوە بە جارێک دەردەکەوتن و جارێکیش دیار نەدەمان، لەو نزیکانەش رێگەی شیوی (عەسفان)یان گرتەبەر و پاشان ناوچەی (قەدید) کە هێندە گەرم بوو پێستی بنی پێ بە سەر تاشەبەردە رەشەکانیەوە بە سەر پێڵاوەوە دەبرژا و دواتر گەیشتنە (جوحفە) و هەر لەوێدا بوو نامەی ئەبوسوفیانیان پێگەیی و دەیوت: ئێوە بۆ ئەوە دەرچوون کە کاروانەکە و پیاوەکانتان و ماڵ و سامانەکەتان رزگار بکەن دەی ئەوە رزگار بوو و کەواتە بگەڕێنەوە.

(ئەبوجەهل) هەرچەند نەیدەویست بێ لە بن دەرهێنانی موحەمەد سوپا بکشێنێتەوە هەر بۆ ئەوەش هاتبوو ویستی پرسیاری لێ بکات ئەبوسوفیانی زیرەک چۆن ئەو کارەی کردووە بەڵام تەتەرەکە بە تەواوەتی دوور کەوتبووەوە دەتوت باڵی لێ رواوە و بە بیاباندا لە چاوان ون بوو.

ئەوە هەر ئەو هەواڵدەرە بوو کە پێشتر ئەبوسوفیان بە کرێی گرت بوو کە ناوی (زەمزەمی غەفاری) بوو تا لە مەککەدا دەست بکات بە هاوار هاوار کە فریای کاروانەکەیان بکەون و ئەویش هەر لە دۆڵەکەی سەرەتای مەککەوە لووتی وشترەکەی قەڵیشاند و جڵەوی وڵاخەکەی بەرەڵڵا کرد و یەخەی خۆی دارنی و دەیناڵاند: هۆو قورەیشیەکان قوڕ بەسەرتان قوڕ بکەن بە سەرتاندا، ماڵ و سامانتان لەگەڵ ئەبوسۆفیانی ژیرتان رۆیی! بڕوا ناکەم فریای بکەون موحەمەد و هاوەڵەکانی رێگەیان پێ گرتووە، هەرچەند باوەڕ ناکەم پێیان بگەن، فریای کەون.. فریاکەون.

سوپا خەریک بوو پەشیمان دەبوویەوە هەر لەوێدا بوو کە (ئەبوجەهل) زیرەکی خۆی خستەوەکار و جارێکی دی بۆ شەڕ تاویدان بەوەی ناردی بە شوێن (عامری کوڕی حەزرەمی برای عەمری حەزرەمی) ئەو پیاوەی لە سریەکەی عەبدوڵڵای کوڕی جەحشدا کوژرا بوو و پێی وت، هەستە مردووەکەت بڵاوێنەوە و بۆ مەرگی براکەت بگری!!.

کابراش هاواری دەکرد و دەگریا ئەی هاوار بۆ عەمر ئەی هاوار بۆ ئەو قورەیشیەی بێکەسکوژ کرا ئەی هاوار بۆ عەمر بەمەش، خەڵکەکەی گەرم کرد و ئەبوجەهلیش لەوە دڵنیا بوو کە شەڕ حەتمیە. نەیارانی شەڕیش بۆیان دەرکەوتبوو لەتەک چ سەر سەختیکدا قسە دەکەن.

بە پێوە وەستاو دەیوت:

نا سوێند بە خودا ناگەڕێینەوە تا نەچینە سەر ئاوەکانی بەدر و سێ رۆژ تێیدا دەمێنینەوە ئاژەڵ سەردەبڕین و مەی دەخۆینەوە، کەنیزەکەکان گۆرانیمان بۆ دەڵێن و سەمامان بۆ دەکەن، هەموو عەرەب هەواڵی ئەم هاتن و کۆبوونەوەیەمان ببیستن و هەتا هەتایە لێمان بترسن، هەرواشیان کرد ئیدی ئەو سەرانی دیکەی قورەیش ئاوی

شەیتانیان واتە شەرابیان لە پێکەکانیاندا هەڵدەدا کۆیلانی زەبەلاحی قوول رەشیش بە دڵ و بە گیان خزمەتی ئەو دەشتەکیە وەحشیانەیان دەکرد و نەیاندەزانی ژیانیان لە لێواری بیری مەرگیاندایە و زۆریان نەماوە دەبێت بۆ ئەو بیرە شۆڕ ببنەوە.

هەر رۆشتن و رۆشتن تا نزیک بیرە ئاوەکان کە هەواری ناسراوی کەیف و شادی گەورانی قورەیش بوو و ئێستا دەبوویە شوێنی جەنگ و خوێن بەو ناوەدا دەپژا، لە دوورەوە لە سوپای سپی پۆش و کپ و ئارامی موسڵمانان دەرکەوتن لەو شوێنە دابەزین کە پێی دەوترا ( عورووەی سەروو).

موسڵمانان لەم بەرەوە لەو جێیەدا کە پیێ دەوترا عورووەی خواروو، بایەکە دەنگی تەپڵ و شەیپور و گۆرانی زرنگەی پاوانی پێی ژنی سەماکەر و دەنگی هەنگاوی قورس و پێکەنینی سەروەرانی مەست و حیلەی ئەسپان و بۆنی بەرانی برژاو کە هەر بە ساغی لە ناوەڕاستی سفرە دادەنران دەهانی.

سوپای گەورە لە بەرچاویان هەر لە جووڵە و هەرا هەرادا بوون، تا ئەو کاتەی دوو قەلەیان گرت کە هاتبوونە سەر بیرەکان و ئاویان دەبرد وتیان رۆژی نۆ تا دە وشتر سەر دەبڕن ئەوجا پێغەمبەر فەرمووی ژمارەی لە دەوروبەری هەزاردایە، بیری لەوەش دەکردوە خودا ژمارەی ئەمانی بە کەم خولقاندووە و نزای دەکرد و وەک لەتەک ئاشنایەکدا زێتر بدوێت دەیوت: (خودایە! ئەوە قورەیشە، بەفیز و شانازیەوە بەرەو ئێرە دێت، بەرەنگاری تۆ دەبێتەوە و پێغەمبەرەکەت بە درۆ دەخاتەوە، خودایە چاوەڕوانی ئەو سەرکەوتنەم کە بەڵێنت پێداوم، خودایە ئەم سەر لە بەیانیە سەریان شۆڕ بکە).

موسڵمانەکانی رێک دەکرد و بە سەر دوو قەڵای لە مرۆڤ دروستبووی سێگۆشەدا دابەشی کردن و وەک هەموو سوپاکانی ئەو رۆژگارە ئەگەرچی سوپاکەی بچووک بوو بەڵام ئاڵا بەسەر تیمەکانیدا دەشەکایەوە، ئاڵای هەموو سوپای دایە دەست گەنجێکی وەک (موسعەبی کوڕی عومەیر) کە تەنها بە وتەکانی شۆرشی یەکتاپەرستی لە شاری مەدینەدا پێش هاتنی پێغەمبەر لە مەدینە راگەیاند بوو و هیچ ماڵێک نەبوو کەسێکی موسڵمان نەبوو بێت.

پاشان قەڵای توند و تۆڵی موهاجیرەکان ئاڵاکەی بە دەست (عەلی کوڕی ئەبوتالیب)ەوە بوو، ئاڵای ئەنسارەکانیش بە دەستی (سەعدی کوڕی مەعازەوە) بوو.

ئەمە یەکەم شەڕیان بوو بەڵام وا خۆیان ساز دابوو، بە دڵ و دایە تیریان ریز دەکرد وەک هەزارەمین شەڕیان بێت، پێغەمبەر خۆی ریزەکانی رێک دەکرد و تیرێکی بە دەستەوە بوو بە کلکەکەی ریزەکانی رێک دەکرد، (سەوادی کوڕی غەزیە)ی کە بە

قەسدی ورگی لە ریزەکەی هێنابوویە دەرەوە، پێغەمبەر نووکی تیرەکەی لە سکیدا و فەرمووی سەواد ڕێک رابوەستە.

سەواد چاوەکانی دەربۆقین و نەڕاندی، ئای پێغەمبەری خودا بە راستی ئازارت دام و داوای تۆڵە و دادوەری دەکەم

پێغەمبەریش کراسەکەی هەڵدایەوە و پشتی سکی درەوشاوەی دەرکەوت، فەرمووی هەقی خۆت بکەرەوە، هاوەڵان سەری حیشمەتیان دانەواند، شەرم بووە سێبەرێک و لە سەر روویان دەرکەوت، پڕی دایە پێغەمبەر و سکی ماچ کرد و پێغەمبەر فەرمووی چی وای لێکردی ئەم کارە بکەی؟

سەواد سەری داخستبوو، تێر تێر بۆنی پێغەمبەرانەی ئەو بە دوو کونە لووتیدا بۆ دەماخی رۆشت بوو بە چەند وشەیەک کە هەستی دەکرد کەم دەهێنن بۆ دەربڕینی ناودڵی لە سەر زاری دەرپەڕین: (ئەی پێغەمەری خودا، دەبینی هەر دوو سوپاکە بەرامبەر یەک وەستاون، ویستم دوا وەستانم بەرامبەرت ئەوە بێت پێستم بەر پێستت بکەوێت).

چاوی پێغەمبەر بە فرمێسک تەڕ بوون و نزای خێری بۆ کرد، پاشان چاوی بڕیە هەموویان بێ دەربڕینی وشە هەموو شتێکی خستە چاوەکانیانەوە و ئەوانیش چاویان لە چاوەکانی کەلا نەدەکرد و هەروەک بەچاو بۆیان بدوێت نەوەک بە زار چەند رێنمایی شەڕی پێ راگەیاندن: ئەگەر زۆریان بۆ هێنان تیربارانیان بکەن، دەست بە تیرەکانتانەوە بگرن، شیر هەڵمەکێشن تا دێنە سەرتان.

ئیتر رۆحی لە پێشەوەی ئەوان بەجێهێشت و جەستەشی بەرەو کوخەکەی هەڵسوڕاند کە لە سەر بەرزایەک وەک نەریتی ئەو جەنگانەی کە چارەنووسی مرۆڤ و زەویان پێوە بەسترا بوو لە سەر گردێک بۆی دروستکرا بوو کە بە سەر گۆڕەپانی شەڕدا دەیڕوانی، بۆ براکانی دەڕوانی کە لە دوورەوە جلە سپیەکانیان دەتوت روباری سپین و شەپۆلی دەدات.

ئێوارە بوو خۆر لە بڕینی بیابانی فراوان ماندوو بوو بۆ ئەو دیو شاخی ئوحود خل بوویەوە، رەنگی کوشتارگاکەش لە سپیەوە بۆ زەرد و پاشان سوور و ئەوجا بۆ رەنگی بۆری لمەکان بۆ رەنگی مۆر وەرگەڕا و ئەوجا هەموو رەنگەکان کوژانەوە و دونیا تاریک داگەڕا و شەو کەوتە بەینەوە و هەر دوو سوپاکەی لە یەکدی جودا کردەوە و کە دووراودوور لە یەکتریان دەڕوانی، موسڵمان و قوڕەیشیان لە تاریکی شەودا ون بوون، شەو بە مار و میر و باڵندەی شەوگەڕەوە باڵی بەسەر زەویدا کێشا، هەر کەسیش لە ئاسمانی بدیایە بریسک و هۆرەی شەڕە شیری دەبینی کە کۆمەڵیکی کەسی رەشپۆش لەوێ ئەنجامیان دەدا.

پەڵە هەورێکی دوکەڵ ئاسا و تاریک لە رۆژهەڵاتەوە خۆی گەیاندێ و بەری ئاسمانی لێگرتن، بوو بە باران و لەبەر ئەمبەرەوە بارانەکە ئارام و لەسەرخۆ بوو، دەتوت دەیەوێت ئەو پەیامەی وجودیان پێ رابگەیەنێت کە تەنها بە بینینی رەسەن لەو دیو دڵۆپە بارانەکانەوە دەجیلوان، سەربازەکان دەموچاویان دەدایە بەر بارانەکە و پێی دەحەوانەوە، دەنگی بە ریتمی باران بوو بەڵام شەو سکونەتێکی سەیر گرتبووی، رۆحی ئەوانیش لە تەکیدا دەهیۆرایەوە.

هەستیان دەکرد ئەوە رۆحی ئەوانە دەچێتە ئاسمان و دواتر دەبێتە باران و بە ئارامی دادەبەزێت و زەویان بۆ پتەو دەکات و تاشە رەشەکان و لمە بۆرەکەیان بۆ دەشواتەوە، ئەزموونی ئەوەیان دەکرد کە پێغەمبەر دەیفەرموو: یاران، هەمیشە باران تازە لای خوداوە دێت، ئیدی ئەوان لە ژێر ئەو بارانە تازەدا ئارام ئارام خەوتن، تەنها پێغەمبەر نەبێت لە ژێر لێوەوە نزاکانی دەچرپاند.

لەولاشەوە رەشەبا چادر و دەواری لەتەک خۆ هەڵدەگرت و گوریسی گەردنی مەڕ و ئاژەڵی دەقرتاند و مێخی حەبلی حوشترانی لە زەویەوە دەردەهێنا و تۆفان و ئاوێکی هەڵساند بوو جێ خەو و خۆراکی بۆ بیابان دەپێچایەوە و بای لماوی چاوانی کوێر دەکرد، هەر بە راستی ئاسمانێک بوو دوو هەوا و دەتوت ئاسمان ئەمشەو پێش سبەینێی موسڵمانان، شەڕی خۆی لەتەکدا دەکردن و کافرانی بەدمەست لە خودا نەدەپاڕانەوە بەڵکو جنێویان دەدا و کوفریان دەکرد، تا بەیانی خەو نەچووە چاویان.

سەرەنجام بێ خوێندنی کەڵەشێرێکیش کون بووە شەو و رۆژ بووە و پێغەمبەر سوپاکەی جوڵاند بۆ ئەوەی پێش کافران بگەنە سەر ئاوەکانی بەدر و نەهێڵن دەستیان بە سەردا بگرن، هەر لەوێدا یەکێک لە یارانی بیابان نشینی بیرتیژ پێشنیاری ئەوەی کرد سەری هەموو بیرەکان بنێنەوە تەنها یەکیان بهێڵن بۆ ئەوەی بیکەنە داو و کافرانی بۆ کەمەندکێش بکەن.

بۆ شەوی دوایی سوپای موسڵمانان بزواو لە نزیکترین شوێن لە دوژمنەوە دابەزین، و لەبەری ئەو بیرەی هێشتیانەوە ئەستێرگێکی ئاویان بۆ خۆیان دروستکرد و ئەوانی دیان وشکەئاو کرد. کافرانی ملهوڕیش بە پشتبەستن و بە غورور و سەروەتیان دەتوت پەیمانیان لەتەک سەرشێتیدا بەستووە بە بێ وەخۆ کەوتن چاوەڕوانی کاتی شەڕیان دەکرد.

کاتێکیان زانی لە تینوویەتی و بێ ئاویدا خەریکە خۆیان و وڵاخ و ئاژەڵیان قڕ دەبن. یەکەم قوربانی شەڕیش کابرایەکی گوپ قوپاوی لەڕی سیخنی لووت و دەم و چەناکە درێژی باریکەلەی مەست و نەگبەت بوو کە ناوی (ئەسوەدی کوڕی عەبدولئەسەدی مەخزومی) بوو، هێندەی مەی خواردبوویەوە قورگی وشک بووبوویەوە و خەریک بوو

له تینوواندا دەخنکا و سوێندی خوارد دەبێت بگاتە ئاوەکە تێر تێری لێبخواتەوە و خۆی فێنک بکاتەوە یان ئەستێڵەکە تێک بدات و یان لەو پێناوەدا دەمرێت.

(حەمزە) کە پەڕی سیمرغی لە مێزەرەکەی دابوو بۆی چووە پێشەوە شمشێرێکی لێدا و لایەکی لە رانی کردەوە و قاچەکەکەی بەو ناوەدا هەر هەڵبەز و دابەزی بوو، بەو حاڵەشەوە دەیویست خۆی بگەیەنێتە ئەستێلگەکە و خوێنی قاچی قیچقەی دەکرد، پاشان وەک ئاژەڵێک لەسەر هەر دوو دەست و قاچی بەرەو ئەستێلگەکە دەڕۆشت و دەیەوێت سوێندەکەی جێبەجێ بکات و بگاتە ئاوەکە و حەمزە شیرێکی دیکەی تێ سرەواند و کوشتی.

پاشان سێ نیوە گورگ و نیوە بەشەر لەنێو سوپای کافرانەوە دەرچوون، هەرسێکیان ئەبرۆ پێکەوە بەستراوەکانیان بە سەر چاوەکانیانەوە شۆڕ بووبوونەوە و دارستانی ریشیان بە سەر پێدەشتی پڕ لەکەند و لۆچی دەموچاویاندا بۆ بن چاویان کشابوو دوو دانی دەرچووی سەرەتای دەم و چەناکە و لووتیان هەروەک قەپۆزیان لە هی گورگیان دەکرد و ئاوەزیان لە پشت ئەو دەموچاوە درێژە گورگەییانەوە پڕ لە شانازی و غورور بوو و هیچی دی.

هەر کامیان تۆپەڵێک قژی جەنگەڵی وەک داری هەنجیر بە سەر سەریانەوە لە ژێر مێزەرەکەیانەوە بە سەر ملیاندا بۆ سەر شانە پانەکانیان شۆڕ بووونەوە کە سینگ و شان و ملیان پان و بەهێز و قەدیان باریک وەک هی گورگ بوو. لە ناودارترین شەڕکەرانی قوڕەیش و لە یەک بنەماڵە بوون دوو برا و برازایەک بوون، (عوتبە و شەیبە کوڕی رەبیعە و وەلیدی کوڕی عوتبە)، شیرەکانیان بە ئاسمانەوە با دەدا و داوای شەڕە شمشێریان دەکرد. دوو گەنج (عەوف) و (مەعوەز) کوڕی حارس بەڵام بە ناوی دایکیان (عەفرا) ناسرابوون شاعیرێکی جوامێر (عەبدوڵای کوڕی رەواحە) کە ئەنساری بوون بۆیان چوونە دەرەوە.

بەڵام سوارچاکانی قوڕەیش ئەوانیان پێ کەم بوون و وتیان: ئامۆزاکانی خۆمان دەوێت.

ئەوجا ئەویان لەو دووانەی دی بە تەمەنتر بوو و پێی لە کەناری قەبردا بوو بەڵام هێشتا بەهێز بوو هاواری کرد: موحەمەد لەناو خزمانی خۆماندا هاوشانمان بۆ بنێرە دەرەوە.

پاشان بە فەرمانی پێغەمبەر حەمزەی راوچی شێران و عەلی بە شمشێری دوولەپی و عوبەیدەی حاریسەی مامە ریش سپیەکەی بۆی دەرچوون.

حەمزە و رەبیعە شیرەکانیان هەڵکێشا بوو چاوەکانیان لە جەستەی یەکتر هەڵسوی بوو و دەنگی لمی ژێر پێیان دەهات و بە بێدەنگی بە خوولی چواردەوری یەکتریان بوو

پاشان ڕەبیعە خۆی سوڕاند و شمشێرەکەی دەستی ڕایەڵ کرد و بۆ حەمزەی وەشاند و حەمزەش هەر دوو پێکەی بە خێرایی گواستەوە و ڕەبیعە بەدەستی درێژیەوە بەلایدا تێپەڕی و حەمزە بە زوویی بۆی گەڕایەوە و شیرێکی دا لە سەری، کەلەی لەت کرد و خوێنی فیشقەی کرد و خوێنی ناوچاوی زایە دەمی و چاوەکانی لێکناو قوڕەیشیان بینیان پاڵەوانێکیان وەک کێوێک کەوت.

عەلیش بێدەنگ وەستا بوو پێکانی لە ئەرز چەقاند بوو و چاوە گەورەکانیشی لە نێوان برژانگە ڕەش و درێژەکانیەوە لەتەک کابرادا دەسوڕانەوە کە بە چواردەوریدا دەخولایەوە. هەر کە وەلید گەیشتە ئاستی پشت ملی عەلی دەستی بۆ ئاسمان ڕایەڵ کرد شمشێرەکەی وەک تەور بەرز کردەوە و ویستی بیسرەوێنێتە ناوچاوی عەلی کە لەتەک هوشەی داگرانی شمشێرەکەدا عەلی گەڕایەوە و شمشێرەکەی خستە ناوەڕاستی شمشێرە دوولەپەکەی و لەتەک سوڕانیدا شمشێرەکە بۆ لای شەیتان لە حەوادا دەگەڕا کە بیکوژێت و وەلید خێرا خەنجەرەکەی دەرکرد و هەڵمەتی برد تا پێش کەوتنی شمشێرەکەی عەلی بخاتە ئەرز عەلیش شیرێکی لە گەردنی دا و کەللەی لەتەک شمشێرەکەیدا بە حەواوە بوون و بە دوای یەکدا کەوتنە ئەرز.

حاریس و عوتبەش پێچرابوون بە یەکدا و وەک ئاژەڵێکی چواردەست و چوارقاچ بەو ناوەدا دەسوڕانەوە و تەپوتۆزیان دەکرد و هەر کامیان بەشەکەی ئەوی تری لەو ئاژەڵە خوێناوی کردبوو و عەلی و حەمزە بەحاڵ جەستەی عوتبەیان دۆزیەوە و کوشتیان و خودا جلەکانی پڕ لە با کردبوون و خەریک بوون دەفڕین و کاتێک عوبەیدەیان بە قاچی بڕاوەوە لەتەک خۆیان هەڵگرت بوو بۆ ناو موسڵمانان دەڕۆشتنەوە.

ئەمە سەرەتایەکی خراپ و پێشاندەرێکی باشیش بوو بۆ موسڵمانان کە سەرکەوتنیان لە ئاسمانەوە بڕیاری لە سەر درابوو و بە هەوڵی ئەوان دەگەیشتە ئەرز.

کافران لەتەک تووڕەییدا فوویان تێکرابوو کە بینیان قارەمانەکانیان لەوێ کەوتبوون یەک تەکان هاواریان بۆ خودا جیاوازەکانیان دەکرد و پەیمانیان لەتەک مەککەی داماو و قوڕەیش و خێڵەکانیان کە ئەوان بوو هێرشیان هێنا بوو نەوەک ئەمان و هێرشیان بۆ ئەو چەند موسڵمانە برد تا چەند ساڵ لەوەو بەر لەبەر دەستیاندا شوێنێ بۆ خەوتن و جلی بۆ لەبەرکردن و شتی بۆ خواردنیان نەبوو، یاخود ڕاستترە بوترێت ئەوان نەیاندەهێڵا بیان بێت، ئەو شمشێرانەیان هەڵبڕی کە هێنابوویان تا لە سەری مرۆڤی برایان پێبدەن و بیبڕنەوە.

موسڵمانەکانیش وەستابوون و لە دوورەوە دەیانبینی سەربازە کافرەکان لێکدا لێکدا نزیک دەبوونەوە و خەریک بوو تەواو نزیک دەبوونەوە و چاویان پڕ لە سوار بوو کە

بەرەو روویان دەهات و  گوێیان لە تەپەی پێیان بوو کەپوویان پڕ لە تەپوتۆزی سمی ئەسپان بوو.

ئەوان کۆمەڵێک مرۆڤی هەژار بوون و ئەوەش بەرەو روویان دەهات دونیای پڕ لە نیعمەت و قودرەت بوو چۆن دەیانتوانی دژی ببنەوە، حەمزە فەرمانی تیربارانی داو لە یەک ئاندا سەدان و هەزاران تیر وەک دوو پشک بە دوژمنانەوە دەچزان و ئەسپەکان بە یەکدا دەیاندا و دەکوتن و بەڵام ئەوانەی لە دەستی تیری لە دوور هاوێژراو دەربازیان دەبوو ئاوزەنگی ئەسپەکانیان دەدا و بە جەستەی عارەقاوی دڵی پڕ لە رقەوە خۆیان دەگەیاندە بەردەم دیواری مەحکەمی قەڵای لە مرۆڤ دروستبووی موسڵمانان بێ گوێدانە هاوڕێ و سوارانی هاوڕێ دەیانویست موسڵمانەکانیش دەرگای قەڵای مەحکەمیان دەرکردەوە.

کە دەچوونە نێو قەڵاوە پێکەوە بۆ خوداو براکانیان نەوەک لەبەر خۆیان شیریان بەسەردا دەباراندن و تا دەهات ژمارە کافرانی کەوتوو زیاتر دەبوو دەتوت قەبرانی بە کۆمەڵە کە چەندی تێدا بنێژی هێشتا جێی هەمتر دەبوویەوە، ئەوجا ژمارەی کافرانی ئەسپ سوار زۆر و زۆرتر بوو، دەبوو هەر دوو قەڵاکە بجولێن و موسڵمانان  چوونە پێشەوە دەستیان بە شەڕ و شیر وەشاندن کرد، ئیتر شەڕ گەرم بوو.

رەنگی ئاسمان گۆڕا و رەنگی بۆر و دواتر رەش و دواتر سوور وەرگەڕا و ژمارەی کافران زۆر و زۆرتر دەبوو و موسڵمانانیش ریزەکانیان تێک نەدەدا و هەر کامیان وەک کۆڵەکەیەک لە زەوی دەچەقان و باڵیان لە ژێر ئاسماندا بوو تا نەڕوخێت و دەتوت پێغەمبەر رەوە شێرێکی بۆ ئەم بیابانە وەدوای خۆی خستووە، عارەقەیان دەردەدا و بۆنی تیژی پیاوی شەڕکەریان لێوە دەهات.

مردن رازی خۆی لەدەست دابوو و لێی نەدەترسان و بگرە پێشوازیان لێوە دەکرد و مەرگیان لەبەر چاو بوو و ئەزموونیان دەکرد و لەگەڵ گڕگرتنی شەڕ و کوشتاردا بۆ ئەزموون رۆحی وەردەگەڕاو باشتر زەینیان دەکرایەوە و لە گوتەکانی پێغەمبەر تێدەگەیشتن و ماڵ و مناڵ و ژیان و هەموو شتێکیان لەبەر چاو سڕابوویەوە تەنها ئیمانەکەیان نەبیت، وشەکانی ئەویان باشتر لە کامدا شیرینتر دەچەشت و بەهەشت هاتبووە بەر دەرگا و بواری چاوەڕوانی کردن نەبوو.

جاران خەڵکی بە چەندین ساڵ نەگەیشتنە ئەوەی ئەوان بەم زووییە پێی گەیشتبوون، خەڵکی کێشەیان ئەوەبوو کە خودیان بۆ نەدەبڕا و تا ئاخری تەمەنیان تێیدا دەمانەوە کەچی ئەمان ئەو خودەیان لە ژێرپێیان دەناو بەقوربانیان دەکرد، ئەمە هەر ئەوە بوو لە هەموو مێژووی رۆحانیەتی مرۆڤ لە زەویدا بە ئەزموونی لە خۆبوردەیی  و جوامێری.

دەسوڕانەوە و شیریان دەوەشاند و یەکتریان لە تیر و شیر و نێزەی دوژمن ئاگادار دەکردەوە بێ خۆ لەبەر خۆوە عارەقەیان دەڕشت و دەیانوت (الله اکبر). هەموو چاکەکان لە یەک دەچن و هەموو خراپەکانیش لە یەکدی ئەمان وەک یەک هەڵمەتیان دەبرد و وەک یەک پشتی یەکتریان دەگرت و وەک یەکیش بیریان لای یەکدی بوو، کافرانیش وەک یەکتر هەر کامیان دەیویست ئەوی دی لە باتی ئەو بکوژرێت و لاشەکە بۆ بنەماڵەکەی بۆ مەککەی داماو بەرنەوە.

ئەوجا کافران باوەڕیان بە چاوانی خۆیان نەدەکرد و ئەوان هەرچەند بە بینینی حەقیقەت قارس دەبوون بۆیان دەرکەوتبوو لەتەک چ سەر سەختێکدا لە شەڕدا بوون، نەیاندەزانی ئەمانە هەر ئەو مشتە مرۆڤە لاوازانە بوون کە ناسیبوونیان. نەیاندەزانی چی بخەنە مێشکیانەوە بە چاوانین بڵێن باوەڕ بکەن یان دڵیان بە شایەت بگرن.

هەر لە سەرەتاوە روون بوو کە ترازووەکە بەلای موسڵمانەکاندا نیشتووە، بەڵام ژمارەی موشریکان هێندە زۆر بوو کە دڵی گەورەی پێغەمەر بۆ ئەرک و رەنجی هاوەڵانی بسووتێت، ئەوان ئەگەرچی لە جێبەجێکردنی ئەرکیاندا لە مرۆڤ بانتر بوون، زۆربەی ئەوان هەر وەک پێغەمبەرانی لەوەو پێش بوون تەنها جیاوازیان ئەوە بوو وەحیان بۆ نەدەهات.

ئەوان هێندە گۆڕا بوون کە پایەی رۆحی راگیرکەری (بوون) بوون، بەڵام حەیف دواجار خودا ئەوانی بە ژمارەیەکی کەم خولقاندبوو،، بەڵام ئەوان دواجار مرۆڤ بوون، خوداش چەند ئەرکێکی قورسی بە سەر ئەمیش و ئەوانیشدا دابوو، بۆیە پێغەمبەر  دوای رێککردنی ریزەکانی سوپاکەی و گەڕایەوە ئەو کەپرەکەی لە سەر گردەکە لە خودا دەپاڕایەوە: (خودایە ئەو داوایەم جێبەجێ بکە، خودایە داوای وادە و بەڵێنەکەت لێدەکەم).

دوعای کرد و دوعای کرد تا ئەو دەمەی شەڕ گەرم بوو خوێن و شەڕی مرۆڤی لە دژی مرۆڤ کرد و خوێن و عارەقەی هاوەڵانی بینی و بەیەکدا هاتن گەیشتە لوتکە، دەنگی شەڕ لە ئاسمانیش دەنگی دایەوە و فریشتانی باڵداری هێنایە جمە، ئەوجا بیری لە ژمارەی بە کەم خولقاوی ئەهلی حەقی روانی و دڵی بۆ بێکەسی ئەوان سووتا ئەو مشتە خەڵکە بە تەنیایی فڕێ درا بوون، دەستەکانی بۆ خودا هەڵدەبڕی کە سەیری کردەوەکانی مرۆڤ دەکات:

(خودایە ئەگەر ئەمرۆ ئەم کۆمەڵە ئیماندارە لەناو بچن ئیتر تۆ ناپەرسترێیت، خودایە ئەگەر ویستت وا بێت ئیدی هەرگیز ناپەرسترێیت!) پێغەمبەر چاوەکانی داخست تا باشتر دەنگی خودا ببیسێت.

راستە ئەبوبەکر و مەعاز و پاسەوانەکان لەوێ بوون، بەڵام هەستی بە تەنهایی دەکرد دەستە نووراوی و لەو کاتەدا لەرزۆکەکانی خۆی هەڵدەبڕین و دەیگەیاندە دەرگای خودا، بێجگە لە دەنگی چپەچپی ئەو و دەنگی هەرا و کوشتن و بەریەک کەوتنی شیر و شمشێر کە تێک هەڵدەچوون هیچ نەدبیسترا، سەرەڕای ئەو هەموو پاڕانەوانە، بەڵام زەرەیەکی ترسی لە دڵدا نەبوو هێندە دەستەکانی هەڵبڕی، تا عەباکەی لە سەر شانی کەوتە خوارەوە.

ئەبوبەکر خستیەوە سەرشانی و سۆزی بۆی بزوا بوو، توووند شانی گرت وەک ئەوەی لە بوونی دڵنیا بێت، ئەو خۆی بە قوربانی دەکرد وتی: ئیتر بەسە ئەی پێغەمبەری خودا بە راستی زۆر لە خودای خۆت پاڕایتەوە. خودا وەڵامی نزاکانی دایەوە و سەرکەوتنی ئەو کە لە ئاسمان بوو و بە نزای ئەو گەیشتە ئەرز و فەرمانی بە فریشتەی ئاسماندا باڵەکانیان بکەنەوە و بۆ ئەستێرەی زەوی بفڕن. بە موحەمەدیشی فەرموو ئەوا بە هەزار فریشتە پشتیوانیمان بۆ ناردن، ئەویش ئەوانی بینی بە باڵەفڕێ و باوەشی کراوەوە و لە ئاسمانەوە دەهاتنە خوارێ تا پشتیوانی ئەو بکەن، ئیدی وەنەوزێک بردیەوە و پاشان سەری هەڵبڕی و لە ئەبوبەکری روانی: ئەبوبەکر موژدە بێت سەرکەوتنی خودایی بەڕێوەیە، ئەوە جوبریلە جڵەوی ئەسپەکەی گرتووە، سەر شانی تۆزاویە.

وای وت و هەڵساو چەک و قەڵغانی هەڵگرت و بەپەلە هەنگاوی قورسی دەنا و (ئەمرۆ ئەوانەی کۆبوونەتەوە تێکدەشکێن و پشت هەڵدەکەن و رادەکەن) پاشان دانەویەوە و مشتێک خۆڵی هەڵگرت و رووە و سوپاکەی قورەیش هەڵیدا کە شەیپوریان دەکێشا و خودە رەشە قەترانیەکانیان لە خۆرەتاوی بێ پەردەی بیاباندا بریقەیان دەدا، ئەوان کە ئەویان دی لە دوورەوە بە دوو پێی قورسەوە بۆ ناو مەیدانی جەنگ دەهات بۆ ئەویان روانی و خۆڵێک لە دەستی فڕێدرا و بەر پەردەی ناوەوەی کەپووی هەموویان کەوت.

خۆڵێک بە دەست ئەمەوە بەڵام ئەوە خودا بوو لە بنەڕەتدا ئەو کردی نەوەک موحەمەد، هەر لە دوورەوە کە دەچووە ناو هاوەڵەکانی دەنگی هەڵبڕی بوو و فەرمانی دەدا: دەستیان لە سەر توووند بکەن خودا خۆی لەبیر بوو ئەوانیش هەروەها لەو گەرمەی شەڕەدا ئەو حوزورەی ئەو لە دڵیدا دەهاتە سەر زاری: سوێند بەو کەسەی گیانی موحەمەدی بە دەستە هەر کەس لە ئێوە لە رووبەڕووبوونەوەی کافراندا بوەستێت و رانەکات و بکوژرێت خودا دەیخاتە بەهەشتەوە ئەوجا روویکردە یارانی و لێوی هەڵهێنا: هەستن، هەستن بچن بەدەم بەهەشتێکەوە کە پانتاییەکەی بەقەد ئاسمان و زەمینە.

ئا لەوێدا بوو مەیدانی شەڕ درەوشایەوە، سوپای فریشتەیان دەدی کە لە ئاسمانەوە بە سواری ئەسپی باڵدارەوە دادەبەزینە خوارەوە، زەمین و بیابان لە بەرچاویان بچووک و بچووکتر دەبوویەوە و تاریک دادەهات و ئاسمان دەکرایە و شارەکانی بەهەشت و بە هەموو باخ و باخات و کۆشک و قوللە و بورجەکانیەوە لێیان نزیک دەبوویەوە و هاتبوویە بەردەمیان و نەدەکرا ئەو هەموو جوانیە نەبینن و خۆیانی لێ غافڵ بکەن.

عومەیری کوڕی حەمام یەکێک لە یارانی ئەوەی بینی و وتی: بەخ بەخ.

پێغەمبەر پێی وت: چی وای لێکردووی وا بڵێیت.

ئومێدم، سوێند بەخوا ئەوە پاڵی پێوەنام کە لەو کەسانە بم.

کاتێک پێغەمبەر سەری ئەوی نەوازش دەکرد دەیوت: تۆ لەوانەی.

عومەیر چەند دەنکە خورمایەکی لە دەستدا بوو یەک یەک دەی ئاخنینە ناو دەمیەوە، دەیوت: من لێرە بمێنم تا ئەو دەنکە خورمایانە بخۆم لە دەنکە خورماکانی دەڕوانی لە مشتیدا:

ئەوە ژیانێکی درێژخایەنە، ئەوجا دەنکە خورماکانی فڕێدا و چووە ناو شەڕەکەوە و شەڕی کرد و عارەقی ڕشت و شیری وەشاند و چووە پێشەوە تا شەهید بوو.

مەیدانی جەنگ و مەعرەکەی بۆ ئاهەنگی ئاسمانی زیکر و چەشتن وەرگەڕا بوو و کوڕەکەی (عەفرا) کە بە ناوی دایکیەوە بانگ دەکرا وەک سوارێک سەرمەستانە بەڵام ئاگا لە پێغەمبەری پرسی: ئەوە چیە خودا دەخەنێنێت.

پێغەمبەر چاوی بڕی بوویە ئەو و وتی : (خۆفڕێدانە ناو دوژمن بە سەری رووتەوە). ئەویش هەستایە سەر پێی و زرێ و خودە و بەرگی جەنگی فڕێدا وەک ئەوەی بۆ ناو کۆڕی سەما بڕوات نەوەک شەڕ، شەڕی دەکرد و سەمای دەکرد، چەندی لەوان کوشت کەس نەیزانی و لە کۆتاییدا سەری رووتی بە ئاسمانەوە دەسوڕایەوە و شەهید بوو.

ئەوجا هەموو موسڵمانان لەتەک ئەودا هەڵسان بە هێرشێکی داپاچەری ترسناک و شمشێریان بە هەموو لایەکدا دەوەشاند و ئیدی هەر سەر بوو دەپەڕی.

فریشتەکانیش لەتەکیان شەکەت و هیلاک شمشێریان دەوەشاند (عەکرەمەی کوڕی ئەبوجەهل) کە دواتر هاتە سەر دینەکەی موحەمەد و چاوەکانی کرانەوە و دەیوت: هەر سەری خەڵک بوون و دەپەڕین و کەس نەیدەزانی کێ لێی داون، دەستی خەڵک بوون دەقرتان و نەدەزانرا کێ لێی داوە.

دۆخەکە وابوو کە هۆشی گێژ و وێژ لە راڤەکردنی ڕووداوەکاندا دۆش دادەما و موسڵمانێک کە شوێن موشرێکێک کەوتبوو گوێی لە دەنگی قامچیەک بوو بە سەر

سەریەوە بە دەست ئەسپ سوارێکەوە کە دەفڕی و هاواری دەکرد: حەیزوم هات و سەیری کابرای موشرێکی کرد کە لەبەردەمیدا کەوت بوو ئەو بوو لێی دابوو یاخود فریشتە باڵدارەکەی ئاسمان، کاتێک مەزڵومی و هەژاری پێکەوە پەیمان دەبەستن ئیتر خودا فریشتەی خۆی دەنێرێتە خوارێ کابرا رووداوەکەی بۆ پێغەمبەر گێڕایەوە و پێغەمبەر تێگەیشت و وتی: راست دەکەیت ئەوە فریشتەی خودا بووە.

ئەبوداودی مازنی وتی: شوێن موشرێکێک کەوتم تا شمشێرێکی لێبدەم کەچی پێش ئەوەی من شمشێر لێبدەم کابرا سەری پەڕی، عەباسی مامی پێغەمبەر بە دەست ئەنساریەکەوە دیل بوو. وتی ئەوەی منی دیل کرد ئەمە نەبوو، بەڵکو پیاوێکی قژ کورتی جوانخاس بە سەر ئەسپێکی مارۆوە بوو پاشان چاوی بەناو سوپاکەدا گێڕا و وتی: ئێستا ئەو کابرایە نابینم.

کابرا وتی ئەی پێغەمبەر من خۆم دیلم کردوە. پێغەمبەر چووە خەیاڵەوە و وتی خودا بە فریشتەیەک پشتیوانی کردووی، خولاسە مرۆڤ و فریشتە پێکەوە شەڕیان کرد بوو کە تەنگیەک تووشی ئەمیان بووبوویەوە ئەویان بە فریای کەوتبوو و کاتێکیش لە یەکیان درابوو ئەوی کەیان ئازاری بەرکەوتبوو.

هەروەهاش لەبەرەی ئەوبەر بەهەمان شێوە ئیبلیس و موشریکان هاوپەیمان و بەڵکو یەکیش بوون، هەر ئەوەش بوو لە سەرەتای شەڕدا ئیبلیس لە شێوەی (سوراقەی کوڕی مالیکی مەدلەجی)دا دەرکەوتوو و ئەوانی بۆ شەڕ تاو دابوو، مرۆڤەکان بۆ هەمیشە لە ژێر سێبەری مەرگدا دەژین کاتێکیش مەرگی راستەقینە نەوەک سێبەرەکەی خۆی پێشان دەدات، ئەوسا مرۆڤ لێی دەترسێت و بەڵکو لە ترسیش واوە دەڕوا و هەڵدێت هەر ئەو دەمەش ئیبلیسەکەی دەست بە راکردن دەکات.

حاریسی کوڕی هیشام وای دەزانی ئیبلیس خودی سوراقەیە و دەستە و دامێنی بوو تا لەگەڵیان لەناو شەڕدا بمێنێتەوە و دەستی پێوە گرتبوو و بەری نەدەدا، سوراقەش چەپۆکێک بە سینگی حاریسدا کێشا و خستی، دەستی بە هەڵهاتن کرد، موشریکە شەڕکەرەکان کە هەنووکە لێرە و لەوێ بە شپرزەیی شەڕیان دەکرد بانگیان کرد بۆ کوڕی سوراقە. ئەی تۆ نەبووی دەتوت پشت و پەناتانم بەجێتان ناهێڵم.

وتی ئەوەی من دەیبینم ئێوە نایبینن، من لە خودا دەترسێم، بە راستی خودا خاوەن سزای توندە، پاشان هەڵهات و هەڵهات تا خۆی هەڵدایە ناو دەریاوە، لە هەمان کاتدا هەر ئەوەش موشریکەکانیش بوون وەک شەیتان رایان دەکرد بەڵام لە ناوەوەی خۆیان هەڵدەهاتن، ئەو ناوەوەش دەبوویە جەستەی بینراو و هێدمە دەبوون و بێدەنگ تۆزیان لە پاشینی ئەسپەکانیان بەجێدەهێلا و بەسەر پانتایی بەرینی بیاباندا بۆ مەککەی

داماو دەگەڕانەوە، ئەو مەککەیەی بۆ وەرگرتنەوەی کەرامەتی لە دەستچووی ئەو بۆ ئێرە هاتبوون.

شپرزەیی لەنێو موشریکاندا دەرکەوت و ریزەکانیان لەبەردەم شاڵاوی توندی موسڵماناندا هەرەسی هێنا، موشریکان لە کۆتاییدا کەوتنە هەڵهاتن و هەندێکیان رۆشتن و پێیان نەگەشتن و لە ناوتۆزدا لە مەیدانی شەڕ بچووک و بچووکتر بوونەوە و لە چاوان ون بوون و پاش چەند رۆژێک هیلاک و شەکەت لە سەرەتاوە نەدیتراو و پاشان وەک خاڵ و دواتر تارمایی و پاشان وەک سەربازی هەڵهاتووی شەیتان و پاشان وەک قوتارکەری خۆی لە مەرگی حەتمی بەدەست موحەمەد و یارانی کە ئەوان عەیامێک زۆر لەگەڵی ژیابوون بەڵام نەیان ناسی بوون خۆی لە حەوانەوەی باوەشی ژن و ناوماڵ و منالانیاندا بێ شەرمکردن بینیەوە و دەستی دوور بوو بۆ ئەوەی خودی موحەمەد لە ناوبرێت. ئێستا کە ئیبلیس هەڵهاتبوو ئەبوجەهل لەو شەیتانتر بوو، ئەگەر هەرکام لەوان هەر پارچەیەک لە بوونیان بۆ شتێک بوو، پارچەیەکیش بۆ خراپە ئەوا ئەم هەموو پارچەکانی بۆ خراپە خولقابوون، رووباری نەفسی پڕ لە هەڵبەز و دابەزی لە فێڵ و تەڵەکە دروست بوو بۆی نەکرا بێتە کەنارەوە و لەو رووبارە بڕوانێت، هەموو مرۆڤەکان هەر هەڵە بوون، ئەم یان ئەو مەسەلە دەشێوێنن، بەڵام ئەو لەو کەسانە بوو هەموو ژیانی وەک مەسەلەیەک گرتبوو و مەسەلەکەشی شێواندبوو.

هەنووکە لە گەرمەی شەڕدا لە ناو چادرەکەیدا لە پشت پاسەوانەکان کە پێیان دەوتن دڕکەکان و ئەوی گوڵیان دەپاراست و نەیاندەهێشت مێرووشی پێ بگات نەوەک دوژمن، پێکی شەرابی هەڵدەدا و دەیوت ئەم ئاوی شەیتانە هەر وەک ژنە، چونکە هەر دووکیان مایەی دڵخۆشی پیاون، برۆ چڕەکانی بە سەر چاویدا رژا بوون، جۆری وەستانی ئەو برۆ رەش و پەیوەستانە دەیانوت مێشکی بە شتێکی گرنگەوە مژوڵە، واش بوو زەینی لە نێوان دوو بیری دژدا دەهات و دەچوو و هەرچەندی دەکرد بۆی یەکلایی نەدەبوویەوە کامیان هەڵبژێریت. بۆ ئەمەش ئەوەی یەکەم جەنجاڵیەک دیاربوو زەجرێکی زۆری بۆ ئەو یەکلایی بوونەوەیە دەکێشا، کێشمە کێشمی ناو رۆحی هەندێک جار بۆ جەستەی سەری دەکرد و بێخۆد لە بن لێوانەوە ورتە ورتێکی نا مەفهومی دەکرد. لە دەوروبەری هەزار شت روویدەدا بەڵام ئەو لە هەمووی بێ ئاگا بوو، بە جۆرێکی سەیر وابوو کە لەو هەرا و زەنا و کوشت و کوشتارەی دەوروبەی لە دەرەوە روویان دەدا بە ئاگا و بێئاگاش بوو. سەرمەستی گەورەیی و لە خۆبایی بوون، ئەوی بێخود کردبوو.

لەلایەک ئەوانەی وەک رەمزی ئەندامانی شورا سەریان سفر بوو زۆربەی زۆریان هەڵهاتبوون، هەنووکە لە رێ یان لە مەککە لە باوەشی ژن یاخود دۆستەکایاندا بوون

و  ئەمیش وەک ئەوان ئەو هەموو موڵک وماڵەی بەجێ هێشت لە گیانی ئازیزتر بوون، رەمزی سەرکەوتن و مانەوەی بوو، هەر مرۆڤێک کارێکی لە پێناوی شتێکی دی ئەنجام دابوو، ئەویش هەموو کار و کاسپی تەنانەت ژن و ژنخوازی و حیکمەت و ژیری کە مێشکی لە پێناودا کردبوویە خۆڵ بۆ ئەو سەروەت و سامان بوو.

لەلایەک ئێستا لەم بیابانە دوورەوە شتێکی لە موڵک و ماڵ زیاتر لەتەک خۆی بۆ ئێرە هێنابوو، ئەگەر موڵک و ماڵ بڕوات مادام ئەمی هەبێت. بەڵام هەرگیز ئەوی بۆ نەدەگەڕایەوە ئەویش دەسەڵات و پێگە و ناو و ناوبانگ بوو، ئەمە لای ئەم لە هەزاران هەزار حوقە زێڕیش گرنگتر بوو، هەر ئەمەش بوو باوباپیرانی هەزار ساڵەی لە دەروونی ئەمدا بە زیندوویی راگرت بوو، ئەم و موحەمەدی کردبووە دوژمن.

ئەو شتە عەنتیکەی ئەو هێنابووی و لە ناو عەرەبدا پێشتر وێنەی نەبوو کە پێی دەوت پێغەمبەرایەتی لەبری ناسینی هەوڵی کوشتنی دابوو و رەنجی چەند ساڵەی گەنجێتی لە دژایەتیدا ئەودا بە هەدەر دابوو. لە راستیدا ئەو پێغەمەرناس نەبوو بەڵکو نیازی گوناهی گەورەی پێغەمبەرکوژی هەبوو، ئەو گوناهەی ئەم دەیزانی عەرەب نەیاندەزانی و پێشتر دەسەڵاتدارانی بەنی ئیسرائیل و دەوڵەتی رۆم و عەجەم ئەنجامیان دابوو، لە پێناو ئەو پێگە و دەسەڵاتە و لە پێناو بتەکانیش کە وەک هەر شتێکی تر ئاماژەیان بە شتێکی تر دەکرد کە  ئەویش  پێگە و دەسەڵات بوو.

هەواڵ بوو لە شتێکی دیکە ئەویش توانا و مەزنی بوون، هەر ئەمەش بوو لە (موحەمەد)دا لێی نەدەگەیشت، خوداکەی ئەو هەر لەبەر خۆی بوو، لە پێناویدا ماڵ و سامانی لە دەستدا بوو هەزار فەرسەخ لە دووری خاکی نیشتمان بۆی ژیا بوو، هەر ئەم گوتەیەی دوایی هەنووکە موحەمەدی دوور لەبەردەستیدا بوو، خۆی و هەموو یارانی وەک بارمتە هاتبوونە بەردەستی ئیدی پێویست نەبوو بیست و سێ ساڵی دیکە لە پشتی زینی ئەسپەکەیەوە بێت تا وەدووی بکەوێت و دەستی بکەوێت، یان بە هەزار فێڵ و حیلە خەڵک بۆ کوشتنی بنێرێت.

هاوشاریەکانی بێ ماڵئاوایی ئەویان بۆ مەککە بەجێ هێڵا بوو، ئەگەر موحەمەد لە دوای کۆچی بۆ یەسریب لە شارێکی سەوزدا لە نێوان دوو کێوی دوور بوو ئەوا هەنوکە نزیک بوو، تەنها بە شمشێر ئەوە یەکلایی دەبوویەوە، ئەو بۆ ئاشتی نەهاتبوویە بوون رێگەی ئەو رێگەی شمشێر بوو، ئێستا کاتی بوو لە قینی ئەوەدا خۆی بخاتە ناو جەنگی چارەنووسی نادیارەوە کارێک بکات ترسناکتر لە هەموو ئەوەی ئەنجامی دابوو.

ئەو هەنووکە بەرگریکاری باوباپیری کە لە شێوەی قیافەی بەرز و حەسەب و نەسەبیانەی ئەودا هاتبوونە دەرەوەی چادری  پاشایانەی پڕ لە عەیش و نۆش کە لە

پاش خۆی بەجێی هێڵابوو، سەیری ئەو قورەیشیە بەجێماوانەی ریز درێژی موحەمەدیان لە یەکتری دابڕی بوون و بە تیکە تیکەیی شەڕیان دەکرد و بە دەنگی باوکی یان باپیری نەدەزانرا، لەوانەیە هەموو مەزنانی قورەیش بانگی کردن: گوێ مەدەنە راکردنی سوراقە، ئەو لەگەڵ موحەمەد پەیمانی هەبوو، کوژرانی (عوتبە) و (شەیبە) و (وەلید) نەتان ترسێنێت ئەوانە پەلەیان کرد. گەورەبوونی ئەو دەلیلی تەواوی دەدا بە دەستەوە ک ئەوان گوێی لێبگرن و تواناى ئەو و گوفتار و رەفتاری باوباپیرانی بەرجەستە بکات، هەستی دەکرد دەنگەکەی ناوی کە دەنگی ئەوان بوو بەرزتر لە سەر زاری ئەمەوە دەیوت:

(سوێند بێت بە لات و عوزا ناگەڕێینەوە تا هەموویان دەست بە سەر نەکەین) ژەهری لەدەم دەباری و دەیوت: (نەیانکوژن نامەوێت بکوژرێن، دەبێت بیانگرن. تا پێشانیان بدەین چ کارێکی خراپیان کردوە).

بەڵام گوتەکانی لە ناو تەپوتۆزدا ون بوون و موسڵمانان بە چاو، ئەویش چاوی سووری شێرەوە، سوور سوور دەسووتان و گڕیان لێدەهاتە دەرەوە بە هێرشیان وەڵامیان دایەوە و ریزە شێواوەکانیان تێکشکاندن و ئەبوجەهلیش هەر هێندەی زانی کە بێجگە لە پاسەوانەکان کە ئەوانیش هەموویان نەبوون کە بە دەوریدا مابوونەوە بە شمشێر و رمەکانیان پەرژینیان بۆ دروستکردبوو، گەردەلوولی شاڵاو ئەوانیشی رامالّی و موسڵمانەکان بینیان بە تەنهایی ماوەتەوە بە سەر ئەسپەکەیەوە دەهات و دەچوو، دوو منالّ چاوەڕوانی بوون تا وێنەکەی لە زەینیان نەخش ببەستێت تەنها بە شوێن ئەودا، ئەویش گەورەترین ناودارترین پیاوی قورەیش دەگەڕان.

ئەو هیچ خراپەیەکی بەرامبەر ئەوان نەکرد بوو هەموو خراپەیەکیشی کرد بوو، ئاخر مرۆڤ بێجگە لە سۆز و خۆشەویستیەک بۆ بیروباوەڕەکانی ویست و ئارەزووەکانی شتێکی دیکە نیە، دەی بەرامبەر هەموو ئەوان ئەوەی پێکرابوو لە خراپە ئەنجامی دابوو، بیروباوەڕی ئەوان پێغەمبەر بوو، سۆز و خۆشەویستیان تەنها بۆ برا موسڵمانە موهاجیرەکان بوو، ویست و ئارەزوویان سەرکەوتن و رەزامەندی و گەیشتن بە رەزامەندی خودا کە رێگەکەی کۆشش و تیکۆشان بوو کە رێگەکەی گرتنەبەری رێی سەختی ئەو دوژمنانە بوو کە هەنووکە هاتبوونە سەریان و هەموو رێگەیەکی خۆشگوزەرانیان لەوان گرتوو ئاخر ئەمان چیان لەوان کرد بوو جیاوازی ئەمان تەنها ئەوە بوو دەیانوت (الله) خودامانە، قەد ئەویان نەدی بوو و بیستبوویان جنێوی بە پێغەمبەر دابوو.

چوونە پەنای پیاوە دەوڵەمەندەکەی مەدینە کە وەک هەژاران لە سوپاکەی (موحەمەد)دا بەلای راست و چەپدا لای دەکردەوە و شەڕی دەکرد. وتیان: مامە ئەرێ ئەبوجەهل کامەیە؟

بە وریاییەوە ئەمەی وت تا هاوەڵەکەی دی گوێی لێ نەبێت، بیستوومە جنێوی بە پێغەمبەر داوە سوێند بەو کەسەی گیانی منی بە دەستە هەر تارماییەکی لێم دەربکەوێ یان دەیکوژم یاخود دەمکوژێت، ئەوی تریش هەمان پرسیاری لێکردم و لە ئازایەتی ئەو دوو مناڵە سەرم سوڕما.

لەو کاتەدا روخساری کە ترش و تاڵ کە لە مەرگ دەچوو دەرکەوت و عەبدولرەحمان چاوی لێ بوو ئەو دوو منالە هەڵیان کوتایە سەری و دایانە بەر شمشێر و کوشتیان.

دوایی یەکێک لە منالەکان (مەعازی کوڕی جەموح بوو) گێڕایەوە وتی: گوێم لێ بوو دەیانوت: (ئەبوجەهل) لە بن درەختێکی دڕکاویدا بە شمشێر بە دەستەکانی بە دڕکی دەوری ئەو درەختە چواند بوو، کە کەس نایگاتێ. بوو بوو بە خەمم چۆن بۆی بچم، هەر جۆر بوو خۆم گەیاندێ و شمشێرێکم دا لە قاچی و قاچی زلیم بینی لە سەر لمەکە وەک باڵندەی سەربڕاو بەرز و نزم دەگەوزایەوە.

کوڕەکەی عەکرەمە شمشێرێکی دا لە شانم و قۆڵمی بڕیەوە کە تەنها بەپەلی پێستی شانمەوە مابوو و تا ئێوارە بە شوێن خۆمدا کێشم دەکرد و شەڕم دەکرد تا لە کۆتاییدا ئازار زۆری بۆ هێنام و خستمە ژێر پێم و دەستەکەم قرتا و بینیم لەناو لاشە کوژراوەکاندا قۆڵەکەی منیش بەجێما بوو، دواتر (مەعوز)ی دادە عەفرای هاوڕێم شمشێرێکی لێدا و بە ئەسپەکەیەوە خستی و بە نیوە گیانی بە جێی هێشت شەڕی کرد تا شەهید بوو.

کە شەڕ تەواو بوو پێغەمبەر بە سەربازەکانی وت کە هەموو هیلاک و بە شمشێری خوێناویەوە بۆ لای ئەو خڕ بوو بوونەوە وتی: کێ هەواڵی ئەبوجەهلم بۆ دەهێنێت چی بەسەرهاتووە، بە چاوانیدا دەیانزانی لای گرنگە هەواڵی تایبەت بزانێت هەر ئەمەش یەکێک لە پەرجووەکانی ئەو بوو چونکە پێشتر شوێنی جەنازەی هەرکام لەوانی دیاری کردبوو.

عەبدوڵلای کوڕی مەسعود هەر ئەو سەحابەی بە قیللەتی و بچوکی پێدەکەنین بە قاچی باریکی پێدەکەنین، دۆزیەوە و کە بە شێوەیەک دواهەناسەی دەدا وەک ئەوەی کێوەکان بەسەر شانیەوە بن، تەپوتۆزی نیوە خۆڵ و نیوە خوێن دەموچاوی داپۆشی

بوو نەیناسیوە، ئەوە خۆی بوو لەوێ هەر لەو شوێنە پێغەمبەر، بۆی دیاری کرد بوو کەوتبوو، پێینا بەسەریدا و بە دەستە بچووکەکانی ریشی گرت، ئەو هەموو ئەو رەنجەی هاتەوە بەرچاو کە خۆی و براکانی بەدەست ئەمەوە کە لە باتی راوکردنی پڵنگ و شێران کە خۆی بانگەشەی بۆ دەکرد خەریکی شکارکردنی ئەمان بوو هەنووکە نەیتوانی بوو موحەمەد بکاتە شکاری خۆی بوو بوویە نێچیر، ئێستا رێسای راوچی و راوکراو پێچەوانە بوو.

پێکانی خستە سەر گەردنی و ریشی گرت و خەنجەرەکەی کە بە لێوەکانی گرتبووی بەدەستیەوە گرت بۆ ئەوەی سەری لە لاشەی جودا بکاتەوە. چاوی بڕی بوویە چاوەکانی لێوی هەڵهێنا: خودا سەری شۆڕ کردی ئەی دوژمنی خودا. بەچی سەری شۆڕکردم، من بێجگە لەوەی کە پیاوێکم قەومەکەی کوشتوویانە هیچ لەکەیەکی ترم نیە. ئەو ئەرکی بەرامبەر خوداکانی بەجێ هێنابوو بەڵام خوداکانی ئەویان بەجێهێڵا بوو تا لەو بیابانە بە تەنهایی زەجر بکێشێت.

پاشان بەو ئازارەشەوە گەورەیی و غوروری خۆی لە بیر نەکرد و هەموو کەس دەمرێت بەڵام ئامانجەکە ئەوە بوو ئابڕوومەندانە بمرێت، خوداکان ئەوەشیان پێ رەوا نەبینی بوو، سەیری حەجمی بچووکی عەبدوڵڵای کرد و وتی: خۆزگە سەرکردەیەک بیکوشتمایە.

ئەوجا لە کاتێکدا لە سەر زمانی پفکردووی خوێن بە پەڵەی رەش دەهاتە دەرەوە وەک ئەوەی دەنگێک لە بنی بیرێکی قوولەوە دەرکەوێت دەیوت: پێم بڵێ کێ سەرکەوتووە؟ ئەویش وتی: خودا و پێغەمبەرەکەی.

عەبدوڵڵا رەنجی ئەوی دەبینی لە پێناو مردندا و عەبدوڵڵا دەیزانی یەکێک لە پێکهاتە سەرەکیەکانی ژیانی دونیا لە بنەڕەتدا نوقسانی ئەو دونیایە زەجرکێشانە، ئێمەی مرۆڤ ناتوانین زەجرەکان بگۆڕین بەڵام دەتوانین ئەو بابەتە بگۆڕین کە لە پێناویدا رەنج دەکێشین. هەر مرۆڤیک لە ساتێک لە ساتەکاندا دەبێت لە پێناو ژیانی ئەخلاقیدا سزایەک بچەژێت، زەجرێکی تووش بێت ئەو ئامادەی شتی لەو شێوەیە نەبوو، ئەو شایەتی زەجری گیان لە دەستانی ئەو بوو.

بە قاچەکانی چووە سەرگەردنی لە ژێرەوە وتی: هەی شوانی مێگەل لە شوێنێکی بەرز وەستاوی، پاشان عەبدوڵڵا خەنجەری لە گەردنی ناو و لێوەکانی بە دەستی عەبدوڵڵاوە هەر بەو دەقەوە و بە نیوە کراوەیی بۆ هەمیشە لە گۆ کەوتن. سەیری

لاشەکەی کرد شلەیەکی مەیلە و زەرد لە برینەکانی بەسەر جلەکانیانەوە دەهاتە دەرێ، لاشەیەی بێسەر کە هاوڕێکانی ئەویان بەجێ هێشتبوو، کوڕ و هاوڕێکانی ئەوی گەورەیان لەو بیابانە بەجێهێشت بوو، کە لەوێوە تا ماڵەکەی مەودایەکی زۆر هەبوو.

عەبدوڵڵا سەرە بڕاوەکەی بە هەردوو دەستی گرتبوو بۆگەنێکی کافرانەی گرتبوو و دەبزوا و بۆ دوایین جار سەیری لاشەی بەجێماوی ئەبوجەهلی کرد و کە بە زەلیلی لەناو دەریای بیاباندا کەوتبوویەوە سەر ئاوی لە لم دروست بووی بۆ ئەوەی وەک فیرعەون ببێتە عیبرەت ئەمەش چیرۆکی هەموو فیرعەونەکانە.

لەبەردەم خۆردا بەرە بەرە پفی دەکرد و دەئاوسا و بەرەبەرە داڵە برسیەکان تێی بەردەبوون و گۆشتیان لێدەکردە و چاویان دەردەهێنا و حەزیان لە گۆنای ناسکی دەکرد، دەنووکیان تێدەچەقاند و ئەوەش دوای ماوەیەکە و ئیدی کرم دەیخوارد و پاشان دەبوویە چەوراییەک و بەو تۆز و خاکە بەردینیەوە نووسابوو و مێروو و کرمی لێ کۆدەبوویەوە و پاکیان دەکردەوە. تەنها ئیسکەکەی لەو بیابانە بەجێدەما لەوانەیە یەکێک لەو ئێسک و کەللانە بوو بێت کە شاعیرە کوردەکە لە کاتی چوونیدا بۆ مەککە بینی بێتی و شیعری وتبێت.

موسڵمانەکان جەستەی عەبدوڵڵایان بینی کە شتێکی خڕی گەورەی بە دەستەوە بوو بۆ لایان دەهات، هات بۆ لای پێغەمبەر و سەرەکەی پیشاندا و وتی ئەی پێغەمبەری خودا ئەوە سەری دوژمنی خودایە، پاشان بیری گەورەیی خودا و بێدەسەڵاتی مرۆڤی کەوتەوە. بۆیە زیکرێک لە سەر لێوانی هاتەدەر و پاشان سەنای و سوپاسگوزاری خودای کرد کە سەری خستبوون پاشان بە دەنگی بەرز (الله اکبر)ی کرد کە کێوەکان لە دوورەوە و بیابان لە ژێر پێیدا بە کەیفەوە دەنگیان دایەوە پاشان فەرمووی ئەتوانیت پێشانم بدەی، ڕۆشتن و لاشە بێسەرەکەیان بینی لە ناو لاشەی کافرانی کوژراودا کە غەریب بوو بە خۆڵی بیابان جەنازەکانی دادەپۆشی و فەرمووی ئەمە فیرعەنی ئەم ئوممەتە بوو. کاتێکیش جەنگەکە کۆتایی هات پێغەمبەر چوو بەسەر سەری جەنازەی کافرانەوە وەستا و وتی: بە ڕاستی ئێوە خراپترین کەسی پێغەمبەرەکەتان بوون، بە درۆتان خستمەوە لە کاتێکدا خەڵک هات بە دەممەوە، پشتتان بەردام لە کاتێکدا خەڵک پشت گرتم، ئاوارەتان کردم کەچی خەڵکی پەنای دام و جێی کردمەوە. ئەوجا فەرمانیدا ڕایانکێشن و خستنیانەوە ناو یەکێک لە کەندرەکانی بەدرەوە، بیست و چوار فەرماندەی قوڕەیش فڕێدرانە کەندرەکەوە، پاش سێ ڕۆژ کە

مایەوە و فەرمانیدا کە کاروان ڕێکبخرێت و چووەوە سەر گۆڕەکان و یەکەیەکە بانگی کردن  بە ناوی باوک و باپیری خۆیانەوە: ئا باشتر نەبوو کە بە گوێی خودا و پێغەمبەرەکەیتان بکردایە.

بێدەنگ بوو وتی: ئەوا ئێمە گەیشتین بەوەی خودا بەڵێنی پێدابووین، ئایا ئێوەش گەیشتبوون بەوەی کە خودا وادەی پێدابوون، پرسیان ئایا مردووان دەبیستن؟

فەرمووی: سوێند بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە ئێوە لەوان باشتر نابیستن، تەنها هەر هێندە هەیە کە ناتوانن وەڵام بدەنەوە، کە بە زمانی حاڵ وەڵامیان دەدایەوە.

شەو رادەبووری و کاروان کەوتبوویە ڕێ و چاوی بڕیبوویە ئەو جادەیەی بە مەدینە کۆتایی دەهات خەیاڵی لای مرۆڤ بوو کە دەبوو بیری لای تەنهایی خۆی بێت نەوەک بە شەڕ و ئاژاوە تەنهایی ئەوانی دیش تێک بدات.هەر چەندە سەرکەوتوو بوو بەڵام بە خاکەڕاییەوە بە سواری وشترێک لە پێش سوپاکەیەوە و لە کاتێکدا حەفتا دیلی بە سەری پەتی و خوێناوی و زنجیرکراوی قوڕەیشیان وەبەرخۆ دابوو خۆی کرد بە مەدینەدا.

***        ***        ***

هەر لەو کاتەدا بوو، خەبەردەری قوڕەیش پێش گەیشتنی شەڕکەرانی ڕاکردوو  و ترساو بە مەککەی داماو گەیشت، ژنانی باوک و برا کوژراو و ڕۆڵە کوژراو بە باڵۆرە و ڕاکێشانی قژی دەوڵەمەندانەی خزمەتکراوی تا ناوقەدیان بە پشتدا پەخشانکراو و پچرانی ملوانکەی بە بەردی گرانبەها و نقێمی ئاڵتونی و هەڵدڕینی جلوبەرگیان تا سەروو ناوکیان هاتبوون، هەموو مەککە ورووژا بوو.

دەمێک هاواریان بۆ لات و عوزا دەبرد و دەمێکیش جنێویان پێدەدان کە بۆچی هێڵا بوویان موحەمەدی یاخی و لە خێڵ و میللەت دەرچوو و یارانی ئەو بەڵایەیان بەسەردا بێنن، پیاوانی ماقووڵی مەککە بەسەری بڕاو و یاخود سینگ و ورگی هەڵدراو و چاوی دەرهاتوو ئێستا داڵی درندە و گۆشت خۆر، گۆشتی ناسک و بە ئاوی بۆنخۆش و لە داری مۆرد تێکەڵاویان دەنوک و کەڵبەیان تێژەنیون.

دایک و ژن و خوشکیان بمرێت کە لەوێ نین نازی جەستەی لە دوورە مەککە و دەسەڵاتیان بکێشن و خۆیان بەسەر جەنازەیاندا فڕێ بەن و ساتۆر و خەنجەری ژەهراوی لە سینگیان بۆ بکوتن و خۆیان لە پەنا جەنازەی مردووی ئەواندا جەنازەی مردووی ئەمانیش رابکێشن، وای چ ڕۆژێ بوو ئەو ڕۆژە چەند برا لە لایەن خوشک و

دایکیانەوە تف باران کران کە باوک و رۆڵەیان بۆ گورگی مەرگ بەجێهێڵا و لە ترسی گیانی خۆیان هەڵهاتن. چەند ژنانی باڵابەرز و بەژن زراف سوێندیان لە مێردانیان خوارد کە نەهێڵن دەست بۆ دوخوێنیان بەرن تا تۆڵەی بکوژانی باوک و برا و مام و خاڵ و خەزوور و هێوەری جوانخاسیان وەرنەگرنەوە. گوێ و لووتی بکوژانیان دەویست بیکەنە ملوانکە و بیکەنە ملیان، ئێسک و کەللەیان دەویستن تا وشکیان هەڵهێنن و هەمیشە مەی و ئاوی شیرین تێدا بخۆنەوە.

وای چ حەشرێک بوو ئەو رۆژە چی بەسەر خێڵی سەروەری عەرەبدا هاتبوو، کەس و کاری کوژراوانی بەجێماو ئاواتیان بە کەسەکانی دیلانی زەلیل و سەرشۆڕی ژێر دەستی موحەمەد دەخواست کە لەوانەیە بە سەروەت و سامانی زۆریان بیانکڕنەوە، ئەوانە داماو بوون کە ئەبەدولدەهر مردووانیان نابیننەوە.

## ٨

# شەڕی ئامادەکاری بۆ شەڕ
## (قورەیش نەیدەتوانی ئابڕووی تکاوی خۆی لەبیر بکات)

ئیتر رۆژ و شەو و مانگ بەسەر دەچوون و قورەیش شەڕی دۆڕاوی خۆی لەبیر نەدەکرد و بە شوێنی هەلێکدا دەگەڕا کە مردووانی بۆ تۆڵە سەندنەوە لە موحەمەد و شوێنکەوتووانی و خەڵک یەسریب بە هاوپەیمانیانیشەوە لە یەهودیانی یەکتاپەرست و عەرەبانی شوێنکەوتووی عەبدڵڵای فرەخودا و تاج بۆ ئامادەکراو کە ئەگەر موحەمەد نەبوایە دەکرایە پاشا و تاجی لەسەر دادەنرا بە هەموو کێڵگە ترێ و باخی خورما و قەڵای مەحکەمی دیوار ئەستووری لە خشت رۆنراو بسووتێنێت، عەرەب بە کاروانی هاوینەی خۆیاندا بەلای کەلاوەی بەجێماودا تێپەڕێن و بڵێن رۆژێک رۆژگارێک ئێرە خەڵکی تێدا ژیاوە.

قورەیش دۆزەخێک لە هەناوی ساز بوو بوو و جەرگ و دڵی کرد بوو بە کەباب و بۆی هەموو جەزیرەتولعەرەبی گرت بوو و تینووی خوێن و تۆڵەسەندنەوە ئارامی لێهەڵگرتبوون وبە هیچ شتێک دانەدەمرکانەوە بە شەڕی ئابرووسێنەوە نەبێت. دەبوو شەڕێکی دیکە بکەن و کوشتارێکی وا لە موحەمەدیان بکەن و خودی موحەمەد لەناوبەرن، تا ئەو قەتڵوعامەش لە مەککە قەدەغەکرا کە کەس بۆ مردووانی شەڕی بەدر بگری، نەشیان هێڵا کەس بە زوویی بەدەم دیلانی ژێردەستی موحەمەدەوە بچێت نەوەک موسڵمانان لە مەزنی غەم و پەژارە و لە قووڵی برینی دڵیان بگەن.

لە هەموو کەس زیاتر گەورەی قورەیش (ئەبوسوفیانی کوڕی حەرب) و (عەکرەمەی کوڕی ئەبوجەهل)ی باوک کوژرا و (سەفوانی کوڕی ئومەیە) هەموو کەس قڕکراو و (عەبدوڵڵای کوڕی رەبیعە) کە هەنووکە بە تەما بوو لە ئاسمانی دەسەڵاتدا ئەستێرەی بەختی دەرکەوێت لە هەموو سەرکردەکانی تر بە میهرتر بوون بۆ شەڕ.

ئەوەی کە رۆشتبوو رزگاری بوو بوو ئەوان بوون بەرپرسیاریێتیان لە سەر شان بوو، بەرامبەر بە نەوەکانی داهاتوو کە بۆ پێبەخشینی سەروەریەکانی رابردووی باوباپیران لەبەر دەرگا سەرەیان گرتبوو. یەکەم کاریان بۆ ئەوە ئەنجامدا بریتی بوو لە دەستبەسەراگرتنی سەروەت و سامانی خەڵک لەو کاروانەدا کە بەهۆیەوە شەڕی بەدر روویدا بوو، وتیان موحەمەد باشترینی کەسوکاری ئێوەی کوشت، بەم پارانە یارمەتیمان بدەن تا تۆڵەی لێبکەینەوە، هەموو سامانەکە کە هەزار وشتر و بەهای بارەکانیش پەنجا هەزار درهەم بوو هەمووی بۆ شەڕ بەخشرا.

پاشان رێگەی باوی عەرەبیان بۆ هاندان بۆ شەڕ و بەخشین گرتەبەر کە ئەویش رێگەی شاعیران بوو، هەر شاعیرێک هەڵسانەوەیەکی بە شیعرەکانی بەرپا دەکرد، دەیتوانی بەقەد سوپایەک شەڕی دەنایەوە و سەرزەویەکی خوێناوی دەکرد، شاعیرەکان پێغەمبەری عەرەب بوون پەیامەکانیان لە هەموو جێیەک بڵاو دەکردەوە دەنیشتە هەموو دڵیک بەڵام جیاوازی شاعیرەکان لەتەک پێغەمەردا لەوەدا بوو کە شاعیران خۆراکیان نان و کا بوو، پێغەمبەرانیش خۆراکیان نوور و خودا بوو، هەر بۆیە شاعیران دەکرانە گۆشتی قوربان، پێغەمبەرانیش دەبوونە تەورات و ئینجیل و قورئان.

ئەوە بوو سەفوانی کوڕی ئومەیە کڵاوی نایە سەر شاعیری سادە (ئەبا غورە)، ئەو شاعیرەی لە شەڕی بەدردا بە دیلی گیرا و بۆ کچەکانی پاڕایەوە کە سمێل و ریشیان هاتووە و بە شووی نەداون و کەسیان نیە بێجگە لەو، پێغەمبەر پەیمانی لێسەند کە قەد بە شمشێری زمانی لە دژی نەوەستێت. بەڵام شاعیر گەرووی بۆ رانەگیراو بە نێو کۆڵانەکاندا بۆ پێشەوە دەچووو لە رێی ئەودا دڵەکان و دەرگاکان دەکرانەوە و گوێیان لە شیعری حەماسی ئەو دەگرت و دەتوت ئێستا گەرمەی شەڕی بەدرە و پیاوانی سەلاری قورەیش بە دەستی یارانی موحەمەد قەتڵوعام دەکرێن.

ئاخر ئەوان چۆن بوێری ئەوەیان هەبوو کە ئەو شەهیدانە بە دەست ئەو لە دین دەرچووانە بەجێ بهێڵن، ئەگەر ئەوان مردبوون ئەمان ژیانان بۆچی بوو؟ نەیان دەزانی بێ ئەو هەموو ئەهلی راوێژ و ژیریە کە لای پاشای رۆم و فارسیش رێز و پێگەیان هەبوو ئەمان نەیاندەزانی چی بکەن؟ دەبوو ئێستا هەڵسن و چەک هەڵگرن و هەموو هەبوو و نەبوویان ببەخشن و هەموو عەرەبی بادیە و عامیرە شوێن خۆیان بخەن و بەرەو باکوور و یەسریب راماڵن، شوکرانەی شتی وای لێدەدا کە پێستی مرۆڤی کرژ دەکرد و مووەکانی رەپ و راست دەکردەوە.

بەسەر شەرەف و دەسەڵاتی قورەیشەوە لاردەبووە و لە جێوە هەڵدەستایە سەر پێ و کە سەیری چاوەکانیان دەکرد شمشێریان دەبینی کە سەیری دەستیان دەکرد

سەری بڕاوی موحەمەدیان دەدی کە بە باڵی رایەڵکراوی ئەوەوە بە ئالأدا کراوە و بەناو هەموو تیرە و خێڵ و عەشرەتەکاندا دەیانگێڕا و زۆرێک بە رقەوە و کەمێکیش ئەوانەی دەیانناسی ئەگەرچی باوەڕیان بە دینەکەی نەبوو بەڵام شایەتیان بۆ چاکەکاری ئەو دەدا و دەیانوت: پیاوی چاک بوو.

بە سەر گردەکان هەڵەگەڕا و بەناو بازاری عەکازدا بەناو لووتی فیلی وەک ملوانکەی گەورە هەڵواسراو بۆنی تیژی مەی و رەنگی تۆخ و درەوشاوەی قوماشی رەنگاوڕەنگ و بۆنی عەتری چەور کە گیانی سەردارانی قوڕەیشی بە ژن و پیاوەوە پێ چەور دەکرا تێدەپەڕی و شیعری دەوت.

بەناو هۆبەی چادری لە پەنا یەک هەڵدراوی تیرە قەرەچەک و ئەحباشەکان شیعر دەیبرد بەڕێوە، ئاهی هەڵدەکێشا و بۆ لەدەستدانی ئابڕووی عەرەب فرمێسکی قەتارەی دەبەست، بەڵام ئەمە تەنها گوتەی زاری بوون و ئارەزووی دڵی شتێکی دیکە بوو، ئەویش کۆکردنەوەی سەرمایە و پارە و پوول بوو کە کچە زۆرە شوو نەکردووەکانی پێ بژێنێت.

لە راستیشدا ئەو شاعیری مەی و ژن بوو نەوەک جەنگ و حەماسەت و مەرگ، ئەو بە دیقەت وشە و تەعبیراتی هەڵدەبژارد وەک بڵێی هەر وشەیەک بارتەقای خۆ بەکوشتدانی بێت.

هەر جۆرێک بێت ئەرکی ئەو لە ئەرکی ئەوانی تر ئاسانتر بوو کە بۆ شەڕ هانی دەدان، چونکە شەڕی ئەم بە وشە و شەڕی ئەوان بە گیان بوو، دەستکەوتی ئەم زێڕ و زیوو و دەستکەوتی ئەوان مەرگ و پیاهەڵدانی بێمانا. بابەتەکە هەق و ناهەق نەبوو هیچ لای ئەم گرنگ نەبوو کێ لە سەر حەقە و کێ ناحەقی بەڵکو ئەوە گرنگ بوو ئەم دەستکەوتی خۆی هەبێت و تف لە ئابڕووی پێشتر سست و هەنووکە تووڕەی قوڕەیش، نەک هەر ئەم بەڵکو ئەو سەرکردانەی وەک سەفوانیش کە ئەمیان بە کرێ گرتووە پەیمانی پاراستنی ژن و کچەکانیان پێداوە، حەقیقەتیان پێ گاڵتەیە و تەنها مەبەستیان پێگە و دەسەڵاتی خۆیانە.

خودا یەکە و بێ روخسار و بەبێ هاوشێوەیەک، شەیتانیش یەک شەیتان، بەڵام ئەم بە روخسار و سەروکەللەی جیاوازەوە، یەکێک دەکەوێت و ئەوی دی شوێنی دەگرێتەوە، ئێستا کە ئەبوجەهل مرد بوو ئەبوسوفیان بە روویەکی ترساوتر و ئەحتیات ترەوە مابوویەوە. هەرچەند ئەبوسوفیانیش دوای مەرگی ئەبوجەهل خەریک بوو مێملێ لە دەسەڵاتدا بۆ دروست دەبوو، خۆ ئامادەکردنەکانیشی بۆ شەڕ زۆرتر بۆ بەزاندنی ئەو مێملانە بوو نەوەک موحەمەد و یارانی.

له هەموو کەس زیاتر مەراقی پاراستنی گلۆڵە بەنی دەسەڵاتداری بوو، ئەو گلۆڵەیەک بە چینگی توندگیری پشیلەئاسای ئەوەوە لە چەند پلانی بەزاندنی موحەمەد و گرتنی یەسریبدا گلۆر بووبوویەوە و بۆی نەدەگیرایەوە، بە تایبەت دوای کوژرانی شاعیرە قۆز و قژ درێژە عەتراویەکەی کە لە هەموو عەرەب زیاتر توانای راکێشانی ژنانی هەبوو بە شیعرە مێبازەکانی لە مەدینە لە رێی کانی، ژنان و کچانی موسڵمانی بە گیردەهێنا.

پێغەمبەر فەرمانی دابوو ئەو ئەو شووشە ناسکانە لە دەستی بۆگەنی خووی ئەو جەستە عەتراویە رزگار بکەن و هەر بە بیانووی بۆنکردنی جەستەی چەور و بۆن خۆش و قژە عەتراویەکەیەوە شەوێک لە باوەشی تازە بووکە عەرەبەکەی لە قەڵا پاشاییەکەی لەلایەن برا شیریەکەیەوە (موحەمەدی کوڕی موسلیمە) دەرهێنراو سەرە خڕە جوانەکەی بە ریشە رەشەکەیەوە لە باڵا بەرزەکەی جودا بوویەوە.

ئەمەش ئومێدی یەکەمی ئەبوسوفیان بوو بۆ جێگرتنەوەی هاوڕێ دەملووسەکەی عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی کە هەر پەیمانی دەدایە قورەیش و لەبەر ترسنۆکی هیچی پێ نەدەکرا، دوای کارەساتی (قاوت)یش ئەبوسوفیان هەم ماڵی رۆشت بوو و هەمیش شەرمەزار بوو بوو دوای ئەو هەڵهاتنە، گۆپی خڕی ئەبوسوفیان وەک رەجاڵ و لەناو ئێسکی دەموچاوی رۆچووبوون.

ئەبوسوفیان پەنجە تووتەی خستبوویە سووچی ئەوپەڕی دەمی و گلێنەی چاوەکانی تا ئەم پەڕ هێنابوو و لە ژێر برژانگە درێژەکانیەوە لە شوێنێکی دەڕوانی کە هیچ شوێنێ نەبوو، بیری لە کارێکی کرداری و کەم زیان دەکردەوە، ئەو هەر بۆ ناوبانگ لە بەردەم حەرەمدا سوێندی خواردبوو کە ئاو بەر مووەکانی سەری نەکەوێت تا شەڕ لەگەڵ (موحەمەد)دا نەکات، دوو سەد سواری لەگەڵ خۆی برد و هەتا سوێندەکەی بەجێ بهێنێت.

رۆیشت تا گەیشتە جۆگەئاوی بەرامبەر شاخی (نیب) لە سەر ئەسپەکەی کە بەجۆرێک رێبڕینە شەکەتەکەی خۆی رێکدەخست تا بواری بیرکردنەوەی سوارەکەی برەخسێنێت بەهۆی رێگەی دوور و درێژی نێوان مەککە و ئەو شاخە هەر دووکیان شەلالەی عارەق بوو بوون.

کە گەیشتنە ئاوەکە ئەبوسوفیان لە سەر ئەسپەکەی دابەزی و مشتێک ئاوی بە دەموچاویدا داو لە شاخەکەی روانی کە هەروەک (هوبەل) بە گەورەکراوی و تا خوار سینگی دیاربێت بە ئارامی و بێدەنگی وەستا بوو، پاشان رووی بۆ دواوە وەرگێڕا و بەرەو دەشتە تەختەکەی روانی کە تا ئەبەدیەت کشا بوو، هەموو گەورەیی و بێدەنگیە نەبڕاوە کە وای پێشان دەدا کەسێک لەو سەرەوە بۆ رووداوەکان دەڕوانێت، هەستێکی

سەیری قووڵتر لە ئیحساسی لای ئەم دروست کرد، بەڵام ئەم سەری بادا و نەیویست ئەو هەستە بیری بۆ لای ئەو کەسەی بەرێت، بێ ئەو هەستە چەند هەستی بە تەنیایی دەکرد لە ناو ئەو دڵە تەنهایەیدا لەناو ئەو باڵابەرز و جەستە بێوێنەیدا دەبێت بە تەنهایی ڕێ ببرێت، ئەو دوو جار تەنها بوو یەکێک لەبەر ئەوەی ئەو گەورەی قورەیش بوو، دووەمیان لەبەر ئەوەی مرۆڤ بوو، ئیتر هیچ جیاوازی نەبوو لە کام باوەشەدا بێت کێ ماچی بکات، پاشای ڕۆم پێشوازی لێ بکات وەک جارێک ڕوویدا بوو و یان کۆیلەیەکی قوولە ڕەشی وەک وەحشی بێت.

ویستی بدات بەسەر مەدینەدا بەڵام بە ڕۆژدا نەیوێرا ئەو کارە بکات بۆیە وەستا تا خۆرەتاو بەرەو ڕۆژئاوا خلۆر بوویەوە تاریکی داهات لەگەڵ گەڕانەوەی باڵندەکانی ڕۆژ بۆ لانەکانیان و ئەو کاتەی مەلانی شەویش خەوتنی ڕۆژیان کۆتایی پێهێنا و وەک ڕێگران خۆیان کرد بە شاری مەدینەدا، شەو دەیویست پێی بڵێت کە ئەو لە تاریکیدا بە دزیەوە ڕۆشتنەت لە کاری سەرکردە گەورەکان ناکات بەڵام گەرووی نەبوو تا پێی بڵێت.

بە نهێنی وەک چەتەکانی سەر ڕێی کاروانان بە نهێنی چووە لای هاوڕێکەی (حەیی کوڕی ئەحتەب) بەڵام دەرگای لێنەکردەوە و چووە لای (سەلامی کوڕی مەشکوم) گەورەی خێڵە جوتیارەکەی بەنی نەزیر، ئەو لەو کاتەدا بە سەر گەنجینەکەی ئەو خێڵە بوو، چووە ژوورە و دوو دەستی لە یەکدا و شەراب و خۆراکیان پێشکەش کردن و هەواڵەکەی لای کەس نەدرکاند، پاشان گەڕایەوە لای هاوڕێکانی، مەفرەزەیەکی ناردە سەرباخە چڕە خورماکانی کەناری شار کە پێیان دەوت (عەریق) دارخورماکان لەبەرچاویان وەک سوپایەکی مەحکەم بێ جوڵە بە پێوە وەستا بوون، گەڵاکانیان وەک شمشێری تیژ لێک ئاڵابوون نەیانوێرا خۆیان لە قەرەی ئەو سوپایە بەن بۆیە هەر لە دوورەوە مەشخەڵیان گڕتێبەردان و بۆیان هەڵدان، و دۆزەخێکی وایان بۆ سازدان کە دارخورماکان قرچ قرچ بە پێوە سووتان، پیاوێکی خاوەن باخی ئەنساری و هاوپەیمانێکی بتپەرستیان بینی هەردووکیان کوشتن و ئیدی پێشینانی لە بەدردا کوژاریان لە گۆڕەکانیان ڕابوونەوە و لە تەکیاندا بەرەو مەککە هەڵهاتن.

هەواڵی ئەم کارەی ئەبوسوفیان تاقمەکەی کە بۆ ئازاردانی موسڵمانان لە پانتایی هەموو بیابانی عەرەبیدا ڕۆژیان پێکەم بوو شەویان هەڵبژارد بوو، بە پێغەمەر گەیشت و ئەویش خێرا سواری وشترە تیژڕەوەکەی (قەسوا) کەوت و بە جوڵاندنی شیلاقی دەستی حوشترەکەی بە خێرایی ملی دەهێنا و دەبرد و پێکانی لە جێی یەکتر بۆ پێشەوە دەجوڵاند و دەیویست بەوان بگات بەڵام ئەوان چاویان لەو ڕێگایە بڕیبوو کە

بەرەو مەککە بوو و ئاوزنی ئەسپەکانیان وا بە توندی لێدابوو کە خەریک بوو ناوسکی ئەو دوو سەد ئاژەڵە بە نرخانە بێتە دەرەوە.

ترس ئەوانی زۆرتر لە گەیشتنەوەی پێغەمبەر بەوان ئەوانی برد بوو، هەر بۆ ئەوەش زوو بگەن لە ڕێگادا و قاوت و خۆراک و شتومەکی زۆریان فڕێ دابوو تاکو سوکەڵە بن باری قورسی ترسی زێتریان پێهەڵبگیرێت و پێغەمبەر بە شوێنیاندا تا شوێنێکی دوور رۆشت کە پێیان دەوت (قرقرەتولکەدر) و لە کاتێکدا قورەیشیەکان ساتانێکی ترسناکیان بەجێدەهێلا و ئاهێکیان دەهێنایەوە و دەیانوت، ئۆخەی رزگارمان بوو.

پێغەمبەر و موسڵمانەکانیش لە گەڕانەوەدا ئەو هەموو قاوت و کاڵا و خۆراکەیان کۆکردەوە و غەزاکەیان ناونا (غەزای قاوت) و ئەبوسوفیانیش گەیشتە ماڵەوە و هەموو نەوە و رۆڵەکانی ئەم دۆڕانەیان بە زمانی سوپاسەوە کە بە سەلامەتی گەڕاوەتەوە پێ ڕاگەیاند.

ئەو شکستی هێنا بوو بەڵام نەیدەویست وا بیر بکاتەوە، چونکە ئەوە مانای وابوو کە گەورەیی ئەو بۆ قورەیش بێ مانا بوو، ئەم شەڕە گوایە لەبەر جێبەجێکردنی سوێند و لەبری خوێنی خەزوران و کەسوکار و هەموو قورەیش بوو بەڵام هەموو مەککە دەیزانی ئەمە فێڵێک بوو ئەبوسوفیان لەتەک شەڕدا کردبووی، بەوەی لەدڵی خۆیاندا دەیان وتەوە و بە نیگاکانیشیان بێ ئەوەی ببێتە وتە بەویان رادەگەیاند، ئەوان ئەوەندە گەمژە نەبوون خەندە درۆزنەکانی غەمی دۆڕانی دڵی بشارنەوە، نیگاکانیان دڵی ئەویان نەدەدایەوە.

داستانی ترسنۆکی و هەڵهاتنەکانی ئەبوسوفیان کەمتر بوون لە داستانە زۆرەکانی دۆڕانی غەنیمەکانی، بگرە ئەوان لەمە زیاتر ئاوەکانیان لێڵکردبوو. ئەو هەموو کۆششەی (صەفوان) لە پشتیوانی بێدین و موشریکانی دەرەوەی قەڵەمڕەوی مەدینە و هاندانی مرۆڤە دووڕوو ڕاڕاکانی ناو مەدینە و ڕێککەوتن لەتەک عەشیرەتەکانی ئوممەتەکەی خودا، ئەو عەشیرەتانەی زۆریان سوێندیان بە خودا دەخوارد و درۆیان دەکرد و دەیان وت شوێن موسا کەوتوون و بە گوێیان نەدەکرد واتە جولەکەکانی بەنی قەینوقاع و بەنی قورەیزە پلانیان لە دژی ئەبوسوفیان بە لەناوبردنی موحەمەد و ئوممەتەکەی وەک هێلانەی جاڵجاڵۆکەیان دەچنی، بەڵام ئەو هێلانەیە ئەوەندە لاواز بوون کە موحەمەد بە پەنجەیەکی یاخود فوویەکی تێک و تەرخانی دەدا.

ئەمەش ئەبوسوفیان و پیرەکەی شاد دەکرد و لە هەوادا ئازاد دەبوو لە خۆشیاندا بە شادی و کامەرانیەوە لە ڕێبڕیندا قاچەکانی لە دووری یەک دادەنا و زێتر لە لمی کۆلانەکانی مەککەی تا بن دەچەقاندن و دواتر هەڵدەبەزیەوە.

٩

## شەڕی بەنی قەینوقاع

### (کاتێك دەست زێڕ دەنەخشێنێت و دڵ بە شمشێر رەق دەبێت)

کاتێک مرۆڤ چاوی دڵی کوێر دەبێت یەکەم پەردەی ناسک کە دەیدڕێنێت، پەردەی ئەخلاقە. گەڕەکەکەی بەنوقەینوقاع ئەو گەڕەکەی لەگەڵ زرنگەی قەڵەمی دەستی زرنگەری زێڕ نەخشێنەر و دەنگی چەکوشی ئاسنگەری شمشێرساز و گاڵتە و گەپی دەوڵەمەندانی بەدمەستدا خودا لەوێ دەنگی نەدەبیسترا. هەموویان چەکی دروستکراو هێنراویشیان هەبوو، لەناو رابواردن و گەپی خۆیان هەر بە ژن و کچانی خۆیانەوە نەدەوەستان بەڵکو دەگەیشتنە وەسف و سەنای ژنە عەرەبە چاورەش و جوانەکان.

(بەنوقەینوقاع) خۆی لە عەرەبەکان پێ زیاتر بوو، بۆیە هەموو چاکەیەکی خۆیان پێگەورەتر و چاکەکانی عەرەبیان پێکەم بوو، هەر بۆیە حەکیمەکانیان کاتێک چارەسەری عەرەبێکیان دەکرد پێیان رادەبوارد دەیانوت بۆ ئەوەی چاک بیتەوە دەبێت بە چوار پەل وەک ئاژەڵ بە سەر ئەرزدا بڕۆیت و ئەوانیش قاقا پێی پێدەکەنین، یاخود کاتێک ژنە عەرەبێکی جوتیار بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکانی و کڕینی ئەو ئاڵتونانەی هەمیشە ژنانی دونیا حەزیان لێبوو، بە دەموچاو و جەستەیان ئاماژەیان بە شوێنە حەساسەکانی جەستەیان دەکرد، تا رۆژێک ژنە عەرەبێکی باڵا عەرعەر، لەشولارە رێکەکەی لە ژێر جلی رەشدا شاردبوویەوە تەنها چاوی گەورەی نەبێت کە بە دەرەوە بوون، لای زرنگەرێک هەندێک لەو جووە بازاریانەی بە گوێی پێرەوەی موسایان نەکرد و بەگیریان هێناو، وتیان:

حەزمان لێیە دەموچاوت ببینین.

به دەم بۆیان نەکرا بە دەست ویستیان جلەکانی هەڵبدەنەوە، ژنەی بەستە زمانیش بەرگری لە خۆی دەکرد. لەم کاتەدا بوو کابرای زرنگەر سووچی خواری جلەکەی بە دەرزیەک بە پشتیەوە بەستەوە ژنە لە حەشمەتی رزگار بوون لە پیاوانی بەدخوو بە پرتاو لە جێی خۆی هەڵسایەوە شوێنە جێشەرمەکانی جەستەی بەدەرکەوتن و ژنە قیژاندی و هاواری لە پیاوە عەرەبەکان کرد، پیاوێکی عەرەبیش هەڵمەتی دایە زرنگەڕەکە و شمشێرێکی لێدا و سەری پەراند، جوولەکەکانیش بڕشتی شیرەکانی خۆیان پێشاندا و بە کۆمەڵ دایان بە سەر پیاوە موسڵمانەکەدا و لەت لەتیان کرد. دواتر کەسوکاری پیاوە کوژراوەکە بە هاوار هاوار هانایان بۆ موسڵمانان هێنا.

هەواڵەکە بە پێغەمبەر گەیشت، ئەو پێشتر زۆر ئامۆژگاری کردبوون کە واز لەو خووەیان بهێنن. هەر ئەو کاتەش کە بە سەرکەوتووی لە شەڕی بەدر گەڕابوویەوە هەر بە سوپاکەیەوە بە بازاری پر لە تەقەتەق و ئاڵتون و ئاسنی ئەواندا رۆشت بوو بەڵام نەرم و نیان و خاکیانە بەوانی وتبوو: ئێمە پەیمانمان لەتەک ئێوە هەیە و گروپێکی ئاییندارین وەک ئێوە.

ئیدی ئەوان هەر وتیان و وتیانەوە.

ئەوجا حیکمەتی نەرمونیانانەی پێغەمبەر بە حیکمەتی جوامێرانەی شەڕ وەرگەڕا و وتی: خێڵی جوولەکە ملکەچ بن پێش ئەوەی رووداوێکی وەک ئەوەی قورەیشتان بە سەر بێت.

وتیان، بەڵام بە جۆرێک وتیان کە هەر ئەوان دەیانزانی ئاوا بیڵێن کە هەم باوەڕیان بە پێغەمبەری ئەو نەبێت و هەمیش ئازایەتی و لێهاتوویی خۆیان بسەلمێنن:

ئەی موحەمەد! لە خۆت بایی مەبە کە چەند پیاوێکت لە قورەیش کوشتوون ئەوانە نەزان کار بوون و شەڕیان نەدەزانی، ئەگەر شەڕمان لەگەڵدا بکەیت، ئەوسا دەزانی خەڵکی شەڕکەر هەر ئێمەین.

خوداش ئایەتی بۆ وەڵامی ئەوان لە رێگەی جوبرەئیلەوە نارده خوارەوە. بەڵام وەڵامی ئەوان بۆ ئەو ئایەتانە راگەیاندنی شەڕ بوو بەڵام پێغەبەر خۆی خواردەوە و چاوەڕوانی کرد، تا ئەو کاتەی ئەم رووداوە روویدا، ئیتر (لوبابەی کوڕی مونزیر)ی کردە گەورەی مەدینە.

ئاڵای موسڵمانانی دا بە دەست حەمزەی مامی و سەربازانی خودای رێکخست بەرەو بازار و ناوچەکانی (قەینوقاع)، گوایە ئەوانیش کاتێک زانیان سوپاکەی موحەمەد

بەرەو ئەوان دەڕوات چوونە ناو قەڵا مەحکەمەکانیانەوە، سوپا پانزە ڕۆژ ئابڵۆقەی خستە سەریان، خوداش ترسێکی زۆری خستە دڵیانەوە لەو ترسانەی خودا دەیەوێت هەر کەس سەرشۆڕ بکات دەیخاتە دڵیەوەوە.

ئیدی ئەو پاڵەوانە شەڕکەرانە ملیان کەچ کرد و وەک چەقەڵ کە ناچار بکرێت و وەک ڕێویش کاتێک هەست بکات کەس دیار نیە لە قەڵاکانیان بە جەستە ماو و بە ڕۆح مردوو هاتنەدەرەوە، پێغەمبەر فەرمانیدا قۆڵبەستکران. ئێستا بە زەلیلی سەدان زرنگەری مێباز و دەموچاو ساف و سەدان ئاسنگەری شمشێرسازی لەبەردەم کورەی ئاگردا ڕەشەوە بوو و پێست سوتاو، وازیان لە چەنەبازی خۆیان هێنابوو و گوێ قوڵاخی ئەوە بوون کە چی ڕوودەدات.

(عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی) بە ئەبرۆی ڕەپ و پڕاو دوو کونە چاوی بچووک و لووتی پف بوو و گۆنای قوباو و دەمی درێژی وەک خەنجەری یەمەنی خوار و چەناکەی درێژیەوە کە ریشێکی تەنکی ماشوبرنجی کوورتی لە سەر ڕوابوو، لەبەرچاو پێغەمبەر نەخشی بەست و لە ناو لەشکریاندا هاتەدەرەوە و لە کاتێکدا لە دوو هەفتەی ئابڵۆقەدان و ئەگەری شەڕدا خۆی شاردبووە، ئەو گوتانەی وت کە لە رووکەشدا مانای وەفایان دەدا، داوای لیخۆشبوونیانی دەکرد، بەڵام بۆگەنی بێ ئەمەکیان دەدایەوە و وتی: ئەی موحەمەد چاک بە لەگەڵ هاوپەیمانەکانم.

پێغەمبەر لەوی ڕوانی هەموو شتێکی پێوت و هیچیشی بە زاردا نەهات.

ئوبەی جارێکی دیش وتیەوە و پێغەمبەر رووی لێوەرگێڕا، کابرا دەستیگرت بە ئەڵقەیەکی قەڵغانەکەی پێغەمبەرەوە وشەکانی فڕێ دەدایە سەر زمانی.

پێغەمبەر توورە بوو و ناوچاوی ڕەش داگەڕا و وتی: بەرم بدە!.

ویستی شتی دڵی پێ بڵێت کە دەیزانی مەبەستی ئەو بەرگریکردن نەبوو، بێشەرمی بەرجەستە بوو و بە ئاشکرا بە بەرچاویەوە لەو کابرایەدا بینی: بەرم بدە دایکت ڕۆڵە ڕۆت بۆ بکات ئەو دەیزانی کە بە ملنەدان ئازاری دەدات: بەڵام ئەو ئازا بوو، بەرگەی ئەو بێ گوێیەی ئەوی گرت.

کابرا توندتر پێغەمبەری گرت و وتی: نەوەڵا بەرت نادەم هەتا چاک نەبیت لەگەڵ دۆستەکانمدا، چوار سەد شەڕکەری سەر رووت و سێ سەد کڵاو بەسەر هەمیشە بەرگریان لێکردووم، ئێستا تۆ دەتەوێت لە بەرەبەیاندا درویێنەیان بکەیت.

بەم گوتەیەی دوایی هەم ئاماژەی بەوە دەدا کە درویّنە لەبەرەبەیاندا دەکریّت و هەمیش عەرەب لە بەرەبەیاندا دوژمنەکانی خۆیان لەناو دەبرد.

کابرا مەیلی بەلای ملداندا نەبوو، ئاماژەی بە دوژمنایەتی پیّشتری دوو تیرەی ئەوس و خەزرەج دەکرد کە ئەو گەورەی خەزرەج بوو و ئیّستا نهیّنی ئەوەی ئاشکرا دەکرد کە هەمیشە پیاوانی شەڕکەری بەنی قەینوقاع بەشیّک بوون لە شەڕی دوو سەدە دوژمنایەتی ئەو دوو خیّڵە.

وەک ئەوەی دوژمنەکانی بە دیاریەوە وەستا بن ئاوا پیّداگری دەکرد: سویّند بیّت من پیاویّکم دەترسم شتیّکم بە سەردا بیّت.

پیّغەمبەریش لە کاتیّکدا سەرسامی بە زمان لوسی ئەو کابرا تازە بە رووکەش موسڵمان بووە، زمانی بەست بوو، سەیری نیگا سەرسامکەرەکانی دەکرد ریّزی ئەم پیاوە چەند رووە بیانووی پیّدا و لیّیانگەڕا و هەموو سەروەت و سامانی لیّسەندن و فەرمانی بەسەردا دان کە ئەویّ بەجیّ بهیّڵن و بەرەو شام رۆشتن و نەیکوشتن، ئەوان مابوون بەڵام مردبوون، کەس شمشیّری خۆی لە ملی مردووان نادات.

# ١٠

## سریەکانی دوورخستنەوەی شەڕی قوڕەیش

### (موحەمەد و یارانی لەو پەڕی دونیا دەستیان بە قوڕەیش دەگات)

ئیدی ئەوە ڕۆژگارێکی سەیر بوو هەڵیان دەدایە دوای خۆیان خەڵکەکە کە بە شەڕ و کوشتنی مرۆڤ هیلاک و شەکەت نەدەبوون لە یەکدی نەدەگەڕان، کافرانی بتپەرست بەردەوام پیلانی تۆڵەسەندنەوە و کوشت و کوشتار و برسیکردنی مەدینەیان دادەناو، موسڵمانانی یەکتاپەرستیش زەمەنێکی پڕ لە بێ ئۆقرەیی وەک بای پڕ لە تەپوتۆزی بیابان دەنیشتە دەموچاویان و داوی دانراوی قورەشیان بۆ گرتنی قوڕەیش بە کار دەهێنایەوە.

ئیتر نە ئەمان بە ویستی خۆیان لە ناو خانووی ڕازاوەی ناو شار و چادری هەڵدراوی شاهانەی خۆیان لە مێرگ و هاوێنەهەواران لەو شوێنانەی موڵکی دونیا (وەک خۆیان دەیانوت) هیچە هیچ، تەنها لەگەڵ کونەی پڕکراو لە ئاوی شەیتان و بازووی کراوەی ژن دەمانەوە و نە ئەوانیش لەبەر هەواڵی بە پرتاو و یەک لە دوا یەکی هێرشی لە ناکاوی قوڕەیش و هاپەیمانانی، دەیانتوانی لە ناو ژیانی مادەی هەژار و گەرموگوڕی ئینسانندا بمێننەوە.

هەر دوولا لە تەقەلای پەیداکردنی هاوپەیمان و زەفەر بە بەرامبەر سریە گەرۆکەکانیان وەک خێڵەکان لە ئاران و زۆزان کردندا بوون، قوڕەیشیەکان وەک خێڵە دەوڵەمەند و خودا پێداوەکان بەڵام پەست و ڕۆح گران و موسڵمانەکانیش وەک خێڵە هەژار، بەڵام بوێر و چوست و کراوەکان.

موسڵمانەکان دەچوونە لای خێڵە پڕاوەکان کە لە بیابانی فراواندا پەرتەوازە بوون مەبەستیان چاوترسکردنی قوڕەیشیان بوو، قوڕەیشیانیش بە نهێنی بۆ هەڵکوتانە سەر موسڵمانان تفاقیان دەخست.

هەندێک لەو دەرچوونانەی موسڵمانەکان پێغەمبەریان لەگەڵ بوو وەک مانەوەی گەورەی (بەحران) کە سێ سەد جەنگاوەر بوون چوون بۆ شوێنێک ناوی بەحران بوو لە ناوچەی (حیجاز) دو مانگی تەواوی لەوێ کە ئاسمان نەبڕاوەیە و بەڵام نزیکە و ئەستێرە زۆر زەبەندەکانی ئاسمانیش بە جریوەیان پێکەنینی خودا دەدەنەوە، ئەستێرەکان کە جێی فریشتەکانی خودان، ئەو فریشتانەی بە خەنینەکانی خودا دەژین و مرۆڤە یەکترکوژەکان پێکەنینەکانی خودا نابینن. ئاخر هەموو شتەکانی خودا هەمیشەیین، پێکەنینەکان و تووڕەبوونەکانیشی. ئەگەر بەرەی مرۆیی پێکەنینەکانی خودایان دەبینی بەرگەیان نەدەگرت هەروەک چۆن بەرگەی تۆڵەکانی خودا ناگرن. لەوێ بوو کە سامی مرۆڤ لە خالیق و هەم ئاسودەیشی بە لەگەڵدا بوونی ئەو زێتر دەبینی و پاشان گەڕایەوە بۆ مەدینە و شوکری خودای کرد کە هیچ شەڕێکی مرۆڤ تێداچوونی تووش نەهات.

چیرۆکی ئەم دەرچوونەیان سەیرە کە سەرەتای شەڕی ئوحود بوو ئەو شەڕەی قوڕەیشیانی پێشتر دۆڕاو و دواتر دۆڕاویش تێیدا بردیانەوە و تۆڵەی کوژراوانی پێشتری قوڕەیشیان لە شەڕی بەدردا کردەوە، ئەبوسوفیان لە ئانوساتی کۆتایی شەڕەکە بە عومەری وت ئەمە بەوەی پێشوو، بەڵام با پێش ڕووداوەکان نەکەوین هەنووکە باسی سریەکەی (زەیدی کوڕی حاریسە) و دۆڕانی مێڵەکەی ئەبوسوفیان سەفوانی کوڕی ئومەیە و دواتر سینگ دەرپەڕاندنی ئەبوسوفیان وەک گەورەی قوڕەیش لە پێش سوپایەکی سێ هەزار نەفەریەوە بۆ داگیرکردنی مەدینە و دەست پێکردنی شەڕی ئوحود.

ئا ئەمە بوو داستانی سریەکەی زەید فەرموو بە چاوی خۆت ببینە.

(سەفوان) بە سەرپەرشتیاری کاروانی ئەمساڵی قوڕەیش بەرەو شام هەڵبژێردرا بوو. لە (دارولنەدوە) زوو زوو هەردوو لا عەبا ئاوریشمە بە زێڕ پەراوێزکراوەکەی کە بە هەردوو دەستی دەگرت و وەک نەریتی هەمیشەیی ملی بەلای شانی ڕاستیدا دەبزواند و نیگای دەموچاوە نیمچە خڕەکەی دەگرتە یەکەیەکە ئامادەبووان و دانە سپییەکانی لە ناو دەموچاوی کاڵیدا وەک خەنجەری نیوە دەرهێنراو لە کەلانەکەی دەبریسکانەوە و دەیوت: موحەمەد و یارانی ڕێی کاسپیان لێ تێکداوین، نازانین چی بکەین کەناری دەریایان لێگرتووین و بەجێی ناهێڵن، زۆربەی خەڵکی ئەو کەنارانەش لەگەڵیانن. ئەگەر لێرە دانیشین و هیچ نەکەین ماڵەکانمان دەخۆین و هیچی نامێنێت.

زۆرێک لە پیرەکانی ئەنجومەنی سەردارانی قورەیش کە شەو تا بەیان لە باوەشی ژنێکدا لە قوولآیی هەوەسی خۆیاندا غەرق بووبوون، ئێستا چاویان بۆ هەڵنەدەبردرا و ئاگایان لەوە نەبوو کە سەفوان دەیوت کە وەک ئەوە بێت ترسی موحەمەد و بڵاوبوونەوەی دەسەڵاتی و هەیاهوو و باسی هەموو بیابانی گرت بوو. (ئەسوەدی کوڕی عەبدولموتەلیب) بە (سەفوانی) وت: ڕێگەی کەناری دەریا بەردە و ڕێگەی عێراق بگرەرە بەر.

سەفوان ئەم پێشنیارەی ئەسوەدی بەلاوە وەک ئەوە وابوو سووچێکی فەرشی پانی بیابان بگری و بیسوڕێنی بەڵام ئەوە لانی کەم ئەو چاکەیەی تێدا بوو کە لە ڕووبەڕوو بوونەوەی موحەمەد و شوێنکەوتوانی لە کەناری دەریا ڕزگاری دەبوو، بەڵام کێشەکە ئەوە بوو هیچی دەربارەی ئەو ڕێگەیەی نەدەزانی.

ئەسوەد پێشنیازی بۆکرد کە (فوراتی کوڕی حەیان) لە خێڵی بەنی بەکر کە بە دوو چاوی وەک چاوی هەڵۆوە بست بە بستی بیابان شارەزایە، بکەن بە چاوساغیان.

کاروانی قورەیش بە سەرکردایەتی سەفوان ڕێی نەبراوە بەڵام ئارامیان گرتەبەر، وشترەوانەکان بە دەنگی زوڵاڵی جودا لە هەموو شتێکی دیکەی زبری بیابان ناسکیان هەموو کاروانیان یەکسان کردەوە و گەورە و کۆیلە و ئاژەڵ و دەشت و دەریان هێنایە جۆش. سەفوانیش زوو زوو ئاوی شەیتانی هەڵدەدا و دەچووە خەیاڵەوە بە هەوڵی بێ ئەنجام موحەمەد و یارانی لەو بیابانە دەمانەوە کە لە هەوڵی ئەوەدا بوون دەستیان بە سەروەت و سامانی مەککە بگات پێکەنینی دەهات (دەیبا خوداکەی موحەمەد لەم ڕێگە دوورەی ئەوپەڕی دونیا ئاگاداریان بکات)

کاروانەکە بە نهێنی کە وەک خاڵێکی نەبینراو لەو بیابانەدا ڕێی دەبڕی خودای موحەمەدیان لەتەکدا ئاگای لە چاکە و خراپەیان بوو بەڵام شەریکی خراپەکانیان نەبوو.

هەواڵی ئەم کاروانەی قورەیش بە موحەمەد گەیشت ئەویش لە سەر زاری یەکێک لەو گەورانەی قورەیش کە بڕیار بوو زمانیان ببڕن و هیچ دەربارەی کاروانەکە نەڵێن، لە مەجلیسی شەراب خۆری مەستی خۆیانەوە ئەو دەمەی ئەو شلە سەیرەی سەرەتاکەی بە چێژ و کۆتاییەکەی بەدمەستی و پیسی و ڕشانەوەیە. یەکێک لەوان (نەعیمی کوڕی مەسعود) دوای خواردنەوەیەکی زۆر کە بەحاڵ زمانی لەناو ئەشکەوتی دەمیدا دەگەڕا لەتەک یەکێک لەوانەدا کە بەدڵ شوێن موحەمەد کەوت بوو و بە زار نەیدەدرکاند، ورد و درشتی کاروانەکە و نەخشە ڕێگەی درکاند، (سولەیتیش) کە هێشتا بە تەواوەتی مەست نەبوو بوو و هێشتاش مەستیەکەی بەری نەدا بوو، خۆی پێچایەوە و هات هەمووی بە پێغەمبەر گەیاند.

پێغەمبەریش سەد سواری سازدا و بە سەرکردایەتی زەیدی کوڕی حاریسە و خستنیە سەرزاری بیابان و ئەویش بۆ قووڵایی هەناوی هەڵیدان تا دان بەسەر کاروانەکەدا نەوەستانەوە. سەفوان و پاسەوانەکانی لە دەرکەوتنی کتوپڕی سوارەکان سەرسام مان وەک سەرسامی ئاسکێک کاتێک رووبەڕووی پلنگێک دەبێتەوە، هیچیان بۆ نەمایەوە هەڵهاتنیکی شپرزە نەبێت وەک هەڵهاتنی رەوە کەرەکێوی لە هەڵمەتی شێردا. موسڵمانەکان رێبەری کاروانەکە و دووانی دیکەی کە لەتەکیدا بوون بەدیل گرت و ژمارەیەکی زۆر لە دەفری زیویان بە غەنیمەت گرت کە باری وشترەکان بوو و بە ریتمیکی سەیری شادی وشترانە دەنگی دەفرەکان بیابانی فراوانی پڕکرد و بەرەو مەدینە گەڕانەوە.

ئەمە دۆڕانی سەفوان بوو بەڵام لە راستیدا نەگبەتیەکی گەورە بوو دوای شەڕی بەدر تووشی قوڕەیش بوو بوو. مانای وابوو قوڕەیش لە دوورتر شوێنی دونیاش لە دەستی موحەمەد لە ئەماندا نیە، تووشی دڵەڕاوکێ بووبوو و لە ترساندا هێڵنجی دەدا، چاری نەبوو کە دەبوو یان جاڕی ئاشتی بدات و دەست بخاتە دەستی موحەمەد و شوێنکەوتوانی و لە ئاشتیدا بژین ئەمەش هەر ئەو شتە بوو کە موحەمەد دەیویست و مانای ملدان بوو بە ئەو، یاخود شەڕی سەرانسەری رابگەیەنن و هەتا موحەمەد و شار و شوێنکەوتووانی لەبن نەهێنن نەگەڕێنە دواوە.

# ١١

## شەڕی ئوحود

### (سەرەنجام قورەیشی ترساو ئازابوویەوە و بڕیاری شەڕیدا)

قورەیش جارێکی تر ژیانی عەیش و نۆشی هەمان کاتی ساڵانی پێشوویان جێ هێشت بۆ شەڕ بە سێ هەزار چەک بەدەست و دوو سەد سوار و سێ هەزار حوشترەوە ڕێگای بیابانیان گرتەبەر ژنانیش بە دەف و تەپڵی دەست و سرودی باڵۆرە و گۆرانی پرسەوە کەوتنە شوێنیان تا ڕێگەی هەڵهاتنیان لە شەڕ لێبگرن. ئاه و حەسرەتی دۆڕانی پێشتر هەناوی سووتان بوون و ئەم شەڕەیان سوکنایی بۆ دەهێنان، شارێکی زەبەلاحی شەڕکەر بەڕێوە بوو بۆ لەناوبردنیان و ئەمیش شارێکی بچووکی ئارام.

ئەم شارە لە بیابانی گەورەدا دەبزوا و بەلای هەر خێڵێکدا تێپەڕ دەبوون هەم لێی دەترسان و هەمیش ئێرەییان بە دەسەڵاتی نەبڕاوەی قورەیش دەبرد، ئەبوسوفیانیش لە پێشی سوپاوە بە ئەسپەکەی ئارامی نەبوو لەم سەر بۆ ئەو سەر دەهات و دەچوو وەک بڵێی لەتەک گەورەیی و سەرکەوتنی خۆیدا کێشەی هەبوو، مرۆڤ زۆرتر لەتەک سەرکەوتنەکانی خۆیدا کێشەی هەیە نەوەک دۆڕانەکانی.

هەواڵدەرەکانی پێغەمبەر بە موسڵمان و کافریانەوە چاودێری سوپایان دەکرد و هەموو هەواڵێکیان بەو دەگەیاند یەکێک لەوان عەباسی مامی بوو کە نامەی بە سواری تیژڕەودا کە کەمتر لە سێ ڕۆژ ڕێی دە ڕۆژەی نێوان مەککە و مەدینەی دەبڕی، کاتێک

کابرای نامەهێن بە دەموچاوی داپۆشراوەوە تارماییەکەی لای پێغەمبەر دەرکەوت و نامەی شاراوەی دایە دەست پێغەمبەر کە لە مزگەوتی قوبا بوو کە هەر هەفتە یەک رۆژ بۆ ئەوێ دەهات، بە (ئوبەی کوڕی کەعب)ی وت بیخوێنێتەوە چونکە خۆی خوێنەواری نەبوو.

پاش ئەوەی نامەکەی خوێندیەوە، پیێ وت هەواڵەکە بە کەس نەڵێت و بەپەلە بۆ مەدینە گەڕایەوە و خەڵکەکە زانیان پێغەمبەر بە تۆپەڵێک تەپوتۆز بە شوێنیەوە بەرەو مزگەوت دێت زانیان هەواڵێکی گرنگ بەڕێوەیە و خۆی کرد بە مزگەوتدا و هەواڵی نارد هەموو سەرکردەکانی کۆچبەر و ئەنسارەکان کۆببنەوە، کەس نەیزانی چیە تا ئەو کاتەی جاڕدەرەکان لە هەموو شار جاڕیان هەڵدا و لە هاتنی قورەیش هەواڵیاندا.

ئیدی ترس لای پیاوانی دووڕوو و رارا تاڕادەیەک شادیش لای سەرکردەکانی وەک (عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلول) و تیرە جولەکاکان و هەروەها پاڵەوان و گەنجە خوێن گەرمە موسڵمانەکانیش، ئەوان شادی سەرکەوتنی قورەیش و ئەمانیش شادی درێژەدان بەسەرکەوتنەکانی پێشتر، ئیتر خەو لە چاوان تۆراو جێگەی خەو پێشتر رانەخرابوو تا هەڵبگیرێت و پیاوان بۆ هەر کوێ دەچوون چەکیان پێ بوو.

تیپێکی ئەنساریەکان بە دەموچاوی داپۆشراوەوە بووبوونە پاسەوانی پێغەبەر تا بەرەبەیان لەبەر دەرگایدا کە لە پەنای دەرگای مزگەت بوو دەوەستان.

منالانی شاریش شەڕی یەکتر قرکرنیان پێکەوەنا و ئەو شەڕەی تێیدا نووکی تیژی پەلی خورما هەزار مردنی لە هەناویدا هەڵگرتبوو و لە شیر زیاتری دەبڕی و لەو قەتڵوعامەدا کە زۆرینەی کافرانی قورەیش هەڵیانکوتابوویە سەر کەمینەی موسڵمان، کەمە موسڵمانەکان زۆربەی کافرانیان کوشت و بریندار کردبوو و ئەوانەش کە مابوونەوە گیرابوون و بە زەلیلی بۆ مەدینە وەبەرخۆ درابوون و هێنرابوون، ئەمە یاری منالانی مەدینە بوو بەلام گەورەکانی مەدینە ئاواتیان بوو بە راست وەربگەڕێت.

سوپای قورەیش بە رێگەی ئاسایی رۆژئاواوە بەرەو مەدینە کەوتەڕێ کە گەیشتنە ناوچەی (ئیواء) ئەو شوێنەی گۆڕی دایکی پێغەمبەری لێبوو، جارێک پێغەمبەر لە سەری هێندە گریا بوو هەموو ئەوانەی لەتەکیدا بوون فرمێسکی چاویان بەسەر گۆنایاندا قەتارەی بەست بوو، خۆشی هێندە گریابوو ریشی بە تەواوەتی تەڕ بوو بوو.

(هیندی کچی عوتبە) ژنەکەی ئەبوسوفیان کە بوونەوەرێکی نەخۆش و زامار بوو پێشنیاری کرد کە گۆڕەکە هەڵبکەننەوە، بەلام سەرکردەکانی قورەیش رێگەیان بەو کارە نەدا، ئەوان لە کەس نەدەترسان کە بە کاری لەو شێوەیە هەڵسن، بەلام لە شتێک دەترسان کە شت نەبوو چارەنووسی خراپی هەستان بەو جۆرە کارانە بوو.

کارەکانیان دەیانوت ئەوان کۆمەڵێک خەڵکی دەشتەکی کەم بەها نەبوون بەڵکو ئەوان مرۆڤی گەورەبوون دەیانتوانی شتی گەورە ئەنجام بدەن، کە چارەنووسی سەرکەوتن مسۆگەربوو ڕێگایان بە کاری لەوە خراپتریش دەدا، بەڵام هەنووکە چارەنووسی کارەکانیان دیار نەبوو، دیاربوو کە کارەساتیک روودەدا بەڵام نەیاندەزانی ئەو کارەساتە ئاخۆ دۆڕان یان سەرکەوتن بوو.

سوپای قورەیش لە مەدینە نزیک بووەوە، وەک مانگی یەک شەوە بە دەوری ئەستێرەی ئەو شەوەدا خوولی خوارد و بە دۆڵی (عەقیق)دا کشا و ئەوجا بۆ لای راست و لە سەرووی شارەوە لە نزیک کێوی ئوحود لە شوێنیکدا پێی دەوترا (عەنین) لە ناوەوەی (سیبخە) لە سەر جۆگە ئاوێکی دەمی شیوەکە ئوردوویاندا، ئەو دەمە خۆر لە ئاسمان خلۆر بووبوویەوە و شەویش کە مانگی کۆرپەی بچووکی لە باوەش گرت بوو هەڵسابوویەوە و مەدینەش لەناو تەمێکی سپی نوورانیدا دەرکەوت.

هەر لەو کاتەدا قورەیش خەریکی ئوردوو خستن خۆی بوو، هەموو هەوڵەکانی بە پێغەمبەر و مەدینە دەگەیشت و دەنگی قاقا و پێکەنینەکانیان کێوی ئوحودیان دەبڕی و دەگەشتنە پاسەوانەکانی بەر دەروازەکانی مەدینە.

پێغەمبەر ئەنجومەنێکی راوێژکاری بۆ رووبەڕوو بوونەوە دروست کردبوو، کە ئاڵوویری راکانی تێدا دەکرا، خەونێکی خۆی بۆ گێڕانەوە، ئاخر هەندێک لە مرۆڤەکان هێنانەدی هیوا و ئاواتەکانیان لە خەونەکانیانەوە دەست پێدەکەن.

(بەخودا!، خودا بەخێری بگێڕێت ئەم شەو مانگایەکی سەربڕاوم بینی. بینیم نووکی شمشێرەکەم کەلێکی تێکەوتووە، هەروەها سەیرم کرد دەستم چووبوو بەناو قەڵغانێکی پتەودا). پاشان وتی: مانای مانگاکە شەهیدبوونی هەندێک لە هاوەڵەکانی و کەلی شمشێرەکەشی پێوە بوونی کەسێکی نزیکی بوو و قەڵغانەکەش شاری مەدینە بوو.

ئەوجا هەڵسا و رووی تێکردن، رای خۆی خستە بەردەم هاوەڵەکانی و پێی وابوو باشترە لە مەدینە بمێننەوە و لە ناو قەڵاکانیاندا خۆیان پەنا بدەن، ئەگەر موشریکەکان لە جێگەکەیان مانەوە ئەوا دۆخیان زۆر خراپ دەبێت و خۆ ئەگەر بێنە ناو شاریشەوە ئەوا موسڵمانان شەڕی کۆڵانە و کۆڵانیان لەتەکدا دەکەن. ژنانیش لە سەرووماڵەکانەوە لێیان دەدەن، لە راستیشدا ئەمەش ئاماژە بە رای پێ باشتری خودا بوو، عەبدوڵڵای هەزار رووش بە سیفەتی سەرۆکی هۆزی خەزرەج لەوێ ئامادە بوو هەمان رای هەبوو. ئەمەشی لەبەر ئەوە نەبوو کە پێخۆشبوونی خودا و پێغەمبەر، ئارەزووی ئەو بوو، بەڵکو بۆ ئەوە بوو کاتێک لە شەڕ خۆی دەدزێتەوە کەس ئاگای لێ نەبێت.

هەندێک لە هاوەڵانی دڵگەرمی پێغەمبەر لەو ئاماژانە نەگەیشتن کە وەک سێبەر لە سەر وشەکانی دابوون نەگەیشتن، هەندێک جار زەینی داخراو پێش چاوی مرۆڤ

دەگرێت و ئاماژەکان نابینێت، داوایان لە پێغەمبەر کرد بچێتە دەرەوە و زۆریان لێکرد تا رازی ببێت.

ئیدی ئەمە ئەو چرکەساتە بوو کە مرۆڤی نەزان کاری خودای خراپ دەکرد، شەویش کە لەویّ بوو ویستی پێان بڵێت لێگەڕێن با کاری خۆی بکات، بەڵام زمانی نەبوو پێیان رابگەیەنێت.

تا وای لێهات یەکێک لەوان وتی: پێغەمبەری خودا ئێمە تاسەی رۆژێکی وامان کرد، ئەوا خودا بۆی هێناوین و نزیک بۆتەوە، برۆ بۆ دەرەوە بۆ لای دوژمنەکانت تا وا نەزانن لێیان دەترسین.

حەمزەی مامی بە پەڕە هەڵۆکەی سەریەوە سەرمەشقی ئەو مرۆڤە دڵگەرمانە بوو، وەک ئەوەی بچێتە پێشوازی مەرگەوە وا لێی دووپات دەکردەوە: ئەی پێغەمبەری خودا سوێند بەو کەسەی قورئانی بۆ تۆ ناردووە دەم لە نان نادەم هەتا لە دەرەوەی شاردا شەڕیان لەتەکدا نەکەم.

هەر شتێکی دی بمرێت دەبێتەوە بەو شتە، بەڵام کە مرۆڤ دەمرێت، دەبێت بە فریشتە، دیار بوو حەمزە دەیویست ببێتە فریشتە. شەڕیش چ مەخلوقێکی فیز خولقێنەرە، پێغەمبەر دەرەنجامەکانی دەزانی ویستی پێیان بڵێت ئاوا نابێت بەڵام شتێک وەک دەرگا لە سەرەرێی گەرووپدا داخراو نەیتوانی هیچ بڵێت، ئەو دەبوو ئازا بێت و بەرگەی بە گوێ نەکردنەکانی ئەوان بگرێت.

ئێستا پێغەمبەر ناچار بوو کە ئەم کارە خراپکردووەی مرۆڤ قەبوڵ بکات کە دەبوایە بۆ راستکردنەوەی رەنجێکی زۆر بکێشێت ئەو تەنها کارێکی خراپکردووی مرۆڤ نەبوو بەڵکو ساڵەهای ساڵ درێژەی کێشا، چووە سەر رای زۆرینە.

ئەمجارەیان شەڕ بۆ زاڵبوون نەبوو بەسەر دوژمندا بەڵکو بۆ زاڵبوون بوو بەسەر خۆدا بارتەقای ئەمە برینێکی قووڵی خوێناوی بوو ساڵەهای ساڵ لە دڵی پێغەمبەردا درێژەی کێشا. شەڕی بەدر تەنها ئەزموون بوو راهێنان بوو ئەمەیان ئەزموونی راستەقینەی ناساندنی مرۆڤ بە خۆی بوو، ئەمە مانای ئەوە بوو کە هەرگیز مرۆڤ لە مرۆڤبوون ناکەوێت.

خۆر بە ناوەڕاستی ئاسمانەوە وەستا بوو لەو دوو گرووپە مرۆڤەی دەڕوانی کە هاکا لە چەند ساتی داهاتوودا رووبەڕووی یەکدی ببنەوە، خوێنیان بە تاش و بەردی شاخی کەنار بیاباندا بسوێت و لاشەی مردوو و نیوە گیانیان بۆ ئاژەڵ و مردووانی وەحشی بەجێ بهێڵن.

پێغەمبەر نوێژی هەینی بۆ خەڵکەکە کرد و وتاری بۆ دان کە تێیدا هانیدان بۆ خۆکۆکردنەوە و جیهادکردن.

پاشان هەواڵێکی خۆش لە سەر زاری گوڵی کرد و وتی: ئەگەر ئارام بگرن سەردەکەون، ئەوان تەنها سەرکەوتنەکەیان بیست و گوێیان لە ئارامگرتنەکە نەبوو، فەرمانی پێدان کە خۆیان ئامادە بکەن بۆ دوژمن، ئەوان زۆر بەوە دڵخۆش بوون و دەیانەویست بگەنە ژیانی نەبڕاوەی بەهەشت بەڵام وا دیار بوو کە سەرەتا دەبوو لە ڕێگەی مەرگەوە بڕۆن، لێرە سەریان لە گڵ گیرابوو.

ڕۆحی لەوە سوڕما بوو کە ئەوان بە خوێن و عارەقە و ئاگرەوە بەرەو بەهەشتی ئارام دەبزوان، ئیمان هەموو شتەکان وا لێدەکات کە قابیلی تەحەمول بن تەنانەت مردنیش، ئەو دەیزانی ئەمرۆ زۆر لە هاوەڵانی لە دەست دەدات مرۆڤ دەبێت پێگەی خۆی لێرە لەدەست بدات تا پێگەیەکی لە ناو ئەبەدیەتدا دەست بکەوێت. ئەوان دەیانویست بە مەرگیان لە شتی گەورەتردا ڕۆڵیان هەبێت.

شاری مەدینە لەبەردەم قەڵبەزە بارانی تیشکی خۆری ئەو نیوەڕۆیەدا وەک گۆمێکی سپی دیار بوو، خودا دەیزانی لە دڵی پێغەمبەرەکەی ئەو شارەدا چی دەگوزەرا بەڵام بە هیچ کام لەوانی نەدەوت، تا ئەو کاتەی خۆر بەلای ڕۆژئاوابووندا نیوەی دووەمی ئاسمانی بڕی پێغەمبەر نوێژی عەسری بۆ خەڵکەکە کرد و چووەماڵەوە و هەر دوو هاوەڵەکەی (ئەبوبەکر و عومەر)ی لەگەڵدا بوو و مێزەری لە سەری پێچا و چەکەکەی بەست و دوو زنجیر بەستی لە خۆی بەست و شمشێری کردە مل و وەک کفن پۆش سپی لە ناو بەرگی سپی نوورانی و سپی هاتە دەرەوە.

خەڵکەکە چاوەڕوانی ئەو بوون، بەڵام هەر خۆی دوادەخست وەک بە دیار پەشیمان بوونەوەی ئەوانەوە وەستا بێت. بە هاتنی ئەو ژیان مانایەکی دیکەی دەست کەوتبوو، کە بەبێ ئەو خواردوویانە و خواردوویانەتەوە و رایانبواردووە و بەڵام هیچیان نەبیستووە ئەو هەنووکە گوێی هەموو مرۆڤەکانە و جارجار پەردەکەی بۆ لادەدرا و دەنگی ئەو دیوی ژیانی ئاسایی دەبیست، هەندێکیشیان بێ ئەوەی هیچ ببیستن ئاگایان لە نیازەکانی ئەو دەبوو هەر ئەو ڕۆژە (سەعدی کوڕی موعاز) و (ئوسەیدی کوڕی حوزەیر) بە خەڵکەکەیان وت: ئێوە ئەوتان ناچارکرد بۆ دەرچوون لە مەدینە کارەکە بدەنەوە دەست خۆی.

کاتێک پێغەمبەر هاتە دەرەوە عەرزیان کرد: پێغەمبەری خودا مەبەستمان سەرپێچی کردنی فەرمانی تۆ نەبوو، چۆنت پێخۆشە وابکە، حەز دەکەیت لە مەدینە بمێنیتەوە بەو شێوەیە بکە!

ئەویش سەری بۆ ئاسمان هەڵبڕی و لێوەکانی لێکترازان: هەر پێغەمبەرێک جلوبەرگی شەڕی پۆشی نابێت لای بدات، تا ئەو کاتەی خودا نێوان ئەو دوژمنەکەی یەکلایی دەکاتەوە.

ئازار و مەرگەکانی ئەوانی لەم رۆژەدا هاتەوە بەرچاو دڵی بۆیان پڕ بوو، ئاخر ئەویش مرۆڤ بوو بڕیاری خودا لە ویستەکانی ئەو جودا بوون، ئەو ئەوانی زۆر خۆش دەویست، ئەگەر ئازارێک بەر هەر کامیان بکەوتایە ئەوا بۆیان دەمرد، رۆژێک بەوانی وت بوو هەتا منتان لە خۆتان خۆشتر نەویت ئیمانتان تەواو نابێت، ئەو هەر زوو ئەوانی لە خۆی خۆشتر ویستبوو.

هەنووکە ئەوانی لە ناو مەرگ و ئازاری خۆیاندا دەبینیەوە، ئەوان دەچوونە ناو جەنگەوە بەڵام جەنگی ئەوان لە تەک قوڕەیشدا نەبوو بەڵکو لەتەک خۆیاندا بوو، قوڕەیش تەنها بیانوو بوو، ئەوان دەبوو لە ناو خۆیان وەرگەڕێن و پێبگەن، ئەو ئەوانی دەبینی دەکوژران و دەکەوتن و مێشک و خوێنیان بەسەر تاشە بەردەکانی ئوحود و لمی بیاباندا دەپژا، ئەو شەهید بوونەیان لەناو وەرگەڕانەکەیاندا بوو نەوەک حەز لە مەرگ و خۆکوژی.

ئەوان ئازاریان دەچەشت و ئەمیش بۆیان بە ئازار بوو، بەڵام ئازارەکانی ئەمان هەر جۆرێک بوو دەبڕانەوە، بەڵام بەو ئازارەیان بە مەرگی کوورتی تەمەنیان بە داری نەهێشتنی ئازاری ئەوانی دیان دەدا مرۆڤ تا زۆرتر چاوی لەسەر غەیری خۆی بێت زۆرتر رازی دەبێت، ئازیزەکانی موحەمەد سبەینێ چیان بەسەر دەهات.

ئەوان نەیان دەزانی، ئەوان هێشتا فێر نەبووبوون لە تەک تەنهایی خۆیاندا بێنەوە، تەنانەت ئەوانی برایشی هێشتا لە ناو دونیای نەریتدا غەرق بوون، پەردەی عادەت ئارام ئارام لا دەدرێت ئەو کاتە هەندێک جار رووی گەشاوەی خۆشی و هەندێک جاریش دەموچاوی زەردی هەراس خۆی پێشان دەدات. بەڵام ئەو دەیزانی لەو زانینانەی کە مرۆڤ هیچی پێ ناکریت بەرامبەریان:

پێغەمبەر سوپاکەی کرد بە سێ بەشەوە: کتیبەی کۆچەرەکان ئاڵاکەیانی دایە دەستی (موسعەبی کوڕی عومەیر). کەتیبەی خێڵی ئەوس لە ئەنساریەکان ئاڵاکەیانی دایە دەست (ئوسەیدی کوڕی حوزەیر). کەتیبەی خەزرەجیەکان لە ئەنسار ئاڵاکەیانی دایە دەست (حەبابی کوڕی ئەلمونزیر).

سوپاکەی لە هەزار جوامێر پێکهاتبوو، سەد زنجیر بەست و پەنجا ئەسپ سواریان تێدا بوو، رێگەی نەدا بێجگە لە موسڵمان کەس لە سوپاکەیدا بێت و هەروەها لە (سەنیەتولوەداع) مناڵانی گێڕایەوە، ئەمە جەنگی هیچ کام لەوان نەبوو، ئەمەیان پەییان بە تەنهایی خۆیان نەبرد بوو و ئەوانیش هێشتا تەنهاییان نەبوو، بۆیە هیچ کامیان بۆ سەندنەوەی عیشق و تەنهاییان شەڕیان لە تەک خۆیاندا نەبووەد. رێگەی بە دووان لە مناڵان دا کە بوونیان ببێت یەکیان (رافیعی کوڕی خودەیج) بە تیر

هاویشتنەکانی گەورەیی خۆی سەلماند بوو و ئەوی تریش (سەمرەی کوڕی جوندب) بۆ ئەوەی گەورەی خۆی بسەلمێنێت رافیعی کوتا بە زەویدا.

پاشان شەو داهات و دەنگی مەلانی بیابان نشین دەهات کە بۆ لانەی خۆیان دەگەڕانەوە چونکە کات کاتی تاریکە شەو بوو، پێغەمبەر نوێژی شێوان و خەوتنیشی لەویّ لە نێوان شاخی ئوحود مەدینەدا ئەنجامدا، لەو شوێنەدا مایە و پەنجا پیاوی هەڵبژارد بۆ پاسەوانی سەربازگەکە و یەکێکیش بە تایبەتی پاسەوانی پێغەمبەری دەکرد.

پێش کەمێک لە هەڵهاتنی بەرەبەیان کە لەشی گیاندار و دڕک و لم و بەردی بیابان سپی بکاتەوە جوولا و لەو جێیەی پێی دەوترا (شەوط) نوێژی بەیانی ئەنجامدا و دوژمن زۆر نزیک بوو لێیەوە، ئیدی خەریک بوو شەڕ لە باسەوە بۆ ئەزموون وەردەگەڕا و ئەوەی بوێری ئەو ئەزموونەی نەبووایە نەیدەتوانی لەویّ بمێنێتەوە.

لەوێدا بوو (عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی) بە خۆی و سێسەد چەکدارەوە ترسی رووبەڕوو بوونەوەی لەتەک خۆیدا نەبوو بە بیانووی ئەوەی پێغەمبەر بە گوێی ئەوی نەکردبوو، چونکە ئەو پێشتر هیچی نەوت بوو و هەروەها پێغەمبەر تەنانەت بە گوێی خۆشی نەکرد بوو، ئەو لە دوژمن بگرە لە خۆی هەڵهات و کشایەوە.

ئەوجا باوکی جابر (عەبدوڵڵای کوڕی حەرام) ئەو پیرە پیاوەی تۆی زەمەن بەسەر دەموچاو و قاچ و قولیدا پژا بوو و ئەمیانی لۆچ کردبوو ئەویانیشی چەماندبوویەوە بە تانەو تەشەر لێدان شوێنیان کەوتوو ویستی بیانگێڕێتەوە هاواری کرد: وەرن لە پێناو خوادا شەڕ بکەن، یان هیچ نەبێت بەرگری لە خۆتان بکەن، وتیان: ئەگەر بمان زانیایە شەڕ دەکەین دەگەڕاینەوە، رۆشتن و لە ناو رۆشنایی لاری بەیانی و تەپوتۆزدا ون بوون، ئەویش وتی: بڕۆن خودا ئەولاترتان بەرێت، دوژمنانی خودا، وەک ئەوە وا بوو بڵێت دوژمنانی خۆتان: خودای گەورە هەرگیز پشتی پێغەمبەرەکەی بەرنادات.

پاشان ئەم یاخیبوون و کشانەوەیە، پێغەمبەر حەوت سەد جەنگاوەرەکەی هەستان و بەرەو دوژمن بە رێکەوتن، کە لە نێوان ئەمان و کێوی (ئوحود)دا لە چەند شوێنێکدا بارگەیان خست بوو.

پاشان رووی تێکردن و فەرمووی چ پیاوێک دەتوانێت لەم نزمیانە دەرمان بکات و بە سەریاندا نەڕۆین، ئەو دەیزانی کە مرۆڤ وەک هەبوویەکی سەربەخۆ بوونی نیە ئەوە، ئەو و ئەوانی ترن پێکەوە دەبنە مرۆڤ، ئیدی ئەویش لە بوونی پێغەمبەرانەی خۆیدا پێویستی بەوان بوو.

(ئەبو خەیسەمە) وتی: من دەتوانم پێغەمبەری خودا ئەوجا رێگەیەکی کورتی هەڵبژارد و بەناو گەڕەکی بەنی حاریسە و مەزراکانیاندا تێپەڕی و سوپای موشریکانی

خستە پشتی خۆیەوە بە دیوی ڕۆژئاوادا، پاشان چوونە ناوەوە تا سوپای دوژمن کەوتە نێوان موسڵمانەکان و شاری مەدینەوە.

هەنووکە ئیدی تەنها ئەوانە مابوون لە تەک پێغەمبەردا کە کونێک بووبوویە پەردەی ژیانی ڕۆژانەیان و ئەو دیویان دەبینی، بەڵکو چووبوونە ئەوێ و سەیری ئەم دیویان دەکرد، موحەمەد هێزەکەی کۆکردەوەو ریزی کردن بۆ شەڕ، مەفرەزەیەکی تیرهاوێژی کارامەی هەڵبژارد کە پەنجا کەس دەبوون (عەبدوڵڵای کوڕی جوبەیر)ی کردە بەرپرسیاریان.

پێی وتن کە لە سەر گردێک کۆ ببنەوە کە دەکەوێتە بەشی باشووری شیوی قەنات کە دواتر بە ناوی کێوەکەی تیرهاوێژان ناسرا، کە دەکەوتە باشووری سوپای موسڵمانانەوە، پێی ڕاسپاردن بە تیرهاوێشتن ئەسپ سوارەکانمان لێ دوور بخەنەوە، ئەگەر بینیتان بردمانەوە یان دۆڕاین شوێنی خۆتان بەجێ مەهێڵن، ئەگەر بینیتان کوژراین، پەلەوەر سەری هەڵدەکەندین مەیەن بە هانامانەوە، هەروەها ئەگەر بینیتان دەستکەوت کۆدەکەینەوە بەشداری مەکەن شوێنی خۆتان بەجێ مەهێڵن تا دەنێرم بە شوێنتاندا.

ئوحود ئەمڕۆ پەنای موسڵمانان بوو پێغەمبەر سوپاکەی بە پشتبەستنی تەواو بەو شاخەدا دابەشکرد، هەر ئەو شاخە وایکرد ئەوان لە بەرزی و دوژمن لە نزمیدا بێت و بێجگە لە تیرهاوێژەکان کە لە گەرمەی شەڕدا بەردەوام تیرەکانیان هەوای تۆزاویان دەبڕی و بە سینگ و پشت و دەموچاوی دوژمنەوە دەچزان، دوو بەشەکەی دیکەی سوپاکە پێغەمبەر وەک دوو لای کەوانێک بە ناو شیوەکانی ئەملاو بەولادا بە هەردوو لای شاخەکەدا وەک باڵندەیەک باڵەکانی کردبێتەوە دوژمنیان خستوویە ناوەڕاستی خۆیان و پاڵەوانەکانیش کە پێغەمبەر هەڵیبژاردبوون دەنوکی ئەو باڵندەیە بوون دەیاندایە بەر دەنوک، یاخود تیری ناو کەوانەکە بوون و بەرەو دوژمن دەتەقین.

پێغەمبەر هەر لەو شوێنە بەرزەی دەیکردە سەر سەری باڵندەکە و دوو چاوی لە بەردەم قاچەکانیدا بوون، لەباتی ئەوەی فرمان بە هێرش بدات هانیدان بۆ شەڕکردنی بەردەوام و دانبەخۆداگرتن و ئەوجا بە ئازایەتی و جوامێری تینی دان و شمشێرە بڕندەکەی خۆی بە حەواوە ڕاگرت و هاواری کرد کە لە هاوارەکەی ئەو شاخە خۆشبەختە دەنگی دایەوە: کێ هەقی ئەم شمشێرە دەدات؟

هەموو یارانی پێیان خۆش بوو ئەو شمشێرە بگرن بە دەستەوە کە لە گەرمەی شەڕدا بۆنی عارەقی پێغەمبەری لێدەهات، زۆریان چوونە پێشەوە و ئەو پەیمانەیاندا لەوانەش نزیکترین هاوڕێکانی، بەڵام چاوەکان بۆ کەسێکی دیکە دەگەڕا تا (ئەبو دوجانە) بە ڕۆشتنە سووک و خێراکەی وەک ئەوەی بفڕێت لە ناو ریزەکەیدا چووە

دەرەوە وەک هەموو پاڵەوانێک قاچێکی لە زەوی کە ئەژنۆی بۆ کردبوویە نووک و قاچەکانیشی کە لە ئەژنۆیدا چەمانبوویە و جەستەی دابوو بە سەریدا قۆڵی لە ئەژنۆ بەرەو خوار رایەڵ کردبوو و چاوی بڕێ بوویە ئەرزەکە و لەبەردەم پێغەمبەردا دانیشتبوو وتی: ئەی پێغەمبەری خودا هەقی ئەو شمشێرە چیە؟

پێغەمبەر فەرمووی ئەوەندە بدەیت لە دوژمن تا لار دەبێت، (ئەبو دوجانە) هەر دوو دەستی بۆ بەردەم پێغەمبەر رایەڵ کرد و وتی من بە حەقی خۆی رایدەگرم.

پێغەمبەر ئەو شمشێرەی دایە دەستی کە زۆرێک لە یاران ئاواتیان بوو بە دەست ئەوانەوە بیت ئەوجا هەموو یاران بینیان بە پەڕۆیەکی سوور ناوچاوی بەست و ئەنسارەکانیش کە زۆر جار شەڕی ئەویان بینی بوو وتیان: ئەرێ وەڵلا.. (ئەبو دوجانە) پەرچەمی مەرگی بەست.

لە خواریشەوە لە بەرامبەر سوپای چەماوەی موسڵمانانندا سوپای زەبەلاحی دوژمن بە ریز وەستا بوون کە لە ناوەڕاستدا ئەبوسوفیان بە سەر پشتی ئەسپە خۆشبەختەکەیەوە کە لە سایەی ئەوەوە قەت بە ترسناکیدا تێنەدەپەڕی وەک سەرکردەی سوپا و ریزەکانی لای راست بە سەرکردایەتی (خالیدی کوڕی وەلید) کە خێراترین ئەسپی عەرەبیان لە ژێردا بوو و سەرکردایەتی لای چەپیش لای کوڕە قژە پێچاوپێچ و درێژەکەی ئەبوجەهل، (عەکرەمە)دا بوو سەرکردایەتی پیادەکانیش لای سەفوان بوو کە خۆی بە سواری کریتە رەشەکەیەوە لە پێشیانەوە وەستا بوو. سەرکردەی تیرهاوێژەکانیش (عەبدوڵلای کوڕی ئەبی رەبیعە) بوو. ئاڵاکەشیان لای (بەنی عەبدودار) بوو.

وا دیار بوو کاری تیمی ژنانیان لە کاری پیاوان حیساب بۆ کراوتر بوو، تیمی ژنانیان پانزە ژن بوون، هەندێک لەوان کە باوک و برایان بەدەستی موسڵمانەکان کوژرا بوون و ساتۆر و چەقۆی گەورەیان بە دەستەوە بوو کە لەبەر خۆرەکە دەبریسکایەوە، کاریان هەر ئەوە بوو هەر برینداریکی موسڵمانیان بدیایە کە لە شەڕدا نووزەی هاتبا ئەوان لە باتی ئاو بەو چەقۆیانەیان دەموچاویان دەشێواند و ئەگەر موسڵمانێکی مردووشیان بدیایە ئەو رەگەزە ناسکە هەروەک پیاوانی زبر و دڵڕەق سکیان هەڵدەدرین و جەرگ و دڵیان دەردهێنان.

سەرکردایەتی ئەمانەش (هیندی کچی عوتبە) ژنەکەی ئەبوسوفیان بوو هەندێکی دیکەشیان دەفیان بە دستەوە بوو و لەگەڵ زرنگەی پێدا کوتان بە زەوی و لەرینەوەی خڕخاڵی پێیان و ئەڵقەی بەسەریەکدا کەوتووی دەفەکان و پێشاندانی شوێنی ئارەزوو بزوێنی سینگیان و روانینی بە تەوسیانەوە بۆ پیاوان کە ئەگەر هەر کەسە لە شەڕ هەڵبێت ئیتر ژنەکەی تەلاقی لێوەردەگرێت و هەر بۆ زێتر جووڵانی دەماری پیاوەتی و

شەرەفیان خۆیان بە گوریس دەبەستەوە گوایە ئەوان قەد هەڵنایەن و وەبیریان دەهێنانەوە کە ئیتر بە تەنها دەچنە جێگەوە بیری ئەوەیان دەخستنەوە کە خوداکان چ پرچێکی درێژ و مەمک و کەفەڵی پانیان بە ئەوان دابوو و ئەوانیان لێ بێبەش بوو.

ئەوان دەیانزانی کە پیاوان بەرگەی دۆڕان و هەڵهاتنی شەڕ دەگرن بەڵام بەرگەی سووک سەیرکردنی ژن ناگرن. مەیلیان بەلای ئەو پیاوانەوە بوو کە هەمیشە شەڕ دەنێنەوە گێجەڵ بەو مرۆڤە مەزنانە دەکەن کە ناتوانن پێیاندا بگەنەوە.

هەندێکی دیان برینیان دەپێچا و دەچوونە ناو شەڕکەرکانەوە و عەرەقیان دەڕشت و پیاوانیان لە چۆنیەتی شەڕ ئاگادار دەکردەوە و هانیان دەدان کە کوا غیرەتتان ئەگەر چاری مشتێک لە شوێنکەوتووی لە دین وەرگەڕاوەی موحەمەد ناکەن ئیتر شایستەی ئەوە نین پێتان بوترێت پیاو، ئاڵاکەیان هەڵدەگرت و شیعریان دەوت و هەندێک جار خۆیان بە قوربانی پیاوانی ئازا دەکرد، ئەمانە سەرکردەکەیان (عومرەی عەلقەمە) بوو کە قژەکانی بەردەدایەوە و پەرۆیەکی بەسەریەوە دەبەست و یەخەی دادڕی دەشا بوتریت خۆی رووت دەکردەوە و پیاوانی قوڕەیش شەرمیان دەکرد سەیری بکەن!.

هەنووکە هەر دوو سوپاکە بەرامبەر یەکتر وەستا بوون، چ چرکەساتێک بوو ئەو چرکەساتانەی پێش کوشت و کوشتار کە وەسفی بۆ هیچ کەسێک نایەتە سەر زمان خودا و شەیتانیش لەوێ ئامادەبوون، ئەمیان بەرنامەی خۆی هەبوو، ئەویان هیچ نەبوو تەنها  ترس و هەوەس و پێکەنین و تووڕە بوونەکانی شوێنکەوتوانی، ئەوەی ئەمرۆ لەو مەیدانەدا بوو تەنها ترسەکە بوو، خودا دەیزانی کێ خەڵتانی خوێن دەبێت و کێ بە دڵی دەکەوێتە دەست دوژمن و کێش بە دەست و قاچ و چاوی دەرهاتوو و لووتی پەڕیوەوە دەگەشتەوە مەککە، هەموو قوڕەیشیان بە دزیەوە بۆ یەکتریان دەڕوانی  ئەوان پێنەدەکین بەڵکو دەترسان.

بۆ بەرەی ئەمبەریش کە بەرەی خودا بوو مەیدانی شەڕ بۆ مەیدانی چەشتن و ئەزموونی رۆحی وەردەگەڕا،  ئەوێ لەو ناوچە سەر سنوور و کەنارانەیە کە لە ئەسپی زەوی دابەزی و هێشتا سواری دەریای ئاخیرەت نەبووە، لەوێ شتگەلێک فێر بوون لە هیچ شوێنێکی دی فێری نەدەبوون، ئەوەی لە شوێنی دی دەیانبیست لێرە بە چاوەکانیان دەیانبینی و بە دەستەکانیان دەستیان تێوەردەدا، ئێرە شوێنی ئاشنا بوون بوو شوێنی دیکەش جێگەی زانین.

ئەوەی لەوێ لە زیندوویەتی ژیانی رۆژانەدا هەر چەند تەقەلایان بوو پێی بگەن بەڵام دواجار هەر مەسافەیەک دەمایەوە و بۆیان پڕ نەدەکرایەوە ئەوا لێرە نەوەک هەر ئەو دووریە نەدەما و ئەوەندە دەگۆڕان تا وەک فریشتەکانیش سووکەڵە دەبوون و دەفڕین هەر لەم شەڕەدا کاتێک چوار پەنجەی هاوەڵە بەهەشتیەکەی پێغەمبەر پەڕی و

ئیفلیج بوو فەرمووی: باشە ئەی پێغەمبەر! ئەویش فەرمووی ئەگەر بیسمیلات بکردایە فریشتە بە ئاسماندا دەیانبردی.

ئەوان خۆیان بە شت دەزانی و لە شەڕی بەدردا بردبوویانەوە ئێستا دەبوو لە خۆیان بگوزەرێن تا پەردەکە بدڕێت و بەهەشت تام بکەن، چەند جار پێغەمبەر لەم شەڕەدا داوای شتێکی لەوان دەکرد و دەیفەرموو کێ ئەمە ئەنجام دەدات و بەهەشت بۆ خۆی مسۆگەر بکات زۆریان خۆیان دەکرد بە قوربانی و دەیانوت من ئیدی دەبوونە بەهەشتی و هەر لەوێ دەچوونە بەهەشت.

ڕێکیش دەکەوت هاوەڵێکی دەنارد بۆلای یەکێکی دیان و سەلامی بۆ دەنارد و حەفتا برینی پێوە بوو خەبەری بەهەشتی دەپرسی و ئەویش دەیوت: وەی سڵاو لە پێغەمبەر خۆی بێت ئیتر دەیوت بۆنی بەهەشت دەکەم. هەندێکی دیکەشیان فریشتە بە باڵە شینەکانیانەوە خەریکی شۆردنی بوون و پێغەمبەریش سەیری لێدەهات. هەندێکیشی تیا بوو تەنها یەک نوێژی نەکرد بوو و خەڵکی دەیانوت بۆچی هاتووە بۆ شەڕ، بەو خێراییە ئەوەنە مەقامەکانی ڕۆحی بڕی بوو گەیشتبووە مەقامی شەهیدی، ئیدی ئاوایە ڕێگەی عاشیقان، ڕێگەی جەنگ و شکۆ، نەوەک گۆشەنشین ئەشکەوت و کۆ.

شەڕ کەشفی تەنهایی خۆتە لە قووڵترین مانایدا، تەنانەت ئەو کاتەش لە ناو سوپایەکی ڕێکخراوی وەک ئەوەی موحەمەدیشدا سەرباز بیت، هێشتا هەر بەتەنهایی بەرەو ڕووی مەرگی خۆت دەبیتەوە. دواجار ئەمەش مانای گەیشتن و گۆڕانکاری بوو، دەبوو ئەوانیش بە ئەو تەنیاییە قووڵە بگەن، ئەوەی ئەوانی خستبووە ژێر کاریگەری خۆیان دەوروبەریان نەبوو، بەڵکو ناوەوەیان بوو، گەیشتن داخوازی تەنهاییەکی تەواو و بنەمایی و هەمیشەییە کە قەت تێناپەڕێنرێت، سەرەتا تەنیایی و دواتر بەوانی دی گەیشتن بوو.

پێغەمبەر دەیویست بەو تەنیاییە قووڵە بگەن، گەیشتن بە قۆناغێک کە شتە دەست و پێگیرەکان نەتوانن ڕێگیریان بن، بیچەژن وەک داری مەحکەم ریشە بە زەویدا دابکوتن ئەوسا لق و پۆپ بۆ گەیشتن بەوانی دیکە لێبدەن، ئەوانەی لە موحیبەتی زۆرتردا ژیابوون ئەوانە باشتر دەتوانن زیاتر تەنیا ببنەوە، ئەوان لە ژێر سێبەری موحیبەتی پێغەمبەردا ژیابوون، بۆیە زۆر ڕێگەی جیاواز فێر بووبوون بۆ هاتنەوە لەگەڵ تەنیایی خۆیاندا.

ئەگەر هەندێک شت لەم دونیایە تەنها پەردەیەک زیاتر نەبێت کە بەسەر ئەوەدا دراوە کە نابینرێت ئەوا هەندێک جار پەردەکە دەبزوێت و هەرچی لە پشتەوە بێت دەردەکەوێت، ئەوا شەڕی ئوحود بێجگە لە بزوانی ئەو پەردەیە کە ناوەوە و گۆڕانکاریەکانی ئەوانی پیشان دەدا هیچ شتێکی دی نەبوو، ئەوان بەوە گەشتبوون کە

ئەگەر ژیان و مەرگ و زیندوویەتی بێت پێکەوە، ئەوا رۆژی کۆتایی لە رۆژەکانی دیکە بەشداری زۆرتر نیە لە کۆتایی هێنان بە ژیان.

ئەوان نەیاندەویست بمرن بەڵام لەو جێیەدا کە چارەیەک لە مردن نیە دەبێت بە شێوەیەکی شایستە بمریت. هەموو شت لە تەقەلای مانەوەدایە کەچی ئەوان لە تەقەلای رۆشتندا بوون، شەڕی ئەوان لەناوبەرانە نەبوو بەڵکو داهێنەرانە بوو زیندووبوونەوەی ئەوانی دی و ژیان لەپێناو شتێکی دی بوو، مرۆڤ تا زۆرتر چاوی لەسەر غەیری خۆی بیت زۆرتر رازی دەبێت، ئەوان لە خۆیانەوە دەستیان پیکرد بەڵام بەوانی دی گەیشتن بوون.

کەشتیە گەورەکان، تۆفانە گەورەکان، ئەوان ئەو کەشتیە گۆشت و ئێسقانە بوون کە بە ئازار و خوێنی خۆیان مایەی نەجاتی ئەوانی دی بوون لە لووشە و لرفە و زمان دەرهێنانی زەریای پڕ زریانی ژیان.

ئیتر ئەوان لە سکوتێکی سەیردا لەوانیان دەڕوانی و لەتەکیاندا رووبەڕوو نەدەبوونەوە بەڵکو فڕی بوون و بۆ سەرزەویەکی دیکە بەجێیان هێڵابوون، وای خودایە هەر بۆیە گاڵتەیان بە مانۆر و سیاسەتە ترسێنەرەکانی قورەیش دەهات. کاتێک (ئەبوسوفیان) پیاوێکی ناردە لای ئەنساریەکان وتی: وازبهێنن با شەڕ لە تەک کەسوکارەکەی خۆماندا بکەین، بەڵام ئەو هەوڵە زۆر لەوە بچووکتر بوو کێوی گەیشتووی رۆحی ئەوان لە بن بهێنێت.

حوزوری تەواو لە مەیدانەکەدا زەمەن بە تەواوەتی سفر بوویەوە، قورەیش هەوڵێکی دیکەی مناڵانەیدا ئەوش ئەوە بوو (ئەبوعامری فاسق) کە پێشتر سەرکردەی ئەوس بوو کە پێغەمەر چووە مەدینە لێی هەڵگەڕایەوە و بۆ مەککە هەڵهات، بەتەما بوو کە خێڵەکەی هەر کە بینیان خێرا شوێنی دەکەون بۆیە بە قاچە کوورتەکانیەوە کە بە هۆی گرتنی ورگە زلەکەیەوە چەمابوونە لە نێو ئوردووی (ئەحباش) هاتەدەرەوە و سکوتی مەسافەی نێوان ئەو هەموو چاوەی ئەمبەر و ئەو بەری تۆران و بە موحیبەتەوە وتی: ئەی خێڵی ئەوس! ئەوە منم (ئەبوعامری راهیب).

وەڵامیان دایەوە: خودا لە ئێمەت بسێنێت ئەی فاسیق.

کاتێک وەڵامەکەی ئەوانی بیست، زۆر پێی سەیر بوو رەنگێکی هێناو رەنگێکی برد و رووی لەمەککەییەکان کرد و وتی: بە خودا قەومەکەم لە دوای من تووشی شەڕ و شومی بوون. ئەوجا وەک شێتان دەستی کرد بە بەردباران کردنیان.

ئەوەی وەک بەردێک خۆی هەڵدایە ناو گۆمی بێدەنگی قووڵی نێوان ئەو دوو سوپایەوە دەبوو بە شەپۆلێکی بچووک و پاشان شەپۆلی تری بە شوێن خۆیدا هێنا تا هەموو گۆمەکە دەشڵەقا، هاتنەدەرەوەی گەورەی (بەنی عەبدودار) کە هەر لە

سەردەمی باوە گەورەی قورەیش (عەبدولمەناف) وەک میراتێک بۆیان بەجێ مابوو ئاڵا هەڵگری قورەیش بن.

هەر لە سەرەتای جێگرتنیان لەو جێیەدا ئەبوسوفیان چووە لایان و پێی وتن خێڵی عەبدولدار وەک شەڕی پێشوو نەبن ئابڕووی ئێمەتان برد، فڕێتاندا و راتان کرد، ئەگەر ناتوانن حەقی بدەن دەی بهێڵن تا بیدەینە کەسێکی شایستە، کەوتنی ئاڵای هەر بەرەیەکی شەڕکەر کەوتنی ئەو لایەنەیە. بۆیە خەڵکی بۆ ئاڵاکەیان کەسی شایستەی بۆ هەڵدەبژێرن تا پارێزگاری لێبکەن.

مەبەستی ئەبوسوفیان لەم تەشەرە جوڵانی غیرەی ئەو خێڵە پێداگر و ئازایە بوو. ئەوا هەنووکە گەورەکەیان بۆ نەهێشتنی ئەو تۆمەتە کە ئازاترینی قورەیش بوو موسڵمانەکان ناویان نابوو تگەی سوپاکە، ئاڵاکەی دابوویە دەست براکەیی و لەسەر گەورەترین حوشتر هاتبوویە دەرەوە و جەستەی هێندە گەورە بوو حوشترەکەی لە وەک حوشتری داغستان و قەوقاز بچووک دەینواند، شمشێرەکەی بە ئاسماندا با دەدا کە تیشکی خۆری ئەو بەیانیە لێیەوە دەدرەوشایەوە و دەنگی بەرزی لە شاخەکەی بەرامبەر دەنگی دەدایەوە کە داوای رووبەڕوو بوونەوەی دەکرد.

موسڵمانەکان سەیری قیافەی زل و تووکی زۆری سینگی کە لە ژێر زرێ پۆشەکەیەوە هاتبوویە دەرەوە و ئەبرۆی پان و ریشی کە تا بنی چاوەکانی رۆشت بوو و سمێڵی هاتووبوونە ناو دەمیەوە و لووتی زل و لاری وەک پاچی باخەوانەکانی مەدینە چەمابوویەوە، چاوانی سوور وەک رەنگی خوێن، ئەم هەمووە پێکەوە قەبارەیەکی وایان پێبەخشی بوو کە شەیتان لێی دەترسا.

موسڵمانەکانیش بۆ ساتێک هەستیان بە ترس کرد گەروویان وشک بوو، خەریک بوو نەیاندەویست جەستەی ببینن، ئاخر ئەوانیش مرۆڤ بوون جەستەی ئەوانیش جەستەی مرۆڤ، بەڵام دڵیان نەترسا بوو، جەستەش ئامرازی رووبەڕوو بووونەوەی خۆی هەیە کە تەنانەت ناچێتە ژێر رکێفی بڕیارە گەورەکانی دڵەوە، هەرچەند زۆر نابات دڵ کاری خۆی دەکات و جڵەوی جەستە دەگرێت و لە پەلوپۆی دەخات و لەبەردەم داواکانی رۆح و دڵدا ملی پێ کەچ دەکات.

هەر بۆیە یەکێک لە یاران دڵی زیندووی بڕیاری رووبەڕوو بوونەوەیدا و چاوانی تیشکی رۆژەکەیاندایەوە و هاتەدەرەوە ئەویش (زوبەیر)ی کوڕە پوری پێغەمبەر بوو، هێندە ئازابوو بە تەما بوو پێغەمبەر لەباتی (ئەبو دوجانە) شیرەکەی بە ئەو بدات. بۆیە لەناو سوپای موسڵمانان چووە دەرەوە و بینیان لە سەر پشتی ئەسپەکەی بە پێوە وەستاوە و پێیان سەیر بوو بەو پێوە وەستانەی لە کاتێکدا ئەسپەکە دەبزوا دەیەوێت چی بکات، هەر کە لە کابرا نزیک بوویەوە خۆی بە حەوادا هەڵدا و فڕی و خۆیدا

بەسەر کابرادا لە سەر پشتی وشترەکەی خستیەخوارەوە و کەوتنی کابرای زلە تەپوتۆزی لە زەویەکە هەڵسان و زوبەیری سوکەڵەش خێرا هەڵسایەوە و شمشێری دا لە ملی و خوێنی بواری قوڵپدانی نەبوو یەکسەر فیشقەی کرد.

هەموو ئەوانەی لەوێ بوون رۆحی کابرایان نەبینی و نەیانزانی بۆ کوێ چوو بەڵام جەستەی زلیان بینی کە خۆی بەخشیە ئەرزی لماوی گەرم داهاتووی ئەو رۆژە.

پێغەمبەر کاتێک ئازایەتی بیوێنەی زوبەیری بینی (الله اکبر)ێکی کرد، موسڵمانانیش لەتەکیدا سەندیانەوە، زوبەیری رۆحانی ئەگەرچی هەر ئەو رۆژە پێغەمبەر پێی فەرموو بوو هەموو پێغەمبەرێک حەواریەکی هەیە حەواری منیش زوبەیرە، بەڵام لەو خوێن رشتنەی پێی هەڵسا بوو پەشیمان نەبوو، کوشتنێک نەحەزی لەناوبردن و نەهەستی تۆڵە نەبوو، بەڵکو بە بیرکردنەوە و تێڕامانی رۆحی و دەرەنجامی خۆشەویستی و رقی ئەو پێغەمبەرە لە شەڕ و هەوڵی کۆتایی پێهێنانیدا ئەنجامی دابوو.

بەم مەرگە چاوەڕوان نەکراوەی پاڵەوانەکەی قورەیش باڵندەی جەنگ باڵی بەلای سوپای کەمینەدا شۆڕ کرد تاکو بۆ سەرکەوتن سەرکەوێت، لای سوپای زۆرەکەی قورەیشیش لە هەموو لاوە سەدای تووڕەبوون سەریهەڵدا و گەردەلوولی رق هەڵیکرد وەک دیوانەیەک جنۆکە دەستی لێوەشاند بێت دەستیان بە هەڵمەت کرد، مشتی وێرانکردنی هەر شتێکیان کە بکەوێتە بەردەست هەڵبڕی.

موحەمەدیانیش هەر بۆ ئەوەی ئەو شەیتانەی ناوەوەیان دامرکێننەوە هەوڵیاندا لە هەر چوار لاوە بیانگرنە باوەش و شەتەکیان بدەن، ئەوان نەخۆش بوون نەخۆشی خوێنڕشتن بۆ چارەسەری نەخۆشیەکەیان ناچاربوو وا مامەڵەیان لە تەکدا بکەن. بانگی مەرگ و وێرانی هەڵدرا و دوو سوپاکە بەناو یەکدا هەڵچرژان، بۆنی خوێن و عارەقی تیژیان و پیاوی شەڕکەر و حیلەی ئەسپ و ملنان و تەوسانەوەی حوشتری شەرمن و هاژەی نێزەی وەشێنراو و سێبەری بارانی تیری هاوێژراو کە وەک هەنگ کوڕە بدات سێبەریان بەسەر هەوری تەپوتۆزی شەڕەوە دروست کردبوو، پاڕانەوە لە خوداگەلی جودای عەشیرەتەکانی عەرەب و (الله اکبر)ی موسڵمانان و جارجاریش خۆنواندن و شەڕەدەم و جنێودان، شەڕێک بوو هەر نەبێتەوە.

پاڵەوانەکانی بەری پێشەوەی سوپای موسڵمانان هەر ئەوانەی نووکی باڵندەکەیان پێکهێنا بوو، تا ناوەڕاست و بەڵکو کۆتایی ریزەکانی قورەیشیان رۆشتن و بەلاو بەولادا شمشێریان دەوەشاند و کافرانیان دەکوشت و هەر کۆتاییان نەدەهات، (ئەبو دوجانە)ش ئەوەندە شمشێرەکەی پێغەمبەری بەکارهێنا کە حەقی دا و خوار بوو هێندە چووە پێشەوە تا گەیشتە لای چادرەکانی دواوەی قورەیش.

لەم گەرمەی شەڕەدا جەنگاوەرێکی ڕەشپۆشی بینی خەریکی شێواندنی دەموچاوی موسڵمانە بریندارەکان بوو ویستی بەر شمشێری پێغەمبەری با و جەنگاوەرە ڕەشپۆشەکە قیژاندی و دەنگەکەی دەنگی ژن بوو (ئەبو دوجانە) نەیویست شمشێرەکەی پێغەمبەر لە کوشتنی ژندا بەکاربهێنێت بۆیە لێی نەدا.

موسڵمانەکان هەستێکی وایان بۆ دروست بوو کە ئەوان هەرگیز لە شەڕدا دۆڕانیان بۆ نیە، ئەبودوجانە ڕۆشتنی شانازی ئامێزانەی وای هەبوو کە پێغەمبەر فەرمووی ئاوا نابێت بەڵام ئەوە غووروری شەڕ بوو (بەڵام پێویستە)، تیرهاوێژە موسڵمانەکانیش ڕۆڵیکی گەورەیان هەبوو بەو شاخەی ئوحودەوە لە تیرباران کردنی سوپای قوڕەیش و تیرهاوێژە قوڕەیشەکانیش هەر تەقەلایان بوو بەڵام لەو خوارەوە هیچیان پێ نەدەکرا.

شەڕەکە لە هەموو لاوە گەرم بوو بەڵام قورسایی شەڕەکە بە دەور ئاڵاکەی موشریکانەوە هەڵدەسورا، هەردوولا نەدەیانویست بژین و نەدەشیانویست بمرن ژیانی ڕاستەقینەیان لە نێوان ئەو دووانەدا بوو کە دەیانەویست پارێزگاری لێبکەن، هەموو مەراقی (بەنی عەبدودار)یش پارێزگاری لە ئاڵاکە بوو ئەگەر بە بارتەقای کوژرانی هەموو پیاوەکانیان بووبێت، دوای کوژرانی تەڵحەی پاڵەوان یەکێکی تریان ئاڵاکەی هەڵگرتبوو و خۆی کرد بەناو شەڕەکەدا کە شیعری پاراوی عەرەبی دەوت، لەو شیعرانەی پڕ لە خوێن بوون و ناشێت بۆ هیچ زمانێکی دیکەی دونیا وەربگێڕدرێن دەیوت:

(مافێک بەسەر هەڵگرانی ئاڵاوەیە خوێنیان بێتە خەنەی تێگیراوی گەردنیان یاخود ئەو گەردنانە ورد بن).

حەمزەی پاڵەوان هەڵیکوتایە سەری بە شمشێرێک لە سوڕاندندا شمشێرێکی لە شانیدا و دەستی پێوە قرتاند و بە ناو سی و دڵ و جەرگ و هەناویدا شیر چووە خوارێ و تا ناوکی هەڵدڕی.

پاشان (ئەبو سەعد)ی کوڕی تەڵحەی پاڵەوان ئاڵاکەی هەڵگرت و سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس تیرهاوێژی بەناوبانگ تیرێکی دا لە گەردنی و زمانی پەڕیە دەرەوە پاشان (موسافیعی کوڕی تەلحە) ئاڵای هەڵگرت و خشەی کەوانی (عاسیمی کوڕی ثابت) هات کە تیری تێدا دەرچوو و بەر سینگی موسافیعی ڕەنجەڕۆ کەوتوو و کوشتی، پاشان (کیلاب)ی برای پڕیدایە ئاڵا و هەڵیگرت و (زوبێری کوڕی عەوام) هەڵیکوتایە سەری و خوێنی ڕژاندە سەر لمی گەرمی بیابان، پاشان (جیلاس)ی برایان ئاڵای هەڵگرت و ئەویش کوژرا.

ئا بەو شێوەیە هەتا کۆتایی بنەماڵەی (بەنی عەبدودار) کە دە ئاڵا هەڵگربوون هەموویان بە چوار دەوری ئاڵاکەدا کوژران و ئاڵاکەش کەوتە زەوی بوو بەژێر پێی شەڕکەرانی هەر دوولاو و سمی ئەسپەوە.

لە هەموو لایەک شەڕ گەرم بوو، گەرمە باوەڕی وەک مەنجەڵی مسینی پڕ لە ئاوی کوڵاو جۆشی دەخوارد و شەپۆلی تاسە و دڵگەرم بوون لە هەر لاوە سەریهەڵدەدا و هیچ مرۆڤ و بەربەستێک لەبەردەمیاندا خۆی رانەدەگرت و دروشمەکەیان لە سەرووی دەنگی شێر و ئاژەڵ و مرۆڤەوە بوو کە دەیوت: بمرە!. بمرە! کە دروشمی موسڵمانان بوو لەو شەڕەدا.

حەمزەی کوڕی عەبدولموتەلیبی راوکەری شێرانیش ئێستا هەر وەک شێر دەجەنگاو پەڕەکەی سەری تەکانی دەدا و بەملاو بەولادا شیری دەهاویشت و شیرەکەی بەر هەر کەس کەوتبا دەکەوت و هەڵنەدەستایەوە. تا ئەوە بوو لە ریزی پێشەوەی شەڕدا ئەویش نەوەک لە رووبەڕوو بوونەی راستەوخۆ بەڵکو بە خیانەت و و هەروەک چۆن زۆربەی پاڵەوانانی دونیا لەناو تاریکیدا پیلانیان بۆ ساز دەدرێت و دەخرینە داوەوە، لە دوورەوە نیزەیەکی لێدرا و لە ناو هەر دوو لای کەلەکەی ئاودیو بوو و کەوت.

بکوژەکەی حەمزە (وەحشی کوڕی حەرب) رەش پێستی کۆیلەی باڵابەرز کە بێ ئەوەی بۆی بڕوانێت، بوو. خۆی باسی دەکات و دەڵێت: غوڵامی (جەبیری کوڕی موتەعەم) بووم کە (زەعینەی کوڕی عەدی) مامی لە شەڕی بەدردا کوژرا بوو کاتێک سوپای قوڕەیش کەوتەڕی بۆ جەنگی ئوحود (جەبیر) پێی وتم ئەگەر تۆ حەمزەی مامی موحەمەدم بۆ بکوژی ئەوا ئازادت دەکەم.

ئەویش بە شوێن کوشتنی مرۆڤێکی بێتاواندا بۆ بەدەستهێنانی ئازادی خۆی لەگەڵ خەڵکی دیکەدا رێی بیابانی گرتەبەر، ئینجا دەڵێت: کە دوو سوپاکە بە یەکگەیشتن تەنها و تەنها بە شوێن حەمزەوە بووم و لە دوورەوە دۆزیمەوە کە چ شەڕێکی دەکرد و خۆی لە پەنای درەختێک یاخود بەردێک کە لەو بیابانەدا هەر دووکیان کەم دەست دەکەون و بە هیمەتی ئەرز و ئاوی شاخی ئوحودەوە نەبێت، لەگەڵ (سوباعی کوڕی عەبدولعزا)دا رووبەڕوو بووەوە ئاگای لێبوو بە سوباعی وت: وەرە ئەی کوڕی خەتەنە چیەکە دایکی سوباع خەتەنەی دەکرد، شمشێرێکی دا لە ملی سوباع و پەڕاندی.

وەحشیش لە دوورەوە قەرەوڵی لێگرت و نێزەی لە هەوادا رەها کرد دای لە کەلەکەی هەناوی بڕی و لەو لایەوە دەرچوو ویستی بۆ لای وەحشی بێت بەڵام نەیتوانی و کەوت، دیتی ئێستا حەمزە لەوێ کەوتبوو و ئەوی لە زەوی قوتار کردبوو

و شوێنی ئەو لە ئاسمانان بوو لە ناو فریشتان دەخەنیەوە، وەحشی وا هەستی دەکرد کە ئازادە و هەڵبەز و دابەزی بوو چووە سەری و رمەکەی دەرهێناو گەڕایەوە خێوەتگە و کاری بە کاری کەسی دیکە نەبوو، ئەویشی بۆیە کوشت بوو تا رزگاری بێت.

دواتر (هیندی کچی عوتبە) نەوەک تەنها لەبەر تۆڵەی باوک و برای کوژراو بەڵکو لەبەر ئەو ئەرکەش بە خۆی و دەستە خوشکەکانی سپاردبوو کە شێواندن دەموچاوی برینداران و شێواندنی جەستەی مردووان بوو، سینگی هەڵدڕی و دڵ و جگەری دەرهێنا بەڵام حەمزە پێشتر چووبوویە بەهەشت بۆیە گوێی لە دەنگی بڕینەوەی دڵ و جگەری نەبوو.

ئێستا بە شەهیدبوونی حەمزە سوپای ئیسلام یەکێک لە پایەکانی لە دەست دابوو، بەڵام کۆڵەکە گەورەکانی دیکە مەحکەم بوون و بە پێوە بوون و ریزی دوور و درێژی قەد گرنج گرنجی سەر سەوز و سەر رەشی باخە خورمای کافرانیان دەبڕیەوە و بە گەرمی شەڕیان دەکرد، لە سەرووی هەمووانەوە پایە گەورەکە کە سایەی بە سەر هەمووانەوە بوو، فەنەرە بنەڕەتیەکە لە دەست ئەودا بوو نەیدەهێشت بترازێت ئەویش پێغەمبەر بوو کافرانی بێ دینیان شپرزە کردبوو، ئاگری شەڕ لە زەوی دەموچاوی عارەقاوی و گەروو وشکیان دەنیشتەوە.

یەکێک لەوانەی خەریکی بڕینەوەی ئەو باخە بوو دەیویست دەستی بگاتە گەورەترین دارخورمایان حەنزەلی شۆراو بوو، کە هێشتا بۆنی عەتری دەهات و قژە درێژ و زۆر رەشەکانی دەبریسکایەوە، کە لەتەک وەشاندنی شیرەکەیدا بەملاو بەولادا هەوا جۆلانەی پێدەکردن، بە شوێن ئەبوسوفیانەوە بوو دەویست بە دەردی ئەبوجەهلی بەرێت کە بە دەست دوو گەنجەوە لە ناو برا.

ئەم هەر بەو پەنجۆلانەی ئەمشەو بووبوونە بەرخ و بەناو باخی گەورە و درێژی قژی ژنە تازە بووکەکەیدا بەریدابوون و لولیان خوارد بوو، شیرەکەی هەڵبڕی. بە هەموو جەستەشیەوە کە وەک پەڵەیەکی چڕی تەم بەسەر کێلگەی جەستەی ئەودا باری بوو هەڵمەتی دەدا و یەک یەک جەنگاوەرانی دەخستەلاوە و ئەو هەستەی هەیبوو لە ناودانی گەورەی شەڕی قوڕەیش زۆر بە تینتر و لەوەی هەستی پێدەکرد لەوەی لە باوەشی ژنە مەعشوقەکەیدا ئەزموونی کرد بوو کە گەورەتر بوو لە ئەوین.

وردتر لە دەرکەوتنی بەشێک لە جەستەی ئەو کابرایەی دەڕوانی تا تێی بسرەوێنێت لەو روانینە قووڵەی کە لە مل و گەردنی ژێر کەزی خەناوی ژنەکەی دەڕوانی تا ماچ

بارانی بکات، گوێی لە هانکە هانکی شەکەتی خۆی بوو کە پەلەی ئەوەی بوو هەرچی زوتر بگاتە لای ئەبوسوفیان لە ناوی بەرێت و لە ڕێی مەرگی ئەوەوە بگاتە بەهەشت هەروەک چۆن ئەمشەو  ئاگای لە ڕێگەی هەناسەی خۆی و ژنەکەیەوە، پێکەوە گەیشت بوونە ناو بەهەشتێک کە نوێنی نووستنەکەیان بوو.

تازە ژنی گواستوویەوە بەیان کە گوێی لە بانگی جیهاد بوو پێش غوسل دەرکردن لەجێگەدا هەستا بوو تازە بووکەی بە جێهێلا بوو خۆی کردبوو بەناو ریزی کافران و بگاتە ئەبوسوفیان و دەیویست لە ناوی بەرێت، وەک ڕاوچیەک کە پێ بە پێی نێچیرەکە دەجولێتەوە، لەگەڵ جولانەکانی ئەبوسوفیان دەجولایەوە، لە کۆتاییدا بەو نێچیرە بە بەهایە گەیشت و بەگیری هێنا بوو تا وەک حەمزە ئەم پاڵەوانە تازە زاوایەش کە هێشتا خۆی نەشۆرد بوو و لە پشتەوە دەستی خیانەت و لەلایەن (شەدادی کوڕی ئەسوەد)ەوە شمشێرێکی لێدرا.

ئەو هێشتا لە قوولایی چاوانی بووکەکەی دەڕوانی و کسپەی تاسەی ئەو بە دڵدا هات و موچرکێک بە گیانیدا هات و لەزەتێک چووە دڵیەوە کە ئەم شەویش لە باوەشی یارەکەیدا نەیچەشت بوو کە ئەم شەو تا بەرەبەیان وەک دوو پەڵە هەوری سپی کە نوور لە سەریان دەدرەوشایەوە کێڵگەی یەکتریان لێزمەباران دەکرد و جەستەیان ئاوی لێ دەتکایەوە و ڕۆحیشان گوێی لە دەنگی باران بوو، لەزەتێک چووە ڕۆحیەوە کە پێشتر قەد لەزەتی لەو شێوەیەی نەچەشت بوو ئەویش لەزەتی شەهیدی بوو بۆ ئەوەی هەموو چێژەکە بقۆزێتەوە چاوەکانی داخستن و گیانیدا.

ئیدی پێغەمبەر فریشتەکان بینی کە هەڵیانبڕی و خەریکی شۆردنی بوون، ئەو زۆر شتی عەنتیکەی لە فریشتەکانی خودا بینی بوو هەموو جارێک فریشتە لێوی بە گوێیەوە دەنێت و باڵەکانی بە دەوردا دەپێچیت بەڵام ئەمەی بۆ یەکەم جار دیبوو، پرسیاری کرد ئەوە چیە؟ وتیان ئاخر لە بەهەشتی بڕاوەی ژنەکەی بۆ بە بەدەستهێنانی بەهەشتی نەبڕاوە هاتبوو، ئەمەش داستانی حەنزەلەی لەلایەن فریشتەوە شۆراو بوو کە کوڕی (ئەبوعامیر)ی فاسیق بوو.

***        ***        ***

بەو شێوەیە لەو ڕۆژەدا شەڕ بە قورسی بەردەوام بوو بەردەوام شەیتان بەردباران دەکرا و دەبڕایەوە، سوپا ژمارە کەمەکەی موحەمەد وەک شێر پەڕی بوویە سەر پشتی مانگای وەحشی سوپا زەبەلاحەکەی قوڕەیش و قورگی گرتبوو و

هەناسەی لێبڕێ بوو، کافران ورەیان رووخا بوو، ریزەکانیان تێک شکابوون، هەوا بۆنی گەنیوی خوێنی بەر خۆر و لاشەی ئەوانی لێوە دەهات، ئەو چەند سەد سەربازەی موسڵمانان وەک ئەوە وابوو هەزاران سەرباز بن و تەنها رووبەڕووی ژمارەیەکی کەمی سێ هەزار سەربازی دوژمن ببنەوە.

پاڵەوانانی قوڕەیش ئەوەندە بێتوانا و بێدەسەڵات بوو بوون وەک پیرەپیاوی پەککەوتەی لێهات بوو و نەیاندەتوانی شەڕ بکەن، ئەو نیوەڕۆژەی شەڕکردن بووبوویە تۆزی رۆژگارێکی دوور و درێژ و نیشتبوویە سەر هەموو جەستەیان هەرچەند دەیان کۆشا نەشیاندەتوانی رابکەن، ئەژنۆکانیان تینی راکێشانی باری لەشی ئەوانیان نەبوو، قاچەکانیان لە دوویان نەدەهاتن، ئاڵاکەیان لەوێ کەوتبوو، لە ترسی کوژران کەس نەیدەوێرا دەستی بۆ بەرێت، هەمووان لە هەوڵی خۆ قوتارکردندا بوون، کەس بیری ئەوەی نەمابو و کە بۆ تۆڵەی کوژراوانی بەدر هاتبوونە ئێرە.

زوبێری حەواری دەگێڕێتەوە: وەڵڵا بە چاوی خۆم بینیم هیندی کچی عوتبە و کارەکەرەکانی رایاندەکرد و هەرچیان پێبوو لە خشڵ، لە زۆر و لە کەم فڕێیان دەدا تابتوانن هەڵبێن. بەرائی دەیوت: رایان کرد، تا وای لێهات ژنەکانیانم بینی کە خۆیان بە گوریس بەست بوویەوە، قاچەکانیان هەڵدەبڕی وەک باڵندەیەک بەداوەوە بێت بۆ ئەوەی خۆیان رزگار بکەن تا خڕخاڵەکانی پێکانیان دەرکەوتن و موسڵمانەکانیش شوێنیان کەوتن.

هەورێکی رەش خۆرەتاوی داپۆشی بوو زەوی تاریک هەڵگەڕا، موسڵمانەکان سەرکەوتوو بوون و خەریکی کۆکردنەوەی دەستکەوتەکانی شەڕ بوون، لە پڕ هەڵەیەکی گەورە روویدا لە لایەن تیرهاوێژەکانەوە و سەر شاخەکەی ئوحودیان بەجێهێڵا کە وەک برایەکی گەورە نازی برا بچووکەکەی بکێشیت و وەک باوکێک لە سەفەرێکی بە پێ رۆشتووی دوور و درێژدا رۆڵەکەی بخاتە سەر  سەروملی ئاوا لە سەری دانا بوون.

هەڵەیەک ئەوان نەیاندەزانی، هێندە هەڵەیەکی گەورەیە بەڵام ئەوە هەڵەیەکی ئێجگار کوشندە بوو کە مایەی وەرگەڕانی شیرینی سەرکەوتنی موسڵمانان بە تاڵیەکی ئێجگار تاڵی شکست بوو، بەهۆی ئەو هەڵەیەوە، مرۆڤگەلێکی خۆشەویست ئازاریان پێدەگات، رۆح گەلێکی سپی و نوورانی لە جەستە جودا دەبنەوە و باڵیان لێدەڕوێت و دەبنە فریشتە و بۆ ئاسمان دەفڕن، دوژمنگەلێکی دۆڕاو و هەڵهاتوو بۆ سەرکەوتن دەگەڕێنەوە، تەنانەت زمانم لاڵ لەوانەیە خوێنی رژاوی ئازیزترین کەسیان شەهید بوونی پێغەمبەری خودا ببینن، ئەو شەهید نەبوو بەڵام بوویە برینێکی هەمیشەیی بە

سەر دڵی پێغەمبەرەوە و لەکەدارکردنی ناو و شۆرەتیان و شکانی سام و هەیبەتیان کە چەندن ئازاری بۆ برا موسڵمانەکانیان هێنا و تا فەتحی مەککە نەهاتەوە.

کاتێک بینیان دەشتی بەرینی مەیدانی شەڕ باوەشی موسڵمانن کردۆتەوە و خەریکی کۆکردنەوە دەستکەوتن، تیرهاوێژەکانیش ئەگەرچی زۆریش چاک بوون بەڵام وا دیار بوو بیری رۆژگار نەیهێڵا بوو بە تەواوەتی بۆ بیر لە خۆیان بگوازنەوە، ئەو گواستنەوەیەی موحەمەد و هەموو پێغەمبەران لە مرۆڤیان دەویست، وا دیار بوو ئەوان لەوانە بوون هەرچەند پێغەمبەر مژۆڵی زۆر شتی کردن تا بۆ تەنیایی و پێگەیشتنی خۆیان بەرێت، بەڵام روون بوو کە دڵیان لای ئەفسانەکەی ناو دڵیان بوو لە چەقدا نەبوو بەڵام لە کەناری مزگەوتی تەنیایی ئەواندا گۆشەیەکی گرت بوو.

بابەتەکە ژماردنی رۆژ و شەو بۆ بە جێهێڵانی دونیا نەبوو کە ئەوان ئامادە بوون لە پێناو ئیمانیاندا هەر کات بەجێی بهێڵن بەڵکو مەسەلەکە گەورەبوونی رۆح بوو کە هەرچەند دەستکەوتەکان  زۆر و گەورە بن ئەوان دەبوو لەبیریان نەچێت دەستکەوتی گەورەی ئەوان ناوەوەیان بوو.

هەنووکە مەیدانی شەڕ لە کافری زیندوو خاڵی بووبوویەوە ئەوە چاوان ئەوانی پڕ کرد بوو تەرمی بەجێماوی مردووان چەک و تفاقی شەڕی شاهانەی قورەیشیان بوو کە چاوانی پڕ کردبوو و هاوەڵانی شمشێر بەدەست خەریکی کۆکردنەوەی بوون و ئەمانی لێ بێبەش دەبوو، بیری هەمە جۆریش وەک شارە مێرووله لە زەینی ئەماندا هاتووچۆی دەکرد.

بڕۆن... نەڕۆن، ئەگەر بڕۆن فەرمانی پێغەمبەر دەشکێنن، ئەگەریش نەڕۆن بێبەش دەبن، ئەوان دەیانزانی هەموو ئەو شتانەی لە خوارەوەن لە شتە تەمەن کوورتەکانن بەڵام ئەوەشیان دەزانی هیچ شتێک لەم دونیایەدا لەوە خۆشتر نیە کە کاتێک شتێکی کەم تەمەنت دەستدەکەوێت پێش ئەوەی ئەو شتە لەدەست بدەیت بە تەواوەتی چێژی لێبەریت.

ئەوانیش وەک هەموو مرۆڤێک دوو دڵیان هەبوو، دڵی یەکەمیان رۆشتن و دڵی دووەمیان نەڕۆشتنی دەویست، دواجار وەڵامی دڵی یەکەمیان دایەوە بۆ ئەم وەڵام دانەوەیەش بیانوویان دۆزیەوە، مرۆڤ ناوێرێت بێ بیانوو لەگەڵ خراپەدا بێت، بۆیە هەمیشە بیانوویەک دەکاتەبەری بۆ ئەوەی لە خراپەی رووت رۆحی نەچێت، بیانووی ئەوانیش بۆ شکاندنی فەرمانی پێغەمبەر تەواوبوونی شەڕ بوو ئیتر لە شاخەکە هاتنەخوارەوە و کە بە فەرمانی پێغەمبەر پێیدا سەرکەوتوو بوون و بێ فەرمانی ئەویش دادەبەزین.

هەرچەند (عەبدوڵڵای کوڕی جوبەیر) زۆر تکای لێکردن کە دانەبەزن و فەرمانی پێغەمبەر نەشکێنن، نەچنەخوارەوە دەنگی ئەو تکا لێکردنە شاخی ئوحود بیستی و ئەویش بۆ باکان و بایەکانیش بۆ هەورەکان و هەورەکانیش بەئاسمانیان گەیاند، بەڵام ئەوان نەیانبیست، ئاخر مرۆڤ تەنها ئەو داوا و هەواڵانە دەبیستێت کە خۆی دەیەوێت، داواکانی (عەبدوڵڵای کوڕی جوبەیر) نەبیست، بەڵام ئەو هەواڵەیان بیست کە دەیوت: فریاکەون، تاڵانتان لەدەست نەچێت. ئەوە هاوڕێکانتان سەرکەوتن. دەی چاوێڕێی چی دەکەن؟

چل پیاو لە تیرهاوێژان وتیان: ئێمەش دەڕۆین بۆ لای ئەو خەڵکە و غەنیمەت کۆ دەکەینەوە. کێوەکەی ئوحودیان جێهێڵا.

(عەبدوڵڵای کوڕی جوبەیر) لەو فەرمان دەرچوونەی هاوەڵان خۆی بە پێوەنەگرت و لەجێی خۆی دانیشت و خۆی و نۆ لە یارانی تیرهاوێژ لە سەر ئوحود مانەوە.

(خالیدی کوڕی وەلید) کە ئەو هەموو کوشت و کوشتارەی کەسوکاری هیچ پێنەکرا بوو، هەر کە ئەم چۆڵ بوونەی سەر شاخی ئوحدی بینی، وەک ئەوەی لە سکوتێکی ئەبەدیدا خۆی بۆ فرسەتێکی وا مەڵاس دابێت، بە خێراییەکی بێوێنە بای بە ئەسپەکەی دایەوە و بە پشتی کێوەکەدا سوڕایەوە لە تەکیدا کۆمەڵێک لە چەکدارەکانی کەتیبەکەی گەڕانەوە، هەر زۆر بە خێرایی تیری کەمی عەبدوڵڵا و هاوڕێکانی نەیانتوانی بەر لە ژمارەی زۆری موشریکان بگرن و هەر بۆیە لەبەر هەڵەی هاوەڵانی بە شوێن غەنیمەت و دونیادا رۆشتوو، خوێنیان بە تاشە بەردەکانەی (ئوحود)دا پژا.

هەموو دونیا گوێی لێبێت خەتای ئوحود نەبوو هەڵەی تیرهاوێژەکان بوو ئاژەڵەکانی زەوی، شاخەکە و فریشتەکانی ئاسمان کە بۆ یارمەتیان دابەزی بوون بیستیان و بەڵام ئەوان نەیانبیست.

لە شاخەکە کە دەگەڕانە خوارەوە چەند شادمان بوون کە موسڵمانان سەرکەوتوو بوون و دەسکەوتیان کۆدەکردەوە دواتر ئەوەندە غەمیان دایەوە.

پێش هەموو کەس موسڵمانانی تیرهاوێژ بوون کاتێک خەریکی ماشینەوەی دەستکەوت بوون، هاواری کافرانی مردوویان گوێ لێبوو ئێستا زیندوو بوو بوونەوە هاوڕێ هەڵهاتووەکانی خۆیان بانگ دەکرد کە بگەڕێنەوە، بۆ دواوەیان روانی جەستەی سەرکردەو هاوڕێکانیان بینی بە تاشە بەردەکانەوە نووسا بوون، ئیتر بە پێوە وشک بوون و هەرکامیان ئەوەی کۆیکردبووە دایان ناو هەستیان بە ئازارێکی گەورە لە سنگیاندا کرد، ئەوجا زانیان خۆیان چیان کردووە لەتەک خۆیاندا.

هەنووکە ئەوان وەک نوێنەری مرۆڤ لە بەردەم خۆیاندا نەوەک دوژمن رووتیان دەرکەوتوو بوو، بەڵام تازە کار لە کار ترازا بوو حەزیان دەکرد زەمەن بگەڕێننە

دواوه، هەر هیچ نا باڵیان بگرتایەوه و بگشتنایەته سەر شاخەکە و بەری هێرشی لەلایەن پێغەمبەرەوه حیسابکرا بوو و لە لایەن ئەوانەوه لە بیرکراو بکردایە.

ئای مرۆڤ هەمیشە بیانووت هەیە بۆ لە بیرکردنی ئەرکەکانت و بێدەسەڵاتیت لەبەردەم رووبەڕوو بوونەوەی ئەنجامی هەڵەکانت و هەتا مەککە ئازنگی ئەسپەکنیان بدەن و چرکە ساتێک تا ئەویَ لە غار نەوەستن.

کاتێک گوێیان لە دەنگ بوو، دەنگەکەش ناسراو بوو زانیان شتێک روویداوە کاتێک وێرایان لا بکەنەوه دیتیان (عومرەی عەلقەمە) جەستەی کەتە و پیاوانەی خۆی دهێنێت و دەبات و ئاڵا تۆزاویەکە قورەیشی هەڵگرتووەتەوە و رای دەوەشێنێت و جنێوی شەرەف و غیرەت دەدا و داوا دەکات کە بگەڕێنەوە، ئێستا ئەوانی ترساو ئازا بوونەوە، قامچیەکانیان لە سەری ئەسپەکانیاندا راوەشاند و بەرەو دواوه گەڕانەوە، خۆی کردەوه بەناو شەڕدا ئێستا موسڵمانەکانیش بەر و دوایان لێگیرا، ئەو ئاسنە ئاگراویە بوون کەوتنە نێوان ئەوان چەکوشی ئاسنگەرە و کۆتەرە ئاسنەکەوە.

پێغەمبەر لەو کاتەدا لە نێوان نۆ لە یارانیدا وەک یاقوتی ناو نقێمی ئەنگوستیلەی زیو لە نێو دەورە زیوەکەیدا تەنار بوو، کە لەپڕدا لەلایەن ئەسپ سوارەکانی خالیدەوە ئابلۆقە درابوون، هەنووکە ئەو و یارانی لە نێوان دوو بەرداشدا بوون کە هەردووکیان مەرگ لەوان شیرینتر بوو، بکشێتە دواوه بۆ ناو پەناگە دوور لە شەڕەکەی کە لە دواوه موسڵمانەکان بۆیان دروستکردبوو کە ئەگەر ئەوان هەموویان تێدا چوون ئەو بتوانێت بگەڕێتەوه مەدینە درێژە بە ئەرکی سەختی پێغەمبەرانەی خۆی بدات.

یان دەنگی پێغەمبەرانە و ناسراوی خۆی لای هاوشاریەکانی خۆی کە هەنووکە بە ئامانجی کوشتنی ئەو هاتبوون هەڵبڕێت و موسڵمانەکان لە دەوری خۆی کۆبکاتەوه و دڕ بە دوژمنانی گەڕاوە بدات کە هەر دەهاتن و لە بن نەدەهاتن، بایەک نەدەهات چارۆکەی کەشتی پێغەمبەرانەی ئەو بئاوسێنێت لەو هەموو شەپۆلی دەریای رقەی لە چواردەوری کە لە هەموو لایەکەوه سەریهەڵدا بوو رزگاری بکات.

لێرەدا دەنگی پێغەمبەرانەی ئەو شیوەکەی پڕکرد کە نە ترسی پێوە دیار بوو نە ئازایەتیش بەڵکو لە سەروو هەر کام لەو دووانە بوو بانگی یارانی کرد، دەنگێک ئێستا کێوە بێ زەوق و شەوقەکەش دایەوه دۆست و دوژمن و مردوو و زیندوو بیستی ئاژەڵ و دار و بەرد، ئاسمان و بیابان، فریشتە کە بۆ پارێزگاریان دابەزی بوون ئاگایان لێبوو، لە دەنگی دایکێکی دەکرد کە رۆڵەکانی لە ترسێکی حەتمی ئاگادار بکاتەوه دەیوت: بەندەکانی خودا!.

هەر بەمەی ئەو وشەیە لە دەم دەرچوو ئیتر هەموو کافران پێش موسڵمانان خۆیان گەیاندە لای ئەو و بەتەمای گوناهی گەورەی پێغەمبەرکوژی بوون، شپرزیەکی

سەیر لە نێو ریزی موسڵماناندا روویدا، لە راستیدا شپرزی ناو رۆحی هەندێکیان بوو کە لەو سەرزەویە دوور دەستەدا شەڕی جودابوونەوەی حەق و باتیل ئەنجامدەدرا، پەیوەندی راستەقینەی نێوان رۆح و جەستەیان بۆ نەدەنەخشا، کە دەبوو پەیوەندیەکە پەیوەندی دوو لایەنە بێت و رۆح بۆ لای خودایان بەرێت و جەستەش بۆ لای خۆیان.

مرۆڤ دەبێت بە دوو چاو بڕوانێت، چاوێکی گەورە و چاوێکی بچووک، چاوە گەورەکەی بۆ روانین لە ئاسمان بێت و چاوە بچووکەکەشی بۆ زەوی، هەنووکە ئەوان چاوەکەی ئاسمانیان نەیدەبینی بۆیە بە رۆحی کراوەوە بۆ لای خودا نەدەڕۆشتن، تەنها بە چاوەکەی زەوی دەیانڕوانی بۆیە کەللەیی بووبوون و لە شکست نەدەگەیشتن و بۆ لای خۆیان دەهاتن، ئەوان بۆ خۆیان ژیان و بوونی جیاوازی ئەوانی تریان لەبیر کرد

ئیتر هەندێک لە هەوادا ون بوون و بێ ئەوەی لا بکەنەوە تا شاری مەدینە نەوەستانەوە، هەندێکیان تاریکی ناوەیان دەست پێکرد بوو و تا چاوانیان سەرکەوتوو بوو دونیای رۆشنیان نەدەبینی و نەیاندەزانی بەرەو کوێوە هەڵبێن، لە باتی ئەوە رێگای دەرەوەی مەیدانی شەڕ بگرنە بەر یان بگرێنەوە و لەگەڵ دوژمن دەرگیر بن بەرەو شاخەکە هەڵدەهاتن، و ئیتر لە دوورەوە لە لایەن دوژمنانەوە تیرباران دەکران، ئەوان بۆ قوتارکردنی خۆیان خۆیان لە ناو دەبرد.

هەندێکیشیان بە رووبەڕوو بوونەوە بەرەو دواوە گەڕانەوە و لەگەڵ دوژمن لێک پژان و کەس بە کەس نەبوو، وەک هەزار پێیەکی گەورە کە گرێدرا بێت، خۆی لە خۆی پێ جیا نەکرێتەوە، موسڵمانەکان لەبری دوژمن خەریکی قەتلوعامی خۆیان بوون، (حوزەیفەی یەمانی) باوکی بینی خەریکی شەڕکردن بوو هاواری کرد موسڵمانان ئەوە باوکمە نەیکوژن، بەڵام کەس ئەو دەنگەی نەیست و کوشتیان، حوزەیفەش لە کاتێکدا سەری باوکی لەسەر چۆکی دانا بوو وتی: خودا لێتان خۆشبێت.

لەم حاڵەدا بوو کە سەریان لێ تێکچوو بوو نەیان دەزانی چی بکەن و زۆریان دەیانزانی بەرەو مەرگی حەتمی خۆیان دەڕۆن، بەڵام لەوەدا لێیان تێکچوو بوو ئەوەی بۆی دەچن بەهەشت یاخود تەنها مەرگ بوو، زۆریان دەیانزانی هەڵەیەک روویداوە، هەندێک نەیاندەوێرا بیر لە هیچ بکەنەوە نەوەک وەسوەسەی ئەوە بکەن ئەوەی ئەنجام دەدەن بێمانا بێت، ئێستاکەش شەیتانی ترسنۆک گەڕابوویەوە و بانگەشەی بۆ شەڕ دەکرد، هەلی ئەوەی بۆ رەخسا بوو وەسوەسەی وایان بۆ دروست بکات.

هەندێکی تر بواری بیرکردنەوەی لەو شێوەیەشیان نەبوو، هەشبوو ئەو مەیدانەی شەڕی بە ژوورێکی دەرگادار دەبینی کە ئەزموونی ئیمانی خۆی گەورە بکات و ئەو هەموو پۆخڵیە لە یادی خۆی هەڵڕژێتە دەرەوە و خۆی پاک بکاتەوە.

لەم گەرمەی یەکتر کوشتنەی هەر دوولادا گوێیان لە دەنگێک بوو دەیوت: موحەمەد کوژرا.

ئیتر رۆحی ماندوویان شل بوو و ئەو شل بوونەش بۆ جەستەی عارەقاوی و جلی خوێناویان سەری کرد و ئەم هەواڵە بوومەلەرزەی هەڵتەکاندنی بوونی ئەوان بوو، ئاخر مرۆڤ دەشێت تا دەتوانێت بەرامبەر بە دوژمن بێتەوە، دەکوژێت و دەکوژێت تا دەکوژرێت، بەڵام مرۆڤی لاواز بەرامبەر بە بوومەلەرزەی وا هیچی پێ ئەنجام نادرێت، چەکەکانیان دانا و لە شەڕ پەنایانگرت، هی وایان هەبوو بیری لەوە کردەوە هەڵبێت و بڕوات بۆ لای (عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی) تا لە دەست ئەبوسوفیان پەنایان بدات.

خۆرەکە لەسەر ساجی ئاسمان وەکە شفتە بەرەو کەنار لار بووبووەوە، سێبەری هەموو شتەکانیش لەگەڵی کشابوون. رۆنی کاتیش لە ناو ئەو ساجەکەدا قرچەی دەهات کە رۆح و گۆشتی مرۆڤی تێدا دەبرژان، تا گیانی پاک و گیانی پۆخڵی پێ جودا بکرێتەوە، ئەوە روونە کە رۆحە پۆخڵەکان هەر کە دەخرانە ناو رۆنەکەوە خێرا دەسووتان و کەڵکیان پێوە نەدەما بەڵام رۆحە رەسەنەکان تا باشتر لەناو رۆنەکەدا ئەم دیو و ئەو دیو کرابان باشتر گەوهەری راستەقینەی خۆیان دەدایەوە، ئیدی ئەو رۆژە رۆژی بێ کەڵکبوونی رۆحە پۆخڵەکان نەبوو، بەڵکو رۆژی دەرکەوتنی رۆحە رەسەنەکانیش بوو کە دەبرژان، چەندین رۆحی مەزن بەو برژانە ماهیەتی راستەقینەی خۆیان پیشاندا.

(ئەنەسی کوڕی نەزر) ئەو سەحابیە پیرەی کۆمەڵێک ئێسک و پروسک بوو بەسەر وڵاخەکەیەوە دانرا بوو بەلای ئەمانەدا بە ورەی گای کێویەوە تێپەڕی و ئەوانی بینی پاڵیان لێدابوویەوە وتی: بە تەمای چین؟

وتیان: پێغەمبەری خودا شەهید بووە.

وتی: جا کەوابێت دوای ئەو ژیانتان بۆچیە؟

هەستن لەسەر ئەو رێگەیە بمرن کە ئەوی لەسەر مرد، خودایە من داوای لێبورنت لێدەکەم لەوەی ئەمانە دەیکەن و بێبەریشم لە کاری ئەو موشریکانە ئەوجا ئاوزنگی وڵاخەکی لێدا و چووە پێشەوە، لەوێ سەعدی کوڕی مەعازی بینی و وتی: خەیرە (ئەبوعومەر).

وتی: بۆنی بەهەشت دەکەم ئا لەوێوە لەو دیو کێوی ئوحودەوە دێ و ئەوجا چووە ناو گەردەلوولی شەڕەکە و دیار نەما و دواتر بە شەهیدی دۆزرایەوە کە هێندە برینی پێوە بوو نەناسرایەوە، خوشکەکەی بە پەنجەکانی ناسیەوە.

(سابتی کوڕی دحدام) بانگی لە خزمەکانی کرد و وتی ئەی خەڵکی ئەنسار ئەگەر موحەمەد کوژرا دەی ئەوە خودا زیندووەو و نامرێت، ئەوجا هەندێک لە ئەنساریانی

دانیشتوو لەگەڵی هەڵسانەوە و رووبەڕووی کەتیبە بەهێزەکەی خالید بوونەوە و چەندیان لێکوشتن و خالیدیش نێزەیەکی تەقاندە حەواوە و سابتی پێ شەهید کرد.

پیاوێکی کۆچەری بەلای ئەنساریەکدا تێپەڕی و کە خەڵتانی خوێن بوو وتی: دەزانی پێغەمبەر شەهید بووە؟

ئەنساریەکەش وتی: ئەو ئەرکی خۆی جێبەجێکردووە و پەیامەکەی گەیاند، ئێوەش برۆن لە پێناو ئایینەکەتاندا بجەنگن، ئەمەشی بە شێوەیەک وت وەک ئەوەی وتبێتی برۆن لە پێناوی بوونی راستەقینەی خۆتاندا بجەنگن.

زۆر جار مرۆڤ لێی تێکدەچێت و دواتر دێتەوە سەر هۆشی خۆی و هەندێک جار کار لە کار ترازاوە و هەندێک جاریش هێشتا بە بەریەوە ماوە، هاتنەوە هۆشی خۆیان، موسڵمانان لەوانە بوون کە بە بەریانەوە مابوو و ورەیان دایەوە بەر خۆیان دەستیان بە شەڕ کردەوە

ئەمجارەیان ترازووی شەڕ بەلای موشریکاندا لارەسەنگ بوو و کێبەرکێیان لەتەک ئیزرائیل دەکرد و بازاری گۆشت فرۆشیان گەرمکرد خەریکی گیانکێشان بوون، بە تەما بوون لەم کارەیاندا بەردەوام بن، تا دەستیان بە گیانی خودی پێغەمبەر بگات، هەموو تەقەلاشیان بۆ گەیشتن بوو بە ئەو، لە کاتێکدا ئەو هیچ گوناهێک نەبوو تەنها ئەوە نەبێت کە دەیوت: خودام یەکە!

هەموو شەڕەکەش بە چواردەوری ئەو دەسوڕایەوە، موسڵمانە پاڵەوانەکانیش کە لەبەرەی پێشەوەی شەڕ بوون کاتێک هەستیان بە مەترسی ژیانی پێغەمبەر کرد خێرا بۆ دواوە کشانەوە تا فریا بکەون.

تا ئەوەی قارەمانان گەیشتن، ئەو مەسافە چەند سەد مەتریە بوو بوو بە ڕێگای هەزار ساڵ و بەوانی ئیدی تەی نەدەکرا، ئەی خودا... ئازیزەکەیان لە دەستی دوژمندایە و چۆن چۆنی پێی بگەن، تا ئەوان دەگەن کێ بەرگری لێبکات. ئەوەی هەمیشە لە خەیاڵیاندا بوو ئێستا دەیانبینی لە کوێدایە!.

دەیانەویست شتێکی گەورە بقەومێن کە هەموو ئەرز و ئاسمان لە ترسی قەومانی زەندەقیان چوو بوو، خۆر حەزی دەکرد هەرچی زووترە جلی  نووریني خۆی بپێچێتە و قۆڵی هەڵبکات و لە ئاسۆ دوورەکان لەو دیو بیابانە گەورەکەوە خۆی بکات بەو دیودا تا نەیبینێت، هەر هیچ نا پەڵە هەورێکی دەستبکەوێت تا بچێتە پەنایەوە و خۆی مات بدات و ئەوەی روودەدات نەبینێت.

هەر کە موحەمەد بانگی لە یارانی هەڵدا، بانگ لە هەوادا دابەش ناکرێت هەندێک بیبیستن و هەندێک نەیبیستن، بۆیە دۆستان و دوژمنان بیستیان، بگرە کافران پێشتر گوێیان لێ بوو چونکە نزیکتر بوون.

که شوێنی دەرچوونی دەنگەکە بیسترا هەمووان روویان تێکرد، کافران بۆ کپکردنی و موسڵمانان بۆ بەرگری لێکردنی، هەمیشە وابووە پێغەمبەرایەتی تەنها دەنگێک بووە، دژایەتی کردنیشی تەنها دژایەتی ئەو دەنگە بووە، هەر ئەو دەنگەش بووە بەردەوام مێژووی بڕیوە، جەستە کوژراوە، بە تەور سەر لە لاشە جودا کراوەتەوە، بە شیری تیژ و مشار، خانە و دەمار ئیسقان و دوو قاچ و دوو چاو و دوو گوێی و دوو دەستی و کەللە پێکەوە هەڵژنراوە و دڵیش وەک سێو دوو لەت کراون کەمیان نەبوونەتە دوو نیوەی جەستەی داهێنراو و گۆشت و خوێنیان بوونەتەوە بە خاک، بەڵام ئەو دەنگە هەر ماوە.

خالید و سەربازەکانی لە دەور ئەو دەنگەدا دەسوڕانەوە کە لە گەرووی (موحەمەد)دا بوو، موحەمەد و تەنها نۆ لە یارانی لە دەوریدا بوون، دونیای شەڕی ئەو ڕۆژەدا دۆڕان شەڕ کەوتنی ئاڵا بوو، بەڵام لەم شەڕەدا جودا لە شەڕەکانی دی دۆڕانی شەڕ تەنها بە کەوتنی موحەمەد و دەنگەکەی ناو گەرووی موحەمەد بوو، سوارەکان بە دەیان و سەدان بۆ ئەو دەنگە و بۆ موحەمەد ڕۆشتن، بێ ڕەنگ هێنان و بردن بە ئارامیەک شایستەی کۆتا پێغەمبەر بێت بە یارانی کە پێی وڵاخەکانیان بە شوێن یەک و بازنەیی خاکی بیابانیان دەپێوا بۆ ئەوەی هەر بەلایەک بۆ لای ئەو بێت بەر ئەوان بکەوێت، وتی: کێ ئەمانەم لە کۆڵ دەکاتەوە تا یاوەرم بێت لە بەهەشتدا.

ئەوان ئەوەیان دەزانی کە ئەو ئەوانی لەبەر خۆیان دەویست نەوەک خۆی، ئەو ئەوانی بە ئامراز نەگرت بوو، ئەو ئەوانی لە خۆی زۆرتر خۆش دەویست، قەد ئەوەی لەبەر خۆی نەدەوت بەڵکو بۆ پێگەیشتنی ئەوان بوو، بۆیە یەک بە شوێن یەک بە بریسکە و تەقەی شیرەوە خۆیان بەناو چەند ریزە بازنەی تێکچرژاوی دوژمنا دەکرد و نەیاندەتوانی سوارە وەپاڵ یەکەوە ریزبووەکان ببڕن کە هەر کامیان و پەلەی بوو بگاتە موحەمەد و لەناوی بەرێت، تا خۆیان و شمشێرەکانیان لەت لەت و خوێناوی دەبوون.

ئەمان لە برینە زۆرەکانیان خوێن دەڕۆشت و شیرەکانیش دەچوونە ناو سک و هەناوەوە و خوێنیان پێدا دەڕژا، تا حەوت لە یارانی شەهید بوون کە حەوتەوانەیەکی ئەنسار و ئاسمانی مەدینە بوون کە هەنووکە بووبوونەوە بە ئەستێرەی شەهید و چوو بوونەوە ئاسمان، بەڵکو بووبوونەوە باڵندە فریشتە و چووبوونەوە ئاسمان، لەوێ لە دەوری موحەمەد مابوونەوەوە.

دووان لە یاران کە هەر دوو لە کۆچبەران بوون، بە تاک و تەنها رووبەڕووی مەرگ لەبەردەم ئەو هەموو شیر و تیرەدا کە بەرەو رووی کرابوونەوە، هەر وەک (مەسیح)ی برای کاتێک بەرەو خاچ دەبرا و ئەو حەواریەکانی نەیاندەوێرا خۆیان پێشان

بدەن و ئەم دەستیان نەدەگەیشت پێی بگەن و بەرگری لێبکەن، ئەو بەر نەفرەت و دار و بەردی تێگرتن بوویەوە، ئەمیش هەم تیر و هەم شیر و هەم نەفرین و هەمیش بەردیان تێدەگرت. بەرد هاوێژترینی عەرەب (عوتبەی کوڕی ئەبی وەقاس) کوڕی خاڵی موحەمەد بوو، بەردێکی گەورەی ئەوەندە لە سەر لەپی و پێنج پەنجەی دەستدا جێی بێتەوە رەش و کرنج کرنجاوی گرتیە ناوچاوانی موحەمەد و خوێنی گەرم بە ناوچاویدا هاتەخوار و چووە ناودەمیەوە.

هەرەک مەسیحی برای رقی لێیان نەبوو بە دەم و لێوی خوێناویەوە دەیوت: چۆن خودا لە قەومێک خۆش دەبێت ئاوا لە پێغەمبەرەکەیان بکەنن پاشان هەر لەو ئازارەدا فریشتەیەک هاتەخوارەوە و ئایەتی بە گوێدا چرپاند و لەو گەرمەی شەڕەدا کەس بواری ئەوەی نەبوو بزانێت چیە. دوای ئەو ئایەتە کە هەر خۆی بیستی لێوانی هەڵهێنان وتی، خودا لە قەومەکەم خۆش بە چونکە نازانن.

ئێستا موحەمەد تەنها دووان لە یارانی بەرگریان لێدەکرد کە یەکیان (تەڵحەی کوڕی عەبدوڵڵا)ی پاڵەوان و (سەعد کوڕی ئەبی وەقاس) بوون کە هەر دووکیان لە تیرهاوێژانی عەرەب بوون، کە هەندێک تیریان لەوانە دەتەقاند کە لە دوورەوە هەڵمەتیان دەدا و دەیانویست بگەنە پێغەمبەر و شمشێریان لە گۆشتی ئەوانەش دەسوو کە نزیک دەبوونەوە، بەینێکیش کە تیری پێ نەما بوو بە شمشێر بەرگری لە پێغەمبەر دەکرد کە وەک ئەوەی یەک کەس نەبێت بەڵکو پانزە کەسن ئاوا شەڕی دەکرد.

هەموو سەحابە شایەتی ئەو جوامێریەی ئەو بوون و دەیانوت: رۆژی ئوحود رۆژی تەڵحە بوو ئەبوبەکر شیعری پێدا وت، شەکەت و خوێناوی لە خوێنی خۆی و خوێنی دوژمنان بوو، تا ئەوەی شمشێرێک بەر دەستی کەوت و چوار پەنجەی قرتان، و نەیهێشت کافران شمشێریان بە پێغەمبەر بگات، ئەو شەهید بوو بەڵام نەمرد بوو.

ئەگەر مردن هەر ئەو کاتە بێت کە ئیدی تۆ لێرە نیت، شەهادەت کاتێک دێت کە هێشتا کە تۆ لەوێیت. جیاوازی شەهیدی و مردن لەوەدایە کە مردن لە کۆتایی رێ و شەهادەت لە ناو تۆدایە، پێغەمبەر فەرمووی کێ دەیەوێت سەیری شەهیدێک بکات کە هێشتا بەسەر زەویدا دەگەڕێت با سەیری تەڵحەی کوڕی عەبدوڵڵا بکات.

سەعدیش تیری دەگرتە ئەو شوێنانەی جەستەی کافران کە لە ژێر زرێ پۆشەکەیاندا بە حاڵ دەبینران و پێغەمبەر دەیفەرموو تێیان بگرە دایک و باوکم بە قوربانت بێت. دواتریش هەر کەس دەگەیشتە ئەوێ دەیفەرموو تیرەکانت بۆ سەعد برێژە پێغەمبەریش خۆی تیری دەهاوێشت هێندە تیری هاوێشت کەوانەکەی لەت بوو، بەینێکیش تەڵحە قەڵغانەکەی دابوویە بەر خۆی و بەر پێغەمبەر تا لەو بارانە تیرانە

بیانپارێزێت که به کۆمەڵ وەک هەور ئاسمان تۆزاویان دەبڕی سێبەری خێرایان لەسەر زەویەکە دەنەخشاند و بۆ لای ئەمان دەهاتن.

ئاخر سوپای کافرانی سێ هەزار نەفەری تەقەلای لای ئەمانیان بوو، پێغەمبەر هەموو تیرەکانەی خۆی بۆ سەعد هەڵڕشت و ئەویش تێی دەگرتن و هیچیانی بە خەسار نەدەچوو، ها خەریک بوو کافران بەوان دەگەیشتن و بەڵام هەرگیز، نەدەگەیشتن چونکە پاراستنی پەیمانی خودا بوو، یارانی دوور لە هەوڵی گەیشتندا بوون تا بەمان بگەن بەڵام نێوانیان جیهانێک لە ئەسپ و شمشێر و گۆشت و خوێن عارەق بوو کە دەبوو بیبڕن، بەڵام هەر دەهاتن ئەو دونیایان بە چ حاڵێک دەبڕی و خۆیان دەگایان  هەندێیان دەگەیشتن و هەندێکیان نەدەگەیشتن.

لە کاتی هەوڵی گەیشتنیدا یەکێک لەوانەی زۆر لە پێغەمبەری دەکرد (موسعەبی کوڕی عەمەیر) بوو کوڕە رێکپۆش و لاوەکەی پێشتری قوڕەیش کە لە هەر کوچەیەکەوە بڕوایە بۆنی عەتری لە چەند کوچە لەولاوە بیستراوە کەچی ئێستا کەیلی بۆنی تیژی عارەق و خوێن بوو کە هیچ کەس لەوێ بۆنی نەدەکرد چونکە هەمووان وەک ئەو بوون، هەنگاوی مەردانەی دەنا و شمشێری دەوەشاند.

(عەبدوڵڵای کوڕی قومئە) وایزانی پێغەمبەرە و بۆ فێڵی شەڕ ئاڵاکەی هەڵگرتووە، شمشێرێکی دا لە قۆڵی راستی دەستی لێبووەوە و ئینجا بە دەستی چەپی ئاڵاکەی هەڵگرت و لە رووی ئەو  هەموو سوارەدا مایەوە کە هەموو رقێکیان خستبوویە لاوە و بۆ شەهید کردنی پێغەمبەر بەرەو رووی ئەم دەهاتن پاشان ئەو سوارە سەرسەختەی شیری لەلای راستی دابوو لە پشتەوە گەڕایەوە و شیرێکی لە دەستی چەپیدا و پەڕاندی  و موسعەب دەموچاوی چەقیە تۆز و خۆڵی بیابان هاواری کرد موحەمەدم کوشت.

دەنگی هەموو مەیدانی شەڕ دەنگی دایەوە بەڵام ئەوە راست نەبوو چونکە دەیزانی موسڵمانان لە جێیەک کۆدەبنەوە مانای ئەوەیە کە موحەمەد لەوێیە، ئەوە مانای وایە موحەمەد هێشتا نەکوژراوە و ئەگەر کوژرابێتیش زیندوو بۆتەوە، بەرەو ئەو جێیە ئاوزنگی گرانترین ئەسپی قوڕەیشی دا.

ئەسپ سوارەکە خۆی گەیاندە موحەمەد کە تەنها دوو چەکداری لەم نزیکتری لە دەور بوو، یەکێکیان بە یەک دەست شەڕی دەکرد و ئەوی تریش تیری دەهاویشتن و دەیبنی بۆ کۆکردنەوەی تیران بێ گوێدان بە تیری دوژمن بۆ سەر جەنازەی مردووان دەکشا کە هەر خۆی کوشتبوونی تا تیر لە سینگیان دەربهێنێت بە گەرووی کەوانیدا بکات و بۆ دوژمنانی دووری بتفێتەوە.

ئەوەشی بینی کە تیران بە سەریدا وەک بە کونەدا بەردرینە خوارەوە بەسەریدا دەبارێن و هیچیانی بەر نەکەوت و لە شوێنی خۆششی نەدەبزوا هیچ قارەمانێکی نەدیبوو بەو دامەزراوەییە شەڕ بکات، خۆی بوو موحەمەد بوو نەیوێرا رووبەڕوو بێتەوە چوو لە دواوە بە خۆی و ئەسپەکەیەوە گوڕی خواردەوە و تا بۆی کرا بەرەو موحەمەد گوڕی خواردەوە و تا توانیشی شمشێرە زەبەلاحەکەی لە شانیدا، کە تا مانگێک ئازاری هەبوو، پاشان شمشێرەکەی بە دەستیەوە رایەڵ کردەوە و بە سینگیدا کێشا و ئەڵقەبەندی زنجیربەندەکەی سەر سینگی پێغەمبەر بەر بوویەوە و ئەلقەکانی لە روومەت گیران و لە کاتێکدا لێوەکانی هەڵدەتەکاند و سمێڵەکانی کە هاتوونە ناو دەمیەوە بزوان و وتی: دە بخۆ دەی من (ئیبن قومەئە)م. پێغەمبەریش بە دەموچاوی خوێناویەوە لێی روانی وتی: خودا تەفروتونات بکات.

یەکێکی دیکە کە دەموچاوێکی وەک رێوی و چاوە رێوی ئاساکانی ورد ورد دەگێڕا تا پێغەمبەر بدۆزێتەوە و بەڵام خودا ئەوی لەبەرچاو ون کردبوو و کابرا هاواری دەکرد: ئەرێ موحەمەدم پێشان بدەن خودا بمگرێت ئەگەر بهێڵم لە دەستم دەربچێت! پێغەمبەری لە پاڵدا بوو و نەیبینی پاشان (سەفوان) کە دەیبینی و دەنگی نەدەبیست پێی وت موحەمەد لە پەناتدا بوو بۆ نەتکوشت.

ئەویش دەیوت سوێند بێت بۆی دەگەڕام بەڵام نەمدەدۆزیەوە.

یەکێک لەو ژنانەش کە بە بێ تفاقی شەڕ بۆ بەرگری لە سەرووەرەکەی شمشێری هەڵگرتبوو کە ئەم کابرایەی بینی شیرەکەی لە پێغەمبەردا، (ئوم عەمارە) بوو لە ئەسپەکە هاتە پێشەوە و کە ئەسپەکە گەیشتە لای، خۆی لادا و بە خێرایی دوو جار شمشێری لە سوارەکەی سرەواند و زرێپۆشەکەی رێگربوون لەوەی شمشێرەکەی (ئوم عەمارە) لە سی و ناوپەنچک تا ریخۆڵەکانی عەبدوڵڵای پێغەمبەرکوژ ببڕێت و بە ئەسپەکەیەوە تێپەڕی و لە بوغار و شەڕ و چەک و ئەسپ و هاوار هاواردا ون بوو.

بەڵام ئوم عەمارە مایەوە و بەرگری لە پێغەمبەر کرد تا دوانزە جار شیری بەرکەوت و شەهید بوو. هەنووکە پاڵەوانەکان بەرەبەرە گەیشتنە پێغەمبەر و قەڵای مرۆییان بە دەوریدا دروستکرد و قەڵاکە بە فەرمانی پێغەمبەر و لە سەر حیسابی خوێن و مەرگی ئەوان تا کەنار شاخەکە کشایەوە، ئەوبەکر و عومەر و عەلی و عەبدورەحمانی کوڕی عەوف و سەعدی کوڕی مەعاز و ئەبو دوجانە و قەتادەی کوڕی نوعمان کە کەوانە شکاوەکەی پێغەمبەری هەڵگرت و وەک بیرەوەریەک لای خۆی هێشتبوویەوە، هەر ئەو قارەمانەی چاوی دەرهات بوو کەوتبوویە بەر روومەتی و پێغەمبەر هەڵیگرتەوە و خستیەوە شوێنی خۆی و لە جاران باشتری دەبینی. (مالیکی

کوڕی سینان) کە خوێنی سەر رووومەتی پێغەمبەری بە چاوی فرمێسکاویەوە دەمژی تا پاکی بکاتەوە.

(حاتەبی کوڕی ئەبی بەلتەعە) وەدووی بەرد وەشێنەکەی قوڕەیش (عوتبەی کوڕی ئەبی وەقاس) بەرەو شاخەکەدا کەوتبوو لە کاتێکدا براکەی (سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس) بە شوێنیدا دەگەڕاو تا بیدۆزێتەوە و بیکوژێت، بەڵام (حاتەب) پێش ئەوەی بگاتە بناری شاخەکە گرتی و سەری لە لاشەی جوداکردەوە و شمشێرو ئەسپە سپیەکەی هێنایەوە.

(سەهلی کوڕی حونەیف) کە پەیمانی هەتا مردنی بە پێغەمبەر دابوو، تا مردن تیری هاویشت و تا ئەو کاتەی تیرێک بەر ملی کەوتوو و ریشی رەش و گۆنای ئاڵی خوێناوی بوو و دەم و لووتی لە هەڵمژین و دانەوەی  هەوا وەستان و کەوتە زەوی و عارەقەی گەرم تێکەڵ بە تۆزی بیابان بوو کە بە بنی گوێکانیدا دەهاتەخوارەوە و چاوانی بڕی بوویە ئاسمان.

(ئەبو عوبەیدەی کوڕی جەراح) پیاوە فریشتە بێ باڵەکەی مەدینە هەنووکە باڵی گرتبوو لەگەڵ ئەبوبەکردا لە پێشبرکیدا بوو کە ئەویش وەک ئەم وەک مینا لەسەر پشت ئەسپی باڵدار بن دەفڕین، تا بگەنە سەروەرەکەیان. کە گەیشتن ئەویان بینی کە شەڕ دەکات و تیرباران دەکرێت و قولاپی زریپۆشەکەی چەقیوەتە دەموچاوی نوورانی، ئەبوبەکر ویستی دەریبکات بەڵام هاورێکەی سوێندیدا کە ئەو ئەم کارە بکات، ئیتر ئەباعوبەیدە و نووکی شمشێرەکەیی و دواتر بە ددانی نەوەک پێغەمبەر ئازاری پێبگات دەریهێنا و دانێکی (ئەباعوبەیدە)ش کەوت.

ئیتر موسڵمانەکان پێکەوە و پێغەمبەریش لە ناوەڕاستدا ئابلۆقەی کافرانیان شکاند و لە کاتێکدا پشتی یەکتربوون و یەکتریان لە هەڵمەتی دوژمن ئاگادار دەکردەوە و خۆیان دەدایە بەر تیرێک کە بۆ ئەوانی دیکە دەهات، (ئەبودوجانە) خۆی کرد بوو بە قەڵغانی پێغەمبەر تیرەکان کە بەرەو ئەو دەهاتن تەقەڵیان لە پشتی ئەو دەدا.

قەڵاکەیان بەرەو بناری شاخەکە بزواند و پاشان وەک کوڕەی هەنگ بە  شاخەکەدا هەڵزنان، هەرچەند ئەم سەرکەوتنەش بێ ئازار نەبوو باجی خۆسەنتەری مرۆڤ ئەنجامەکانی نەبڕابوونەوە وەک ئەوەی کاتێک مرۆڤێک خواردنێکی خراپ بخوات ئاوا ژەهراوی بووبوون، دەبوو پاک ببنەوە باجی پاکبوونەوەش ئاسان نەبوو، ئەوان پێویستیان بە پێگەیشتنی زیاتر هەبوو بۆ ئەو تێگەیشتنەش دەبوو تاڵاوی زیاتر بچێژن هەروەک چۆن تۆوێک بێ ئەوەی بگات دەبێت بە چەند قۆناغی مردن و تاڵاوی بڕینی خاکدا تێپەڕێت، ئەوانیش بەرەو سەرکەوتن و رزگاربوون دەبوو تاڵاوی ئازارەکانی بڕینی قوڕەیش ببرن، هەر بەو ئازارەشەوە توانیان بە ناو ئەو هەموو موشریکە هێرش

بەرەدا کە باوپاپیرە مردووان و کوژراوەکانی قورەیشیان لە تەکدا بوون و بە نیازی لەناوبردنی موسڵمانان هێرشیان دەهێنا و ڕێگایان بڕی.

یەکێک لەوانەی کە هەموو تواناکانی بتەکانی لات و عزا و هوبەلی لە دەنگیدا هەڵساندبوویە و هەموو داواکانی کوژراوەکانی قورەیشی لە سینگیدا بوو (عوسمانی کوڕی عوبەیدوڵای کوڕی موغیرە) بوو، هات بەرەو ڕووی پێغەمبەر و دەمامە داپۆشەرەکەی ڕووی لادا و وتی: خودا بمکوژێت ئەگەر بهێڵم رزگارت بێت.

پێغەمبەر بۆی هەستایەوە و کەوتە ناو چاڵێکەوە کە (ئەبو عامیری فاسیق) بە نهێنی هەڵیکەند بوو، (حاریسی کوڕی زوممە) یەکێک لە عاشیقانی پێغەمبەر بوو بۆی دەرپەڕی و شمشێرێکیدا لە قاچی ئەسپەکەیی و ئەسپەکە کەوت و سێ جار تلیدا و بەرەو تەختاییەکە ڕۆشت و پاشان لە ناو خۆڵەکەی تەختاییەکەدا گەوزایەوە و خۆیدا بە سەر عوسماندا هەر بەرەو خوار تلدەبوونەوە و بوونە یەک و جارێک ئەم سەر دەکەوت جارێک ئەویان.

دواجار حاریس شمشێرەکەی لە گردنی عوسمان گێراند و گەرووی بڕیەوە و لرخە لرخ چاوەکانی خولانەوە و ئەویش شمشێرەکەی هەڵگرت و بۆ لای پێغەمبەر گەڕایەوە. هەر لەو کاتی گەڕانەوەدا سوارێکی قورەیش لە دوورەوە وەک هەورێک رەش دەرکەوت و هەورە بروسکەی شمشێرێکی لە باڵی حاریسدا و برینداری کرد و موسڵمانەکان هەڵیانگرت و لەتەک خۆیان بردیان، (ئەبو دوجانە)ش هەڵگەڕایە و نەیهێڵا کابرای سواری رەشپۆش تێپەڕێت و بەخۆی و پەرۆ سوورەکەی ناوچاویەوە بۆی هەڵدا و چووە ئاسمان و گەیشتە ئاستی ئەسپ سوارەکە و شمشێرێکی لە گەردنیدا و سەری پەڕاند.

ئای چەند ماندوو شەکەت بوون کاتێک بە لاپاڵەکەدا سەردەکەوتن و پێغەمبەر لە لاکردنەوەیدا بریسکەی چاوی کەوتە سەر کابرایەک کە بەرەو ڕووی دەهات، ئەوی ناسیەوە یەکێک لە سەرتاشراوەکانی ئەنجوەنی قورەیش (ئوبەی کوڕی خەلەف) بوو کە شمشێرەکەی دەستی وەک سەما بکات بە دەستیەوە دەسوڕانەوە هەرەشەی دەکرد وەک دوانی پێش خۆی کە کوژران دەیگوت: کوا موحەمەد، خودا بمکوژێت ئەگەر نەیکوژم، پێغەمبەر هێۆر و ئارام فەرمووی: وازی لێبهێنن.

نەیانزانی مەبەستی چیە تا ئەو کاتەی رمێکی لە (حاریسی کوڕی زەممە) بە خرایی وەرگرت و بە هێزێکی توندی وا هەڵیدا کە هێزی خودا نەبوو هێزی بەشەر بوو بەڵام هێزێکی هێندە خێرا و بەهێز بوو موچرکەی بە لەشدا دەهێنا و لە نێوان کڵاوەکەیی و زرێپۆشەکانیدا کونێکی دۆزیەوە و خۆگەیاندە گەردنی کابرا و لە سەر ئەسپەکەی هەڵیدایە خوارەوە و لە سەر تاشە بەردەکان هاتە خوارە و لە سەر لمی مەیدانی شەڕ

گەوزا و دەیبۆڕاند: وەڵڵا موحەمەد کوشتمی. کاتی خۆی لە مەککە پێی وتبووم. من دەتکوژم ئەوا کوشتمی. پێان وت: هیچ نیە هەیبەتی ئەوە زەندەقی بردوویت.

ئەو دەگریا و دەیوت: نا... نا... سوێند بە خودا ئەگەر تفێکیشی بۆ هەڵدابام هەر دەیکوشتم.

کافران هەڵیان گرت و لە گەڕانەوەیاندا لە ناوچەی سیرف مرد لە کاتێکدا دەیوت: سوێند بێت ئەو ئازارەی بە منەوەیە ئەگەر بە هەموو خەڵکی (زی المجازەوە) بووایە ئەوا هەموویان دەمردن.

خالید زانی سەرکردایەتیەکەی ئەم لە ئانی قەیران و کتوپڕیدا لە چاو ئەوەی موحەمەد کردی بەو حاڵەی بە سەریان هاتبوو بەو ژمارە کەمەی هەیان بوو هیچ نەبوو، ئەو توانی بووی هاوڕێکانی لەو مەرگە وەک دەریا هێرشی بۆ کەشتی تێکشکاوی ناو هەناوی خۆی رزگار بکات.

هەنووکە دەیبینی وەک کۆمەڵێک لە کەڵە کێوی بە شاخەکەدا سەردەکەوتن و ئەمان هیچیان پێ نەدەکرا و شاخەکە لە جوڵەی بە نەزم وەک گوڵی سپی چنراو لەسەر فەرشێکی تەخت رەش نەخشیان دەبەست و لە خوارەوە ئەوان بۆیان دەڕوانین و نەدەزانرا کێ کێیە، تەنها عومەر نەبێت بە باڵای بەرزی خۆی لە قوڕەیشیەکان و لە هەر شوێنێک تارمایی دەرکەوتایە دەناسرایەوە، هەنووکە کە سێبەرەکانی کە بە سەر تاشەکانەوە دەردەکەوت لە خوارەوە بە ریتمی کەڵەکێوی دەبزوا. لە ناو سارایيدا بوونایە، بازنە یاخود سێ گۆشەیەکیان لە خۆیان ساز دەدا و موحەمەدیان لە ناوەڕاستی دادەنا بۆ ئەوەی کەس دەستی پێنەگات، بەڵام ئێستا کە بە شاخەکەدا پژا بوون وەک ئەوە وا بوو وەک باڵندەیەک لە سەرەوە سەیری بازنەکە بکات و کەس لە نێوان نیگای باڵندەکە و دروستکەرانی بازنەکە و چاوانی باڵندەکەدا نەبێت.

هەنووکە چاوی ئەمان لە خوارەوە سەیریان دەکرد چاویان وەک چاوی باڵندەکە بوو بەڵام لە خوارەوە نەوەک لە سەرەوە لە بازنەکەیان دەڕوانی بەڵام کەسیان بۆ جودا نەدەکرایەوە.

خالید دڵنیا بوو یەکێک لەوانەی کە سەردەکەوت موحەمەد بوو بەڵام نەیدەزانی کامیانە و هەرچەندە هێشتا (ئیبن قومئە) هەزار سوێندی بە لات و عوزا و هوبەلی مێینە دەخوارد کە ئەو موحەمەدی کوشتووە. بەڵام موحەمەد نەکوژرا بوو، ئێستا کە بە شاخەکەدا سەردەکەوت نە رقی لێبوو و نە خۆشیشی دەویست، بگرە رێزی لەو توانا سەربازیەی سوڕما بوو. ئەو بەو شاخەدا دەیویست هاوڕێکانی لە جیهانی مردووان رزگار بکات، ئەو کوشتارگایەی لە خوارەوە بۆ یارانی ساز درابوو، ئەو دەگەڕایەوە

شار و جارێکی دیکەش ئامادە دەبوویەوە بۆ شەڕکردن لەتەک ئەوانەدا کە هاتبوون موحەمەد لە ناو بەرن و موسڵمانان تەفروتونا بکەن.

پێغەمبەر کە لە شاخەکەدا سەردەکەوت سەیرێکی دواوەی خوار شاخەکەی کرد بینی سوارەکانی قورەیش بۆیان سەر دەکەوتن ئەو خالیدی بینی بۆ پێشەوە پشت بەستوو بە ئازایەتی لاوی خۆی پێش ئەوان دی کەوت بوو. ئەبوسوفیانیش کە پیری خۆی لەبیر کرد بوو و تەقەلای دەرچووونی لە تەک (خالید)دا بوو.

ئەو زۆر شەکەت و خوێناوی بوو ئاخر ئەو هەموو سوپایە بۆ ئەو هاتبوون، نیازیان کوشتنی ئەو بوو بەو حاڵەوەش نە ئەرز هاوڕێکانی و نە ئاسمانیش فریشتە لە دەستی ئەو دڵ بەردانە رزگاریان کردبوو ئەوانەی نەوەک بە زیندوویی لێی نەدەگەڕان بگرە ئەگەر بۆیان بکرابایە بە بریندارى و نیوەمردوویی دەموچاویان دەشێواند، بە مردوویی جەرگ و دڵیان دەردەهێنا، خودایە ئەمانە نموونەی چ جۆرە شەیتانێکن، کە ئیبلیسیش لە دزێوی کارەکانیان سەری دەسوڕمێت.

لە سەرکەوتنیدا گەیشتە بەردەم بەردێکی گەورە ویستی دەستی پێوەبگرێت و سەر بکەوێت بەڵام نەیتوانی ئەوسا زانی جەستە هەرچەندە بەهێز و سەرحاڵ بێت ناتوانرێت بە تەواوەتی پشتی پێببەسترێت، پیری وەک تۆزی ئەمرۆ دەنیشتە سەری، بەڵکو ئەو هەر وەک مردن کە بەرەو پیری بچێت پیری لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە لە ناوەوە دێتەدەرێ. پیری و مەرگ لە کێبڕکێدان کامیان زووتر بگات ئەگەرچی پیری بۆ هەر کەسێکیش پێش بکەوێت و ئەوا لە کۆتاییدا لە بەردەمی ئازایی و زاڵبوونی مەرگدا چۆک دادەدات. مردن هەموو زەمەن و ئازایەتیەک دەبڕێت. مەرگ شمشێرێکە بە حەواوە وەستاوە و لەپڕێکدا دەدات لە مرۆڤ و هەپروون بە هەپروونی دەکات، هەر وەک ئەو شیرەی ئەمرۆ لە حەمزەی داو کێ باوەڕی دەکرد حەمزەی سەردەستەی پاڵەوانان ئێستا سەردەستەی شەهیدان بێت.

سەیری جەستەی خوێناوی خۆی و لە مەرگ قوتاربووی بەردەم ئەو هەموو شیر و تیرەی خۆی کرد، جارێکی تر دەستی بە بەردەکەوە گرت تا سەر بکەوێت، بەڵام شەکەت و وەڕس بوو ئەوان پێش ئازاری جەستەی رۆحیان بریندار کردبوو. ئەو دەیزانی ئەوان لە مەیدانی شەڕدان و دوو لایەن بۆ کوشتنی یەکدی رووبەڕوو دەبنەوە، بەڵام ئەوەی جێی سەرسوڕمانی بوو ئەو هەموو خراپیەی قورەیش بوو چۆن کاتێک ترسابوون هەڵهاتبوون و چۆنیش کاتێک ئازاد بووبوونەوە و گەڕابوونەوە ئەو هەموو شەڕ و خراپەیان لە دڵی خۆیاندا هەڵگرتبوو، بینی بووی چیان کرد بوو و پێشیان کرابا دیلیان دەکرد.

به ڕاستی کاری پێغەمبەران گرانترین کار بوو، کە ڕووبەڕوو بووونەوەی مرۆڤێکی خراپی وا بوو. خودایە شوکر ئەگەر هەموو ئەوەی بەسەریدا دەهات ڕەزای خودای لە سەر بوو، ئەوا ئەم هەمووی بە کامی دڵ کڕی بوو.

ئەوی پاڵەوان کە هەنووکە تەڵحەی یەک دەست بوو، دەستەکەی دی نیوەی خوێناوی بوو و بە پەڕۆیەک تا بەری خوێن لێ ڕۆشتنی پێ بگرێت بەستراو ئەوەش بە کەڵکی بەکارهێنان دەهات لە مەیدانی شەڕ بەجێما بوو، بەڵام هێشتا بەهێز و لاو بوو زانی پێغەمبەر ناتوانێت سەر بکەوێت و نیشتە بن باڵی ئەوسا پێکەوە بینیان کە چەکدارەکان دەیانەوێت بە شاخەکەدا سەربکەون، گوێیان لێ بوو کە پێغەمبەر دەیفەرموو: خودایە نەهێڵیت سەر شاخەکەمان لێ بگرن پاشان بینی کە عومەر و عەلی و سەعدی کوڕی موعاز بۆیان ڕۆشتن و ناچاریان کردن کە بکشێنەوە.

تەڵحە نیشتە بن باڵی پێغەمبەر و بەسەر بەردەکەدا سەری خست، ئەمجار بینیان چوار کەس بە شوێنیانەوەن، پێغەمبەر هێندە خوێنی لێ ڕۆیی بوو دەموچاوی زەرد بوو بوو لێوە شینەکانی هەڵبڕی و وتی بە سەعد دووریان بخەرەوە، سەعدیش لە دڵی خۆیدا دەیوت ئاخر بە چی دووریان بخەمەوە کە ئەو تەنیا یەک تیری بێ نووکی پێ مابوو. گرتیە یەکێکیان و بە پشتدا کەوت و بەرەو خوار تل بوویەوە تا لەسەر بەردێک وەستایەوە و پێغەمبەر تیرێکی پێ بوو ئەویشی دایە و تیرە بە لەرزینەوە بە هەوادا ڕۆشت و وەک مرۆڤ بێت و لە ناو ئاوی قووڵدا مەلە بکات وەک مارماسی دای بە لاملی کابرادا و ئەویش لە جێی خۆی ئەژنۆی دانا و پاشان کەوت و سەعدیش بێ تیر مابوویەوە.

بە پڕتاوێک خۆی گەیاندە ئەوەیان کە تیرماری پێشوو گەستبووی و هەنووکە هاوڕێکانی لێی دوور کەوتبوونەوە، تیرە بێ نووکەکەی لێ کردەوە و تەقاندیە یەکێکی تریان و ئەویش بەدەمدا کەوت و بە شاخەکەدا هەڵزنا، ئێستا کە مابوویەوە یەکێکیان کە لە ترساندا هەڵدەهات و لە بەرەو خوار بوونەوەدا قاچەکانی پێش جەستەی بە پشتدا خواربووی دەکەوتن و سەعد تیرەکەی خۆی دەرهێنایەوە و ئەویش بە شاخەکەوە گلاند و دواتر چوو تیرە بێ نووکەکەشی هەڵگرتەوە و سەیرێکی کرد و خستیە تیردانەکەیی و وتی تیرێکی پیرۆزە.

ئێستا موحەمەد گەیشتبووە سەر شاخەکە و ئەوانیش دەیانزانی کە موحەمەد لە خۆراکی ئەوان نیە، شمشێریان بەو نەگەیشت ئیتر دەستیان بە شەڕە زمان کرد لەتەکیدا، پاڵەوانی ئەم جۆرەش لە شەڕ ئەبوسوفیان بوو لە پێشاندا بە قاقا تایبەتەکەی پێکەنی و ئەوجا وتی:

ئایا موحەمەدتان لە ناودایە؟

موحەمەد ئەم شەڕەشی لەوان باشتر دەزانی و نەیهێڵا وەڵامی بدەنەوە کە بێدەنگی لەو حاڵەدا باشترین وەڵام بوو.

پاشان وتی کوڕەکەی (ئەبا قوحافە)تان لەناودایە و تاسەی وەڵامی بوو جارێکی دیش و بەڵام نەبوو.

پاشان وتی: ئەی عومەری کوڕی خەتاب ماوە.

پێغەمبەر نەیدەهێشت کەس وەڵام بداتەوە، پاشان ئەبوسوفیان شەڕەکەی گەیاندە ئاستێکی بانتر و وتی: کەواتە هەموو ئەوانەمان لە ناو برد.

پاشان عومەر موبارەزەکەی بە شێوەیەکی دیکە گۆڕا: (دوژمنی خودا) بە جۆرێک ئەمەی وت: هاوەڵەکانی ئەبوسوفیان پێکەنین، پاشان تەواوی کرد و وتی: (هەموو ئەوانەی ناوت بردن هەموویان زیندوون، خودا هێشتوونی بۆ داخی دڵی تۆ). ئەمجارەش یارانی ئەبوسوفیان شەرمی سەرکردەکەی خۆیان نەکرد و هێندە پێکەنین هەموو بیستیان کەمترین پێکەنین ئەو دانانە بوون کە دەرکەوتبوون چاوەکانی سەریان بۆ ئەبوسوفیانیان دەڕوانی.

ئەبوسوفیان ویستی تۆڵە بسێنێتەوە ویستی دەسەڵات و گەورەیی قوڕەیش پێشان بدات، بەڵام نەیزانی شتێکی باس بکرێت کە شایستەی خێڵە گەورەکان نەبوو، لێوەکانی ترازان: لاشەکانی ئێوەیان شێواند، من فەرمانم پێ نەداون و پێشم ناخۆش نەبوو.

عومەر وەڵامی نەدایەوە چونکە لە نێوان ئەمان و ئەواندا مەسافەیەکی گەورە هەبوو.

ئەبوسوفیان وتی: بەرزی بۆ (هوبەل)

پێغەمبەر فەرمووی بڵێن، خودا مەزنتر و بڵندترە.

پاشان وەک حسێبی ژمارە بکات لە خوداکانیشدا وتی: ئێمە عوزامان هەیە و ئێوە نیتانە؟

پێغەمبەر وتی: ئایا وەڵامی نادەنەوە؟ وتیان: چی بڵێین وتی: بڵێن، خودا خاوەنمانە و ئێوە خاوەنتان نیە.

وتی: هاها لە ناز و نیعمەتداین و دڵمان زۆر خۆشە، ئەم رۆژە بە رۆژەکەی بەدر، شەڕیش سەر بە سەرە.

عومەریش دەیوت: هیچ وەک یەک نین، کوژراوەکانی ئێمە لە بەهەشتدان و کوژراوەکانی ئێوەش لە دۆزەخ.

ئەوجا ئەبوسوفیان لەم شەڕەدا کە دۆرا بوو وتی: ئەرێ عومەر گوێم لێ دەگری.

پێغەمبەر فەرمووی برۆ بزانە چی دەڵێت؟.

دەستی خستوویە سەر سینگی وەک سوێند بخوات وتی: سوێندت دەدەم بە خودا، ئەرێ موحەمەدمان کوشتووە؟

عومەر وتی، سوێند بە خودا ئێستا پێغەمبەری خودا گوێی لە قسەکانتە. هەر ئەو موحەمەدە چ گرێکی لە هەناوی ئەم و یارانیدا هەڵکرد بوو. ئەبوسوفیان لە ناوخۆیدا دەیوتەوە ئەگەر ئەوەی بە موحەمەد کرا تووشی هەرکەسی تر بوایە تێکدەچوو، ئەوەی هەنووکەش ماوە ئەوە مانای وایە هێشتا ئەرکی ئەو لەم دیو مردندا جێبەجێ نەکراوە.

دەیوت: (سوێند بێت بە تۆ باوەڕم هەیە و بە ئیبن قومئەم نیە) ئەو هەستی ئاشنایەتی لەگەڵ دۆستانی لە دەستدابوو.

ئەو بە رۆحی یارانی موحەمەد ئاشنا بوو، هەموو ئەوە بوو کە ئەوان بەسەری یەکدیدا خواردەبوونەوە پەیوەندی ئەوان پەیوەندیەکی دوولایەنە پەیوەندی ئەم و یارانی هەر کەس بە خۆ و یەک لایەنە بوو. ئەمەش هەر ئەو شتە بوو بە زمانی رەوانبێژیانەی عەرەب نەدەتوانرا بوترێت، کە ئەو لەوەدا دەستی باڵای هەبوو. هەر بۆیە خەریک بوو سەرزەنشتی خۆی دەکرد کە بۆچی رۆحی لەوێ ئامادە نەبوو لە پرسیارە بە زار نەوتراوەکانی موحەمەد نەگەیشتبوو.

ئەبوسوفیان دەیویست بەڵام وای دەزانی کە ناتوانێت یەکێک لەوان بێت. چی رێگر بوو لەوەی شوێن موحەمەد بکەوێت کە تەنها سەرمایە و دەسەڵات بوو هەموو ئەوەی ئەو بە هی خۆی دەزانی: یەکەمیان خەڵکیش کەم و زیاد وەکو ئەویان هەبوو بەڵام ئەوەی دووەمیان کە دەیویست تەنها هی ئەو بێت، ئەو گەورەی قوڕەیش و عەرەب بێت، ئێستا هەر دووکیان لەبەردەم ئەم خۆشەویستی و گیانفیداییەی موحەمەد و یارانی کە بە چاوی خۆی دەیبین رەنگی خۆیان لە دەست دەدا، هیچ شتێک نەما بوو دەستی پێوە بگرێت.

ئەبوسوفیان رەشوەی وڵاخەکەی توووند کردەوە وەرسوڕا و هەندێک رۆشت و پاشان وەستا و رووی وەرگێڕا و بانگی شاخەکەی کرد و وتی: وادەمانساڵی داهاتوو دەبێ لە بەدردا. پێغەمبەریش لە شاخەکەوە بەسەر زمانی یەکێک لە هاوەڵەکانیەوە دەیوت: باشە باشە ئەوە لە نێوان ئێمە و ئێوەدا وادەیە.

پێغەمبەر، عەلی بە شوێندا ناردە خوارەوە و وتی: برۆ بزانە ئەگەر سواری وشترەکانیان بوون ئەوە مانای وایە بۆ مەککە دەگەڕێنەوە، خۆ ئەگەر بە ئەسپەکانیشیان رۆشتن ئەوە مانای وایە بۆ مەدینە دەڕۆن و بۆ تاڵان و برۆ دەڕۆن و بە جەستە و دەموچاوی خوێناویەوە هەڵسابوویە سەرپێ و دەیوت سوێند بە خودا ئەگەر بۆ مەدینە بڕۆن بە شوێنیاندا دەڕۆم و شەڕیان لەگەڵ دەکەم. عەلی هێندە چووە خوارەوە تا دیتی کە ئەوان نیشتنە سەر گۆپاڵەی حوشترەکان  و حوشترەکانیش لە

پێشان پاشکۆیان هەڵبڕی و دواتر سینگیان بەرزکردەوە کە ئەمەش جیاوازی هەڵسانەوەی حوشترە لە هەموو مەخلوقانی بە پێوە وەستاو و دواتر دەستێکیان بە دەسکی کەژاوەی بان حوشترەکە و دەستەکەی تریشیان بە رەشوەکانەوە گرت و بەرەو بیابان تێیان چەقاند.

عەلیش هەر لە دوورەوە دەستە توکنەکانی کە گونجاو لەتەک دەموچاوی فراوان و جەستەی پان و باڵای مامناوەندیدا گونجاو بوون وەک رەوتی حوشتر لێکرد، ئەمەش مانای ئەوە بوو بەرەو مەککە دەبزوێن و لەبیریان چوو وەک حوشتر ئارامگر بن تا بزانن چی دیان پێ دەکرێت.

هێشتا عەلی بۆ سەر شاخەکە لە ژمارەی سەد و دە نەفەری جەنازەی هەردوو لا پشتی هەڵنەکرد بوو لە شیوەکە، پیاوێک بە رەنگی زەردی مردووان و نیوە رۆحی زیندووانەوە دەرکەوت، وا دەزانرا لە مردووانەوە زیندوو بۆتەوە، بەڵام وا نەبوو بۆی نەکرا بوو خۆی بگەیەنەتە موحەمەد و یارانی ئەو لەوانە بوو لە شیوەکە خۆی شارد بووەوە.

کابرایەکی قورەیشی بینی لەو بیابانەدا کە بۆنی گەنیوی گۆشت و خەستی خوێنی رژاوی بەر خۆر و سەر لم، توورەکەیەکی بە دەستەوەیە و وەک سەرووپێ سەری موسڵمانەکان لێدەکاتەوە و دەیخاتە ناو تورەکەکەوە.

ئەم هەر لەوێ وەستا بوو دەمامکدارێکی بینی وەک ئەوەی لە ناو سوپای گەورەی فارس راهێنانی پێکرا بێت یاخود یەکێک بێت لە سەربازە قەت نەبەزیوەکانی رۆم، یاخود شاگردی یەکێک لە باریزەکانی عەرەب بێت کە هەموو هونەری شەڕ بزانێت هات و بە دەوری کابرای قورەیشیدا بە نوکی پێکانی سوڕایەوە و نەیهێڵا دەست بکاتەوە و شمشێرەکەی پێغەمبەری لە سەریدا و تا نێوان هەردوو قاچی بردی و دوو لەتی کرد و پاسان رووی کردە کابرای نیوە مردوو کە ئێستا خەریکبوو بە تەواوەتی دەمرد وتی: کەعب چۆنی من ئەبودوجانەم. کافرانی بێدین پشتیان هەڵکرد و شاخێک لە تەپوتۆزیان دروستکرد و لەتەک خۆیان بردیان کە بەردەوام لەبەر چاوانیان بچووک و بچووکتر دەبوویەوە هەتا ئەو شاخە گەورەیە ون بوو. موسڵمانەکانیش زانیان چیان بەسەرهاتووە.

لە هەموو موسڵمانان بەرکەوتەتر بە شەهیدەکانیشەوە پێغەمبەر خۆی بوو، ئاخر قورەیشیان ئەگەر لە سەرەتاوە بۆ تۆڵە و کوشتنی پێغەمبەر و یارانی هات بوون، ئەوان کە لە سەرەتاوە تینی شەڕیان نەبوو و هەڵدەهاتن، وا لە کۆتاییدا تینی بەزەیی و لێبوردەییان نەبوو هەر هەموویان بۆ ئەم هاتبوون کە بیکوژن.

موسڵمانەکانیش شەڕیان نەدەکرد بەڵکو بەرگریان لەو دەکرد، ئیتر ئەو قیبلەی هەمووان بوو ئەوان بۆ کوشتن و ئەمانیش بۆ بەرگری لێکردنی. لێوەکانی پەڕی بوون هەستی دەکرد تینوویەتی، زاواکەی چوو ئاوی بۆن ناخۆشی ماوەی نێوان بۆشایی بەردی بۆ هێنا کە بۆنی هێلکەی کولاوی لێوە دەهات و بردیە بەر دەمی و هەر چەندی کرد نەیتوانی بیخواتەوە بۆیە تەنها دەموچاوی خوێناوی خۆی پێ ئاودا و لامل و بنا گوێی پێ خوساندەوە تا تۆزی بە قوڕ بووی بیابانی لێبکاتەوە.

کچەکەی و ژنەکەی و ئەو ژنانەی کە برینیان پێچابوو و ئاویان بە بریندارانی تینوو بە ناو ئەو گورگانەی ڕێسای شەڕیان نەبوو تەنها بێ ڕێسایی نەبێت، هاتبوون و چووبوون، بە قەت پیاوان بەرگریان لە پێغەمبەر کرد بوو.

یەکێک لەوان پیرەژنێک بوو کە ناوی (ئوم ئەیمەن) بوو هەموو گیانی بریندار و پیاوێک (حەبانی کوڕی عەوف) تیرێکی لێدا بوو و پاشان بە مردوویی جلەکانی هەڵتلێشاند بوو و گیانی بەدەرخست بوو، پێغەمبەر ئەمەی زۆر پێناخۆش بوو و نزای لە کابرا کردبوو، هەر بۆیە کابرا کە بە شانازیەوە لە مەیدانی شەڕدا دەهات و دەچوو (سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس) تیری لێدا و بە جۆرێک کەوت جلەکانی داماڵرا و گیانی دەرکەوت و پێغەمبەریش فەرمووی خودا حەقی (ئوم ئەیمەن)ی سەند.

کچەکەی (فاتیمە) کە بە کونەیەکەوە لەو ناوە دەگەڕا ئێستا ئەویش بۆ شاخەکە سەرکەوت بوو و برینەکان دەموچاوی باوکی پاک دەکردەوە و بەلام خوێنەکەی نەدەوەستایەوە بۆیە پارچە حەسیری لە پەلی خورما دروستکراوی دەسووتاند و دەیخستە سەر برینەکەی ئەو خۆی بە قوربانی برینەکانی جەستەی دەکرد و فریشتەکانیش قوربان برینەکانی گیانی بوون کە هەم دۆستان لە ژێر پەردەی غەفڵەت و هەمیش دوژمنانیش کە دڵیان هاتبوو بریندایان کردبوو.

(موحەمەدی کوڕی موسلیمە)ش بە پڕتاو لە مێرگەکانی نزیکی مەدینەوە ئاوی شیرینی هێنا و تینوویەتی پێغەمبەر شکا.

# ١٢

## دوای رۆشتنی قورەیش
## (موحەمەدی دەم و دڵ بریندار و یارانی
## بە جەستەی گوڵخوێنەوە لە چاڵ نراو)

ئێستا کە خۆر بە جەستەی خوێناویەوە بۆ شوێنی نیشتن، جێ پێی خوێنینی لە ئاسمان جێدەهێڵا، لای ئەمانی مرۆڤیش شەڕ دامرکابوویەوە لای پێغەمبەر و یارانیش نۆرەی عاشیقی بوو، بۆ لای مەعشوقانی بە جێماو گەڕانەوە، بەڵام هێشتا لە شوێنی خۆی نەجوڵا بوو کە ئاگای لە یەکێک لە یارانی بوو کە لە مەیدانی شەڕ کەوتبوو و دونیای بەجێ هیشتبوو و بەڵام هێشتا بە بەهەشتیش نەگەیشتبوو، پەلەی بوو کە پێش ئەوەی بڕوا سەلامی لێبکات و هەواڵێ بپرسێت، خۆی زۆر شەکەت بوو بە ئاسانی نەدەگەیشت، زەیدی کوڕی حاریسەی نارده خوارەوە و وتی: برۆ بۆ لای (سەعدی کوڕی رەبیع) بڵێ پێغەمەر هەواڵت دەپرسێت و دەڵێت ئێستا چۆنە؟

زەید دەڕۆشت بەڵام پێکانی لە زەوی نەدەکەوتن و خۆی گەیاندە شاری تازە دروستبوو بەڵام وێرانی مرۆڤانی خامۆش. زەیدی لە ناو مردووەکاندا دۆزیەوە و لە گیاندان دایە و زیاتر لە حەفتا برینی پێوەبوون کە ئێستا بۆ گوڵی بەهەشت وەرگەڕابوون وتی: سەعد پێغەمبەری خودا سڵاوت لێدەکات و دەفەرموێت ئێستا چۆنە؟

– سڵاو لە پێغەمبەری خودا دەکەم و عەرزی بکە هەست بە بۆنی بەهەشت دەکەم. وەک ئەوە بوو بڵێت بۆنێک دێتە ناومەوە لەدەماخم دەدا لە عیشقستانەوە دێت.

پاشان پێغەمبەر و یارانی بۆ مەیدانەکە داگەڕان ئەو شوێنەی شوێنی لە ئاسمانەوە بۆ زەمین هاتن نەبوو، بەڵکو شوێنی گەڕانەوە بوو بۆ ئاسمان، پێکەوە بە شوێن بریندار و شەهیدەکاندا گەڕان، جەستەی شێواوی یارانی خۆی بینی کە ئەم خامۆش و ئەو خامۆش، بە گوتەی شاعیرەکە ئەویٚ باخی فەنا بوو، پێغەمبەر بۆ ئەوان لەم نۆبەی عاشیقیەدا زۆر گریا.

ژنان لە مەدینەوە هاتبوون هەر کەس بە شوێن مردووانیاندا ماخۆڵانیان بوو کە زۆربەیان لەو شارەوە بوون، هەندێک لە شەهیدە کۆچەرەکان کەسیان لە سەر نەبوو و زۆر بۆیان گریا و تا چووە سەر لاشەی گەروو و ناوسکی دەرهێنراوی حەمزە و بە کوڵ گریا و کە نە پێشتر و نە دواتریش قەت ئەوەندە بۆ کەس نەگریا بوو، پاشان لە سەر تەرمەکەی رووی کردە قیبلە و فرمێسک بارانی کرد و فەرمووی بەڵام حەمزە کەس بۆی ناگری. وەک بێژی دەیوت کەسەکانی لە مەککە بوون، تاکە خوشکەکەی سەفیە دایکی زوبەیر هات ویستی براکەی ببینێت، بە کوڕەکەی وت: ریٚ لە دایکت بگرە. وتی دەزانم بۆچی ریێم لێدەگرن دەزانم لاشەی براکەمیان شێواندووە ئەوە لە پێناو خوادایە و رازیم و چاوەڕوانی پاداشتم لە خودا.

هەندێک لە یاران ویستیان مردووەکانیان بۆ مەدینە بگوازنەوە، پێغەمبەر پێی فەرموون هەر لەوێدا بیان نێژن کە تیایدا شەهید بوون و دەیزانی لەم دیو هەزاران ساڵ و مانگ و رۆژ تێدەپڕێت و ئەو کاتە شاخەکان نامێنن و دەریاکان گڕ دەگرن ئاسمان شەق دەبا و هەموو ئەستێرەکان رەش دادەگەرین و خۆر و مانگ بە یەکدا دەماڵن و هەر ئەو دەمەی قیامەت هەڵدەستێت و ئەوان هەڵدەسنەوە و خۆیان دەتەکێنن و تەپوتۆزی سەر جەستەیان لادەدەن بە جەستەی خوێناوی خۆیانەوە هەڵدەسنەوە کە هێشتا خوێنەکەیان تەڕە هەر لەم شوێنەدا لەبنی خاکەوە سەر دەردێنن.

(ئوسەیرەمی عەمری کوڕی سابت) ئەو شەهیدە بوو کە هەر چەند داوایان لێدەکرد کە ئیمان بهێنێت بەڵام بە کەللەیدا نەدچوو، چی ئەوی بۆ ئەم مەیدانی شەڕە هێنا بوو ئێستا وا خەریک بوو گیانی دەدا و لێیان پرسی چی تۆی هێناوە، وتی: خۆشەویستی خودا و پێغەمبەرەکەی و گیانی لە دەستدا، ئەوە ئەو کەسە بوو کە شەهید بوو بیٚ ئەوەی یەک نوێژ بکات.

بۆیە فەرمانیدا کە: (نەشۆڕێن، هەر بەو شێوەیە پاش لابردنی تاقم و زنجیر بەسەکانیان بە جلەکانیانەوە بیان نێژن).

دووان و سیانی دەخستە یەک گۆڕەوە و پرسیاری دەکرد کامیان قورئانی زۆرتری لەبەرە ئەوەیانی پێشتر دەخستە گۆڕەکەوە. حەمزە و خوشکەزاکەی عەبدوڵڵای کوڕی جەحش بە یەکەوە خرانە یەک گۆڕەوە و حەمزە عەبا گولەندرەکەی کوورت بوو کە دەیاندا بە سەریدا قاچی دەردەکەوت و دەیاندا بە قاچیدا سەری دەردەکەوت ئیتر قاچیان بە گەڵای رووەکی ئیزخری بیابان داپۆشی، کوڕە عەتریەکەی قوڕەیش (موسعەبی هەر دوو باڵ قرتاو)یش هەروا بوو.

ئەوجا ئەو هەموو سوپا بریندار و بێدەست و قاچە بە دوو ریز وەستان و پێغەمبەریش لە هەموویان شەکەت تر کە هەنووکە تاسەی یارانی بەجێ هێشتوو برینەکانی لەبیر بردبوویەوە، رووە و قیبلە وەستان و پێغەمبەر وەسف و سەنای خودای کرد و نزای ژیانی هەمیشە ماوەی پڕ لە فەڕ و نیعمەتی بۆ ئەوان کرد. ئەو دەیزانی ئەو مەرگ و خوێنەی ئەوان بەشداریان بوو لە پێغەمبەرایەتیەکەی ئەودا کە هیچ پێغەمبەرێک تادەگەیشتە ئەو فەرشی بۆ دانەخرا بوو، خودا نەوەک تەنها بە هەڵە دەرەکیەکانی ئەو بەڵکو بەو قایلبوونەی ئەوان بە خۆیان لەوان زویر بوو بەڵام لەوان نەگەڕابوو، وا دیار بوو لێرە خودا نەیدەویست میهری ئەو تەنها میهری دایکێک بێت کە نەتوانێت زەجری دووری مناڵەکەی لە خۆی بکێشێت، بەڵکو زەجری مامۆستایەک بێت کە لە پێناو پێگەیشتنی خوێندکارەکەی دەبێت قەبوڵی ئازارەکانی دانە دەست خۆی، خوێندکارەکەی بکات.

ئەوانەش بە سەدان کەسی بریندار و شەکەت کە بەدەست و قاچ و چاو و ددانەوە هاتبوون ئێستا زۆربەیان بێ ئەو ئەندامانەیان لەوێ لە دوای پێغەمبەریانەوە وەستا بوون و لە دەرەوە جەستە ماندوو وەک نوێنەری مرۆڤ لە بەردەم خۆیاندا نەوەک دوژمن بوون رووتیان دەرکەوت بوو. خودا لەوان زویر بوو بەڵام لەوان نەگەڕا بوو خودا لەوان رەنجا بوو بەڵام هێشتا باوەڕیان وابوو ئەوەی ئەنجامیان دابوو مانایەکی هەبوو، لە رەنجی پێغەمبەریش لە دەست مرۆڤ دەگەیشتن کە ئەم رەنجە تەنها بەشێکی کەمی ئەو رەنجەی موحەمەد بوو لەم سەر زەویە بە دەست مرۆڤەوە کێشابووی.

هەمووشیان لە دڵیاندا دەیان درکاند و بە زار نەیان دەوت کە خودایە ئەگەر ئەمە ویستی تۆیە ئەوا ئێمە بە دڵ کوێرانە، ئەوان بۆ کەمهێنانەکانی مرۆڤ و کاڵبوونەکانی خۆیان و پێغەمبەریش وەک پێغەمبەرایەتیەکەی کە ئەویش لە پێناو مرۆڤدا بوو و ئەگەر ئەوەی ئەمرۆ نەبووایە پێغەمبەرایەتیەکەی شتێکی کەم بوو، دەپاڕانەوە.

دواتر هەر ئەو کۆمەڵە مرۆڤە لە رووکشدا دۆڕاو و رەنجکێشە و لە ناوەوەدا ساز و ئەمجارەش لە ئەزموون دەرچووە، لەو کاتەدا کە زەوی لە تەشتی ئاسمانەوە کە بە

سەر سەریەوە گرتبوو خۆری بەودیودا دەکرد و خانمی شەویش خەریک بوو جلی رەشی دەچنی و گوڵی ئەستێرەی دەکردە پەراوێزی.

پێغەمبەرەکەیان پێشیان کەوتبوو موسڵمانان لەتەک ئاژەڵانی کێلگە و مێرگانی دەرەوە و مەلانی شەو بۆ مەدینە کە پێغەمبەر تەنها لە پێشیانەوە نەبوو بەڵکو لە دڵیشیاندا بوو دەگەڕانەوە زۆرێک لەو شتانەی ئەمرۆ لەوی روویاندا لەو شیوە روویدا لە پاش خۆیان بەجێهێڵا، کە ئێمەش دەبێت لێرە قەڵەم بە حەواوە راگرین و چونکە بۆی نانووسرێن، زۆر شت هەن کە دەبێت باس نەکرێن و بە نهێنی بمێننەوە، ئەوانە هیچ کام لەو شتانە نەبوون کە بەشداربووانی ئەو شەڕە لە هەر دوولا دواتر گێڕایانەوە، زۆر شتی گەورە روویدا ئەوان بیریان چووبوو یاخود ئاگایان لێ نەبوو.

ئەوەی ئەوان باسیان کرد تەنها هەندێکی ئەو تێکەڵبوونەی خوێن و گۆشت و عارەق و تۆز و بریسکەی شیر و ویزەی تیر و هاوار هاوار و قسە و جنێوی مرۆڤ بوو لە مرۆڤ ئەوەی لە بیریان چوو ئەوە بوو کە لە ناوەوەی مرۆڤ روویدا بوو، ئەوەی کە دڵیان ئاگای لێ بوو و بەڵام زار نەیدەتوانی دەریبڕێت، یاخود گیانی گۆڕی بوون و بێ ئەوەی بوونیان ئاگای لێبێت.

ئەوەی کە ئەگەر لەوە گەیشتبن کە گەورەترین وانەی ئەوان بۆ هەزاران و ملیۆنانی دوای خۆیان ئەوە بوو کە مرۆڤی دیندار هەر سەرکەوتن نیە بەڵکو دۆڕانیشە هەروەکو ژیان، ئەوا گەورەترین سەرکەوتووی ئەو شەڕە بوون. ئەگەر لەم شەڕەدا سەرکەتوو بوایەن ئەوا خەڵکی دەربارەی ئەوان زۆرتر بیریان دەکرەوە نەوەک خودا.

لە لای گردەکانی شار ژنان و منالان هەر ئەوانەی لە کاتی یەکەم هاتنی پێغەمبەردا بە هەلهەلە و سرودەوە بۆ پێشوازی هاتبوون هاتنە پێشوازی، زۆرێک لەو ژنانەی دوێنێ باوک و برا و مێردانیان لە ماڵەکانیان بوون، بەڵام ئەمشەو لە ماڵی بێ کەیف چۆڵ و منالی بێ حەوسەلە و بێزەوق خالی لەوان رۆژ دەکەنەوە کە تاریکی و بێدەنگی شەو و خەمباری دڵی ئەوان ئەوە دەڵێن کە دوینێ شەو لێرە بوون و هەنووکە لەگەڵ سوپای ماندوو و بریندار و شەکەت بوودا نەگەڕاونەتەوە، پێغەمبەر سەلام لە دڵی غەمباریان دەکات و ئەوانیش بە بینینی ئەو تەسەلایان بۆ دێت.

سوپا و پێغەمبەری دڵ بریندار و ماندوو ئەم شەو زۆر شەکەتن و هەموویان پێکەوە بە دانیشتنانەوە نوێژ دەکەن چونکە بە پێوە خۆیان ناگرن و بەیانیش کە لە تاو حەسرەت و ئازاری برینی جەستە و دڵ بێ ئەوەی چاویان بچێتە خەو بە دەنگی جاردەرەکانی پێغەمبەر دەردەچنە دەرەوە کە بە دەنگ پڕ لە گەرووی دەیڵێت و دەیلێتەوە کە پێغەمبەری خودا دەردەچێت و هەر ئەوانەش لەگەڵی دەردەچن کە دوێنێ لەگەڵی بوون.

دەچێت بە شوێن کافرانی براوەی دوێنێی شەڕ نەبادا بیریان بێتەوە کە ئەوەی بۆی هاتبوون هیچیان لێی دەست نەکەوت کە گوناهی گەورەی پێغەبەرکوژیان لە دەست دابوو کە دڵیان ئەوەی زۆر ویستبوو و نە موسڵمانانیشیان پێ قەتڵوعام کرابوو و نە ژن و منالّی تالانیشیان وەک دەستکەوتی شەڕ بردوویەوە، شوێنیان دەکەوت و ڕێی گەڕانەوەی لێدەگرتن. هەندێک لەوانەی دوێنێ نەهاتبوون ویستیان لەگەڵی بێن بەڵام موحەمەد ئەگەرچی خەڵکی دەویست ڕێگەی نەدان لەوانە (عەبدوڵلای کوڕی ئوبەی) بە چەناکەی درێژ و ریشی سەر چەناکەیەوە کە لەتک دەربڕینی وشەکانی ئەویش لە هەڵبەز و دابەزدا بوو.

هەر لەو کاتەدا کە موحەمەد و یارانی بۆ ناوچەی (حەمراء الاسد) لە قووڵایی بیابان ڕۆشتبوون، لەشکری قوڕەیش بۆ مەککە ڕێگای دەبڕی و تۆزیان لە پاش خۆیان بەجێ دەهێڵا و سەیری یەکتریان دەکرد و پێدەکەنین و هەر بە سواری دەیانخواردەوە و بیری باوەشی گەرمی ژنیان دەکرد، سەری قسەیان بۆ شوێنانی دوور دەبرد و هەر لەو کاتەدا بیریان کردەوە کە موحەمەدیان بۆ نەکوژرابوو و لە ڕقاندا شیریان لە یەکتر هەڵکێشا و ویستیان بگەڕێنەوە بەڵام بەنهێنی.

ئیتر لە (ڕەحاء) کە هێشتا زۆر دوور نەکەوتبوونەوە، بڕیاری گەڕانەوەیان دا، ئەم جارەیان چونکە تاڕادەیەک سەرکەوتن یان بە مسۆگەر دەزانی بە دیار یەکترەوە نەوەستان و وشترەکانیان کە وەک هەڵسانەوەی خانوویەکی رووخاو بەپێوە وەستان و بەسەر خاکی بیابانەوە بەرەو مەدینە گەڕانەوە.

بەڵام یەکێک لە سەرکردەکانی خوزاعە کە خودا بە کرداری خودایانەی خۆی ناردبووی لە (حمراء الاسد) پێغەمبەری بینی بوو و موسڵمان بوو یەکێک لە قسەزانەکانی عەرەب بوو. ئێستا کە هاتبووە لای بارگەی ئەبوسوفیان کە هێشتا دەوارە گەورەکەی کە وەک باڵندەیەکی ڕەشی گەورە لە ئانی نیشتنەویدا لەوێ کەوتبوو. هێشتا باڵندەکە خۆی نەپێچابوویەوە و بەرەو مەدینە بە خێرایی باڵندەیەک کە هێشتا نەفڕیوە و بە سەر خاکی بیاباندا ببزوێت، (مەعبەد) خۆی گەیاندە ئەبوسوفیان و کە ئەوسوفیان بەو هەموو فەساحەتەی خۆیەوە لەبەردەم توانای باوەڕپێهێنی (مەعبەد)دا ملیدا، کاتێک پێی وت: موحەممەد و هاوەڵەکانی بە ژمارەیەکی زۆرەوە کە هەرگیز نەمدیوە بۆتان هاتوون، داخ لە دڵن و، هەموو ئەوانەش کە ڕۆژی پێشتر لەگەڵی نەبوون ئەوانیشی لەگەڵە.

ئەبوسوفیان بەو حاڵەی ئەوانی عەرەب بە هاوڕێکانی خۆیان دەڵێن وتی: دایکت ڕۆڵە ڕۆت بۆ بکات مەعبەد ئەوە چی دەڵێیت.

مەعبەد وتی: لە پشتی ئەو گردەوە سەیری ولاخی پێشی ئوردووەکەیان بکە، کە لە ڕاستیدا پێشی ئوردوو نەبوو بەڵکو هەمووی بوو:

ئەبوسوفیان دەیوت: ئێمە لە سەر ئەوە بووین کە بچین لە ریشەوە دەریان بهێنین.

مەعبەد وتی: جا ئەوەیە کە خۆت دەیبینی جا کەیفی خۆتە؟.

هەر بۆیە بۆ مەککە تێیان تەقاند و موحەمەدیان بۆ بیابان جێهێلا.

شەو داهات و ئاسمان ئەو هەموو چاوەی پێوە بوو کە پێیان دەوتن ئەستێرە و هەر دەیڕوانی و هیچی نەدەوت، زەویش لە سەر زاری گورگ و چەقەڵانەوە دەدوا، پێغەمبەر ئەو شەوە و شەوێکی تر و شەوێکی تریش لە بیابان بە جەستەی بریندار ڕۆحی پڕ ئازارەوە لە تەک یارانی لە ناو ئوردوویەک کە لە شارێکی دەکرد تەنها پیاوی تێدا بژی، ئەوانیش پیاوانێکی بێدەست و قاچ و چاو کە بریندار بوون و برینەکانیان هەو و کیمی لێدەچۆڕا مایەوە و پاشان بۆ مەدینە گەڕایەوە.

# ١٣

## موحەمەدی ئاشتیخواز و هەستانەوەی تیرە ونبووەکانی ناو فراوانی بیابان دژ بە موسڵمانان

### (ئەوە ئەو نەبوو جەستەیان بزمارڕێژ دەکرد و خوێن بە دارەکەی پشتیدا بۆ زەوی جۆگەلەی دەبەست، چونکە ئەو رۆشتبوو)

موحەمەد بەهەشتی بوو، ژیانی بەهەشتیانەش ئەگەر مرۆڤ نەکاتە فریشتە، ئەوا لانی کەم وا دەکات لەگەڵ فریشتاندا بژی، هەینێ وای لێهات ئەودەم شارەکانی مرۆڤ دەبنە شاری فریشتەکان و ماڵی مرۆڤەکان دەبنە ماڵی فریشتە و وای لێدێت کە مرۆڤ لە ماڵ دەردەچێت بە هاوماڵە فریشتەکەی دەڵێت ئەوا من رۆشتم ماڵەکەم بەلای تۆوە بەجێدەهێڵم و فریشتەکەش وەڵام دەداتەوە و دەڵێت بۆ کوێ دەڕۆیت؟ لێم دوور مەکەرەوە، لەگەڵت دێم، من بێ تۆ ئیدارە ناکەم. ئەوسا مرۆڤیش دەڵێت دەی وەرە پێکەوە دەڕۆین ماڵەکەمان دەدەینە دەست خودا. جا فریشتە باڵەکانی خۆی دەداتە مرۆڤ و مرۆڤیش جەستەی خۆی دەداتە فریشتە و دەبنەوە یەک کە هەم مرۆڤ باڵی دەبێت و هەمیش فریشتە جەستە.

موحەمەد بەهەشتی بوو زمانی ئەویش زمانی فریشتە و بەهەشتیان، زمان فریشتانیش زمانی ئاشتیە. بۆیە زمانی موحەمەدیش زمانی ئاشتی بوو بەڵام بە داخەوە قوڕەیش زمانێکی دیکەی هەبوو کە ئەویش زمانی شەڕ بوو، بێجگە لەو زمانە هیچ زمانێکی دیکەی نەدەزانی کە ئەویش زمانی شەیتان بوو. موحەمەدیش هەر خۆی ئەوەی وتووە کە (وای لە قوڕەیش و لە شەڕەکەی).

هەنووکە دوای سەرکەوتنی رووکەشی قوڕەیش لە (ئوحود)دا زمانی شەڕ بڵاوتر بوو بوو، ئەوەنەش فێری ئەو زمانە بوون کە دوو ساڵی پێشتر ئەو زمانەیان نەدەزانی،

یاخود دەیانزانی و بیریان چوو بوویەوە، ئەوان تیرە و خێڵە دەشتەکیەکانی (خەتفان و هەوازن) لە سەرووی مەدینە و عەشیرەت و خێڵەکانی ناوچەی (دومەتولجەندەل) لە باکوور و باکووری رۆژهەڵات و تیرەکانی بەنی سەلیم لە باشوور و باشوری رۆژهەڵات لە ناوچەی نەجد و جولەکەکانی خەیبەر لە دوو سەد کیلۆمەتری باکووری مەدینە و تا بگاتەوە مەککە لە چوارسەد کیلۆ مەتری خوارەوە بە کوورتی هەرچوارلای مەدینە تەنرابوو و چۆڵەوانی گەورەی زەویان بەو فراوانیە لێهێنابوونە یەک.

ئاسمانیان پێ نەگیرابوو، چونکە ئاسمان سەر بە بەرەی محەمەد و فریشتان و لە لایەن ئەوانەوە مسەخەر بوو بەڵام زەویان لێ تەنی بوون و نەیاندەهێشت کاروانەکانی مەدینە لە هیچ جێیەکەوە بیابانی فراوان بە بنی نەرم پێی حوشترانی بپێوێت، بووبوونە مەرگ و لە هەموو لایەکەوە خۆیان لێ مەلاس دابوون.

لە بیابان دەیاندا بە سەر کاروانانی بچووک و وردی بازرگانانی مەدینە کە لە چاو کاروان قورەیشیاندا هەروەک قیاسی کەشک و مەشک بوو، تەماحی بچووکی تاڵانی ئەو کاڵایانە هی ئەو دەشتەکیە دڵڕەقانە بوو کە لە پێناو دەستخستنی سامان مرۆڤیان وەک مێرووی ورد لە بن پێیان دەپلیشانەوە، تەماحی گەورەش هی قورەیش بوو کە برسی کردنی ژن و مناڵانی مەدینە و خۆ بە دەستەوەدانی بوو.

کەسیان بە تەنها نەیاندەتوانی رووبەڕووی موحەمەد ببنەوە دەبوو پشت بە یەکتر ببەستن، پارەی قورەیش و ژمارەی زۆری خەتفان و خورما و گەنمو مێوژی خەیبەر و دڵڕەقی (بەنی سەلیم)یش لە کوشتنی مرۆڤی بێتاواندا پێویست بوو، زمانی درۆخولقێنی (عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی) کە لە رووکشدا لە هەنگوین شیرینتر بوو و لە ژێرەوەش زەهری مار بوو.

هەروەها چاوەکراوە و فزولیەکانی خێڵە پێستخۆشکەرەکەی مەدینە (بەنی قورەیزە)ی جوولەکە کە لە قەڵا و بازارە تایبەتەکەی خۆیان کە بۆنی گەنیوی پێستەی خۆشەنەکراو و بۆنی تیژی جەوتی لە پێستەی سواوی دەبینرا، خوێش کە سپیایەتی دەریای سووری دەگواستەوە و دەبووە خوێ و دەچووە نێوان پەنجەی پێکانی ئەو عەرەبانە کە بە پێی پەتی یاخود بە سەرپاوە بۆ دوکانەکانیان دەهاتن و ئەمانیش پێیان پێدەکەنین، هەر لەو عەرەبانە و لە روانین و گەڕانەکانی خۆیان لە ناو مەدینەدا هەموو هەواڵێکیان دەزانی.

ئەمان لە کۆتاییدا تاکە خێڵی جوو بوون کە لە داهاتوودا لە مەدینە دەردەچوون، بەڵام بۆ دەرەوە و شوێنی دوور نا بەڵکو بۆ ناو چاڵی مەرگ کە لە مێژوودا زۆر زووتر رویداوە و بەڵام لێرە هێشتا پێی نەگەشتووین.

هەنووکە هێشتا خێڵە جوتیارەکەی مەدینە لە مەدینە ماون، نێردراو لە ریش سپیان و پیاوانی ئایین بۆ کۆکردنەوەی لەشکر بۆ هێنانە سەر شاری مەدینە رێکدەخات و لەبەر ئەوەی سەرۆکی خێڵە گەورەکانی قورەیش بە کەمی دەزانن  بچنە لای یەکدی ئەمانی بە مێشکی زۆرزان و بە ژمارە کەم کەللەی پڕ لە دونیاناسی خۆیان بەکار دەهێنن.

سەر لە هەموو هۆز و تیرەکان دەدەن و پارەی زۆری قورەیش دەبنە لای یەک دیوی زانینەکانی بیابانیەکانی خەتافان و دلڕەقیەکانی (بەنی سەلیم) لەتەک زەخێرەکانی خەیبەر دەکەنەوە یەک و خاو و خلیچکی و ترسەکانی (بەنو قورەیزە) و لەتە بزواندنە خێراکانی (بەنی موستەلەق) کە خێڵێکی بەڵام دڕترینی عەرەب و گورگ بیابان بوون، رارایی و بێ بڕیارەکانی گەورەی مونافیقەکان مەدینە لەتەک دەست نەپارێزی و کوشتاری بێدەسەڵات و نێرداراوانی بێچەکی تیرەکان نەجد کۆ دەکەنەوە.

بۆ ئەمەش روو لە مەککە دەکەن و تەنانەت دان بە باشتربوونی بتپەرستیەکەی ئەوان لە یەکتاپەرستیەکەی موحەمەد دەنێن، بە تەمان سوپایەکی دە هەزار نەفەری لە هەمو ئەو قژ پژ و کوڵکنە سەر و ریش نەتاشراوەی عەرەب کۆبکەنەوە و بەسەر مەدینەدا بدەن و تەنانەت بەری ساڵیکی هەموو باخی  خورماکانیان بە خەتفان بدەن.

خۆ ئەگەر هەلێکیان بۆ بسازێت و پێشتر موحەمەد لەناو بەرن تا ئەو زیانەش نەکەن ئەوە باشتر، لەم کارەشیان کە کۆکردنەوەی عەرەبە سەرکەوتوو دەبن، نە لەبەر ئازایەتی ئەمان بەڵکو لەبەر ئەوەش کە هەر کام لە خێڵە عەرەبیەکان هەر هەمان شتیان دەویست، ئەو عەرەبانەش ئەمان بێ دین و نەزانیان دەزانین و بە شایستەی ئەوەیان نەدەبینین خودا گفتوگۆیان لەتەک بکات و پێغەمبەری خۆیان بۆ رەوانە بکات.

کاتێک دەگەیشتنە باسی بەرژەوەندی زۆر بە باشی سەریان لە کاری خۆیان دەردەهێنا و بە بینینی نهێنی یەکتر ئەوەیان بۆ رۆشن دەبوویەوە کە شتی نهێنی وا هەیە کە ئەوان بە تەنها لیی تیناگەن. ئیتر کاتێک رۆژیان لە خۆیان دەکردە شەو و لە پەنا شیو و پەسیوان دەخەوتن و شەویش کاتێک داوی رەشی خۆی دەنایەوە و جنۆکە دەهاتن خەریکی کراندنەوەی ئەو ئێسکانەی مرۆڤ و ئاژەڵی مردوو بوون و ئەمان کۆ دەبوونەوە و پلانیان دادەنا و دەیانخوارد و دەیانخواردەوە و شەرابیان هەڵدەدا و بە خەیاڵی خۆیان  شاری مەدینەیان دەگرت و موحەمەدیان دەکوشت.

بە تایبەت دوای شکستی ئوحود کە قەڵای مەحکەمی لە مرۆڤ دروستبووی موحەمەد ئێستا کەلەبەری تێکەوتبوو و ئاهێکیان هێنابووە خۆیان و ترسی دوای شەڕی بەدریان نەما بوو، ئەوسامەیان لە موسڵمانەکان شکا بوو کە هەر بەناوهێنانیان، موچرکە بە گیانیاندا دەهات، ئاخر ئەوان بوون بیستبوویان چیان بەسەر قورەیشدا

هێنابوو، بەڵام هەر ئەوانیش بوون لە پاڵ پیرە شاخی هەزاران ساڵەی (ئوحود)دا گەورەترینی قارەمانەکانیان بە دەمولووتکراوی بە دڵ و جەرگ دەرهێنراوی بەجێ مابوون. ئایا ئەم موحەمەدیانەی ئوحود هەر هەمان ئەوانەی بەدر بوون؟

ئەو حەکیمانە راستیان وتووە کە وتوویانە کە تەنها ترسە مرۆڤ لە خراپەکاریەکانی دەکێشێتە دواوە و ئەو دەمەی مرۆڤ نیگاکانی تەژی دەبن لە ترس و سام ئەوسا لە شەڕ و کوشتارەکانی دەکێشێتە دواوە و دەچێتەوە کونەکەی خۆی، ئەم رێسایەش ئەگەر بۆ هەمیشە و لە هەموو حاڵەتێکدا راست نەبێت ئەوا لانی کەم بۆ ئەم حاڵەتە هەموو خێڵ و خەڵکە جیاوازەکانی بیابانی عەرەب دروست بوو، کە هەنووکە هەرکامیان بەڵکو بچووکترین خێڵەکانی عەرەب بوێری ئەوەیان پەیداکردبوو کە شەڕفرۆشی بکەن و بوێرن دەستیان بۆ سەر موسڵمانەکان هەڵبڕن.

وادیاربوو خواربوونەکانی پەتی کردەوەکانی مرۆڤ بۆ دوای بەدر درێژەی کێشا بوو خودا دەیزانی تا کوێ بڕ دەکات، ئەوەی روونە هێندە رۆیشت کە یەکەم چوارمێخەکێشانی مەسیحیانەی بە سەر یەکێک لە یارانی (موحەمەد)دا هێنا، موحەمەدیش زۆرتر لەو ئازاری چەشت.

سەرەتا یەکەم خێڵ لە دژی موسڵمانان هەڵسانەوە عەشیرەتی (بەنی ئەسەد) لە خێڵی خەزیمە بوون و هەر دوو کوڕەکەی (خوەیلید) کە (تەڵحە و سەلمە) بوون، بانگەشەی خێڵەکەیان دەکرد بۆ هەڵکوتانە سەر موحەمەد و یارانی تا سەروەری ئەو کارە پێشتر نەکراوە بۆ ئەوان بێت، بەڵام هێشتا ئەوان لە بانگەوازە لە خەوا شیرینەکەیان نەبووبوونەوە موحەمەد سریەیەکی سەد و پەنجا نەفەری ناردە سەریان و تەفروتونای کردن و بە هەموو سەروەت و سامان و ماڵیانەوە گەڕانەوە مەدینە.

هێشتا مانگ لە ئاسمانی بە هەموو لاکردنەوەکانی خۆیە بە نیوە دەموچاوی بەرەبەرە بە دەموچاوی تەواو و پاشان نیوە و تا لاکردنەوەی بە قەدی دەمی مابوو و تەواو ون نەبوو بوو و جارێکی دیش هەواڵ گەیشتە موسڵمانەکان کە (خالیدی کوڕی سوفیانی هیندی) خەڵک کۆدەکاتەوە بۆ جەنگ، موحەمەد (عەبدوڵڵای کوڕی ئەنیس)ی بۆ نارد و کەللە سەرەکەی بۆ هێنایەوە و ئەویش لەبەرامبەر ئەو کارەی گۆچانێکی دایە و (عەبدوڵڵا) وتی ئەی پێغەمبەری خودا ئەمە نیشانە بێت لە نێوان من و تۆدا لە رۆژی دواییدا.

لە مانگی سەفەری هەمان ساڵدا بەیانیەک کە کەڵەشێرەکان لە قوو قوو کەوتبوون و بەو ناوەدا دەسوڕانەوە و کرتەکرتیان بوو و شانازیان بوو کە بە داوای ئەوان رۆژ بوو بوویەوە و خۆر هەڵهاتبوو. هەنووکە بۆیان دەڕوانی کە رمێک بەرز بوو بوویەوە، پێغەمبەر دە کەس لە یارانی کە لە دیارترین خوێندکارەکانی بوون خوداحافیزی دەکرد.

ئەو باوەشی پێداکردن و چاوەکانی پڕ لە فرمێسک بوون وەک ئەوەی ئاوا بەو بیابانە فراوانەدا بەرەو نەهاتنەوەیان دەنێرێت و دایک بێت و بزانێت رۆڵەکانی دەرۆن ئیدی ناگەڕێنەوە.

ئەو مامۆستا و پێغەمبەر و دایک و باوکیشیان بوو، ئەمانە (دە کەس بوون بە میرایەتی بۆ بە گوێکردن نەوەک شەڕکردن) بۆ تیرەی (عەزڵ و قارە) دەناردن کە تەنها کۆڵەپشتێک و دارێک بە دەستیانەوە هەندێکیان شیریان پێ بوو لە کەلاندا کە لای ئەوانی عەرەبی هەڵگرتنی شیر بەشێک لە جلوبەرگ بوو نەوەک ئامرازی شەڕ بۆیە تەنانەت لەگەڵ جلی سپی کفن ئاسای ئیحرامیشدا لەتەک خۆیان هەڵیاندەگرت.

پروشکە کۆڵیان تەنها چەند دەنکە خورما و چەند نانەجۆ وەک قووت و گۆزەیەک لە سرکە وەک پێخور بوون هەندێک پارچە ئێسک و لقی پانی خورما و پارچە پێستە بوون کە هەندێک لە ئایەتی قورئانی تێدا بوون و هەندێکی تریشی لە ناو سینگیان هەڵگرتبوو ئەمانە سوپای راستەقینەی پێغەمبەر بوون و شتی وەک نوور لە ناو ئەماندا هەبوو، ژیانیان وەک بەهەشت بوو خۆراکیان نوور و ئامرازیان وشە بوو، بە سەر زەویدا بۆ شوێنی دوور دەڕۆشتن.

چاوی دڵیان لە ئاسمان بوو لە سەر لمی بیاباندا دەڕۆشتن و بۆنی ئاسمانیان لێدەهات، هیچیان لە پاش خۆیان بەجێ نەهێشت هەموو ئەوە هەیان بوو هەر ئەمە بوو کە پێیان بوو ئەوان لە دونیا لە ئەبەدیەتدا دەژیان. ئەوەی لە ئەبەدیەتدا بژی شەوقی بینینی شتە فانیەکانی ئێرە لەبەرچاوی کز دەبێت، ئەگەر هەموو کەس دیوێکی هەبێت کە فریشتەیەکی لە دوای خۆی شاردبێتەوە، ئەگەر ئەو دێوە بڕوات ئەوا فریشتە لە گیانی سەوز دەبێت، ئیدی ئەوان بووبوونە فریشتە و دیوی نەفسیان نەمابوو، هەروەک فریشتەش دەژیان و هەروەک فریشتەش هونەری شەڕیان دەزانی بەڵام نیازی شەڕیان لێ سڕابوویەوە

بە بیاباندا دەڕۆشتن قورئانیان دەخوێند و دەنگی پێغەمبەرانەی ئەوان دەبووە سەرمەشق و لە هەوڵی ئەوەدا بوون وەک ئەو تەرتیلەکە بڵێنەوە. بەم شێوەیە دەڕۆن تا دەگەنە سەر ئاوێک بە ناوی (رەجیع) کە ئاوی هۆزی (هوزەیلە) لە بیابان ئەوە گەورەترین سەرمایەی هەموو خێڵە پێکەوە کە پێی دەگەن مانگ دەبوو بە دووان، یەکێک لە ئاسمان و یەکێکیشیان لە ناو ئاوەکە، لە دۆڵچەکەی کە ئاوەکەی پێ هەڵدەگۆزن و دەیدەن بە دەموچاویاندا.

لە بیابان دانیشتبوون و لە تاریکی شەودا لە دەوری ئاگردا خۆیان گرمۆڵە کردبوو و بێچەک و بێ تفاق وەک ئەوان تر نەبوون، بەڵام ئەوان لەوە نەدەترسان کە وەک ئەوانی تر نەبوون، بەڵکو لەوە دەترسان وەک ئەوانی تر بن، چەند خۆش بوو

مرۆڤەکان توانیبایان بە ئاشتی وەک خۆیان بژین، ئەمەش ئاواتی سەروەرەکەیان بوو دەیویست بە ئاشتی بژی، ئەو نیازی گەورەیی کردنیشی بە سەر ئەوانی تردا نەبوو بەڵکو دەیویست لەگەڵ ئەوان بژی وەک ئەوان بژی.

هەر ئەمەش مانای پێغەمبەرایەتی بوو، ئاخر پێغەمبەرایەتی بێ سۆز و میهرەبانی مانایەکی نەبوو، موحەمەدیش بۆ شوعلەیەک لە میهرەبانی وەرگەڕا بوو و ئەوانی پەروانەی بۆ خۆی راکێشا بوو، ئایا نەدەکرا هەموو مرۆڤەکان وەک ئەو بووایەن، با دەشا خۆ ئەویش وەک ئەوان مرۆڤ بوو، ئەگەر ئەویان دەدی شەڕی دەکرد و ئازا و پاڵەوان و شەڕکەر بوو ئەوە ژیانی راستەقینەی ئەو نەبوو، ئەو ناچار بوو ئاوا بێت، ژیانی راستەقینەی ئەو وەک ئەوەی ئێستای ئەمان بوو.

هەنووکە ئەمان رەنگی راستەقینەی ئەویان دەدایەوە ئەمان نوێنەری ئەو و پێغەمبەرێکی بچکۆلە بوون، تەنها ئەوە بوو سروشیان بۆ نەدەهات و وەحی بەگوێیاندا بچرپێنێت، بەڵام خۆ ئەمان فریشتەیان دەدی فرِفرِ لە ماڵەکانیان بە باڵەکانیانەوە دەهاتن و دەچوون، جا جیاوازی چی بوو سروش بۆ ئەو هاتبا وەک ئەوە وا بوو بۆ ئەمانیش دەهات، ئەمان ئەویان لە خۆیان خۆشتر دەویست و ئەویش ئەمانی لە خۆی زیاتر خۆش دەویست ئەزموونی شیرینی پێغەمبەرایەتی لە پانتایی ئەو خۆشەویستیەی نێوان چاوەکانی خۆیان و ئەواندا دەدی.

ئەمان هەستیان بە ئەرکی و رەنجی پێغەمبەرایەتی ئەو دەکرد و عارەقکردن ئازاری سروشیان لە چاوی ئەودا دەدی کە دەیکردنەوە یاخود کاتێک کە دایدەخست ئەمان تەنها تەماشاچی پێغەمبەرانەی ئەو نەبوون بەڵکو بە چاوی شەفەقەتەوە بۆ ئەویان دەڕوانی.

ئیتر وشەی فریشتانەیان لە سەر زار دەهاتە خوارێ و یاد ئەویان بە خوێندنەوەی وتەکانی ئاسمان کە بۆ یەکەم جار لەسەر زاری ئەو بۆ گرۆی بەشەر هاتبوونەخوارێ دەکرد و هێندەی سکوتیان ئاگرەکەش بە هاوترپەیی لەتەک ئەو سکوتەدا بە بێدەنگی سەمای دەکرد. ئەوان لەناو جیهانی رۆحی خۆیاندا بوون، درکیان کرد کە هەندێک لە پیاوانی ئەو خێڵەی ئەوان بۆلایان دەڕۆشتن لەوێ نەمابوون کاتێک پێشتر کە ئەمان بەهەشتیان دەچەشت و لە دۆزەخ سڵیان دەکردەوە، ئەمان لە ئاسمانبوون و لە شەڕەکانی بیابانی عەرەب دوورکەوتبوونەوە. ئەوان بە چاو بەشداریان دەکرد و لەگەڵیان بوون بە نەفس و دڵ لە شوێنی تر خەریکی پیلان لە دژیان.

کاتێک گەڕانەوە زەوی، دیتیان هاوسەفەرەکانیان لە پێش سەد سوارەوەن کە ئابلۆقەی ئەمانیان داوە و تیریان لە کەوانە ناوە و بەتەمان فەزای زیندوو و بەهەشتیانەی دەوری ئاگرەکەیان لێبکەنە چاڵی دۆزەخ، کبریتی ئیمانیان چرای زەینی

زیرەکی ئەوانی داگیرساند و زانیان نیازی دیلکردن و فرۆشتن ئەمانیانە بە قورەیش، هەڵسان خێرا ئاگرەکەیان کوژانەوە ئیدی تارمایی سێبەرئاسای ئەوان کە لەسەر خاکەکە سەمای دەکرد مەعب بوویەوە، تەنها سێبەری وەستاوی مانگ ما، کە جەستەی وەستاوی ئەوانی بەسەر خاکەکەدا درێژ دەکردەوە، هەر دە کەسیان شمشێرەکانیان لە کەلانەکانیان هەڵکێشا لە بەر تیشکی مانگەکە بریسکایەوە و سێبەرەکانیش شیری هەڵکێشراوی بێ بریسکانەوە بۆ زیاد بوو.

سوارە ئابلۆقەدەرەکان کە عەبا رەشەکەیان لە باتی شەو بە هەموو گیان و دەموچاویشیان هەڵپێچا بوو کە نووری مانگەکە تاریکیەکە لەو ناوە دوور خستبۆوە پێیان وتن: ئەگەر خۆتان بدەن بە دەستەوە ئەوا سەلامەت دەبن.

بەڵام ئەمان باش ئەوەیان دەزانی نەفسی ئەوان گورگە و هیچ شتێک ئەو گورگە دەمبەست ناکات حوزوری ناو دڵی خودا و ترسی مەرگ نەبێت. کە لە دڵی وشکی وەک بیابانی ئەواندا یەکەمیان بوونی نەبوو و دووەمیشیان غوروری بێمانای ئەوان لە کاتی ئاساییدا هەستی پێنەدەکرد، باوەڕیان بەوان نەکرد و دەستیان بە شەڕ کرد. هەر لە یەکەم جوڵەیاندا حەوتیان گەشتنە ئەو بەهەشتەی چەند ساتێک پێشتر لەوێ گەڕابوونەوە.

بەڵام میرسەد لێیان چووە پێشەوە و شەڕی لەگەڵدا کردن و تا ئەو کاتەی ئازاری بەرکەوتنی شیرەکان و رژانی خوێنی لەبەردەم مانگە شەوەکەدا لەگەڵ چێژی گەیشتن بە جیهانی رۆح پێش مردن تێکەڵ بوون، هێندە شیریان تێسرەواند کە برینەکانی دەیانوت: هێندە نابات لەو بیابانە دەبێتە خۆراکی داڵە لاکخۆرەکان، ئیتر ئەو دووانەی مابوونەوە بە دڵی بریندارەوە هێندە شەڕیانکرد کە شەکەت بوون و ئەمان شەڕیان دەکرد و ئەوان پەیمانیان دەدانێ کە ئەگەر خۆیان بدەن بە دەستەوە سەلامەت دەبن.

# ١٤

## شەهیدی چوارمێخە کێشراو

### (لەگەڵ هەر هەنگاوێك جەستەی بەردباران و رۆحیشی نەفرەت و جنێوباران دەکرا و لە جێ پێیەکانیشی خوێنی ئاڵ بەجێ دەما..)

کاتێکیش بە ناچاری خۆیان دابەدەستەوە بە پەتی حوشترەکانیان دەستیان بەستنەوە و بە دوای خۆیاندا رایانکێشان هەر ئەو کاتە یەکێک لەوان بە دووانەکەی دیکەی وت: ئەمە سەرەتای پەیمان شکاندنە، ئیتر نەچو لەگەڵیان و ئەوانیش هێندە شیریان لێدا توێ توێیان کرد و ئامادەیان کرد بۆ خواردنی بێ ئەرکی ئاژەڵ و باڵندانی کێوی و هەر لەوێ کوشتیان.

پاشان خوبەیب کە بەتەنهایی مایەوە بەڵام نەدەترسا بە گیانی خوێناوی و بە پێی پەتی بە سەر لمی داخی بیاباندا رێی دەبڕی و پاشان بە قورەیشیان فرۆشت کە هەرچەند پارەیەکی زۆریان پێدابوو بەڵام هێشتا لەبەرامبەر بەهای ئەو زۆر کەم بوو، ئەوان دەیانویست لە ئازاری ئەم مەخلوقە تەنهایە چێژبەرن و کارێک ئەنجام بدەن کە تەنها رۆمیان پێشتر ئەنجامیان دابوو ئەویش چوارمێخەکێشان و هەڵواسینی مرۆڤ بوو تا کەناری مەرگ بەجێی بهێڵن.

دواتر یەکەم شەهیدی چوارمێخە کێشراوی ئیسلامیان لە شوێنی زیندانی خۆی لە حەرەمەوە بۆ بەردەم خاچەکە لە سەر گردی تەنعیم راکێشا کە لەمبەر و لەوبەری رێگەکەوە هەموو مەککە کۆ بووبوونەوە لەگەڵ هەر هەنگاوێک جەستەی بەردباران و رۆحیشی نەفرەت و جنێوباران دەکرا و لە جێ پێیەکانیشی خوێنی ئاڵ بەجێ دەما کە

لەبەردەم تینی خۆری ئەو رۆژەدا کە لە ناوەڕاستی ئاسمان لەوێ دەیڕوانی یەکسەر دەمەیی و رەش دادەگەڕا. دەڕۆشت و دەکەوت و کۆتەکەی بە گەردنیەوە بوو کە پەتەکەی بەسەر سینگیەوە لەگەڵ لەترەکانی ئەمدا جمەی دەکرد.

کاتێک کۆتەکانیان لە گەردن و زنجیرەکانیان لە قاچی کردەوە بۆ ئەوەی لە چوارمێخەی بکێشن، داوای کرد مۆڵەتی بدەن دوو رکات نوێژ ئەنجام بدات، بڕیاردەرانی قوڕەیش رێگەی ئەمەیاندا تا لەمەشدا وەک دەوڵەتی گەورەی رۆم بکەن کە دوایین داواکاری چوارمێخەکێشراو دەهێنێتە دی، بەڵام گەمژە و مناڵان و مەستەکان ئەمەیان بە دڵ نەبوو و بەردەوام هاواریان دەکرد و بەرد و کوپەی پڕ لە شەرابیان دەگرتە دیلەکە.

بەڵام کابرای خوێناوی رووی کردە ناوشار و بەرەو حەرەم و دەستە خوێناویەکان تا کەنار هەر دوو گوێکەی پەنا دووچاوە خڕەکەی هەڵبڕی و نوێژی دابەست و دواتر ئەوان کە کەسیان نەیاندەزانی چی لەگەڵ خوداکەی (موحەمەد)دا دەڵێت و بەلای راستدا دەموچاوی سوڕان و سەلامی لە ئەهلی ئاشتی رۆحی لەو لایەی زەوی تا کۆتایی کرد و پاشان هەمان کاری بۆ ئەوانەی لای چەپیکرد و وتی: حەزم لێبوو درێژەی بدەمێ بەڵام دەترسام بڵێن ترساوە بۆیە هاتمەوە. ئەوجا سەری بۆ ئاسمان هەڵبڕی و خۆی بە تاڤگەیەک لە نووری بەبەزەیی سپارد و وشەکانی گەیشتنە ئاسمان:

خودایا قڕیان تێبخەی، تەفروتونایان بکەی، کەسیان لە سەر زەوی نەهێڵیت، پاشان شیعری خوێندەوە کە ئامادەی رۆشتنە بە برینەکانیەوە و جەستەی لێبارە و ئازارەکانی تەنها بۆ لای خودای دەبرد و مەرگ رێگەی گەیشتن بوو بە ئەو، ئیتر بە دڵ بەوە رازی بوو، ئامادەی چوونە سەر خاچ بوو.

ئەبوسوفیان وەک لە خۆی دەڕوانی لە حاڵێکی وادا چۆن خەیاڵ دەکات ئەگەر ئەو بوایە شەویلکەی خوارەوەی جوڵاند و وتی: حەز دەکەی ئێستا لە گەردن موحەمەدمان بدایە و تۆش بڕۆشتیتایە بۆ ناو ماڵ و منالّی خۆت؟

ئەو لەو کاتەدا کە خەریکی رۆشتن بوو و هەندێکی لەوێ مابوو وتی: نەوەڵا حەز ناکەم لە ناو ماڵ و منالّی خۆمدا بم و تەنها درکێکیش بە پێی (موحەمەد)دا بچێت!.

ئەبوسوفیان ویستی دوا سات بقۆزێتەوە بەڵام نەکرا! بیری لەم یارانەی موحەمەد کردەوە کە ئەمانە بە راستی هەر لەو گۆشت و ئیسقانەن کە ئازار دەچەژێت و لەو نەفس و هەوەسانەن کە خۆشی ژیان حەپەلوش دەکەن.

بۆیە نەیویست لەوە زیاتر رێ لە رۆشتن بگرێت نەوەک لاو و کاڵفامانی بخاتە ژێر وشەکانی کە لە رۆحیەوە دەهاتن نەوەک قورگی تینوو و وشکهەڵاتووی، ئەو وشانەی لە کانیاوی قووڵی رۆحیەوە هەڵدەقوولان.

بۆیە فەرمانیدا کە بە سزای عادیلانەی خۆی بگەیەنن، بەڵام ئەوە ئەو نەبوو جەستەیان بزمارڕێژ کرد و خوێن بە دارەکەی پشتیدا بۆ زەوی جۆگەلەی بەست، چونکە ئەو رۆشتبوو. ئەو شەوە بۆ سبەینێش بە خاچەکەوە نرکەیەک دەبیستراو بۆ رۆژی دوایش خوێن دەبینرا سور سور لە جەستەکە دادەگەڕا و لمی گردەکەی خوێناوی کرد بوو، تا ئێوارە جەستەکە بە دەمو لووتیدا هەوا ئامشۆی نەدەکرد بەڵام خوێنی لە نووکی بزمارەکانەوە خۆی دەگایەندە دەرەوە، کەسێک نەبوو سنوورێک بۆ خوێنی لەبەرچووی ئەو چوارمێخە کێشراوە بگرێت. کە پێش هەڵواسینەکەی بینیان بۆشکێ ترێ و خورمای بەهەشتی لەسەر زار دەنا، لێرە لە زەوی خوێن لە جەستەکەی دەرۆیی و رۆحەکەی لە ئاسمان خەریکی عەیش و نۆشی خۆی بوو.

بۆ بەیانی رۆژی دواتر بێ ئەوەی خۆر گوێی شانازیەکانی کەڵەشێرەکان بدات گوایە ئەویان لەو دیو پەردەی تاریکی شەوەوە بە خەبەرهێناوە، ئەم لە سەفەری بەردەوامی خۆی لەو دیو بۆ ئەم دیو هاتبوو و بەتەنها رێی فراوانی ئاسمانی تەی بکات و هەنووکە بە نیوەی رێ گەیشت بوو کە ئەو دەشتەکیانەی پیرێ لە دانەدەستی خوبەیب، پارەیەکی باشیان دەست کەوت بوو رۆشتن لاشەی هاوڕێیەکی بە مردوویی بهێنن، بەڵام کاتێک رۆشتن دیتیان جەستەی راخراوی ئەو زەردەواڵە تەنیویانە و بە گیزە گیزیان بیابانیان هێنابوویە دەنگ و نەیاندەهێڵا کەس لە جەستەکە نزیک بیتەوە، دەیانوت: ئەمە دەرنجامی قەبوڵی نزای خۆی بوو کە دەست هیچ موشریکێک بەر جەستەی نەکەوێت، خودا کە لە هەموو شوێنێک بوون نەیهێڵا دوای مردنیشی پارە لە بەرامبەر گۆشت و ئاسقانی لە خاک دروستبووی وەرگرن.

## ١٥

# کوشتنی نێردراوە بۆ چەکەکانی پێغەمبەر (ئەوانەی چەکیان تەنها وشە بوو)

**"ئەوان بە ئیشتیا و چێژەوە ناوچاویان بۆ خوداکەیان لە ئەرزەکە دەسوو و قەیرێکیش لە مانگ و ئەستێرانی ئاسمانیان دەڕوانی کەچی ئەوان بە خیانەت کوشتیانن"**

(ئەبو بەراء، مالیکی کوڕی عامیر) ئەو پیاوەی کە پێیان دەوت (یاریچی سەرە رمان) بە هەموو شکۆ و هەیبەتێکی خۆیەوە کە باخە ترێ پاڵکەوتووەکان و باخە خورما باڵابەرزەکان و نیوەی شاری سەر سەوزی مەدینەی بڕی بوو کۆڵانە لم ڕێژەکان و بازارەکەی بڕی کە بەدەم خەندە و لەبەردەم شوێنکارەکان دانیشت بوون.

ئەم بازارە بازارێکی سەیر بوو، لێرە دوکاندارەکان ورگیان بەسەر قاچ و قولیاندا شۆڕ نەبوو بوونەوە، کاڵاکانیشیان کاڵای پڕکەرەوەی پێویستیەکانی مرۆڤ بوون، نەوەک حەزەکانی، خۆر لە ئاسمانەوە بە تەواوەتی گڕی نەگرت بوو و هێشتا لە هۆشی گەیشتن بە ناوەڕاستی ئاسماندا بوو، ئەو خەڵکەی دەبینی جلوبەرگیان وەک یەک بوو، جلی کۆیلە و گەورەکان، دەنگە دەنگی بازارانی دیکەی عەرەبانی نەدەبیست.

کابرای تیکسمڕاو کە وەک بتێک بە پشتی ئەسپەکەیەوە بەسترابێتەوە، ڕێک پشتی ڕاگرتبو و مووی ماش و برنجی سەرسینگی لە نێوان دزداشە و دزداشەکەشی لە نێوان هەر دوو توێی عەباکەیەوە هاتبوویە دەرەوە، جیاواز لە بتان تەنها هەر ئەوە بوو

ملی دەسوڕا و بەو نیگایانەی دوو چاوە گەورەکەی کە پڕ لە سەرسوڕمان بوون سەیری کپی ئەم بازارەی دەکرد، هێندە کپ گوێی لە دەنگی سمی ئەسپەکەی خۆی بوو ( تەق تم. تەق تم) کە بە جادەکەدا دەڕۆی، ئەو بۆ ئەوە هاتبوو کە موحەمەد ببینێت. لەم شارە کپەدا کە لە بێدەنگیدا لە وێرانە دەچوو، نەوەک لە شارێکی پڕ لە هەڵڵای عەرەب لە ریش سپییەکی بە ویقاری پرسی: موحەمەد لە کوێیە.

کابرا بێ ئەوەی هیچ سەرسوڕمانێک پێشان بدات لە ئاوازی جیاوازی ئەم وتی: پێغەمبەری خودا لە مزگەوتە.

ئەم وتی: ئەی مزگەوت لە کوێیە؟

کابرا ئاماژەی بەو کەلەبەرە گەورەیە کرد کە راست لەو سەری کۆڵانەکەوە بەرامبەری وەستا بوو لەو دیویەوە دیوارێک دیار بوو کە لەسەریەوە سەقفی لە پەلی خورما و پێستە دروستکراو دیار بوو کە پەلی خورماکان وەک تیتکە قژی چڕ لە ژێر پێستەکاندا هاتبوونە دەرەوە.

چووە هەر ئەو شوێنەوە کە کابرا بە مزگەوتی ناو دەبرد بینی پیاوێک لەناو کفنێکی سپی و پێستێکی درەوشاوە و موویەک قەترانی رێک وەستا بوو و شتگەلێکی دەوت: کە ئەم لێی نەدەگەیشت، چونکە سووک و کپ تەنها لێوانی دەبزواندن هەندێک سەیری ئەم پەرستگە گەورەیەی کرد کە نە دەرودیواری رازاوە و ئەو هەموو کۆڵەکەیەش کە زۆر قایم نەبوون سەقفەکەیان هەڵگرتبوو، کە لە خوارەوە تەنها ستوون بوون و لە سەرەوەش وەک دارخورما کرابوونەوە، وەستا تا پیاوەکە لە کارەکەی بوویەوە و بەملاو ئەولای سەریدا سەری سوڕاند و سەلامی کرد و ئەوجا رووی بەلای ئەمدا کرد و دەموچاوی بینی لە جوانیدا پرشنگی دەدا، پاشان پێش ئەوەی هیچ بڵێت بە زەردەخەنەیەک کە دانە سپیەکان لە نێوان لێوەکانیەوە پێشاندا و بەمی وت: ها برای عەرەب! سەلامت لێبێت کارت هەبوو.

ئەمیش دیار بوو هێشتا چرای زەینی هێندە دانەگیرسا بوو، یاخود داگیرسا بوو هەنووکە بەرەو کوژانەوە چووبوو کە بە نیگا بیناسێتەوە.

وتی: موحەمەدم دەوێت.

پیاوەکە خەندەی دەموچاوی بێ چرچ و لۆچی خۆی خستە سەر رۆحی ئەم و وتی: من موحەمەدم.

ئەمیش شەویلگەکانی خوارەوەی خۆی جوڵاند وتی: پێم بڵێ ئەمە چیە هێناوتە کە شەڕ و ئاژاوەت پێی ناوەتەوە و جیاوازیت خستۆتە ناو عەرەبەوە!.

هەنووکە نیگا جوانەکانی بە تەواوەتی هەموو دەموچاوی گرت بوو و لێوەکانی بوونە گوڵ و بە نەرمی وەڵامی پرسیارە زبرەکەی ئەمی دایەوە سەیر بکە ئەباعامیر

(ئاوازێک لە بانگکردنەکەیدا بوو وەک بڵێت ئەی حەکیم و پاڵەوانی عەرەب): من بۆ خۆم ئەم کارە هەڵنەبژاردووە، بەڵکو خودا خۆی بۆ خۆی کە کەس دەسەڵاتداری ئەم بوونە نیە ئەو نەبێت.

ئەم بیری کردەوە ئەو بە تەواوەتی لەو رۆحە گەیشتووانە بوو، کە لە قووڵایی دووری بیاباندا بە رۆژ لە سێبەری دارێک دادەنیشن و لە لم دەڕوانن و بە شەویشدا دەموچاویان بەناو ئەستێرەکاندا دەگێڕن و لە ململانێ و کوشت و کوشتاری مرۆڤ دوور دەکەونەوە و دیوێک تری ئەم بوونە دەبینن و هەر ئەوان دەزانن کە بۆ خۆیان چەند بێدەسەڵاتن و لەم بوونە فراوانەدا کە بیابانی فراوان تەنها بەشێکی بچووکە لێی گچکەیی خۆیان بۆ دەردەکەوێت و لە بوونی درۆزنانەی وەک ئاویلکەی سەر لمی بیابان کە بوونی راستەقینەی نیە خۆیان دادەڕن و دواتر پڕ دەبن لەوەی کە حیکمەتە.

لە هەموو ماڵ و سامانی دونیا باشترە کە مایەی شەڕ و ئاژاوەی هەموو بەنی ئادەم و عەرەبە، بنەمای حیکمەتێک خۆ بە شت نەزانینە، ئێستا ئەم بە تەواوەتی دانی بەوەدا نابوو، کە ئەم مەزنی و ناونیشانەی هەموو دونیای عەرەبی پڕکردبوو هی خۆی نەبوو.

دواتر لە ناو کەللەی پێشتر تاریک و ئێستا بە نزیک رۆشنیدا گوێی لە دەنگی وەک لایلایەی ئەو بوو کە بۆ خۆی رادەکێشا هەر وەک چۆن گەڵای دارەکان دەنکە باران بۆ لای خۆیان رادەکێشن: ئەبوعامیر! عەرەب بۆ خۆیان جیاوازیان لە نێواندایە، هەڵدەکوتنە سەر یەکدی و خراپەیان بۆ یەکتر دەوێت، هەر کامیان دەیەوێت هەموو شت بۆ ئەو بێت و براکانی لە هەر شتێکیش بێبەش بکات و هەر لە سەر ئەوەش بەردەوام کێشە و ئاژاوەیانە. لەم چۆڵەوانیە فراوانەی بە پەچە لم داپۆشراودا دەیانەویت یەکتر قڕ بکەن.

ئەوان لێیان تێکچووە، ئەوەی ئەوان لەو یەکتر کوشتن و تاڵانکردنەدا دەیانەوێت دەستیان کەوێت، لەوێ نیە لەو شمشێر بەرزکردنەوە و خوێن رشتنەدا نیە کە ئەنجامی دەدەن، ئەو مەرگ و قات و قڕی و برسێتی و نەخۆشی دڵ بەردبوونەی تووشیان دەبێت، ئەوە چۆڵەوانی سارا نیە کە دەبێت بیخەنە ژێر سمی ئەسپەکانیان و حوشترەکان تێیدا بپرمێنن بۆ ئەوەی رێی کاروانەکانیان ئاوەدان بێت.

لەو چۆڵەوانیە لەناوبەرەدا خەریکی تێرکردنی ئەو جنۆکانەن کە خۆراکیان ئێسقانی ئەو مرۆڤانەن لەو دەشتە بەجێ دەمێنن. گرفتەکە لەو چۆڵەوانیە و قات و قڕیە فراوانەدایە کە لەناخیاندایە و لا بە لایەوە ناکەنەوە، ئەوێیە کە لانکەی شێر و گورگ و ترس و ئاگر و خوێنە، ئەوێیە کە ئەوان ناوێرن پێی تێبخەن و بە ئاشتی کاروانەکانیانی پیادا تێپەڕێنن و ئاوی ئاژەڵەکانیان تێدا بدەن و مرۆڤ بە تەنهایی ناتوانێت وەک گەردێک لە تۆز تێیدا دەرکەوێت و پاشان نەبێتە تۆپەڵە و دواتر وەک هەورێک لە خۆڵ

گوزەر بکات، لەتەک خێڵەکەی نەبێت، ئەوەی لە دەرەوە لەو بیابانەی دەرەوە روودەدات تەنها رەنگدانەوەی ئەوەی ناوەوەیە.

ئەم مرۆڤە حەکیمە پیرەکانی زۆر دی بوو، بەڵام هیچیان وێنەی ئەم نەبوون، لە خۆی زیاتر لەم دونیا هیچ کەسی دی بوونی نەبوو، بەو زاراوە نەبیستراو بەڵام ئاشنایانە بۆی دەدوا کە دڵی ئەمیان دەدایەوە.

پاشان کتێبە ئاسمانیەکەی بە ئاوازیک تێکەڵ لە خوێندنەوە و سرود بۆ خوێندنەوە. لە کاتێکدا گوێی لەو راگرت بوو هەینێ چوویە ناو باخی بەهەشتەوە، هەینێکیش بەناو ئاگری پر تین و تاوی دۆزەخدا گوزەری پێکرد، وشەکانی وشە نەبوون ئاگر بوون شاری پڕ لە هەرماس و بێباکی پێشتری ئەمی گڕ تێبەردەدا، ئەوانە وشە نەبوون بەڵکو تەرزە و ئاگر پێکەوە لەگەڵ خوێن هەڵدەڕژانە سەر زەوی.

هەندێک بە چاوە جوانە عەرەبیەکانی کە بە بێدەنگ لە ژێر سورەمەیەکی کێشراو لە شەرمێکی پیاوانەی جوان لەتەک ئەمدا دەدوان. ئەمیان لەبەردەم رۆحی خۆیدا رووت کردبوویەوە، رووت کە ئەم هەر خۆی دەیبینی، وەک یەکەم لە دایک بوون کە خەریک بوو جارێکی دی لە دایک دەبوویەوە.

لە دڵی خۆیدا زۆر لۆمەی خۆی کرد کە بۆچی هێندە بێباک بوو و پێشتر نەهات بوویە خزمەتی و پەیمانی تا ئەبەدیەت شوێنکەوتنی خۆی لەتەکدا ببەستێت، دەنگێک لەواوەی هاواری دەکرد (راستە خۆیەتی ئەو رزگارکەری عەرەب و دونیایە) سینگی ئەشکەوتی دەنگدانەی ئەو دەنگەی ناوەوە بوو هەڵدەبەزی و دادەبەزیەوە.

بۆچی پێشتر نەهاتبوو گوێی لێ بگرێت، بەڵام ئێستا مەشخەڵی رۆحی داگیرسا بوو و رێی تاریکی پێ دەدۆزیەوە، نەدەبوو رێگە بدات یادی ساردی رابردوو سەرچاوەی پر لە حوزنی سینگی پەنگخواردووی بتەقێ و شوشەی عەقڵی پر لە هۆشی لەتەک خۆی بەرێت، ئەو بە وشە جوان و سەیرەکانی تینوویی ناو ئەمی شکاندبوو، بەم چەند ساتە کەمە لەو روانینە موحیبەت ئامێزانەیەوە دڵی ئەمی بردبوو.

هەستی بەبوونی خۆی دەکرد و لەبیری چووبوویەوە کە مرۆڤێکی کڵۆڵی ئەو بیابانەیە کە هاکا لە شەڕی خێڵەکەی لەتەک خێڵێکی دیدا کوژرابوو، ئەگەریش ئێستا مابوو و لەبەردەم (موحەمەد)دا وەستا بوو و پرسیاری حەکیمانە و ئەزەلی بە خەیاڵدا دەهات ئەوا سبەینێ یان دوو سبەی دەکوژرا. بەڵام هەنووکە لەم حوزورەدا ئیتر نەمری دەسکەوت بوو، دەمرد بەڵام هەرگیز نەدەکوژراو تیا نەدەچوو.

بە جۆرێکی سەیر داگیرسا بوو لەبەردەم سەروەرەکەیدا کە ئێستا لە ئاسمان و تاک و تەنها بوون، ئەو چاڵانەی زەینی پڕ لە نووری ئیمان دەبوون کە چاڵی تاریکی پڕ لە نەفامی بوون، چاوەکانی بڕی بوویە دەموچاوی نوورینی سەروەری و لەتەکیا لە

سەر سفرەیەک کۆدەبوویەوە کە جۆرێکی دیکە بوو، لە دڵی خۆیدا دەیوت چەند باش بوو کە تۆم دۆزیەوە ئەگینا لەو بیابانە رەق و تەقە لە ژیانێکی بێهودە و زیندە دەمام و لە کۆتاییشدا لە شەڕێکی بێماناادا لە سەر دەستکەوتنی ئەو شتانەی کە لە بنەڕەتدا هی ئەوانی دیکە و فانی و تەمەن کوورت بوون لەناو دەچووم، کە هیچ شتێک لەوە ناخۆشتر نیە لە پێناو شتێکی تەمەن کوورتدا ژیانی ئەبەدیە لە دەست بدەیت.

ئەم بەردەوام وشەی موحیبەت ئامێزی لە مورشیدە نوێکەیەوە پێدەگەیشت هەتا لەبیری بچێت ئەو پێشتر لە چ بێ ئۆقرەییەکی بەردەوام و بێ سەروبەریەکی نەبڕاوەدا لەو خوارەوە هەتا مردن دەسوڕایەوە، هەنووکە ئەو دەستی خۆی بۆ ئەم رایەڵ کردبوو و دەیویست سوود لە قادرمەی خودا ببات و لەتەک خۆیدا بیبات و ئێستا ئەمیش ئامادەی رۆشتن بوو، کارێکی بە چێژی ئەنجامدا کە پێیان دەوت ئیمانهێنان.

ئەوجا داوای کرد بگەڕێتەوە بیابان و ئەم نوورە بە هەموو خێڵەکانی نەجد بگەیەنێت، بەڵام موحەمەد داوی لێکرد ئەوە بشارێتەوە کە شاردنەوەی لە خزمەکانی کە خوویان بە ناکۆکیەوە گرت بوو ئاسان نەبوو.

پاشان کە خۆی نەیدەتوانی بانگەشە بۆ ئایینەکە بکات و بەهۆیەوە ئاشتی ناوەوەی مرۆڤەکان دابین بکات، کە لەگەڵیدا ئاشتی دەرەوەش وەک دارێکی لقوپۆپدار ریشەی لە ئەرزدا دەبوو، وتی: ئەی پێغەمبەری خودا ئەگەر بکرێت هەندێک لە یارانت بنێرە بۆ لای خەڵکی نەجد تا بۆ لای ئایینەکە بانگیان بکەن.

پێغەمبەر وتی: دەترسم خەڵکی نەجد شتێکیان لێ بکەن.

(ئەبوبەراء) وتی: من پەنایان دەدەم!.

پێغەمبەر چل کەسی لەتەکدا بەرەو ئەرزی خیانەت نارد بەو نیازەی رووگەی تاڵان و پەیمان لەتەک خوێن بەرەو هێزی نەتوانین واتە ئاشتی و پەیمان لە تەک ئاو و نوور کە ئاو دەبێتە گیان و دەچێت بەبەری تەختەی مردوودا و نووریش گەرمی دەبەخشێت و بەشی هەموو کەس دەدات کە پێی بگات و هەتا بشتوانێت دەڕوات.

پێغەمبەر چل لە جوامێرانی مەدینە لە تەک (ئەبو بەراء)دا نارد لەوانەی بە رۆژدا لە بیابان رووەکی ئێزخەریان دەهێنا و دەیانفرۆشت و نانی هەژارانی دارولصەففە ئەو شوێنەی هەژارە بێکەسەکانی مەدینەی تێدا دەژیا، مەدینە ئەو شارەی فەرهەنگێکی نەرمونیان و یاسایەکی عادیلی هەبوو، بە شەویشدا وانەیان بەوان دەوتەوە، لە هیچ شوێنێکی سارای عەرەب وانە و نووسین هێندە جێی گرنگی پێدان نەبووە، ئەوانەی نارد پەیوەندیان لەتەک مورشیدەکەیان پەیوەند مامۆستا و قوتابی بوو.

پەیوەندی مامۆستاییش ئەو پەیوەندیەیە کاتێک تەواوە کە بپچڕێت و فێرخواز بتوانێت بێ مامۆستاکەی کارەکانی ئەنجام بدات، ئەگەر ئەو گەیشتنە نەبێت مانای وایە

ماموستاکه سەرکەوتوو نەبووە. موحەمەد ئەو ماموستا سەرکەوتووە چەندین جار حەواریەکانی خوی ئەوەندە پیگەیاندووە کە بە تەنها بو ولاتی دووری ناردوون، ئەو دەمەی ناردنیە لای پاشا رەشپیست و روحانیە قژ لوولەکەی حەبەشە و باشترین خویندکاری ئەو بوون کە بێ ئەویش باشترین کاری خویان ئەنجامدا.

هەر ئەم شاری مەدینە کە شاری ئەو بوو خویندکاری پیگەیشتووی خوی بو نارد و هیچ مالێکی نەبوو روشنایی ئیمانی پێ نەگەیشت بیت کاتێک کوچی بو کرد. ئێستاش دەبوو لەتەک (ئەبوبەراء)دا باشترین رولە روحیەکان و خویندکارانی بەردەستی کە بەشداری ئەزموونی مەعنەوی خوی کردبوون و هەمیش هونەری بەخشندەیی و جوامێری کە باوکی فەزیلەتە جوانەکانی عەرەب بوو، ئەخلاقی قوولی عەرەب جەنگاوەری نەبوو بەلکو جوامێری بوو.

جوامێریش بەخشینی هەموو هەبووی خوت لە پێناوی ئەوانی تردایە کە بە هوی خووە خوێناویەکانی قورەیش و هاوپەیمانانی کەوتبووە پەراوێزەوە، هەنووکە لوتفی رەحم و بەزەییانەی موحەمەد کەوتبووە سەنتەرەوە، موحەمەدیش کە ئازارێکی کەمی ئەوان خەوزران و ئاهـ هەلکێشانی دایکانەی ئەو بوو، ئەوا ئەوی نەرم سیفەت دایکێک بوو کە بەردەوام پاسەوانی سەر خەوی منالەکانی بوو و ئێستا بەدەستی خوی رولەکانی خوی دەنارده ناو خاکی بەرەهوت و پڕ لە گورگ و مروڤی دلڕەقی بیابان.

بایەخی بەو دژایەتیانەش نەدا کە تا هەنووکە دژی بەرنامەکەی ئەو ئەنجامیان دابوو، بویە دەستی بەسەر ئەبرو رەشەکانیەوە راگرتبوو دلی پڕبوو فرمێسکیش پەردەیەکی لە سەر پیلوەکانی دروست کردبوو کە لە ناو ئەو پەردەیەوە لەوانی دەڕوانی تا لە چاو ون بوون.

چل پیاو لە کاتێکدا قورگیان سرودی رزگاری هەمیشەیی دەچڕی، چل بوخچەی بچووکی پڕ لە پەرەموچ و مرەکەبی نووسین و پەلی خورمای پانی وردکراو و ئامادە بو لە سەر نووسین، پێستەی لوولکراویان پێ بوو تا خوێندن و نووسین بەرنە ئەو جێیانەی هەرگیز نووسینی پێنەگەیشت بوو و چل سینگی کراوە و پڕ لە نوور و چل روحی سووکەلە بوو لە باری قورسی رق و ململانێ لەگەل مروڤەکانی دی چل ئەندیشەی داگیرساو بە گڕی وەحی کە توانای هەبوو بێ بەکارهێنانی تیر و شیر هەموو بیابان بگرێت.

چل یاری هیلاک کە خولە تەپەی بیابان بەری قورگی گرتبوون و خوری بێباکیش هەموو گیانیانی شەلالەی عارەق، بە شەکەتی بەلام بە دلی خوش و بەکەیف و سەفا رێی فراوانی بیابانیان بو دەکشا، سێ شەوان و سێ روژان روشتن و روشتن و

نەگەیشتن، هەڵگری نامەی پێغەمبەر بۆ سەرۆکی خێڵانی ناوچەکە و پێشەوا و ئەوانیش ڕێبوارانی ڕێ.

تینوویەتی بڕستی لێبڕین، شەربەی پڕ لە ئاویان خاڵی بووبوویەوە، ئەگەر بیرەکەی (ئەلمەعونە)یان بە خۆی و ئاوە شیرینەکەیەوە لێ بەدەر نەکەوتایە بۆ خۆیان بە جیهانی خامۆشی مردووان بێجووڵە دەگەیشتن.

( ئەبوبەراء) ئەوانی لەو دونیا بێ سەروبەرەدا بەتەنها بەجێهێڵا تا بە خزمەکانی و خێڵەکانی دەوروبەر رابگەیەنێت کە ئەوان دێن، چل پیاوی بێچەک، چەکیان تەنها وشەیانە و لە ساراشدا وشە بەرامبەر ئەو دونیا بەرینە رەقە هیچی پێناکریت و ئەو ئەوانی پەناداوە و لە نەریت ئەوانیشدا هەرکەس پەنا بدرێت نابێت دەستی مارئاسای کە لە کونەکەوە سەر دەربێنێ بۆی هەڵببڕدرێت و زەردەواڵەی تیری بۆ هەڵنەدرێت.

بەڵام زۆرێک لە خێڵە نەجدنشینانی دڵڕەق و لاموبالات لە هەموو شت تەنها بەرژەندی زوو تێپەڕ و ئانی خۆیان نەبێت دەیەها قەرن ئاوا هێنابوویان خۆیان بۆ چاک نەکرا بوو، بە گوێ پەنادانەکەی ئەبوبەرائیان بیست کە نەیانزانی بوو ئەویش جەستە و وتەکانی لای ئەوان و خەیاڵی لای موحەمەدە و ئیمانی هێناوە، بەڵام نەفسیان بۆ بیری شەیتانی دیکەی بردن، کە بە چاوە زیت و ئەبرۆ درێژەکانیان بۆ یەکتریان روانی.

ئەمە ئەوان بوون شوێنکەوتووانی موحەمەد بێترس و لەرز لە پەنا یارێکی ئیمان پەنهانکردووی خۆیاندا بێترس و غەم لەو دونیا کەوتبوون دەیانەویست و پەیامی ڕێبەرەکەیان بە ئەو سەرەکەی بگەیەنن. ئەو شەوە قەیرێک بە خوێندنی ئایەتی شیرین و جوان خۆیان سەرمەست کرد و بەڵام بێهۆش و مەست نەبوون، قەیرێکیش دەمێ بە بە شادی و دەمێ بەترسەوە بەڵام بە ئیشتیا و چێژەوە ناوچاویان بۆ خوداکەیان لە ئەرزەکە دەسوو و قەیرێکیش لە مانگ و ئەستێرانی ئاسمانیان روانی، مانگ وەک ئەمان شاد و گوشادە وەک خۆر نەبوو کە ناتوانی چاو ببڕیتە چاوی لەم شوێنە دوورەدا سەریان بەیەکەوە ناو بۆ جیهانێک هەر کەسە و بەتەنها رۆشتن.

سەرئەنجام رۆشنایی وەک دوو خەت کە لە یەکدی جودا دەکرانەوە لە ئاسۆوە دەرکەوتن و ئەمانی چل ڕێبواری شەکەت کە ئەم شەو بێئاگا لە خیانەت و لە وەحشیگەری عەرەب خۆیان دابوویە بەر تریفەی مانگ، غەرقی ژێر داپۆشی شەو لێی کەوت بوون لە شوێنی خۆیان راستبوونەوە بیابان وەک لەپی دەست بێ پەنا هیچ شوێنێکیان نەبوو بۆی بچن، هەر لە شوێنی خۆیان ئاوی دۆڵچەیان بۆ یەکتر راگرت و پاش ئەوەی ناوی خودایان لێهێنا پاک دەموچاو و دەست و قاچیان پێ شۆرد و دواتر هەر ئەو ناوچاو و دەست و قاچە پاکەیان لە خاکدا گەوزان.

یارەکەیان لە مەدینە بوو، بەڵام روو لە مەککە یەکیان لە پێشەوە و ئەوان تریش بە ریز بە پێوە وەستان و چەند جار چەمانەوە و خۆیان گرمۆڵە کرد و وەستان و چەمانەوە و دانیشتن و سەلامیان لە هەموو بوونی لای راست و چەپی خۆیان کرد و لە دەوری یەکتر کۆبوونەوە و پێخۆرەکانیان دانا و سێ پەنجەی دەستیان وەک چنگاڵ لێکرد و بۆ دەمیان برد و شوکری خودایان کرد و نیوە برسی و نیوە تێر لێی هەڵسانەوە لە دەوری پێشەنگەکەیان خڕ بوونەوە.

نامەی سەروەریان کە ئەو نامەیە ئەمانی بۆ ئێرە هەڵگرتبوو ئەوە ئەوان نەبوون کە دەڕۆشتن بەڵکو نامەکەی ئەو بوو بردبوونی بەڕێوە، لە بوخچەکە دەرهێنا و دایانە ئەوەیان کە بە تەمەنتریان نەبوو بەڵام بەدەم و لەفزترینیان بوو، ئەویش (حەرامی کوڕی مەلحان براکەی ئوم سەلیم) بوو بۆ (عامری کوڕی توفەیل) گەورەی بەنی عامر نارد و لە بیابان کە ئاژەڵانی شەو هیچیان لەو ناوە نەمابوون و ئاژەڵانی رۆژیش کە لە دوورەوە لەمانی غەریبیان دەڕوانی تێدەپەرین لە کاری زۆر گرانی چاوەڕوانی وەڵامدا مان.

حەرامی قسەزان و ئارام دوای بەجێهێنانی ئەوەی دەشێت بە راستی لە وجودی خۆ لە رێز و تەقدیر بخولقێت، نامەی ئازیزی دایە دەستی توفەیل کە لەسەر لا لەسەر فەرشە وەک عەرش لە بەرزایی بۆ دانراوەکەی وەک پڵنگ لێیکەوتبوو، چاوی بڕیە نامەکە و سەری بۆ کابرای نێردراو هەڵنەبڕی، دەستەکانی بە نیشانەی خراپەکاری ئاماژە پێدا و پیاوێک لە پشتەوە رمێکی لە نێردراوەکە دا و لە سینگیەوە دەرچوو و خوێن فیشقەی کرد، چاوەکانی زەق بوونەوەو فریای ئەکەوت کە لە دەمی پڕ خوێنیەوە نوتق بدات: بردمەوە سوێند بە خودای کەعبە بردمەوە، لە سەر ئەژنۆ دانیشت و بە پشتدا کەوت.

پاشان توفەیل کە وەک پڵنگ دەیمڕاند، لە حاڵێکدا بوو کە هەمیشە بێ پەیمانان تێیدا دەبن فەرمانیدا بە (بەنی عامر) کە قەتڵوعامی ئەوانی تریش بکەن، بەڵام ئەوان لەبەر پەنادانەکەی (ئەبوبەراء) نەچوون بە دەمیەوە، ئەوجا پەنای بۆ خێڵی (بەنی سەلیم) برد و تیرەکانی (رەعل) و (زەکوان) و (عەسفە) چوون بە دەمیەوە. کافرانی بێدین و بێ وەعد و پەیمان ئابلۆقەی یارانی بێچەکیان دا.

ئەبو بەرائیش لەبەرامبەر ئەم پەیمان شکێنیەدا زۆر هەوڵیدا بەڵام هیچی پێ ئەنجام نەدرا، دیاربوو هەوڵەکانی ئەم کە ئەوان لە مەخلوقیکی شەڕکەرەوە بۆ مرۆڤێکی ئاشتیخواز بگۆڕێت هەرەسی هێنابوو، ئەمان نا لەوانەیە مناڵەکانیان گۆڕانیان بەسەردا بێت، هەر لە دوورە چاو پڕ فرمێسک بۆ مرۆڤگەلێکی بێتاوانی دەڕوانی کە لە حاڵێکدا

بوون کە هەمیشە غەدرلێکراوان لەو حاڵەدان و بێتاوان لەلایەن دوژمنێکی رەق و بێ بەزیەوە دەورە درابوون.

ئەی خودایە ئەوە چیە روودەدات، ویستی شتێک بڵێت بەڵام زەینی بە هانایەوە نەهات، هیچی پێ نەدەوترا، چونکە تیر و شیری هەموو شتێکی وت و بەبەرچاویەوە هەموویان دەکوشتن، ئەوان دەدی کە ئەوەندەی لە توانایاندا بوو لە کاری خۆیان بەردەوام بوون کە بەرگرێکردن بوو. ئەوان بۆ سازانی بیابانێکی پڕ لە سەلامەتی و نوور و ئیمان هاتبوون کەچی ئێستا لە شیوێکی پڕ لە خوێن و مەرگدا خۆین بینیەوە.

کەسێک باوەڕی بە موحەمەد بێت کوشت و کوشتاری ناکات تالان و بڕۆ ناکات خوێن نارێژێت و جەردەیی ناکات، وای لە دەستی خزمانی دەشتەکی شیرینی ئەمەک و وەفا نەچەشتوو، چیان لە خۆشەویستان و برایانی تازە پەیدا بوو دەکرد، ئەو باسی ئەوانی نەدەبیست بەڵکو بە چاوانی خۆی دەیبینین دەتوت زەردەوالەن و داریان تێ ئاژنراوە دەتوت مێروولەن و ئاو چووەتە هێلانەکەیان.

وەی رۆڵە لەناو ئەو هاتوچۆ و تێکقژانەدا بەر یەک دەکەوتن تروسکەی شیر بەر شەوارەی خستن گڤەی تیر سەری لێ تێکدەدان، ئەوسا پڕیان دەدایە شمشێری کوورت و پارێزگاریان لە یەکتر دەکرد، دەیبینی لەوێ بێکەس کوژیان دەکردن، وای وای لەو ئەو رۆژە تاگرتووە کە ئەوان نەیاندەتوانی هەناسەی تێدا بدەن.

ئەبوبەراء دەیبینی و نەیدەتوانی لەوە تێبگات ئەوەی دەیدی لەناوبردنی ئەبەدی بوو، جەرگبڕانە دەیانکوشتن خوێناویان لێدەچۆرا وەی لەو دیمەنەی گڕی لە هەناو بەردەدا هێندە شمشێری بێ رۆڵی لەبەردەم هوروژمی تیری نەبڕاوە وەشاند کەوتنە سەر ئارەقە و خوێن، هەلهەلەی ژمارەی زۆری چەکدارانی سەرکەوتوو و وەلوەلە و هەراو هوریای مامۆستایانی نوور هاوردوو سینگی ئاسمانی هەڵدەدڕی، کە جێپێ و جێ دەستی خوێناوی لەسەر لمی گەرمی بیابان دەمەیی و نەخشی دەبەست.

وای لە خامۆشی بیابان کە ئەو هەموو کوشت و کوشتارە بە ناحەقەی دەدی وەک ئەم هیچی نەدەکرد، کوشتارێک لە حەسرەتیدا ئاسمان قڵیشی دەبرد و دوو لەت دەبوو و شاخەکان بە دەمدا دەکەوتن، ئەوانەی لە مەرگ نەدەترسان و مەرگیان لەناو خۆیاندا هەڵگرتبوو، رێبەرەکەیان رۆحی وردوخاش کردبوو نەوەک جەستەیان، دەیان جار مەرگیان بەزاند بوو، بەڵام ئێستا لەبەردەم ساتۆری خیانەتدا لنگەفرتەیان بوو.

چی بوو وای دەکرد دوژمن بەو توندیە رووبەڕوویان بێتەوە، بوونی ئەوان بەو بێچەکیەی خۆیان ئەوانی پڕ کرد بوو لە ترس، ئەسپان دەیانحیلاند و پێیان بە ئەرزدا دەکوتا و گێرەیان دەکرد و بە چواردەوری ئەو شیوی مەرگەدا دەخولانەوە و خوێن بەرگری دەکرد و بووبوو بە پەیژەی عروجکردنی رۆح، ئەوان لەوێ خوێنیان دەڕژا و

چەکیان نەبوو، بەڵام تەنها بوونی خۆیان مایەی ترس بوو و راستە شمشێریان پێ نەبوو بەڵام شمشێریان وشەیان بوو کە ئاگری بەردەدایە بیابان و ئەوانی دەگەیاندە بن دونیا.

(ئەبوبەراء) ئەوانی بینی کە پەیمانیان لەتەک خودای خۆیان نەشکاند و شەڕیانکرد، خوێنیان رژایە سەر بیابان و کاتێک زانیان کە مردن خەریکە دەگات، وەک ئەوەی قسە لە تەک سەروەرەکەیاندا بکەن وتیان: (اشهد ان لا اله الا الله و ان محمدا رسول الله) وەک ئەوەی وت بێتیان یا ئەڵڵا رۆحی خۆمان بە تۆ دەسپێرین، دەچین لەسەر سفریەکی دی کۆ دەبینەوە.

ئیدی لێرە مردن، ئەگەرچی ئەوە مردن نەبوو، ئەمیش چاوەکانی لە حەسرەتدا چاوان هەڵگەڕانەوە وەک لەتەک ئەواندا بۆ جیهانی مردن رۆشتبێت لێرە بێ ئاگا بوو وەک شێتان بەو ناوەدا لە داخی خیانەت بەو مرۆڤە بێتاوانانە دەهات و دەچوو و رێی نادیاری بیابانی گرتەبەر و خۆشی نەیزانی ئەو خیانەتەی بۆ کوێ گرتەبەر، ئەو نەیزانی خراپەکاران دوای قەتڵوعام ئەوێیان بەجێهێشت و چۆن یەکێک لە کوژراوان بە برینداری خۆێ بە خوێەوە تلاند بوو و خۆی کردوویە مردوو دواتر هەڵسابوویەوە و بۆ مەدینە هەڵهاتبوو.

ئەوەشی نەبینی بوو کە دووان لەوان لە کاتی ئەم کوشت و کوشتارەدا لەوێ نەبوون و لە دوورەوە  قەل و داڵیان بینی بوو وایان زانی بوو بۆنی کارەسات دەکەن، بە راستی بۆنکردن نەبوو، بەڵکو کارەسات بوو و رووی دابوو، هەردووکیان چوونە مەیدانی شەڕەوە و وەک هاوڕێکانی بەرگری بکەن، باش بوو فریاکەوت و رۆحی بە شوێن رۆحی ئەواندا بۆ ئاسمان نارد و هەروەک ئەوانیش لاشەی خوێناوی لەوێ کەوت.

ئەوی تریشیان (عەمری کوڕی ئومەییەی زومەری) بە دیلی کەوتە بەر دەستی پشیلە کێویەکە (عامری کوڕی توفەیل) بەڵام هەر کە زانی لە تایەفەی (زومەرە) کێشای بەناوچاوی خۆیدا وەک پشیلە مراندی و بەرەڵای کرد، عەمریش راستە و راست بۆ مەدینە گەڕایەوە تا هەواڵە تاڵەکە بەناچاری  دەرخواردی رۆحی نازداری مورشیدەکەی بکات. لەو شوێنە دوورەدا چی رووی دابوو، کافرانی دڵڕەق یارانی ئەمیان بەو فەتارەتە برد بوو.

کاتێک عەمر گەیشتە مەدینە دڵی موحەمەد داخورپا کە رووداوێکی گەورە قەوما بوو، ئەو پێغەمبەر بوو و فریشتە رووداوە نەبینراوەکانیان لەسەر ئیزنی خوداکەی بە گوێدا دەچرپاند، جا هەندێک جار هەروەک ئەوەی وەک پەڵە هەورێک بێت بەسەر کارەساتەکانەوە دەیبینی و هەندێک جاریش وەک تارماییەک لە سپێدەدا کە باش جودا

نابێتەوە ئەمەیان لەو جۆرەیان بوو خۆ ئەگەر ئەم جارەیان تەنانەت ئەگەر فریشتەش کپ و بێدەنگ پێیان رانەگەیاندبا، ئەوا دەیزانی لەو رۆژانەدا پێگەیاندن یارانی پێویستی بە رژاندنی خوێنی گەرمیان بوو.

وەی خوایە بەزەییت بە یارانی لەخودی ئەو خۆشەویستر بەلایەوە بێتەوە، ئاە مرۆڤ هیچ کارێک لە گەیشتن بە حیکمەت و پێگەیشتنی تۆ گرانتر نیە، مەرگ و لە دایک بوونەوەی دەوێت خوێن و دووری ئازایزان و زەجر و گرینی دەوێ، ئەوا لە ئوحودەوە، ئەمان پەی دەر پەی دەردی فیراقی یاران زۆر و زۆرتر دەبێت، ئەم دەیڕوانی و بەردەوام ئەوانەی بە رۆحی ئاشنا بوون لە دەوروبەری ژمارەیان کەمتر دەبوو، وەک بڵێی قۆناغەکە قۆناغی قوربان بەرخۆدانە، بەس شەڕەکان و هەڵەنگوتن و کەوتنەکان هەن ئاشتی و حەوانەوەکان و سەرکەوتنەکان بوونیان نیە.

ئەمە چەند ساڵ بوو بای پێغەمبەرایەتی هەڵیکردبوو و کۆمەڵێک بووبوونە شەریکی چێژ و ئازارەکانی، هەر ئەوانە وشەکانی ئەویان بە بیاباندا دەبرد و بە هەموو خێڵەکانیان دەگەیاند، کاتێک عەمری سەری داخستبوو و کارەساتە پڕ کارەساتی هاوڕێکانی بۆ گێرایەوە کسپەی لە دڵ هەڵسا و بووە تەمی رۆژگارێکی فراوان و نیشتە سەر دەموچاوی.

وەک ئەوەی ئازاری تەمەنێکی دوور و درێژی لە چەند ساتێکدا دایەوە، هێندەی شەهیدانی شەڕی ئوحود ئازاری پێگەیاند، ئەمان حەفتاو ئەوانیش حەفتا کەس بوون، جیاوازیەکە ئەوە بوو ئەوان لە رووبەڕووبوونەوە و بە هەڵەی خۆیی کوژرابوون و ئەمان بە دەستی خیانەت، تاڕادەیەک غەمی قووڵ دایگرت تا سی سەباحی ساڵحان نزای شەڕی لەو خێڵ و تیرانە کرد کە حەفتا لە یارانیان کوشت کە زەنگ لێیدا و وترا: ئەهای کاروانیان مەنزڵ تێکنێن و بکەونەڕێ! لە ناو کاروانی پێغەمبەریدا بوونە کاروانی و پەیتا پەیتا پەیدا بوون و لەگەڵ ئەمدا بوونە یار و بەردەوام دەیوت ئاگاتان لە یارانم بێت.

بەڵام عەمر داستانێکی دیکەی گێڕایەوە:

دوای ئەوەی لە دەستی عامیری کوڕی توفەیل رزگارم بوو سەرم لە یارانی شەهید دا کە لەو شوێنەی تێیدا شەهید کران نەبوون ئەوە هەبوو زیاتر لە جەستەی خوێناوی راکشاو زیاتر نەبوون، لە ژێر سێبەری تەیرەکاندا ماڵئاوایی لە هاوڕێکانی کرد قیرەیان نابوویەوە، ئاژەڵە وەحشیەکانیش کە لموزیان لە جەستەی خوێناویان وەردەدا. زانی کە جەستەی لە ئاو و گڵ دروست بوو بەینێکی دی دەبێتەوە بە خاک، ئێمە لە خاک دروستبووین بۆ خاک دەگەڕێینەوە جارێکی دیکەش هەر لەو خاکەوە سەر دەردێنینەوە و تەپوتۆز و مار و مێرووی گیانمان دەتەکێنن و بۆ دەشتی مەحشەر دەکەوێنە رێ.

هەر بۆیە یاران لە بیاباندا بە مەزلۆم کوژراویش بارانی بیابان خوێنەکانی شۆردنەوە و گۆشتی جەستەیان دەبێتە خۆراکی قەل و دالآنی گۆشتخۆر کە چاوانیان هەڵدەکۆڵن، ئێسک و پروسکی ماوەش نیوەی بەبەر خۆرەوە رەش دادەگەڕێت و نیوەی دیشی  بە ژێر خۆڵ و خاکەوە دەبێت.

ئیتر بە رۆحی بریندارەوە کاتێک خۆر نیازی بوو ئاودیو بێت و جەستەی شەهیدانی بە ئاژەڵانی شەو سپارد کە بە چاوی بریسکاوی خۆیانەوە بێنە سەر لاشەی لەوێ راشکاوی بەردەم سیمای مانگ. گورگانی مرۆڤ ناوی گورگانی وەحشیان خراپ دەکرد و کوژراوەکانیان بەوان و بە چەقەڵان و کەمتیاران دەسپاردن.

لە کاتێکدا عەمر هەستی دەکرد لە زەویدا لەو تەنیاتر بوونی نیە، حەقیقەتی بەرجەستە لە مەرگی هاوڕێکانیدا سەروو خواری پێدەکات و سەرگێژەی تووش دەکات ئەگەرچی لە ئاسمانەوە فریشتان بۆ دڵدانەوەی لە بێدەگی بیاباندا لایلایەکیان بە گوێکانیدا چرپاند، ئیدی خۆی بە تاریکی بە میهری شەو دەسپێرێت و بەرەو مەدینە هێڵێکی سور لە چۆڕاوگەی خوێن لە پاش خۆی بەجێ دەهێڵێت لە ناوچەی مەرمەرە لە سەرەوەی قەنات لە ژێر درەختێکی لاڵدا لا دەدات کە لە حاڵی پەشێوی ئەم هیچی نیە بیداتێ تەنها ئارامی و بێدەنگی نەبێت، بیری لە خۆی کردەوە کە دوای دوێنێ شەوی شەڕ و فەتارەت و سەر لێتێکچوون و کۆچی یارانی  ژیانی بەردەوام بوو، کە لە نێوان بوونی لاشەی خۆڵینی یارانی بەجێماو و راکشاوی ئێستای خۆی و ژیانی ئەو دیو مەرگی ئەوان ئەم دیو مەرگی ئەم جیاوازی زۆر هەیە.

هەر لەم بیرانەدا بوو کە دوو تارمایی هاتن لەولای ئەمەوە لە بنی هەمان دار رایەخیان راخست و لێی راکشان، ئیدی هیچ پێویست نەبوو کە ئەم لە هۆکاری هاتنی ئەوان بپرسێت چونکە دڵنیا بوو لەوەی کە ئەوان لە پیاوانی خێڵەکانی پەیمان شکێنن هەر بۆیە پێش ئەوەی ئەوان دەست بکەنەوە ئەم پڕ بدەداتە چەک و ئەوان لەناو دەبات، ئیدی ئەو خەوتنەی ئەوان خەوتن تا قامی قیامەت بەخەبەر نایەنەوە، ئەمیش وای بۆ رۆشت کە تۆڵەی هاوەڵانی وەرگرتۆتەوە.

بەڵام پێغەمبەر لە کاتێکدا چاوەکانی لە چاوە خەمبار و شادەکانی عەمر بڕی بوو، غەمباری لە دەستدانی هاوڕێیان و شادی تۆڵە سەندنەوەیان، فەرمووی: بەڵام تۆ دوو پیاوت کوشتووە کە دەبێت خوێنەکەیان بدەم چونکە ئەوانە هاوپەیمانی ئێمەن.

## ١٦

# غەزای خێڵی بەنی نەزیر

## (داستانی ئەو خێڵە جوتیارەی دەیانویست گوناهی گەورەی پێغەمبەرکوژی ئەنجام بدەن)

ئای لە ئەمەک و وەفای مرۆڤی گەیشتوو کە وەفای بەقەد هاوڕێیەتی بەلاوە شیرینە لە کاتێکدا رۆحی ئیمانداری مامەڵەی رووبەڕوویی و دۆستایەتی لە بوونی ئەوی تردایە حوزوری رۆح دەگاتە لوتکە، وای لە بێ مڕوەتی و بێ وەفایی مرۆڤانی نەخۆش و دڵبەرد. هەر لەبەر ئەو وەفا و بە پەیمانیەی موحەمەد کەوتە تەقەلای دانی خوێنی دوو پیاوەکەی بەنی کیلاب. هەر ئەم ئەمەکەش بردیە بەردەم دەرگای خێڵە جوتیارەکەی بەنی نەزیر لە جووەکان، ئەوان کە پێشتر بە دەرکردنی بەنوقەینوقاع و کوشتنی کەعبی ژنانی ترسیان لە دڵدا نیشتبوو و سەریان بە سەر کولاوی خۆیاندا شۆڕ کربوو، هەنووکە دوای شەڕی ئوحود و مەرگەساتی (رەجیع و مەعونە) ئازا بووبوونەوە، چونکە ترسیان شکابوو چۆن بوون هەروا دەرکەوتنەوە.

کاتێک پێغەمبەر کە لە مەدینەدا وەک شاە بوو بەڵام هەنگاوی هەژارانەی دەنا بۆ لای ئەوان رۆشتوو داوای بەشی هاوکاری دانەوەی خوێنی دوو کوژراوەکەی بەنی کیلابی لێکردن ک بەپێی پەیماننامەی مەدینە دەبوو ئەوان پشکیان تێیدا هەبێت. وتیان

به سەرچاو ئەبولقاسم تۆ لە بنی ئەو دیوارە دانیشە تا ئێمە لە موڵک و ماڵی خێڵ بۆت ئامادە دەکەین.

پاشان سەریان کرد بەیەکدا بە کۆمەڵ وەک ئەوەی بۆ جیهانێکی دیکە رۆشت بن و نەیانەوێت بێنەوە لە چاوان ون بوون، هەر کە ئەوان پشتیان هەڵکرد گەورەی فریشتان لە ئاسمانەوە دادەبەزی و باڵە گەورەکانی کە یاقوت و مرواریان لێدەباری و جیهانی پڕ دەکرد لە تەپوتۆزی نەبینراو، چرپاندی بە گوێی (موحەمەد)دا ئەوانە لە پیلاندان بۆت و ئەویٚ بەجیٚ بهێڵە، هەر بۆیە لە جێی خۆی دەرپەری و لە دیوارەکە دوور کەوتەوە دیتی هەموویان خەریکی تلدانی بەردن دەیانەوێت بە سەریدا بەردنەوە، بە دەستی سەرسەخت ترینیان کە (عەمری کوڕی جوحا) بوو.

ئەگەرچی (سەلامی کوڕی موشکم) پێی وتن: نەکەن چونکە هەواڵی ئەدرێتیٚ و ئەمەش پەیمان شکاندنە لە نێوان ئێمە و ئەودا، ئەو دەیزانی بەو کارەیان رووداوێکی گەورە روودەدات ئەوان نەیاندەزانی بەو تاوانەیان گۆڕانێک لەم بوونەدا دروست دەکەن کە ئیتر ناسرێتەوە.

بوون و خودای بوون ناهێڵن لەبەریان بڕوات، ئەوان ئەوەیان لەبیر چوو کە پێغەمبەرایەتی لە دەرەوەی بوون بەسەر بووندا ناسەپێت، بەڵکو پارچەیەکی دانەبڕاوی بوونە. ئەوەش خودای بوونە دیاری دەکات کە ئەو توفڵە مەعسومەی نەوەی ئادەم لای کام تیرە و تایەفە دەبێت کە پێغەمبەرە و ئەوان دەیانویست هەر لە قەومی یەهود بێت.

بیٚ ئەوەی بە هاوەڵەکانی بڵێت بەبیٚ وەستان گەڕەکی ئەوانی دراوسیٚ کوژ و پێغەمبەرکوژی بەجێهێڵا، یارانی بە شوێنیدا بە پرتاو شوێنی کەوتن و وتیان ئەی پێغەمبەری خودا بۆچی هەڵسایت؟

ئەویش لە نیازی کردنی گوناهی گەورەی پێغەمبەرکوژی ئەوان هەواڵیدا.

ئەگەرچی هەڵەشەیی مرۆڤ دەخاتە هەڵەوە بەڵام قەبوڵکردنی هەڵەی گەورەش بوێری دەداتە دوژمنان کە مرخت لێبگرن و بیانەوێت لە بنەوە دەرت بێنن، ئەو هەڵەیەی ئەمجارە تیرە جوتیارەکانی بەنونەزیر هەڵەیەکی لەو شێوەیە بوو کە دراوسێیەتی ئەوانی لای موحەمەد و یارانی تاڵ کردبوو، بۆیە (موحەمەدی کوڕی موسلیمە) ناردە لایان و پێی وتن: (لە مەدینە بڕۆنە دەرەوە) ئەمە مانای ئەوە بوو کە ئەوان خراپ پەیمانیان شکاندووە و وتیشی: (دراوسێیەتیم مەکەن) ئەمەشیان مانای ئەوە بوو کە لە جیهانی پێغەمبەرایەتیدا (دراوسێیەتی) مانایەکی جیاوازی هەبوو.

ئەوە بوو کە برا پێغەمبەرە پێشترەکەی وتبووی: (خودا و دراوسێکەت) ئەمەش کورتەی دین بوو، ئاخر مرۆڤ هەم سەرهەڵبڕینی بۆلای خودا و هەمیش روانینی بەملاو بەولای خۆیدا بۆ لای مرۆڤەکانی دیکە هەیە، هەر دووکیشیان پێکەوەن، هەر

ئەو سەرە بۆلای خودا هەڵدەبڕدریت هەر ئەویشە لا بەلای مرۆڤەوە دەکاتەوە و بۆیان دەڕوانێت، ئەوەی ئەمیانی نەبوو ئەویشیانی نیە، ئەوەی بۆ ئاسمان سەر هەڵنەبڕێت لە زەویشدا ڕێدەرناکات.

ئەوەش لە زەویدا دراوسێکان نەبینێت خوداش نابینێت، ئیتر موحەمەد نەیویست بە درۆ ئەوان دراوسێی بن و هەموو ڕۆژێک چاوی بە چاویان هەڵبشاخێت و متمانەی پێیان بێت و بشتوانێت لەتەک خاکەی خۆیدا راز و نیاز بکات و فریشتەکانی ئەو لە ماڵەکەی شارەکەیدا باڵ راوەشێنن، شارەکەی ئەو شاری نوورە و شاری نووریش شاری شەڕ و ئاگر نیە، نوور ئاگرە بەڵام ئاگرێکی بۆ نوور وەرچەرخاو نوورێک گەرمی و ڕوونی دەبەخشێت بەڵام ناسووتێنێت.

(دە ڕۆژ مۆڵەتتان دەدەمێ، دوای ئەو ماوەیە هەر کەسێکتان ببینم دەدەم لە گەردنی) تەنها ساتێکیش بۆ ئاگر زۆرە کە بسووتێنێت و شتێک لە شت بوونی خۆی وەربگرێتەوە، بەڵام ئەمانی پێغەمبەر داری بوخورد بوون و تا دەسووتان بۆنی خۆشیان بڵاو دەبوویەوە و هەمیش ئەمانی پێغەمبەران فێرن کە خودا فەرمان بە ئاگر بدات  تا بۆیان ببێتە شوێنی فێنک حەوانەوە.

لەم حاڵەی لاوازەی موسڵمانناندا چاوەڕوانی هەڵوێستی وایان لە پێغەمبەر نەدەکرد، هەر لە تەوقی سەریانەوە تا نووکی پێیان شێوازی تێڕامانانەی وەرگرت، لەم چارەنووسە سەیرەی خۆیان ڕوانی. (حەی کوڕی ئەعتەب) کە هەنووکە بە لارەلار ڕێی دەبڕی و پیری خواری کرد بوو، ڕۆحی نەما بوو جەستەی بۆنی مردنی لێدەهات. دەیزانی موحەمەد هەرچی بڵێت هەر ئەوە دەکات ڕۆشتنیان مسۆگەر بوو بەڵام بۆ کوێ ڕۆشتبان؟

یەسریب ئەو مەملەکەتەی عەیامێک تێیدا ژیابوون، تەنانەت دەوترا پێش عەرەبیش لێرە بوون هەرچەند هەمیشە ئەوان خۆیان بە سەفەری لێرە دەزانی بە تەمای گەڕانەوە بۆ سەر زەوی پەیمان پێدراو و باخ و باخاتیان رازاند بووە، هەنووکە وەک بیابانی رەق و تەقی لێدەهات دارخورماکانیان ڕووت دەبوونەوە باخە ترێکانیان بێبەر بگرە بێ گەڵاش دەبوون، ئەوان هەر خۆیان دەبینی و عەرەەب لێرە تەنها تارمایی بوون بەڵام هەنووکە بۆ خۆشی بووبوویە تارمایی، بۆ کوێ بڕۆن بۆ هەر جێیەک بڕۆن لەوانەیە موحەمەد لەوێ نەبێت بەڵام خۆ خودا لەوێ بوونی هەیە؟

وای مرۆڤ بە دەستی خۆی چی دەکات بە خۆی.

بێجگە لە دەرچوون هیچ چارەیەکی دیکەیان نەبوو، چەند ڕۆژێک بۆ خۆسازدان مانەوە، ئەگەر لە دوورەوە سەیرت بکردنایە ئاگات لە بۆڵە بۆڵیان بوو کە تێکەڵ بە

بێدەنگی وەستانی ژمارەی زۆری فەردە خۆراکی وشک و تەقەتەقی باهۆڵی تەختە کە خەریک بوون ئامادەیان دەکردن کە لە ئەسپ و حوشتریان نێن و بیانگوازنەوە.

راست لەم کاتەدا بوو سەروسەکوتی (عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی) جارێکی پەیدا بوویەوە و بە جوڵە خستنی باقە ریشەکەی سەر چەناکەی شەویلگەی خواری خۆی بزواند و وشە شیرین بەڵام خەیاڵاویەکانی خۆی چرپاندە گوێکانیان: بمێننەوە دەرنەچن و بڕۆنە ناو قەڵاکانتانەوە ئەی ئەو قەڵا مەحکەم و پیرانەتان بۆچیە؟

من دوو هەزار کەسم لەگەڵە کە لەگەڵتان دێین بۆ ناوقەڵاکان و لە پێناوتاندا خۆمان دەدەین بە کوشت. ئەوان دەیانزان کە عەبدوڵڵا هێندە شوێنکەوتووی نەبوو، ئەگەر هەشیبا بەو شێوەیە لە پێناو ئەواندا خۆیان نەدەدا بە کوشت، ئەوەی ئەو دەیوت راستی نەبوون لەو درۆیانە بوو لەسەر مرۆڤ کاریگەری هەبوو لە کاتێکی وادا تەنها وشەیەکی میهرەبانانە بە قەد سوپایەکی گەورە ورە و  هێز بە مرۆڤ دەبەخشن. ئینجا عەبدوڵڵا وتی: ئەوجا هاوپەیمانەکانتان لە پێستەخۆشەکەرانی بەنی قورەیزە و دەشتەکیانی خەتفان دێن  بە دەمتانەوە.

عەبدوڵڵا ئەگەر بە درۆش بێت ئاهێکی هێنایەوە بەبەر بەنی نەزیردا کە گەورەکەیان (حەی کوڕی ئەحتەب) هەوڵی بۆ پێغەمبەر نارد: ئێمە لە ماڵی خۆمان ناچینە دەرەوە ئەوجا چیت لە دەست دێ بیکە!.

ئەم هەواڵە بۆ مەحەمەد چونکە چرپەی خودایی دەرەنجامەکەی پێ وتبوو ئاسان بوو، بەڵام هەر لەبەر ئەوەی ئەو چرپەیەی کە پێی دەوترا وەحی تەنها لەتەک وشە مامەڵەی نەدەکرد بەڵکو لەتەک مرۆڤی زیندوو، هاتنی ئەوانی پێغەمبەریش خەڵکی ئاسمان لەبەر ئەو مرۆڤانە بوو کە تێکەڵەیەک بوون لە ترس و شادی، نەدەبوو لە پڕ بچنەوە ناو جیهانی خۆیان و بۆ ئاسمان عرۆج بکەن و مرۆڤی ترساو لە زەوی بەجێ بهێڵن، راستە یارانی گۆڕابوون، بەڵام هێندەش نا کە لە مرۆڤ بوون بکەون، هەر هێندە بوو هەوێنی ژیانێکی تازەی داهێنا بوو.

ئەو لە مەدینەدا وەک پاشا وابوو بەڵام خاکیانە لەبەردەم سوپاکەیەوە بەرەو گەڕەکی باغی پڕ لە نیعمەتی (بەنی نەزیر) هەنگاوی دەنا، هەڵوێستەکە قورس بوو کارەسات بە شوین کارەساتدا لە دوای شەڕی ئوحودەوە بەسەر موسڵمانانندا هاتبوو، شکسست لە دوای شکست ئەڵێن ئەوە دوژمن نیە سوپا دەشکێنێت بەڵکو ئەوە شکستەکانی پێشترە شکستی دیکە بە شوێن خۆیدا دەهێنێت و ئاڵاکەی دەنەوێت و ناتوانێت چاوەکان هەڵبڕێت و سینگی بباتە پێشەوە.

سوپای ئیسلام لە دوای ئوحود چەندین جار لێدان جەرگبڕی بەر کەوتبوو بەڵام تا ئێستاش ئاڵاکەی نەنەوی بوو بەڵام ئەگەر ئەم جارە بشاکانایە، خودا دەیزانی چی

رووی دەدا، بەنونەزیریش سوپا و چەک و قەڵایان هەبوو، جوتیار بوون و لە وڵاتی عەرەبانیش جوتیار بوون مانای وابوو خەزنەکانیان پڕ لە خورمای وشک و گەنم و جۆی هەڵگیراو و مێوژی نایاب و ژێر قەڵاکایشیان پڕ لە کونە و کوپەی پڕ لە شەرابی بۆن تیژ بوو.

ئەوان پێویستیان بە بازرگانی و کاروان بەڕێ خستن نەبوو تا نان و ئاویان هەبێت، بەڵکو ئەوانی قەومی تاکە خوداپەرستی ناو جیهانێکی فراوانی پڕ لە بت، شوێنکەوتووانی ئەو بتانە دەهاتن زێر و زیوی خۆیان لە مشت دەنان و ئەمانیش ئەوەیان دەدانێ کە ئەمساڵ هەیانبوو و بۆ ساڵی داهاتووش لە فەزڵی دەست لە ملانی ئاسمان و زەوی کە ئەو بە بێبەرامبەر بارانی بۆ دەباراندن و ئەمیش لەگەڵ کەمێک ئەو دیو و ئەم دیوکردن و ڕۆشتن و هاتن و دەست پێداهێناندا سکی بۆ پڕ لە خورما و ترێ و گەنم و جۆ دەکردن.

ئەمان ئەگەر ویستبایان بۆ دەیان ساڵیش پێویستیان بەوانی دی نەبوو و دەیانتوانی لەو  دوورگە سەوزەدا کە کەس نەیدەزانی لە کوێوە بۆ ئەم بیابانە وشک و برنگە هاتبوو بە فەزڵی ئەرکی باوباپیران بۆ بەهەشتێکی چەند خانوو و قەڵای بە باخی چڕی بە خورما و ترێ داپۆشراو وەرگەڕابوو، چەک و چۆکی باشیشیان هەر لەبەری لە دوورەوە هاتنی پڕ لە هەرا هەرای هەواڵە هەوری بە کۆڵەوە بووی ئاسمان و لەنجە و لەنجەی سکپڕ بوون و ئازایی منالبوونی زەویەوە دەستیان کەوتبوو.

دەیان توانی لەو بەهەشتەدا خۆیان دابڕن و پشت لە مرۆڤ و بەرگەی سوپای زەبەلاحی وەک ئەوەی ڕۆم و یان عەجەیش بگرن نەوەک موحەمەد و عەرەب، ئەویش عەرەبی یەسریب کە ئەمان باشیان دەناسین و دەیانزانی چیان لەباردایە. هەربۆیە چوونە ناو بۆرە قەڵاکانی خۆیان و دەرگایان داخستن و بە پشتبەستن بە ئومێدی دەرکەوتنی هاوپەیمانی بەوەفا و بەرگری کردنی باخ و باخاتی چڕ و ترێی وەک داو و تەڵە لە پێی دوژمندا چەقیو و داری خورمای لە پەنای یەکدا چەقیو و وەک سەرباز بۆ بەرگری بە پێوە وەستاو ناهێڵێت هیچ سوپایەکی لە دوورەوە هاتوو بە پرتاو خۆی بە قەڵاکانیان بگەیەنێت و ئەگەر تاک و تەراش سەربازی پیادە بگەنە لایان ئەوا لەسەر قەڵاکانیانەوە تیر بارانیان دەکەن.

قورەیزیانی جوتیار بەرەو قەڵاکانیان کشانەوە و لەتەک باخ و قەڵادا بوونەوە بەیەک، سوپای ئیسلامیش بەرەو باخ و قەڵا کشا و هاواری لەو لەشە پێکەوە گونجاوە وەک مردوو ڕەقبووەی لە خشت و درەخت مرۆڤ کرد کە دەمی بکاتەوە و لە دەرگای قەڵاکان بێنە دەرەوە و پێکەوە گفتوگۆ بکەن. بەڵام ئەوان وتیان نایەین، ئەگەر ئازان بە شەڕ وەرنە ژوورەوە.

لەوانەش بوو هاوپەیمانیان بۆ پەیدا بووایە و موحەمەد جارێکی دی لە کاری ئەم مەخلوقە لە گڵ و ئاو دروست ووە کەوتەوە سوڕمان، بۆ وا دەکەن جارێکی دی برینی دڵیان کولاندەوە، لێوی بە توێژێکی شین باریگرت، ڕەنگی ئاڵی زەرد هەڵگەڕا، خەمەکەی سەری هەڵدایەوە، ئەو خەمەی کە نەهی خۆی و نە بۆ خۆشی بوو، بەڵکو بۆ گرۆی بەشەر بوو کە بۆخۆشی یەکێک لەوان بوو بە هەموو چاکە و خراپەکانیانەوە، لە قووڵایی خۆیدا ئەمەی دەزانی و ئازایەتی ئەوەشی هەبوو کە دانی پێدا بنێت.

خودا ئەمانی بەو لاوازیە خولقاندبوو کە هەمیشە پێویستیان بە یارمەتی هەیە و شەڕ دەکات، جەنگەکان دەنێتەوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت ئەو یارمەتیەی ناوێ لە ژیانی ئەواندا شت هەیە مەرگیان لێ دوور دەخاتەوە، بەڵام ئەوان لا بەلایەوە ناکەنەوە، ئەی مرۆڤ کەی گوێ دەکەیتەوە و دەنگی پێغەمبەرانەی من دەبیستی، منیش هەر لەو گڵەم کە خودا دەستی خودایانەی خۆی بۆ دروستکردنی ئێوە دەستی خۆی پێ قوڕاوی کرد، خوێنی منیش بەشێکە لەو خوێنە ئاڵەی کوپەی جەستەی ئێوەی لە خۆی پڕ کردووە.

ئەشکەنجە دراوێکین وەک ئێوە و بە دەستی ئێوە کە برین بە هەموو گیانمانەوەیە، تێکەڵەیەک لە فریشتە و شەیتان، بەڵام نیوەی خۆمان بە نیوەکەی دی گۆڕیوە ئیتر شەیتان نەما و بووینە فریشتە و باڵمان لێڕوا و لەبەر ئێوە نەبووایە یەکە و ڕاست دەچووینەوە ئاسمان، بەڵام ناچین تا ئێوەش لەگەڵ خۆمان نەبەین ناچین، ئێمە لەناو بەهەشتی بوونی خۆماندایین، کە لەو بەهەشتەشدا دەگرین بەڵام بۆ ئێوە دەگرین کە لە دونیادا لە دەرەوەی ئەو بەهەشتە هێشتا خۆتان ڕادەکێشن. فرمێسکی گەرم بە چاوەکانیدا بۆ ئەوان هاتەخوارەوە، بۆ ئەوانە دەگریا کە لەپشت دار و دیوارەوە خۆیان کپ کردبوو.

ئابلۆقەیان خرایە سەر تا شەش ڕۆژ خۆیانگرت، لە سەر شورای حەسارەکانیانەوە بەردی گەرەیان دەگرتە موسڵمانان کە ئەمە ئامرازی تایبەتی شەڕکردنی ئەوان بوو، لەو دیو دیوارەکانەوە بەڵام لە دار و باخەکانیان پشت ئەستوور بوون، خودا لە سەرووی حەوت ئاسمانەوە بە نهێنی بیرکردنەوەکانی مرۆڤەوە بڕیاری خودایانەی خۆیدا کە دەست بکەن بە سووتانی بێستان و جاڕەکان و بڕینەوەی دارەکان.

وەک ئەوە وا بوو قاچ و دەستی جەستەی نەزیریان ببڕنەوە کە لە سەرەوە لە ناو قەڵاکاندا بوون هەر هێندەی دەستیان بە بڕینەوەی خورماکان کرد مرۆڤە ونبووەکانی پشتی دیوار کە ئیدی بەرگریان پێ نەدەکرا سەنگەری ڕۆحیان شکا و بە نیازی خۆدان بە دەستەوە دەرگای قەڵای مەحکەمیان بێ شەڕ و شۆڕ کردەوە وادیار بوو ئیدی بە شەهیدکردنی چەند نەمامێکی خورما بەس بوو بۆ ئەوەی وەک قۆچ لە کوشتن و

سەربڕینی مرۆڤ ڕێگا بگیرێت. کارێک کە موسڵمانان دەستیان دایە، بەڵام هەرگیز بە کۆتاییان نەدەگەیاند.

موحەمەدیش نەیدەویست ئەوان بەو حاڵە بگەن کە خۆیان بە خۆیان کرد، ئەو دەیویست ئەوان وەک ئەوسا زەویەکان هەڵگێڕنەوە و ئەو گەنمانە درەو بکەن کە دوور لە بینایی مرۆڤ تۆوەکانیان لە زەوی تەقی بوو و لە ئەرز سەریان دەهێنابوو و بەرگی سەوزیان  لەبەر کردبوو و بەدەم باوە شنابوونەوە و لە حیکمەتی ئەم بوونەیان روانی بوو و تەنها لە تەمەنێکی کوورتدا پیر بوو بوون و بە پێوە وشک و مرد بوون و خورمای ئەو داخورمایانە ببەنەوە کە لە ڕێگەی بای نەبینراوەوە عیشقبازیان کردوە و تۆوی پیاو و هێلکەی مێیان بەیەک گەیشتووە و خورمای شیرینیان بووە. ئاوا بە سووک و ئاسان لە قەڵاکەیان هاتنەخوارێ وەک ئەوەی بە ڕێکەکەوتنی فریشتە و شەیتان ئەو کارە ئەنجام درابێت کە شەیتان دڵی ترساند بوون و فریشتەش لەو حەسارە بەرزانەوە پەلیان گرتبن و هەڵیان دابنەخوارێ.

ژنان لە ترسی سوپای دوژمن خۆیان بەسەر مناڵانندا خوارکردبوویەوە،  جەستەی خۆشیان دەلەرزی، ئەو لەرزانەش هێندەی لەبەر بێچووەکانیان بوو لەبەر خۆیان نەبوو، ئاخر ئەوانیش دایک بوون و دایکیش هێندەی خەمی لە دڵدا رواوی بۆ بێچووەکانیەتی هێندە بۆ خۆی نیە، دایکان و بێچوان لە ژوورەوە بە ترسەوە دەیانڕوانی کاتێک پیاوانی شەڕکەر بە ریز و سەری بەکڵاوی سووری نەویەوە بۆ دەرەوەی قەڵاکان رادەبوو، شەرم لەباتی سووری بووبووە زەعفرانی زەرد و لە دموچاویان نیشت بوو.

شەرم لەوەی کە شاراوەترین هەبووی ناو رۆحی ئەوان کە ترسنۆکیان بوو دەرکەوت بوو، فرمێسکی هەڵماتی گەورەی لە ئاو دروست بوو  لە سمێڵ و ریشیان دەهاتە خوارەوە، خەتای کێ بوو وایان بەسەر هاتبوو، هەموویان بە خودایان بوو کە دەیانوت: خەتای تۆ بوو هەندیک وا بێدەنگ بوون دەتوت زمانی ئینسانیان لە بیر چۆتەوە بە بێزمان دەریان دەبڕی هەندێکیش وا هاواریان دەکرد دەتوت خودا لە دوورە و نابیستێت.

هەموویان بە ریز وەستاوون و گەورەکەشیان (حەی کوڕی ئەحتەب) لەبەردەم هەموویانەوە سەری هەڵبڕی و کەعب فیکری سەیری لە مێشکدا بوو کە دەبوو باوەڕی پێبهێنێت تا دڵی خۆی رازی بکات ئەویش ئەوە بوو کە دڵی دەیوت ئەوە سووچی ئەوان نەبوو کە دۆرا بوون بەڵکو ئەوە خەتای قەڵاکان بوو، بەڵام مێشکی دەیوت: قەڵاکانیان عەیبیان نەبوو عەیبەکە لە رۆحی ئەواندا بوو، ئاخر ئەویش قەڵا بوو بەڵام قەڵایەکی کۆن و شڵەقاو هەر کە جوڵان قەڵاکە رووخا و قەڵاکانی دەرەوەشیان دا

بەدەستەوە. کەواتە خەتای هاوپەیمانی وەک عەبدوڵڵا و یارانی و قورەیزە و هەوازین بوو کە بە دەمیانەوە نەهاتبوون.

پڕی سیەکانی هەوای هەڵمژی و پاشان لە هەردوو کونە لووتەکانیەوە هەمووی رادا وەک بڵێ هیچ سوودی لێ نەبینی بێت، سەری هەڵبڕی و نیگاکانی بەو ناوەدا هەڵدا و بە جەستەی نوورینی موحەمەدەوە گیر بوون و ئەو موحەمەدەی دەیویست ئەو روناکیە بە تاریکی ببینێت کە فەرمانی پێدەدان لێرە بڕۆن ئەو وڵاتە بەجێ بهێڵێت، دەبێت وابیت شەڕی خراپیان لە کاتێکی خراپدا لەتەکدا ئەنجام دابوو خۆی باوەڕی بە لاڵانەوەکانی خۆی نەدەکرد بەڵام وەک ئەوەی باوەڕی پێبکات دەلەرزی و دەگریا و داوای لیخۆش بوونی دەکرد.

حەقی کوشتنیان بوو، بەڵام بۆ منداڵەکانیان رێیان درا لەوی بڕۆن موحەمەد لەو زیاتر غەمی منداڵەکانیانی بوو، گالۆکەکەی لە زەویەکەی بەردەمی دەژەنی ویستی شتێک بڵێت بەڵام هیچی نەوت و ئەو شتەی هەڵگرت بۆ دوای دەرچوونیان و بە فەرمانەکە رازی بوو. کەشتی خۆیان بار دەکرد و لەسەر دەریای لمی بیاباندا رۆشتن و هەرکامیان لە شوێنی لەنگەری دەگرت، ئەوان لە مەدینە دەرنەدەکران بەڵکو وەک هاوڕێیەکی خائین و بێوەفا ئەوێیان بەجێ دەهێشت و بە ناو جادەی باریکی باخ و بێستاندا کە لە هاوار وناڵەدا بوون.

ئەمەش دوای ئەوە بوو کە جوابیان بۆ موحەمەد نارد کە ئێمە لە مەدینە دەردەچین پێغەمبەریش کە شەرمی دەکرد لە بینینی عەزابی بەشەریەت، رازی بوو بە مەرجێک تەنها خۆیان و ماڵ و منداڵ دەربکەن و هەرچیەکیش کەشتی بیابان واتە حوشتر هەڵی بگریت.

رازی بوون و بە دەستی خۆیان ماڵەکانیان روخاند، بۆ ئەوەی دەرگا و پەنجەرە لە تەک خۆیان بەرن کۆلەکەو دارەکانیان لە حوشتر نا و شەش سەد حوشتریان بار کرد و پێکەوە کەشتیە دۆڕاوەکان بە ریتم و شەپۆلانی جەستەی حوشتر پێکەوە دەرچوون بۆ ئەو ژیانەیان لایان کردەوە کە هەر خۆیان مایەی لەدەستدانی بوون، ژیان وەک مردن وابوو لێرە کۆتایی دەهات و بە بەرزەخی بیابان و بەسەر لمی گەرمدا دەڕۆشت و لە شوێنێکی دی دەستی پێدەکردەوە.

لە بیابان جودا بوونەوە و گەورەکانیان بەرەو خەیبەر و هێنانەدی هۆشەکەی حەی و ئەوانی دیش بێباک بەرەو شام کەوتنە رێ و دووانیشیان موسڵمان بوون و ماڵەکانیان وەرگرتەوە و حەشرێکیان خولقاندبوو کە ئێستا لە شوێنەکەیان کاتی هەڵسانەوە بوو، خوداش سورەتی حەشری دەربارەیان نارده خوارەوە کە حەشری بەنی نەزیر بوو.

## ١٧

## (غەزای خاوەن پینەکان)

**"هێندە بەناو بەرد و لمی ئەو ناوچانەدا سوڕانەوە پێڵاویان لە پێدا نەماو قاچەکانیان خوێنیان لێدەچۆڕاو جلەکانیان دەدڕاند تا وەك پینەی پێلاوەکانیان بەکاریان بهێنن".**

پێش کۆبوونەوەی هەموو خەڵکی عەرەب لە دژی و خۆی و شارە بچووکەکەی، موحەمەدی ئاشتیخواز بە شوێن شەڕدا دەگرا ئەویش شەڕێکی بچووک لە پێناوی نەهێشتنی شەڕی گەورە، بۆ ئەمەش بۆ سەر زەوی خیانەت واتە وڵاتی نەجد بەڕێ کەوت ئەو دەمەی بیستی کە دەشت نیشینانی خێڵەکانی (بەنی موحاریب و بەنی سەعلەبە و خەتفان) هەموویان رەش پۆش کە دەموچاویشیان داپۆشیوە بۆ دان بەسەر مەدینەدا کۆبووونەتەوە، ئەوان خۆیان دڵ وشک وەک بیابان بوون و شەوی بە سەر هاتبێت، بە تەمای دان بەسەر شارە بچووکە و قریوە قریو و تاڵان بڕۆ و کوشت و کوشتاردا بوون.

بەڵام پێغەمبەر بۆیان دەرچوو و بە تانوپۆی فەرشی فراوانی لە لمی سوور دروستبووی (نەجد)دا گەڕاو ئەوانیش هەر کات شاخی تەپوتۆزی موسڵمانان لە دوور دەردەکەوت، ئەوانیش خۆیان خزاندە ناو شیو و کونەکانی شاخە رەقەکانەوە و وازیان لە چەتەگەری هێنا، هێندە بەناو بەرد و لمی ئەو ناوچانەدا سوڕانەوە پێڵاویان لە پێدا نەما و قاچەکانیان خوێنیان لێدەچۆرا و جلەکانیان دەدڕاند تا وەک پینەی پێڵاوەکانیان بەکاریان بهێنن، هەر لەبەر ئەوەش ئەم دەرچوونەی پێغەمبەر بە (غەزای خاوەن پینەکان) ناونرا.

هەنووکە کە لە شەڕی خوێن و عارەقە دەگەڕایەوە کە پێشتر قورئانی لێ دروست بوو بوو هەواڵی دەرچوونی قوڕەیشی پێگەیشت، ئەمەش کاتی شەڕی دیاریکراو بوو لەتەک قوڕەیشدا کە ساڵی رابردوو لە ئوحود دیاری کرابوو، رێی نزیکی بازاری عالەمی بەدریان گرتەبەر کە شوێنی بردنەوەی بەدر و دۆڕانی ئوحودیشیان بوو، ئەم شوێنە شوێنی دووریش بوو چونکە ساڵەکە وشکەساڵی و نەهات بوو.

لە رێگە زەویان دەبینی وەک گەرمترین وەرزەکانی ساڵ شەقار شەقار بوو بوو، ئێسک و پروسکی ئاژەڵی مرداربووی کێوی لەتەک کۆمەڵە پەڕی باڵندانی مردووی رۆژ لە پەنا یەکدا کەوتبوون، کە هیچیان ئەوی دیان نەخواردبوو بەڵکو بێبارانی و بێ ئاوی هەموویانی خواردبوو، حوشتر و ئاژەڵانیماڵیش لەتەک شوانی بەرخۆر سوتاویان رەقەڵە و بێڕەنگ بەو بیابانەدا گێژ گێژێک دەسوڕانەوە و هیچیان دەست نەدەکەوت تا بیخۆن، وا دیار بوو ئەم بێ بەرەکەتیە تەنها بەسەر خاکی عەرەبدا هاتبوو و بە تایبەتیش شارێکی وەک مەدینە کە شاری بە باران ژیاو بوو.

مانگی یەکی نیوەی زستان بوو، بەڵام بە رۆژدا هێندە گەرم بوو دەتوت خۆر بەسەرتەوە نووساوە و شەویش هێندە سارد بوو مرۆڤ تا بەیانی قرچەی دانی دەهات و نەیدەتوانی خەو بچێتە چاوی، کاتەکە کاتی شەڕ نەبوو وەختی ئەوە بوو کە مرۆڤ لەباتی ئەوەی هەڵکوتێتە سەر ئەوی دی و هەرچی هەیە و نیە بیبات، ئەوەی کە هەیەتی بەوی دیکەی بدات چونکە هیچ کامیان هیچیان نەبوو.

موحەمەد کەوتە پێش هەزار و پێنج سەد لە یارانی و ماڵ و منداڵی مەدینەیان بە برسێتی لە ئومێدی رەحمەتی بارانی نەباریو بەجێهێڵا. بەرەو ژوانگەی شەڕ کەوتە رێ.

لەولاشەوە ئەبوسوفیان بێ تین و زەوق کەوتبوویە پێش سوپا دوو هەزار نەفەریەکەی کە پەنجا سوار بە ئەسپی رەخشەوە کە لەبری ئاوی کز هاتووی بیابان شەرابیان دەدانێ، بەرەو میعادی شەڕ بەڕێ کەوت بوون، ئەوانی تێر و مەست بەسەر زەوی وشک بەلای لاکی لە برسا مردوو و لە تینوویەتیدا کەوتوو رەت دەبوون و باکیان نەبوو لەو ساڵە گرانیەدا لە هیچیان کەم نەبوو.

ئەوانی بازرگان هیچ شتێکیان هی بیابانی بێ باران نەبوو، خۆیان بە عەتری چەور دەشووت. بەڕێوە بوون تا گەیشتنە لای ئاوە وشکەکانی (مەڕوزەهران) ئەوجا ئەوەی هەر لە سەراتای جولانیانەوە لە فیکریدا بوو بیانوویەک بدۆزێتەوە بۆ گەڕانەوە شەیتان خستیە دڵیەوەوە، وەک ئاژەڵێک ئاو بخواتەوە و لە پڕ هەست بکات کەوتۆتە داوێکەوە لە پڕ بۆی هات سەری هەڵبڕی و رووی لە سوپاکەی کرد و وتی: ساڵێک بچن بۆ شەڕ کە ساڵی تێری و سەوزایی بێت و درەختی تێدا ئاو بدەن و تێر شیر و ماست بخۆن، ئەم ساڵیشتان ساڵی وشک و بێ ئاویە، وەک ئەوەی بۆ گەشت و سەفا

بڕوات نەوەک شەڕ و کوشتار پاشان ڕەشوەی توونو کردەوە یەک سوڕ بە ڕەخشەکەیەوە سوڕایەوە و رووی لە مەککە کرد و ئاوزنگی ئەسپەکەی دا و ریشی ژێر چەناکەی و شەویلگەی خواری جوڵاند: من دەگەڕێمەوە ئێوەش بگەڕێنەوە.

پاسەوانە موسڵمانەکانیش هەموو ڕۆژێک تا ئێوارە دەستیان دەخستە سەروو دەموچاوە قوپاوەکانیان چاوەڕوانی دوژمنیان کرد هەر نەهات. بۆ ماوەی هەشت ڕۆژ بازرگانەکانیان پیشەکەی خۆیان بێ کوشتن و کوژران بۆ گەڕایەوە و دوو قات هەرچیان هەبوو فرۆشتیان و دوو قات قازانجیان کرد بوو، باڵادەست و هەموو ئەو خەڵکە سامیان چووە دڵیان کە گەلە گورگی گەورە و بڵاو بوون بە بیاباندا کە ئەگەر ڕووبەڕوویان بیتەوە لێت و دەترسن و خۆ ئەگەر چاکەشیان لەتەکدا بکەی چاوت هەڵدەکۆڵن.

گەڕانەوە بۆ مەدینە لە کاتێکدا حەزیان لێ بوو دانیشن  و نەوەی یەکەمی دینەکەی موحەمەد ئیدی بحەوێنەوە بە ئاشتیەوە بژین کەچی ناچار بن شمشێریان لەتەک ڕۆحیان پێکەوە ببروسکێنەوە و لە پێناو مرۆڤدا  ئەو نەوەیە کە یارانی ئەو بوون ببنە جەنگاوەر و دەچوونەوە تا خۆیان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی دیکە ئامادە بن و زەجری ئەوان بێکۆتایی و ڕەنجی  مرۆڤیش  بێ چارەسەر.

## ١٨

# (غەزای دومەتولجەندەل)

## "ترازووی رۆژگاریش جارێکی دی بەلای موسڵماناندا لار بوویەوە"

جەنگاوەرانی رۆحانی هەردەم گوێ قوڵاخ بوون داخۆ بۆ کوێ دەردەچن، بەڵام شەش جار مانگ هەموو دەرکەوتنەکانی خۆی پێشاندا و شەڕ نەبوو، وادیار بوو بۆ یەکەم جار لە مێژووی بیاباندا شەیتانەکان کۆتکرابوون و مرۆڤ و ئاشتی وەک پەیوەندی گوڵ و پێغەمبەریان لێهاتبوو، کە هەر کات بەلای گوڵدا تێدەپەری دەمودەست شکۆفەی دەکرد و دەکرایەوە.

موحەمەدیش شەش مانگ لەماڵەوە دانیشت و مەری دەدۆشی و درومانی جلی خۆی دەکرد و لەسەر ئەو حەسیرەش دادەنیشت کە لە پەلی خورما دروستکراو بوو و ماڵەکەیشی بانەکەی بە پێستەی گا داپۆشرا بوو. خوداش شەوی سارد و میهرەبانی نارد و ئارامی بۆ مەدینە دەگێڕایەوە، لە ئاست سەر سینگی و لە رێکی دڵی پێدەشتەکە روناکی چراکان دەگڕا و مانگیش چرای خودا بە ئاسمانەوە رێگاکانی بیابانی فراوان دەکرد و دەریاکان لە دوورەوە سەلامیان بۆ پێغەمبەر لە رێگەی هەورەکانەوە پەیتا پەیتا و بە رۆژ و شەو دەنارد ئەگەر رۆژ بوایە تیشکی خۆر و ئەگەر شەویش بوایە نووری مانگیان دەخستە پرتەپرت.

خەڵکیش هەموو ئەو هەلەیان بۆ رەخسا کە موعجیزەی خودا لە دەوروبەریان ببینن و بەهاران بینیان بە نهێنی ئەوان هەموو درەختانی بێ بەرگی بە پێوە وەستاو و تۆوەکانی ژێر ئەرزی بە رووتی راکشاو زستان خەریکی چی بوون کە تەنانەت

باکانیش بە گڤەگڤی باش نەیتوانیوە کاریان لێ تێکبدات. لە هاوینیش مەرگی گەنجایەتی هەموو تۆوە گەنجە کامڵ بووەکانی دانەوێڵە و گوڵە مەغرورەکانی بەهاریان بینی کە نەدەکرا پێیان بوترێت هەموو هەبوویەکی فانی بە سکوت و خامۆشی خۆی دەگات لەناو بێدەنگی خۆیدا دەکەوێت و دەبێت بە پووش و پەڵاش و باڵندەکان  بە دەنووکیان بە ئاسماندا دەیڕفێنن و باش لە دەمی ئەوانەوە هەڵیان دەگرێت و بەرەو چوونی ئەبەدیانەیان دەبات.

یارانی بولبولی خۆشخوانی دەوری موحەمەدیش پیرانیان، زەمان هەڵدەڕژایە سەر ریش و چاویان، پەردەی تەمەن بەرچاوی دەگرتن و بەباشی نەیاندەبینی، لای پێغەمبەر ئەو ئایەتانەی دەخوێندەوە کە دڵی ئەوانەی دەلاواندەوە مایەی خۆشبەختی ئەو ماڵە موڵک وماڵ نەبوو بەڵکو خودا و پێغەمبەر بوو و پێغەمبەر خودی خۆشی هەر ئەوەی  دەویست، هەموو سەروەت و سامانی ئەوان تەنها دڵ بوو، خۆ دڵیش کەم نەبوو ئەوان و پێغەمبەریش مرۆڤی رەسەن بوون.

مرۆڤی رەسەنیش بە شتی کەم بەڵام چاک قایل دەبێت، هەرچی لاوەکانیشە هاوبەشیان دەکرد و خۆراکی باش و پرستشی باش و ماچی گەرمیان هەڵدەدا و دەبوونە مایەی بەردەوامی ژیان، ئیتر نەوەکان لە هەموو ماڵەکانەوە دەهاتنە دەرەوە و موحەمەدیش کاتێک بە کۆڵانەکانی مەدینەدا لە ناو نوورێکی سپی و مێزەر و جلێکی ئاودامانی سپی کفنێکی سپی و روخسارێکی سپی لەناو قژ و ریشی قەترانی رەشدا بە دانە سپیەکانی بزەی خۆشەویستی بۆ دەنواندن و رۆژێک بە یەکێک لە کۆڵانەکانی مەدینەدا تێدەپەڕی و دەیڕوانیە ئەو بزن و مەڕانەی بە کۆڵانەکەدا دەهاتن  و دەچوون منالآن شادیان دەنواند و کاتێک ئەویان بینی گۆڕانیان بۆ چڕی خۆشمان دەوێی خۆشمان دەوێی.

ئەویش سەندیەوە: خودا دەزانێت منیش ئێوەم خۆش دەوێت ئیدی باڵەکانی هەڵبڕی کە بەژێر بن باڵەسپیەکانیدا تێپەڕین و ئەویش لەو سەر کۆڵانەکەوە رۆشت و بۆنە خۆشەکەی لەپاش خۆی بەجێهیلا و چووە بیابانەوە و لە شەپۆلی لمی بێسنوور تا لە ئومێدی بەردەمی ورد بێتەوە. سەری هەڵدەبڕی کە ئاسمان هێندە دوور نەبوو و ئەستێرەکانیش تەنها بارستاییەکی خڕ نەبوون. هەزاران داغ و فۆغان لە ناخیەوە هەڵدەستا و خۆیان لێکەڕ کرد بوو لە چاوەڕوانیەکی پر ترس و لەرزدا دەژیا، کە تەنها ئەو یارانی نزیکی دەیانزانی.

کارەکانی خەڵکی مەدینە دەیانوت ئەوان کۆمەڵیک خەڵکی دەشتەکی کەم بەها نەبوون بەڵکو ئەوان مرۆڤی گەورە بوون دەیانتوانی شتی گەورە ئەنجام بدەن، ئەوان رۆحی گەیشتبوون هەر بەو گەیشتنەش ناوی خودایان دەهێنا. کاتێک مرۆڤ بە گەیشتنەوە ناوی خودا دەهێنیت ئەوسا خودا مانایەکی دەبێت جیاواز لەو مانایەی مرۆڤە جاهیلەکان بەکاری دەهێنن بەو جۆرە خودا لای ئەو هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

ئەوان هەموو پێکەوە بناغەی ژیانێکی نوێیان دارشت بوو کە گەردەلوولی شەڕ هەڵیکردەوە و ئەمجار لە باکوور و شامەوە کە هەواڵ گەیشت کە کۆمەڵیک لە دەعبای بە پێوە وەستاوی بە عەرەب دواوی شەڕانی قژن خۆیان بە بەهیز دەزانن و لە کلۆڵیەکانی مرۆڤیش ئەوەیە کە خۆی بە بەهێز بزانیت، ئەوان بێ ئەوەی نرخ بۆ رۆحی خۆیان و ئەوانی تر دابنێن کوشت و کوشتار دەکەن، نیعمەتی گەورە لای ئەوان ژیان نیە بەڵکو ئاشوب و شەڕە، بوونەتە مایەی رێگری لە کاروانیەکان و خۆراک و بەرد و کاڵای بە بەها دەرفێنن و پیرەمێردەکان بە قەمە دەکوژن و لاوەکان بە دیل دەگرن و لە بازاری کۆیلەفرۆشیدا دەیانفرۆشن.

هەر ئەو شەوە هەواڵی دەرچوونی پێغەمبەر بۆ چەتەکانی (دۆمەتولجەندەل) لە مەدینەدا بڵاو دەبێتەوە. هەڵبەت ئەوێ بەناو شار بوو و ئەگینا گوندێکی گچکە بوو هێشتا خەڵکەکەی نەنووستبوون. لەو تاریکیەدا گەرم داهاتبوون پڕ بووبوون لە تووڕەیی، هەر بەیانی زوو شوێن پێغەمبەرەکەیان کەوتن و بۆ ماوەی  پانزە شەو بە هەزار سوارەوە بەڕێ کەوتن و بە شەو بیابان لەبەردەم سمی وڵاخەکانیاندا دەکشا و بە رۆژیش خۆیان پەنا دەدا.

چراکان لە دوورەوە کز کز دەسووتان دەمە و شێوان دای بەسەریاندا و خەڵکی (دومەتولجەندڵ) هەر یەک بەلایەکدا هەڵهاتن و کاتێک موسڵمانان چوونە شوێنەکانیان هیچ کەسێکی لێ نەبوو تەنها باڵندەکانی شەو نەبێت کە لە ناو تاریکیەکەدا دەبریسکانەوە و موسڵمانەکان بەملاو بەوادا سوڕانەوە و هیچ کەسیان دەست نەکەوت. پاشان پێغەمبەر گەڕایەوە و لە رێگەدا رێکەوتنی لەگەڵ (عوێنەی کوڕی حەسین) مۆرکرد و بۆ مەدینە گەڕایەوە و ترازووی رۆژگاریش جارێکی دی بەلای موسڵماناندا لار بویەوە.

# ١٩

## (پیلانی کۆکردنەوەی هەموو بیابان)

**"ئەو پیرە نەگبەتانەی شاندەکە سێبەری خوار و گێڕی خۆیان بە شوێن خۆیاندا راکێشا و بەناو خێڵ و تیرەکانی عەرەبدا گەڕان و ژمارەیەکی زۆریان رازی کرد کە لەگەڵیان بن، ئەوانە هەموو خێڵەکانی سەرزەوی فراوانی بیابان بوون"**

دواجار دەبوو پیلانی مرۆڤ لە دژی مرۆڤ کۆتایی هاتبا، مرۆڤ ئەو مەخلوقە بە هەر دە پەنجەکەی دەستی وەک رەشمار با دەدا و لە بینی ئاژەڵە دوو پێکەی رەگەزی خۆی گیری دەکات، قورەیش و گەلێک شەیتانی دی بۆ ئێرە هاتبوون، تا بەو تەوقەی چەندین ساڵە لە ملی مەدینەی داماویان کردوە، ئەویش تەوقی برسی کرن و رێگای رزق لێگرتن، هەموو ئەو خێڵ و تیرانەی لە سەر رێی کاروانەکانی مەدینە بوون، هەموو ئەو سەرکردانەی ئاگری ئێرەیی گیانی سوتانبوون و دەیانویست بێن و مەدینە بە موحەمەدەوە گڕ بدەن.

لە پێش هەمووشیانەوە (حەی کوڕی ئەحتەب) و بیست لە پیاوانی ئایینی و گەورانی جوو چوون بۆلای قورەیش کە رۆڵی دڵی دوژمنی هەبوو، ئەوان دڵە زیندوو بەڵام نەبینراوەکەی قورەیشیان دەبینی کە هەر لەو دڵەوە خوێن بۆ هەموو دەمارەکانی دیکەی ئەو جەستەیە دەبزوا و حەی پیر و پیرەکانی دیکە بەو رێگایەنەدا کە ئەو دەمارانەی بیابانیان پیکهێنا بوو بە هەموو لایەکی دەشتی فراوانی عەرەبدا

سەروخواریان بوو، ئەوان دەیانویست ئەو تەوقەی گەردنی مەدینە کۆتایی پیبهێنن نەوەک بۆ رزگاربوون بەڵکو بە دەستی کراوەوە بەرەو خاچی بەرن و رزگاریان بێت لێی. هەروەک چۆن دیلەکانی مەحکوم بە سێدارە و خاچ کاتێک دەبرێنە بەر داری سێدارە کۆتەکەیان دەکەنەوە تا بتوانن هەڵیانواسن، هەموویان لەسەر هەڵواسینی مەدینە کۆک بوون، گەورەکانی بۆ ئامادەکاری ئەم لە سێدارەدانە لە رێکخستن و پەلکێشکردنی هەموو خێڵەکانی عەرەب بۆ گردی خاچەکە کە سەر زەوی یەسریب بوو خەریکی سەروخوارکردن بوون.

قورەیشی گەورەی عەرەب کە زۆرترین جار ئابڕووی بە دەست موحەمەد و مەدینەوە رووشا بوو بەدان بەسەر مەدینەدا قایل بوون، بەڵام ئەوەی بە کەمی دەزانن بچێتە لای خێڵەکانی دیکەی عەرەب و تکای پشتگیریان لێبکات، کە خۆیان لە ئاست ئەودا دەبینی و ململانێیان لەتەکدا دەکرد، لەناو ئەو هەموو شەیتانە لووت بەرزەدا تەنها شەیتانی گەورەی بەنی نەزیر فێڵباز و بێفیز بوو، بۆیە لە هەموو گەورەکانی عەرەب لالایەوە کە کۆببنەوە و ئەو برینە بچووک و دزێوە لەسەر گۆنای تەختی نەبڕاوەی عەرەب بسڕنەوە و رێکەوتنی لەگەڵ هەموویان مۆر کرد و لە هەمووشیاندا ناوی خدوای تاقانەی دەهێنا ئەو خودایەی کە هەنووکە بۆ دژاییکردنی پێغەمبەرەکەی سوپای زەبەلاح و ئەم سەر و ئەوسەر نادیاری رێک دەخست.

ئەبوسوفیان ئەم هاتنەی پیاوانی خوداناسی ئەو عەشیرەتانەی بە هەلزانی و لە ناو گەورە سەر تاشرارەکانی ئەنجومەنی سەرانی قورەیشدا بەوانی وت: ئێمە بەشداری ناکەین تاکو پێمان نەڵێن، ئایا دینە فرە خوداییەکەی ئێمە یاخود دینەکەی موحەمەد لەسەر حەقە، ئەوانیش بێ گوێدانە ئەو شتەی کە لەسەرووی حەقەوەیە کە وەفایە بەرامبەر حەق بوونی حەق  بێ دوودڵی وتیان: دینەکەی ئێوە راستترە.

ئەبوسوفیان پێکەنی، ئەوەی دەستکەوتبوو کە دەیویست وەک گەورەی عەرەب بیخاتەوە سەرزاران و داوا لە خەڵک بکات لەسەر ئەوە دینە حەقە بە سەرکردایەتی ئەو بچنە مەیدانی جەنگەوە. پیاوانی ئایین لەو شەیتانتریش لەو گوتەیەی بە مەرامی خۆین گەیشتبوون کە ئەویش کاریگەری دروستکردنە کە لەمبارەدا گرنگ کاریگەری راستەقینە بوو نەوەک بوونی راستەقینە.

پاشان شاندەکە چوون بۆلای خەتفان و هەر ئەو گوتە ئامادانەی فێڵبازانە ئەزبەریان کردون و وەک یەک بەڵام وردەکاری شیرین و تاڵی جیاوازە و لە هەموو شوێنان دەیانڵێنەوە و بە شیرینیەکی زبری زیاترەوە بەو شێوەیەی ئەوان حەزیان

لێبوو بەوانیشیان وتەوە، ئەوجا ئەو پیرە نەگبەتانە سێبەری خوار و گێڕی خۆیان بە شوێن خۆیاندا راکێشا و بەناو خێڵ و تیرەکانی عەرەبدا گەڕان و ژمارەیەکی زۆریان رازی کرد کە لەگەڵیان بن، ئەوانە هەموو خێڵەکانی سەرزەوی فراوان بیابان بوون.

ئیتر لە خوارەوە قورەیش و کەنانە و هاوپەیمانەکانیان لە توهامە لە کاتێکدا ئەبوسوفیان بەسەر رەخشی رەشی خۆیەوە لەبەریانەو دەڕۆشت و سەرکردایەتی دەکردن کە ژمارەیان چوار هەزار بوو و ئەو ژمارە زەبەلاحە ئەو بیابانە فراوانەیان گرتبوویە بەر.

پاشان لە (مەروزەهران) (بەنی سلیم) لە رۆژهەلاتیشەوە خێڵەکانی خەتفان و بەنوفوزارە بە سەرکردایەتی (عویەینەی کوڕی حەسین) و (بەنی مورە)ش بە سەرکردایەتی (حاریسی کوڕی عەوف) و (بەنی ئەشجەع)یش بە پێشەوایەتی (موسعیری کوڕی رەخیلە) و بەنو ئەسەد و خێڵێ تر و خێڵی تریش هەموو عەرەب لەسەر وادەی دیاریکراودا بەرەو مەدینە کەوتنە جووڵە.

سوپای پیادە بە هەموو هەوراز و نشێوەکاندا بڵاوبوونەوە وەک لم لە بیابان و وەک ئاویش لە رووباردا لە هەمو شوێنێک هەبوون وەک کەشتیەکی زەبەلاح کە ئاڵاکانیان چارۆکەکەیان بوو و لە دوورەوە دەشکانەوە و سینگی بیابانی لەت دەکرد خۆی بۆ مەدینە رادەکێشا. دواجار مەدینە بە سەری سەوزی دارخورما و ترێی خۆیەوە دەرکەوت، کەشتیش گەیشتە ئەو کەنارەی کە مەبەستی بوو.

لە نزیک مەدینە سەرکردەکانی سوپاکە هەموویان لەسەر ئەسپەکانیان دابەزینە خوارەوە، بە مەبەستی کۆبوونەوە بۆلای یەکدی رۆشتن، لە کاتێکدا کە هەرکامیان بۆلای ئەوی دی دەبزوا و دەنگی زرێ پۆش و شیری دەستی و نێزە و قەڵغان پارێزەرانیان لەو بەر خۆرەدا هێندە بەرز بوو دەتوت: سوپاکە بەڕێوەیە، تەنها گەورەکەی قورەیزە (حەی) نەبێت کە بە یارمەتی گاڵۆکەکەی دەبزوا و ئەژنۆکانی تینی راکێشانی باری لەشی ئەویان نەبوو، بەڵام ئەوەی هێز و تینی خۆی هەبوو چونکە بەری هەموو کێڵگەکانی خەیبەر بۆ ماوەی یەکساڵ لە خزمەتی سوپای دژە (موحەمەد)دا بوو.

سەرکردەکان لەو چادرەی بۆکۆبوونەوە دانرا بوون دەرچوون و دوای ئەوەی لە سەر شوێنێک لە سەرووی مەدینەوە بۆ ئوردوو خستن رێککەوتن، سێ لە هەر چوار لاکەی دەوری مەدینە تاشە بەرد و بەرزایی بوو کە سوپا نەیدەتوانی لەوێوە بچێتە

مەدینە، بەڵام هیچ خەوشێک نەبوو چونکە لەولایەشەوە هێندە دەرەتان هەبوو کە فیلی زەبەلاح بچێتە بان شارە مێروولەی موسڵمانان کە بە شاری پێغەمبەر ناویان دەبرد، بە بن پێکانیەوە بلکێن.

ئیدی کەشتی سوپا لە کەنارەکەدا بەرەو بەندەری سەرەوە تاکە رێگەی چوونە شار بوو سوڕایەوە و لەوێ قورەیش لە (ئەسیال) لە ناوچەی رۆمە لە نێوان (جەرف) و (زەعابە)دا بەو بەر خۆرەوە دابەزین هەر هێندەی نەبرد کردیان بە شارێک یاخود گەڕەکێک کە چوار هەزار نەفەر هاوڵاتی هەبوو و گەڕەکێک لە شارێک کە دە هەزار کەس دەبوون و بەشەکەی دیکەش کە شەش هەزار نەفەر دەبوون بە رووی ئوحوددا لە (زەنبولوقمی) سوپاکەیان کە لە حوشتری دەکرد لە پێشدا سینگ و دواتر هەموو جەستەی یەخدا.

بێترس پاڵیان دایەوە هەوڵیان نەدا نزیک بنەوە تا بزانن موسڵمانەکان خەریکی چین، ئەوان وایاندەبینی بردنەوە لەم دونیا فراوانەدا مسۆگەرە، چونکە بۆ بردنەوە ژمارە بەهای خۆی هەیە. لە نێوان خۆیان و مەدینەدا مەودایەکیان بۆ ئەو رەشەبا و گەردەلوولە ترسناک و شاخدارانە هێشتەوە کە رەنگی سووری دەبەخشیە لمی سووتێنەر، هەر ئەو مەودایەش خەڵەتاندنی و بۆشاییەکی پڕنەکراوەی لە نێوان ئەوان و شاردا هێشتەوە و هەوڵی پڕکردنەوەیان نەدا.

دواتریش شەو بەر و دوای لێگرتن و لە شوێنی خۆیان نەبزوان تا شاری گەورەی لە جەنگاوەر دروستبوو بێ بوونی کەڵەشێریش رۆژی لێبوویەوە و بەڵکو خۆر دوو رمیش بەرز بوویەوە، ئەوجا فەرماندەکان فەرمانی جوڵەی سوپایاندا، سوپاش تینی جوڵەی یەکتا و سەرمەستانەی بەرەو مەدینە دایە رۆحی خۆی. کاتێک ویستی بە هەرا و زەناوە کە بەدەم رۆیشتنەوە تەنک تەنک دەینواند کە خودە و زرێ و شمشێر دەبریسکانەوە و ئارام ئارام دەگەیشت، تا نزیک و نزیکتر دەبوونەوە بۆ ترساندنی موسڵمانان بە توندی دەفیان لێدەدا و دەیانقریواند.

رێک لە ئاست دەمی کراوەی شاردا شتێکی بیر لێنەکراوە تووشی کتوپڕی کردن. وای خودایە ئەمە چی بوو کە پێشینانی سووپا سەیری بەر پێی ئەسپەکانیان دەکرد و چاوانیان ئەبڵەق بووبوون و لە پێشڕەو وەستان ئەوانەش لە دواوە بوون و هیچیان نەدەبینی روویان لە یەکتر دەکرد و دەیانپرسی چی روویداوە بۆچی وەستاون و وەڵامیان دەست نەدەکەوت. ئەوانەی لەپێشەوە بوون بە چاوی خۆیان چاڵێک لە باڵی

مرۆڤ قووڵ و چەند باڵ پان هەڵکەنراوە و بە شێوەیەک مەگەر ئەسپەکانیان باڵ بگرنەوە ئەگینا ناتوانن لەو  چاڵە پڕ لە خاڵی بوونە بکەنە ئەوبەرەوە.

سوپای زەبەلاح لەبەردەم چاڵی خاڵیدا دەسەوسان وەستا و لە دوورەوە لە باخە خورما و رەز و شوراکانیان روانی دەستیان پێیان نەگەیشت، شەوەهای شەو چاویان بڕیبوویە مەدینە بەدەوریدا خولانەوە و خولانەوە هەوڵیاندا تا کۆنێک بدۆزنەوە پاڵەوانی قوڕەیش  تووڕە و بێتاقەت وەک ئەوە هیچ شت هێندەی ئەم چاڵە بێدەسەڵاتی نەکردبن، هیچ شتێک هێندەی ئەم چاڵە تووڕەی نەکردوون، ئەوان تووڕە و ئەسپەکانیان کە نەیاندەتوانی مل بنێن و یاڵ بادەن و سەربەرزانە بپەڕنەوە سمکۆڵانیان بوو.

## ٢٠

# شەڕی خەندەق

## (چاڵێك شارێكی بچووك لە بیابانێكی گەورەی بزواو دەپارێزێت)

## "لەگەڵ وەشاندنی هەر پاچێكدا مەرگ دەمرد و هەموو شاری برسی لەگەڵ کارکردنی ئەواندا دەژیا"

پێش ئەوەی لە پێناویدا برسێتی و تینوێتی بە خوێن و عارەقە تۆز و لیتە تێکەڵ بێت ئەو چاڵە وەکو بیر ئەو کاتە دروست بوو کە هەواڵی کۆبوونەوەی هەموو عەرەب جووەکانی خەیبەر لە دژی بەو ژمارە بێ ئەمانەوە گەیشتە موسڵمانەکان، کە ژمارەی جەنگاوەرەکانی لە ژمارەی هەموو دانیشتوانی مەدینە زیاتر بوو بە شێوەیەک ئەو هەواڵە وەک بوومەلەرزەیەک لە مەدینەدا کەوتەوە، مونافیقان و خێڵی پێستە خۆشکەرانی قورەیزە لە ژێرەوە لەتەک سوپای بێ ئەژماردا رێک کەوتبوون کە بە بڵاوکردنەوەی ترس و بیم یارمەتی هاتنەناوەوەی کافران بدەن.

ئێستا موحەمەد و یارانی لە راوەرگیریەکی ئاشکراوە لە بیری ئەوەدا بوون چۆن بەرگری لە مەدینە بکەن رای زۆر وترا. بەڵام دوای شکستەکەی ئوحود کەس پێشنیازی چوونە دەرەوەی لە شاری مەدینە نەکرد، هەموو بیریان لەوە دەکردەوە چۆن بەرگریەک لەناو شار رێک بخەن، لەو کاتەدا هەموویان گوێیان لە دەنگێکی ئاشنا بوو کە هەرچەند زۆر مابوویەوە و هەوڵی دابوو نەیتوانی بوو بە زمانی خەڵکی مەدینە و عەرەب بدوێت، ئەو نوێنەری هەموو قەومەکان دونیا بوو لای پێغەمبەر، ئەویش سەلمان فارسی بوو.

هەموو لایان بەلایەوە کردەوە و وتی: ئەی پێغەبەری خودا ئێمە ئەگەر سوپایەک بهاتایەتە سەرمان چاڵمان بە دەوری شاردا لێدەدا، نەک هەر پێغەمبەر بەڵکو هەموو ئامادەبووان ئەم رایەی سەلمانیان پێ ژیرانە بوو، لە نەریتی زۆر و زەبەندەی شەڕی

عەرەبدا شتی لەو بابەتە نەکرا بوو، موحەمەد بیرەکەی بەلاوە زۆر باش بوو پاشان چاوە گەورەکانی لە ژێر ئەبرۆ گەورەکانیدا نیوە داخراو بەکارهێنا تا باشتر ببینیت و لە درێژایی چاڵەکەی روانی بینی زۆر فراوانە و دەبێت شەو و رۆژ لە سەری کار بکرێت.

ئیتر موسڵمانەکانی بۆ گروپ گروپ دابەش کرد و هەر گروپەی دە نەفەر و هەر گروپێکیش چل باڵ چاڵەکەی دەکەند و درێژی چاڵەکە دوانزە هەزار باڵ و قووڵاییەکەی لە پێنج باڵ بوو، لە ناوچەی (شەیخەین)ەوە دەستی پێدەکرد و لە ناوچەی قوبا کۆتایی دەهات.

بۆ سەرکەتنی مرۆڤ تەنها مێشکی بەس نیە بەڵکو دەبێت جەستە و رۆحیش رۆڵی خۆیان ببینن، هەر سێ ئەوانەش لەو باڵە دوور و درێژەدا کۆ بووبوونەوە کە موسڵمانان کاریان تێدا دەکرد. ئەوان جەستەیان شەکەت دەبوو خۆڵی دەرِشت و پاچیان دەوەشاند، هەزاران پاچ  لە یەک کاتدا بەر زەوی دەکەوت، لەگەڵ وەشاندنی هەر پاچێکدا مەرگ دەمرد و هەموو شاری برسی لەگەڵ کارکردنی ئەواندا دەژیا.

هەنووکە بە برسێتی کاریان دەکرد و خورما و بەری کێڵگەکانی مەدینەیان بۆ رۆژی سەختتر کە لەوانە بوو بەرێوە بن هەڵگرت بوو، لە گەرمەی کارکردندا هەندێک لەوانەی زۆر برسیبوون چوونە خزمەت مورشیدەکەیان و لە باتی زار سکی برسیان هاواری بوو کە بەردیان لەسەر دانا بوو، پێغەمبەر جلەکانی خۆی هەڵبری و ئەمجاریش سکی برسی لە باتی چاوەکانیان بە تاسوخەوە لەویان دەروانی و وایان دەزانی خواردنیان دەداتێ دیتیان ئەوی مرۆڤیش وەک ئەمان لە برسانا نەوەک بەردێک بەڵکو دوو بەردی لەسەر سکی داناوە. ئەوان عارەقەیان دەرِشت و ماندوو دەبوون و خۆراکیان دەویست، بەڵام کاتێک مرۆڤ لە تەڵەبەکانی جەستە گەرِا خواردنێکی دیکەی بۆ دێت، ئەوە خودا بوو خۆراکی بەوان دەدا.

ئەگەرچی رۆح لە بۆنی تیژ و هەستەکانی جەستەی ماندوو دوور نەبوو، ئەوە جەستە دەبوو کە هیلاک دەبوو شەفاف دەبوو و دەبوویە رۆح و رۆحیش بۆ خۆی رەنگ و قەبارەی خۆڵ و تۆزێ هەڵدراوی دەگرت و دەبووە جەستە، ئەوان یەک بوون بەڵام لە گۆشەیەکەوە ترازانێک لە نێوان ئەو دووانەدا رووی دابوو، گەیشتنی یارانیش کە هاتنی موحەمەد هەر بۆ ئەوە بوو لەو ترازان و جودا بوونەوە و دواجار باڵەفرِ بوون باڵندەی رۆح بوو کە ژیانی سەربەخۆی خۆی هەبێت.

ئەوان رەنگ و بۆی یەکتریان گرتبوو بەڵام هەرکام لەوان بوون و ژیانی سەربەخۆی گرتبوو، بە گوتەی شاعیرەکە ئەو پارچە ئاسنەی دەخرێتە ناو کورەی ئاگرەوە وەک رەنگی ئاگر سوور دەبێت و هەروەک ئاگریش گەرم دادێت بەڵام دواجار

ئەو هەر ئاسنە و ئاگر نیە، سێ هەزار رۆحی یارانی موحەمەدیش هەستیان بە بڕشت و ترسەکانی جەستە دەکرد، بەڵام ئەو رۆحە بوون و ژیانی سەربەخۆی خۆیان هەبوو. ئیتر لە عەیش و نۆشی رۆحی خۆیان غەرق دەبوون و لەبیریان دەچوو لە ناو لەشێکی نەخەوتوو و تینوو و برسیدان.

شاد و دڵخۆش ساتەکانی ژیان ئێرەیان دەمردن و لە پێناو ژیانێکدا رەنجیان دەکێشا کە پێی دەوترێت نەمری، لەناو بەهەشتێک لەو بیابانە تۆز و قوڕاویەدا دەهاتن و دەچوون، لاوەکان لە نۆبەی خۆیان پاچکاریان دەکرد و لەباتی پیرانی بە تەمەنیش هەر بەهەمان شێوە بوو بوونە فەرهاد و بێستوونی شاخی ژێرزەویان دەبڕی و شێخ و ریش سپیانیش پشت و شان عارەقاویان دەدایە بەر تیشکی خۆر و پڕ بە جلەکانیان خۆڵیان دەڕشت، ئەو خۆڵەی وەک جەستە بەڵام بێ ئامۆشۆی هەوا بوو.

مورشیدەکەشیان هەروەک ئەوان دەهات و دەچوو، پاچی وای دەوەشاند دەمێک بەهەشت و دەمێک کۆشکەکانی فارس و رۆمی دەهاتە بەرچاو کە لە کاتێکدا ئەو نەمابوو دەکەوتنە دەست یارانی، هەندێک جاریش سەری لە هەموو گرۆکان دەدا، لەوانی دەڕوانی هەناوی، لەباتی نان بە کەیف و شادی پڕ دەبوو کاتێک دەیاندی وەک فریشتەیەکی قوڕاوی لەوێ دەوەستا و لەباتی مەشخەڵێکی نوورین پاچێکی بەدەستەوە بوو.

ئیتر ئەوان گەرمتر کاریان دەکرد و دەگەیشتنە ئەو مەنزڵگەیەی رۆح کە شوێنێک نەبوو و مرۆڤایەتی بە چەند سەدە بەو شوێنە نەدەگەیشت، بە دەنگە فریشتانەکەی ئەو مناڵە دەنگ ئاسمانیەی ناوی (عەمارەی کوڕی حەزم) ئەو سرودانەیان دەوت و بەناو زەماندا بۆ دوای خۆیان دەناردن کە هەنووکە بە ئێمە گەیشتوون. ئاوازی وایان دەدایە وتەکانیان کە حەق بەوان بێت، هەموو ئاسمان و زەوی لەگەڵ ئەوان هاوئاهەنگی دەکرد، مناڵی لەواندا زیندوو بووبوویەوە. بە دەنگی بە هیوایانەی ئەوان هەموو شوێنێک دەنگی دەدایەوە.

ئەوەیان دەچەشت کە رۆح زۆر لەوە گەورەترە کە مرۆڤ بیری لێدەکاتەوە، تەنگانە کە دەری پێگرتبوون رۆحیان یەخەی شادی بەرنەدەدا، دەنگی بە ریتم و سەما خێزی زەنگن و پاچ مێروولەی بە گیان دەکردن و پێکەوە لەتەک سەروەرەکەیان عارەقەیان دەسڕی و تفیان قووت دەدایەوە دەیانوت و دەیان دواند، وەک ئەوەی بە ئاخێرەت و بەهەشت گەیشتبن پێش مردن: ژیان تەنها ژیانی ئاخێرەتە خودایە لە ئەنسار و موهاجیرەکان خۆشبە.

ژینی راستەقینەی مرۆڤیان بینی بوو کە خۆیان بوون.

که دەیانبینی گوتە پێغەمبەرانەکان تێکەڵ بە خاک و تۆز بوو بوون، ئەوسا بە تەواوەتی گەیشتبوون کە لەوە بگەن کە لەتەک پیاویکی راستەقینەدا دەژیان، فامی ئەوەیان کردبوو کە لەگەڵ پێغەمبەردا کارکردن دەبووە چی؟

بە دڵیان ئەویان دەبینی کە هیچ دڵیکی بەو گەورەییەیان نەناسیوە. رۆژێکی لە گەرمەی کارکردندا (جابری کوڕی عەبدوڵلا) سەیری دەموچاوی سیس بوو و لە برسانا زەرد هەڵگەڕاوی پێغەمبەری کرد و دیتی رەنگی لێوەکانیشی شین و مۆر هەڵگەڕا بوو. چووەوە ماڵەوە و مەرێکی سەربڕی هەر بە بێپارچەکردن کەدەست و قاچەکانی بە حەواوە بوون خستە سەر ئاگر و سوڕانی تا گەیشت و بە ژنەکەشی وت، جامێک گەورە لە جۆی کردە ئارد و پاشان بە پەنامەکی بە پێغەمبەری وت کە لەگەڵ چەند هاوەڵێکیدا بچنە ماڵیان.

پێغەمبەریش هەموو ئەوانەی لە خەنەکەکەدا بوون ئاگاداری کردن، جابریش نەوەک لەبەر ئەوەی پێی ناخۆش بوو بەڵکو لەبەر ئەوەی خواردنەکەیان کەم بوو پەردەی سووری شەرم بە دەموچاویەوە لکاو رەنگێکی هێنا و رەنگێکی برد. وای خۆ ئەو قاچانە کە بە شوێن پێغەمبەرەوە کەوتبوونە رێ نزیکەی دوو هەزار قاچ بوون و بەرەو ماڵە بچووکەکەی ئەوان کەوتبوونە رێ کە وەک شاعیرەکە دەیوت، مریشک حوشتری بۆ ماڵەکەی خۆی بانگهێشت کرد بوو بەڵام بەهاتنی حوشتر ماڵەکەی نەما تا حوشترەکەی بۆ بێت، نە ماڵ و نان خواردنی جابریش بەشی ئەو هەمووەی دەکرد، ئەمە چ کارێک بوو مورشیدەکە کە موحەمەد بوو کردی، بەڵام هەموویان لەو خواردنەیان خوارد یاخود نەیانخوارد شتێکی تریان خوارد کە لە جینسی نوور بوو کە:

**ئەوەی بخوات لە نانی نوور**

**ئیتر واز دەهێنێت لە نانی تەنوور.**

هەموویان تێریان خوارد و مەڕەکەش هەر وەک مرۆڤێکی سەر و دەست و قاچبڕاو بە برژاوی لە ناوەڕاستی سفرەکە و نانەکەش هەروەک خۆی مایەوە.

رۆژیکی دیکە لەو رۆژانەی کە وایان هەستدەکرد رۆح و مادە یەک شتن و تەنها بە چەشتنی شیلەی وشەکانی پێغەمبەرە کە دەیانتوانی لەو تاڵاوە رزگاریان بێت ک ناوی برسێتی و داواکانی جەستە بوو، کاریان دەکرد و بە کارکردن تاڵی و ناخۆشی بیرکردنەوەکانی داهاتوویان لەبیر دەچوو و رابردووشیان نەدەهاتە خەیاڵ، بەڵکو بە عروجی لە ئێستادا دەژیان و چاویان لە ئاسمان بڕی بوو ئاخۆ لەو سەرەوە دەنگ و باس چیە.

ئەوانەی لە دەوری پێغەمبەر بوون چۆکیان بە نەفسی خۆیان دابوو ئێستا لەبەردەم ئەم دیلانەی حەز و هەوەسدا ملیان نەدەدا کە دەیانویست بێنەسەریان و شاری سپی پێکەوەبوونی نووریان لێبکەن بە سوری ئاگر و خۆین، پێغەمبەریش بە موحیبەتەوە لەوانی دەڕوانی نەوەک نەدەترسا بەڵکو ئێستا دڵنیا بوو کە نیشانەکەی پێکابووی رەنج بەخەسار نەبوو، ئەو گۆڕانانەی ئەوانی دەبینی کە بەهۆی زەجر و زەحمەتەوە ئاگری جەستە بۆ نووری رۆح دەگۆڕا و کیبریتەکەشی ئونس و موحیبەتی ئەو کە چەخماخەی دەدا و دونیای تاریکی ناو نەفسی ئەو و ئەوانە دوای ئەوانیشی رۆشن دەکرد.

ئەمجار پێویست نەبوو بۆ جوداکردنەوە و پێگەیشتنیان بۆ شوێنی دووریان بەرێت و بەچوون و نەچوون پاک و پیس لێکجودا بکاتەوە، هیچ شتێک بە نیوەیی نەمابوویەوە روون و ئاشکرا بۆ لەبن هێنانی ئەمان هاتبوون، ئەمانیش وەک لە شوشە دروست بووبوون ناوەوەیان بە تەواوەتی نمایان دەبوو و لەو دەمەدا تارمایی رەش و باریکی خوشکەکەی نیعمان کوڕی مونزیریان هاتە بەرچاو کە توێشەبەرەیەکی بە کۆڵەوە بوو تا باوک و براو خاڵۆکەی لێی بخۆن.

پێغەمبەرەکە بانگی کرد و لێی وەرگرت، توێشەبەرەی کردە و رایخست و خورما وەک دورگەیەک لەناو دەریای فراوانی قوماشی کۆندا دەرکەوت، دەنکە خورماکان لەبەرچاویان رەش و سوور بریسکەیان دایەوە، موحەمەد هەر دەنگی پێغەمبەرانەوە بە گەرووی پڕ لە تۆزەوە هەمووانی بانگ کرد بۆ سەر توێشووی راخراو، هەموویان لێیان خوارد و توێشوو سەروو بەر لێی دەڕژا.

یارانی موحەمەد لەو خەندەقەدا وا گۆڕابوون پێویستیان بە موعجیزە نەبوو، موعجیزە بۆ دوژمنان بوو، ئەوان بە یەقین گەیشتبوون، بەڵام لەم کاتی هەڵکەندنی خەنەکەکەدا شتێک لە مۆجیزە گەورەتر رویدا کە بەردێکی گەورە هاتە چاڵەکەوە کە وەک شەیتان لەبەردەمیان قووت بوویەوە و نەیدەهێشت کارەکە لە پێشبڕوا، هەرچیان لەگەڵ کرد دادی نەبوو پاچ و چەکوش کاری تێنەدەکردن لە دەست ئەو بەردە بتە دادیان بردە لای پێغەمبەر و ئەوی نەوەی ئیبراهیمیش پاچی هەڵگرت و چووە ناو چاڵەکەوە.

وتی (بسم الله) دەنگی پاچ هاتە سەرەوە کە لە بەردەکەی داو بریسکایەوە و بەردەش دوو لەت بوو و پاشان فەرمووی (الله اکبر) و ئەوا کلیلەکانی وڵات شامم پێدرا وەڵڵاهی چاوم لە کۆشکە سورەکانیەتی، جارێکی دی لێی دایەوە لەتێکی دوو لەت کرد و وتی (الله اکبر) مولکی فارسم پێدرا، وەڵاهی ئێستا چاوم لە کۆشک و تەلارەکانی شاری مەدائینە و پاشان سێیەم پاچی لێدا و لەتەکەی دیکە وەک تۆز ورد وخاش بوو

وتی: (الله اکبر) کلیلەکانی وڵاتی یەمەنم پێ بەخشرا و وەڵڵاهی لەم جێگایەی خۆمەوە چاوم لە دەروازەکانی شاری (سەنعا)یە.

موحەمەد کارێکی کرد کە بە کەس نەکرا، بەڵام چەپڵەیان بۆیَ ل نەدا و ئافەرینیان نەکرد، ئەو بۆخۆی کرد ئەوەش عیبرەتێک بوو فێری ئەوانی کرد کە دەرگاکەی لە پاش خۆی بەکراوەیی بەجێهێڵاوە ئەوانیش دەتوانن وەک ئەو بکەن، ئەوەی بتوانێت بتی ناوخۆی بشکێنێت ئەوا ئاسان بتی دەرەوە پێدەشکێت، ک لە راستیدا بێجگە لە سێبەری بتی ناوەوە شتێکی دیکە نیە.

خۆر بەرز دەبوویەوە دەڕۆشت و سێبەری ئەوان بە قەد خۆیان دەبوو و دەگەیشتە ناوەڕاستی ئاسمان و دواتر سێبەرەکان بەودیودا دەکشان و خۆر بەرەو خوار خلۆر دەبوویەوە و ئاواش دەبوو و ئەوانی لەناو عارەقێکی تیژدا بەجێدەهێڵا و ئەوان هەر کاریان دەکرد و چاڵەکانیان بەجێ نەدەهێڵا، ئەستێرەکانی سەرەتای شەو دەهاتن ئەوان بە گەرمی ئیشیان دەکرد و ئەستێرەکانی کۆتاییش نەرۆشت بوون کە ئەمان بەسەرە خەوتبوون.

بەو شێوەیە چاڵی قووڵ و درێژی پڕ لە هەوا بووە کەنار و ئەمانی سەرزەمینی وشکانی و وەستاوی لەوان دەریای سوپای شەپۆلدەری لە دوورەوە هاتوو جودا کردەوە، ئەمان پشتیان کردبووە شاخە بەرزەکەی (سەلع) کە پشتیان بوو لە دواوە دەیپاراستن و خەنەکەکەش لە بەردەمیاندا روویان لە کافران کرد بوو کە هەنووکە هاتبوون و دروشمەکەیان دیقە دیقەی ئەوان بوو کە دەیانوت: (سەرناکەون. سەرناکەون).

هەر بەو دروشمەش کە کەشتی هەموو سوپای ئەوانی هێنابویە ئەو کەنارەوە نەیاندەتوانی بۆی دابەزن ئەوانی شێت کردبوو ئەمان ئەوانیان دەدی لە داخ و رقی بێ سنووریاندا دەهاتن و دەچوون. ئەسپ بەر ئەسپ دەکەوت و شمشێر لە شمشێر دەئاڵا و شانی خەڵک تێکدەگیران، دەتوت ئەو قیامەتەیە موحەمەد هەواڵی هەڵسانی داوە، دەوروویەری مەدینەش گەردەلوولی تۆزی پێیانی ئەوان بوو کە بۆ داگیرکردنی هاتبوون. هەڵمەتی پیاوکوژانەیان دەهێنا و دەستی خوێنڕژانەیان دەوەشاند و هاتبوون ئەو مرۆڤانە لەناوبەرن کە هەروەک خۆیان مرۆڤ بوون.

هەندێک لە پاڵەوانەکانی قورەیش کە هیچ شتێک هێندەی ئەوە تووڕەی نەدەکردن ریێی شەڕیان لێبگیرێت، بۆیە لەم سەر تا ئەو سەری خەنەکەکە رۆشتن و لەو سەرەوە خۆیان بە پشتی ئەسپەکەیاندا داو لەتەکیاندا بوونەوە یەک و بە پرتاو خۆیان هەڵدا و فڕین و هێڵی جیاکەرەوەیان بڕی لەو بەرەوە لە کەناری شاخەکەوە کەوتنە لیتەیەکەوە

و به سەرومێکوتی قوراویەوە کە لیتە لە هەموو گیانی خۆیان و ئەسپەکەیان دادەچۆڕا لێی دەرچوون.

ئەوانە پاڵەوانانی قورەیشی (عەمری کوڕی عەبدود) و (عەکرەمەی کوڕی ئەبوجەهل) و (خەتابی کوڕی زیرار) و چەند پاڵەوانی دیکە بوون کە (عەلی کوڕی ئەبوتالیب) و چەند موسڵمانی دیکە بۆیان ڕۆشتن و دەرەچەکەیان لێگرتن، کە لە پێشیانەوە عەلی بەرەو عەمری تووڕە و باڵابەرز و کەللەپان ڕۆشت، عەلی نوتقی لەدەم دەچوو و ئەوی وروژان، کابراش بە خێرایی بەرەو رووی هات کە شمشێرەکی با دەدا و جنێوی هەر هەی هەی بوو، سەری لە ئەسپەکە تێکدا و ولاخەکە بە ئاسماندا هەڵیدا و کەوتە زەوی.

کاتێک هەستایەوە لەبری ئەوەی بەرەو عەلی بجمێت بەرەو ئەسپەکەی جولاو شیرەکەی کێشا بەنوچاویدا و خوێنی ولاخەکە فیشقەی کرد و کەوتە زەوی و پاشان بە شیرێکی دیکە سکی ئاژەڵەکەی هەڵدڕی، ورگی گەورە و ریخۆڵە پان و درێژەکانی هەڵڕژانە سەر زەوی. پاشان لەتەک عەلی بەرەو یەکتر هەنگاوی گەورەیان نا و یەکتریان هێناو برد، تا عەلی فرسەتی هێناو شمشێری دوو لەپی خۆیدا لە گەردنی و لەوێ کەوت و وەک کەوتنی شاخ تۆزی لێ بەرز بوویەوە و هاوەڵەکان پاڵەوانبازیان لەبیر چوویە و لە ترساندا هەڵهاتن.

لە ڕۆژانی داهاتووشدا موشریکان چەند هەوڵی برینی خەنەکیاندا و لە دەرەچەکانی ئەم سەر و ئەو سەرەوە وەک ئاوی ژێرزەوی خوساو دزەیانکرد و دەوترێت ئەو ئاوە لە مرۆڤ دروست بووە تا نزیکماڵی پێغەمبەرهات، بەڵام موسڵمانان بەرگریەکانی ئازایانەیان کرد و لە دوورەوەش بە تیر دەیانکوشتن و دەکەوتنە خەنەکەکەوە، تا ئەوەی هێندە شەپۆلدانەکەیان زۆر بوو و پێغەمبەر و موسڵمانان بێئاگا لە جەستەیان شیپر و شەکەت، بێ ئاگا لە هاتن و ڕۆشتنی خۆریش بە ئاسمانەوە نوێژەکانیان لە دەست دەرچوو.

پێغەمبەریش بە لەدەستچوونی ئەو نوێژانە کە ژوانگەی چوونە حوزوری مەعشوقی بوون هێندە غەمی سەوزی خوارد، وەک ئەوەی بە دەست ئەنجامی دابوو لە دژایەتیان بەدڵیش بە توندی نزای لێکردن. ئەم هەوڵەی موشریکان و ڕەد دانەوەی یارانی موحەمەد چەند ڕۆژی خایاند و دەستیان بە موسڵمانان نەگەیشتن تا بە ڕووبەڕوو بوونەوەی خوێناوی تا بۆ بەهەشت بەشی خودایان لێبدەن و ژنان و مناڵانیان بە کۆیلە بکەن وەک پشک ئەوان بۆ خۆیان بەرن، لەو شەڕانەدا بە تیرئەندازی لە هەر دوولا پێکران، یەکێک لەوان گەورەی ئەنسار (سەعدی کوڕی موعاز بوو)، نزای زۆری لە کافران کرد و وتی: خودایە ئەگەر شەڕێکمان لەگەڵ قورەیش ماوە ئەوا بمهێڵە بۆیان،

خۆ ئەگەر شەڕی کۆتاییە ئەوا ئەم رەگی بن ملەم بتەقێنە و دەستی لە خوێنەکەی بنا ملیدا و قسەکەی تەواو کرد (تا پێوەی بمرم).

کۆششەکانی قورەیش بۆ برینی خەندەق بێ ئەنجام مانەوە تاڕادەیەک ئارامی بۆ شارەکە گەڕایەوە، موحەمەد هەواڵی بوو کە ئەمە دوا هەوڵی قورەیشە بۆ لەناودانی موسڵمانان کە نەک بۆ شکستی ئەمان بەڵکو بۆ شکستی رۆحی ویران خۆی بەر دەرگای ئەمانی گرتبوو، موحەمەد لەبەرەی ئەوبەری دەڕوانی، ئەوەی لەو دامێنە دەجما ئەوە سوپا بوو، سوپای قورەیش کە مرۆڤگەلێک بەو ژمارە زۆرەوە بۆ ئێرە هاتبوون، لەو سەرگەردانیەی مرۆڤی روانی کە لە پێناوی چیدا ئەو هەموو رێگەیان بڕی بوو. ئەوان خەریکی چی بوون، بەم کەمە تەمەنەییان دەیانویست چیان دەست بکەوێت و هەرچیشیان دەست بکەوتایە بۆ کوێیان دەبرد؟

هەموو کۆمەڵگەیەک شتی شاراوەی خۆی هەیە کە هەوڵێکی زۆر سەرف دەکات بۆ شاردنەوەی، بەڵام ئەو شتە شاراوەی ئەوان کە هیچ کامیان نەیدەدرکاند، هەموویانی لێرە کۆکردبوویەوە، ئەوان هاتوون شەڕ دەکەن و بیر لە شتە گەورەکەیان دەکەنەوە کە تەنها هی خۆیانە و بۆ هیچ کام لەوانی دی نیە ئەو شتەی بە زاریاندا نەدەهات و لە پێناویدا بە رۆژی روون مرۆڤیان لەپێناودا دەکوشت.

ئای خودایە ئاخر ئەو نەوتراوە ئەوە دەهێنێت، نەوتراوێک کە مرۆڤ ئەگەر لەبەری بڕوا هەموو شتێکی لە پێناودا لەناو دەبات، نەوتراوێک کە ئەوانی دیان لە پێناودا دەکوشت دەبوا ئەویان کوشتبا، ئەوسا بە کامی دڵ دەگەیشتن و بەختەوەر دەبوون هەر ئەو رەنجەی لە پێناو رازی بوونی ئەودا دەیاندا بۆ لەناودانی بەس بوو، وای لە دەست مرۆڤ کە رێ لە بەختی خۆی نابات و بەرژەوەندیەکانی خۆی ناناسێت.

ئای نەوتراو گرێکوێرەی بەنی هەموو دەردەکانی مرۆڤ ئەو نەوتراوەی هەموویان دەزانی و لە پێناویدا کوشت و کوشتاریان دەکرد و بتیاندەتاشی دەیانپەرستن و بەڵام لە راستیدا خەریکی پەرستنی ئەو بوون ناوهێنانی ئەویان لە بیر دەکرد کە مرۆڤ هەر شتێکی لە بەرژەوەندیدا نەبێت لەبیری دەکات.

لە هەموو شەڕێکیشدا بابەتەکە ئەو بوو نەوەک دوژمن، دوژمن تەنها بیانوو بوو، لەم شەڕەشیاندا قورەیش بە ناچاری شوێنی تێرکردنی هەوەسەکانی ئەو کەوتبوون، هەموو شتی تر تەنیا بیانوو بوو، هەر ئەو بوو رۆژی خستە دوایان و شەویش بەردەم و ئەو هەموو شەو و رۆژە، رۆژ لە دوای شەوی پێشێلان لە پێشیانەوە بۆ ئێرە هات و ئەو هەموو ئازارانەی بوونیاندا.

ئەو نەوتراوەش هیچ نیە تەنها خود خۆیان نەبێت، ئەوان لە پێناو (من)یاندا، منێک لەباتی ئەوانی دی دەبێت ئەو بکوژرێت. هەر ئەمەش مایەی جیاوازی ئەمان و قورەیش بوو، ئەمان ئازاریان هەبوو ئەوانیش ئازاریان هەبوو، بەڵام ئازاری ئەمان ئازاری دوژمن بوو کە یان بۆ بەهەشتی دەناردن و یانیش سارێژ دەبوو و دەبڕایەوە، بەڵام ئازاری قورەیش ئازار بوو کە ئازاری ناو خۆیان بوو و بڕانەوەی نەبوو و ئازاری هەمیشەیی رازیکردنی (من).

کافران هەنووکە دەستیان بە موسڵمانان نەدەگەیشت تا بە قوربانی شیر و تیر و نێزەیان بکەن بڕیاریاندا لە دەرەوەی شار لەو دیو چاڵەکەوە ئابلۆقەیان بخەنە سەر و نەهێڵن دەرزیشیان بۆ تێپەڕیت، تا برسێتی زۆریان بۆ بهێنێت و خۆیان دەدەن بە دەستەوە، ئابلۆقە رۆژێک و دووان و رۆژ لە دوای رۆژ درێژەی کێشا ئابلۆقە لەسەر برسیکردنیان رۆڵی نەبوو، ئەوان پێشتر لەسەر برسێتی خۆیان راهێنابوو، بەڵام ئابلۆقە بووە ترس و لە تاریکی مەدینەی بێ پیاودا کە هەموو پیاوانی لەم دیو خەندەقەوە بەرامبەر دوژمن وەستابوون و، ترسێک لەسەر زاری پیاوانی عەبدوڵڵا لە گەڕەکی عەرەب و لەسەر زاری پیاوانی تاکە تاکە خێڵی جووی بەجێماوی پێستەخۆشکەران (قورەیزە) مەدینە کە لە زاری ناو جەستە و گەڕەکە بۆن ناخۆشەکەیانەوە دەهاتە دەرێ کە بۆنی جەوت و پێستەی خۆشەنەکراوی لێدەهات و بڵاو دەبوویەوە.

سبەینێ هەرچی مناڵ و پیری موسڵمانە لە برسا دەمرن ئەوجا پیاوانیش ناچار دەبن مل شۆڕ کەن و خۆیان بدەن بە دەستەوەوە و ئەو کاتەش پەیمانەکانی موحەمەد کە پەیامەکەی هەموو دونیا دەگرێت بێجگە لە وەهم و تراویلکە هیچی دیکە دەرناچن و تەنها لە خۆبایی بوون زیاتر هیچی دی نین.

ئەمەش ناوەڕۆکی کۆمەڵێک وتەی خودا بوو کە لە سەر زاری فریشتەیەکی دەنگ خۆشەوە بە گوێیدا بە هێواشی دەستران و بەڵام موحەمەد باش لەوە گەیشت بوو کە ساجی قورەیش سارد بووەتەوە و ئەمە دوانانی گەرمە کە بەو ساجەیدا دەدەن، بۆیە متمانەی بە خودای خۆی بوو و ئەو متمانەیەش چاوەکانی داخست. (نەعیمی کوڕی مەسعود) راستی دەوت کاتی زاری هەڵهێناو رووی دەمی لای ئەمان و دڵی لای موحەمەد بوو، وتی من دۆستی دیرینەی ئێوەم وایە!.

ئەمانیش وەک هەموو مرۆڤێکی دوودڵ کە لە تەک دۆستی دووریشدا وەک هارییەکی نزیک مامەڵە دەکات شەویلگەی خوارەوەیان جوڵاند: تۆ هەمیشە چاکەت بۆ

ئێمە ویستووە: پاشان مەسعود چاوی بەدەوری خۆیدا گێڕا و ئەوجا سەری لەمان نزیک کردەوە گوتیان: ئەو کارە مەکەن!.

قوڕەیش و خەتفان ئەگەر شەڕیش بدۆڕێنن زیانێکی گەورەیان نەکردوە و بۆ وڵاتی خۆیان دەگەڕێنەوە: زیانبارتەنها ئێوەن کە لەبەردەم بریسکەی شیری ئەو هەموو پیاوەدا بەجێ دەمێنن کە سەری هەموو ئەوانە دەپەڕێنن کە خیانەتیان لە موحەمەد کردووە. ئەمان باش هاوپەیمانەکانی خۆیان دەناسی دیمەنی دوای پشت تێکردن ئەو هەموو لە رووکەشدا هاوڕێیە خۆیان هاتە بەرچاو کە هەر وەک مەسیح لە بەردەم خاچەکەدا بەجێیان دەهێڵن وەلامگۆ بوون: دەی باشە چی بکەین.

نەعیمی کوڕی مەسعود کە موحەمەد پێی وتبوو: شەڕ فێڵە دوو بەرەکی بخەرە نێوانیان، بە نیشانەی دڵسۆزی تەنها لەبەر خاتری ئەمان پێشنیارێکی بۆکردن کە لە رووکەشدا زۆر رزگارکەر بوو و وتی: داوای بارمتەیان لێبکەن، ئەگەر راستیان وت: ئەوا راستتان لەگەڵ دەکەن!

کاتێک قوڕەیش و خەتفان مانگێک ئەو هەموو ئوردووەیان بۆ نان نەدەدرا و پاشان بیری ژن و شەراب تەنگی پێهەڵچنی بوون و هەواڵی حەزلێنەکراویان لەناو سوپاکەی خۆیان دەبیست، مەسعودی کوڕی نەعیم شوێنکەوتەی موحەمەدیش کە ئەوان بە یەکێک لە سەرکردەکانی خەتفانیان دەزانی: هەواڵی بەنی قورەیزەی دانێ کە لەگەڵ موحەمەد رێک کەوتوون بیاندەن بە دەستەوە، بە پێغامبەرێکی وەک رەشەبای نەبینراودا هەواڵیان بۆ بەنی قورەیزە نارد کە زۆر درەنگە ئەوان بێزاربوون زوو بن با بدەین بە سەر (موحەمەد)دا کە ژمارەی جەنگاوەرەکانی ئەمان لە ژمارەی هەموو دانیشتوانی مەدینە و هەموو ئاژەڵ و باڵندەکانی ئەو ناوچەیە زیاترن.

بەنی قورەیزەش هەر بە هەمان بای نەبینراودا هەواڵیان نارد وتیان: ئێمە شتی وا ناکەین تا گرەنتیمان نەدەنێ و بارمەتەمان لا دانەنێن ئەم کارەش لە کارەکانی شەیتانیان بە زیرەکانەتر دادەنا ئەوانیش کە قەرەبووی نا چالاکی خۆیان بە زۆری ژمارەیان قەرەبوو دەکردەوە دیسان هەوڵی نەبینراویان نارد و وتیان  شتی وا ناکەین، بەم شێوەیە جیاوازی کەوتە نێوانیان و ئەمەش یەکێک لەو هەزاران شوێنانە بوو کە ئەزموون کراوە کە وشەی بێجەستە مرۆڤ لە شیری تیژ زۆرتر دەبرێت.

کاتێک موحەمەد پێڵووی چاوە رەشەکانی هەڵهێنایەوە بینی ئیمان و متمانە بۆتە گەردەلوولێکی ترسناک. زریانێکی سارد و بێ ئەمان بایەکی توند لە هەڵکردندا بوو کە

مەشخەڵ و ئاگرەکانی قورەیشی کوژاندەوە، فووی لە چراکانیان کرد کە چەند رۆژە بێکوژانەوە دەسوتان. گڤەیەکی وایدەکرد لە یەک ئاندا دەیان چادری لەتەک خۆی دەبرد هەورە بروسکە وەک شریخەی قامچی بوو کە دەوەشێنراو هەر هەموویان چاویان زەق دەبووەوە، ئەو ئافات بوو و هاتبوو دیار بوو هیچ بەسەر هیچەوە ناهێڵێت.

بەرەبەرە هەرا هەرای قورەیش دەمرد و ون دەبوو، گەورانی قورەیش لەوە گەیشتبوون خۆشیان نەیاندەزانی بۆ؟ کە (کارەکەیان بێهوودەیە و ئەو ئەرک و رەنج و دووریە ناهێنێت) ئەبوسوفیانی نزیک ئەوەی وت و یەکێکی تر بۆی سەندەوە و پاشان یەکێکی دوورتر و یەکێکی دوورتر بوو بە هەرا، بەرەبەرە هەرا سوپای زەبەلاح بێ بەرنامە هەوا وەک درەختی بێ ریشە هەڵی دەکەند و قورەیش دەمرد و ون دەبوو، سەربازانی هەڵهاتوو لە رەشەبای شێت بەرەو جادە لە مەککە هاتوو چاوەکانیان هەڵخستبوو.

خودا بای بەسەر مەدینەدا کێشا و پاراستی، مرۆڤ نەمردایە و لە رۆژێکی وەک ئەو رۆژەدا ئامادە بووایە و ئەوانی بدیبایە کە چۆن رۆشت بوون و ئەمانیش بە شادیەوە لە ون بوونی ئەوانیان دەڕوانی نەخشی دەست و قاچیان لەسەر لمی بیابان جێدەما. و موحەمەد کە لە رۆشتنی قەد نەگەڕاوەی ئەوانی دەڕوانی وتی: ئیتر قورەیش قەد هێرش ناکاتە سەرمان.

# ٢١

## غەزای گەڕەکی بۆن ناخۆشی
## خێڵی پێستەخۆشکەرانی قورەیزە

**"ئیتر بە یەك ئان و سات پۆلێك پەپولەی ئارام و بێدەنگ فڕین و دایان بە سەر گەڕەکی قورەیزیاندا سێ هەزار کەس هاتبوونە ناو ئەو گەڕەکە. بەڵام کە گەیشتن گەڕەکەکە وەك شاری مردووانی لێهاتبوو"**

خۆر بە تەواوەتی نەبووبوویە رەنگی سوور و بەو دیو ئاسۆدا ئاودیو بێت و رەنگی ئاگرین لەپاش خۆی بە تەختی ئاسمانی شینەوە بەجێ بهێڵێت، موحەمەد خۆی شۆرد و بەتەما بوو لەگەڵ مەدینەدا بگەڕێنەوە سروشتی ئاسایی خۆی کە ئارامی و بێدەنگی بوو، هەرچەند ئەو لە رووی رۆحیەوە ئەو حاڵەی لە دەست نەدابوو و بەڵام جەستەی شەکەتی یەک مانگی تەواو ئابلۆقەی قورەیش و ترس و برسێتی مناڵ و پیری مەدینە بوو.

چووە ماڵی ئوم سەلەمەی خێزانی و خۆی شۆرد و پاشان جلی سپی ئاشتیانەی لەبەرکرد و ئەوەندە سپی و جوان و بێ لەکە بوو لە خۆر زێتر دەدرەوشایەوە جیاوازیەکەی لەگەڵ خۆردا ئەوە بوو کە کەس نەیدەتوانی بۆی بڕوانێت بەڵام ئەم بە سەیرکردنی تێرتر دەبوون، هەر لەو کاتەدا فریشتەی سروش کە مەحرەمی رازی بوو و هەرگیز پێی لەم نەدەبڕی و زۆربەی کات بە ماڵەکەیدا هەر فرەفڕی بوو و هات و پێی وت: ئەوە چیە بەرگی جەنگت داکەندووە، بەڵام هێشتا فریشتە شەڕکەرەکان ئەو بەرگەیان فرێ نەداوە، هەر ئەو فریشتانە بوون کە رەنگی خوێن و بۆنی تیژی عارەق و بۆنی گەرمی خاکیان بۆ ئەزموون ئیمانی وەردەگێڕا و ئەوەیان فێری جەنگاوەر دەکرد کە لە هیچ شوێن دی فێری نەدەبوون. ئیدی موحەمەد لە پەیامەکەی فریشتە بەهێز و جەنگاوەرەکە تێگەیشت و ئەوان عەیامێک بوو هاوڕێی یەکدی بوون و لە نەوتراوی یەکتر دەگەیشتن و هەرکە فریشتەکە باڵەکانی لێکناو لە چاوان ون بوو،

یاقوت و مرواری وەریوی باڵەکانی  لەپاش خۆی بەجێهێلا و پێغەمبەرەکە خێرا جلەکان جەنگی پۆشیەوە و  کاتی نوێژی بوو و هەمووو نوێژەکانی لەکاتی هەر گۆڕانێکی دەرکەوتن و خۆ لە یەک حەشاردانی خۆر و زەوی ئەنجام دەدا.

هەنووکەش کە خۆر لە نیوەی دووەمی ئاسمان خلۆر دەبوویەوە کاتی نوێژی عەسر بوو. بەهاوەڵانی وت نوێژی عەسر لای گەڕەکی بۆن ناخۆشی پێستەخۆشکەرانی بەنی قورەیزە دەکەن، ئیتر بە یەک ئان و سات پۆلێ پەپولەی ئارام و بێدەنگ فڕین و دایان بەسەر گەڕەکی قورەیزیاندا سێ هەزار کەس هاتبوونە ناو ئەو گەڕەکە و بەڵام کە گەیشتن گەڕەکەکە وەک شاری مردووانی لێهاتبوو و دوکانەکان بەکراوەیی بەجێهێڵرابوون هەموو شتەکان بەدەرەوە بوون و ترازووەکان هەر لە هەڵبەز و دابەزدا بوون و هێشتا بە تەواوەتی بەلای هیچ کام لە تاکانیاندا خۆیان یەکلایی نەکردبووەوە  بەڵام کەسیان نەدی.

پاش شەڕی ئەحزاب رۆژێکیش تێنەپەری کە جوولەکەکانی بەنی قورەیزە زانیان تووش کراون، لەلایەن هاوئایینەکانی خۆیانەوە ئەوانەی کە خۆیان لە مەدینە دەرکرابوون و دەیانویست ئەمانیش بە دەردی خۆیان بەرن، (حەی کوڕی ئەحتەب) بە ورگی شۆڕەوە بووی بەسەر قاچە چەماوەکانیەوە دوای هێنانی هەموو عەرەب هاتە ناو قەڵاکانی ئەمان و پێی وتن: بۆ خۆتان پێتان دەڵێم، لەو گەلە کۆمەدا بەشداربن  بۆ لەناوبردنی موحەمەد تا دوا نەکەون.

ئێستا دەرکەوت کە دەستیان بە ئاگرەکەوە چزاندبوون ئەوەی لە تاریکترین و نەبینراوترین شوێنی مەدینەدا لە پشت  قەڵاکانیانەوە ئەنجامیان دابوو ئەوا ئەمرۆ وەک ناوەوەی بوتڵێکی شووشە روون و ئاشکرا لەبەر چاو بوو. (قورەیش) و (خەتفان) ملی رێیان گرتەبەر و هەموو توانای لەبن نەهاتووی موحەمەدیان بۆ لە ریشکەوە دەرهێنانی ئەمان بەجێ هێڵابوو.

کاتێک هەواڵ وەک با بەرەو ئەمان هات، موحەمەد و یارانیان پێ گەیشت، هەروا وەک ئەوەی باڵندەیەکی گەورەی زەبەلاح گەورەتر لە گەڕەکەکەیان با بەسەریاندا و بە دەنووکی گەورە و چڕنوکی تیژی ئەمان لەتەک خۆی بەرێت، هەر هێندەیەیان پێکرا لە فرکەیەکدا هاواریان کرد وا دێن و هەر کامیان ژن و منالی هەڵبگرت و بۆ ناو قەڵا مەحکەمەکەیان ماڵ و منال ببێچنەوە و ماڵ و حاڵ هەروا بەکراوەیی بەجێبهێڵن، دەرگای قەڵاکان داخران و گەورە پیاوانی قەوم ئێستاکە بووبوونەوە بە نوێنەری گەلی هەمیشە چەوساوەی بەنی ئیسرائیل  و حەی کوڕی ئەحتەبیش کە لە پەلە دەرچوونی ئەحزابدا بەجێما بوو ئێستا لەناو قەڵاکەی ئەماندا بوو بیری خێرایان لەوە دەکردەوە کە چی بکەن.

داماو مرۆڤ کە هەمیشە لەبەرامبەر راستکردنەوەی هەڵەکانی رابردوو پەشیمان دەبێتەوە بڕیار دەدات کە ئەگەر هەلی لەو شێوەی رابردوو بیتەوە کایە بڕیاری راست و دروست بدات، لە هۆڵی تایبەت لە قەڵا تەگبیریان کرد کەعبی گەورەی ریش سپیانی میللەت هاتەگۆ و وتی: قەومەکەم تەنها سێ ڕێگەمان لە ڕێدایە: یان ئەوەتا ئیمان بە بهێنن بە موحەمەد و ماڵ و منالّتان رزگار بکەن. یان ماڵ و منالّتان بە دەستی خۆتان بکوژن تا نەکەونە دەست دوژمن و پیاوانە شەڕ بکەن یان ئەوەتا خۆتان بدەن بە دەستەوە و لە شار بەدەر بن و هەموو هەبوو و نەبووتان بۆ موحەمەد بەجێ بهێڵن رووت و رەجال بۆی دەرچن.

وتیان: ئێمە حەوت سەد پیاوی راهێنراوی شەڕین شمشێر و نێزە و مەنجەنیق و بەرد هاوێژمان بە قەد بەشی  دوو بەرامبەری ژمارەی خۆمان هەن، قەڵاکەمان بەهێزە و ناتوانن بۆمان سەرکەون، تفاق و خۆراکی ساڵیکیشمان هەیە، ئیتر لێرە دەمێنینەوە و شەڕ دەکەین. ئەوان پێشتر بە حەوت سەد زمانەوە ترسیان لەناو مەدینەدا بڵاو دەکردەوە هەموو سوپای هاتووی عەرەب بەقەد ئەمان رۆڵی نەبوو، کەعب دەیزانی ئەمان لە شەڕی زمان و دەلەسەی ترس و تۆق براوەن بەڵام لەشەڕی دەستە و یەخە و شیر لە سینگدا چەقاندن و سینگ لە یەکتر گیرکردندا کوڕی ئەو مەیدانە نین بەڵام ناچار بوو کە راکەیان قەبوڵ بکات و بۆیە برۆکانی هەڵتەکاند و هیچی نەوت.

مانگ هەڵهاتبوو و تیشکی هیلاک ئاسای بەسەر زەویەوە پەخش دەکرد سوپای ئیسلام لە دەرەوەی قەڵا هەر هەمووی وەستا بوون و سەرما  جەستەی برسی و یەک مانگ ئابلۆقەدراوی دەتەزاندن، جارجار بەردێکیان تێدەگیرا یاخود خەنجەر و تەور و پاچێکی تیژیان لە سەرووی قەڵاکەوە بەسەردا بەردەدرایەوە، بەڵام ئەمان نەدەترسان خۆ ئەمان لەو خۆشەویستانەیان زیاتر نەبوون کە لە سەرەتاوە دەیانناسین و هەنووکە ژمارەیان کەم دەبوونەوە و لەگەڵیان نەبوون.

عەلی کوڕی ئەبوتالیب لە ناو سوپاکەدا هاتە دەرەوە بۆ بنی قەڵاکە و هاواری دەکرد تا ئەوان لەسەرەو بۆیان دەڕوانین و ئاگایان لێ بوو کە سوێی مامە مەزلومەکەی هاتبوو و بە سەریدا و هاواری دەکرد ئەگەر وەک حەمزەشیان لێکردووم دەبێت درگای قەڵاکە بکەمەوە. ئەوە تەنها عەلی نەبوو بەڵکو پاڵەوانی تری ئیسلام بوون وەک ئەوەی کۆڕی سەمایان دروست کردبێت دەهاتن و دەچوون و بە ئاگا و بێ ئاگا هەڕەشەیان دەکرد، هەر ئەم شمشێر راوەشاندن و سەماکردنە  شەرکەرانی ئازای قورەیزەی ترسنۆک کرد  و ورەیان رووخا. قورەیزەی رەنج بە خەسار بە خەیاڵی خۆیان  قەڵایەکیان  دروستکردووە کە کەس دەستی پێناگات، ئەوان هەر وەک دوو تیرە هاودینەکەی خۆیان هەمان شتی ئەوانیان وێنا کردبوو کە دەرگای قەڵاکانی

خۆیان مەحکەم کرد بوو، گاڵتەیان بە سوپا و دەسەڵاتی موحەمەد دەکرد کە تۆ ناتوانیت بێیتە ناو قەڵاکەی منەوە، مرۆڤ هر مرۆڤە هەر ئایین و مەزهەبێکی هەبێت ناتوانێت لە زەرورەتی کاردانەوەی ئەخلاقی ئەم بوونە خۆی ببوێرێت کە هیچ کەسی لێبەدەر نیە کە هەر کەس بەلاڕێدا بڕوات ئەوا خەلق و مەخلوق دەبنە شەڕێک جا یان دێتەوە سەر ڕێیان لە ڕێی لای دەدەن.

ئێستا نۆرەی لە ڕێگە لابردنی ئەمان بوو، کە پەلەی بوو ئەم گرفتەش زوو بە کۆتا بێت و زوو فەرمانی ئاسمان جێبەجێ بکات و دوای ماندووبوونێکی زۆر خۆی و یارانی بکەوێتەوە ناو ژیانی ڕۆژانە و برسی و تینووبوونی مرۆڤانەوە، (ئەبو لوبابە) کە ماڵەکەی نزیک قەڵاکەی ئەوان بوو ناردیە لایان تا هەواڵیان بزانێت، کە چووە لایان ترس و بیم و گریان و هاوار هاواری ژنان و منالانی بینی خووی هاوەڵانی موحەمەدی بۆیان جوڵا بەڵام بڕیاری یەکلاکەرانە ئەوێ نەبوو، کاتێک پێیانوت: ئەگەر خۆمان بدەین بە دەستەوە موحەمەد چیمان بەسەر دەهێنێت ئەویش بە دەستی ئاماژەی بۆ گەردنی کرد و وەک چەقۆ بە مانای سەر لە لاشە کردنەوە پێیدا هێنا، بەڵام ئەوان هەموو هەڵەکانی خۆیان لەبیرچوو و پشتیان بە بەزەیی پێغەمبەرانەی موحەمەد بەست و بێشەرم لەوەی کردبوویان و وتبوویان، هەر خۆیان دەرگایان کردەوە و لە کاتێکدا بە مانای ملکەچی سەریان دانەواندبوو خۆیان دابە دەستەوە بۆنی گەرمی گەنیوی قەڵای پڕ لە پیستەیان لێوە دەهات.

بۆ شەڕ چوونە قەڵا ئێستا شتەکە بە پێچەوانەی ئەوەوە کەوت بوو کە چاوەڕوانیان دەکرد ئیتر نۆرەی ئەوە هاتبوو کە خۆیان تاقی بکەنەوە کە چەند بەرگەی تاقیکردنەوە ناخۆشەکان دەگرن. داوای جێبەجێکردن پەیماننامەی مەدینەیان لە موحەمەد کرد و بۆ ئەمەش داوای حەکەمیان کرد، پێشتر هەر دوو تایفە هاودینەکەیان بە پەیمانی پێشتریان لەتەک خەزرجدا رزگاریان بوو، ئەمجار ئەمانیش داوای پشتیوانی ئەوسیان دەکرد، بە بڕیاری گەورەی ئەوس رازی بوون، کە رەگی لا ملی بریندار بوو لەو چادرەی موحەمەد لە نزیک مزگەوت بۆی هەڵدابوو بەردەوام خوێنی لەبەر دەڕۆیی و خوێنەکە بەسەر لمدا لە چادرەکە دەرچووبوو.

نوێنەری ئەوان و موسڵمانان چوونە لای سەعد و داوا بڕیاری عادیلانەیان کرد، ئەویش لەتەک هەر وشەیەک ددان و لێوەکانی بە خوێنی سوور دەبوو بە قورەزیەکانی وت: ئاخر بڕیاری عادیلانە بە زیانتانە، وتیان هەرچی بێت قەبوڵمانە بەو ئومێدەی لایەنگیری بۆیان هەبێت. بەڵام داوای ناحەقانەی مرۆڤ لە سەرەمەرگدا بێمانایە، سەعد توانی ئەوەیان پێ بڵێت ئەوانە لە جاسوسی و کوشتنی موسڵماناندا تێوەگلاون کە زۆرینەی شەڕکەرانیان بوون دەبێت لە گەردنیان بدرێت و بخرێنە چاڵی قووڵی

خەندەقەوە. ئەوانەش کە چەکیان هەڵگرتووە لە دژی پێغەمبەر بەڵام کەسیان نەکوشتووە وەک دوو تایەفەکەی پێشوو بێ سەروەت و سامانی مەدینە بەجێبهێڵێت و ئەوەش موسڵمان دەبێت یاخود پەیمان دەدات لەسەر بێلایەنی بەردەوام بێت ئەوا سامانەکەی بدەنەوە. ماڵ و منداڵی خراپەکارانیش بۆ نەجد دوور بخرێنەوە، پیاو خراپانیش تەنها ئەوانەیان لەناو ببرێن کە گەیشتونەتە تەمەنی بەرپرسیارێتی.

هەواڵی ئاسمانی پێگەیشت کە دەیزانی ناوەرۆکەکەی چیە داوای چی دەکات مەبەستی چیە هەرچی کاری قورس هەیە بەمی دەکات دەیزانی ئەوە تەمسیل نیە. دەیزانی ئەوەی دەیکات تەنها نواندن نیە، بەڵکو بڕیارێکی گەورەیە وەی خودایە هەرچی بڕیاری قورسە رووبەڕووی پێغەمبەرانی دەکاتەوە، بڕیاری تەحەمولی رەنج و ئازار و بڕیاری مەرگی ئەوانی دی کە ئەوەی یەکەمیان زۆر ئاسانترە. دڵی بۆ بیستنی خەبەرەکە هەر ترپە ترپی بوو بەڵام ناچار بوو و هەواڵی ئاسمان بوو و دەبوو لە گوێی بنێت و ئیدی دڵی بۆ بیستن لە ترپەترپ کەوت. موحەمەد کە هیچی بە سەعد نەوتبوو، دەموچاوی گەشایەوە و وتی سەعد بەوە حوکمی کرد کە حوکمی خودا لە سەرووی حەوت ئاسمانەوە بوو.

نوێنەرانی تایەفەی لە شەڕدا دۆڕاو هەنگاوە تێکشکاوەکانیان بۆ لای ریش سپیانی خۆیانیان و حوکمەکەیان پێگەیاندن هەر لەوێوە تێگەیشتن کە ئەگەروا بێت زۆریان مەحکوم بە مەرگن، دەستیان کرد بە سەرزەنشت و هاوار هاوار بەسەر یەکتردا هەنووکە هیچیان بەرامبەر دوژمنی دەرەکی پێنەدەکرا بۆیە بەسەر دوژمنی ناوەکی خۆیاندا دەیاننەڕاند، بیری خراپەکاریەکانی نەفسی بەدکاری خۆیان دەکردەوە کە شایستەی بەم سزا سەختەی کرد بوون.

هەرواشکرا کە بڕیاری لەسەر درا، تاوانبارانی مەحکوم بەمەرگ بەرەو چاڵی ئامادەکراو راپێچکران، دەیانویست بە خاو و خلیچکی رێگا ببڕن و لە خەمەکانیان کەم بکەنەوە، دەیانویست بە گوێی دڵیان بکەن کە نەیدەویست بمرن و هێشتا باوەڕیان بە چاوەکانیان نەدەکرد و بە کەعبی گەورەیان دەوت کە لە پێشیانەوە هەنگاوی دەنا داخۆ بۆ کوێمان بەرن بەڵام دەنگەکەم چەند هەنگاو لەولایانەوە دەیدا بە ئەرزدا و پێش ئەمان دەمرد، کەعب دەیزانی ئەوان بە راستی نەیانتوانی بوو دەست بە کڵاوەکەیانەوە بگرن تا با نەیبات، دڵدانەوەی خۆشیان کە لەسەرە مەرگدا بوون هیچ مانایەکی نەبوو.

کەعب وتی هەر ئەو نەفامیەتان بوو بەم رۆژە گەیاندن، ئەی نابینن بەرەو چاڵی مەرگتان دەبەن، بەڵام ئەوان گوێیان لە کەعب نەبوو بەڵکو گوێیان لە دەنگە نهێنیەکەی ناویان بوو کە  هاواری بوو: کوڕە بۆ شوێنی خراپتان دەبەن، دەڕۆشتن و دەکەوتن و چەو و لمیان لە تەک خۆیان بە کێش دەکرد، دەست و قاچیان رووشا بوو و خوێنیان

لێ دەتکا، خڕە خڕی بەردەکانی چەمەکەش دەهات کە چووبوونە ناوی و پێیان پێدا دەنا، وەک هاو ئاییینەکانیان بۆ هەمیشە لێرە جودا بوونەوە بە جیاوازی ئەوەی ئەوان بۆ سەرزەویەکی دیکە و ئەمانیش بۆ ناو کارگەی خۆشەکردنی گۆشت و پێستەکانیان دەڕۆشتن کە کرم سەروەریەتی و پێی دەڵێن گۆڕ.

هەنووکە پێغەمبەریش لە دوورەوە بۆ ئەوانی دەڕوانی کە دەکوژران و خۆڵیان بەسەردا دەکرا و دڵی دەگوشرا ئای لە مرۆڤ و لە ژیانی بە راست نهێنی ئەو شتە دەعباجنە چیە کە پێی دەوتریت ژیان کە مرۆڤەکان بەدەم بایەکەوە دەهێنێت لەوێ فرێیان دەدات و پاشان بەدەم بایەکی دیکەوە لەتەک خۆی هەڵیان دەگرێت و کەس نازانێت بۆ چ سەر زەویەکی دیکەیان دەبات. بۆ دەربڕینی ئەمە هیچ وشەیەکی بە دانەکانیەوە نەنووساو بە بێدەنگیەکی قووڵ بۆ دووری روانی کە تا چاو بڕ بکات بیابانێکی بە لم داپۆشرا بوو.

# ٢٢

## (کۆچ و چوونە مەدینە)

"ئەو خۆی کرد بە یەسریبدا، ئەوێ ئیدی یەسریب نەبوو بەڵکو مەدینە بوو، مەدینەی ئەو بوو مەدینەی نوورانی، ئەو کاتێك بە سواری حوشترەکەی کرد بە شاردا سەدان پێ بە دوایدا خۆیان بە کۆڵانی لم و تۆزدا دەکوتا".

(لە کاتێکدا یارانی بێ شوماری بە شوێنیەوە بوون بە لای یەك بە یەکی قەڵا و دار و دارخورما و ماڵە یەك نهۆم و دوو نهۆمەکاندا تێدەپەڕی و لە هەمووان رادەما و بیری بۆ کاتی مناڵی دەگەڕایەوە)

دووەمی دووانەکە کە سێ شەو لە ئەشکەوتەکەدا مانەوە، هەنووکە بەسەر پشتی وشترانەوە تێدەپەرین لە نێوان توولە رێکانی ناو شیوەکانی شاخە رەشە گڕکانیەکانەوە، کە رۆژگارێک بوو بوویە دۆزەخ و سوور هەڵگەڕا بوون و پاشان دامرکابوونەوە و رەش بووبوونەوە هەنووکە دەوری سێ لا لە چوارلای ئەو ئاوەدانیە سەربانەیان دابوو کە بیابان نشینان پێیان دەوت (یەسریب)، چونکە هەوا شێدارەکەی بەوانی نەدەکرد و هەر کە بهاتنایەتە ئەوێ و بمانایەتەوە خێرا نەخۆش دەکەوتن.

خەڵکی ئەوێش بە تاکە باخی سەرزەوی عەرەبیان دەبینی و ناویان نابوو باخی خۆش (تیبە). ئەو رۆژەی ئەو دووانە خۆیان بەو دیو شاخەکەدا کرد و سەفەرێکی چەند رۆژەی جەستەیان کۆتایی پێهێنا و لە سەفەرێکی گەورەی رۆحدا بەردەوام بوون. سەیریان کرد لەو سەر زەویە فراوانەدا -کە یەکەمیان بە مناڵی لە گەڵ دایکی دیتبووی- هیچ کەس لە پێشوازیان نەبوو دوو حوشترە تیژڕەوەکانیان لە دامێنی کێوەکان بە بێدەنگی، بەڵام بە ئازارەوە ئەو بەردەڵانەیان دەبڕی کە رەقیەکی وا بوو بۆ رێبرینی سمە نەرمە بۆ بیابان خولقاوەکانی ئەوان نەدەبوو، بەڵام وشترەکان بە

بوردەباری و ئارامیەوە ئازاری برینی بەردی تیژیان بە دڵ دەگرت، چونکە دەیانزانی کام دوو نەفەریان لەسەر پشتی خۆیان هەڵگرتبوو.

نیوەڕۆیەکی ئەگەرچی پاییزی بەڵام گەرمی مانگی دە بوو، دووانەکە جلی تازەی زاواییان لەبەرکردبوو چاوەڕوانی گۆبەند و پێشوازی بووکی شار بوون، بەڵام هیچ نیشانەیەک لەو شادی و خۆشیە نەبوو، خۆرەکە لە ناوچاوی ئەوانی دەدا و وەک خۆر بەر ئاوێنە بکەوێت ئاوا دەبرِیسکانەوە. دووەمیان سەرنجی یەکەمیانی دا و ویستی بڵێت: (ئەی پێغەمبەری خودا ئەی کوا بۆ کەس دیار نیە؟). لە پڕ دووچاوی پیاوێکی نەخوێنەوار و داماوی تاکە قەومی خوێنەواری ناو بیابان (واتە یەهود) لەبەردەم حوشترەکانیان دەرکەوتن، دوو چاو کە ترس و نیگەرانیان لێدەباری و بە مانەوە نووسان بۆیانیان روانی و پاشان بۆ دواوە وەرگەڕان و بێ یەک و دوو جەستەی کوورت و سەری بچووکیان بۆ دواوە وەرگێڕاو دوو دەستی گەورەیان بە ئاسمانەوە هەڵبڕی و دوو قاچی زلیان بە خێرایی بزوان و بە زمانێکی پسکەوە کە پیتی شینی لە باتی سین بەکاردەهێنا لە عەرەبەکانی دەیقیڕاند: باپیرەتان هات، بە عیبریەکانیشی دەوت: ئەوەی موژدەتان پێ دەدا ئەوا دەرکەوت!. ئەو پیاوە داماوە ناوی شالوم کە هەمان سەلامی عەرەبی و بە مانای ئاشتی بوو.

دووانەی سەر حوشترەکان کاتێکیان زانی مردووان لەو گۆڕستانە گەورەوە لە گۆڕەکانیان هەڵسانەوە، دونیای سەوزی ئەو مەملەکەتەش لەبەر چاویان بریسکەیدا. مەدینە هەنووکە غەرقی نوور بوو بە خۆی و هەموو باخ و باخات و حەفتا و پێنج قەڵایەوە دەرکەوت دەموچاوی ئەو خەڵکەش دەدرەوشایەوە کە بۆ لای ئەمان دەهاتن. هاتن و خرۆشان چ خرۆشانێک بوو، پیرەکان لە خۆشیاندا وەک منالان دەگریان و منالانیش پێدەکەنین، دایکان منالانی شیرەخۆریان بە خۆوە دەنووسان و ژنانیش بە رەسمی کۆنی خۆیان هەلهەلەیان لێدەدا دەنگ و رەسم لەبەرچاوی ئەمان تێکەڵ بووبوون بە جۆرێک بە تەڵەبەوە دەبزوان وەک بڵێی ئێستاش هێشتا هەر نەگەیشت بن، یان لەوانە بوو وا بزانن کە قەد نەگەن.

ئەوانە خەڵکی دێی (قوبا) بوون کە دواکەوتنی چەند رۆژەی موحەمەد و هاوڕێکەی ئەوانی پەریشان کرد بوو و لقە خورمایان بە دەستەوە بوو و بە هەنگاوی وردی بێ ئەژمارەوە بۆ ئەو شوێنە دەچوون کە موحەمەدی لێوە دەرکەوتبوو، ئەم شارە هەر ئەوەی دوێنی بوو کە چەند رۆژ بوو بۆپ ێشوازی ئەو لەو بیابانە کەوتبوون، لەناو ئەواندا لە دوورەوە یارانی کۆچبەری روسووری خۆیان ناسیەوە، کە پێدەکەنین، لەگەڵ خەڵکەکەدا لە پێێشوازیدا (الله اکبر)یان دەوتەوە، وەک بڵێی هەرکامیان هەموو کەسوکاریان بۆ گەڕابوویەوە، کەسوکارێک بەو کۆچەیان بۆ ئێرە ئازایانەترین بڕیاری

عەرەبانی بیابان نشینیان دابوو کە بڕیاری دابران لە خێڵ و کەسوکار بڕیارێکی لەو شێوەیە لای عەرەب مانای مەرگ بوو.

وایان دەزانی دەبێت شێت بن چونکە مرۆڤ تا شێت نەبێت ناتوانێت لەبەر ئایینەکەی واز لە خێڵ و عەشیرەتی بهێنێت، ئیدی ئەوا لەو بیابانەدا خوێنی حەڵاڵ دەبوو، هەرکامیان ئەوەی لە دەست دابوو کە هەرگیز نەدەگەڕایەوە. ئەوا بە بینینی موحەمەد و یاوەرەکەی دەخەنینەوە، ئەگەر موحەمەد سەرگەورەی ئەوان و پێشەوایان بوو ئەوا لەم بێبەشیەشدا هەروەک ئەوان بوو، ئەبولەهەبی مامی ئەوی لە تیرەکەی خۆیان دەرکرد بوو و لە دەرەنجامدا خوێنی حەلاڵ بووبوو.

تا خەڵکەکە لە دوورەوە بەرەو ئەمان دەهاتن ئەمانیش لەگەڵ جوڵەی بە ریتم و هاوئاهەنگی هەر دوو حوشترەکە بەرەو ئەوان رۆشتن و گەیشتنە بن دارێک، ئەبوبەکر کە یاری کۆچی ئەو بوو و رەنگ و رووی هاوسەفەری بیابان و رۆح و ئاسمانی ئەو بوو و لە پەنا ئەو بوو مرۆڤانی تازە موسڵمان و بتپەرستنی ئەو جێیە لە یەک بۆیان جودا نەدەکرانەوە، کراسەکەی خۆی داکەند و کردی بە سێبەری مەولای تا بە زیرەکانە بەوان بڵێت: ئەوەی لەولای من وەستاوە ئەوە موحەمەدی لە لایەن خوداوە نێردراوە، نەوەک من.

ئیدی ئەهلی (قوبا) یەکە یەکە داهاتن و بۆنیان دەکرد و گوێیان بۆ دەنگی هەناسە هەڵدەدا تا بزانن ئەویش مرۆڤە وەک هەموو مرۆڤەکانی دیکە. موحەمەدیش کە بە دستەکانی عارەقەی دەسڕی و بە چاوە گەشەکانی لەوانی دەڕوانی، ئەو هەموو رۆژەکانی وابوون و بەڵام ئەمرۆ تازەتر بوو لەو خەڵکە رادەما کە بەرەو رووی دەهاتن. ئەوان مرۆڤگەلێکی سادە بەڵام مرۆڤگەلێکی بەبەختتر بوون لە باوباپیرانیان کە لە تەک خەبەری ئاسماندا دەژیان. هەر ئەو دڵسافیەی ئەوان ئەرکی ئەوی سووک دەکرد کە هەم ئەوان و هەم مرۆڤانی دیش بگۆڕێت.

لە دڵی خۆیدا شوکرانەی خودای دەکرد هەنووکە خاڵی وەرچەرخانی ئەو بوو تا دوێنێ لە ئەشکەوتی یەکەم ماڵی ئادەمیزاد خۆی حەشاردابوو، ئەوا ئەمرۆ لە مناڵدانی ئەشکەوتی (تاریکی سەورەوە) زەویەوە بە ناو سکی فراوان و پڕ لە قەمچ و پێچی بیاباندا لەو تاریکستانەوە کە هاوەڵەکەی تێیدا دەیوت: ئەی پێغەمبەری خودا بەخوا تەنها ئەگەر سەیری بن پێی خۆیان بکەن ئەوا دەمان بینن. گوێی لە هەناسەی هاوڕیکەی بوو و گوێشی لە سکوت و تاریکی بوو کە دەبووایە ئەمان خۆیان زیتر گرمۆلە بکەن هەتا جێی ئەو بێدەنگیەی عەلامەتی خوداش بێتەوە کە هەستی بە بوونی ئەو دەکرد و بە هاوڕێکەی دەوت: رات چیە دەربارەی دوو کەس (ئەویش دوو کەسی هەڵهاتوو و ترساو) کە خودا سێیەمیان بێت، هەر ئەو سێیەمەش ئەوانی پاراست و بە

جلی شڕ و دڕاوەوە لەو ئەشکەوتەی کە سێ ڕۆژ مانەوە و ڕێی چۆڵی بیابانیان گرتەبەر و وا ئێستاش لەو ئەشکەوت و مارەوە هاتن و بەم دیو گەیشتن.

ئەوان هاتبوونە ئێرە تا لەگەڵ ئەو خەڵکەی بۆ ئێرە هاتبوون (ئوممەت) دروست بکەن، ئەو دەم تەنها موحەمەد دەیزانی بە داهێنانی ئوممەت کە سەرۆکەکەی خودایە چ شۆڕشیکی کۆمەڵایەتی لەناو دوورگەی عەرەب و لەوێشەوە لە هەموو جیهاندا دروست دەکات. ئیتر زاراوانێکی نوێ هاتنە سەر زمانی موسڵمانان ئەوانیش زاراوەکانی (ئەنسار) و (موهاجرون) بوون. ئەم و ئەوانیش لەم سەر زەویە کۆ بووبوونەوە بۆ دروستکردنی جیهاێکی نوێ کە بۆی دەبوو مرۆڤ لە هەموو شتێک بگەڕێت کە هەنووکە ئەمیش لە هەمووی گەڕابوو!.

زانایان و پیاوانی یەهود وەک هەمو ئەو حەشاماتە لە پێشوازیدا بوون، عەبدوڵڵای کوڕی سەلام کە زاناترینیان بوو بە ئارامیەوە رووی بەلای هاودینەکانیدا با دەدا و دەیوت: (بەرەی یەهود ئەوەی چاوەڕوانیتان دەکرد وا دەرکەوت لە شاخەوە) خۆی و هاوەڵەکەی. بەرەو ئۆرشەلیم نەهات ئەو بۆ مەدینە هات ئەو بە سواری گوێدرێژ نەهات، بەڵکو بە سواری حوشتری سپی هات. نەیدەزانی: ئەوان باوەڕیان پێ دەهێنا یاخود دەبوونە دوژمنی. هەوڵی کوشتنیان دەدا وەک ئەوەی لەگەڵ براکەی کوڕەکەی مەریەم کە هەوڵی کوشتنیاندا، هەنووکە ئەوان لەوە بێئومێد بوون کە دوایین پێغەمبەر لە خوێنی ئەوان بێت، بەڵام لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە باوەڕ بە ئایینەکەیان بهێنێت. ئەمەش فەزڵێک بوو کە بەهەر کەسیان نەدەبەخشی، بەڵام بۆ دواتریان هەڵگرت.

سەفیەی ژنی موحەمەد کە کچی گەورەکەیان بوو، دواتر دەیگێڕایەوەو دەیوت: من کچی خۆشەویستی مام و باوکم بووم: لە کاتی هاتنی پێغەمبەردا بۆ مەدینە رۆشتن و دوو رۆژ نەهاتنەوە و پاشان بینیمن بە لارەلار بۆ قەڵاکەمان گەڕانەوە.

ئەو نەهاتبوویە ئێرە خۆی حەشار بدات ئەو هاتبوو هەموو شیرینیەکانی پێغەمبەری خۆی لەتەکیاندا دابەش بکات هاتبوو هیچ شتێک بە نهێنی نەهێڵێتەوە هەمووی بۆ ئەوان بدرکێنێت، ئەوەی بۆ ئەوانی دەویست پێیانی بگەیەنێت کە قوڕەیش لێیان وەرگرتبو، بە ئارامیەوە لەوانی دەڕوانی، ئارامیەک پڕ لە ئازایەتی بوو.

ئەو لە مەککەوە نەهاتبوو ئەو لە ئاسمانەوە بۆ زەوی دابەزی بوو. هەروەک مرۆڤیش بوو وەک ئەوان. ئەوانی هەژار و داماو، ئازا و جەنگاوەر بەڵام ئارام و نەرم و نیان نەوەک وەک ئەوان زبر و کەللە شەق، هەر لەو خورمایەی دەخوارد کە دەستی دەکەوت و دەستی نەدەکەوت هەر لەو جلانەی دەپۆشی کە لە باتی نوێکانی کۆنەکانی بە دەرزی پینە دەکرد و هەر وەک ئەوانیش عارەقی دەکرد و خوێن لە لەشیدا دەگەڕا.

هەموو ئەوانەی بۆ لای ئەم دەجولآن لە تەواوی چێژبردنی خۆیاندا خۆیان بە قەرزاری ئەو دەبینی و مانایەک و رووگەیەک نوێیان پەیدا کرد بو،و ئامادەبوون لە پێناو ئەودا هەموو ناڕەحەتیەک قەبوڵ بکەن.

ئەو هەموو خەڵکە چەند رۆژە تاسەی هاتنی ئەو بوون، داوایان ئەوە بوو نوتقی بکەوێتە کار و جۆگەیەک دروست بکات و ئاوی حیکمەت بەوان و بە چەند سەدە دوای خۆی بگەیەنێت و لە بیریان بەرێتەوە کە چەند لە دەردیسەریدا ژیاون و پێش ئەوەی بمرن بۆ باخی بەهەشتیان بەرێت ئەو خۆی بەهەشت بوو، هەواڵی پەسلانی دابوو، بەلآم هەر هاتنی خۆی پەسلآن بوو، بەو چاکە و خراپە و دۆزەخ و بەهەشت لە یەکدی جودا دەبوونەوە.

کێ ئەوەی دەزانی دوژمنەکانی لە ئەبوجەهل و ئەبولەهەب و تەنانەت هیندی دەموچاو شێوینیش ئەوەندە دژە مرۆڤ دەبن. کێش ئەوەی دەزانی یارانی ئەو لە ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان و عەلی و هەموو ئەوانی دی دەچنە بەرەی بەرگری لە مرۆڤ و هەڵەشیان بێوێنە و لە پێناو قازانجی مرۆڤ بوو، کە ئەو بووە پێغەمبەر ئیتر مرۆڤ زیندوو بوویەوە و ئیتر مرۆڤ لە باتی  مردن ژیانی دەخولقاند.

شاری دروست دەکرد مزگەوتی بینا دەکرد و جادەی فراوان دەکرد شاری دەکردەوە. هەموویان وەک یەکیان لێدەهات و لە پێشان خۆیان پاک دەکردوە و بۆنی گەنیوی جاهیلیەتیان لەبەریان دەدڕی و دواتر لەباتی بەرگیان دڵیان لێک هەڵدەدەتلیشاند و هەرچی عەیب و گەنیوی بوو تێیدا فڕێیان دەدا.

ئەوان نەوەک هەر ئەهلی قوبا بەڵکو هەموو ئەهلی یەسریب بۆ پێشوازی ئەم زاوایە هاتبوون، وەک لە شیعری زۆرێک لە نەتەوە موسڵمانەکاندا هاتووە: (زاوا هات. زاوا هات) بۆتە سرود و بووکیش شاری مەدینە بوو لە پێشوازیدا و جلە تازەکانی کە پوررزا کاروانیەکەی زوبەیری کوڕی عەوام لە ڕێگەدا بەو و هاوڕێکەی دابوو سپی و بێ پەڵە بوو وەک دەموچاوی نوورانی وەک خەندەکانی و سی دانە وردەکانی بریسکەدار و درەوشاوە، زۆر خۆشی دەویستن ئەگەر درکێک بە پێی هەرکامیان کەوتبا ئەوا وەک ئەوە بوو خەنجەرێک لە سینگی ئەو بکوترێت.

ئەوان هەموو مەدینە بوون بە هەموو نەتەوەکانی دونیا کە جوو و گاور و بتپەرست و کەمێکی دووڕوو و زۆرێکی شوێنکەوتووی ئەوی تێدا بوون، وەک تۆپەڵە هەورێکی گەورە لەم ئەرزەدا وەک ئاسمان روون و درەوشاوە  بۆ لای ئەوی مانگ دەهاتن کە لە مانگی چواردە روونتر بوو، هەر کەسە و بە مەرامی خۆی.

نوێنەری گاوران سەلمان بوو کە بە شوێن نیشانەکانی پێغەمبەرایەتیدا لەودا دەگەڕا و لە پاش لەگەڵدا بوونی ئەو چوار رۆژە موحەمەد لە قوبا و دروستکردنی یەکەم

پەرستگای موسڵمانان هەموویانی تێدا بینیەوە و جووەکانیش بە شوێن جێبەجێ بوونی موژدەکەی (حەبقوق)ی پێغەمبەریان کە قودوس لە شاخی (فاران)ەوە دێت وابوو ئەوا لە مەدینەوە هات، نیشانەی پێغەمبەرایەتیان لەودا دی. ئەو هەر بە راست هەوبوو و ئەوەی پێغەمبەران وەعدەیان دابوو دەیهێنایە دی.

ئەوان خەریک بوو دەگەیشتن پێغەمبەر دەمێک بە دەم ئەوانەوە دەخەنیەوە، دەمێک لە هەموو ئەو جێیانەی دەڕوانی کە لێوەی دیار بوون ئیدی ئەوێ دەبوویە نیشتمانی ئەو و خەڵکەکەشی کەسوکاری و هەرگیز جارێکی دیکەش تەنانەت دوای فەتحی مەککەش بە مردوویش ئەوێی بەجێ نەهێڵا و هەموو خۆشی و ناخۆشیەکانی دە ساڵی پاشتری تەمەنی لەو شارەدا دەهاتە بەردڵ و هەروەک چۆن لە ئەشکەوتی حەراوە لە مەککەی دەڕوانی.

ئێستاش لە بن ئەم دارەوە لە مەدینەی دەڕوانی و لە دڵی خۆیدا نزای بوو: خودایە مەدینەشمان لا خۆشەویست بکە! هەروەک چۆن مەککەت لا خۆشەویست کردین بگرە زیاتریش. خودایە بیخەیتە ناوگلێنەی چاوانەوە، لەو روانینەشیدا چاوانی بە کێوی ئوحودەوە گیرسانەوە ئەو شاخەی بەو روانینە ئیتر هەتا هەتایە یەکتریان خۆشویست و دواتر دەیوت ئوحود شاخێکە ئێمەی خۆش دەوێت و ئێمەش ئەومان خۆش دەوێت، هەرچەند خوێنی خۆی و لاشەی بێگیانی هاوەڵانی بە شاخەکەوە بینی کە لە داهاتوودا چاوی بە شاخەکەی ئوحود و تاوێرە خوێناویەکانی یارانی بەسەر تاشەبەردەکانیەوە بینی!.

خێڵی بەنی عەمر، کە ئەهلی ئەسلی قوبا بوون، پێش ئەو هەموو خەڵکە کەوتبوون بەرەو دوو سوارەکە دەهاتن و هەستیان بە شوورەیی کرد وای چ عەیب بوو لەو فەلاتەدا گەورەی مرۆڤایەتی شەکەت و هیلاک لە بن ئەو دارەدا بێ پێشوازی ئەوان وەستا بوو و نەیدەزانی بەرەو کوێ بڕوات، عەرەب چی دەربارەی کەرەم و بەخشندەیی ئەوان بڵێن.

گەورەیان (کەلسومی کوڕی ئەلهەدم) زۆر بەشەرمەوە سەلامی لە پێغەمبەر و هاوەڵەکەی کرد و عوزری بۆ هێنانەوە. پاشان کەوتە بەر حوشترەکان و بەناو جادە خۆڵەکەدا بەر ئەو هەموو حەشاماتە کەوت و بەلای راستدا بزوان و بەرەو ماڵە گەورە و خانانەکەی بەڕێ کەوت و لەوێش چوونە ژوورەوە و هێشتا زۆرێک لەوانە بۆ پێشوازی هاتبوون نەیاندەزانی کامە موحەمەد و کامەش هاوەڵەکەیەتی هەتا ئەبوبەکر قیافەی باریکی خۆی هەڵبڕی و بەری ئەو خۆرەی گرت کە بەر پێغەمبەر دەکەوت و ئەوجا ئەوان زانیان کامیان پێغەمبەرە.

پێغەمبەر لەو ماڵە خانەدانەدا چوار رۆژ مایەوە و خەڵکیش دەستە دەستە بۆ بینینی دەهاتن و لەو مرۆڤەیان دەڕوانی کە هەموو ئومێدیان بەوەوە بەستبوو موحەمەد لەبەر چاوی ئەوان تازە لە دەستی خودا خولقابوو، لە رۆژی سێیەمیشدا برازاکەی دوای ئەوەی هەموو سپاردەکانی دابوویەوە بەوان گەیشتەوە و لەماڵی (کەلسوم) لەتەک ئەوان مایەوە و مزگەوتی قوبای دروستکرد و نوێژی تێداکرد ئەوە یەکەم مزگەوت بوو لە دوای پێغەمبەرایەتی ئەو لەسەر ئەزموونی رۆحی و پارێز بنیات نرابێت.

ئیدی ئەو پێغەمبەرایەتیەی پێش ئەو سەجدەگایە تەنها لە سینگ و تەمەنی هاوەڵانیدا دەگەڕا وەک بڵێی پێشتر تەنها لە زەمەندا ژیابێت و هەنووکە بچێتە مەکانەوە. مزگەوتی دروستکرد، مزگەوت باخی رۆح بوو ئەم دەیویست شاری ئاشتی دروست بکات ئەو شارەش بێ ئەو باخە شار نەبوو. رۆژی پێنجەم هات مزگەوت دروست بوو و ئەوجا سوار بوو ئەبوبەکریش لە دوای ئەوەوە و ناردی بە شوێن تیرەی بەنی نەجار خاڵوانی باوکیدا و هەموویان بە چەکەوە هاتن و چەکدارەکان بەمبەر و ئەوبەری رێ و بێچەکانیش کە بێ ئەژمار بوون بەرەو مەدینە کەوتنە رێ.

لای خێڵی (بەنی سالم) بەخۆی و ئاپۆرەی شوێنکەوتوانیەوە لایدا و پیاوانی ئەو تیرەی کۆکردەوە و گوتاری بۆدان و ئەوجا پاش نوێژی نیوەڕۆی ئەو هەینیە چووە ناو شاری مەدینەوە

*** *** ***

خۆر تیشکی خۆڵەمێشی خۆی لە کێوە سووتاوەکان دەگرت ئەو خۆی کرد بە یەسریبدا، ئەوێ ئیدی یەسریب نەبوو بەڵکو مەدینە بوو، مەدینەی ئەو بوو مەدینەی نوورانی، ئەو کاتێک بە سواری حوشترەکەی کرد بە شاردا سەدان پێ بە دوایدا کۆڵانی داپۆشراو بە نیوە لم و نیوە پشقڵ و نیوە تۆزدا خۆیان دەکوتا، بزن و کارەکان کە بەو ناوەدا دەسووڕانەوە سەری شاخدار و ریشداری خۆیان هەڵبڕی بوو و سەیری ئەو خەڵکەیان دەکرد کە بەرەو ئەوان دەهاتن کەڵەشێر و قاز و مریشکەکانیش گارەگار و قونەقون فیشە فیشیان بوو و سەریان هەڵدەبڕی و ملیان درێژ دەکرد و خۆیان دەخستە پاڵ دیوارەکان تا نەبن بە ژێر پەنجەی ئەو حەشاماتە کە شوێن دوو حوشترەکە کەوتبوون و بەرەو روویان دەهاتن.

ئەویش لە کاتێکدا یارانی بێ شوماری بە شوێنیەوە بوون بە لای یەک بە یەکی قەڵا و دار و دارخورما و ماڵە یەک نهۆم و دوو نهۆمەکاندا تێدەپەڕی و لە هەمووان رادەما و بیری بۆ کاتی مناڵی دەگەڕایەوە و ئەو دەمەی لە تەک دایکیدا بۆ سەر گۆڕی باوکی

و به سەردان بۆ ئێرە هاتبوو. پاشان حوشترە سپیەکە خۆی کرد بەو گەڕەکەدا کە پێیان دەوت گەڕەکی بەنی نەجار کە خاڵوانی ئەو بوون و یەکە یەکە ماڵەکانی بڕی.

ماڵی ئەو خزمەشی کە بە مناڵی پێکەوە یاریان کرد بوو و ئێستا بوو بوویە ژنە قەیرەیەک چاوە کزەکانی لەم بڕی بوو و بە پێکەنینەوە فەرمووی لەم دەکرد کە لابداتە ماڵەکەی و ئەگەر شتێکی زۆری نەبوو پێشکەشی (رسول الله)ی بکات بەڵام خۆ خزمایەتی و یادەوەری مناڵی هەبوو کە بەو حاڵە سادەی ئەویەوە ببەستێتەوە.

خەڵکەکەی دیش هیچی وایان نەبوو پێشکەشی بکەن بەڵام پێیان خۆش بوو رۆحیان لەبەر پێیانی دابنێن و بەلای هەر ماڵێکدا تێدەپەڕی رەشوەی حوشترەکەیان دەگرت تا بەشکوم لای ئەوان لا بدات، ئیتر ئەویش دەموچاو نوقم بوو لە خەندەدا شەرمی لە فەزڵی خودا بەسەریەوە دەکرد و تا دوێنێ بوو لە کەسوکاری دەرکرا و لە لە هیچ جێیەک تەنانەت لە بیابانی فراوانیش جێی نەدەبوویەوە لە ترسی قوڕەیش کەس نەیدەوێرا بیگرێتەخۆ.

هێندە بەسەر تاشە بەردی نێو شیو و شاخاندا رۆشت و قاچەکانی ئاوسا بوون و هێندە هیلاک و شەکەت بوو هاوڕێکەی سەر بەردێکی بۆ پاک دەکردەوە و کۆپانی حوشترەکەی بۆ دادەخست و لە شەکەتیدا یەکسەر خەوی لێدەکەوت و فریشتەکانی ئاسمانیش بۆ حاڵی ئەو دەگریان، وا هەنووکەش خەڵک پێشوازیان دەکرد و هەر کەس فەرشی رۆحی لەبەریدا دادەخست تا بەسەریدا بۆ ماڵەکەی ئەو بڕوات، دەی خودایە چەند بەخشەندەییت بێ سنوورە.

کچانی وردی ئەنساری دەبینی بە نەریتی ئەو مەملەکەتە دەفیان دەکوتا و چەمەریانەی خۆیان سرودیان بۆ خۆشهێنانی ئەم دەوت. سوپاسی خۆیان بۆ خودا دەردەبڕی کە ئەو مانگە چواردەی بۆ ئەوان نارد بوو و بەم دیو و ئەو دیوی وشترەکەیدا دەهاتن و دەچوون و گۆڕانی بەناوبانگی خۆشمان دەوێیت خۆشمان دەوێیت کە بۆ زاوا دەوترا دەوتەوە ئەویش لە دڵی خۆیدا لەگەڵ ترپە و ریتمەکانی ئەواندا دەیوت و دەیوتەوە خودا بە شایەت بێت منیش ئێوەم خۆش دەوێت.

خاڵوان هەر چەند دەیانویست بەڵام بەلای هەموویاندا تێدەپەڕی وەک بڵێیت بابەتەکە لە خزمایەتیش گەورەترە و ئەمە نیشانەی ئەوە بوو کە موحەمەد تەنانەت خزمایەنیشی تێپەڕاندووە هەر کەس رێی لە وڵاخەکە دەگرت و دەیانوت: دە وەرە بۆ لای ئەم هەموو حەشامات و توانا و چەک و هێز و دەسەڵاتە. پێغەمبەریش بە سۆزەوە بۆ ئەوانی دەڕوانی خۆش خۆش دەیفەرموو لێی بگەڕێن ئەو فەرمانبەردارە.

ئیتر خەڵکەکە شوێن ئەو ئاژەڵە بەستە زمانە کەوتن وەک شوێن فریشتەیەک کەوت بن و وشتریش لە پێشیانەوە دەڕۆشت ئەوانیش بە کپی بە دوویدا دەڕۆشتن، هەنووکە

ئیدی هەموو شت کپ و ئارام بوو تەنانەت (با)ش بە ئاسمانەوە خشەخشی بە گەڵای دارخورماکانی ئەمبەر و ئەوبەری ڕێگەکەوە نەدەکرد، وشترملی ڕێگەی گرت بوو و ماڵەکانی تەواوکرد و بەرەو چۆڵەوانی و ڕێگە ناخۆشەکە ملی راگرتبوو مل و سینگی دەهێنا و دەبرد و تا گەیشتە جێگەیەک خەرمانی کۆکردنەوەی کشتوکاڵ بوو بێ ئەوەی سەری هیچ ئاماژەیەکی پێ بدات لەوێ یەخی دا، سوارەکە دانەبەزی و حوشترەکە هەستایەوە کەمێکی دیکە ڕۆیشت و ئەو هەموو چاوەش لەویان دەڕوانی ئینجا گەڕایەوە شوێنی یەکەمجاری وەک مرۆڤێکی هێمن و فەرمانبەردار چۆکی دادا و دانیشت، ئەوجا پێغەمبەر دەستی لە دەسکەکەی سەر کۆپارەکەی بەردا و دابەزی.

ئەوێ لە دەرەوەی گەڕەکی خاڵوانی بوو بەڵام هێشتا لەسەر زەوی ئەواندا بوو فەرمووی ئەمە زەوی کێیە؟.

خەڵکە وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا ئەرزێکی بەکارنەهاتوو و وەلانراو ئێمەیە تەنها بۆ پوختەکردن و پاککردنەوەی بەرهەمەکانمان بەکاری دەهێنین ئەوە دیاری ئێمە بێت بۆ بەڕێزتان کە خوشکەزای ئێمەیت.

پاشان پێغەمبەری فەرمووی: مولکی کێیە؟

پاشان یەکێک لە خاڵۆزاکانی هاتە دەرەوە و ڕێزێکی خاڵوانەی نواند و وتی: ئەی پێغەمبەری خودا هی دوو برازای هەتیوی منە، ئەوە دیاری من بێت بۆ تۆ. من لە شوێنی دیکە بۆ ئەوانی قەرەبوو دەکەمەوە پێغەمبەر فەرمووی نرخەکەی چەندە کابرا شەرمی کرد و وەڵامی نەدایەوە (ئەسعەدی کوڕی زەرارە) کە گەورەی خێڵەکە بوو وتی: ئەی پێغەمبەری خودا بایی حەوت دینارە.

پێغەمبەر لای بە لای ئەبوبەکردا کرد و کە ئەو دەم حیسابداری ئەو بوو فەرمووی: دە دیناریان بدەرێ ئەویش دینارە ڕۆمیە دەگمەنەکانی لای کابرای عەرەب دانا تا شوێنێکی باشتر بۆ هەتیوەکان بکڕن.

دواتر خۆ نەدەکرا ئەو سەروەرە لەو ئەرزی فەلاتە بەجێ بهێڵن بۆیە خەڵکەکە لە نێوان خۆیاندا بوو بە مقۆمقۆیان و هەر کەس دەیویست بۆ ماڵی ئەو بڕوات، بەڵام (ئەبو ئەیوبی ئەنصاری) دەست پێشخەری کرد و جڵەوی وڵاخەکەی گرت و بەرەو ماڵەکەی خۆی بردی و پێغەمبەریش بۆ دڵدانەوەی هەر کام لە خەڵکەکەش وتی: (مرۆڤ لای کەلوپەل و وڵاخەکەی بێت) پاشان بەرەو ماڵی ئەبو ئەیوب بەڕێکەوتن و (ئەسعەدی کوڕی زەڕارەش هاتە لای ملی وشترەکە و لەگەڵ خەڵکەکە بۆ ماڵی ئەبو ئەیوب بزوا.

خودا هەموو شتێکی بۆ ئەو کرد بوو، لە چاو و داوی قوڕەیشیانی دڵبەرد کە هەموو بیابانیان تەنیبوو رزگاری کردبوو، لە ناو مار و ئەشکەوتەوە هێنابوویە دەرەوە، بە سەرزەوی لیژ وخڕدا بۆ بە رووبەری تەختی بیاباندا بە ئێرەی گەیاندبوو.

خزمانی لە دەست دابوو بەڵام بە برایانی گەیشت بوو کە تەنها ئیمان پێکەوەی دەبەستن و ئەویش کە بە نەبینراوی جیلوەی دەکرد، چووە پاڵ پەنجەرەکەی ماڵی (ئەبو ئەیوب) کە لە نهۆمی دووەمی خانووەکەی دانابوون و رازی نەبوو ئەو لە سەرەوە و پێغەمبەریش لە خوارەوە بێت، پەردەکەی لادا و لە دەرەوەی روناکی روانی کە وەک پەردەی (عادەت) وا بوو لادرابوو، رۆشنایی نبوەت لەسەر ئەرز پەخشان بوو، سەری هەڵبڕی و مانگ بە ئاسمانەوە بینی سوپاسی کرد کە دونیای هەمیشە ماوەی شارەکە بۆ رۆشن دەکرد، لەم سەر بۆ ئەو سەر چاوی بەناو دارخورماو خانوە کپەکاندا هێناوبرد و هەستی کرد ئەم جێیە لە دەرەوەی ئەو نیە بەڵکو لە ناویدایە، لە پڕ وەک ئەوەی ئاوێکی ساردیان بە هەناویدا کردبێت داچڵەکی.

وای خودایە بیری شار بۆ شاری مەککەی دەبرد، ئەو شارەی هەموو ئازار و رەنجێکی تیدا بینی بوو، ئێستا بۆچی بیری دەکرد ئاخر ئەویش مرۆڤ بوو، مرۆڤیش هەرچەند گەورە بێت ناتوانیت لە سروشتی مرۆیی خۆی واوەتر بڕوات، ئەمیش وەک هەموو نەوەی ئادەم خودا بە دەستی خودایانەی خۆی بۆ دروستکردن قوڕی بە دەستەوە گرتووە و پاش وشکبوونی قوڕەکەش نەفخە و فوویەکی پێداکردووە و هەر ئەو نەفخەش ئەو قوڕەی راستکردەوە و قیت و وەستاو بە شوێن خولقێنەرەکەیدا گەڕاوە، ئەمیش قوڕ بوو وەک هەموو ئەوانی دی ئێستا مومکینە قوڕەکەی ئەم تۆزێک زیاتر شێلرا بێت و فووەکەش بڕێک مەحکەمتر بوو بێت تا بەرگەی ئەرکی تاقەت پروکێنی پێغەمبەرایەتی بگرێت ئاوا کارێک کە زۆربوون ئەو کارەیان ئەنجام دابوو و دوا تۆرەمەیان دەبڕایەوە.

ئەرکێک بەهەر کەس هەڵنەدەگیرا، بەڵام هەر ئەو ئەرکەش توانای بەدڵ دەدا و چێژی نەبڕاوەی هەبوو، ئەو بۆ یەکەمجار ئەو ئەرکەی لە سەرەتادا بە ئازار و حەسرەتە و لە پاشدا بە چێژەوەی لە مەککەدا چەشت. ئیدی مەککە بۆ ئەو تەنها موڵک و منالی بەجێماو و کەسوکاری پشت تێکەر و بێ ئەمەک نەبوو.

مەککە بۆ ئەم شتێک نەوتراو بوو، مەککە لە زەویدا لەمەوە دوور بوو، چاوی بە ئاسماندا بۆ دەگێڕا، هەر ئەم چاوگێڕانەش بووە ئایەتێک و بۆی دابەزی، تاسەی مەککەی ئاسمان بوو، تاسە وەک خۆرێکی نەبینراو بەدەموچاویەوە نووسا و دایگیرساند و ئاگای لە مۆمی فرمێسکی گەرمی بوو کە بەسەر گۆناکانیدا دەتوایەوە، گوێی لە کپی شەو بوو کە دەیویست دڵی بداتەوە بەڵام گەرووی نەبوو کە بۆی بکاتە

وشه، بەرەو جێگەی یارەکەی بزوا و بینی ئەبوبەکر لە مانگەکە زیاتر دەدرەوشایەوە کە بە هەموو توانای خۆیەوە لە پەنجەرەکەوە هاتبووە ژوورەوە. لە ئاسمان خودا و لە زەویش کەس لەم نزیکتر نەبوو لێی هەموو بوونی بووە روانین و تێر تێر سەیری کرد.

ئەوجا لە ماڵەکە داگەڕا و بەرەو شوێنێک خامۆش و هێشتا نەناسراو رۆشت، بە هەر جێیەکدا دەڕۆشت دەدرەوشایەوەو تیشکی هێندە بەهێز بوو روناکی مانگ لە چاو ئەودا کز دەردەکەوت، ئیدی ئەمە شاری هەمیشەیی ئەو بوو، ئەگەر مرۆڤ لە قووڵاییدا هەمیشە شوێنێک هەبێت کە یەکتریان خۆش بوێت ئەوا لە تەقەلای ئەوەدا بوو وەک مەککە بەڵکو زیاتریش خۆشی بوێت نزای کرد (خودایە مەدینەمان لا خۆشەویست بکە هەروەک چۆن مەککەت لا خۆشەویست کردین بگرە زیاتریش).

ئیدی ئەو نزاکەی قەبوڵ بوو، سەیرێکی دواوەی خۆی کرد و نەعلەکانی بەسەر خاکەکەدا خشان کە بە نووری ئەم دەدرەوشایەوە. رۆشت و رۆشت تا لە چۆڵەوانی شار چووە دەرەوە و گەیشتە ئاوەدانی شوێنی جەستەی راکشاو و خوێناوی هاوەڵەکانی کە لە داهاتوودا خوێناوی و شەهید دەبوون، هەنووکە بێجگە لەم کەس ئاگای لەو خوێن و مەرگەیان نەبوو، لە سەر چۆکی بەرامبەر گۆڕە نادیارەکان وەستا فرمێسک بە سەر گۆنا روونەکانیدا جۆگەلەی بەست بەڵام ئەوە فرمێسک نەبوو، بەڵکو خوێنی گەرم بوو دەهاتە خوارەوە و دەکەوتە بەر تیشکی جەستەی روون و تیشکی کاڵ و خەماوی مانگ، خودا متمانەی بەم و براکانی بوو کە کاری خۆی بەمان سپاردبوو، ئەمان هیچ نایەکیان لەبەرامبەر فەرمانەکانی نەبوو، هەروەک ئیبراهیم و ئیسماعیل، هەر وەک ئیبراهیم کوڕە تاقانەکەی سەربڕی و ئەمیش جەستەی شێواوی مامە و برا خۆشەویستەکەی حەمزەی لەبەرچاوان بوو کە بێگیان لە وێ کەوت بوو، لە ئاسمانی روانی جەستەی براکەی کوڕەکەی مەریەمیشی هاتە بەرچاو کە خوێناوی لێوە دەتکا.

بەڵام خۆ ئەمان تەنها ئامرازێکی بێهەستی دەستی خودا نەبوون، ئەوان لەبەرەی مرۆڤ بوون و هەروەک ئەوانیش پڕ لە کەموکوڕی لە قوڕ بوون، هەستیان بە ئازاری نەبڕاوەی مرۆڤ دەکرد و بۆ نەجاتی ئەوان هەوڵیان دەدا، بۆیە چرکەساتێک دیوی مرۆیی ئازار و ترس زمانی هێنایەگۆ هەروەک زمانی ئیبراهیم لەمەڕ تیرەی لوت لەتەک خودا بگرە و بەردەی کرد، هەروەک چاوانی پڕ لە خوێنی عیسا بۆ ئاسمانیان روانی و لێوە شینەکانی ورتە ورتێکیان کرد: خودایە.. خودایە.. بۆ لێم گەڕایت. ئەمیش ویستی هەمان شت بڵێ  کە خودایە بۆ رێگە دەدەی قوڕەیشیان و کافرانی بێ دین تا ئەبەد ئازاری بەندەکانت بدەن، کە وەک پووشی وشک گریان تێبەردەن و عاشقانیان

وەک پووشی کۆن دەسووتێن و مەعشوقان بۆسووی جگەری سووتاویان کە بۆی عەتر و ریحان دەدەات هەموو دونیا دەگرێت.

خودایە! ئێمە مشتێک مرۆڤی لاوازین لەم گۆشە بچوکەی دونیا بی هێز و بێ نان وەک بەرخێکی ساوای بەستە زمان دەمانخەیتە بەردەم گەلە گورگەوە!. خودایە سوێند بە گەورەیت ئەگەر ئەو مرۆڤە کەمانەی کە هەنووکە لە پشتی منەوە لە ماڵەکانیاندا خەوتوون و ئاگایان لەم کەین و بەینەی نێوان من و تۆ نیە ئەگەر ئەو گورگانە بیانخۆن ئیتر قەد ناپەرسترێیت قەد ناپەرسترێیت!.

خوداش وەڵامی دایەوە: کاری خۆت ئەنجام بدە و دەست لەکاری من وەرمەدە، هەروەک بە هەموو براکانی (ئیبراهیم و عیسا) وای وتبوو، زمانی خودا بۆ ئەم سووتان بوو، وەک هەموو سووتانێک بۆنی هەبوو ئەویش بۆنی بوخورد و رێحان هەر ئەو بۆنە دونیای دەگرت و دەبووە مایەی نەجاتی بەرەی مرۆڤ، ئەمە ئەزموونێک بوو بە وشە بەو وتراو دەرنەدەبڕا تەنها بە بۆن و سووتان نەبێت، ئەوجا لە جێی خۆی هەڵسایەوە و بۆ مەدینە گەڕایەوە و چووەوە ژوورەکەی و بینی ئەبوبەکر خەونی دەبینی و چاوانی پرتە پرتیان بوو، لێوەکان هەڵدەقرچان و شتی نەبیستراویان دەووت، بەڵام ئەم دەیزانی ئەو لێوە پر لە گوتەی ئارام و زمانێکی راستگۆیە کە ئێستا بواری بزوانی نەبوو گوتە و زمانی نەبزواو چیان دەوت؟ لێی گەڕا تا بحەوێتەوە

ئەبوبەکر نەیدەزانی موحەمەد مەبەستی چیە لە رۆژی دواتردا لەوەی داوای لێ کرد کە نرخی کرینی وشترەکە (قەسوا)ی لێوەربگرێتەوە، ئەم کە رۆحی و ماڵ و موڵکی بەو بەخشی بوو هەنووکە ویستی سەری رێکبخاتەوە و لەم داوایەی سەروەری تێبگات کە بۆچی داوای وای لێدەکات؟ ئەو لەوەڵامدا وتی: لێگەرێ با دۆستایەتی خۆت ببێتە نرخی وشترەکە!. سەروەرەکەی فەرمانیدا کە ئێستا ئەبوبەکر حیسابداری بوو دوو سەد درهەم لە سندوقەکەی بداتە خۆی، ئەبوبەکریش کە هێشتا لە حیکمەتی کارەکەی موحەمەد تێنەگەیشتبوو بە ناچاری فەرمانەکەی قەبوڵ کرد و ئەو نەیدەزانی حیکمەت لە فەرمانەکە چیە بەڵام لە بەهای بێ فەرمانی دەگەیشت کە دەبوو بیدا، بۆیە کاری وای نەدەکرد.

ئەبوبەکر غەم لە چاوانی دیار بوو بۆ دڵدانەوەی سەروەرەکەی دەستی هاورێکەی گرت و هەستی کرد زۆر دەستی گەرمە.. بەرەو بازار رۆشتن سێ حوشتری سپی تیژی دیکەیان کڕی و هەر بەو حوشترانە کە ئێستا موحەمەد بووە خاوەنیان خێزانەکەی کە سێ کچی سەودەی خێزانی و بنەماڵەکەی ئەبوبەکر و بنەماڵەی کۆچکەرە هەژارەکانیان گەیاندە مەدینە و خەڵکی ئەنساریش ئەو ئاژەڵانەی موحەمەدیان بە خزمەتکاری ئیمانیان دەزانی هەمووان خزمەتیان دەکردن. ئێستا کە

خێزانەکەی گەیشت بوو هێشتا غەمی دڵ و گەرمای جەستەی ئەبوبەکر زیادی کرد بوو، هەر ل ەیەکەم چرکەساتی گەیشتنیانەوە عائیشەی کچی دەچوو و دەستی دەخستە ناو دەستی گەرمی کە ئەو تا دەیبرد و شیعری دەوت:

پیاو لەناو خێزانیدا ڕۆژ دەکاتەوە    مردن لە قەیتانی پاتەکەی نزیکترە لێی

عائیشە بانگی دەکرد: بابە! ئەوە چیتە؟ بەڵام ئەو هەر شیعرەکەی دووبارە دەکردەوە و بیلالیش کە لای ئەوان دەمایەوە لە هۆش خۆی دەچوو و کاتێک دەهاتەوە سەرخۆی شیعری بە شوێن و هاوڕێکانی مەککەیدا دەوت و دەگریا!.

عائیشە هات بۆ لای پێغەمبەر و لە حاڵی ئەوان بۆی دوا، پێغەمبەر نزای بۆ مەدینە کرد کە مەبەستیشی خۆشی و ئەوانیش بوو، کە دەیزانی مرۆڤی بەستەزمان دوور دەکەوێتەوە بەڵام زێدەکەی بەجێ ناهێڵێت و خاکی ئاشنای لە دڵیدا بۆ هەر جێیەک بڕوا لەتەک خۆی دەبات، ئەگەر تۆوی خۆشەویستی لە نێوان ئەو و شوێندا دروست نەبێت ناتوانێت تێیدا بژی:

خودایە! بە ئەندازەی مەککە مەدینەمان لا خۆشەویست بکە بەڵکو زیاتریش، خودایە بیخەرە سەر ڕێ و بەرەکەتی بخەرە گەز و پێوانەی و مامەڵەی پیرۆز بکە و بیپارێزە! هەر ئەو دوعایەی موحەمەد کەوتە کار و  ئیدی کۆچبەرە نەخۆشەکان هەڵسانەوە  و مەدینەش وەک مەککە بووە خۆشەویستیان و ئەهلی مەدینەش براکانیان، کاتێکیش مەککە فەتحکراو و دەیانتوانی بەسەربەرزی بگەڕێنەوە  هەر لای ئەوان مانەوە!.

ژنانی باڵا عەرعەری کۆچەریش کە بە ژیانی دەوڵەمەندانەی مەککە ئاشنابوون و هەنووکە بە جلی سادە و خۆراکی کەم و شوێنی شێداری مەدینەدا ژیانیان دەست پێکرد بوو، ژنانی مەککە کە هەنووکە کۆچبەریان پێ دەوتن لە جوانترین ژنانی عەرەب بوون، کێڵگەی بە پیتی پیاوانیان بوون و بەرهەمی زۆریان دەدا و نەوەی چاکیان دەخستەوە، ئێستا مناڵانی چاوگەش و وەک دایک و باوکیان باڵابەرز و چاوگەش نەخۆش دەکەوتن و مەرگ بە دیاریانەوە دەوەستا تا لێیان وەربگرێتەوە، سێ خێڵە جووەکە کە هێشتا موسڵمانەکان نەیاندەناسین، وایاندەزانی ئایین لای ئەمان چۆنە بۆ ئەوانیش هەروایە، درۆیەکی دیکەیان دروستکرد، کە ئەو ژنە جوانخاسانەی تازە هاتبوونە شارەکەوە و  بە بەژنی بەرز و ڕێک و وەستاویانەوە لەبەردەمیان بۆ سەر کانی و بیرە  ئاوەکان دەچوون کە بۆنی عەترو عەبیری تایبەتیان لە بۆنی سەنیر و کێڵگەی ژنانی ناو ئەرز و ئاژەڵانی یەسریب جودا بوو.

ئەو بۆنە ژنانەی ئەوان هەوەسی پیاوانیان دەبزوان، ئەوان لە دوکان و مەزراکانیانەوە کە تەنها بەدەم ناوی ژنیان دەهێنا و مێشکیان بە باسی ماڵ و پارە پڕبوویان خەیاڵی خۆشی ژن و مناڵی زۆر خستنەوەی لێوەرگرت بوون، درۆیان

دەوت: حەیف! ئیتر ئەم باڵا عەرعەرانە نەزۆک دەبن و منداڵیان نابێت، بە دەنگی بەرز بۆ ئەوەی ئەو عەرەبانەی بە بازارەکانیاندا تێپەڕ دەبوون گوێیان لی بێت پێوەیان دەلکان: ئاخر وایە. خەڵکی شارێکی لە بیاباندا دروست بوو کە دەگوازنەوە بۆ شارێکی وەک یەسریبی لەناو هەوای تەڕدا وەک دار رواو، ئیتر ژنانیان قرچۆڵ دەبن و توانای منداڵ بوونیان نامێنێت.

لەمەشدا درۆیان دەکرد ئەم درۆیەیان تەنها لەبەر ئێرەیی و بۆ ترساندنی هاوەڵانی موحەمەد بوو، ئەوان تاسەیان بوو کە ژنانی عەرەبیان هەبوایە و وەک ئەوانیش توانایان هەبوایە وەچەیان بخستایەتەوە، ئاخر ئەوان لەناو جێگەشدا تەنها بیریان لای پارە بوو و نەیاندەتوانی ژنانیان بە عارەق و دەماری رەپ بوو و بۆنی تێژی پیاو تێر بکەن و ئەوەندە منداڵ بخەنەوە تا وەڵامی باوباپیرانی زیندووی ناو هەناویان بدەنەوە کە ساتێک لە کۆڵیان نابنەوە و بەردەام پێیان دەڵێن هەموو شتێک لە ئومیەکان وەربگرنەوە و نەک دورگەی عەرەب و وڵاتی عەرەبان و نیشتمانی ئیسرائیل دەبێت بۆ ئێوە بیت، نەوەک زەوی بەڵکو ئاسمانیش هی ئێوەیە و دەبێت پێغەمبەران لە ئێوە بن.

❊❊❊ ❊❊❊ ❊❊❊

کاتێک ژیانی رۆژ کۆتایی دەهات و لە نیوەی شەوەوە ژیانی شەو و پێگەیاندنی رۆح دەستی پێدەکرد لەناو جێگا دەهاتنەدەرێ و لەگەڵ فریشتان تێکەڵ دەبوون شەو نەشئەی پێدەبەخشین، بەڵام هەنووکە قووڵایی تاریکی و کپی شەو و پێش هاتنی هەڵسانەوەی قیامەتیانەی پێش نیوە شەو بوو لە مەدینەدا نەوەک ژنان و منداڵان بەڵکو پیاوانیش لە دەرەوە نەدەبینران، بەرەو ماڵەکانیان هەڵدەکشان و چراکان دەکوژانەوە.

بەڵام هەر ئەوەندەت دەزانی پێش روناکی بەیانیان لە هەموو کوچە و کۆڵانەکانەوە لە هەموو قەڵاکانەوە بەرەو بازاری یەهودیان بەڕێ دەکەوتن، ئەوانیش هەم تا بنی باڵیان دەیانخەڵەتاندن و تێر تێریش پێیان رادەبواردن لەسەر چۆکان دایان دەنیشاندن، گوایە چارەسەریان دەکەن دەیانهێنان و دەیانبردن.

لەو بەیانیەوە کە موحەمەد پێش هەمووان لەگەڵ هەڵهاتنی خۆڵدا بەرەو خەرمانەکە کەوتبووە رێ و جوابی بۆ هەموو یارانی ئیمانداری نارد. هەر لەو شوێنەدا کە هێشتا تەنها خەرمانێکی پڕ لە پووش و لقی خورمای وشک و بنە خورمای بڕاوە و قەبرسانێکی کۆن زێتر نەبوو و لە داهاتوودا دەبووە ماڵی خودا کۆببنەوە، کەس

نەیدەزانی ئامانجی کۆکردنەوەی ئەو هەموو خەڵکە چی بوو یەک یەک و دوو دوو پاشان دەیان و سەدان هەمووان هاتن بزانن سەروەرەکەیان فرمانی بە چیە؟!

هەمووان دەهاتن و سەلامیان لەوی سەروەر و یارانی پێش لە خۆیان هاتوو دەکرد، ئێستا بە نزیکەیی کەس لە پیاوانی مەدینە نەمابوو لەو شوێنە چۆڵەوانیەدا نەبێت، بۆ ماوەیەک هیچ کەس لە ئامادەبووان نوتقیان لەدەم نەهاتە دەرەوە و کەسیان چاویان لە مورشیدەکەیان نەبڕی بوو و بەڵام هەمووشیان دەیانبینی: دەیانویست بزانن فەرمانی بەچیە؟ و بۆچی هەمووانی لێرە کۆکردۆتەوە؟

مەدینە ئێستا تەنها ئەرز و ئاوێک شارێک لە ناو شیوێکدا کە بە شاخی ئاگرین دەور درابێت نیە، مەدینە ئێستا مرۆڤەکان و درەختەکان کات و شوێن ئاسمان و زەوی پێکەوە بۆنی یەکتریان گرتووە!.

ئەوان دەیانزانی لە چ دونیایەکدا دەژیان، کە بۆ هەندێک ڕێنمونی و بۆ هەندیکیش کە خۆی بۆیان بە داخ بوو زەلاڵ و گومڕایی بوو، ئاخر ئەو هەمووانی وەک خۆیان و هەر بەو شێوەیەی دەیانویست دەتاشی، ئەگەر موحەمەد نەبوایەتە پێغەمبەر کێ دەیزانی ئەبوبەکر و عومەر ئەوەیان لێ دەردەچوو و شارێکی بچووکی وەک مەدینە ببێتە سەرچاوەی جۆرێکی دیکەی ژیان کە لەو کاتەدابوو بوونی نەبوو، کێش دەیزانی سەرانی تیرەکان یەهود و عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیش هێندە خراپ دەردەچن.

یەهود خۆیان بە سەرچاوەی مەعنەویەتی دونیا دادەنا و کێ دەیزانی دەشێت پێغەمبەرێک بێت و بۆچوونەکەی ئەوان بە هەڵە دادەنێت کە نابێت لەناو (ئەوانی تر)یشدا پێغەمبەر بوونی هەبێت، ئاخر خۆ ئەوانی تریش مرۆڤ بوون. ئیدی مەدینە هەر بە ڕاستی کێڵگە بوو ئەو دارانەی تێدا دەنێژران بۆ هەتا هەتایە بەریان دەدا.

ئەوانی لێرەدا کۆوەبوو وەک هەموو مرۆڤەکانی دیکەی هەموو شارەکانی دونیا یان ڕۆژیان روناکە یاخود شەویان، ئەوانەی بە شەودا بێدارن لە ڕۆژدا هەر خەریکی پرخە لێدانن و ئەوانەش کە بە ڕۆژدا کاری تاقات پڕوکێن دەکەن شەوان پرخەیان دەگاتە عەرشی عەزیم.

ئەوان لێرە کۆتاییان بە ژیانێک دەهێناو دەچوونە ناو ژیانێکی ترەوە کە ئەگەر لێگەڕابان دونیای تێکدەدا، بەڵام کام دونیا، دونیایەک کە دەبوو بگۆڕێت ئەوجا ئەوان دەیانزانی کێن.

زۆربەی حەشاماتی لەوێ وەستاو و هەموو ئەوانیش دواتر بە دیار ڕۆحی موحەمەدەوە دەوەستان، بەرگریان لەو نەدەکرد بەڵکو بەرگریان لە خۆیان دەکرد، خودای موحەمەدیان نەدەپەرست بەڵکو خودای خۆیان دەپەرست، بە تەنگی ڕۆحی موحەمەدەوە نەبوون بە تەنگ ڕۆحی خۆیانەوە بوون، موحەمەدیان خۆش دەویست

چونکە دەرگای رۆحی خۆیانی لێکردبوونەوە و لەو دەرگایەوە نوورێکی مەزن خۆی بەناو تاریکستانی نەفسیاندا کرد بوو و وەک خۆرێک لەو مەمەلکەتە تاریکە هەڵهاتبوو.

موحەمەد بوو بوویە دەرگای جیهانێکی دیکە و ئەمان بۆ ئەویێ کۆچیان کرد بوو، جیهانێک کە ئەگەر ئەو نەبووایە هەرگیز نەیاندەدۆزیەوە بۆیە موحەمەدیش دایک و باوکیان بوو ئەگەر بە هۆی دایک و باوکیانەوە بۆ ئەم جیهانە هاتبوون ئەوا بە هۆی موحەمەدەوە بۆ ئەو جیهانە دەڕۆشتن.

ئەوان جارێک لە باوەشی دایک و باوکیاندا لێرە لە دایک بوو بوون ئەوا جارێکی دیکەش لە باوەشی نوور و فریشتەدا لە ڕێی موحەمەدەوە لە دایک دەبوونەوە ئەوان چووبوونە جیهانێک زۆر لەم جیهانە گەورەتر، جیهانێک ململانێ و ژمارە نەبوو، جیهانێک، جیهانی ئارامی و فریشتە بوو، بۆیە شارەکەی موحەمەد شاری ئارامی و ئاشتی بوو ئەویێ ئورشەلیم و بەلەدی ئەمین و داروسەلام بوو.

سەلامیان لەیەکتر و بۆ یەکتر بوو ئەویێ بەهەشت بوو، سەلامیش دەعوەتی یەکتر بوو بۆ ئەو بەهەشتە، لەویێ کەس بە برسیەتی سەری نەدەنایەوە، ئەوان ئیمانەکەیان باخی بەهەشتیان بوو و کەسیان بەهەشتەکەی دەماخ و تەر و ئاودار نەبوو بەڵکو هەر باخ نەبوو دەشتی کرێن و کاکی بە کاکی بوو ئەگەر ئەوان بە تێری بخەوتنایە و دراوسێکەیان برسی بوونایە. موحەمەد ئەو کێشەی نەدەنایەوە حەزی لە سەپاندنی دەسەڵات نەبوو ئەگەر ئەوان کێشەیان هەبووایە و بۆ لای ئەو بهاتنایە ئەوجا گرفتی بۆ چارەسەر دەکردن.

هەر لێرە دۆزەخ و بەهەشتیان دەبینی حەقیقەتی راستەقینەی وجودیان کەشف دەکرد، فریشتە دەهاتنە ناویان و وانەی کپیان پێ دەوتنەوە و دەنگیان لە بەردەکانی دۆزەخ دەبوو کە حەفتا پاییز بوو بە ڕێوە بوون، بیلالی بینی لە پاییزێکی گەڵا زەردی بەهەشتدا کە ئەو هەموو باخ و درەختانەی بەهەشت خەزانیان دەکردە سەر جۆگە و رووبارەکان پێغەمبەر هەر لێرە لە پێش مردندا لەبەردەمیەوە دەڕۆشت و پێی بە گەڵاکاندا دەنا و گوێی لە خشەی نەعلەکانی بوو.

ئەوان تا ئەو سەری بوون تا لای خودا لەگەڵی بوون. تا ئەو لەویێ بوو بوێری ژینیان دەبوو، ژیان لە بوون و نەبوونەکاندا نیە بەڵکو لە بوێریدایە بۆ ژیان ئەگینا ئەوان چیان هەبوو.

دوای مردنی ئەویش ساڵان و مانگان ئاوا ژیان بەردەوام کۆمەڵێک هەبوون تا قیامەت هەر ئاوا ژیاون ئەو وەک دەریا وایە و شەپۆلە دەدا و دێتە کەنار و وشکانی پڕ دەکات دەکشێتەوە و بەڵام لێناگەڕێت مرۆڤایەتی لە تینوویەتیدا لەناو بچێت و بەردەوام تینوویەتی دەشکێنیت

وای لەو پێغەمبەرەی هەزار و چوارسەد ساڵە مردووە، هەنووکە لێرەیە و ژیانمان پەیوەندیەکی بەوەوە هەیە و ئەوەی کە ئەستێرەکانی ئاسمان بۆمان دەڕوانن و مانگ تاڤگەی فریشتەمان تێدەگرێت و باڵندەکان بەسەر نیشتمانماندا دەفڕن و دەریای پێغەمبەرایەتیەکەی ئەو هەورەکان لە دوو لاوە دەبارێن و دواتر ئەستێرەکان دەشۆنەوە و چرای شارەکانمان دەبریسکێنەوە و بۆنی ئەوە دەکەین کە ئێمە تەنها نین، ئاخر ئەو بۆنی هەیە ئەویش بۆنی پێغەمبەرایەتی، ئێمە بە نووسینەکانمان ئەو زیندوو ناکەینەوە بەڵکو ئەو فێرمان دەکات کە خۆمان بنووسینەوە.

ئەو شارێکی دروست کرد کە نە ئەو و نە هاوڕێکانی پارێزەری ئیمان نەبوون بەڵکو ئەوە ئیمان بوو ئەوانی دەپاراست، ئەوان جەنگاوەری گەیەنەری ئایینەکەیان نەبوون، بەڵکو بەرگرێکاری ئەو ئایینە بوون و کە لە هەناویاندا و لەناو خانوو و ماڵ و مناڵیاندا هەڵیان گرتبوو، ئەوانەی کە دەهاتن تا ئیمانی نەبینراو لەناوبەرن بۆیان نەدۆزرایەوە و ئەوانیان لە پێناودا دەکوشت، منالان و شاریان برسی دەکرد و پلانی لەناوبردن و وێرانکردن و تالانکردنی ژن و مناڵیان دادەنا.

پاکژی و ئازادی و شەرمی نا رۆحی ئەمانی فریشتەکانیشی تۆقاند بوو، ئەوان هەم لێرە بوون هەم لە قیامەت، هەم لە رۆژدا بوون هەمیش لە شەو، بە رۆژ بە شوێن ژیاندا دەهاتن و بە شەوانیش لەتەک خۆیان و خودای خۆیان، ئەوان مرۆڤێکی یەک رەهەند نەبوون وەک ئەوەی لە عەقڵدایە ئەوان مەوجودێکی فرە رەهەند بوون راست وەک مرۆڤ.

ئەوەی وتمان دیوی نەبینراویان بوو، لە دیوی بینراویشیاندا لەوێ هەر لەو خەرمان و گۆڕستانە کۆنە لە پەنا خەڵکانێکی دیکەدا بە پێوە وەستا بوون و لە موحەمەدیان دەڕوانی. بە پێوە و لەپاڵ پیاوگەلێکی رەشپۆش بە خۆیان و کڵاوەکانی سەریانەوە، بە عەبا شۆڕەکانیانەوە کە لە ئانی رۆشتندا بە شوێنیاندا دەکشا، لە ژێر ورگی زلیاندا دەستیان لەسەر یەکتر نابوو و بە پێوە وەستا بوون و لە رووکەشدا پێخۆش بوونی خۆیان پێشان دەدا و لای موحەمەدی تازە بە پێغەمبەر بوو وەستا بوون.

ئەو سرود و عەرەق رشتن و خۆی و پێکەنینانە لە تۆماری بووندا تا ئێستاش دەوترینەوە و زرنگەیان دێت. مەدینە ئێستا تەنها ئەرز و ئاوێک شارێک لە ناو شیوێکدا کە بە شاخی ئاگرین دەور درابیت نیە، مەدینە ئێستا مرۆڤەکان و درەختەکان کات و شوێن و ئاسمان و زەوی پێکەوە بۆنی یەکتریان گرتووە.

باوەڕ ناکەم هیچ کارێک لە کاری پێغەمبەرایەتی قورستر بێت نێوەندیتی نێوان دوو مەوجودی سروشت جودا مەوجودێکی گەورە و بە دەسەلات و خالیق مەوجودێکی گچکە مەخلوق و داماو، ئەوی پێغەمبەر لە کاتێکدا کە دەبێت فەرمانەکانی ئەوی خالیق

جێبەجێبی بکات، دەبێت دایەلەلۆی دووەمیان بکات و نەوازش و دڵدانەوەی ئەوەی دووەم بکات و ئەو لە خۆی بپارێزێت.

ئەوانی فێر دەکرد کە چۆن لەگەڵ تەنهای و مەرگ و ئیختیاری خۆیاندا بژین، وای خودایە ئەوێ شارێک بوو تا ئەو دەمە وێنەی نەبوو ناڵێم ئەوێ شەڕی تێدا نەبوو ناحەقی تێدا نەبوو، نەفامی تێدا نەبوو با بەڵام شارێک بوو حەق بەسەر ناحەقی و ئارامی بەسەر هەرا هەرادا دەگۆڕا، هەر ئەعرابیەک دەهاتە ئەوی ئیدی وەک ئەوەی ئەو هەموو دەنگە برز و جەستە زبرەی بە شوێنی رۆحی خۆیدا گەڕابێت، هەر کە لەوێ رۆحی خۆی دەدۆزیەوە ئیدی دادەمرکایە و دەبوویە مەخلوقێک دی.

هەنووکە خۆر لە سەرهەڵدانی رۆژانە و کاروانی هەزاران ساڵەی خۆیدا جارێک دی سەیر و سەفایەکی دی بە شارەکەی موحەمەدا کرد بوو و روناکی دەدا و کەڵەشێرانی شاریش شانازی بانگکردنی پێشوەختەی ئەویان دەکرد و کە هەرچەند زۆر تکایان کرد بوو زوو بە سەر شارەکەی رەسولولاّدا هەڵبێت، چونکە ئەوان کاری زۆریان لەبەرە کە ئەنجامی بدەن بەڵام ئەو رەوتی ئاسایی هاتنی ئارامی خۆی تێک نەدابوو، ئێستا گەزێک لە ئاسۆوە هەڵهاتبو و موحەمەد و یارانی هاتبوونە خەرمانەکە ئاپۆرەیان دابوو.

پاشان هەر بە فەرمانی موحەمەد جوڵەیان تێکەوت و کاری پیرۆز دەستی پێکرد. پووش و لقەدار فرێدران، لیژنەداری گەورەی بە هێزی راکێشانی ئەسپی ئازا و حوشترانی ئارام دوورخرانەوە و گۆڕی موشریکانی چەند سەدە پێشتر کە تا توانیبوویان خواردبوویان و خواردبوویانەوە، پاشان بەلادا هاتبوون و مردبوون و لەوێ نێژرابوون، سڕانەوە. نەخشەی دروستکردنی مزگەوتیان داڕشت، کە لە راستیدا نەخشەی دروستکردنی شار بوو، نەخشەیەک کە تەنها پێی نەدەوتن کە ئەوان لە کوێ ناو هەناوی ئەم زەویەن، بەڵکو پێشانی دەدان کە ئەوان چین.

هەمووان لەوێ دەهاتن و دەچوون گەزیان دەکرد و بناغەیان هەڵدەکەند و کۆڵەکانیان دادەکوتا کە هەر کام لەو کۆڵەکانە داری خورمای ناو باخێک بوو، مزگەوت باخ بوو باخێک ئارام و بێدەنگ کە بچوککراوەی (مەدینە)ی موحەمەد بوو، مەدینەیەک حەرەم بوو و کەس بۆی نەبوو ئارامی ئەو شارە تێکبدات و خوێن و فیسق و فجور تێدا قەدەغە بوو.

شارێک سادە بەڵام قووڵ بوو، بابەتەکە خاک و بەرد و نان و ئاو و زێر و زیو نەبوو، بەڵکو موحەمەد و یارانی بوو کە ئازا و مەرد بوون، ئازایەتی بەرینی خۆیان، خاک و خۆڵەمیش بدەرە دەستی مەرد دەبێتە زێر و زیو، زێر و زیویش بدەرە دەستی نامەد دەبێتە خۆڵەمێش.

مرۆڤ ئەگەر بیەوێت شار دروست بکات و زەوی ئاوەدان بکات و کێڵگە پڕ لە دار و چەمەن و لالەزارانی پر لە گوڵ بێ مێرگ و لانسار و مۆلگە و لەوەڕگەی پڕ لە ئاژەڵانی چوارپێ بکات دەبێت خۆی بگۆڕێت. موحەمەد لەسەر ئەم بنەمایە شاری خۆی خولقاند، ئیدی قەرارگەیەک بوو.

هەندێک کەسیش هەوەسی شەڕیان هەبوو دەیانویست ئەو قەرارە ئەوێ بۆ بێقەراری وەربگێڕن. بەڵام قەیدی نیە با ئەوانەش هەبن ئەوانەش لەم حەمامەدا رۆڵێکیان هەیە بەڵام پێی نازانن، بۆ ئەوەی حەمامەکە گەرم و ئاوی گەرم و پاک بێت دەبێت هەندێک ببن خۆیان رەش بکەن و توونی حەمامەکە گەرم بکەن، هەندێک نەیاندەویست لەم حەمامەی (موحەمەد)دا خۆیان بشۆن بەڵکو دەیانویست توونچی بن، بۆ خۆیان کاریان دەکرد و بە خزمەتی ئەوانی دی دەکەوتەوە، کارەکانی خودا ئیتر ئاوان، ئەو وەک دەستێکی شاراوە غەفڵەتی مرۆڤانی گێل بەکار دەهێنێت و خزمەتی ئەوانی دی پێداکات، قەیدی چیە موحەمەد و یارانی کۆشکیان دەخولقاند و کۆشکیش هەرچەند رازاوە و نایاب بێت بەڵام بێ حەمام و ئاودەست نابێت، ئەوان ئیدی حەمام ئاودەستی ئەو کۆشکە بوون.

هەموو ئەوان ئەو بەیانیە لە دانانی بەردی بناغەی ئەو کۆشکەدا ئامادە بوون، هەر هەمووان ئەوان ئەوانە ئاودەست و حەمام و تەنها خزمەتکار بوون هەموو ئەوانەش خۆیان تێدا دەشۆرد و بەردەوام دەگۆڕان و بە گۆڕانیان جوان و جوانتر دەبوون، بە جۆرێک کە خۆر بەیان دەیدین دەیزانی ئەوانە نەبوون دوێنێ بەجێی هێڵان. شەویش کە بە عەبای شۆڕی تاریک و پەراوێزی ئەستێرەدار و مانگیش بە سەر سینگیەوە دەهاتەوە جارێکی دی لە جوانیەک سەیردا کە لە شێوەی تاقگەی مانگەشەودا بوون دەدیەوە.

هەمووان لەوێ بوون تا بینای مزگەوت بکەن و ئەگەر هەمیشە و لە دەرەنجامدا هەموو شت دەبێتە تەپوتۆز و خۆڵ ئەوا ئێستا تۆز دەبوویە قوڕ و بۆ سەر دیوار هەڵدەدرا، ئەوان لەو سارا پڕ لە پووش و پەلاش و قەدی دارخورمای بڕاوە و لیژنە لقی خورمای وشک بوو تەپاڵە و پشقلی مانگا و مەڕ و بزن و بۆنی میزی حوشتر، گوڵی نیلوفەر بڕوێنن وەک ئەوەی لە یاسای خودا وایە دەشێت لەسەر زەویە بێ کەڵک و فەڕەکان ئاوەدان و جوانی بخولقێت، لە قەدی رەق و تەقی داری مێو بۆڵە ترێی تەڕ و ناسک بەرهەم بێت، دڵی بەردین و رەق و تەقی مرۆڤیش دەربهێنرێت و دڵی خوێنن و گۆشتی لەجێ دابنرێت، دەبێت و دەشێت مرۆڤ خودایی نەکات و فێر بێت کە نابێت هەموو شتێک بە هەرماس و هەوەسی ئەو نەبێت.

هەندێکیش بە رووی خۆش و خەندەی لێوانی ناڕاستەوە هەر دەیانوت و دەیانوتەوە و خۆیان بە دڵسۆز پێشان دەدا و بەڵام وا نەبوو قسەی شیرین و دڵسۆزانەیان دەکرد بەڵام ژەهریان لە لێو دەباری، ئەمانە عەبدوڵلا و یارانی دۆڕاوی بوون کە پێش هاتنی دەنگوباسی موحەمەد بوو بوویە گولی بۆ ئەوان و خەڵکی خۆیان لە برینی گەورە و دەمولێوی قرتاویان بە دوور دەگرت، هەنووکە هاتنی موحەمەد لە گولی تێپەڕی بوو و بوو بوویە تاعون و ئەوانی بەرەو مەرگ دەبرد، ئەوان عەرەب بوون بەڵام وەک عەرەبان نەبوون، چونکە ئەوان رووپامایان دەکرد ئەو قسەی بە زاریاندا دەهات ئەوەی ناو دڵیان نەبوو، قسە لای عەرەب پێگەی هەبوو ئەوان لە هەموو کەس زیاتر چاو و زاریان قۆرەتی مانۆریان هەبوو، بەڵام دەستەکانیان وەک دوو دەستی تەختە بێکاروسووراڕان مابوونەوە و لەکاتێکدا ئەوان دەستیان هونەرمەندانە خشت و دار و دیوار و بەرد و حەسیریان جوان تەرتیب دەکرد و جوانی رۆحیان دەدایە دەرەوە.

(عەبدوڵلای کوڕی ئوبەی) و یارانیشی قەڵاکەیان رووخا بوو ئیدی هەناویان چۆڵ و هۆڵ بوو لە ژیانی ئەواندا شتێک ون بوو کە کەسیان نەیدەوێرا لەوە بپرسێت کە ئەو شتە چیە کە هەموویان دەیانزانی و کەسیان باسی نەدەکرد. بابەتەکەش هەر ئەو نەوێرانە بوو بوێری قەبوڵ کردنی حەقیقەت، بۆ ئەوەی رزگاربوونی هەمیشەیان دەست کەوێت دەبوو ببوایەن بە شوێنکەوتەی هەمیشەیی موحەمەد و ئەمەش بۆ هەموو مرۆڤێک مومکین بوو.

عەبدوڵلا بۆ تاجی پاشایەتی ئاڵتونی بە ئەندازەی سەری ئەم گیراوی خۆی دەڕوانی کە هەنووکە بوو بوویە رابردوو و هەردوو تیرەی ئەوس و خەزرەج ئەو رابردووەیان سپاردبوویە فەرامۆشی، هەموو ئەفسونی عەبدوڵلا ئەوە بوو ئەو دوو تیرەی بە شەڕ دەدان و دواتر بە شێوەیەکی کاتی گەورەیی دەنواند و ئاشتی دەکردنەوە و ئەوانیش بە گەورەیی ئەو قایل بوون، بەڵام هەنووکە پەرجووی موحەمەد کە ئەم نەیدەتوانی وەک ئەو بێت ئەم جادووەی ئەوی تێپەڕاندبوو، ئەو دڵی ئەوانی یەخسیری خۆی دەکرد، ئەم بێ مێشکی و مردوویی دڵی ئەوانی فریو دەدا، ئەو ئیدی دڵی مردووانی زیندوو دەکردەوە، ئەوانی فێر دەکرد بە فرمێسکانیان گوناهانیان بشۆن، عەبدوڵلا خەریک بوو ئێرەیی موحەمەد تیکە تیکەی دەکرد، بە چاوانی زەقەوە لە هاوشاریەکانی دەڕوانی.

وەک غەریبەیەک کە زمانی ئەوان نەزانێت و بە ناچاری رێی لە وڵاتەکەیان کەوتبێت لە دڵدا رقی لێیان بوو و بە بەدەمیش زەردەخەنەیەکی درۆزنانەی بۆ دەکردن، ئای مرۆڤە کڵۆڵەکان کە عەبدوڵلاش یەکێک لەوانە بوو، دەیتوانی کەیلی موحیبەت بێت

و بەختیار و رەزامەند لە تەک هەموو شادکامانی یاوەری موحەمەد بژی کەچی ئەو لە ناو خۆیدا بەتەنها ئاگری بەدبەختی لەناو خۆیدا هەڵکردبوو.

بەردەوام لە تاو سوتانی رۆحی ئارام نەبوو و ئیتر دواتر تا ئەو رۆژەی سەری نایەوە ناو گڵ کە بەردەوام بە نهێنی لەتەک دوژمنانی دەرەکی لە پلانی لەناودانی موحەمەد و یارانی و تەنانەت شارەکەی یەسریب و لە ناوەوەشدا لەتەک هاودەستانی خەریکی داونانەوە بوون، لە قووڵاییدا قەت پێنەکەنی و نەحەوایەوە ئەگەرچی لە رووکەشدا و بە رووپامایی هەمیشە مەزڵوم چەوساوە خۆی دەنواند و بە دڵسۆزی رووکەش بۆ ئەوانی دی هەمیشە دەم بە خەندە بوو، هەنووکەش خەریکی ئەو زەردەخە بەحاڵ نووساوە بە هەردوو لێویەوە بوو گوایە شادە بە هاتنی موحەمەد بۆ شارەکەی.

قەومەی بە وتنەوەی (الله اکبر) بەلایدا هەنکە هەنک رەت دەبن و لا بە لای ئەم و تاجی نەخشداری لای زرنگەری ئەوەوە ناکەنەوە، هەنووکەش هەموو خێڵەکان لەوێ کاریان دەکرد و دەهاتن ئەمان هەر زمانیان دەبزواند و دڵسۆزی خۆیان پێشان دەدا و دەستیان هیچ کارێکی ئەنجام نەدەدا.

نوێنەری هەموو نەتەوەکان لەوێ ئامادەبوون، لەو نەتەوانەش هەروەک لە پەیماننامەی نێوان ئەوان و (موحەمەد)دا هات نەتەوەی یەهود بە هەر سێ خێڵەکەیانەوە بوون، موحەمەد بە تەما بوو بە ئاشتی لەگەڵ ئەوان بژی، ئەو ئەوانی یەکتاپەرستی لە عەرەبانی موشریکی کە کەسی خۆی بوون بە نزیکتر دەزانی. ئەوان لە دانانی بەردی بناغەی مزگەوتی مەدینە بوون و سەرنجیان دەدا و بۆ یەکتریان دەڕوانی ئیدی لەوە گەڕابوون کە موحەمەد لەوان بێت، ئێستا بە تەمای ئەوە بوون موحەمەد بێتە سەر دینی ئەوان و وایانزانی ناسی بوویان بەڵام ئەویان نەناسی بوو.

وای لە شادی ئەو رۆژەی بەرد و خشتیان دەکێشا و شاد و سەرحاڵ سرودیان دەوت و وەک ئەوەی رۆحی مرۆڤ پێش ئەوەی بدوێت گۆڕانی بڵێت، موحەمەد دەیوت و ئەوانیش دەیانوتەوە (اللهم لا عیش الا عەیش الآخره فاغفر للانصار و المهاجره) ئاگایان لەو رۆژەش نەبوو کە هەر لەو مزگەوتەدا غەمبار و جەرگ سووتاو ماڵئاوایان لەو دەکرد بەڵام ئەوان ئەو رۆژە هێندە گەیشت بوون کە بەرگەی ئەو مەرگەی ئەو بگرن. ئەوان تەنها بەرەو مردن نەدەڕۆشتن بەڵکو تێدەگەیشتن کە بەرەو مردن دەڕۆن، بێ ئەویش ژیان بەردەوام بکەن و داستۆڤسکی گوتەنی بەردەوامی بە بەردەوامی بدەن و نەوە بخەنەوە.

ساڵ لە دوای ساڵ بێ ئاگاداری ئەوان زەوی تۆوان لە سکی خۆی بکاتە دەرەوە و باران و هەواش بە شنەشنیان بخات و خۆری هاوینیش زەردیان وەربگێڕێت و دەستی

مرۆڤیش بە ئەشکەوتی دەمیدا ئاودیوی بکات و تاوی ئەوەیان لێوە وەربگرێت و وەچە بخاتەوە و بڕوات و بگەڕێت و مناڵ بێ گەورە بێت و گەورە پەردەی پیری و تۆز ڕۆژگار لە دەموچاوی بنیشێت و پێکان بچەمنەوە و پەنجەکان گرمۆلە بدەن و هەنیە و گۆنای ناسکی پڕ لە لۆچ و لێوان ببنە لچی قایم و مەمکۆلانی ناسک بپوکێنەوە و ئەمەش بە درێژایی سالان و مانگان نەوە دوای نەوە دووبارە ببنەوە، شوێنکەوتوانی موحەمەد بۆ شوێنانی نوێ بکشێن و هیچ کەس نەتوانێت بەر لە زۆربوونیان بگرێت و ژیانێک ڕۆبنێت کە شایستەی مرۆڤ بێت، بە گوتەی شاعیرەکە موحەمەد خەوت بێت و بەخت و ئیقبالی هەر بەردەوام.

وای چ ڕۆژێک بوو ئەو ڕۆژە خۆر خەریک بوو ئاوا دەبوو ڕەنگێکی وەنەوشەیی شاخەکانی دادەپۆشی و نوێنەری هەموو کاردانەوەی تایپەکانی مرۆڤ لە هەمبەر حەقیقەتی پێغەمبەرانەی وەک خۆر روون و ئاشکرا بە دەرەوە بوو، موحەمەد هاتوەتەوە تا هەمووومان بکاتەوە بە پێغەمبەر.

ئەو سرود و عەرەقرشتن و خەندە و پێکەنینانە لە تۆماری بووندا تا ئێستاش دەوترینەوە و زرنگەیان دێت، مەدینە ئێستا تەنها ئەرز و ئاوێک، شارێک لە ناو شیوێکدا کە بە شاخی ئاگرین دەور درابیت نیە، مەدینە ئێستا مرۆڤەکان و درەختەکان کات و شوێن ئاسمان و زەوی پێکەوە بۆنی یەکتریان گرتووە. بیابانیش لەگەڵ ئەوان چاوی نەدەچوونە خەو، خودا بۆ ساتیک دابەزی بوویە خوارێ و هەموو شوێنێک بارانی لێدەباری، هەر کەس بە کارەکەی کارێکی هونەری دەنەخشاند و بۆ ساتە ئەبەدی و نەبڕاوەکانی ئەودیوی هەڵدەگرت ئەوانیش ئەو خودایەیان دۆزی بۆوە کە بە دوایدا گەڕابوون. خودایەک لە نەوعی خۆیان، ژنانیش پەنجەرەکانیان کردبوویەوە و لوتفیان دەکرد و زەردەخەنە و نزای خێرایان بۆ دەناردن.

ئەوان جەستەیان بە ڕۆحیان سپارد بوو ئەگینا مانای نەبوو کە ئەو هەمو پیاوماقوڵە خەریکی ڕاکێشانی ئاو و خاک بوون و سرودیان دەوت تەنها دووڕووان و شوێنکەوتووانی عەبدوڵلا و پیاوانی یەهود نەبێت کە لەوێ وەستابوون و لەو خەڵکەیان دەڕوانی، ئەمان ڕۆحیان دیلی جەستەیان بوو.

ژیان ئاهەنگێکی بەردەوام بوو بۆ خۆی ئەوانی گەیاندبووە ئێرە، هەموو ئەوەی دەیانکرد و دەیانوت باسی دەرەوە نەبوو بەڵکو لە ناوەوەیاندا ڕوویدەدا فریشتەی خێر و دیوی شەڕ لەناوەیاندا چەندین ساڵ بوو لێکئالا بوون و یەکتریان تلدەدا ئەوا هەنووکە فریشتە باڵ نەخشین بەسەر دیوی دان زل و دزیودا زاڵ بوو بوو.

ئەو جەنگێکی ئەبەدی لە ناوەوەی ئەواندا هەڵساندبوو، جەنگی نێوان خودا و شەیتان نێوان خەیر و شەڕ، کەس نەیدەتوانی بێلایەن بێت دەبوو یان لایەنی خێر

یاخود لایەنی شەڕ بن هەر ئەمەش مانای قیامی ئەو بوو کە پێوەر بوو بۆ هەمووان ئەوانەی بە گوێیان دەکرد و ئەوانەش لە دژی بوون، ئەوانەی کە لەگەڵی بوون پێوەرەکەیان ئەو بوو ئەوانەش لە دژی بوون دووبارە هەر پێوەرەکەیان ئەو بوو. ئیدی ئەو هەرچی کردبا لە دژی دەوەستانەوە جا یان بە ئاشکرا یان بە نهێنی بێت هەر کاتێک لەناوەوە بوون بە نهێنی و کاتێکیش دوژمن نزیک بوو و لە کەوتنی موحەمەد و یارانی دڵنیا دەبوون شوڵیان لێ هەڵدەکێشا و بە ئاشکرا دژایەتیان دەکرد.

ئەوان ماڵێکیان بۆ خودا لەسەر عەرد چێ دەکرد ئەگەرچی ئەو پێویستی بە ماڵ نەبوو ئەو ماڵە بۆ خۆیان بۆ چاککردنی خۆیان بوو. مەلەکان یەک یەک و دوو دوو دەهاتن و لە دەوریان دەسوڕانەوە و پاشان لە دوورەوە دەنیشتنەوە. فریشتەکان دەبوونە نەسیم و گۆنای بە عارەق تەڕ بووی ئەوانیان فێنک دەکردەوە.

هەرچی پیاوانی گەورەی خێڵە جووەکان بوون ئەو رۆژە و دواتریش خۆیان لە روانین بۆ چاوە رەشە عەرەبیەکانی نەدەڕوانی، خۆیان لێ لادەدا نەوەک بە گوتەکانی لە ناویان بەرێت، ئاخر ئەو بۆ مرۆڤان دەسووتا و ئەوانیشی لەتەک خۆیدا دەسووتان. کاتێک پێدەکەنی وەک ئەوە وا بوو هەموو میهر و خۆشەویستی مرۆڤان بداتەوە و کاتێکیش ستەمی دەبینی یەک پارچە دەبوویە سزا و ئەوانەی دەسووتاند کە ستەمیان دەکرد لێوە لەرەیان لێهاتبوو نەیاندەزانی چۆن ئەوەی پێ بڵێن کە پێغەمبەرایەتی ئەو لەوەدا بوو کە شوێن ئەوان بکەوێت.

رووگەی پێغەمبەران لای ئەوانە و هەر ئەوانیش حەقی نوێنەرایەتیان بۆ خودا هەیە، ئەوان وایان دانا کە خودا تەنها هی ئەوانە و ئەوان نزیکن لە خوداوە و تەنانەت ئەگەر بشچنە دۆزەخەوە ئەوە تەنها بە شێوەیەکی کاتی بۆ چەند رۆژێک کەمە و ئەگەر پێویست بکات خودا خۆی فوویەک بە دۆزەخدا دەکات و دەیکوژێنێتەوە یاخود ئەو ئاگرە بۆیان بە بەهەشت دەگۆڕێت.

ئەو کارێکی بچووکی ئەنجام نەدا کە تەنها ماڵێک ئەویش ماڵێکی سادە و بچووک لەسەر زەویدا بۆ خودا دروست بکات ئەنجامەکانی ئەمە زۆر گەورە بوون، ئەو دروشمەکەی بریتی بوو لە (لا اله الا الله) کە نابێت هیچ کەس بپەرسترێت تەنها (الله) نەبێت. بەڵام ئەوان لەوە نەگەیشتبوون کە ئەمە تەنها مانا سادەکەی (لا اله الا الله) بوو. مانا قووڵترەکەی ئەوە بوو کە (الله) هی هەمووانە خودای هەمووانە و تەنها خودای یەهود نیە.

ئەوان لەوە نەدەگەیشتن کە هەر ئەو خودایە دیاری دەکات کە پێغەمبەرەکەی لە کێ هەڵدەبژرێت، وانەبوو ئەو عەرەبە دەشتەکیانەی کە ئەوان بە شایستەی شەڕ و ئاژاوەیان دەبینین هەنووکە پێغەمبەر لەوان بێت، گۆڕانەکە زۆر لەوە گەورەتر بوو ئەوان بۆی دەچن بێجگە لە پەرستگە مێژوویی و گەورەکەی ئەوان هەنووکە پەرستگای دیکە بۆ خودا دروست دەبوو واتە خودا خودای مرۆڤایەتی قۆرخی ئەوان نەبوو ئەوان لەمە نەدەگەیشتن.

موحەمەد کاری لەو شێوەی ئەنجام دەدا، خودا خۆی دادەبەزیە لای هەموو بەندەکانی دڵی پڕ دەکردن لە ئیمان. ئاخر ئەو پارچە گۆشتەی پێی دەوترێت دڵ و هەموو کەس هەیەتی، خودا لە هیچ جێیەکی بوون جێی نابێتەوە بەڵام لەو پارچە گۆشتەدا جێی دەبێتەوە کە هەموو مرۆڤێک بە کۆیلە و گەورە و ژن و پیاوەوە هەیانە و ئەرز کە ئەو دروستی کردووە و تەنها ئەستێرەیەکی ناو هەزاران ئەستێرەیە کە لە ئاسماندا خوول دەخۆن و دێن دەچن لە ژێر پێماندایە، بەڵام وا خودای دروستکەری زەوی و ئاسمان و خۆر و مانگ لە ناوەوەماندایە هەر لەناو ئەو پارچە گۆشتەدا کە بە خوێنی سوور قوڵپ دەدات، هەر بۆیەش مرۆڤ لە نێوان نزمبوونەوە و هەڵکشاندایە، نزمبوونەوە بۆ ئاستی ئەو خاکەی بەر پێی کە لێوەی دروست بووە و بۆ سەرووی هەموو بوونیش کە فریشتەکانیش پێی ناگەن.

موحەمەد ڕێگەی تایبەتی پێشاندان بۆ گەیشتن بەو بەرزاییە کە دەبێت بۆی سەر هەڵبڕیت، ئەو لە مرۆڤ شەرمی نەدەکرد کە چارەسەرە راستەقینەکانی بۆ قوتار بوون پێ بڵێت، هەر ئەم کارەشی لەتەک یارانیدا کرد.

ئەو هەمان پێغەمبەر بوو کە ساڵەهای ساڵ چاوەڕوانیان دەکرد، بەڵام ئەوان لێی نەدەگەیشتن، چونکە ڕێگەی گەیشتن بەو تەنها ڕێگەی خۆشەویستی بوو نەوەک رق، ئەوان خۆیان خۆش نەدەویست، مناڵەکانیان خێڵەکانیان خۆش نەدەویست، ئەوان تەنانەت خۆشیان خۆش نەدەویست.

***  ***  ***

ڕۆژێک بەر لە دەستکردن بە دروستکردنیماڵی خودا ڕۆژێک پێش ئەوەی دەست بە دروستکردنی ماڵێک بۆ خودا بکات، هەموو یارانی موهاجیر و ئەنساری لە دەوری خۆی خڕکردەوە و نوتقی بۆدان و بڕیاری شتێکی بۆدان کە بەزەینی هیچ یەک لەواندا

نەدەهات، ئەگەرچی پێشتر لە مەککەش شتی وای کردبوو، ئەوانی مەککەیی و مەدینەیی کردە برای  یەک و ئیتر میراتیان لەیەکتر دەبرد. نوتقی دەدا و لەوانی دەڕوانی، دونیا کپ بوو دەتوت دونیا ئاخیر بووەو و هەر ئەوان ماون گوێیان لە هیچ شتێک نەبوو، وتەکانی بە ناخیاندا دەچووەخوارێ ئەو حەقیقەتی لێنەدەشاردنەوە، بەڵکو هەروەک خۆی بە راستی دەهاتە بەرچاویان، لە هوژە هوژی باڵی فریشتەکان بوو کە دەفڕین.

عەبدوڵڵا کە خۆی لەوێ ئامادە بوو سەری لەم کارەی موحەمەد سوڕما، زەینی زیرەکی ئەویش چەندین ساڵە بۆ ئەوە نەچووبوو کاری لەو جۆرە ئەنجام بدات، لە خزمە ئەنسارییەکانی خۆی روانی کە هەنووکە ئەوانی مەککەیی هەژار و بێدەرەتان دەبوونە برا بەشیان و کەچی سەیر بوو نەوەک هەر پێیان ناخۆش نەبوو و بەڵکو بە تاسەوە لەبەرچاوی ئەم وەک برای لەیەک ئابا و ئەجداد بوو باوەشیان پێدا دەکرن، دەیدی کە دڵیان پاک بووبوویەوە لە گوناه و خۆپەرستی، ئەمە گەورەترین پەرجوو بوو کە موحەمەد دەینواند لەو پەرجووەش گەورەتر کە شاخێک بکاتە زێڕ، هەموو شتێک ئارام بوو.

بەم کارەی مووی بەدەنی هەرکام لە پیاوانی ئایینی و دوژمنەکانی راست بوونەوە ئەوەش کە (رێگە)ی رزگاربوون بوو لەهەمان کاتیشدا رێگەیەکی زیرەکانە بوو لە چارەسەری گرفتەکان، ئەمەش پیشانی دەدا ئەوەی رۆحی دابگیرسێت لەوانەیە زەین لە خەڵکی دیکە زیاتر ئیش بکات، رێگەیەک هیچ کەس پێش ئەو بەکاری نەبرد بوو، ئەمە وەک فڕین بوو لە زەویەوە بۆ ئاسمان، هەنگاوێکی تەواو جیاواز بۆ گواستنەوە.

عەبدوڵڵا ئێرەیی بووبوە ئاگر و دەیسووتاند و لە دڵی خۆیدا هەر دەیهێنا و دەیبرد ئەو موحەمەدە کێ بوو کە ئەم هەنووکە ناچار بوو رووپامایی بۆ بکات. ئاخر موحەمەد چی بەو و یارانی وتبا لە کاتێکدا رۆحی ئەوان مرد بوو و مێشکیشیان تەنها ئەو  شتانەی دەزانی کە خۆیان مەبەستیان بوو، ئەو دەزگایەک بوو کە زۆر بە خاوی ئیش دەکات. لە دەرەوە دونیا کپ بوو و هیچ نەدەبزوا، ئەم پیاوە چی کردبوو:  ئەوان میرات و ماڵیان بەلاوە گرنگ نەبوو بەڵام میرات و پارەشیان بۆ یەک دەبوو، کارێکی زۆر حەکیمانە (هەر کەسە و لەگەڵ کەسێکی دیکەی کردە برا) ئێمەی ئیماندار لەم دونیایەدا کە بە تەنهایی تێیدا فڕێدراوین دەبێت پشتی یەکتر بین لەوانەیە هەر ئەو برایەتیە رێگایەک نەبێت بۆ رزگاری بەڵکو خودی رزگاری بێت، ئاخر بەهەشت هەر لێرە دەستی پێکرد بوو، ئەو ژیان و ئاشتیەی ئەوان خودی بەهەشت بوو.

هەنووکە مرۆڤ مانای راستەقینەی خۆی دەستکەوتبووەوە، ئاخر مرۆڤ تەنها ورگ و ناو ران نەبوو، بایەکی فینک هەڵی کردبوو و روناکی ناو ماڵەکان کوژابوونەوە و روناکیەکان ئاسمان هەڵبووبوون. یەکێک لە خۆیان لە ناویاندا دەیوت: ئەمە دەنگی موحەمەد نیە، ئەمە هەواڵی خودایە و ئەوان دەباتە بەهەشت. بەهەشتێک ئەوانی ژنان بۆ خۆشەویستی بوون نەوەک رابواردن منالان مانای بە بەهەشت بوونی ئێرە بوون، پیران تەنها رابردوو نەبوون ئێستا حوزوریان بوو بەڵکو ئەوانیش فریشتەی خودا بوون لەبەردەمیان دەوەستا و متمانەی پێدەکردن ئەوان لە ئەرزیان کەم نەبوو بەڵام لە ئاسمانیان کەم بوو هەنووکە رێی بەدەستهێنانی ئاسمانیشیان گرتبوویەبەر و عوروجیان دەکرد.

مرۆڤی داماو زۆر بە تەنها بوو، لێرە شتێکی نەبوو سەر بنێتە سەری، بەڵام پێکەوە سەریان بۆ ئاسمان هەڵدەبڕی، ئەو رۆژە و رۆژانی دواتریش بەناو کوچە و کۆڵانی پیس و نەبوونی ئامڕازدا لە ژێر تریفەی مانگ و تیشکی خۆر و عارەقی تیژدا دڵگەرمانە دەژیان و دۆستایەتیان لەگەڵ فریشتە و ئاسمان و باڵندە و بەرد و شاخ و بیاباندا دەکرد، چاوەکانیان دەگرتە ئاسمان و سێبەریان دەکەوتە سەر لمی بیابان و کچانی لاو بە تەنها سواری وشتر دەبوو رێگای دوور و درێژی بیابانیان دەگرتە بەر و ترسی تاڵان و فڕاندن و لۆقەکردنیان نەبوو.

دۆڕان و بردیانەوە، ئازایەتیان نواند و فریشتە شەڕێکی ئازایەتیان بوو و هەروەک مرۆڤی ترسنۆکیش ترس نیشتە دڵەکانیان خۆشیان بینی و پێکەوە ئازاریان چەشت، ئازارەکان مرۆڤ لێرە سنووردار بوون بڕانەوە، بەڵام ئەو ئازارانە لە مێژوودا بەردەوام بوون، ئەوان لەوە تێگەیشتن کە ئەو هەواڵە گرنگە لە پاش تۆ نیە بەڵکو لە ناو تۆدایە، هەر ئەو کاتەی گوێت لە خۆت گرت و بە گوێی دڵ بیستت، ئەوسا کاروباری دەرەوەشت چاک دەبێت و زەینت دەبێتە زەینێکی گەورەو حەسابی.

بە چ جیهانێکی گەیاندبوون کە حەقیقەت تێیدا نمایان بوو، بەخشندەیی لە لوتکەدا بوو، جوان بوو جوان، داخۆ خوداکەی موحەمەد خۆی چۆن بێت کە ئاوها جوانیەکی وەک جوانی موحەمەدی خولقاندووە. ئەویَ رۆژیَ بوو کە چاوەکانی موحەمەد پڕ بوو بوون لە بینین. ئەو کاتانەی دواتر کە بە ژێر باراندا تێدەپەڕین و بەژێر سێبەرەکاندا دەڕۆشتن و لە پردەکان دەپەڕینەوە، وەرزگەلێک بە زەریاکاندا سەفەریان دەکرد و هەموو ئەو ساڵانەی دواتر کە هاوین بوو رۆژ عارەقەی پێدەکردن. شەو لە ئەستێرە

و مانگیان دەڕوانی و پاییز بە ڕۆژدا بە خۆیان و ئەسپەکانیانەوە وەک با بەناو گەلای وەریودا هروژمیان دەبرد شەوانی درێژیش دەمێک لە تەنهاییدا دەیگریاندن و دەمێک نوێژی پێدەکردن و لە خودا دەپاڕانەوە.

زستانیش لە ڕۆشتنی بەردەوامیاندا لەم شارەوە بۆ ئەو شار هەناسەی خۆیان تێکەڵ بە هەناسەی ئەسپەکانیان دەبوویە هەڵم و زریان عەباکەی پێ بەرز کردەوە براکەی لەگەڵ بوو دەیوت، ئەو کاتانە کە لەبەر برسێتی خۆیان دەچەمانەوە و ئەو دەمەش لە هیچیان کەم نەبوو بە قاچەکانیان دەڕۆشتن بە چاوەکانیان دەیانڕوانی ئەویان لەگەڵ نەبوو ئەگەرچی میراتەکەی بۆ ئەوان نەبوو چونکە ئاسمان ئەو ڕێسای میراتبردنەی هەڵوەشاند بووە بەڵام میرات چیە؟ چونکە هەرکام لەوان هەموو بوونی بۆ براکەی بوو. بەڵام ئیدی عەبدوڵڵایەک نەمابوو تا ئەو هەموو مەزنایەتیەی موحەمەد و یارانی ببینێت.

## ٢٣

# (بوونی ئەو لە ناو  گەرمی و ساردی ژیاندا)

"چۆن دەیتوانی ئاوا بەرەو پێشەوە بڕوات و کێشەکان لە تەك خۆیانی نەبەن،
چۆن دەیتوانی وەك باران نێوەندگیری ئاسمان و زەوی بکات،
ئاسمان بەو گەورەیی و پاکیەوە زەویش بەو بچووکی و
پڕ لە گەنیوی  و دوکەڵ و تۆزەوە."

شەوێک روناکتر لە شەوەکانیتر، دارخورماکان لە هەموو کات خامۆشتر، نەیزەکەکان دەجولاّن نەدەزانرا بۆ جیهانێکی دیکە دەچوون یان دەمردن، هەموو شتەکان حەزیان لەم جۆرە ژیانە بوو بیابان و ئەستێرەکانی ئاسمان، شەوێکی دی وەک زۆرێک لە شەوەکان تا هەم لە حاڵێدا ماوانی وەک خۆی مرۆڤ بزانێت و عیبرەتیش لە مرۆڤ وەربگرێت کە زوو لەوە تێگەیشتبوو مرۆڤ بوون مانای وابوو ئەوەی بۆ ئەوان بوو ئەمی لێ بێبەری نەبوو چونکە ئەویش مرۆڤ بوو.

عیبرەت نە ئەوەی هەمووان نەخۆش دەبن و پیر دەبن و برسی دەبن و ئازار و مەرگیان دەبێت تەنها من نەبێت بەڵکو بەو مانایەی هەموو ئەوانە تەنانەت بەسەر ئەوی پێغەمبەریشدا دێن بەلاّم ئەو عیبرەتە تەنها ئەو کاتە دەبێت ک بچێتە ناویان و لەتەکیان بژی کە هەر واشی دەکرد نەوەک رۆژ بەڵکو بەشەویش بێ ئەوە ئەوان ئاگایان لێبێت بەناویاندا و بە شاردا دەگەڕا، هەم بۆ ئەوەش بزوان و نەمان و گۆڕانی ئەستێرە و مانگ و هەور و جووڵەی بێدەنگی شەو ببینێت لە ماڵەکەی دەچووە دەرەوە و تا ئەو دیو شار دەچوو، تا ئەوەی بۆ ئەوەی مەدینە ببینێت بەلاکردنەوە  لەمەدینەی دەڕوانی، وەک ئەوەی لە خۆی بڕوانێت.

بەناو کۆڵانەکانی مەدینەدا سوڕایەوە و جێپێ نوورینەکان لە پاشی بەجێمان وەک یەکێک تاقیبی بکات و پێی بڵێت ئاگام لێتە و بەڵام گوێ نادەمێ، ئاوا هەنگاوی دەنا و ئەوجا لە نێوان ماڵەکانی خاڵوانیەوە تێپەڕی و بۆ شاخە ڕەشەکانی ڕوانی کە لەبەردەم ڕۆشنایی شەودا هەروەک سێبەر دیاربوون. موحەمەد هەنووکە بە تەواوەتی دیار بوو کە شەبەنگێک لە نوور بەسەر سەریەوە بوو، ڕۆشت و ڕۆشت تا دونیاکە چۆڵ و هۆل بوو گەیشتە ئەو شاخەی ڕۆژێک لەوێوە زەفەریان پێدەبرا و دواتر ڕێگەکەی گرتەبەر کە دەیگەیاندە ماڵەوە.

ئەوەی بە شوێنیەوە بوو دوژمن نەبوو بەڵکو دۆست بوو، کە ئەم دەرگاکەی ترازان و چووە ژوورەوە، ئەویش گەڕایەوە و ئەم دوو کچ و ژنەکەی بینی کە لەوێ خەوتبوون بە قەد نزیکەی نیوەی شەوێکی پاییزی پەرستنی کرد و هەڵسا و دانیشتەوە و چرپەی کرد و پێستی کرژ بوو و گەرم داهات و بە پێوەوەستا و خۆی گرمۆلە کرد لە بەردەم خوادا و تا توانی سەری بە زەویەوە نووساند و ئەوجا بە پێوەوەستاو دواتر ڕاکشا و دواتریش بەلای ڕاستدا کەوت و لەگەڵ خودا دوا و کەس نەیزانی پێکەوە چیان وت. ئەمەش لە کتێبەکەیدا باسکرا و حەزی نەدەکرد بنوێت. بەڵام خودا خەوی بە دیاری بە ئەو بەخشی  چونکە لە بەیانیدا جوڵە و بزاوتێکی فراوانی لەبەردەمدا بوو.

ئەو بەردەوام لە نزیک هەموان بوو دەیانتوانی دەست بخەنە ناودەستەکانی و لە نزیکەوە خەندەکانی بڕوانن و بۆنی عەتری جەستەی بکەن و ئەو بوێری ژیانی پێدەبەخشین. هەموویان بەشی خۆیان لەو هەبوو ئەویش وەک ئاوی زوڵاڵ بەشی هەمووانی دەکرد و تینوویەتی دەشکاندن.

ڕێک وەک ئەوان بوو وەک ئەوان کاری دەکرد وەک ئەوانیش پێدەکەنی و وەک ئەوانیش برسی دەبوو بە بازاردا دەڕۆشت و لە بازاریش شتی دەخوارد لەگەڵ ئەوەشدا پێش ئەوان کەوتبوو و بۆ ئەو دیو پەردەکەی دەبرن و لەوێوە ئێرەی پێ پێشان دەدان و دەیگۆڕین و پێی دەگایاندن ئەو کەمتر لە هەر پیرە پیاوێکی ئاساییش ژیا، تەنها شەست و سێ ساڵ،  زۆر کەمتر لەوەی بەشی ئەو هەموو شتە بکات کە ئەو ئەنجامی دان.

بیست وسێ ساڵ پێغەمبەرایەتی تەنها چەند ساڵێکی کەمیش لەو بیست و سێ ساڵەی دوای هاتنی پێغەمبەرایەتی لە مێژوودا لێگەڕان کە بە ئاسایی بژی و ڕەنجیان نەدا و ئازاریان پێنەگەیاند و شەڕیان پێنەفرۆشت. ئەو چۆن ژیا و ئەوانی چۆن لەو جیهانە پڕ لە مەرگ و غەمە تێپەڕاند هەندێک جار پێکەنینی دەم منداڵان و هەندێک جار

مەرگی رۆڵە و هەندێک جار دەرمانخواردان و هەندێک جار خۆ بە قوربانی کردنی هاوڕێ و هەندێک جار خیانەتت یەکێک لە سەربازانی ئوردوویی و هەندێک جاریش دەمولووتکردنی کەسانی نزیکی، من دەلێم ئەو زۆر ئازابوو توانی رۆحی نەبینراو وەک رەشابا بەناو ئەو شاخ و بیابانەدا ببات و تەپوتۆز دونیا لەتەک خۆی هەڵنەگرێت.

چۆن دەیتوانی ئاوا بەرەو پێشەوە بڕوات و کێشەکان لە تەک خۆیانی نەبن، چۆن دەیتوانی وەک باران نێوەندگیری ئاسمان و زەوی بکات، ئاسمان بەو گەورەیی و پاکیەوە و دونیاش بەو بچووکی و پڕ لە گەنیوی و دوکەڵ و تۆزەوە، چۆن دەیتوانی بەردەوام چاوەکانی بڕوانن و نەخەوێت.

ئەو تەنها بۆ ئەوان بەهەشت نەبوو بەڵکو بۆ خۆشی وابوو سەرەڕای ئەو هەموو ئازارەی لە مەککەی هەوەسدا بینی بووی و لە داهاتووشدا دەیبینی کەچی هێشتا لە بەهەشتدا بوو، بۆیە ئەو بەردەوام دەیویست بەندەیەکی شاکیر بێت

ئەو بەهەشتی لەتەک خۆی هەڵگرتبوو لەم دونیا دوابڕاوەدا تەنها ئەوەی هەبوو کە بۆی بژی بەڵام ئەوەش کەم نەبوو ئەوە ژیانی ئەبەدی بوو ئەبەدیەتێک لە پاش مەرگەوە دەست پێدوکات. بەهەشتێک لە دوای پەڕینەوەی پردی لە شمشێر باریکتر ئەویش لەسەرلا نەبوو. بەهەشتێک لەگەڵ هاتنی (موحەمەد)دا مەدینەی بۆ وەرگەڕابوو، ئەو ژیانێکی بەهەشتیانەی سادەی هەبوو سادەییەک کە سادەیی ژیان تەنها بەشێک بوو لێی، سادەییەک کە بوونی ناوەکی لەوەی دەیخواست و لەوەش  باوەڕی پێ بوو و هەروەها ئەوەش هەڵچوون و ئارامبوونەوەی ئەو لەتەک دەرەوەی ئەودا، واتە ئەوەی دەیکرد و ئەوەی دەیوت یەکانگیر بوو.

هەر ئەو سادەییەش ژیان ساردی گەرم کرد بوو.

ساتێک وەک ئەوان غەمی ژیان خۆی و ئەوان  وەک ئەوەی قەد نامرێت و هەندێ جاریش دەچووە ژێر دارخورمایەکی پیر و وا لە ئاسمان رادەما وەک ئەوەی فریشتە بێن و لەگەڵ خۆیانی بەرن.

هەر دەڕۆشت و شەبەنگی نوور بەسەر سەریەوە بوو، بە هەر شوێنێکی ناو شاردا دەڕۆشت، روناکی دەکردەوە یارانی لەو دیو پەنجەرەکانەوە دەیاندی کە بە کوچە تاریکەکاندا تێپەر دەبوو و دەچوونە پاڵ پەنجەرەکان و بە چاوی فرمێسکاویەوە بۆیان دەڕوانی و بەڵام تا خەوتووانی ماڵ بەخەبەر نەیەن بە ئەسپایی دەکشانە نا جێگە و دڵیان لە نووری تێپەڕ بە کۆڵاندا بوو.

ئەو هەتا ئێستاش لە بەشە بەهەشتیەکەی خۆیایەتی لێرە دەژی و پێکەنین و گریانەکانی جێ پێی و بۆنی عەترەکەی هەموویان لێرەن.

لە شەوانی ئەگەری دزەکردنی دوژمندا بە کۆڵانەکانی مەدینەدا لەگەڵی دەهاتن و دەچوون و بە بێدەنگی تێکەڵی شەو دەبوو. ئەو لەو جۆرە دەگمەنانە بوو کە دەبوو پارێزگاری لێبکرایە و بە نەمانی جۆرەکەی لە زەویدا بنبڕ دەبوو بە راست ئەو تایبەت بوو.

چۆن فریاکەوت ئەو هەموو کارە ئەنجام بدات. خودایە! ئەو لای ئەوان دەمایەوە و لە بیریان دەچوو کە مرۆڤێکی فڕێدراو لەم دوورە جێیە زیاتر نیە و هەندێک جاریش فریشتە دەهاتن لەگەڵ خۆیان دەبرد. بەڵام براکانی تا ئەو سەری بوون تا لای خودا لەگەڵی بوون.

کاتێک بە لای ئاژەڵاندا تێدەپەری ئاژەڵانی لە مرۆڤ بە ئاگاتر سەریان هەڵدەبڕی و بۆیان دەڕوانی موحەمەد لە مەدینە ئاژەڵانیش خۆشیان دەویست، بەڵکو ئەو ئەوانی خۆشدەویست، پێغەمبەرایەتی لوتکەی بەخشندەیی بوو، گەورەترین بەخشندەیی بەخشینی خۆشەویستی بوو کە بێترسان لە لەدەستدانی دەیبەخشی، لێی نزیک دەبوونەوە پشیلەکان بەرەو پیری دەهاتن و ساتێک کلکیان بۆ دەلقاند و ساتێکیش کلکیان دەخستە ناوگەڵیان لەسەر عاباکەی رادەکشان و چاوەکانیان دادەخست.

مەڕ و بزنانی نەوازش دەدا و دەستی بە گوانەکانیاندا دەهێنا ئەوانیش تا دڵی ئەو خواستبای شیریان دەبەخشی وشترەکان چاویان پڕ لە فرێسک دەبوو، دەیانوت و کەس لێیان تینەدەگەیشت ئەو نەبێت لەو خاوەنانەیان شکاتیان دەکرد کە ئازاریان دەدان.

منالانی هەنووکە خەوتوو لای ئەو لە بەهەشتەوە هاتبوون و لە سەر سفرەی خودایی خۆی وەک براکەی عیسا لەتەک حەواریەکانیدا ئەو توفلە بێگوناهانەی دادەنا و دەیوت دەی کوڕەکان بەناوی خوداوە و بە دەستی راست و لەبەرخۆتانەوە بخۆن، منالانی لە شوێنی حەساس دادەنا و دەیزانی مرۆڤەکان یان شەیتانن یاخود منال لەوەدا منال هەرگیز شت لە دڵ هەڵناگرن و تەنها خۆشی و ئازارەکانی ئەو چرکەساتە دەبینن کە تیایدا دەژین.

(عەبدوڵڵای کوڕی عەباس)ی دەخستە پشتی خۆی و بۆ بیابان دەڕۆشت و خێڵەکانیان بانک دەکرد و ناوی لێنابوو زانای ئوممەتەکەی، (ئوسامەی کوڕی زەید)ی

دەکردە سەرکردەی سوپایەک کە ئەبوبەکر و عومەر سەربازی بوون، مەدینەی لە رێگەی منالێکی حەڤدە ساڵەی وەک (موسعەبی کوڕی عومەیر)ەوە کردە شاری پێغەمبەر، (ئەنەسی کوڕی مالیک)ی نۆ ساڵە هەروەک سێبەری هەمیشە بە شوێنیەوە بوو.

ئەو بۆ خۆشی پێغەمبەرێکی منالٚ بوو هەر بۆیە وەک منالاٚن دەیتوانی رق و بوغزەکان لەبیر بکات. کارێک کە بە گەورەکان ئەجام نەدەدرا، هەر بۆیە لەوانەش خۆش دەبوو کە زۆر ئازاریان دابوو و هاوەلاٚنی ئەویان شەهید کرد بوو، وای لەو گوڵە تەر و ناسکە لەو بیابانە وشکە روابوو، ئەوە عەرەب و بیابان نەبوون ئەویان دروست کرد بوو بەڵکو ئەوە ئەو بوو عەرەب و بیابانی دروست کرد.

مرۆڤایەتی و رۆژهەلاٚت و رۆژئاوای گۆڕی بوو، جیاوازی نەبوو بۆ هەر کوێیەک روو کردبا خودای ئەو لەوێ بوو، ئەوە جیاوازی ئەو لەگەڵ یەهود بوو، ئەو حەقیقەتی دەویست حەقیقەت بەلای ئەوە هی هەمووان بوو و شوناسی نەبوو حەقیقەتی هەبوو، قودس و مەککە بۆ ئەو جیاوازی نەبوو، وای چەند زۆر بوو ئەو جیاوازیەی لە نێوان ئەوان و (یەهود)دا بوو، لای یەهود حەقیقەت هەر ئەو کاتە حەقیقەت بوو کە لای ئەوان بووایە، ئیدی هەموو تەقەلایان ئەوە بوو کە موحەمەد ببووایەتە یەهود تا بی سەلماندیە کە پێغەمبەرە، موحەمەد حەقیەقت بەلایەوە حەقیقەت بوو ئیدی لای هەر کەس ببوایە.

جوانی بۆ پیرەکان (کە هەنووکە بە ناڵەی ئازاریان بێدەنگی شەویان دەشڵەقاند) دەویست و دەیوت بە ئەبوبەکر: قژەکانی باوکت بۆیە بکەن، ئەو دەیزانی چۆن خۆی و هاوەڵەکانی بەختەوەر بن، دەیزانی کە موشریکانی دوژمنی و یەهود و (عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی)ش نایزانن، ئەوان خۆشبەختی لە زۆریدا دەزانی، زۆرکردنی ژمارەی ژن ومناڵ و وشتر و ماڵەکانیان، ئەو سەرچاوەی خۆشبەختی دۆزی بوویەوە کە خۆشبەختی چۆنیەتی ژیانە.

ئەو خۆشبەختی لە بۆنێکی خۆشدا دەبینی بۆنی عەتری میسکی ناوکی ئاسک تاوەکو بۆنی خۆشی خاک لە کاتی باراندا ئەو دەمەی کۆشی هەڵدەبڕی دەچووە بەر بارانەکە و دەیوت: تازە لە ئاسمانەوە لای خوداوە دێت، خۆشبەختی لە مۆسیقایەکدا دەبینی کە دیوی نەبینراو و راستەقینەی ژیانی پێشان دەدا، رۆژێک بە هاوەڵە سووکەڵەکەی شوانەکەی قورەیشی وت: وەرە بە دەنگی خۆت قورئانم بۆ بخوێنە عەبدوڵلا وتی: ئەی پێغەبەری خودا من قورئانت بۆ بخوێنم لە کاتێکدا بۆ تۆ دابەزیوە، ئەوجا پێغەمبەر فەرمووی: ئاخر من حەزم لێیە لە غەیری خۆمەوە بیبیستم.

چ مرۆڤێک سەیر بوو، ئەو سەیر بوو بەختەوەری لە پاکی و ڕێکوپێکیدا دەبینی جلەکانی پینەدار و کۆن بوون بەڵام پاک بوون، هەرکام لە جلەکانی ناوێکی لێنابوو، قژەکانی دەهێشتەوە و بۆنی چەوری ڕەنگداری لێ دەدان، لە لوتفی دایکانەی درەختکان تێدەگەیشت و هەمیشە سێبەری دارەکانی هەڵدەبژارد و ڕێی نەدەدا دارەکان ببڕنەوە، دوایی یارانی ئەو سەردەمە خۆشەی ئەویان بە نموونە دەگێڕایەوە.

پێغەمبەرایەتیەی ئەو بە شوێنێکی دەگەیاند، گەورەترین کاری ئەوە نەبوو کە قیامەت بهێنێت و ژیان بوەستێنێت بەڵکو بۆ ئەوە بوو ژیان بجوولێنێت و بەڵکو مرۆڤەکان بگۆڕێت. ئاخر ئەویش وەک هەموو پێغەمبەرانی دی ئامانج لە هاتنیان گۆڕینی ئەوانی تر بوو، ئەمەش سەرەتای ڕێ بوو، ڕێی گۆڕینی مرۆڤەکان نە وەک شتەکان هەموو حەسرەتی ئەو ئەو گۆڕانە بوو ئەو تەنها لەتەک مرۆڤە گۆڕاوەکان دەژیا ئەگەر ئەوان نەبوونایەتە پشتیوانی پێغەمبەرایەتیەکەی بۆ ئەنجام نەدەدرا، ئازایی ئەوانی ئەنسار بوو کە هەموو بوونیان خستبوویە بەردەستی ئەو بەڵام لە ڕاستیشدا هەموو شتێکیان لە پێناو سەرگرتنی کارەکەی ئەمدا بەجێهێڵا بوو تەنانەت خودی خۆشیان.

ئەو ڕۆژ بە ڕۆژ هەموو ئەوانی زۆرتر دەناسی دەهاتن و لە دروستکردی شاری مەدینەدا بەشدار دەبوون مەدینە تەنها شارێک نەبوو دروستبوو بێت و بڕابێتەوە بەڵکو ئێستاکەشی لەگەڵدا بێت مەدینە بەردەوام لە دروستبووندایە.

بە پەنا خانوو و دارخورما وەستاوەکانی مەدینەدا تێدەپەڕی و ڕێگا لماویەکانی لە پاش خۆی بەجێ دەهێڵا، ئەو ڕێگایانە هەنووکە لە پاش تێپەڕبوونی چواردە سەدە هێشتا بۆنی ئەوی پێغەمبەر دەدەن، ئوممەتی دروست کرد بوو لەباتی خێڵ.

ئیدی ئەو شەوەش گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی عائیشە ئەوی بینی کە نووستبوو هەر کات لە دەستی بەشەر ماندووبایە بە شوێنی ئەمدا دەگرا و قسانی بۆ دەکرد هەر کات ویستبای گوێی لە بەشەر بووایە ئەوا گوێی لەو دەگرت. ئاخر ئەو ژنە خۆشەویستەکەی بوو، پێش ئەوەی ڕابکشێت لە پەنجەرەکەوە بۆ دونیای دەرەوەی ڕوانی، وەک ئەوەی خۆی ببینێت کە بە بەردەم پەنجەرەکەدا بڕوات و تا بە هەموو ئەو ڕووداوانە بگات کە دەبوو پێی بگات و پێیان گەیشت تا ئەوەی هەموومان پێی دەگەین و ئەویشی پێگەیشت کە ناوی (مەرگ)ە.